رشد
۱۹۷

تابلوی همنام‌ساخته: دکتر زاهدی
(دهوک)

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبوڵ مەرکەزی
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

ناوەرۆکی

دەق

- وەک قوولەڕەشێک کە خەون بە بەفرەوە دەبینێ/ دلاوەر قەرەداغی/ 3
- هاتنە دەرەوە لە دەرەوە/ زانا خەلیل/ 5
- کۆنترین عیشقی ناو کۆنکەن، یان عیشقێکی کۆنکرێتی/ زانا سامان/ 7
- باران/ کارزان فەقێ/ 9
- مانگەشەو نوور دەدەڵێنێتە وڵات/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 10
- سپاردەی دەستی تۆم، مەحوی!/ دیدار مەسیفی/11
- کە باوکم لە جەنگ هاتەوە/ هێمن بەرزنجی/ 17
- لە دۆزەخ باران نابارێ/ سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە/ 21
- کەر فرۆش/ عاباس - عاباس/ 25
- دەردەزێم/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 27
- ئەوەی گوتی (نەخێر)، ئەوەی گوتی (بەڵێ)/ لە ئەڵمانییەوە: فرمێسک مستەفا/ 31

هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەند (خەبات مەولوودی)/ ئا: خەبات ڕەسوڵی/ 38

ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- شێخ محەمەدی خاڵ، پێشەنگی بواری چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری ئایینی/ د. ئاراس محەمەد سالح/ 52
- ئەدەبیات و کولتوور، میژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقوبی/ 64

زاراوەسازی

- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/ د. بەختیار سەجادی/ 77

وتار

- دەلاقەی ئەدەبی مندالآن/ سەلاح نیساری/ 81
- چوارینەکانی خەییام لە زمانی کوردیدا/ جەلال زەنگابادی/ 84
- ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی پەراوێزێک لە پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم)دا/ کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)/ 86

هونەر و فەلسەفە

- گرووپەکانی زانستی کەلام: موعتەزیلە/ د. حەمید عەزیز/ 91
- بیروبۆچوونی دریدا لەمەڕ بیرۆکەکانی دیکارت/ لە فارسییەوە: کامیل شەریف پوور/ 103

بیرەوەری

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 109

زمانزانی

- جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکانی/ سوداد ڕەسوڵ/ 116

مێژوو

- کۆچی تیرەکانی کورد بەرەو ڕۆژئاوای ئێران/ لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ 131

هونەر

- چەمکی نیگاری مندالآن/ تەها ئەحمەد ڕەسوڵ/ 135
- پێوەر و پێودانگی ڕاڤەی نیگاری مندالآنە/ لە فارسییەوە: شیلان گەیلانی/ 145

خوێندنەوەی کتێب

- کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە/ سەباح عەلی جاف/ 148
- ژنێک بۆ خۆشویستن و زەینێکی جەنجاڵ/ هاشم سەڕاج/ 155

نرخاندن

- گۆڤاری ڕامان.. سازگەیەکە بۆ داهێنانی ڕۆشنبیری/ عەباس عەبدولآلا یووسف/ 159

سووکە لەنگەر

- پێگەی وەرگر لە زەینی شانۆکاری کوردیدا/ ئەرسەلان دەرویش/ 160

وەک قوولەڕەشێک کە خەون بە بەفرەوە دەبینێ

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)

ون بوونی تۆ غەریبیی منە
لە شارانێکدا کە بۆ یەکەم جار و دواییین جار
بە ناویاندا تێدەپەڕم
سەفەری من لە شارانێکەوەیە بە دوای دۆزینەوەی تۆدا
کە هەرگیز بیریان ناکەم،
بە ڕێکەوتیش ڕێم تێیان ناکەوێ و
نایانبینم!

ون بوونت حەکایەتی گەڕانی منە
بە چاوانێکی لێکنراوەوە بەناو ئاوێنەکاندا
بە دوای تۆدا
ون بوونت هیچ نییە،
جگە لە دۆزینەوەی تۆ

ون بوونت درێژبوونەوەی گەڕانی منە
بە دونیادا
تا گەیشتنە بەردەم تۆ

با وتیش بووبێت
خۆ بۆنت لە با دایە
شوێنپێت بە ڕێگەکانەوە،
هاڵاوی هەناسەت بەسەر شووشەی
پەنجەرەکەوە و
جێ پەنجەت بە لێوانی شەرابەکەوەیە
جا با هەزار ساڵ وتیش بێت
بەڵام دەزانیت
هیچ شتێک نییە لەم دونیایەدا
بۆ من،
لە دۆزینەوەی تۆ ئاسانتر؟

ون بوونی تۆ دەمکاتە هاوڕێی
شاعیرە باشەکان
دەمکاتە باخنشین لەگەڵ باخەوانە بە ئەزموونەکان

دەمکاتە دۆستی باڵندە و
پڵنگ و مارماسی
ونبوونی تۆ بیانوویەکە بۆ من
تا ئای میوەفرۆش و گەڕیدە و ناخودای کەشتییەکان
سۆراغت بکەم و
هەواڵت لە ساحیر و دەستگرەوە و کیمیاگەران
بپرسم!

ون بوونی تۆ ... گەڕانێکی خۆشە
تا ئەبەد بە دوای دۆزینەوەتا
خۆ کردنە بە سینەماکاندا و بینینی فیلمی جوان جوان
ڕاوەستانە بە سەعات بە دیار تابلۆکانەوە
دانیشتنە لە گۆێ ڕووبار و
گوێڕادێرانە لە ترپەی دڵی تۆ
کە نزیک .... نزیک ... نزیکت بوومەتەوە و
لەوەدام هەر هێندەی سەرهەڵببڕم
بتوانم بتبینم و
بە چرپە بانگت بکەم!

ون بوونی تۆ گەڕانێکی خۆشە
بۆیە لەسەر چێژی ونبوون ڕادێم،
تا ئەبەد بە ڕێگەوە دەبم و
تا ماوم
هەر بە دواتا دەگەڕێم،
نابمە خەڵکی هیچ شوێنێک و
هاووڵاتی هیچ کوێ نابم!

چەند خۆشە ونبوونی تۆ
کە بە ئومێدی دۆزینەوەتەوە دەژیم
کە بە خەیاڵی دۆزینەوەتەوە دەنووسم و
بە مەرامی دۆزینەوەتەوە سەفەر دەکەم
چەند سانایە دۆزینەوەی تۆ
کە هەست دەکەم
نزیک .... نزیک .... نزیک
نزیکیت لێم
وەک دڵم!

ون بوونی تۆ تاقیکردنەوەی عومرە
بۆ من،
کە دۆزینەوەت بە ژیانم بکڕم
تا بۆم دەرکەوێ و بزانم
کە ئاخۆ شاعیرێکی زۆر باش
یان بێ ئەندازە خەراپم!

دۆزینەوەی تۆ هێند سانایە
بۆ من
کە هەر هێندە بۆن بکەم
دەستوبرد دەتناسمەوە
کە هەر هێندە بنۆڕم
دەسبەجێ دەتبینم!

ئەیلوولی ۲۰۱۳

ناوونیشانی شیعرەکە لە ڕۆمانی "بەهرە"ی شاعیر و ڕۆمانnوسی ڕووس، ڤلادیمیر نابۆکۆڤ – وەیە.

هاتنە دەرەوە لە دەرەوە

زانا خەلیل



نامەوێ نە لە پێش کەس و نە کەسیش پێشم بکەوێ،
نامەوێ نە گەورەتر و نە بچووکتر
نە بڵندتر، نە نەوێتر،
نە سەرکەوتووتر نە دۆڕاوتر،
نە بەهێزتر نە لاوازتر..
نا نامەوێ
نە کەس بمبەزێنێ و نە کەس ببەزێنم،
ئەو دنیایەی من، تەنیا دنیای منە
گەورەیی و بچووکیم
نەوی و بڵندیم
لاوازی و بەهێزیم
سەرکەوتن و دۆڕانم و
بەزین و نەبەزینم هەمووی بۆ خۆم
وا ئارامم..
سەرزەمین و ئاسمان و
بەهەشت و ئاگرم، هەر هەمووی بۆ خۆم.

دۆزینەوەی دۆزینەوە

کێ شەڕی داهێنا؟ کێ ئاگری دروستکرد؟
کێ داهێنەری داهێنا و
کێ دروستکاری دروستکرد؟
کێ لە خۆشەویستی ڕقی دۆزییەوە و
کێ لە ئاگردا ڕووناکی و سووتان؟
کێ لە داهێنەر و دروستکار
پەرستن و کوشتنی دۆزییەوە؟
کێ لە ئاودا خنکان و ڕوانی دۆزییەوە؟
کێ لە بەردا بێدەنگی و ڕەقیی و
لە مۆسیقادا ئارامی و تۆفانی دۆزییەوە؟
کێ لە مرۆڤدا ئەو هەموو گورگ و
کێ لە مندا
ئەو هەموو تۆیەی دۆزییەوە؟

زەمەن دایک و باوکی نییە

هەنگاوەکانت خۆشحاڵانە بدە شەقام
زەمەنی تۆ هیچ دایک و باوکێکی نییە،
ڕەنگ ڕەنگ،
ڕەنگەکانت دەوەرن لە پێستتدا.
دڵۆپ دڵۆپ،
بینین لە چاوەکانتدا سڕ دەبن.
سەهۆڵ سەهۆڵ،
دەتنووسێتەوە زەمەن.
هەنگاوەکانت خۆشحاڵانە بدە شەقام
زەمەنی تۆ هیچ دایک و باوکێکی نییە.
بڕۆ بۆ خۆت..نزیک یا دوور..بۆ خۆت بڕۆ
بەڵام بزانە
"سەعاتەکانی تۆ
هیچ خوشک و برایەکییان نییە".

ئەگەرەکان لەپێناو زیندوو مانەوە

ئەگەر لە ترسی نەخۆشی نەوێرم
جگەرەیەک داگیرسێنم..
ئەگەر لەبەر پارە و ترس لە نەخۆشی نەوێرم
پێکێک بخۆمەوە..
ئەگەر لەبەر پارە و ترس لە کوشتن نەوێرم
عاشقی ژنێک بم..
ئەگەر لە ترسی مانەوەم بە زیندوویەتی نەوێرم
جگەرەیەک داگیرسێنم و
پێکێک بخۆمەوە و
عاشقی ژنێک بم،
مانەوەم بە زیندوویەتی یانی چی؟

لەو شوێنەی ئازادیی لێ نەبێ من ئازادم

لە پشت "مزگەفتی سپی"
ئەو شوێنەی کە بە منداڵی
تێیدا خۆڵم خوارد و سۆریکەم گرت.
لەو شوێنەی کە لە تەیارەی ئێرانی ترسام و
تۆپانێم کرد و
قورئانم ختم کرد و ئازادیی لێ نەبوو
لە گەورەییمدا پێت گوتم:
لە پشت "مزگەفتی سپی"
ئەو شوێنەی تێیدا خۆڵت خوارد و سۆریکەت گرت،
لەو شوێنەی کە لە تەیارەی ئێرانی ترسایت و
تۆپانێت کرد و
قورئانت ختم کرد و ئازادیی لێ نەبوو
دەبێ ئازاد بی.
پێت گوتم:
لەو شوێنەی کە ئازادیی لێ نییە دەبێ ئازادبی
"لەو شوێنەی کە ئازادیی لێ نییە تۆ ئازادی".

کۆنترین عیشقی ناو کۆنکەن یان عیشقێکی کۆنکرێتی

زانا سامان
(سلێمانی)

بلیی قەرە
ڕەشبوونەوەی دڵی عاشقێکە
هەمیشە بریندار کراوە.
.....

بلیی کووپ
سەودازدەی میهرەبانیی ژنێکە
لە نیانیدا سوور دەچێتەوە.
.....

بلیی سینەک
ئازاری ناو سینەی مەعشووقێکە
عاشقەکەی لێ بزربووە.
.....

بلیی دینار
خەجاڵەتە بەدەست بودجەوە
هەموو شتێکی خۆش دەوێت
وەزیران نەبێت.
.....

کچی قەرە
لە ئەنفال گەڕاوەتەوە و
چیرۆکی خۆشەویستەکەی دەنووسێتەوە.
.....

کچی کووپ
هێندە خۆی بە عاشق دەزانێت
ماچ بەسەر کوڕەکاندا دەبەشێتەوە.
.....

کچی سینەک
قەیرە کچێکی بەدبەختە و
گرێی ژیانی ناکرێتەوە و
هەمیشە خەو بە جلی بووکێنییەوە دەبینێت.
.....

کچی دینار
بە ماچێک ئاڵتوونی دەستکەوت و
بە خۆ ڕووتکردنەوەیەک
بوو بە سۆزانی.
.....

کوڕی قەرە
زۆرترین ئازارەکانی دڵداری
لەخۆیدا شاردۆتەوە و
بڕەویش بەهیچیان نادات.
.....

کوڕی کووپ
هێندە جوانی تێدایە
بۆی بووە بە گرفتێکی هەمیشەیی ژیانی.
.....

کوڕی سینەک
لە چاوەڕوانیدا ڕوواوە
مەیلی گەڕانەوەی هەیە
بۆ لای بەرائەت.
.....

کوڕی دینار
حەزی بە سەروەتی دنیا نەماوە و
ئەقڵیندارێکی گەرەکە.
.....

پیاوی قەرە
شکستی جەنگەکانی
لەناو جەرگیدا شاردۆتەوە
.....

پیاوی کووپ
لەنێوان شەڕ و عیشقدا
سەری لێ شێواوە
بۆیە دەستی بە خوێن سوور بووە.
.....

پیاوی سینەک
قەشمەرێکە
درۆ لەگەڵ ناخیدا دەکات و
ناتوانێت لە جەللادی خۆی بچێتە دەرەوە.
.....

پیاوی دینار
دەبێت لە سێدارە بدرێت
میژوو دەڵێت:
ئەو بوو گەندەڵی نایەوە و
عیشقی گۆڕیوە بۆ پارە.

تێبینی:
ڕەنگە ئەم شیعرە نزیکییەکی لەگەڵ بیرۆکەی ڕۆمانی (نهێنی یاری کاغەز)ی (یوستاین گاردەر) هەبێت، بەڵام لەژێر کاریگەریی ئەو ڕۆمانە نەنووسراوە و ئەم تێبینییەم لەسەر داوای چەند برادەرێک نووسیوە.

باران

کارزان فەقێ
(دهۆک)

باران..
بێی حەزا خۆ
تنێ بوونا من تەڕکر..
بێی حەزا من،
بەرپەڕێن نێراتیا من کوشت و
دیوارێن کەلها ئەڤینەکێ جەلاد کر..
باران..
مینا رێڤەچوونا تە، د ناڤ هەستێن من دا..

ب لەزاتیا تە، ل جادێن بێدەنگیێ..
تەمەت رۆندکێن تە بێن مژدار!
مژدارتر ژ خەونێن من..
مینا هەر پەیڤەکا تە، رەق
رەقتر ژ پلانێن تە..
وەکی دیتنا من یا دلۆڤان..
دلۆڤانتر ژ نامێن تە بێن ڤالا
ڤالاتر ژ من..
ڤالاتر ژ تە..
هشکتر ژ من
هشکتر ژ تە
ب تنێ تر.. ژ من
ب تنێ تر.. ژ تە
گەلەک دویرتر ژ نزیکیا من بۆ تە
گەلەک نزیکتر ژ دویریا تە بۆ من
ب هێزتر ژ لاوازیا من..
گەلەک لاوازتر ژ هێزا تە..
بێ دەنگتر ژ ژڤانێن تە بێن هار،
و باری ی ی ی
ب سەر من دا باری و تنی بوونا من مراند..
لەوا ئەز نە بتنێ مە
ئەز و باران..
ئەم بووینە دوو..
باران
و
ئەز..
جار باران دبیت بکوژێ هشکاتیا من و
جار ژی ئەز وێ هشک دکەم..
هشک!
هشکتر ژ تە..
ژ
تە
هشکتر..
لێ ئەز ژ سروشتێ ژیانێ دترسم
چنکی..
هندە زڤستانا من ژی دەرباز دبیت..
دبیت دیلێ خاتر خواستنێ..
وەکی تە دچیت و
من دهێلیت ب تنێ..

مانگەشەو نوور دەدەڵێنێتە وڵات

نیما یووشیج
لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی
(بۆکان)



مانگەشەو نوور دەدەڵێنێتە وڵات
دەدرەوشێتەوە گۆڵ ئەستێرە
قەت نەبوو ساتێ لە چاوی کەسێ خەو بزڕێ، بەڵام
خەمی ئەو خەوتووانە
خەو دەتارێنێ لە چاوی تەڕی من.
❊ ❊ ❊
دڵەدوا وەستاوە
شان بە شانی منەوە کازیوە
بەربەیان، لە منی دەوێ
کە بە ودمی دەمی پیرۆزی لە خەو هەستێنم
ئەو گەلە گیان و هزر لێ بزرە
ڕۆدەچێتە دڵەوە
لە ڕچەی ئەو سەفەرە تووشەیدا
نووکی تیژی درکێک
❊ ❊ ❊
لاسکی شلک و لەشی ناسکی گوڵێک
کە بە دڵ ناشتوومە و
بە ڕوحیش ئاوم دا
ئەی مەخابن کە لە ئامێزمدا
سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ
❊ ❊ ❊
بەردەوام دەست دەکوتم
تاکو ئاواڵە بکەم دەرکێک من،
بێ سەمەر چاوەڕوان
کە کەسێک بێت و لە دەرگاوە وەژووڕێ بکەوێ؛
دەرک و دیواری گەلێ شێوایان
بە سەرمدا دەڕمێ
❊ ❊ ❊
مانگەشەو نوور دەدەڵێنێتە وڵات
دەدرەوشێتەوە گۆڵ ئەستێرە
لاق هەمووی بۆتە بلۆق
لە درێژایی ئەو ڕێگایە،
لە قەراغ دێوە بە تەنیا پیاوێک
کۆڵ بە کۆڵێوە دووراو
دەست بە دەرگاوە: لە بەر خۆوە دەڵێ:
خەمی ئەو خەوتووانە
خەو دەتارێنێ لە چاوی تەڕی من.

سەرچاوە: کلیات اشعار نیما یوشیج، تهران؛ نشر نیلوفر.



سپاردەی دەستی تۆم، مەحوی!

دیدار مەسیفی
(کەنەدا)

لە نێو ژووورە وێکڕا حەمام و تەوالێتە تاریکەکەی ئەپارتمانەکەمدا، دەرگام لەسەر خۆم کلۆم داوە و بە دەستی ئەنقەست گلۆپەکەی بان سەرم هەلنەکردووە. ئێوارەیەکی درەنگم لێ داهاتووە و هاوسەرەکەیشم هێشتاکێ لە کار نەگەڕاوەتەوە. من پتر لە ماوەی پێویست لەم شوێنە خۆمم مژوول و گیر کردووە و گوێچکەکانیشم بە تەواوی بەتاڵ کردوون لە پرتە و بۆڵەیەکی ناوەختی سەر لە سپێدە.

زۆر جوایەز لە دانیشتنە پێکەنیناوییەکەی سلاڤۆژیژەک لەسەر تەوالێت، من لە پاڵ تەوالێتە فەخفوورییە سپی و ئیسپانیاییەکە بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. لە خۆمەوە وەها هەست دەکەم گەلێک لە تیپی (ڕێ) دەچم! لە تاریکیدا هەر چوار تیپەکانی دیکەی ناومم لێ پەیدا دەبن و وەک دیوار چوار دەورم لێ دەگرن. دواتر یەک لە دوای یەک شێوەی شتگەلی نێو ژووری حەمام و تەوالێتەکە وەردەگرن. تیپی یەکەمی ناوم کتومت وەک تەوالێتەکە دەردەکەوێت و وەها شێوەکردنی قوولتر دەمباتە نێو خەیاڵان. نیگای چاوانم دەبەن بۆ سەر شوێنی بازنە گچەکەکەی مەنهۆڵی حەمامەکە و وەها دەزانم تیپێکی (ە)ی گەورەیە و لەوێدا کەوتووە.

گەمەیەکی خۆش و چێژ بەخشە و هەروا لەگەڵ خۆی دەمبات. لە بانیۆکە و دوو شێرە گەرم و سارەدەکەی سەری، تیپێکی گەورەی (تێ) دەبینم، ئینجا دووشەکە ئامادەیە بمشوات و خۆی ببێت بە (ئەلف)ەکە و دوا تیپی ناوم. من بەر لەوەی وەک ئەم ئێوارەیە بەم شێوەیە لە تیپەکانی (عەین) و (ە) و (تێ)ی ناوم ڕامێنم، زۆر جاران بەم (ئەلف)ە شادمان دەبووم، وەک ئەوەی هەست بکەم ڕۆژگارێک دەمگەیەنێتە شوێنێک کە شایستەی مرۆی سەررِاست و

سەربڵندە، بەتایبەت لە کاتی گوتنی ناومدا کە دەبوایە هەناسەیەکی قوڵ بۆ نێو ناختدا هەڵبمژیت هەتا بتوانیت ئەو (ئەلف)ـە وەک خۆی بڵێیت. هەردەم لە تێڕامانی ناوم خۆشییەک دەخزایە دەروونمەوە و هەستم دەکرد ناوم هەردەم بۆنی بەخشندەیی و مەزنی هەناسەی کەسێکی مرۆدۆستی لێ دێت، بە تایبەت لەم زەمەنەی کە منی تێدا دەژیم، گەلێک نووسەر و هونەرمەند هەن هەڵگری هەمان ناون.

لە نێو ئەم خەیاڵانەدام و ڕۆندک لە چاوانم دەکەون، دەنگی هەناسەیەک لە تەکم دێت و ئەوەندە دەکۆشم ناوێرم ئاوڕێک بدەمەوە. دەنگەکە تا دەهات زیندووتر دەهاتە نێو گوێچکەکانم و منیش لە پاڵ تەوالێتەکە تیپێکی (ڕێ)ی کەوتوو و پەژمووردە و زەرد هەڵگەڕاوبووم.

عەتا... عەتا... عەتا،... عەتار!

عەتا... عەتا... عەتا،... عەتار!

عەتا... عەتا... عەتا،... عەتار!

دەنگەکە چەند جار وەها بانگی دەکردم و دەهاتە نێو گوێچکەکانم.. دەهاتە نێو ناخم و لەم تاریکاییەدا بە تەواوی داگیری دەکردم.

لە ترسدا چاوانم بە تۆندی دەگوشین و ڕۆندکە قەتیسماوەکانم بە گوڕ دەردەپەڕاندن. لە نکاوڕا پێش چاوانم وەک دنیایەکی سپی و شاشەیەکی چکۆلەی سینەمای لێ دەهات و پڕ دەبوو لە وێنە و دروشم. ڕووی پیرەپیاوێکی گەوزێنراوی نێو خوێن دەردەکەوت و پێمی دەگوت تۆ عەتاری نیشاپووریت و لەم دنیایەدا نەماویت. من دەترسام و دەگریام و پێیم دەگوت کە من عەتا محەمەد عوسمانم، نەک عەتار نیشاپووری.

ئەو تووڕە دەبوو و دەیگوت قسە مەکە.. قسە مەکە و زۆریش بە پەلە و مکوڕ بوو کە ناوی خۆی بە منەوە بلکێنێت، بەرلەوەی سەربازێکی مەغۆلی سەرگەورە و سەرشێت بە پرچە درێژەکە، ئەو زاتە لە دوای خۆی ڕابکێشێت و لە پێش چاوانم لەتوپەتی بکات.

بۆ ساتێک کە بیرم لەم بارە سەیرە دەکردەوە، باوەڕێکم بۆ دروست دەبوو کە ئەم پێشهاتەی تێی کەوتووم هەرگیز سادە و لە خۆڕا نییە. چۆن پاش ئەوەی بە شەکەتی لە کار گەڕابوومەوە، زوو هاتم دەرگەی حەمام و تەوالێتەکەم کردەوە و لەسەر ئاودەستەکە دانیشتم. دواتر هەر کە تەواو بووم و دەنگی ڕامااڵینی پاشماوەی هەردوو کونم لە نێو قورگی ئاودەستەکەدا کپ بوو، دەرپێ و کاوبۆکەم وێکڕا هەڵکێشانەوە. ئیتر نازانم بۆ وەک جارانی پێشوو هەردووکیانم لە ژێر پێیەکانم فڕێ نەدان و نەچوومە نێو بانیۆ و ژێر دووشەکە، بۆ ئەوەی خۆم بشۆم.

خۆمم نەشووشت و عەتار بە بەرگێکی سپی هاتەوە و گوتی، ئێستاکە فیلمی پیاوێکت بۆ لێ دەدەم کە وەک تۆ قەلەندەرێکی کورد و ناوی مەحوییە.

بەر لەوەی فیلمەکە دەست پێ بکات، هەستم کرد شتێک مووی دەستێکم دەخورێنێت. ترسام و لەم بارە پەشۆکاوە ڕاچڵەکیم و بە دەستی چەپم شەقێکی بەهێزم ئاراستەی شوێنەکە کرد. دەنگێکی وەک تەقەی دەمانچە لە نێو گوێچکەکانم زرنگایەوە و خوران و جوولەی زیندەوەرێک لە نێو ئازاری دەستی ڕاستمدا ون بوو و نەما.

دوای ئەوەی بۆ شەوێ هاوسەرەکەم لەسەر کار گەڕابووەوە و زوو (ناین وەن وەن)ی لێ دابوو، ژمارەیەک پۆلیس هاتبوون بۆ ئەوەی دەرگای حەمام و تەوالێتەکە بشکێنن و بارەکە بپشکنن. دواتر من لە ئاگاییدا و بە حەب و دەرمانێکی زۆر، باری دەروونیم وەک ڕۆژگارەکانی سااڵی یەکەمی هاوسەرگیری لێ هاتبوو لەگەڵ نیشان پوور.

بەیانییەک چووم بە یادی تەواوکردنی ئەو فیلمەی دەربارەی مەحوی چەند ڕۆژێک بوو زۆر بە زیندوویی لەسەر دیوارە سپییەکەی ژووری حەمام و تەوالێتەکە نیشانم درابوو، لە هەمان شوێن دانیشتمەوە و بە ئارامییەکی بێ وێنە سەیری دەوروبەرم دەکرد. دیتم دەیان خاڵخاڵۆکەی زەرد و سوور دانەیەکی پەڕ و باڵ شکاویان هەڵگرتووە لەسەر لێوارێ بانیۆکە بە مارشێکی گەلێک هێمن بەرەو پەنجەرەکە گوزەر دەکەن و دەڕۆن.

بە دیتنی ئەم دیمەنە ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە بە دە دەست، تەرمی یووسف ئازادی هاوڕێمان هەڵگرتبوو کە لەسەر وتارێک کوژرابوو کە تێیدا باسی سەگی گێرمان شیپەردیشی کردبوو. یووسف سەرەتا کەسێکی مارکسی بوو و سااڵنێکی درێژ لە نێو ڕێکخراوێکی چەپ کاری کردبوو. لێ، تاکە شت من دەربارەی ئەو هاوڕێیە جوانەمەرگە لە بیرم مابوو، ئەوە بوو کە زۆر حەزی لە گەمەکردن بوو بە وشە. بە هۆیەوە بیرۆکەیەکی سەیری بۆ

دروست ببـــوو کـــه هەر مـــرۆیەک زادەی دوو دنیـــایە، یەکـێکیـان بینراوە و ئەویدی کـە نەبینراو. بەم پێیـــە ڕۆژێک لەســـەر کـــاغـــەزێکی ســـپی ناوی خـــۆیشی تێکەڵوپێکەڵ دەکات و دەڵێت، دەکرێت لە ئێستاوە من ناوم سۆفی زادە بێت.

یووسف ناوی (مارکس)ی بە (کـراسم) دەخـوێندەوە و وشەی (کفر)ی دەکرد بە (فکر) و بە سەعـات دەربارەی دەدوا. ئەو دەیزانی من مەحویم زۆر خۆش دەویست، بۆیە ڕۆژێک لە گەرمەی شەڕی براکوژیدا لە گەڕەگی چواربـاخ هاتە سەردانم و دیوانی مەحوی وەک دیاری و یادگارێکی پڕ نرخ پێشکەشکرد. ئەو لەسەر بەرگی دیوانەکە ناوی مـــەحـــوی وەک هی خـــۆی لێ کـــردبوو و لە جـــیـــاتی نووسیبووی (وەحیم)! پێی دەگـوتم " عـەتا گـیـان! ئایا دەزانیت لەو کاتەی مەحوی ناوی خۆی لە مەشوییەوە بۆ مەحوی گۆڕیوە، نیازی هەبووە وەها بڵێت!"

یووسف هەمـوو جـار لە گـەڕەکی تەیراوە بە پێ دەهاتە مـاڵمـان... ئەو پێشـتـر مـانـای ناوی ئەو گـەڕەکـەی بۆم هەڵدەوەشـانـدەوە، ئـیـتـــر لەو ڕۆژەوە یووسف لە پێش چاوانم هەم مرۆیەکی تەیرۆ، هەم کەسێکی تاهیریش بوو!

من هەتا نەهاتبوومە دەروەوە و پێشـهـاتی بەم شێوەیە ناڕوون و سـەیـرەی وەک بوون بە عـەتـار، یان بە بینەر بۆ فیلمی مەحویم نەبینیبوون. هەرگیز وەک ئەمڕۆ بیرم لە ئاخـاوتنەکـانی یووسف نەکـردبۆوە، بە تـایبـەت کـە دوای کەمێکی دیکە لە چوونەوە دەرەوەی خاڵخاڵۆکەکان دەچم دیوانەکـەی مـەحـوی دەکـەمـەوە و یەکـســەر ئەم دوو دێرە شیعرە دەخوێنمەوە.

فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە
کـە ســەر بۆ گـەییـنە پەت بێ، پێ لەســەر ئەسکەمل و کورسی چ بکا؟

ئەم دوو دێرە کـە ڕێگەی چتـاقـە هەڵاتن و لادانێک ناخـاتە بەردەمی مـرۆ، دیارە هەمـان دوو دێرە شـیـعـری مـــەحـــویـن کـــە یووسف ئەو وتـارەی لە ڕووپەڕی ڕۆژنامـەیەکـەدا پێ بە کـۆتا هێنابوو و ببـووە هۆکـاری کـوژرانی. لە ئاست ئەم ڕێکەوتە سـەیـرە، شـپـرزە دەبم و دەسـتـەکـانم دەلەرزن و دیـوانی مـەحـوی لە پڕ لە دەسـتم دەکەوێتە خـوار و بەر لێـواری مێزە دار گـوێزە قـولینچک تیـژەکـە دەکـەوێت و بریندار دەبێت. کـە هەڵی دەگـرمـەوە یەکسەر چاوانم بۆ نووسینەکەی یووسف دەگێڕم کە بەر لە بیست سـاڵ لەسـەر بەرگی دیوانەکەی نووسیبوو، دەبینم وشەکە لە ناوەڕاستیدا بریندار بووە. هەردوو تیپی (حێ) و (یێ) سـڕاونەتەوە و تیـپـەکـانی (واو) و (ە) و.. (مـیم) وەک وەڵامێکی دوو دڵان کـەوتوو لەسـەر بەرگی دیوانی مەحوی تاق و تەنیا و قـەڵەندەر بەجێ مـاون. من کـە هەڵوەسـتـەیەک دەکـەم و دەیخـوێنمـەوە و لە وشـەی (وهم)ی عەرەبیی بترازێت، ناشێم چ شتێکی دیکەی لێ هەڵبکڕێنم.

ماچی دەمی لە کەڵکەڵەما مابوو، چ خۆشی وت:
قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ

نیـشـانـی هاوسـەرم لەگـەڵ دەنگی کـەوتنی دیوانەکە زوو گـەیشـتـە ژووڕەکـەم، چونکە لە پێڕێیـەوە کە پۆلیسـەکـان منیـان سـاردوسـڕ لە نێـو ژووری حـەمـام و تـەوالێـتـەکـە دەرهێنابوو، ئەو هەتا بڵێیت نیگەرانە. ئەو ڕۆژە نیـشـان بە لێـوە پڕەکانی گشت فـرمێسکەکانمی سڕیبوونەوە کە لەگەڵ کـۆتایی هاتنی ئەو بەشەی فیلمی سەرگوزشـتـەی مـەحوی تەڕ و هیشک لەسـەر هەردوو ڕوومەتەکانم بەجێ مابوون.

من بەرلەوەی دیوانەکە لە نزیک مێزەکە هەڵبگرمەوە، لەوانەیە بۆ ساتێک وەهام پێشـبـینی کردبێت کە تـیـپی (مـیم) ببینم لە نووسـراوەکەی یووسف فڕیبێت و تەنیـا وشەی (وحی) بەجێمابێت. لێ، زوو کورتم هێنابوو کە دیتم وشـەی (حی) سـڕابۆوە و لە جـیـاتی وشـەی (وهم) وەک سـەرابێکی گـەورە لەسـەر بەرگی دیوانەکـە بەجێ مابوو.

نیـشـان، کـوردیی ڕۆژهەڵاتە و ڕشـتـەی یاسـای لە دانیشـتگەی کرماشان خوێندووە، بۆیە هەمـوو شـتـیکی دەدایە بەر حـوکـمی تەرازوو و دەتگوت چاو و کـەپوو و لێوە جوانەکانیشی هەر بۆ ئەم مەبەستە نەخشاون. ئەو بە لای دایکیـیـەوە بە چوار پشت دەگەیشـتـەوە سەر مەولەوی تاوەگـۆزی، بەڵام هەرگیز بۆی گرینگ نەبوو کە من دوای سەودابوونم بە دنیای مەحوی، هەرجار ئەوەم دەدرکاند کە شـیـعـرەکانی مـەحوی لە هی گـەورە باپیـرەی ئەو گـەلێک قـوولـترن. نیـشـان حـەزی لە ئەدەب نەبوو و هەرگـیـزیش گوێی لێ ڕانەدەگرتم و باوەڕیشی بەم ئاخاوتنەم نەدەکرد، بە تـایبـەت لەو کـاتانەی من بە شـادمـانـیـیـەکی زۆرەوە بەڵگەی ئەوەم دەهێنایەوە کـــە لە یەکـــچـــوونی زێدی مـەولەوی بەلخی و مـەحوی بـالخی هەرگـیز شـتـێکی وەها

ساده و ڕێکەوت نییە.

نیشان، زمانی عەرەبی نەدەزانی، چون منیش لە فارسییدا لە چاو ئەو تەیرێکی نابەلەد بووم، نەوەک لەو ڕۆژەوەی ئەوەی من لەسەر بەرگی دیوانی مەحوی خوێندمەوە بەهێزترین بەڵگە بوو کە وشەی (حی) و وشەی (وهم) هەرگیز لە یەک تەرازوودا وێکڕا جێگەیان نابێتەوە. هەستم دەکرد نیشان ئیگۆیەکەی زۆر لە هی من بەهێزترە، بۆیە هەردەم پێم دەڵێت عەتا گیان! ناکرێت تۆ زیندوو بیت و لە ئەوپەڕی شارستانیی ڕۆژئاوا لەم وەهمە گەورەیەدا بژیت.

من وەڵامم پێ بوو و دەکرا باسی کلۆدیۆس جەیمس ڕیچی بۆ بکەم!

هەروەها لە پێرێیەوە هەوڵ دەدەم فیلمەکەی مەحوی لە نووکەوە بۆ نیشان بگێڕمەوە و ژیان بوار نادات. من لە بەیانییەوە بۆ ئێوارە لە کارم و ئەویش لە ئێوارەوە هەتا شەو. هەردووکمان تەنیا لە دوو (میم)ـەکەی مەولەوی و مەحوی بە یەکتری دەگەین، یان بە یەکتری ناگەین.. هەتا ئەو بڵێت من ماندووم و منیش بڵێم من ماندووم. بەم (م.. م.. م..)ـە ڕۆژگارەکان بەسەر دەبەین و زۆربەی جاران دانوومان بە یەکەوە ناکوڵێت.

ناچار وا دووبارە هاتوومەتەوە هەمان شوێن لە پاڵ تەوالێتە فەخفوریيە سپی و ئیسپانیاییەکە بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. بێ ئاگام لەوەی کە ماوەی پتر لە دوو مانگە من و نیشان پێکەوە هیچمان نەکردووە، تەنیا بۆ جارێکیش چ لە تەنیشت تەباخە کارەباییەکە، مێزە بازنەییەکەی ناندێن، یانیش سەر سۆفا چەرمە ڕەشەکە لەشمان لە هی یەکتری نەخشاوە. ماوەیەکە ئیگۆکانیشمان لەگەڵ یەکتری هەڵناکەن. ئەوەی من لاوازە و زوو زوو دەخزێتە نێو تاریکایی و هی نیشانیش هەردەم زاڵ و زل و ڕوو لە منە!

ژووری حەمام و تەوالێتەکە دووبارە تاریکە و لە نێو دووکەڵدا سەرووی دەرگایەکی تۆکمە و دارینم لێ دیارە کە لێی نووسراوە خانەقای مەحوی. فرۆکەکانی ئینگلیز بۆ جاری چوارەمە ئەم شوێنە بۆردمان دەکەن و چەند پرووشک لە ساچمە داغبووەکان بەر گۆڕی مەحوی دەکەون و تەنیا لە زەینی منداو و لە نێو قوواڵایی گۆڕەکەدا ئێسکێکی بچووکی پەنجە گەورەی دەستە ڕاستی دەشکێنن و وردی دەکەن. پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانە کە دەوروپشت بە مەلا خالید گازی دەکەن، پیاوێکی دیکە، کە تا تەواوبوونی فیلمەکە ڕوخساری بۆ من ناڕوونە، ئاراستەی ژوورێک دەکات کە پەنجەرەکەی بەسەر باغی پشتەوەدا کراوەیە.

پیرە پیاوێک لە بنەبانی خانەقا دانیشتووە و لە ژێر ئەو بارە ناجۆرەی بۆمبارانان نابزوێت و لە پێش خۆی قسان دەکات. من بە حاڵ هێندێک لە ئاخاوتنەکانی دەبیستم و نابیستم. ئەو دەڵێت ڕۆژگارێک باوانی ئەو پیاوە شکۆمەندەی کە لە تیڕامان لە پەنجەرەکەوە بیری بەردە قارەمان دەکات، لەگەڵ باو و باوانی مەلا خالید دژ و ناکۆک بووین.

تروسکاییەکی زۆر ڕۆشن لە تەماشاکردنەوەی فیلمەکە دامدەپچڕێنێت و سەری خوێناوی یووسف دەردەکەوێت و دەڵێت دیمەنەکان درۆزنن و هەرگیز وەک خۆیان دەرناکەون. لە ناخی مرۆیەکان ڕامێنێ بەر لەوەی بە هۆی ڕووداو و کاغەزە مێژوویيەکان شت بخوێنیتەوە. ئیگۆیەکەت بکوژە و لێ بگەڕێ شتەکان وەک خۆیان لە نادیارەوە بێنە نێو ناخت و ڕاستییەکانت پێ بڵێن.

بە دیتنی ئەم دیمەنە دەتاسێم و دەگریم. فرمێسکەکانم ڕووی خوێناوی یووسف دەشۆنەوە و بزە لەسەر لێوەکانی ئەو و هی خۆیشم دروست دەکەن، بەڵام بەر لەوەی ڕوخساری بە یەکجاری لە پێش چاوانم ون بێت، یووسف بە دەنگێکی پڕ لە جۆش ئەم دوو دێڕە شیعرەی مەحوی دەخوێنێتەوە و دواتر پێم دەڵێت کە لە تەماشاکردنی فیلمەکە دانەبڕێم.

فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لەسەر ئەسکەمل و کورسی چ بکا؟

یووسف یەکسەر ون دەبێت!

مەحوی لە تەک موفتی زەهاوی دانیشتووە و باس و خواستی ڕۆژگار دەکات و سەری بۆ ئەم هیلاکەتییە دەخورێت، بۆیە هەر کە ئیجازەی مەلایەتی لە موفتی وەردەگرێت، لە ناخەوە بەڵێن بە خۆی دەدات کە مرۆیەکی حەقبێژ و ڕاست بێت.

لێ، هێشتا زووە بۆ مەحوی بڵێت:

لەسەر تۆ بوومە پەندی عالەمێ وتم و، وتی: مەحوی بەسی بێ موشریکی بەس، یا لە دنیا لادە یا لە من

لادە

من هێشتا بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. دووبارە لە خۆمەوە وەها هەست دەکەم گەلێک لە تیپی (ڕێ) دەچم، یانیش با بڵێم لە (هیچ) دەچم!

(ڕێ) و(هیچ) پێکەوە زەینم دەکۆڵن و لەرزە لەرزێک دەخەنە سەر لێوانم. باڕێکم بۆ پێش دێت وەک ئەوەی پێشتر لەگەڵ ناوی خۆم و ناوی عەتاردا هەمبوو. چەند جارێک ڕێ و هیچ... ڕێوهیچ...ڕێهیچ لەسەر زوبانم دووبارە و دووبارە دەبێتەوە. لە پڕێکدا دەنگێکی نامۆ بە گوێچکەی ڕاستمدا دەچڕێنێت و دەڵێت تۆ ڕیچیت.. ڕیچ!

نزیکەی دوو سەد ساڵ دەگەڕێمەوە دواوە و هەست دەکەم لە ڕۆژێکی مانگی ئایاری ساڵی هەزار و هەشت سەد و بیست دام و لە نێو حەمامێکی شاردا خۆم دەشۆم. حەمامەکە ڕووناکە و دیوارەکانی بە ڕەنگێکی بریقەدار سواغ دراون و ناوەوەی پڕە لە حەوز و فوارەی زۆر گەرم و زۆر سارد. من لەوەتەی گەڕاوم نە لە ئوتێل، نە لە مەلەوانگە، نە لە چتاقە حەمامی شارێکی کۆندا هاوشێوەی ئەم حەمامەم نەبینیوە. دەڵێن حەمام لەسەر داخوازی مەحموود پاشا دروست کراوە و دوو وەستای کارامەی لە کرمانشانەوە هێناوە بۆ ئەوەی جوانترین حەمامی دنیا لەم شارە دروست بکەن.

لە حەوزە ئاوە زۆر گەرم و زۆر سارەکاندا ڕادەمێنم و جودا لە بیرکردنەوە دەربارەی حەمام و پاشا، بیر لە دوو پیاوی دیکەی ئەم شار و نەتەوە و خاکە جوانە دەکەمەوە. مارف و خالید، کە هەریەکێکیان زادەی دنیایەکە لە هزر و هەژموون و بوونیان پێکەوە لە یەک زەمەندا، من ڕیچ بم، یان هیچ بم، ئەوە هەتا ئێستاکەش کە ساڵی دوو هەزار و چواردەیە، درێژبۆتەوە.

من ڕیچ بم، یان هیچ بم، هەست دەکەم تەنێ ساڵێک و پێنج مانگ تەمەنم ماوە! ئەوەتانێ، تارمایی پیاوێکی ئەوروپایی بیر تیژ هەیە وەهام پێدەڵێت. مستەر یۆنگ هەردەم ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەدایە کە وێنەی مارێکی لە سەرە و حەز دەکات ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ کۆمۆنان.

لە پڕ دەگەڕێمەوە سەردەمی مندالێم و باوەڕ دەهێنم کە لەو کاتەی لە شاری بریستول دوور لە ڕۆژهەلات دەژیام و لاپەڕە نووسراوەکانم هەڵدانەوە و بە تیپ و ڕێنووسێکی زۆر سەیر و نامۆ ئاشنابووم، زانیم ڕووداوگەلێکی ناسادە و ناڕاگوزەر چاوەڕێمن.

ئەو پیاوانەی وا تارماییان لەسەر کاشییە سپییەکانی دیواری ئەم ژوورەی حەمام و تەوالێتە دەبینم، گشتیان لە ڕۆژگارێکدا هەستیان بەوە کردووە کە دەنگێک لە نادیار و ناشوێنە بانگی کردوون کە کۆچ بکەن. ڕوخساری کەسێکی دەبینم گەلێک نامۆ و پەژموورە دەبینم بە جادەکانی شاری ئەستەنبۆلدا پیاسە دەکات، لێ هەتا بڵێیت بەم کۆچە و ناوی خۆی شادمانە.

کەیفی جوانڕۆیی!

لە حەمامە شێوە کرمانشانییەکەی کە وێنای دەکەم و هەست دەکەم من ڕیچم و تەنیا ساڵ و نیوێکی دیکە تەمەنم کردووە. دوو پیاو دەبینم کە لەبەر دەرگی خانەقا شەڕە قسە و ململانێیانە دوای ئەوەی هەم مەولانا و هەم خۆیشم سالانێکە لە شاردا ون بووین و سەری خۆمان بۆ دوا گەشتی دیکە هەڵگرتووە. ئیتر وەک کەیفی جوانڕۆیی و چەندانی دیکە ڕۆیشتووین و لە بەرگ و شارێکی دیکەدا درێژەمان بەم ژیانە کورتە داوە کە بوومانە.

ئەحمەد ئەربیلی لە بەرانبەر عوسمان بالخی و فەرمانی پاشا مل دەدات، بەرەو قەرەداغ سلێمانی بەجێ دەهێڵێت. لێرە دەکەومە گێژاوێک و سەرە داوی فیلمی مەحویم لی تێکەڵوپێکەڵ دەبێت. بیر لەم دوو موریدەی مەولانا دەکەمەوە کە چۆن چتاقیان پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە لەم خاکە جوانەی ئەوانی تێدا گۆش بووە، دواتر کوڕ و نەوەکانیش بە هەمان دەردی ململانێ و کۆچ گیرۆدە دەبن.

لێرەوە مەحوی دەبینم، کە دەستی یووسفی کۆنە هاوڕێمی گرتووە و دەیەوێت لە هیلاکەتی ڕزگاری بکات. فیلمەکە وەک خەونێکی سەیر و ناجۆرە لە پێش چاوانم. مەحوی لەم وەزیفەیەدا سەرکەوتوو نییە و ناتوانێت یووسف ڕزگار بکات. ئیتر یووسف لەسەر دەستی مەحویدا وەک مۆم دەتوێتەوە و لە پڕ دەبێتە خاڵخاڵۆکەیەکی سوور. مەحوی لە دوای خۆی بۆ دووری دوور پەلکێش دەکات و دەیبات و دەیبات... لە سلێمانی و قەرەداغ و هەولێر و شامیش دوورتر!

فیلمێکی ناوازە و سەیرە کە لەسەر دیواری ژووری حەمام و تەوالێتەکەمدا دەیبینم کە تێیدا مەحوی

کارەکتەری سەرەکییە و خاڵخاڵۆکەیەکی سووری لەسەر دەستە. سوڵتان لە ئاست مەحویدا لەسەر پێ وەستاوە و بە شەوقەوە لە ڕەنگی باڵەکانی خاڵخاڵۆکە دەڕوانێت. بۆ چەند ساتێک لە خۆیەوە هەست دەکات تاوانبارە لە بەرانبەر خوێنی ڕژاوی کەسێک بە ناوی یووسف کە لە زەمەنێکی دیکە بە ناحەق دەکوژرێت.

سوڵتان هەڵستابووە سەر پێ و ڕێز و حورمەتی زۆری بۆ ئەم مەلا کوردە هەبوو. لێ، لە تێڕامانی لە دیمەنی خاڵخاڵۆکە جوانەکەی سەر دەستی، ترس و نیگەرانییەکی زۆر لەسەر ڕووی نیشتبوو و ئەوەندەی دەیکرد ئیگۆیەکەی نەیدەهێشت سەبارەت بە خۆی و دواڕۆژی کوڕەکەی عەبدولعەزیز پرسیارێک لە مەحوی بکات.

من بێ ئەوەی ئاگاداری خۆم بم، لەگەڵ تەماشاکردنی فیلمەکەدا خەونم بە دایکیشمەوە دەبینی و پڕ بە دڵ غەریبی بۆنیم دەکرد. ڕووتبووم و وەک یووسف لە نێو بیرێکی قوواڵدا کەوتبووم. دواتر دەزانم کە کۆمەڵە کیژێک لە نێویان گورجی و چەرکسی و کوردیشیان تێدابوو لە نێو حەمامی حەرەمێکدا بە لەشولاری جوانییانەوە بە دیارمەوە وەستاون و بە جامە ئاوی گەرم گەرم دەمشۆن.

لەو کاتەدا کیژە جوان و شۆخەکان گەرەکیان بوو ڕوحم بهێننەبەر، یانیش ڕوحم بهێنەدەر، ڕادەچڵەکێم و دەبینم نیشان پووری هاوسەرم بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەستەکانی لە قژی ئاڵاندووە و هاوار دەکات عەتا گیان... عەتا.. عەتار. لێرەدا زمانی لەرەیەک دەکات و بە دەستە تەڕەکانی بە دەموچاومدا دەهێنێت و دەیەوێت بمبووژێنێتەوە!

من لە قوواڵایی ناخمەوە بە خۆم دەڵێم ئیتر ڕۆیشتووم و چیتر بەرگەی لەنگیی ئەو دنیایە ناگرم.

یانیش بە نیشان دەڵێم، مەگری گیانە من سپاردەی دەستی مەحویم... کەسی دیکە نا:

چیبکەم، نە ئەو کەسەم کە کەسم لە لا بە کەس
خۆشم نەگەیە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس

۲۰۱۲



کە باوکم لە جەنگ هاتەوە

هێمن بەرزنجی
(سلێمانی)

ئەمڕۆ دوو ڕۆژە باوکم" لە جەنگ هاتۆتەوە، دایکم لەخۆشیاندا نازانێ چی بکات، مالّەکەی تێکڕا بۆنخۆش کردووە، دۆشەکەلّەیەکی تازەی ڕاخستووە پێم وایە لەدوای ڕۆیشتنی باوکم بۆ جەنگ، هێشتا کەس لەسەری دانەنیشتووە. بالیفێکی قەلّەوی گەورەی لە ناوەڕاستی دۆشەکەکەدا داناوە، هەندێک دارە وشکەی ناوە بەتوونی حەمامەکەوە گڕی تێبەرداوە. باوکم زۆر حەزی بەخۆشتن نییە، دیارە دایکم مەبەستێکی هەیە، تەواوی ئینجانەی گولّەکانی ئاو داوە، مالّەکەی خاوێن کردۆتەوە، بەتەواوی هەست بە گۆڕانێکی سەیردەکەم لە مالّەکەدا، مالّەکە وەک پێش ئەوەی باوکم بێتەوە شپرزە نییە، هێشتا جلوبەرگە سەربازییەکەی باوکم بەتەنافەکەوەیە، دایکم ماکسییە تازەکەی لەبەرکردووە، کەمێک ئارایشتی کردووە، لەچکێکی سپی تەنکی داوەبەسەریا. وەک دەمی کچێنی دوو پەرچەمی هێناوەتە خوارەوە. چاوەکانی کل ڕێژ کردووە، بە ڕاستی من دەمێکە دایکمم بەم شێوەیە نەبینیوە.

لانی کەم لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی خالّەوە، ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی خالّە شەش تا حەوت ساڵ لەمەوبەر بوو، دایکم پێی خۆشە کچەکان بڕۆنە دەر، بازاڕێک بکەن، لانی کەم سەرێک لە پووڕەکانم بدەن، کوڕەکانیش بڕۆن بەلایەکدا. شەو کوێیان بوێت بڕۆنە ئەوێ، دایکم زوو زوو بەکچەکانی دەگوت: ئێوە گوتتان حەزمان لێیە بڕۆینە مالّی خالّە. لەگەڵ کچەکان شەوێک بەسەر بەرین.

ئەوینی "خوشکم": کەی ئێمە ئەو قسەیەمان کردووە؟

دایکم تەماشای باوکمی دەکرد، دەستی لەنێو سنگیدابوو گوتی: هەفتەی ڕابردوو ئەمەتان گوت.

سیما خوشکە بچووکەکەم گوتی: دایکم ڕاستی گوت: وامان گوت ئێستا ئیتر مۆڵەتمان هەیە بڕۆین یان نا؟

دایکم دیسان چاوی لە باوکم بڕی، بەسەر ئاماژەیەکی بۆ حەمامەکە کرد، باوکم زەردەخەنەیەک گرتی و

گوتی: بۆ هەرکوێیەک پێتان خۆشە بڕۆن، کچەکان ڕۆیشتنە ژوورەکەی خۆیان بەخێرای ئارایشتیان کرد و حازر بوون.

لەو نێوەندەدا تەنیا من و هاوژیاری برام ماینەوە، ئێستا ئیتر ئێمە شۆنێکمان نییە بۆی بچین، بڕۆینە لای کێ؟ کوڕەکانی خاڵە هیچیان هاوتەمەنی ئێمە نین، دوو پوورم هەن. ئەوان هەریەکە لە شارێکن، دەزانم دایکم حەزدەکات هەر ئێستا بگەینە تەرمینالّ و بڕۆینە لای پوورەکانم، بۆ لای کامیان دەچین گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە بڕۆین و وەک شەوی یەکەمی هاوسەری دایکم، مالّەکە چۆڵ بێت، وەلی ئێمە بۆ کوێ بڕۆین مالّی مامەکانم کوڕەکانیان بچووکن، ئەوانیش هاوتەمەنمان نین، دایکم لە هیچ جێگەیەک نەیگوتووە باوکم هاتۆتەوە. ئێوارە وەختی بانگبێژە دەنگ ناخۆشەکە بانگی دەدا. دەنگی ئۆتۆمبێلێک هات، من زانیم خاڵەیە. خاڵە هەرکەدێت دووهۆرن وەک ئاگادارکردنەوە لێ دەدات. هەر کە خاڵە هاتە ژوور، دایکم ڕوویەکی گرژی هەبوو، هیچ وەک ئەو ڕۆژانەنەبوو بەهاتنی خاڵە خۆشحاڵ بێت، ئێمە کە زۆرجار دایکمان تووڕە دەکرد، هەرزوو دایکم بەتووڕەییەکەوە دەیگوت: دەتان کەم بەساقەی خاڵە، بەرلەوەی باوکم بێتەوە کاتێ خاڵە دەهات بۆ لامان هەمیشە دایکم، خۆشترین میوەو خواردنەکانی بۆ دادەنا. وەلێ ئەم ئێوارەیە دایکم بەرداخێک ئاو، دەموچاوێکی نیمچە خۆشحاڵی هێنایە بەردەم خاڵە. دوای نانی ئێوارە، نازانم کێ هەواڵەکەی بڵاو کردەوە هەرسێ خوشکەکەی باوکم هاتن بۆ ماڵمان. خوشکەکانی باوکم پوورە کاڵێ و پوورە شلێر و پوورە نازەنین، دایکم تا دەهات نیگەرانتر دەبوو، لەگەڵ ئەوەش ترسی گەورەی ئەوەبوو پوورەکانم شەو لێرە بمێننەوە، پوورە نازەنین تەماشای دووکەڵی دووکەڵێ کێشەکەی کرد وتی: براژن حەمام گەرمە پیرۆزە. دایکم زەردەخەنەیەکی ناپێویستی کرد و گوتی: منداڵەکان خۆیان شتووە، ئێمە هیچمان خۆمان نەشتبوو. دایکم درۆیەکی جوانی کرد، من سەرم دەخوراند پوورە نازەنین گوتی: تۆ خۆت نەشتووە.؟

دایکم نەیهێشت وەڵام بدەمەوە. نا ئەو درەنگ هاتەوە!

دیسان پوورم گوتی: لێت دێت ئەم ئارایشت و تازە پۆشییەت.

دایکم وەک ئەوەی بیسەڵێنێت هەمیشە تازەپۆش و شۆخ خۆی دەرخستووە گوتی: دنیا مردنە ئەوەندە کە دەژیم بەم جۆرە بەڕێی دەکەم، با کە مردم لە ناو قەبرەکەشدا جوان بم. من تەماشای ڕوخساری دایکمم دەکرد، بەخۆمم گوت: ژنان هەرچەندە ناتوانن تەمەن بگێڕنەوە، لێ کاتێک لە هەر تەمەنێکدا عاشق ببنەوە دەتوانن جۆرێک ڕوخسار و جوانی خۆیان بگێڕنەوە وەک ئەوەی ڕوخساریان لەگەڵ تەمەنیاندا نەبووبێت، دایکم بەوە دڵخۆشەو بەو هەموو سۆزەی هەیەتی، دەتوانێت نازداری خۆی، شۆخوشەنگی خۆی وادەربخات باوکم بخاتەوە ئەو کاتانەی کە دەستگیرانی بووە، ئاواتی شەوێکی بووە لە باوەشیدا بخەوێت. کات بووە بەدوازدەی شەو، پوورەکانم ڕۆیشتنەوە. بەرلەوەی پوورم بڕوات بەدایکمی وت: شەوێکی خۆش بۆ ئەو برایەم سەرجێ بکە. دایکم دیار بوو ئەو قسەیەی پێخۆش بوو. تەنیا گوتی: کە گورگ مەڕی دەست کەوێت تێری لێ دەخوات. میوانەکان ڕۆیشتن تەنیا من و خاڵەو دایکم و باوکم و ژیاری براشم ماینەوە.

خاڵە ڕووی کردە من گوتی: ڕات چییە ئەمشەو پێکەوە بڕۆینە سەر مەرز"، سبەی دەگەڕێینەوە. من کە دەمزانی دایکم پێی خۆشە، بیستنی ئەم قسەیە خۆشحاڵی کرد و هەرزوو لە خۆشحاڵی ڕوخساری دیار بوو، من کە دەموبست شتێک بڵێم، بڵێم کە تاقەتم نییە. بڵێم خاڵە من حەز بەسەفەری شەو ناکەم، بڵێم ناتوانم لەگەڵتدا بێم تۆ جگەرە دەکێشی منیش حەزی لێدەکەم و ناتوانم لەگەڵتدا بکێشم، لانی کەم من پێویستم بەکەسێکە لە سەفەری شەودا باسی گرفتی دابڕانی خۆم و خۆشەویستەکەمی بۆ بکەم.

دایکم گوێی نەدا بەو قسانەی کە هەمبوون و نەمکردن و دەموبست بیانکەم، لە ناکاودا گوتی: بیانبە خاڵە گیان با ئەوانیش وەک تۆ کاسب دەرچن، با بزانن باوکیان چۆنیان بەخێو دەکات.

من گوتم دایکە باوکم سەربازە پیشەکەی ئەو لەگەڵ باوکم جیاوازییان هەیە. دایکم زەردەخەنەیەکی فریوی هێنایە سەر لێو، چ جیاوازییەکیان هەیە؟ مرۆڤ کە شەو پاسەوانی پەیداکردنی بژێوی بێت کتومت یەکن، تا ئەو کاتەش نەمدەزانی باوکم بۆ یەک وشەش نادرکێنێ تەنیا پاڵپشتی قسەکانی دایکمە. بەئاماژەی ڕازیبوون سەر بۆ قسەکانی بادەدات.

من برپارم دا نەڕۆم. نەشمدەتوانی بڕۆم کاری من ئەوەندەبوو ڕێگری لەو خەیاڵە جوانەی دایکم بکەم. ڕێگری بکەم دوای شەش مانگ نەهێڵم بچێتەوە باوەشی باوکم، دەبوو چاوەڕوانی تەلەفۆنێک بکەم. تەلەفۆنی

کچێک کە تەواوی ژیانمی پڕکردووە لە وردە شەڕ و وردە تۆران و وردە خۆشبەختی، خۆشترین شتی دڵداری شەڕ و ئاشتبوونەوەکەیەتی، تۆران و چوونەوە بۆ لای یەکە. ئێمە لەو دڵدارانەبووین مانگی سێ جار دەتۆراین و ئاشت دەبووینەوە، ئێمە لە شەوی سێ شەمەی ڕابردوو شەڕێکی بچووکمان پێکەوە هەبوو، شەڕەکە دوای ئەوە هات کە من گوتم: کەسێک ناتوانێت تۆ لە من جیا بکاتەوە، ناتوانێت تۆم لێ بستێنی کەسێکی ترم خۆش ناوێ، بێجگە لە تۆ، وەڵێ دوای چەند چرکەیەک لەسەر ئەوەی من گوتم: کە بوویت بە هاوسەری من، حەزم بەخواردنی پەتاتەی کوڵاو نییە، ئەو گوتی بەدەستی منیش؟ من گوتم: کێشەکە دەستی تۆ نییە، من هەر نایخۆم، ئەو زوبر بوو وتی: کەواتە کە تۆ حەز بە پەتاتەی کوڵاو ناکەی بەدەستی من، لێت تووڕەم بەو هۆیە تۆ تا ئێستا زۆر منت خۆش ناوێ، کاملّ نیت لە خۆشویستنی مندا. من پێم وایە ئەو تۆڵەی لێ کردمەوە، هەفتەی ڕابردوو شەو درەنگان لەسەر هێڵی تەلەفۆنەکە قسەمان دەکرد، ئێمە شەوان قسە دەکەین تابەری بەیان، هەربۆیە دایکم کاتێ ڕۆیشتبوو بۆ فەرمانگەی گواستنەوە و گەیاندن گلەیی ئەوەی کردبوو کە پارەیەکی زۆرمان بۆ هاتۆتەوە، وەڵێ فەرمانبەرە کە پێی گوتبوو خانم ئێوە شەو تا بەیان کەسێک لەسەر هێڵەکەتان خەرجی زیاترتان لەسەر تۆمار دەکات. هەفتەی ڕابردوو من پێم گوت: کە نابێت ئەو ڕەنگە زەردانە لەبەر کەیت کە دێیت بۆ لام، ئەویش پێداگیری کرد من هێڵەکەم بەسەریدا بێدەنگ کردەوە و جێم هێشت، ئەمشەو من چاوەڕوانی ئاشتبوونەوەم، دایکم دەیەوێت بڕۆم، بڕیارم دا بڕۆم نەخشەیەکم بۆ ڕۆیشتنەکەم هەبوو وەختێ لەگەڵ خاڵە ڕۆیشتین، دوای ئەوەی هێندێک ڕۆیشتین من گوتم: خاڵە ئازارێک لە سکمدا دروست بووە دەبێت بگەڕێمەوە، کاتێ گەڕامەوە دایکم بێجگە لە ژووری نووستن تەواوی ڕووناکی ماڵەکەی کوژاندبۆوە، لەسەر دەرگاکەوە تەماشام کرد هەستم بەو خۆشییە کرد دایکم هەیبوو، نەمدەویست بەلێدانی تەقەی دەرگاکە ترس و شڵەژان و ناخۆشی بخەمە نێو ئەو خۆشییەی دایکم کە هەیەتی. بەدیوارەکەدا هەڵگەڕام خۆم هەڵدایە باخچەکەوە، لە سەرەخۆ ڕۆیشتم تا نزیک حەوزی ئاوەکەی تەنیشت دار هەنجیرەکەی حەوشەکە. ڕێکەوت تەماشای حەوزەکەم کرد، مانگ زۆر خۆی بچووک کردبۆوە لەنێو حەوزەکەدا، بەختێکی باشم هەبوو! دەرگای سەر هەیوانەکە دانەخرابوو ڕۆیشتمە دیوەکەی خۆم، ئارام لەسەر جێگەکەم ڕاکشام، کەوتمە بیری ئەوەی دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە کز کز بکەم تەنیا خۆم گوێم لێ بێت، ئێستا ئیدی کات گەیشتۆتە یەکی شەو من لە دیوەکەی خۆم ڕاکشاوم چاوەڕوانی زەنگێکم خۆشبەختیم پێ بدات، مرۆڤەکان تێکڕایان سوالّکەرن هەریەکە بە جۆرێک سوالّ دەکات، وەک منی سوالّکەر، من بۆ تۆزێک ئاشتبوونەوە سوالّم لە هێڵی تەلەفۆنەکە دەکرد لە ناخەوە لێی دەپارامەوە یارمەتیم بدات، دایکم سوالّی لە شەوێکی خۆش دەکرد لە باوکم، هەندێک سوالّی نان دەکەن، ئیدی هەریەکە بە پێی پێویستیی خۆی سوالّ دەکات، بێجگە لە دیاردەی گەڕان و ڕاکشان لە سەرجادەکان بۆ پارە، هەموو سوالّەکانی تر جوانن.

باوکم لە ژوورەوە هاتە هەیوان لەسەر قەنەفەکۆنەکە دانیشت، قەنەفە کۆنەکە مالّی خاڵە دابوویان پێمان. کچەکان شەوانی زستان بەدرێژایی شەو ڕاقەیان لەسەر دەکرد، منداڵەکانی پووە گوڵە زۆر حەزیان لەو قەنەفەیە دەکرد، وەختێ کە دەهاتن تا دەڕۆیشتنەوە، دەچوونە سەری و لەوێوە بازیان دەدا، ئێستا جێگەی ژوانی دایکم و باوکمە، من نازانم باوکم بۆ خۆی لەم هەموو پەرۆشییەی دایکم دەدزێتەوە، دایکی من ژێرکراسێکی حەریری ناسکی لەبەردایە تا سەر ئەژنۆکانی ڕووت، لەسەر قەنەفەکە لە تەنیشت باوکم دانیشت، من لە پەردە تەنکەکەوە تەماشای دایکمم دەکرد، نەمدەخواست دایکم و باوکم لەوێدا تێک بئاڵێن. من ئیدی تەلەفۆنەکەم فەرامۆش کرد تاکە شتێک ئازاری دەدام کە نەمدەویست ببینم خەریکی تێک ئاڵان و سێکسکردن بن لەگەڵ یەک، لە ناخەوە بە قوولّی نزام دەکرد ئەو کردە ئاساییەی نێوانیان ڕوو نەدات، دایکم بۆ ئەوەی سرنجی باوکم ڕابکێشێت گوتی:

– منداڵەکانم پەرش و بڵاوکردنەوە بەخاتری تۆ بۆ شەوێکی خۆش.

باوکم بەدەنگێکی گرەوە وتی: دەبوو هەروات بکردایە ڕاستی باشترین کاربوو کردت.

دایکم ئەم قسەیەی باوکمی بەخەڵات زانی تەنیا گوتی: ژنی خۆت بۆ تۆ ئاوایە.

دیسان دایکم گوتی: بەدرێژی ئەم شەش مانگە بیرت نەکردم لانی کەم هەر هەواڵێکت نەنارد.

باوکم پێکەنی و بە دەنگێکی نیمچە نووساوەوە وتی: سەرباز لەبەرەکانی جەنگدا بیر لە هیچ شتێ ناکاتەوە تەنیا ڕزگاربوون نەبێت، بۆ ئەوەی لە شەڕدا زیندوو بمێنێتەوە، دەبێت دوو جۆر بێت. جۆرێکیان دەبێت

بکوژێکی ئازابێت، جۆرێکی تریان دەبێت ترسنۆک بێت، من پێچەوانەی ڕای یەکەمی خۆمم، مرۆڤی ئازاو بکوژ زۆر ناژی لانی کەم لەم هێرشەدا نا لە بەرانبەر ئەم دوژمنەدا نا لە جێگەیەکی تر لە شەڕێکی تر هەر دەکوژرێت، من نەمدەویست وەک جۆرێک سەربازی کەر دوای بیستنی هاندان و وتەی سەرۆکی فەرماندە، هەستم بەپێوە شەڕ بکەم، نەمدەویست فەرماندە ترسنۆکەکان مژدەی هەڵخەڵەتاندنی شەهید و قارەمانێتیم بدەنێ، لانی کەم کەوا سوورەی بەر لەشکر بم، گوللەیەک لەناوم ببات، مرۆڤ کاتێ لە جەنگدا دەبێت، هیوای زۆرترە بۆ ژیان، بۆیە مرۆڤی دیکە دەکوژێت بۆ ئەوەی بژی، کاتێ گوللەو پارچە ناپاڵم، تۆپەکان وەک باران دەبارێن، مرۆڤ هیچ خەونێکی تری نییە، هیچ هیوایەکی تری نییە ژیان نەبێت، جەنگ سیحرێکی تایبەتی هەیە، تا گوللەکە نەجزێ بەگیانتدا بڕواناکەی دەمریت، کاتێک هاوڕێکانت لە تەنیشت و بەردەمتدا دەمرن، لەوکاتەدا هیوات بەژیان زیاترە، پێت وایە ئەوان بەهەڵە کوژران تۆ هەرگیز نامری، وەختێ ئەوان بریندار دەبن تۆ ناتوانی دەستی فریاد ڕەسیان بدەیتێ، ئاخر هاوکاری کردنی ئەوان مردنی خۆتە، زۆریک لە هاوڕێکانم وەختێ بۆ ڕزگارکردنی بریندارەکان دەچوون، خۆیان دەکوژران، دایکم خەیاڵێکی دیکەی هەبوو. ئەم قسانەی باوکم خۆشحاڵی نەدەکرد، بۆیە گوتی: پیاوان کە ژنەکانیان سۆزی زیاتریان دەدەنێ دەکەونە دەردە دڵ. ڕاستە جەنگ سەختە من نەمدیوە لە فیلمەکاندا نەبێت ئەوەنیە تۆ ماویت، تۆ پاڵەوانی، باوکم پێکەنی و گوتی: من ترسنۆکترین سەرباز بووم، زۆرجار هێندە ترساوم تائەو کاتەی چەند ڕۆژێک نانم نەخواردووە، میزم بەخۆمدا کردووە، تەنانەت خۆشم پیس کردووە. من خۆ گوتم ترسنۆکەکان، بەختی ژیانیان زیاترە لە شەڕدا، دایکم پێکەنی دەستی کردە ملی باوکم، گەردنی ماچ کرد، گوتی: دەخۆ ترسنۆکیش بۆ مانەوە جۆرێکە لە ئازایەتی، ئاخر مرۆڤ بۆ بۆ شەڕی بەرژەوەندیی بنەماڵەی سەرۆکەکان خۆی بەکوشت بدات، باوکم هەستایە سەر پێ گوتی: کاتێ بریندار بووم ئیدی مردن نزکترین ترس بوو. شەڕی لەگەڵ بکەم: دایکم بەسەرسامییەوە وتی، خۆم ڕۆ من بمرم، گاڵتە دەکەی نا بۆ خۆشی وات گوت نا ؟

تۆ بریندار بوویت، هەر ئێستا خۆت ڕووت بکەرەوە بزانم کوێت بریندار بووە؟ باوکم نەیدەویست دایکم نیگەران بکات نەیدەویست هیچ جێگەیەک لە جەستەی پیشانی دایکم بدات، باوکم نەیدەویست درۆ لەگەڵ دایکم بکات، دووبارە گوتی: لە دووەم مانگی سەربازیدا لەبەرەی جەنگدا پارچەیەک تۆپ بریندارى کردم، سێ مانگ لە نەخۆشخانە بووم، دایکم کراسەکەی باوکمی داکەند ژێر کراسەکەشی، دڵخۆش بوو هیچ جێگەیەکی بریندا نەبووە، دوای کەمێک بیجامەکەی باوکمی داکەند، بەرلەوەی شۆرتەکەی داکەنێت، باوکمی دایە بەر ڕووناکییەکە، بەوە دڵخۆش بوو کە جێگەی بریندارى بە پشت و قاچەکانییەوە نەبوو، بۆیە پێکەنی گوتی، سەیرکە خۆشەویستم بۆ ئەوەی ئەمشەو من دڵخۆش نەکەیت، وات وت.

من کە منداڵەکانم دوورخستنەوە و کە دەمەوێت شەوێکی خۆشت بۆ دروست بکەم، گاڵتەم پێدەکەیت، هەرئەمەیە پیاوان کە دەزانن ژنەکان حەزیان لە باوەشیانە ورده دڵڕەقی و گەمەی قسەیان لەگەڵ دەکەن، باوکم ناو چەوانی دایکمی ماچ کرد، تۆند لە باوەشی گرت، گوتی: تاکە شتێک کە نەمدەویست بێمەوە ناوتان هۆکاری سەختی دەروونی بریندارییەکەم بوو، هەندێک کات مرۆڤ کە قاچەکانی دەقرتێت لە سەنگەردا بەختێکی باشی هەیە، لەو باشتر ئەوانەن بەسووکی بریندار دەبن، یان قۆڵیان دەقرتێ، دایکم جارێکی تر باوەشی پێداکردەوە، من نزام دەکرد خوا پەردەیەکی نهێنی بەفریشتەیەکیدا بنێرێتە خوارەوە تا تێک ئاڵان و سێکسکردنی ئەوان نەبینم، بڕیارم دا کە ئەوان دەستی پێ بکەن، بەتانییەکە بدەم بەسەرمدا، هەردوو گوێچکەم تۆند تۆند بگرم بۆ ئەوەی گوێم لەو دەنگە پڕ چێژانەش نەبێت، کە لەکاتی جووت بوونی ئەوانەوە لە دەمیان دێتەدەر، باوکم دایکمی لە خۆی دوور خستەوە دەستی بەگریان کرد، بەدەنگێکی پڕ لە پارانەوە و شکستی، دەنگی بەرز کردەوە و وتی، لێمگەڕێ من چوار مانگ و دوو ڕۆژە لە پیاوەتی کەوتووم. پارچە تۆپەکە هەردوو هێلکە گونەکانیان تەقاندووم دەماری پیاوەتیمی بڕیوە. ئێستا ئیتر لەو شەوەوە لە ماڵەکەدا تەنیا من و دایکم بەم نهێنییە دەزانین. دایکیشم تا ئەمڕۆ نازانێ من لە ژوورەکەوە گوێم لەو قسانە بووە، لای خۆی وایە کە تەنیا خۆی هەڵگری ئەم خەمەی باوکمە. وەلێ بەڕاستی لێتان ناشارمەوە منیش بیستم، دەزانم، هەر کاتێک باوکم دەبینم، دەمەوێت من لەپێش ئەوەوە بمرم، هەربۆیە جارێک دوای ئەو شەوە، بە ڕێکەوت بە باوکمم وت: بابە ئەگەر بانگێشت کرام بۆ سەربازی، دەڕۆم تا تۆڵەی تۆ بکەمەوە.

لە دۆزەخ باران نابارێ

سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە
(بۆکان)

دەنگی کوتەی دڵم ڕۆژەڕێیەک دەڕوا. پێم خۆشە؛ ئەرێ، سەیرەکە لەوەدایە پێم خۆشە. خەریکە دڵم لە ژێڵاڵا دێ. دەبێ ڕابێم. لەسەر گڵکۆکە دادەنیشم. مستێک خۆڵ هەڵدەگرم. چاوی تێ دەبڕم؛ چەند مێرووڵەیەک لەناو گڵ و خۆڵەکەدا دێن و دەچن. ئەرێ ئەوە دەبێ مێرووڵەی کوێ بن؟ دۆزەخ، یان بەهەشت؟! پڕ بە دڵم دەمەوێ قاقا بکەێشم. کەچی بەهەر جۆرێکە خۆم ڕادەگرم. مستەخۆڵەکە بە با دەکەم. تەنیا مێرووڵەکان دەمێننەوە. هەست دەکەم گاز لە بەری دەستم دەگرن. ئێشێکی سەرسوورهێنەر دەڕژێتە گیانمەوە. ئازای ئەندامم خەریکە لە یەک بترازێ. لە تاوان چاوەکانم تۆند دەقوچێنم. هەست دەکەم وێک دێمەوە، دەگوشرێم، لوول دەخۆم، دەچمە نێو پێچەڵپێچێکی بێ کۆتاییەوە. ئێستا تێ دەگەم کاری ئەوانە. کاتێ چاو دەکەمەوە، دەبینم لەبەر دەروازەیەکی ڕەشی ئێکجار گەورە ڕاوەستاوم؛ یەک پارچە ئاسن. دوو تەقولبابی وەک کەللەسەری ماریان لەسەر چێ کردووە.

هەرچی دەکەم خۆم هەڵدێنم، خۆم هەڵداوێم، دەستم پێیان ناگات. "ئەوانە" کێن؟ ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، بەباشی نایانناسم، "یەکیان نەبێ"! تەنانەت ژمارەشیان نازانم. هەر ئەوەندە دەزانم کۆمەڵێک ژنن. سەراپا ڕەش لەبەر دەکەن. لەم کۆشکەدا، کە لەبەر درگاکەی ڕاوەستاوم، دەژین. ڕەنگە بپرسن، چوزانم ئەوان ژنن، - چەندە ڕقم لە دووپاتکردنەوەی "ئەوان"ـە- مەگەر دیومن کە دەڵێم ڕەشپۆشن؟ نەخێر، نازانم ڕاحەتی گیانە. کاری ئەوانە، چەند ژنی ڕەشپۆش خۆ دەکەن بە ژوورەکاندا، درگاکان یەک بە خۆیان پێوە دەدەن. دەرک و پەنجەرە دەکەونە لەرزین، بەڵام بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە شووشەکان خرمە ناکەن و ناکەونە خوارێ. لاقەکانم تا قولاپە لە لمدا دەچێتە خوار. دەوران دەورم بیابانێکی وشک و بێ کۆتایی، تا چاو هەتەر دەکا، دەبیندرێ. ژوورەکان، بۆنێکی سەیر داگیری کردوون. لەوە

دەچێ بۆنی شەراب بێ. "بۆ شەراب؟" دەنگی کەسێک کە لە جێگەیەکی نادیارەوەیە دەبیستڕێ. خەریکە گۆرانی دەڵێ. ئێستا تا چۆکەکانم لە خۆڵدا ڕۆ چووە. دەسپێکی گۆرانییەکە ئەمەیە: "لەگەڵ تۆمانە سەرچۆپی...!"

سەر دادەخەم. خۆڵ خول دەخوا؛ دەکەومە خولانەوە. خەریکە گێژ دە - نا - بم. "باوەخولێ..." لە سەرەخۆ هەوڵ دەدەم چاوەکانم هەڵێنم. تاریکی شەق دەبا. کوتەی بەردەوامی دڵم، شەوە؟ نەشمیل بەرەو پەنجەرەکە دەچێ، پەردەکە لادەدا، دەست دەبا پەنجەرەکە بکاتەوە.

- هاتبوون بەشوێنتدا.

بۆ نایکاتەوە؟ لەچی دەترسێت؟ پێم وابێ متمانەی بە هیچ شتێکی دەرەوە نەماوە. ناحەقی نییە، من تا لە ژووڕێ بووم، عەلەمم نەبوو. هەموو ئەو بەڵایانەم کاتێ بەسەر هات، کە وەدەرکەوتم. لە هەموو لایەکەوە بۆم دەهات.

نەشمیل پێی کوت: بڕوا بکە زۆری خایاند تا توانیم بتناسمەوە. کوا من بەیانی ئاوا تۆم بەڕێ کرد. دەتکوت لە بیابان هاتوویەتەوە، نوقمی خۆڵەمەڕە، خۆر تەواوی پێستی دەم و چاوتی سووتاندبوو. گشت جلەکانت لەتوپەت ببوو. هەر دەتکوت ڕزیون. کاتێ وێستم حەمامت پێ بکەم چ پەندێکم بەسەر هات! (بە دیتنی ئاو هەموو گیانم دەکەوێتە کاوەکاو.) سەد تۆخت بەرداوە. کاتێ ئاوم پێدا دەکردی وەک مار جینگڵت دەدا، وێک دەهاتییەوە، کۆ دەبوویەوە.

وەک ئەوەی ئێسقانێک لە گەروومدا بێ، بە دەنگێکی گڕ و ناخۆش کوتم: مەگەر نەمکوت درگایان لێ مەکەوە! نامەوێ بیانبینم. بۆ لە کۆڵم نابنەوە! ناتوانم نا! بۆ پێت نەکوتن دەستم لێ هەڵگرن! (ئەوە بۆ لە بیرت چووەتەوە؟! کوڕە بۆ خۆت چووی بە دوایاندا، ئەوان لە قسەی تۆ دەرناچن. "کوڕەکان لە منتان کەوێ! هەڵێکی چاک ڕەخساوە، دەبێ وەها بەزمێک بگێڕین ئەوسەری دیار نەبێ. لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە.") سوێندم خواردووە، بۆ هیچ بەزم و کۆڕێک نەچم. نەتکوت سازەکەی شکاندووە! (بۆ درۆ دەکەی بێ شەرەف!) ناچم، تەواو بوو. من ئەو ڕۆژە تەواو بووم. لەبەر ئەو درگا نەعلەتییە کۆڵم دا، گرییاچم کرد. لە خودامە ئەم قوڵپی گریانە لە گەروومدا گیر بکا. بەشکم بمخنکێنێ و ڕزگار بم. ئەو جار کە هاتن پێیان بڵێ زەڕنیخی خواردووە. (گریانەکەت لە ڕاستی ناچێ. چ بکەم بە دەست خۆم نییە، ناتوانم بڕوات پێ بکەم. هێندەم کەڵەک و کوڵەک لە تۆ دیوە، بەڵام دەڵێی ئەمجار فەرق دەکا. زۆر بە کۆلیلی دەگری. چییان لێ کردووی؟ چیت بەسەر هاتووە؟ لەبەر ئەو درگایەی باسی دەکەی؟ ئەو مااڵە لە کوێیە؟ هی کێیە؟ ڕەفیقەکانت دەڵێی وشک بوون، دەم ناکەنەوە. چیتان بەسەر هاتووە؟ لانی کەم باسی بکەن، بیخەنە دەرێ، با سووک بن. بەڕاستی زۆر سەیرە!) ئەرێ ئافرەت! تۆ دڵنیای ئەو پیاوانە هاتن بەشوێن منداە؟ خۆیان بوون؟!

نەشمیل لەبەر پەنجەرەکە واوە دێ، هەرچی بیر دەکەمەوە، وەبیرم نایە ئەو مااڵە پەنجەرەی بووبێ، تەنیا هەیبەتی درگا ئاسنەکەی لە مێشکمدا چەسپیوە.

- کوڕە ئەی چۆن! خۆیان بوون، کاک بایز و سوڵتان بوون. بەو نێونیشانە سوڵتان ڕانک و چۆغەیەکی ڕەشی لەبەردا بوو. زوڕناکەی لەناو قەدی پشتێنەکەی نابوو. کاک بایز... (ئەرێ ئەوە چییە، نیوەڕۆ خەو دەکەی! بەخوا ئابڕوومان دەچێ! بەڵێنمان بەو کابرایانە داوە. ئەویش چ کابراگەلێک! ئەرێ هەر بەڕاستی تەرەفەکانمان ژنن؟ "هەوڵ دەدەم قاقا بکێشم، بەڵام تەنیا خڕەخڕێکی ناخۆش لە گەروومەوە دێتە دەر.")یش تەپڵەکەی لە شان کردبوو. قەتم بەو جۆرە نەدیبوون، زۆر شاد و بە کەیف بوون.

بە ڕاستتە! گیانم دەڵێی دەرزی ئاژەن بووە. بڵێی لەم مۆتەکەیەی کەوتۆتە سەر ژیانم، ڕزگارم بێ. ئێستا نەشمیل تەواو دوور لە پەنجەرەکە ڕاوەستاوە. خۆزگەمە... ئەرێ، ئەو عەبا ڕەشە چییە لە بەری کردووە. حەیف نییە ئەو بەژن و باڵایە ئاوا داپۆشرێ؟ ئەویش بە ڕەنگێک کە من ئاوا ڕقم لێیەتی. دیسان هەستا پەردەکان داداتەوە. دەست دەبا بۆ دەسگیرەی پەنجەرەکە، دڵنیا بێ نەکراوەتەوە. ئەو جاریش پەشیمان دەبێتەوە لە دادانەوەی پەردەکان، لێوەکانی بەحاڵ لێک دەترازێ. زایەڵەیەکی سووک و لە سەرەخۆ: دەی ئەگەر دایکی درۆت نەگاوە، قۆڵ هەڵ مااڵە. قسە بەسە!

کێ ئەو قسانەی فێر کردووە؟ ئەو مێشی لە دەمی دەرنەدەکرد. ڕەنگە ڕۆژێک وەک مێشێکی پیس لەبن لاقمدا بیفلیقێنمەوە. خۆی شلوێ ناکا: دەی سوورەکەیم

بۆ بکرە!

بە ئانقەست ئەو کایە نەفرەتاوییەی لەگەڵ پەنجەرە دەست پێ کردووە. چوونی یەک لە دوای یەک بۆ لای و نەکردنەوەی، لادان و بەردانەوەی بەردەوامی پەردەکان، جگە لە نانەوەی ئاژاوە و دڵەکوتە لەنێو مندا ئامانجێکی دیکەی نییە. قڵپەی خوێن، لە ناو ڕانییەوە وەک هێڵێکی سوور ڕێ دەکا. لە نزیک ناوکی ون دەبێ. بڕوانە! لێوەکانی سوور هەڵ گەڕاوە. "هەیهۆ، هەیهۆ، پیاوخۆرە!" مەمکە قوتەکانی لەژێر ئەو کراسە ڕەشە، وەک نوورێکی یەخسیر وایە. چاوەکانم بە تەواوی شەیدای هەڵبەز دابەزی... هێڵە سوورەکە ئێستا لە ناو مێشکم ڕێ دەکا. "ئەم شەو چیرۆکەکەم بۆ دەگێڕییەوە؟"

دیسان ئەم چیرۆکە نەفرەتاوییە، باسی قۆڕ و بێ مانای ژنەکانی ناو ماڵە نەعلەتییەکە... پێوەدانی دووبارە و سەد بارەی درگاکان. شێو دانان و سفرە ڕازاندنەوە بۆ شەیتان. داوەتی جندۆکان، قڵپەی خوێن، سەر هەڵگرتنی هێڵێکی سوور لە نزیک ناوکەوە بۆ نێو مێشک...

- کەمێکیان دەست تێوە نادەی؟

هەردوو مەمکە بچووکەکانی لەناو مشت گرتبوو: وەڕەزم... بۆ وەختێکی تر...

بڵێی دڵی نەئێشێ؟ دڵم تێکەڵ دێ. بۆنێکی ناخۆش هەست پێ دەکەم. تەواوی مێشکمی داگیر کردووە. هەست دەکەم خەریکە دەگەنێم. تۆش هەر وایت؟ درۆ نەکەی سووزمانی! نەشمیل چاوەکانی دەنێتە سەریەک، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشی: لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا گەیشتینە ئەو جێگایەی کەسێک لە درگا دەدا و تۆ دەچی بیکەیتەوە.

(ئای خوایە! چەندە دەترسم لە کردنەوەی درگا. ئاخر ئێوە نازانن، بێ خەبەرن. من دەزانم کێ لە پشت درگاکەیە. ئەوە خەریکە شێت و هارم دەکا.)

- دەی کێ بوو؟

دەڵێم: ژنێک بوو، سەیرە! دەموچاویم نەدی. سەری داخستبوو. سەر و قژێکی یەکجار ڕەشی هەبوو. تەواوی گیانی لەبەر باران تلیسابووەوە.

- چی لەبەردا بوو؟ (شەیتان! ئەم ژنە خودی شەیتانە!) چی دەویست؟ (زۆر وەک پەیکەرێکی کەونارایی دەچوو، پەیکەری...)

- کاری بە من بوو. ئەرێ... کاتێ سەری هەڵهێنا، هەستم کرد هەموو گیانم خووسا. کراسێکی تۆڕی سووری لەبەر کردبوو. بەڕاستی سەیرە! لە داخان خەریک بوو دڵم بتۆقێ. ڕاست ئەو کراسە بوو دەمویست بۆ تۆی بکڕم. من دڵنیا بووم ئەو جلە تەنیا لە ژنەکەی من جوانە، بەڵام... بێ دەنگییەکی قورس.- شووشەیەکی پێ بوو، پێی دام و کوتی بیخۆوە! قورتێکم لێ خواردەوە، - قڵپەی خوێن- هەستم کرد دەبێ بخەوم. ئەرێ، خەوێکی خۆش! کەمێکی دیکەم لێ خواردەوە: هەست بە تەڕایی ئێسقان و ناخ. دڵەکوتەی لە پڕ. چاو دەنێمە سەریەک: بە دوای ژنەکەدا وەڕێ کەوتم. (کەوایە چوویت!) لە دوای تێپەڕکردنی کووچە و کۆڵانێکی زۆر کە من لە عومرمدا نەمدیبوون، گەیشتینە بەر دەروازەیەکی ئاسنی ئێکجار مەزن! کۆشکێکی گەورە و هەزار بە هەزار.

- ژنە چی بەسەر هات؟

یانی تۆ نازانی؟ خۆت لە نابەڵەدی مەدە! لە پێشدا کوتی: تۆ و هاوڕێکانت بۆ ڕۆژی جومعە دەبێ لێرە بەزم بگێڕن! - بێدەنگییەکی کورت - دوایی دەمی هێنا بن گوێم و ڕازێکی لەلا درکاندم: بێ هۆ خۆت ماندوو مەکە! لەمێژ ساڵە ژنە ڕەشپۆشەکان لە درگا داخراوەکە دەدەن کەس لێیان ناکاتەوە.

حەح! ئەمە بوو ڕازەکەی؟ چ بێتام! گەرچی چاوەکانم بەستووە، بەڵام هەست دەکەم دەیەوێ لێم نزیک بێتەوە. گەرمای هەناسەی لە نزیک دەموچاوم هەست پێ دەکەم. بێ ئەوەی بە دەست خۆم بێ، چاوەکانم تووندتر دەقوچێنم.

- چ بووە؟ دەمەوێ ماچت کەم. بۆ تێک چووی؟

دەباری... ئەو ڕۆژە بە ڕاستی سەیر دەباری. دەبێ ئێرە بێ... ئەرێ خۆیەتی. هەمان کۆڵان، هەمان درگا. (لە درگا دەدەی؟ دەزانم کەس نایکاتەوە) ئەم شەو دەبێ هەوڵ بدەم، هەر چۆنێکە پاشماوەی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە. شایەدیش کۆتایی پێ بێنم. پێت چۆنە؟! دەی باشە، گوێم دەیە: کابرایەک لەبەر درگاکە دەستەوەستان ڕاوەستاوە. لە درگا نادا، بۆ لێی دا؟ دەزانێ کەس لە ژووڕێ نییە تا لێی بکاتەوە. بێچارە... هەست بەبۆنێکی سەیر دەکا. ڕەنگە زۆر کەس پێیان ناخۆش بێ، بەڵام ئەو هەست دەکا ئەوە بۆنی گەنینی خۆیەتی! دەی کەوایە چۆن دەکرێ پێی ناخۆش بێ. نەخێر ئەو وانییە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدا بە هەموو هێزی خۆی

هەڵی لووشێ. تێکەڵ ڕوحی خۆی کا. کراسە ڕەشەکەی بەری تەواو خووساوە و بە گیانییەوە نووساوە. (خۆزگە کراسێکی سوورم لەبەر کردبایە، بەگیانی ناخێرم دەچم بۆ شایی و دەبێ خەڵکانی دیش شاد کەم.) نەشمیل لەسەر گازەڕەی پشت لێی کەوتووە. مەمکەکانی لەژێر کراسە تۆڕەکەی هەڵبەز و دابەزیانە؛ خۆزگە وەک دوو کانی دەتەقین و شەرابێکی خەستیان دەدەڵاند. ئەو هەموو خۆزیایەی ناوێ! دانیشتووم و پێک لەسەر پێک هەڵی دەدەم. بۆنەکەی هەڵدەلووشم، تا مۆخی ئێسقان، تا نێو جەرگەی ڕوحە کلۆڵەکەم. ڕوحە ڕزیوەکەم. شەراب لە پێکەکان سەررێژ دەکا. دەچم هەرچی دەفر و مەنجەڵی هەمانە دەیهێنم لێی پڕ دەکەم، بەڵام بە ڕاستی زۆر سەیرە خۆ وشکایی نایە. دەبێ چ بکەم؟ لە لایەکەوە خەریکە لە خۆشیان باڵ بگرم، کەچی دەشترسم لەو دەریایەدا بخنکێم...

– دەی توخوا بەسە.. ئێتر ماندوو بووم، ئەوەی ماوە دەیخەینە کاتێکی تر.

چەندە ڕقم لەم (تر)ـەیە. وەک مەتە ناو جەرگم کون دەکا. "نا... نا دەبێ کۆتایی پێ بێنم." خەو دەیباتەوە: باشە دەی...

ئەو کاتەی کابرا پەیتا پەیتا خەریکە لە درگا ئاسنەکە دەدا لەگەڵ گریانێکی بەکوڵ بە بانگ و سەڵا هاوار دەکا: بیکەنەوە! مـاڵ کـاولانە، دەی بیکەنەوە! هاوڕێکانی هەرکامە و پیلێکی دەگرن، دڵخۆشی دەدەنەوە، سوڵتان دەڵێ: ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ هێنا، هاتینە سەر قەرار، ئیتر نایکەنەوە خەتای خۆیانە. ڕەنگە بەزمەکەیان تێکچووبێ، موقەدەرێک قەومابێ. بایزیش لەگەڵ ئەوەی ماچی دەکرد کوتی: ئێمە پەیکی شادین، بەڵام کوڕەکان لەو وەختەی هاتووین هەست دەکەم ئێرە وەها نقومی نەفرەت و شوومییە کە ئێمە و ساز و ئاوازمان هیچمان لە دەست نایە. کـوا بااڵندەیەکم نیـشـان دەن. بۆ شیناوەردێ نابینم؟! دەقەیەک لەوە پێش ئێرا ئیسفاڵت بوو، کەچی توخوا تەمەشا کەن خەریکە لە خۆڵە مڕەدا نوقم بین. با خۆمان دەرباز کەین!

– کـوڕە من نەمکوت نایەم، ئاخر نامەردانە بۆ دەست لە یەخەم ناکەنەوە. هەر لەو کات و ساتە ئاستەمەدا، ژنە ڕەشپۆشەکان خەریکی هاتوچۆ لە ژووڕەکاندان. هەر کـامـیـان پێی وایە – دڵنیـایە– ئەوەی تر دەچێ درگـا دەکـاتەوە. خەریکن سفرە ڕادەخەن، شێو دەڕازێننەوە. پەرداخەکان پڕ دەکەن لە شەراب، بۆنەکەی هەڵدەلووشن، دەیانخاتە سەما. کەسێک گۆرانی دەڵێ... ژنێکی بااڵ بەرزی تەڕپۆش سەرچۆپی گرتووە. بەپێچەوانەی ئەوانی دی، سەرتاپا سووری لە بەردایە. لە دەرێ باران نابارێ، لە ژووڕێ زۆر بە کاوەخۆ و هێواش؛ دڵۆپەکان لە لێواری پەرداخەکان دەکەون، تێکەڵ شەراب دەبن، دەنگی کەوتنی دڵۆپەی باران لەسەر سفرە، دەفرەکان، گۆزەکان، دەوربیەکان، مۆسیقایەکی سەیری بەدی هێناوە.

– ماندوو بووی؟ تازە خەوم نایە، هەمووی بگێڕەوە! ئەو دەنگ و بەزم و هەڵایە ناتوانێ ئەو بۆنە ئێکجـار ناخۆش و سەیرە داپۆشێ کە هەموو مااڵکەی تەنیوەتەوە. بڵێی بۆنی شەرابەکە بێ؟! لەوە ناچێ... دەڵێی شتێک گەنیوە. ئەرێ دەبێ بۆنی ڕزینی چێ بێ...؟

چاو دەگێڕی، لە سەرەوەی مااڵکە تەختێکی زۆر بەشکۆ دەبیندرێ. سێ نەفـەر بە ڕێزەوە لە سـەری دانیشـتـوون. سازەکانیان بە دەستـەوەیە، دەڵێی لە حاڵەتی ژەنینی ئاهەنگێکی ئاسمانیدا وشک بوون. چاویان بە حاڵ ناوەتە سەریەک، نوقمی لەزەتێکی بێ کـۆتایی. دەچیـیـە پێشـتـر. ئەو حـاڵەتەی تێـیـدان تێکەاڵوێکە لە شکۆ و بێ ئەنوایی، بەرزەفڕی لە حاند قـوربەسـەری. تۆ بڵـێی هەمـیـشـە ئاوا بووبێتن، یان ئانوساتێکی تایبەت بەسەریاندا دایسەپاندبێ؟ ئەوە چ بوو؟ بڕۆ پێشـتـر. چ دەبینی...؟ ئەوەی نێوەڕاست. پێم وابێ شتێکم بەاڵلێوەوە دێ، بڵێی چی بێ؟ مێرولەیەک بەحـاڵ لە گـۆشـەی دەمـیـەوە سـەری دەرهێناوە. سـەر و دەستەکانی کەمێک دەجوواڵێنێ. دەچێتەوە ژووڕێ.



کەر فرۆش

عاباس – عاباس
(قامشلۆ)

ژ دەھ سالان، کو سالەک ژێ پاییز و زڤستانا وێ کێم باران دەرباس دبێ، د هەرێما قامشلۆ دە تشتەکی سروشتیە، لۆما باندۆرا وێ ل گەلێ کورد بێ ناکۆکییێن گران دەرباس دبێ، لێ کو دبێ دو سال، هنگی ژیان پڕ زۆر تێ قەداندن!..

ل گوندێ نسران و پشتی کو دو سالێن کێم باران دەرباس بوون و کەت سالا سێیەم، د داویا بهارا وێ دە کو هێن لبا گەنم و جە، د چاخێ شیر دە نە و باش نە پەشکڤی نە، تەییرۆکێ ل زادێن وان دا و ئەو ب ئەردێ ڤە پەلاخ کر!.... ئێدی هەر تشت ل بەر وندا بوو!...

ئەڤ مالوێرانی و کامباخی، تەڤ تشتەکی سروشتی و خوەزایی ددیتن!... ئەو ژی ژ بێ چاری بوو.

باندۆرا ڤان سالان ژی، ب گرانی ل سەوال و دەوارێن وان ببوو، کەرێێن پەز تێکچوون، بهایێ وان بوو ب کولەک کا، داوی ژی بوو نە ب تشتەکی!.... تەڤ نەخوەش و لەواز، ل بەر مرنێ، هنگی ژی کو دەرباس بوو هاڤینی و کەلکەلا گەرما وێ دا هەرێمێ، هەر تشت ب رەنگێ سۆر خویا کر، پەز و بزنن گوندیان،کەلاشێن وان ببوون دەرد ژ خوەدێێن وان رە، هەیا ئێدی هن ژ گوندیان، هێن سەوالێن وان ساخ، ب چۆلێ دخستن و بێ سەری بەرددان!....

بەدرۆ ژی یەک ژ ڤی گەلی بوو، کو ئاخووریێ پەزێن وی ژ هەر تشتی ڤالا ببوو، هەیا ژ پشکولێن سەوالان، وەک کو تم ژنا وی ژ جیرانا خوە رە د گۆت:

– جرانێ، ژ بۆ ئاگرێ تەنووریێ، پشکول ژی د ئاخووریێ مە دە نەمان!...

ب تەنا خوە، کەرا وی د حەوشێ دە گرێدایی ما بوو!....

رۆژا کو کەلاشێ بەرانێ سۆر ب چۆلێ دە بر، ل بەر کەرێ ما سەکنی و ب دلەکی خەمگین گۆت:

–نه گۆشتێ ته تێ خوارن و نه شیر ژ ته تێ دۆهتن !..... ئێدی بۆ چ تو ل با من مایه ؟!.....

هەڤساڕێ کەرێ ژ سەرێ وێ کر و کولما خوە ب همەت ل تالیا وێ دا، کر کو کەر ژ ئاراندنا تالیا خوە، ب لەز ژ حەوشێ بێ دەر و ب ناڤ کۆلانێن گوند کەڤێ.

وەک نیڤساعەتەکێ گەڕیا، هنگی کو تشتەکی بێ خوارن نەدیت، بەرێ خوە دا بەر چەمێ سۆپلاخێ، چەمێ کو د بەر گوند ڤە دەرباس دبێ!.... چەمەکی زوا و عەردەکە رووت، هەیا قەرامێ د بەر چێم دە ژی، گوندیا دابوو بەر داسکێن خوە و کشاندبوون مال!....

کەرا مێ، د ناڤ کۆما کەرێن بەرەدایێ دە وندا بوو، ولۆ ژی ژ ئێریشا کەرێن نێر دەبۆرا وێ نەبوو، لۆما زوو ل بەدرۆ ڤەگەڕیا و هێڤیا وێ گەمارا ژ بەر خوارنا زارۆکان بوو، ئەڤ ژی هەگەر ژ بەر وان دما!.....

ئەڤ مالوێرانی، ژ زاگۆنێن سوورشتی بوو، لۆما ژی تو کەسی هشکەرە، دژ کاریّ خوەدێ تشتەک نە دگۆت!....لێ دەردێن بێ دەرمان، کو ئەڤ زاگۆنێن سوورشتی د هەرێما کوردان دە، گران دکر، زاگۆنا ئەورتە یا کۆمارا ئال- بەعس بوو، کو گەلێ کورد پێ هاتن کۆچکرن و تالانکرن و گوهەستن، تەڤ ژی ب ئانینا کەسێن عەرەب، کو ب ئال- خەمر تێن ناسین و ب ئاڤاکرنا گوندێن نوو ژ وان رە، د ناڤ گوندێن کوردان دە، ئەو ژی پشتێ کو ئەردێن وان ژ دەست وان گرتن و ل ئال- خەمر دان بەلاڤ کرن!.....

دەما کو عەرەبێن ئال- خەمر، جهێ خوە د گوندێن نوو ئاڤاکری دە گرتن، وەک تۆرا خوە، کو بێ کەر نکارێن بژن، جار دی ل کەران گەڕیان، لۆما کەر د گوندێن کوردان دە کێم دبوون و بهایێ وان بلند بوو!....

بەدرۆ ژی، کو ولۆ بهست، هەڤساڕێ کەرا خوە گرت و بەرێ خوە دا باژارێ تەربەسپیێ، زوو کەرا وی هات فرۆتن!....پشتی سێ سالێن زوا و کامباخ، جارا یەکەمە کو بەدرۆ ب دلێ خوە خوارنێ ژ زارۆکێن خوە رە دکرێ، ئەو ژی ب بهایێ کەرێ!....

د بن بارێ خوە دە وەستیا، لۆما ل بەر بیرا گوندکێ ئەڤدێ ئەبێس، کو د رێیا وی دە یە، بارێ خوە دانی و دێولەک ئاڤ ژ خوە رە کشاند، هنگی ژی کو ڤەخوار و خوهدانا خوە پاقژکر، بێهنا وی هنکی فەرەھ بوو، ئێدی ژ خوە رە د فرۆتنا کەرێ دە پۆنژی!....داوی ژی ئەڤ پرسا هان ژ خوە کر:

–بۆ چ ئەز کەران ناکرم و نافرۆشم ڤان عەرەبێن ئال- خەمر؟!....

رۆژا دی بەدرۆ، ب ناڤ گوندێن کوردان کەت، کەرێن بەردایێ و یێن گرێدای، هن ب پەرێن ژبەر بهایێ کەرا وی مان کڕین و هن ژی ب دەیێن ئانین!....ئوو رۆژا دی بەرێ خوە جار دی دا باژارێ تەربەسپیێ!....

د هەر دو مەهێن هاڤینێ دە، ژیانا خوە و یان زارۆکان، خوەش ب کریاری و فرۆتنا کەران دەرباس کر، لێ کو هاڤین بەر ب داوی ڤە چوو، ئێدی نە کەرێن بەردایی و نە گرێدایی ب دەست بەدرخان کەتن!.. ئەڤ ژی ژ بەر پڕبوونا بازارڤانێن کەران!...یێن وەک بەدرۆ کو ب بازەرڤانیا کەران زارۆکێن برچی خوەدی دکرن!.....

پشتی رۆژەکە گەرم، کو تاڤکا وێ پاتکان دکەلینێ، بەدرۆ بێ کەر ڤەگەریا باژارێ تەربەسپیێ و ل چاییخانێ ژ قام دە خوە بەردا سەر کورسی!...چایا وی ل بەر دانین، پشتی کو چایا خوە ڤەخوار، ل دۆرا تەماشەکر!.... د کێلەکا وی دە، سێ کەسێن ژ ئال–خەمر ل کێلەکا وی روونشتی، ل سەر ماسا وان، گۆشتێ براشتی و چەقلماستێ جەمدی هات دانین، ئێدی کر کو ئاڤ ب دەڤێ بەدرۆ کەت!..

یەکی ژ وان بەرێ خوە دا بەدرۆ و ب لاقردی گۆت:

–هاا....مامۆستا بەدر....کەرێن فرۆتنێ ل با تە هەنە؟....

بەدرۆ ژی، ب بلەنگازی بەرسڤا وی دا و گۆت:

–دە وەلاهی گوندک نەما و ئەز لێ نەگەڕیام!...کورۆژۆ....هەیا ب کەران ژی د ڤی وەلاتێ دە نەمان!.....

هەر سێ عەرەب ب هەڤ رە ب دەنگەکی بلند کەنیان، داوی ژی یەکی ژ وان گۆت:

–ما نە تشتەکی باشە، کو کەر د ناڤ وە دە نەما بن!....

بەدرۆ چایا خوە د جە دە هشت و ژ چاییخانێ هات دەر، ژێ دوور کەت بوو، لێ هین ژی دەنگێ کەنێ وان د هات گوهێن وی، لۆما و ژ قەهرا زکێ خوە، هەڤساڕێ کەرا خوە، کو تم ب خوە رە دگەڕاند، کر سوکرا خوە و بێ دەنگ بەرێ خوە دا مال!...

ئەڤ کورتە چیرۆکە ب رێنڤیسا لاتینی هاتبوو دارشتن و پێشتر ل مالپەرێ (وەلاتێ من) دە بەلاڤبوویە، ژبۆ پێناسینا وێ ب خوەندەڤانێن رێنڤیسا نها ل هەرێما کوردستانا عیراقێ بکار دهێت مە بێ دەستکاری رێنڤیسا وێ گۆهەرت.

(ڕامان)

دەردەزێم

جەمال میرسادقی
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

ئاغای کەمالی زۆری هەوڵ دابوو تا توانیبووی دەست لە مامۆستایەتی هەڵگرێ و لە فەرمانگەی فێرکردن و بارهێنان کاری نووسینگە بکات. ئێستا لە پشت مێزێکی بچکۆلە و ژوورێکی سەربەخۆوە دادەنیشت و هەر کەسێک دەهات بۆ لای، بەتایبەت بە مامۆستایان و هاوڕێیانی پێشووی خۆی دەگوت:

«ئیتر حەسامەوە، پیاو چەند قەڵافەتی بەڕێوەبەری مرۆمۆچ و جێگرە خوێنتاڵەکان ببینێ، چەندە ئازار و چەرمەسەری تامڵ بکەین کە منداڵی خەڵکی فێر بن و بە جوانی باربێن. خۆ دیقم کرد هێندەم بیر کردەوە، بڵێی ئەو کتێبانە باش بن یان خراپ؛ ئیتر حەسامەوە. لێگەڕێن پاشملە هەرچیم پێدەڵێن با بیڵێن.»

یەکێک لە مامۆستاکان گوتبووی:

«منداڵەکانت وەلاناوە و هاتووی نووساوی بەو زێمەوە؟»

«زێم چییە؟»

«بۆ نازانی؟ منداڵان بە میز دەڵێن زێم.»

ئاغای تۆفان، بەڕێوەبەری گشتی ئەوان، هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ بەڕێوەبەرە گۆشت تاڵ و کانیس ئەستوورەکانی تر نەبوو؛ ڕووخۆش و بەڕێز و دەم بە پێکەنین بوو. هیچ کات فەرمانبەرەکانی بە قسەی تاڵ و سکاڵا کردن لە باری بەڕێچوون و زەمانەوە دڵتەنگ نەدەکرد. بە قسەی خۆش و نوکتەی بەتام کە هەمیشە دەتگوت لە گیرفانی دەردێنێ، بزە و قاقای دەخستە سەر لێوبان و لەگەڵ زەمانە ڕێکی دەخستن. ئەرکەکانی ئەوانی وەها بە جوانی و مەزبووتی شی دەکردەوە، هەمووان دەکەوتنە قلەسەما و بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکان بە تامەزرۆییەوە دەچوونە پێشێ.

هەمیشە ئەم وتەیەی لە سەر زار بوو:
«ئەو پارەیەی ئێمە وەریدەگرین، فرمێسکی پیرێژن و خوێنی دڵی خەڵکە؛ کەوایە دەبێ کارەکانمان بە جۆرێک ئەنجام بدەین کە ڕووزەردی خەڵکی نەبین.»
بزەی لە سەر لێو بوو، دەستی بۆلایان درێژ دەکرد وەک ئەوەی داوای یارمەتی بکات:
«هاوکارانی خۆشەویست! فەرمانگە مالّی ڕاستەقینەی خۆمانە، باشترین کاتەکانی ژیانمان لێرە تێپەڕ دەکەین، کەوایە دەبێت کارێک بکەین لەم ماڵە ڕاستەقینەیەی خۆماندا بە خۆشی و ئاسوودەیی بژین.»
ئاغای کەمالی زۆر زوو بۆی دەردەکەوێت «مالّی ڕاستەقینە» چ کاریگەرییەکی لە سەر فەرمانبەرەکان دەبێت. هاوڕێی لە مێژینە و هاوپۆلی سەردەمی خوێندنی ئەو، واتە ئاغای پیرانی کە یەک ـ دوو پلە لەو لە سەرتر بوو و بووبووە سەرۆکی بەش، ڕۆژێک کاتێک بۆ ئەنجامدانی کارێک چووە ژوورەکەی، بە نێوچاوانێکی گرژەوە گوتی:
«کەمالی! هاوڕێیەتییەکەمان بە جێی خۆی، لە شوێنی کار دەبێت پلەوپایەی ئیداری لەبەرچاو بگیریت. تکایە پێشتر مۆڵەت لە سکرتێرەکەم وەرگرە ئەوسا وەرە ژوورێ.»
گرنگترین ئەرکی فەرمانگەی گشتی، ڕاگرتن و لەبەر چاو گرتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دامەزراندن و دارشتنی گەڵاڵەی چاکسازی بوو. ئاغای تۆفان لە کۆڕەکانی فێرکاری و نرخاندندا کە فەرمانبەرەکان دەبوو هەموو حەفتەیەک بەشداریی تێدا بکەن، وەبیری دەهێنانەوە:
«هاوکاران! هاوڕێیانی خۆشەویست! ئیتر زەمانی حوسێن قوڵیخانی بە سەرچووە، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دامەزراندن هەمووی تەفروتوونا کردوون. ئیتر ئەو سەردەمە تێپەڕی فەرمانبەر و بەڕێوەبەری بەرتیلخۆر و وەزیری گەندەڵ و مرۆڤی دەستڕۆیشتوو هەموو خزم و کەسوکاری خۆی پەلکێش بکات بۆ فەرمانگە و لەوێیان بترنجێنێت. ئێستا دەبێت هەموو لە تاقیکاریدا بەشداری بکەن. هەر کەسێک شیاو بێت دادەمەزرێت با منداڵی کرێکار و کۆڵبەریش بێت. هاوکارانی بەڕێز! ئەو پارەیەی ئێمە وەریدەگرین فرمێسکی پیرێژنان و خوێنی دڵی خەڵکە، کەوایە با کارێک بکەین ڕووزەرد و سەرشۆڕی لای ئەوان نەبین...»
دەموچاوی ئاغای بەڕێوەبەر دەتگوت نووری لێ هەڵدەستێت، ئاغای کەمالی کەوتبووە ژێر کاریگەریی وتەکانی؛ لەوەی کە خۆی وەک بەڕێوەبەری ئامانجێکی ئاوا بەرز و ئینسانی دەدی هەستێکی خۆش لە دڵیدا سەری هەڵدابوو.
ئەم ئامانجە ئینسانییە لە لێدوانی سالاّنەی پیاوی مەزن، واتە سکرتێری گشتیی فەرمانگە، ئاغای «تەمامییەت»دا بەشێوەیەکی زۆر پڕشکۆتر ڕەنگی دایەوە و هەڵوەستەی لە سەر کرد. ئاغای تەمامییەت لە کۆتایی لێدوانەکەیدا بە دەستی ئاماژەی بۆ فەرمانبەرانی گشتی کرد و لەگەڵ ئەوەی ڕووی دەمی لەوان بوو بە شکۆیەکی تایبەتەوە ڕستە بەناوبانگەکەی خۆی دەربڕی.
«ئەی هاوڕێیان! ئەوە گۆ و ئەوەش مەیدان، ئێوە کە دڵسۆزی خەڵکن، برۆن قۆڵ بۆ بەڕێوەبردنی عەدالەت و دادپەروەری هەڵمالّن.»
ئاغای تۆفان بێ ئیختیار بالۆرەی کێشا و دەستی کرد بە چەپڵەلێدان و گوتی:
«هەموو دڵسۆزین، دڵسۆزی خەڵکین.»
پاشان لەگەڵ فەرمانبەرەکان دانیشتنێکیان پێکهێنا و سەبارەت بە گرنگایەتی وتە پڕ کاکڵەکەی پیاوی مەزن دەستیان کرد بە دەمەتەقێ:
«هاوکاران! هاوڕێیانی خۆشەویست! بناغەی ئەم ولاّتە بە دەستی ئێمە دادەڕێژرێت، لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێساکان کارێکی پیرۆزە و هەژار و دەوڵەمەند ناناسێت. من هەر لە ئێستاوە دەبینم ئێمە دڵسۆزانی خەڵک، بە ڕاستی و ئەمانەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی یاساوڕێساکان تێدەکۆشین و دەمانەوێ دیواری ڕەشی جیاوازیی چینایەتی لە بەر یەک هەڵتەکێنین، بۆ ئەو کارەش هەموو شتێکمان ئامادە کردووە.»
بەچاوی تەڕ و دەموچاوی سوور هەڵگەڕاوەوە وتەکەی ئاغای تەمامییەتی دووپات کردەوە:
«ئەی هاوڕێیان، ئەوە گۆ و ئەوەیش مەیدان، ئێوە کە دڵسۆزی خەڵکن برۆن قۆڵتان بۆ بەڕێوەبردنی عەدالەت و دادپەروەری هەڵمالّن.»
ئاغای کەمالی کرایە بەرپرسی تاقیکاری و کێبرکێ تا بە پێی یاساو ڕێسا، لەسەد و چل و دووکەس داخوازی دامەزراندن بۆ کاروباری نووسینگە، سێ کەس هەڵبژێرێت. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی بەتایبەتی جەختی لە سەر ئەوە کرد: «دەبێت یاساو ڕێساکان موو بەموو بەڕێوە بچن، موو بەموو.»
ئاغای کەمالی بە هەوڵ و تێکۆشانی چەند ڕۆژە، بە پێی یاسا تاقیکاری و لێکۆڵینەوەی، سێ کەسی هەڵبژارد، کە بە هەڵکەوت هیچ کامیان ژیانێکی باشیان نەبوو و دوو ـ سێ ساڵ بوو بۆ وەدەست هێنانی کار هەڵدەسووڕان و لە هەموو بواریکیان دابوو. کێتاب و ڕاپۆرتی کۆتایی پێتچنی کرا، بۆ واژۆ کردن بردی بۆ لای

جەنابی بەڕێوەبەری گشتی. دوای سێ ڕۆژ ڕاپۆرت و کیتابەکە گەڕایەوە. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی لە ژێر ناوەکاندا ناوی سێ کەسی دیکەی هەڵبژاردبوو کە لە ڕیزی هەرە دواوەی لیستەکەدا بوون.

ئاغای پیرانی، دۆستی لە مێژینەی ئاغای کەمالی بە کینایە تێگەیاند کە سێ کەسی ڕیزی کۆتایی لیستەکە لە بەر چاو گیراون. ئاغای کەمالی بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

«حەقمەن جەنابی بەڕێوەبەری گشتی نەتیجەی تاقیکارییەکانی ئەوانی...»

ئاغای پیرانی قسەکەی بێ بڕی:

«دیتوویە...خۆم لیستەکەم بۆ برد.»

«تێناگەم، کەوایە بۆ ئەوانیان...»

ئاغای پیرانی بە بێ تاقەتییەوە دیسان قسەکەی پێ بڕی:

«دەستوورە.»

ئاغای کەمالی ڕقی هەستا:

«دەستوورە یانی چی؟ ئەو کەسە شایانە کە لە تاقیکارییەکەدا نمرەی باشتری بە دەست هێناوە...»

ئاغای پیرانی بۆ جاری سێیەم قسەکەی پێ بڕی:

«خۆیان باشتر دەزانن چاوەکەم، من و تۆ چ کارمان بەو شتانەیە.»

ئاغای کەمالی دەنگی هەڵبڕی:

«چۆن خۆیان دەزانن! من ژێر کیتابەکەم واژۆ کردووە. بەپێی یاساوڕێسای دادپەروەریی دامەزراندن...»

ئاغای پیرانی بۆ جاری چوارەم قسەکەی پێ بڕی:

«چاوەکەم تۆ گێرەت لە هەولێر دەگەڕێ... ڕایدە بابڕوا، دەردەسەری بۆ خۆت ساز مەکە، دیسان ئەوەشت لە بیر نەچێ، مەگین خۆت داوای زێدەکاریت نەکردووە؟»

«با! بەڵام ئەمە چ پێوەندییەکی بەوەوە هەیە؟...»

ئاغای پیرانی شانی هەڵتەکاند و بێ ئەوەی گوێ بۆ پاشماوەی قسەکانی کەمالی بگرێت، لە ژوورەکە چووە دەرێ.

ئاغای کەمالی دانیشت و بە پەلە ڕاپۆرتێکی لە شەش لاپەڕەدا نووسی، لەوێدا پێداگریی لە سەر ئەوە کردبوو کە سێ کەس لە هەموو باریکەوە شایانی دامەزراندنن. ڕاپۆرتەکەشی نەک لە ڕێگای ئاغای پیرانییەوە، بەڵکو لە ڕێگایەکی دیکەوە بۆ جەنابی بەڕێوەبەری گشتی نارد.

دوو ڕۆژ دواتر ئاغای کەمالی بە هەڵکەوت بۆی ڕوون بووەوە یەکێک لە هاوڕێیانی ژێر ئەو کیتابەی واژۆ کردووە کە ئەو ئامادەی کردبوو و سێ کەسی ڕیزی خوارەوەی لیستەکە بە نمرەی سێ کەسی ڕیزی یەکەمەوە هەڵبژێردراون. ئاغای کەمالی چوو بۆ ژووری ئاغای پیرانی، بەڵام لە بەردەرگای ژوورەکەیدا بێ ئیختیار ڕاوەستا.

دەرگای ژوورەکەی ئاغای پیرانی داخرا بوو، لە ژوورەکەوە سرتەسرتێکی گوماناوی دەهات. ئاغای کەمالی گوێی بۆ شل کرد. دەنگی سرتەی یەکیان تووڕە و تۆسنانە و ئەوی دیکەشیان زۆر نەرم و لەسەرەخۆ. لەوە دەچوو دوو کەس خەریکی داڕشتنی پیلانێک بن، یان نەخشە بۆ کوشتنی کەسێک بکێشن.

زۆری نەخایاند یەکیان بە تەواوی دەنگی هەڵبڕی، ئاغای کەمالی دەنگی ئاغای تۆفانی ناسییەوە. دەنگی فەرمانپێدەرانە بوو، پاشان دەنگەکەی دیکەی ناسییەوە، دەنگی لەرزۆک و نووساوی دۆستە لە مێژینەکەی خۆی واتە ئاغای پیرانی بوو.

ئاغای تۆفان جار لەگەڵ جار دەنگی هەڵدەبڕی و زیاتری تووڕە بوون پێوە دیاربوو. ئاغای کەمالی لە پشت دەرگاکەوە هەستی بە ناڕەحەتی کرد. حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. ئاغای تۆفان خەریکی بۆڵە بۆڵ بوو. قسەکانی ڕەق و پڕ سووکایەتی بوون، ئەگەر دەنگی نەناسیبایە قەت بڕوای نەدەکرد جنێوی ئاوا تاڵ و پیس لە دەمی ئەو بێتە دەرێ. ئاغای تۆفان بە قاقای ماناداری خۆی، هەموو شتێکی دابووە بەر تانووت و توانج و تەوسەبزە، بەڵام ئەوەی زیاتر ئاغای کەمالی دڵمەند دەکرد، دەنگی دۆستە لە مێژینەکەی واتە ئاغای پیرانی بوو، دەنگێکی زەلیل و گریاناوی و قوڕبەسەرانە:

«گەورەم!...تاقمێک بەدبەخت دەبن. ئاخر ئەوە زوڵمێکی گەورەیە، خودا هەڵناگرێ... ئەو چارە ڕەشانە چ تاوانێکیان کردووە؟»

ئاغای تۆفان قاقایەکی ڕەقی کێشا و پەڕییە نێو قسەکانی:

«ها، ها، ئێستا لێمان بوویتە چاکسازی کۆمەڵایەتیش! ئافەرەم! بژی شێرەکوڕ! دەبێت داوای میدالیایەکی باڵەبانیت بۆ بکەم، بۆ ئەوەی لەوێتی بڕی و دەنگەکەی باشتر بە گوێی خەڵکی ڕابگات.»

«گەورەم! گەورەم... ئەوە بە پێچەوانەی یاسایە، خۆ ئێوە بە نووسین دەستوورتان نەداوە... بە پێی مادەی سەدو...»

ئاغای تۆفان گوڕاندی، دیار بوو هەستایە سەرپێ:

«چی؟ دەستووری نووسراوە؟ ئێستا وات لێهاتووە دەستووری نووسراوەت لە من دەوێ؟ دەتەوێ بەڵگە بە دژی من کۆکەیەوە؟ بۆرە پیاوی خوێڕی باسی مادەی یاسا بۆ من دەکا! من سەگ دەڕێنمە تۆ و ئەو مادە یاساییەت...»

«گەورەم! گەورەم... من... من، قەستی دەمدرێژیم

نەبوو، تووشی کێشە دەبم ئەگەر سبەینێ...»
دەنگی ئاغای تۆفان خاو بووەوە و گوتی:
«زۆر باشـــە، لە ســـەرەتاوە ئەوەت بگوتبـــایە، گـەوجـەپیـاوی بۆرەکـە؛ ڕێگاکـەم پیـشـان دەدای، خـۆم سکرتێری گشتی لەوە ئاگادار دەکەم. خەمت نەبێ.»
دیسان دای لە قاقای پێکەنین:
«هاها، هاها، دەترسی، هاهاها...»
دەنگەکـان دیسـان ئاوێتە بوونەوە و باشیـان لێ حاڵی نەدەبوو، دەنگی هاوڕێکەی گوتی:
«بە چاوان گـەورەم، بە چاوان، هەرچی ئـێوە دەسـتوور بفەرموون، گەورەم.»
ئاغای تۆفان دیسان قاقای کێشا:
«خـۆ لە مـەبەسـتی من تێگەیشـتی؟ یاسـاکـان دەبێ موبەمموو بەڕێوە بچن، موبەمموو، تێگەیشتیت؟»
دەرگـای ژووورەکە کـرایەوە و ئاغـای تۆفـان هاتە دەرێ. بە دوای ئەودا قـەڵاڤـەتی داهێـزراو و ڕەنگ بزرکـاوی ئاغای پیرانی دەرکەوت.
ئاغـای تۆفـان کـە چاوی بە ئاغـای کـەمـالی کـەوت، چاوی تێبڕی و حاڵەتی قەڵافەتی گۆڕی و پێکەنێنێکی پان و شیرین کەوتە سەر دەموچاوی:
«ئەوە خۆر لە کوێوە هەڵاتووە؟! وەرە بڕوانە هاوکـاری زانا و هێـژاشـمـان لێـرەیە. بەداخـەوە توزێک دەرنگ گەیشـتێ و نەمـانتـوانی کـەڵک لە فـام و زانایـیـەکـەی وەرگرین.»
هەر بەو لەبزەوە کـە ئاغـای کـەمـالی بە باشی تێی دەگەیشت گوتیشی:
«ڕاپۆرتە شـەش لاپەڕەییـەکـەی تۆم خـوێندەوە، بژی بۆ پەخشانت! ئەو دەسـتوخـەتە خۆشـەت هەر باسی مـەکە، کـەیفم پێکرد. نـاردم بۆ جـەنابی بەڕێوەبەری گشـتی کـە ئەویش بیخوێنێتەوە و چێژی لێوەرگرێ.»
دەستی نایە سەر شانی ئاغای کەمالی:
«ڕێکەوتێکی باش بوو، تووشت هـاتم و خـــۆم ئەو هەواڵە خۆشەم پێ ڕاگەیاندی! داخوازی زێدەکارییـەکـەی ئێوە پەسند کراوە. فەرمانبەرێکی دڵگەرم و دروستکاری وەک ئێوە دەبێ پاداشتی پێ بدرێت.»
بزەیەکی هاتێ و دوور کەوتەوە. ئاغای پیرانی سرنجی بە دوایدا بەرێ کـرد، پاشـان گـەڕایەوە بۆ لای ئاغـای کەمالی:
«خـۆزگـە لێـرە بوویتـایە و بتـدیبـایە چۆن بە دەمـیـدا هاتمەوە. ئەو بێ شـەرەفە کاتێک دیتی شیـشـەکـەم تیژە، ئیـتـر زانی پووتێک چەند سیـەیە. پێیـان وایە، چونکە خـاوەنی پلەوپایەن، دەتوانن بەری لێ بەرەڵـاکـەن و بە دڵی خۆیان ڕایدەن.»
بە هەر دوو دەستی پشـتە سەری خۆی خوراند و خۆی گرژ کرد:
«بە سـەری تۆ خـەریکە پیـاو شـێت دەکـەن. ئیـتـر لەو دانیشتنەی پشت مێز وەڕەز بووم.»
پاشان بە دەنگێکی ماندوو گوتیشی:
«دەبێ چەند ڕۆژێک مۆڵەت وەرگرم و بچم تۆزی پشوو بدەم. خودا ببڕێ ئەم پاروووەنانەش کە...»
لەبەر دەرگای ژووورەکە لاچوو:
«وەرە ژووری پێکەوە چاییەک بخۆینەوە.»
ئاغای کەمالی گوتی:
«نا، دەبێ بڕۆم، چەند ڕاپۆرتی قـــۆڕ و بێ تام هەیە دەبێ تەواویان بکەم.»
گەڕایەوە بۆ ژووورەکـەی خۆی و لە سەر کورسیی پشت مێزەکە دانیشت. سەیری دۆسێیەکانی سەر مێزەکەی کرد و بە دڵتـەنگی پشـتـە سـەری خـۆی خـوراند، پاشـان بێ ئیـختـیـار لە سـەر کـورسـیـیـەکـەی هەسـتـا، چوو بۆ بەر پەنجەرەکە و نێوچاوانی بە شووشە ساردەکەوە نا.
هەواکـەی لێڵ و خـۆڵـەمـێـشـین بوو. بارانێکی ورد دەباری. لە پۆلەکەی ئەو بەرەوە منداڵەکان دانیشـتبـوون، مامۆستا خەریک بوو تامەزرۆیانە و بە گەرمی قسەی بۆ دەکردن و بە گەچ لە سەر تەختەڕەشە شتێکی دەنووسی.

سەرچاوە:
اوازها، مجموعەی سی داستان، جمال میر صادقی انتشارات سخن، چاپ اول ۱۳۷۷ تهران.

ئەوەی گوتی (نەخێر)، ئەوەی گوتی (بەڵێ)

برتۆلد بریخت
لە ئەڵمانییەوە: فرمێسک مستەفا

ئەوەی گوتی بەڵێ

کۆرس: یەکێک لە شتە گرنگەکانی ژیان کە پێویستە فێری بیت تێگەیشتنە. زۆرن ئەوانەی دەڵێن (بەڵێ)، بەڵام لە تێگەیشتنی تەواوەوە نەهاتووە. زۆرن ئەوانەی پرسیاریان لێ ناکرێت. زۆرن ئەوانەی بە هەڵە لە تێگەیشتن دەگەن. لەبەر ئەوە باشترین شت کە فێری بیت (تێگەیشتنە).

لەهۆڵی ژمارە (١) مامۆستا دێتە ژووری، لە هۆڵی ژمارە (٢) دایک و لاوێک دەردەکەون.

مامۆستا: من مامۆستام، قوتابخانەیەکم هەیە لە شار، لەوێش قوتابییەکم هەیە باوکی مردووە. ئەو تەنیا دایکێکی هەیە بەخێوی بکات و ئاگاداری بێت، ئێستا دەمەوێت بچمە لای و بۆ دوا جار مااڵئاوایی لێ بکەم، چونکە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا، دەچمە سەفەر بۆ سەر شاخ. لەوێ لە ناو چیادا ئەو پزیشکە بەناوبانگانە هەن، کە تیماری نەخۆشییە بااڵوە کوشندەکەی ئێمەیان لایە.

(مامۆستا لە دەرگا دەدات)

مامۆستا: دەتوانم بێمە ژووری؟

لاو لە هۆڵی ژمارە (٢) دەچێت بۆ هۆڵی ژمارە (١)

لاو: ئەوە کێیە؟ ئا..مامۆستا... مامۆستا لێرەیە.. مامۆستا هاتووە بۆ سەردانمان.

مامۆستا: بۆچی ماوەیەکی وا دوورودرێژە سەردانی قوتابخانەی شارت نەکردووە؟

لاو: نەمتوانی بێم، چونکە دایکم ناساغە.

مامۆستا: نەمزانی کە دایکیشت نەخۆشە، تکایە ئەگەر بتوانی پێی ڕابگەیەنیت کە من لێرەم..

هاوار دەکات بۆ هۆڵی ژمارە (٢)

لاو: دایە، دایە مامۆستا لێرەیە.

دایک لە هۆڵی ژمارە (٢) دانیشتووە

دایک: تکای لێ بکە با بفەرموێت.

لاو: تکایە بفەرموون.

هەردووکیان بەرەو هۆڵی ژمارە (٢) دەڕۆن

مامۆستا: ماوەیەکی زۆرە نەهاتوومەتە لاتان، کوڕەکەت پێی ڕاگەیاندم کە نەخۆشییەکە جەنابتانیشی گرتووەتەوە.

ئێستا باشترن؟

دایک: بەداخەوە تەندروستیم باش نییە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا کەسێک چارەسەرێکی بۆ نەدۆزیوەتەوە و دەرمانێک بۆ ئەم پەتا کوشندەیە نییە.

مامۆستا: دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە من ئێستاکە هاتوومەتە لاتان، دەمەوێت خواحافیزیتان لێ بکەم. سەرلەبەیانی دەڕۆم بۆ سەفەری ناوچیاکان، لەوێ دەرمان بۆ ئەم نەخۆشییە بلاوە دەهێنم، لەبەر ئەوەی لەوێ لەناو چیا دکتۆرە بەناوبانگەکان دەژین و دەرمانیان بۆ ئەم پەتا بلاوە دۆزیوەتەوە.

دایک: ئاگاداری ئەوەم کە دکتۆرە گەورەکان لەوێ دەژین، ئاگاداری ئەوەشم سەفەرکردن بۆ سەر ئەو چیایە هێندە ئاسان نییە و مەترسییەکی گەورەی هەیە..

نەهاتبیت کوڕەکەم بەریت؟

مامۆستا: ئەوە گەشتێک نییە کەسێک بتوانێ منداڵێک لەگەڵ خۆیدا بەکێش بکات.

دایک: زۆر باشە! هیوادارم بەسەلامەتی بگەڕێنەوە.

مامۆستا: ئێستا دەبێت بڕۆم. ژیانێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.. خواتان لەگەڵ..

کوڕەکە مامۆستاکە بەرەو هۆڵی ژمارە (١) بەڕێ دەکات

لاو: دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.

دایکەکە گوێ دەگرێت

مامۆستا: دەتەوێ چی بڵێیت؟

لاو: دەمەوێت لەگەڵ جەنابتان بۆ سەرچیاکە بێم.

مامۆستا: هەروەک بە دایکتانم ڕاگەیاند، ئەو سەفەرە زۆر سەخت و مەترسیدارە، تۆ ناتوانی لەگەڵماندا بێیت. دوای ئەوە تۆ چۆن دایکت جێ دەهێڵیت، لەکاتێکدا ئاوا نەخۆش بێت؟ لێرە بمێنەرەوە، مەحاڵە تۆ بێیت لەگەڵم..

لاو: بێ گومان منیش لەبەر ئەوە دێم کە دایکم نەخۆشە، دەمەوێت لەوێ لای دکتۆرە مەزنەکانی سەرچیاکە دەرمانی بۆ بهێنم.

مامۆستا: دەبێ جارێکی تریش دایکت ببینم و قسەی لەگەڵ بکەمەوە!

دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵی ژمارە (٢)

کوڕەکە لە دەرگاکەوە گوێ دەگرێت

مامۆستا: جارێکی تر گەڕامەوە لاتان، تا پێتان ڕاگەیەنم کە کوڕەکەتان دەیەوێت لەگەڵم بێت، بەڵام من تێمگەیاند واباشە جەنابتان جێ نەهێڵێت، لەبەر ئەوەی ناساغن. بێ لەوەی ئەم گەشتە زۆر سەخت و مەترسیدارە. پێشم ڕاگەیاند کە هاتنی لەگەڵماندا مەحاڵە و نابێت، بەڵام ئەو لەسەر هاتنی بۆ ئەوێ سوورە، تا لەناو چیا و لەسەر شاخ دەرمان بۆ تۆ بهێنێت.

دایک: گوێم لەهەموو وشەکانی بوو. بڕوام بە کوڕەکەم هەیە کە ئەو سەفەرەتان لەگەڵ بکات.

کوڕەکە بەرەو هۆڵی ژمارە (٢) دەڕوات

دایک: لەو ڕۆژەوەی باوکت جێی هێشتین، من لەتەنیشتەوەم و لەتۆ زیاتر کەسم نەبووە، تۆ هەمیشە لە بیروهۆش و بەرچاومدا بوویت، ئەوەی دەموبست لەژیانمدا تەنیا ئەوەبوو کە جلەکانت بۆ ڕێکوپێک بکەم، خواردنت بۆ ئامادە بکەم، پارەت بۆ پەیدابکەم.

لاو: هەموو ئەوانەی تۆ دەیانڵێیت ڕاستن و وان، بەڵام ناتوانی ڕێگرم بیت!

لاو، مامۆستا، دایک: من و ئەو دەمانەوێت ئەم گەشتە ترسناکە بکەین بۆ ناو چیا و بۆ سەر شاخ. لەبەر نەخۆشی من و تۆ و ئەو، تا دەرمان و چارەسازێک بهێنینەوە..

کۆرس: مامۆستا و دایک بەیەک دەنگ ئەمەیان گوت.

مامۆستا، دایک: زۆر کەس هەن بەهەڵە تێدەگەن، بەڵام نەخۆشییەکە لەوە ناگات، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەیەوێت چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

کۆرس: بەڵام دایک وتی.

دایک: هێزم لەبەر بڕا، ئەگەر ئەوە پێویستە لەگەڵ مامۆستاکەتدا بڕۆی بڕۆ، بەڵام زوو بگەڕێوە.

کۆرس: خەڵکەکان گەشتەکەیان بۆ سەر شاخ دەستی پێکرد، لە نێوانیانیشدا لاو و مامۆستاکە دەبینرێن. کوڕەکە بۆ ئەم گەشتە هێشتا کامڵ نەبووە، بەرەبەیان لە

دامێنی چیاکەدا زۆر بە ئاستەم قاچەکانی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا.

ڕوو دەکەنە هۆڵی ژمارە (١)

مامۆستاکە، سێ قوتابییەکە، لە کۆتاییدا کوڕە لاوەکە (گۆزەڵەیەکی بەدەستەوەیە).

مامۆستا: ئێمە زۆر بەخێرایی سەرکەوتین. لەوێ یەکەم کوخی لێیە و تۆزێکی لێ دەمێنینەوە.

سێ قوتابییەکە: داخوازییەکەت جێبەجێیە.

بەرەو سەکۆی هۆڵی ژمارە (٢) دەڕۆن

لاوەکە مامۆستاکە بانگ دەکاتە دواوە

لاو: پێویستە شتێکت پێ بڵێم.

مامۆستا: دەتەوێ چی بڵێیت؟

لاو: هەست بە نارەحەتبوون دەکەم.

مامۆستا: ئاگاداربە! نابێت لە سەفەرێکی لەم جۆرەدا ئەم شتە بڵێیت، ڕەنگە ماندووی ئەوە بیت کە ڕانەهاتوویت بەسەر چیادا سەرکەویت، تۆزێک ڕاوەستە پشوویەک بدە.

دەچێتە سەر سەکۆکە

سێ قوتابییەکە: پێدەچێت لەسەرکەوتندا ماندوو بووبێت، دەبێت دەربارەی ئەمە پرسیارێک لە مامۆستاکەمان بکەین.

کۆرس: بەڵێ، ئەوە بکەن.

سێ قوتابییەکە، بۆ مامۆستاکە: گوێمان لێ بوو کوڕە لاوەکە ماندووی سەرکەوتنەکەیە. چییەتی؟ هیچت لەپێناویدا کردووە؟

مامۆستا: هەست دەکات نارەحەتە، بەڵام بەگشتی هەموو شتێک تەواوە.

سێ قوتابییەکە: دە کەواتە تۆ هیچت بۆ ئەو نەکردووە.

پشوویەکی درێژ

قوتابییەکان لە نێوان خۆیاندا:

گوێتان لێ بوو؟

مامۆستاکە گوتی کوڕە لاوەکە ماندووی سەرکەوتنەکەیە! بەڵام جوان تەماشای بکەن ئەو زۆرباش نانوێنێت..

یەکسەر دوای کوخەکە تووڵە ڕێگایەک هەیە، ئەگەر دەست بە تاشەبەردەکانەوە بگرێت دەتوانیت بگەیتە ئەولای ڕێگاکە.

هیوادارین ناساغ نەبیت، چونکە ئەگەر تۆ نەتوانیت لەگەڵماندا ڕێگاکە ببڕیت و زیاتر ڕێ نەکەیت دەبێت لێرە جێت بهێڵێن.

دەمانەوێت پرسیار بە مامۆستاکە بکەین.

دەڕۆن بۆ لای مامۆستاکە

سێ قوتابییەکە: پێش تۆزێک دەربارەی کوڕە لاوەکە پرسیارمان لێ کردیت، تۆیش پێت ڕاگەیاندین کە ماندووی سەرکەوتنەکەیە بە سەرچیاکەدا، بەڵام ئێستا زۆر لاواز دیارە، تەنانەت ناتوانێت ڕێ بکات و دانیشتووە.

مامۆستا: دەبینم کە نەخۆش کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدەن هەڵبگرن بە باوەش بە تووڵە ڕێگەدا بیپەڕێننەوە ئەوبەر.

سێ قوتابییەکە: هەوڵ دەدەین.

سێ قوتابییەکە هەوڵ دەدەن کوڕە لاوەکە هەڵبگرن و بەرەو ڕێگا باریکەکە بەڕێ بکەون.

ڕێگا باریکەکە لە سەر سەکۆکە بە گوریس و کورسی و هەندێ کەلوپەلی دیکە دروست دەکرێت کە بتوانرێت لاوەکەی تێدا بپەڕێنرێتەوە.

سێ قوتابیی زانکۆ: ئێمە ناتوانین ئەو بپەڕێنینەوە! ناشتوانین لەگەڵیدا بمێنینەوە. ئەوەی دەبێت بکرێت، تەنیا ئەوەیە زیاتر ڕێ بکەین، چونکە هەموو خەڵکی شار چاوەڕێمانن بۆ بردنەوەی دەرمانەکە بۆیان. بە داخەوەین و بە خەمێکی گەورەوە ئەمەتان پێ ڕادەگەیەنین، ئەگەر ناتوانێت ڕێگاکە ببڕێت ئەوە بێ گومان دەبێت بە ڕاکشاوی لێرە جێی بهێڵێن.

مامۆستا: بەڵێ... لەوانەیە... ئەمە بکەن.

ناتوانم بەرهەڵستیتان بکەم، بەڵام من وای بەباش دەزانم کە ئەو نەخۆش کەوتووە و دەبێت لەم حاڵەتەدا پرسیاری لێ بکرێت کە ئایا لەبەر خاتری ئەو هەموومان بگەڕێینەوە؟

لە ناخی دڵەوە بۆی خەمبارم، دەمەوێت بچمە لای و پێی ڕابگەیەنم کە خۆی بۆ چارەنووسی ئامادە بکات.

سێ قوتابییەکە: تکایە فەرموو جێبەجێی بکە.

سێ قوتابییەکە و کۆرسەکە بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە.

سێ قوتابییەکە و کۆرسە گەورەکە: دەمانەوێت پرسیاری لێ بکەین ئایا دەیەوێت هەموومان لەبەر خاتری ئەو بگەڕێینەوە؟ ئەگەر لەکاتێکدا ئەویش داوای ئەمە بکات، ئێمە نامانەوێت بگەڕێینەوە، بەڵکو دەبێت

بەڕاکشاوی جێی بهێڵێن و ئێمە ڕێ بکەین.
مامۆستاکە بەرەو هۆڵی (١) دەچێت
مامۆستا: باش گوێم لێ بگرە! تۆ ناساغیت و توانایی ئەوەت نییە کە زیاتر بڕۆیت، دەبێت لێرە جێت بهێڵێن، بەڵام دەشبێت لەم حاڵەتی نەخۆشییەی تۆدا پرسیارت لێ بکرێت، کە ئایا لەبەر خاتری تۆ بگەڕێینەوە؟
کوڕە لاوەکە: پێویست ناکات ئێوە بگەڕێنەوە.
مامۆستا: کەواتە تۆ ڕازیت و لەوە تێدەگەیت کە دەبێت لێرە جێت بهێڵێن؟
لاو: دەبێت بیرێکی لێ بکەمەوە.. (دوای پشوویەک) بەڵی، دەمەوێت، تێدەگەم و ڕازیم.
مامۆستاکە لە هۆڵی ژمارە (١)ـەوە هاوار دەکات بۆ هۆڵی ژمارە (٢)
مامۆستا: ئەو ڕازییە و وەڵامێکی ڕاستی پێ داین.
کۆرسەکە و سێ قوتابییەکە: (بەرەو هۆڵی ژمارە یەک دەڕۆن) ئەو وتی بەڵێ، بڕۆن.
سێ قوتابییەکە ڕادەوەستن.
مامۆستاکە: کەواتە بڕۆن و ڕامەوەستن، ئەوە بڕیاری خۆتان بوو کە زیاتر بڕۆن و نەوەستن.
سێ قوتابییەکە بە وەستاوی دەمێننەوە
لاو: دەمەوێت شتێکتان پێ ڕابگەیەنم: تکایەکم هەیە کە لێرە بە پاڵخراوی جێم مەهێڵن، بەڵکو هەڵمبدەنە شیوەکەوە دەترسم بەتەنیا لێرە بمرم.
سێ قوتابییەکە: ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین.
لاو: بوەستن! ئەمە بکەن.
مامۆستا: ئێوە بڕیاری ئەوەتان دا کە زیاتر بڕۆن و نەوەستن. ئەوەش ئاسانە کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام قورسی لە جیبەجێکردنەکەیدایە.
ئێوە ئامادەن کە فڕێی بدەنە شیوەکەوە؟؟
سێ قوتابییەکە: بەڵێ.
سێ قوتابییەکە بەباوەش کوڕە لاوەکە هەڵدەگرن دەیخەنە سەر سەکۆ بەرزەکەی
هۆڵی ژمارە (٢)
سێ قوتابییەکە: خۆت ماندوو مەکە ئێمە یارمەتیت دەدەین، بەئاگادارییەوە هەڵتدەگرین.
سێ قوتابییەکە لەبەردەمیدا ڕادەوەستن و دایدەپۆشن، لەپشتی سەکۆکەوە پاڵی دەخەن
(لاوەکە دیار نییە)

لاو: من پێشبینی ئەوەم دەکرد لەم سەفەرەدا ژیانم دابنێم! بیرکردنەوەم لە دایکم پاڵی پێوە نام بۆ ئەم سەفەرە، دایکم هانی دام بۆ ڕۆیشتن. گۆزەڵەکەم بەرن پڕی بکەن لە دەرمان، لەگەڕانەوەتاندا بیدەنە دەستی دایکم.
کۆرس: هاوڕێکانی گۆزەڵەکەیان لێ وەرگرت.
سکالاّیان لە ژیان و ڕێگا خەمبارەکەیان کرد
لەگەڵ تاڵترین یاسادا
کوڕەکەیان هەڵدایە خوارێ.
قاچەکانیان بەیەک ڕیز لەیەکتر نزیک کردەوە،
لە قەراغی چاڵەکەدا وەستان.
چاوەکانیان نووقاند و هەڵیان دایە خوارێ
کەس لە هاوسێکەی تەنیشتی خەتابارتر نەبوو.
لەگەڵیدا بەردو زیخیان فڕێدایە خوارێ.

ئەوەی گوتی نەخێر

یەکێک لە شتە گرنگەکانی ژیان کە فێری بیت تێگەیشتنە، زۆرن ئەوانەی دەڵێن (بەڵێ)، بەڵام لە تێگەیشتنی تەواوەوە نەهاتووە.
زۆرن ئەوانەی پرسیاریان لێ ناکرێت. زۆرن ئەوانەی بە هەڵە تێدەگەن.
لە هۆڵی ژمارە (١) مامۆستا دێتە ژوورێ، لە هۆڵی ژمارە (٢) دایک و لاوێک دەردەکەون.
مامۆستا: من مامۆستام، قوتابخانەیەکم هەیە لە شار، لەوێش قوتابییەکم هەیە باوکی مردووە. ئەو تەنیا دایکێکی هەیە بەخێوی بکات و ئاگاداری بێت، ئێستا دەمەوێت بچمە لای و بۆ دوا جار مااڵئاوایی لێ بکەم، چونکە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا، دەچمە سەفەر بۆ ناو چیا.
(لە دەرگا دەدات)
مامۆستا: دەتوانم بێمە ژوورێ؟
لاو لە هۆڵی ژمارە (٢) دەچێتە هۆڵی ژمارە (١)
لاو: ئەوە کێیە؟ ئا..مامۆستا... مامۆستا لێرەیە.. مامۆستا بۆ سەردانمان هاتووە.
مامۆستا: بۆچی ماوەیەکی وا دوورودرێژە سەردانی قوتابخانەی شارت نەکردووە؟
لاو: نەمتوانی بێم، چونکە دایکم ناساغە.
مامۆستا: نەمزانی کە دایکیشت نەخۆشە، تکایە

ئەگەر بتوانی پێی ڕابگەیەنیت کە من لێرەم.
هاوار دەکات بۆ هۆڵی ژمارە (٢)
دایک: بە نەخۆشی منەوە خۆت سەرقاڵ مەکە، شتێکی وا مەترسیدار نییە.
مامۆستا: پێم خۆشە کە گوێم لەوە دەبێت، هاتووم تا ژیانێکی ئاسودەتان بۆ بخوازم.
لەکاتێکی کورتی داهاتوودا بەتەمای سەفەرێکی زانستیم بۆ سەرچیا، بۆ شارەکانی ئەودیو شاخەکە کە مامۆستا گەورەکانی لێیە.
دایک: سەفەرێکی زانستی بۆ سەر چیا؟ ڕاستە منیش بیستوومە کە لەودیو چیاکانەوە، دکتۆرە گەورەکانی لێن. ئەوەشم بیستووە کە سەفەر بۆ ئەوێ زۆر مەترسیدارە. هاتوویت بە شوێن منداڵەکەمدا؟
مامۆستا: ئەوە سەفەرێک نییە کە منداڵێک لەگەڵ خۆت بەریت.
دایک: باشە.. هیواخوازم بە سەلامەتی بێنەوە.
مامۆستا: من دەبێت ئێستا بڕۆم، خوات لەگەڵ.
مامۆستا دەڕوات بۆ هۆڵی ژمارە (١)
کوڕەکە دوای مامۆستاکە دەکەوێت
لاو: دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.
مامۆستا: دەتەوێت چی بڵێیت؟
لاو: دەمەوێت لەگەڵتاندا بێم بۆ سەرچیا.
مامۆستا: هەروەک بەدایکم گوتیت، سەفەرێکی سەخت و گرانە، تۆ ناتوانیت بێیت. دوای ئەوە چۆن دەتوانیت دایکێکی نەخۆش بەجێ بهێڵیت. لێرە بمێنەرەوە ڕێی تێ ناچێت لەگەڵ من بێیت.
لاو: ئا لەبەر ئەو هۆیەیە کە دەمەوێت لەگەڵتدا بێم، تا لای دکتۆرە گەورەکانی شارەکانی ئەودیو چیاکە دەرمان بهێنم.
مامۆستا: بەڵام تۆ ڕازیت بە هەموو ئەو شتانەی لەسەر ئەو ڕێگایە دووچارت دەبن؟
لاو: بەڵێ.
مامۆستا: دەبێت جارێکی تر لەگەڵ دایکت قسە بکەم.
بەرەو هۆڵی ژمارە (٢) هەنگاو دەنێت
کوڕەکە بە نهێنی گوێ دەگرێت
مامۆستا: جارێکی تریش گەڕامەوە لاتان، تا پێتان ڕابگەیەنم کە کوڕەکەتان دەیەوێت لەگەڵم بێت، بەڵام من تێمگەیاند کە باشە جەنابتان جێ نەهێڵێت، لەبەر ئەوەی ناساغن. بێ لەوەی ئەم گەشتە زۆر سەخت و مەترسیدارە. پێشم ڕاگەیاند کە هاتنی لەگەڵماندا مەحاڵە و نابێت، بەڵام ئەو سوورە لەسەر هاتنی بۆ ئەوێ، تا لەناو چیا و لەسەر شاخ دەرمان بۆ تۆ بهێنێت.
دایک: گوێم لە هەموو وشەکانی بوو. بڕوام بە کوڕەکەم هەیە کە ئەو سەفەرەتان لەگەڵ بکات.
دایک کورەکەی بانگ دەکاتە ژوورێ
دایک: وەرە ژوورەوە کوڕەکەم.
دایک: لەو ڕۆژەی باوکت جێی هێشتین، من لەتەنیشتتەوەم و کەسم نەبووە لەتۆ زیاتر، تۆ هەمیشە لە بیروهۆش و بەرچاومدا بوویت، ئەوەی دەمویست لە ژیانمدا تەنیا ئەوە بوو کە جلەکانت بۆ ڕێکوپێک بکەم، خواردنت بۆ ئامادە بکەم، پارەت بۆ پەیدا بکەم.
لاو: هەموو ئەوانەی تۆ دەیانڵێیت ڕاستن و وان، بەڵام ناتوانی ڕێگرم بیت!
لاو، مامۆستا، دایک: من و ئەو دەمانەوێت گەشتە ترسناکەکە بکەین بۆ ناو چیا و بۆ سەر شاخ. لەبەر نەخۆشی من و تۆ و ئەو، تا دەرمان و تیمارێک بهێنینەوە.
کۆرس: مامۆستا و دایک بەیەک دەنگ ئەمەیان گوت.
مامۆستا، دایک: زۆر کەس هەن بەهەڵە تێدەگەن، بەڵام نەخۆشییەکە لەوە ناگات، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەیەوێت چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.
کۆرس: بەڵام دایک وتی.
دایک: هێزم لەبەر برا، ئەگەر ئەوە پێویست دەکات لەگەڵ مامۆستاکەتدا بڕۆی بڕۆ.
بەڵام زۆر زوو بگەڕێوە.
کۆرسە زۆرەکە:
خەڵکەکە سەفەرەکەیان بۆ سەرشاخ دەست پێکرد.
لەناویاندا مامۆستاکە بە دی دەکرێت
هەروەها کوڕە لاوەکەش.
کورە لاوەکە هێشتا بۆ ئەم سەختییە ئامادە و کامڵ نییە.
گوشارێکی زۆر لەسەر دڵی هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێت خێرا بڕواتەوە ماڵێ.
لە بەرەبەیاندا لە دامێنی چیاکەدا
بەحاڵێک دەیتوانی قاچە ماندووەکانی بەدوای خۆیدا

ڕابکێشیت.

مامۆستاکە، قوتابی زانکۆکان، لاو، دەڕۆن بۆ ژووری ژمارە (١)

مامۆستا: ئێمە بەخێرایی گەیشتینە ئێرە، لەوێ کە یەکەم کوخی لێیە

لەوێ دەمانەوێت تۆزێک بمێنینەوە.

قوتابی زانکۆ: باشە.

دەچنە سەر سەکۆیەکی بەرز، مامۆستا لاوەکە دەگرێت.

لاو: دەمەوێت شتێکتان پێ بڵێم.

مامۆستا: دەتەوێت چی بڵێیت؟

لاو: هەست بە نارەحەتی دەکەم.

مامۆستا: بوەستە، ئەم شتانە نابێت لە سەفەرێکی واهیدا بوترێت، لەوانەیە ماندووی ئەوە بیت کە فێری سەرکەوتن نیت بەسەر چیادا. تۆزێک بمێنەرەوەو پشوویەک بدە.

لەسەر سەکۆکە نامێنێت و دەڕوات

قوتابیانی زانکۆ: لەوە دەچێت کوڕەکە نەخۆش بێت، باشترە پرسیار لە مامۆستاکە بکەین.

کۆرس:

بەڵێ بیکەن.

قوتابیانی زانکۆ بۆ **مامۆستاکە:**

ئێمە ئاگامان لێیە کە ئەو کوڕە ناساغە، چییەتی؟

مامۆستا: هەست بە نارەحەتی دەکات، ئەگینا هەموو شتێک باشە.

قوتابی زانکۆ: ئەی تۆ نیگەرانی ئەو نیت؟

ماوەیەک پشوودان.

قوتابیەکان بەیەکتر دەڵێن: گوێتان لێ بوو، مامۆستاکە گوتی کوڕە لاوەکە هەست بە نارەحەتی دەکات؟ دوای کوخەکە تووڵە ڕێگاکە دێت، ئەگەر هەردوو دەستت بە تاشە بەردەکانەوە بگریت، ئینجا دەتوانی بپەڕیتەوە، دەنا کەس ناتوانێت هەڵتبگرێت.

دەبێت دوای ئەو یاسایە بکەوین کە هەڵتبدەینە ناو شیوەکەوە؟

هاوار دەکەن بۆ هۆڵی ژمارە (١)

سەرکەوتنەکە نەخۆشی خستیت؟

لاو: نەخێر.

دەبینن ڕاوەستاوم، ئەگەر ناساغ بوومایە بەپێوە نەدەوەستام.

پشوو.. کوڕە لاوەکە دادەنیشێت.

قوتابی زانکۆکان: دەمانەوێت بە مامۆستاکە بڵێین.

پێشتر بەڕیز پرسیارمان دەربارەی کوڕەکە لێکردیت، وتت ئەو هەست بە نارەحەتی دەکات، بەڵام ئێستا زۆر باش نایەتە بەرچاومان. ئەو دانیشت، زۆر بە دڵگرانییەوە پێتان دەڵێم، کە یاسا کۆنەکە وا دەڵێت، ئەو کەسانەی نەیانتوانی ڕێگاکە تەواو بکەن هەڵدەدرێنە شیوەکەوە.

مامۆستا: بەڕاست؟ دەتانەوێت فڕێی بدەنە خوارێ؟

قوتابییەکان: بەڵێ.

مامۆستا: یاسایەکی مەزنە. ناشتوانم بڵێم نەخێر، بەڵام یاساکەش دەڵێت، دەبێت پرسیار بە کەسی نەخۆش بکرێت، دەیەوێت بگەڕێتەوە، یان ڕێگاکە تەواو بکات؟ دڵم بۆی دێشێت، دەمەوێت برۆمە لای و یاساکەی پێ بڵێم.

سێ قوتابییەکە: تکا دەکەین، ئەو کارە بکە.

سێ قوتابی زانکۆ، کۆرس: دەمانەوێت پرسیاری لێ بکەین، کە دەیەوێت بگەڕێتەوە؟ ئەگەر بیشیەوێت بڕواتەوە ئێمە نامانەوێت بگەڕێینەوە، کەواتە دەبێت هەڵێبدەینە خوارێ.

مامۆستا بەرەو هۆڵی ژمارە (١) دەڕوات.

مامۆستا: باش گوێ بگرە یاسایەکی کۆن هەیە کە دەڵێت ئەو کەسانەی لەم سەفەرانەدا نەخۆش دەکەون دەبێت هەڵیانبدەینە ناو شیوەکەوە تا بمرن، بەڵام یاساکە ئەوەش دەڵێت کە دەبێت پرسیار بە کەسی نەخۆش بکرێت، ئایا دەیەوێت بگەڕێتەوە، یان فڕێ بدرێتە خوارێ؟

یاساکە ئەوەش دەڵێت کە کەسی نەخۆش دەبێت بڵێت فڕێم بدەنە خوارەوە.

لاو: تێدەگەم.

مامۆستا: دەتەوێت بەگەڕێینەوە، یان لەوە دەگەیت بۆ ئەوەی کە فڕێت بدەینە خوارێ؟

لاو دوای بیرکردنەوە

لاو: نەخێر، لەوە ناگەم.

سێ قوتابی زانکۆکە دەڕۆن بۆ هۆڵی (١)

سێ قوتابییەکە: ئەو وتی نەخێر.

ڕوودەکەنە لاوەکە، بۆ بەو شێوەیە وەڵام نادەیتەوە کە لە یاساکەدا هەیە؟

ئەوەی ئەلف بڵێ دەبێت بائیش بڵێت.

کاتی خۆی پرسیارمان لێ کردیت، لەو شتانە دەگەیت کە لەم سەفەرەدا ڕووەدەدەن؟ تۆ وتت بەڵێ.

لاو: وەڵامەکەم هەڵە بوو، لەوەش هەڵەتر پرسیارەکەی ئێوەیە. ئەوەی بڵێ ئەلف دەشتوانێ نەڵێ با ء، ئەو دەتوانێت هەڵەی ئەلف ببینێت. ویستم دەرمان بۆ دایکم بهێنم، بەڵام ئێستا خۆم نەخۆش کەوتووم، کەواتە ناتوانم دەرمانەکە بهێنم، دەمەوێت بە خێرایی بگەڕێمەوە.

بەڵام من تکاتان لێ دەکەم، لەگەڵمدا بن و بگەڕێننەوە بۆ ماڵەوە. ئەوەی دەتانویست فێری بن دەتوانن بیوەستێنن، ئەگەر لەوێ شتێک هەبێت بۆ فێربوون، دەتوانن هەر ئەوەبێت لەکاتێکی وەک ئێستاکەدا بگەڕێنەوە.

سێ قوتابییەکە بۆ مامۆستاکە: چی بکەین؟ ئەوەی کە کوڕە لاوەکە دەیڵێت ڕاستە، بەڵام ئازایەتی نییە کە بگەڕێینەوە.

مامۆستا: ئەوەی دەتانەوێت بیکەن خۆتان بڕیاری بدەن، بەڵام جێگای پێکەنین و گاڵتەی خەڵکین، ئەگەر بگەڕێینەوە.

سێ قوتابییەکە: ئەی بەقسەکانی پێکەنینمان نەیەت؟

مامۆستاکان: بۆ ئەمە پێکەنین نابینم.

سێ قوتابییەکە: دەمانەوێت بگەڕێینەوە، سەرت لەسەر قۆڵمان دابنێ و خۆت ئەزیەت مەدە. ئێمە بەئاگادارییەوە هەڵدەگرین.

کۆرس: هاوڕێکان، هاوڕێکەی خۆیان ڕزگارکرد و بردیانەوە ماڵێ، یاسایەکی نوێیان دانا.

یەک بەدوای یەک لەیەک ڕیزدا دەڕۆن بەناو گاڵتەجاڕی و پێکەنینی خەڵکەکاندا بە چاوی نوقاوەوە، کەس لە هاوسێکەی تەنیشتی ترسنۆکتر نەبوو.

سەرچاوە:

Lehr schtücke von Bertold brecht
Rororo TaschenBuch
Des SuhrKamp Verlages,berlin 1955



خەبات مەولوودی: بەرهەمێک ڕەسەنە کە دوای چەند نەوەیەک گوێی لێ بگیرێ.. دەبێ هونەریش بۆ نەتەوە بێ.

ئا: خەبات ڕەسوولّی

(٢ - ٢)

«هونەری کوردی پێویستی بە هونەر مەردە» ئەوە یەکێک لەو وتانەیە کە هونەرمەند خەبات مەولوودی باوەڕی پێیەتی. ئەو دەڵێ خەڵکێک هەیە بوونەتە هۆی بارگرانی بەسەر گۆرانی کوردییەوە، هەروەها پێی وایە گۆرانیبێژێک نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو گۆرانی بۆ بەردەنگەکانی بڵێ گۆرانیبێژ نییە. خەبات مەولوودی خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تا ئێستا سێ ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە.

لەوانەیە لە دنیای ئەمڕۆدا کە هەموو شتێک بە پێوەری بازرگانی مەزندە دەکرێ، ئەوەندەی بایەخ بە لایەنی ئابووری بەرهەمێک دەدرێ، نیو ئەوەندە لایەنەکانی دیکەی لەبەرچاو ناگیرێ، لەوانەیە بۆچوونەکانی خەبات مەولوودی بەدڵی هەموان نەبێ، بەڵام ئەو خۆی گوتەنی تا ئێستا هونەری هەرزان فرۆش نەکردووە و نایکات.

گۆڤاری ڕامان بۆ بەسەرکردنەوە و ناساندنی ئەو دەنگە نوێیەی هونەری گۆرانی کوردی چاوپێکەوتنێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشە ئەنجام دا و ئەوەی دەیخوێنەوە دەقی ئەم چاوپێکەوتنەیە.

ڕامان: مادام تۆ لێکۆڵینەوەت لەسەر بەیت و حەیران کردووە، دەتوانی بەراوردێک لە نێوان حەیرانی موکریان و هەولێردا بکەیت تا بزانین جیاوازییان چییە؟

خەبات مەولوودی: من زۆر شتم لەسەر ئەم مەسەلەیە بیستووە و خوێندۆتەوە و جارێ با بزانین حەیران بۆ گوتراوە. حەیران هی قۆناغی شوانکارەیی کوردە، هی ئەو قۆناغەی کە هێشتا نیشتەجێ نەبووە و گەرمێن و کوێستانی کردووە و ئەم سنوورە دەسکردەی ئێستا نەبووە. بەپێی ئەم هاتوچۆیە شتیان لە یەکتر وەرگرتووە. چەند حەیرانبێژ و لێکۆڵەرمان لەم دیو هەیە، ئەوەندەش لەودیو هەیە. ئایا ناوی چەند شوێنێک، دەبێ ئەو قەناعەتت لا دروست بکا کە حەیران لەو شوێنە سەری هەڵداوە؟ حەیرانی موکریانیش باسی چەند شوێنێکی کوردستانی ئەم دیو دەکا، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە حەیران لە هەولێر، یان لە موکریانەوە سەری هەڵدابێ. بەستنەوەی حەیران بە ناوچەیەک، یان بە شارێک چ دەردێک لە من سووک دەکا؟ چەند حەیرانبێژ هەن لە باشوور وەک حەسەن سیساوەیی کە ڕۆژێ چەند جار هەواڵی مەرگی بلاو دەکەنەوە، حەسەن سیساوەیی، شێروان شەیدا، عارەب عوسمان و...تاد هەر بەو هۆیەوە حەیرانبێژانێکی زۆریشمان لە موکریان هەیە. ئەو ڕێگایانەی هاتوچۆشیان پێدا کراوە لە سەردەمی ئاژەڵداری، پشدەر بۆ موکریان و لەوێشەوە بۆ هەولێر و قەراج و کەندیناوە، نابێتەوە بەڵگە بۆ ئەوەی بڵێین حەیران لەو شوێنە سەری هەڵداوە. گرینگ ئەوەیە کە حەیران وەک ئامراز و کەرستەیەکی هونەری کوردەواری بۆ دەربڕینی بەشێک لە ئیحساساتی سەرکوتکراوی کۆمەڵگای کوردەواری، حەیرانبێژ دەرووبەکی دۆزیوەتەوە و دەنگی دڵی خۆی دەربڕیوە. ئەم مەسەلەیە پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی دەوێ. گرینگ ئەوەیە ئەمڕۆکە چەندە بەکاری من دێ؟ گەنجێکی ئەمڕۆکە چەندە چێژ لە حەیران وەردەگرێ؟ بۆ دەبێ بیڵێ، بۆ دەبێ نەیڵێ، چۆنی بڵێ؟ زۆر کەس دەڵێن حەیران نابێ دەسکاری بکرێ، هەندێک کەس تێکستی تازەی بۆ دەنووسێ، کەسیش هیچ ناڵێ. هیچ پێوەرێک نییە و هەرکەسە و بە کەیفی خۆی شتێک دەڵێ. شوێن گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە منی کورد ئەمڕۆکە بێم و ئەم بابەتە فۆلکلۆرییە جوانتر بکەم، لە بەرنامەی کەناڵەکانی باشوور، پێشکەشکارەکانی بەرنامە هونەرییەکان تەنیا شتێک کە نایزانن، مۆسیقایە، بەڵام لە وڵاتان پێشکەشکارانی بەرنامەی هونەری و موزیک، زۆر شارەزان لەم بوارەدا، لێرە تەنیا ئیشیان پێداهەڵگوتنە و جارێک ناڵێن ئەوە ئاوا نییە. پاراستنی فۆلکلۆر ئەوە نییە کە تۆ بەڕەیەک ڕابخەی و لەنتەر (فانۆس)یک هەڵواسی، جووتێک کڵاش لە پێ بکەی و تەسبیحێک بگریتە دەست و شەقەی لێ بێنی. گەنجی ئەمڕۆ دیکۆری جوان دەبینێ، گوێی لە مۆسیقای کوالێتی بەرزە، بەرنامەی پرۆفیشناڵ دەبینێ و سەیری ئەم بەرنامانە ناکا، بۆیە خۆشەویستی ناکەن و خەڵکی لێ بێزار دەکەن. لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی فۆلکلۆرن، بەڵام شارەزا نین. گەنجێکی سی ساڵ خەریکی فۆلکلۆرە کە بیست و هەشت ساڵی لە دەرەوە ژیاوە، دێ مەقامی سەفەر دەڵێ، بێ ئەوەی گەرمیانی بینیبێ و بزانێ مەقامی سەفەر چییە؟(١) یان ژیانی لە ئەوروپا بەسەر بردووە، یان قەت نەچۆتە گوندێک بزانێ ژیانی گوند چییە؟ بۆیە ئەم هەست و سۆزە دەکوژن و خەڵک ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لێی دوور دەکەوێتەوە

ڕامان: هونەری گۆرانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ئاستێکدایە و بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا؟

خەبات مەولوودی: دەڵێن لە شوێنێک کە زەوی هەیە، ئاو نییە و لە شوێنێکیش کە ئاو هەیە، زەوی نییە. کوردستانی باشوور، ئازادی و ئیمکاناتی هەیە و هونەرمەند هیچ بەربەستێکی نییە و ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر دەق و شیعرێک، بەڵام لە ڕۆژهەڵات وانییە. من تا ئێستا سێ ئەلبوومم بلاو بۆتەوە، دوو ئەلبوومم بە شێوەی ئۆرجینالڵ لە ئێران بلاو بوونەوە و وەک ئاگاداری ئەوانەی لە ئێران بە ئۆرجینالڵ ئیش دەکەن، کە شیعرێک هەڵدەبژێریت، دەبێ ئەو شیعرە بە چەند قۆناغدا تێپەڕێ تا وەزارەتی ئیرشاد (ڕۆشنبیری) تەئیدی بکا، کە نابێ بە قسەی ئەوان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی تێدا بێ و دەبێ بە هەزار کوندا تێپەڕێ. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەی ئۆرجینالڵ کار دەکەن، کەمن. کامکارەکان، عەزیز شاهروخ، عەباس کەمەندی و...تاد بەڵام سەرەڕای ئەو سانسۆرە، کاری زۆر باش دەکرێ، کەس بێ ئیزنی شاعیر ناتوانێ، شیعرەکەی بکاتە گۆرانی، کەس لە خۆوە ناتوانێ گۆرانی کەسێکی تر بڵێتەوە. بۆ کۆنسێرتێک دەبێ سەردانی سەد شوێن بکەیت تا ڕێگەت پێ دەدەن

بکرێ، نابێ لە ڕێکەوتی مەرگی هێندێک کەسدا بکرێ، نابێ کەس هەڵپەڕێ. دەبێ ژنەکان بە حیجابەوە بێن، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو گوشارە، خەڵک دێن، ڕەنگە بلیتی کۆنسێرتەکە بە پەنجاهەزار تمەن بێ، بەڵام خەڵک دەیکڕن، بێجگە لەوە چەپکە گوڵێکیش دەکڕێ و دەیکاتە دیاری بۆ هونەرمەندەکە، بەڵام لێرە دەڵێن هاتن بۆ هەمووانە. کە هەمووانیش دێن دەیکەنە ژاوەژاو و گوێ ناگرن. لەوێ هونەرمەندی باش هەیە، کاری باش دەکرێ. لە تەلەڤزیۆنی ئێراندا تەنانەت گوێت لە مۆسیقای سونەتیش (تەقلیدی) نابێ، بەڵام عەقڵییەتی هونەری هەیە. وەک ژیلەمۆیەک وایە کە ڕەنگە بڵێسەی نەبێ، بەڵام هەر گەرمە. لێرە ئەو هەستی حەماسەتەی ئەوێ نابینی، هەرچەندە ئیمکاناتیش زۆرە، ڕوحی نییە. سارد، نەمر نییە.

کاتێک بەرهەمێک دەبینێرنە دەرەوە لە چاپی سی دییەکەدا هەڵەی تێدا دەکرێ. هەڵەی نووسین، جێگۆڕکێی تراکەکان، چون کەس نییە بەسەری ڕابگا و لە کوالێتی و ڕێکۆردی دەنگەکانیش کێشە دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر کۆمپانیایەک هەبێ لە کوردستاندا و بە کوالێتییەکی بەرزەوە چاپی بکا، شتێکی باشە. کارێکی نەشیاوە کە ئێستاکەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سی دی نییە. نازانم بۆ چاپکردنی کتێب لە چ ئاستێکدان، ڕەنگە بۆ کتێب هێندێک ئیشیان کردبێ و هێندێک دەزگا هەبن. کتێبەکانی باوکم کە دەزگای موکریانی چاپی کردوون، هەڵەیان تێدابوو. پیتچنی و دیزاینەکەی کێشەی هەبوو، دڵنیام ئەگەر کۆمپانیایەکیش لەم بوارەدا هەبێ، ئیشەکە بە خاوێنی ناکا. ئەمە پێویستی بە کەسی پسپۆڕ و دڵسۆزە کە بە دڵسۆزییەوە بڕوانێتە هونەر. ئەم کۆسپانە بوون کە ئاماژەم پێ کردن.

ڕامان: کلیپی نەورۆزی تۆ کە سروودە، ئایا یەکەم ئەزموونتە لە بواری سروود گوتندا؟

خەبات مەولوودی: بەڵێ یەکەم ئەزموونم، هەمیشە لەوە ترساوم کە لە شوێنێک، یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لێم بپرسن بۆچی سروودت نییە. پێم وایە هەستی نەتەوایەتی پێوەندی بە هیچ زەمەنێکەوە نییە و تەواو نابێ و ئیتر پێمان وابێ کورد ئەو قۆناغەی دەرباز کردووە و سروودی ناوێ، نا وانییە. ئێستاش ئەگەر هەست و بیر نەبێ، زۆر کار بەڕێوە ناچێ، بۆیە حەزم کرد سروودێکم هەبێ کە هی لایەن و حزبێکی دیاریکراو نەبێ. نەورۆز بۆنەیەکی گشتییە و مۆرکی کەسی پێوە نییە و هەموو ساڵێک دووپات دەبێتەوە. گۆرانی نەورۆزی حەسەن زیرەک و موجتەبا میرزادە بۆتە هێمایەک بۆ نەورۆز کە نەمرە و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێ، بەڵام لە پەنا ئەوەشدا، ئەگەر شتێکی نوێ هەبێ، قەیناکا. سروودی نەورۆز، شیعری خالیدی حیسامی (هێدی)یە لە دیوانی کاروانی خەیاڵ وەرم گرتووە، ئاوازەکەی هی خۆمە. دابەشکردنی مۆسیقا لە لایەن لاوک لەتیفەوە کراوە، لە ستۆدیۆ ئارایانی تاران تۆمارمان کرد. خوالێخۆشبوو جەمال ئامادە کە چەند ساڵ پێشتر بە هۆی نەخۆشی تۆمۆری مێشکەوە (غوددە) کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەی کلیپ کاری بۆکرد، کلیپەکە شتێکی سەیر نەبوو. هێندێک دیمەنی نەورۆزی تێدا بوون. ئاگرکردنەوە و هەڵپەڕکێ و هێندێک دیمەنی سروشتیشی تێدا بوو، بەڵام بەتەمام لە داهاتوودا کلیپەکە بگۆڕم، چونکە کوالێتی باش نەبوو، هەم لە ڕووی موزیکەوە و هەم لە ڕووی کلیپەوە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە.

لە بەرنامەی کەناڵەکانی باشوور، پێشکەشکارەکانی بەرنامە هونەرییەکان تەنیا شتێک کە نایزانن مۆسیقایە.

ڕامان: هەموو هونەرەکان پەیامێکیان هەیە، بەڵام سروود زیاتر پەیامێکی ڕاستەوخۆی هەیە. چەندە بڕوات بە پەیام لە هونەردا هەیە؟ چەندە باوەڕت بە هونەری دەروەست هەیە؟ ئایا بڕوات هەیە کە هونەرمەند دەبێ پەیامێک بگەیەنێتە بینەرو بیسەر؟ یان تەنیا هونەرەو بەس؟

خەبات مەولوودی: ئەم مەسەلەیە بۆ ئایدیۆلۆژیایی و چوارچێوەی جیهانبینی هونەرمەند دەگەڕێتەوە. ڕەنگە ئەگەر من ئەو سروودەم نەگوتبایە، کەس ڕەخنەی ئەوەی نەگرتایە کە بۆچی خەبات سروودی نییە؟ یان ڕەنگە نەرمە ڕەخنەیەک بایە و هیچی تر. گوتنی ئەو سروودە زۆر بەرپرسیارەتی بۆ دروست کردم. من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیم، ئەو سروودە حەساسییەتی دروست

کرد، به تایبەت جلوبەرگەکەم. پەیامی سروودەکە لە کۆتاییەکەیدایە کە دەڵێ دڵنیابە جەژنە پیرۆزەی دوای نەورۆزی من جەژنی ئازادی گەلە و سەرکەوتنی من، ئەمە پەیامی سەرەکی سروودەکە بوو، بەڵام ئەوەی کە دەبێ هونەر حەتمەن پەیامێکی هەبێ، مەرج نییە پەیامەکە سیاسی بێ، ڕەنگە پەیامەکە کۆمەڵایەتی بێ، لایەنی دڵداری هەیە، لایەنی عیرفانی هەیە، لایەنێکی تەنیا دەرخستنی جوگرافیا و ناساندنی شوێنێک بێ. لە سروودا تۆ پەیامەکەت بە ڕاشکاوی دەڵێی بێ ئیستیعارە و هێما. ئەم ڕاستگۆیی و ڕاشکاوبوونە هێندێک بەرپرسیارەتی دروست دەکا کە بۆ منیشی هەبووە. منیش پاساوم بۆ هێناوەتەوە و وتوومە ئەم سروودە بۆ نەورۆزە و نەورۆز شتێکی نەتەوایەتییە، دەتوانی بە قەناعەتیان بگەیەنی. لە ڕاستیدا سروود تەنیا بەرهەمی گۆرانیبێژە کە هیچ پێچوپەنایەکی تێدا نییە، کە سروود بۆ حزبێک دەڵێی، دیارە ئەو سروودە بۆ ئەو حزبەیە، کە سروود بۆ نەتەوەیەک دەڵێی، هیچ نەتەوەیەکی تر ناتوانێ بڵێ بۆ من وتراوە، کە سروود بۆ بۆنەیەک دەڵێی، هەر هی ئەو بۆنەیە. شتەکە دیارە و لێرەدا پابەندی گۆرانیبێژەکە دەردەخا، چەندە بڕوای بە نەتەوەکەی هەیە. ئەو پەیامەی لە سروودا دەیگەیەنی، دەبێ هەمیشە بمێنێ. بۆ ئەمساڵ نەبێ، ساڵێکی دیکەش هەر ئەو مەعنایەی هەبێ و هەتاهەتایە ئەو مەعنایەی لە دەست نەدا.

ڕامان: چۆن سەیری ئەو هونەرمەندانە دەکەی کە کاری سیاسی دەکەن و هونەر و سیاسەتیان تێکەڵ کردووە؟

خەبات مەولوودی: من پێم وایە سیاسەت و هونەر زۆر جیاوازن، بەڵام سیاسەت دەتوانێ هونەر بەکاربێنێ و هونەریش سیاسەت، بەڵام هونەرمەندێک کە سەر بە لایەنێکی سیاسییە، زیان بە خۆی دەگەیەنێ، چونکە هێندێک خۆشیان دەوێ و هێندێکی دیکە ڕەتی دەکەنەوە، بە هۆی ئەوەی سەر بە فڵانە لایەنە. هونەرمەندمان هەیە کە پێویست ناکا ناوەکەی بڵێم، زەمانی شا لەگەڵ ساواک بووە، ئێستاش دەیبوغزێنن، ڕەنگە لەلایەنی هونەرییەوە زۆر خزمەتیشی کردبێ. ئەمە دەبێتە شتێکی ناشیرین و هەتاهەتایە بەدواوەی دەبێ، بۆیە من پێم وایە هونەرمەند دەبێ سەر بە هیچ لایەنێک نەبێ. دەسەڵات دەگۆڕێ، بەڵام نەتەوە هەر دەمێنێ. دەبێ هونەر بۆ نەتەوە بێ، نەک بۆ لایەنێکی ئەو نەتەوەیە، ئەگەر سەر بە لایەنێک بێ، ئەوە مەحکوومە بە نەمان، هونەر ئامرازێک نییە بۆ سیاسەت. بە داخەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، تا بۆنەیەک نەبێ، تا کاتی هەڵبژاردن کۆنسێرت بۆ گۆرانیبێژ ناکەن، یان بۆنەیەکی حزبین، یان بۆ شین و ماتەم دەکرێن، بۆ ئەنفال و بۆ هەڵەبجە. ئەمە تەنیا لە کوردستان نییە، لە زۆر شوێنی دیکەش وایە. ئەمە دەگەڕێتەوە سەر نەفسیەتی هونەرمەند کە ئایا خۆی دەکاتە ئامرازێک لە دەست لایەنێکی سیاسیدا؟ بە داخەوە هونەرمەندی زۆر گەورەمان هەیە کە ئەمڕۆکە دەیتوانی ببێتە جەمسەرێک لە ناو مۆسیقای کوردیدا و بۆ خۆی بڕیار لەسەر هونەرەکەی خۆی بدا، بەڵام چونکە مۆرکی لایەنێکی پێوەدیارە، نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە. هونەر دەبێ ئازاد بێ و ئەگەر ئەو ئازادییە لە دەست بدا، دیارە هونەرێکی سەربەخۆ نییە، هونەرێکی ملکەچە، چاو لە دەستە. هونەرمەندێکە گوێڕایەڵی لایەنێکە، ئەگەر پێیان وت وەرە فڵانە شوێن گۆرانی بڵێ، دەبێ حەتمەن بچێ و گۆرانی بڵێ. جا جەماوەر چ پێیان خۆش بێ و چ پێی ناخۆش بێ و چ لەسەری بکەوێ و چ لەسەری نەکەوێ دەبێ بیڵێ.

ڕامان: خەڵکێک هەیە هونەر دابەش دەکا بەسەر هونەری بەرز و نزم، تۆ ئەم دابەشکردنەت پێ ڕاستە؟

خەبات مەولوودی: هونەر هەر هونەرە، بەڵام هونەرمەندی بەرز و هونەرمەندی نزمان هەیە. کەسێک لەوانەیە تار و سێ تارێکی باش لێ بدا، بەڵام لە ڕووی مۆزاڵییەوە کێشەی هەبێ، تۆ ناتوانی بەمە بڵێی نزمە و هونەرەکەی ڕەت بکەیتەوە. ئەوە پرەنسیپ و کەسایەتی هونەرمەندەکەیە کە تۆ ڕەتی دەکەیەوە نەک هونەرەکەی. هونەرەکەی لەجێی خۆیەتی، چونکە بە پێوانەی کەسایەتی هەڵیدەسەنگێنی، دەڵێی هونەرەکەشی هیچ نییە، ئەوە هونەرمەندە کە پارێزگاری لە هونەرەکەی دەکا.

ڕامان: کارمان بە لایەنی مۆزاڵی نییە کە بەتایبەت لەسەر هونەرمەندە ژنەکان زیاتر قسەو باس دەکرێ. ئایا بە گشتی شتێک بە ناوی هونەری بەرز و نزم هەیە؟

خەبات مەولوودی: نیمانە. با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە لە بوارەکەی خۆمدا کە ژەنینی مۆسیقایە، زۆر ژەنیاری گەورەمان هەیە کە زۆر پرۆفیشنالّ و شارەزان، زۆر

ژەنیاری دیکەشمان هەن کە زۆر شارەزا نین، ئەمانە هەردووکیان هونەرمەندن، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتیی هونەرمەندەکە و ڕوانگەی کۆمەڵگا. ڕەنگە لە ئەوروپا ئەو مەسەلەیە نەبێ. زۆر هونەرمەند هەیە لە ئەوروپا کە هەر خەریکی ژن و مەیخواردنەوەن، یان هێموسێکسوالە. کەس سەیری ئەم شتانەی ناکا، چونکە کۆمەڵگا ئەو شتەی بەلاوە ئاساییە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەم لایەنە زۆر بەرچاوە و دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بی. بەحاڵ لاقت خوار دانا تازە تەواو و جێی خۆت ناگریتەوە و هەموو کارەکانت دەخەنە تای تەرازوو. ئەم هونەری نزم و بەرزە لای ئێمە هەیە.

ڕامان: لە کوردستانی باشوور دەڵێن هونەری میللی. بۆ نموونە فلان کەس گۆرانیبێژێکی میللییە، ئایا ئەم میللی بوونە هونەرێکی نزمە؟

خەبات مەولوودی: من لەم شتە زۆر ناڕەحەتم کە هاتۆتە ناو هونەری گۆرانی کوردییەوە. کۆمەڵگا شوێنێکە کە تۆ تێیدا پەروەردە بووی و دەنگ و هونەری تۆ ڕەنگدانەوەی بیروبڕوای ئەو کۆمەڵگایەیە بە باش و بە خراپەوە، کە لە کۆمەڵگا دابڕای، زۆربەی هونەرمەندە گەورەکانی دنیا لە گازینۆ و مەیخانەکان و شوێنەکانی ڕابواردن سەریان هەڵداوە، لە ناو خەڵکەوە هەڵقوڵاون، نازانم ئەمە چییە لێرە کابرا لە پرێکدا دەبێتە کورێک. من حەز دەکەم لە ناو خەڵکدا بم و سەردانی ئەم لاو ئەولاش بکەم، ئەگەر هونەری من لە خزمەت خەڵکدا نەبێ، گۆرانی بۆ کێ بڵێم. خەڵکی بێگانە گوێ لە گۆرانی من ناگرن، مەگەر بۆ خۆشی خۆیان و جارجارە. جەماوەری ڕاستەقینەی من ئەو کەسانەن کە لەگەڵیان دەژیم. دەبێ هونەرمەند لە ناو خەڵکدا بژی، لەگەڵ ئازارەکانیاندا بێ. ئاساییە بچێتە چایخانە و خواردنگەی ناو بازاڕ، چونکە هونەرمەندی عەیبە و نابێ بچییە ئەو شوێنانە، ئەمە هەڵەیە. جۆرە چاولێکەرییەک هەیە، خۆزگە وەک چۆن بۆ ئەم شتە هەڵانە چاولێکەری هەیە، بۆ شتە باشەکانیش هەبایە، ئەو هەموو فیز و ئیفادەیە بەسەر خەڵکی فەقیری کورددا دەفرۆشن. ڕاستە گۆرانیبێژێکی تورک کە دەچێتە بازاڕ بە دەیان کامێرای بە دواوەیە، لێرە وانییە. هیچ گۆرانیبێژێکی کورد حازر نییە کە پێی بڵێن دۆکیومێنتێک لەسەر ژیانی خۆت دروست دەکەین، چۆن دەخەوی، چۆن دەژی، چۆن لەگەڵ دایک و منداڵەکانت هەڵسوکەوت دەکەی؟ چونکە لە کلیپەکاندا بە قات و ڕیبات و سەیارەی دوا مۆدێلەوە دەرکەوتووە و لە ژیانی ئاساییدا کەسێکی تڕە. بۆ ژیانی ڕاستەقینەی خۆت ناخەیتە بەرچاوی خەڵک. با خەڵکەکە بزانن هونەرمەند چۆن دەژی. ئەم هەموو درۆیە چییە؟ دەبێ سەرەتا لەگەڵ خۆت ڕاست بیت، دواتر لەگەڵ کۆمەڵگا. کاتێک ڕاستگۆ بوویت، ڕاستگۆیانەش گۆرانی دەڵێی و خەڵکیش دەزانن کە تۆ ڕاستگۆی. کۆمەڵێک کەس زۆر گەورە کراون کە پێوبست ناکا نێویان بێنم کە ئەمە بەرهەمی هونەرەکەیان نییە. ماوەیەک وەک شیر، یان بیبسی هەڵدەچن، ئەو بەرهەمانەی کە بلاویشیان کردووەتەوە، کاریگەریی عەرەب و فارس و تورکیان لەسەر بوو و ستایلی ناحەز و غەیرەکوردییان بلاو کردووەتەوە.

زۆربەی ژەنیارە باشەکان ڕوویان کردووەتە گۆرانی، کە دەنگیان تەنیا بە کەڵکی گۆرانی گوتن نایەت.

ڕامان: چ ڕوانگەیەکت بۆ گۆرانیبێژە ژنەکان هەیە؟ ئایا توانیویانە خۆیان بسەلمێنن؟

خەبات مەولوودی: ئافرەتی کورد لە زۆر باردا پشتگوێ خراوە. مەسەلێکی کورد هەیە، دەڵێ مەل بەبااڵێک نافڕێ. ئەمە لەسەر ئافرەتی کورد ڕاست نییە. زۆرجار بۆ خۆیان بە بااڵێکەوە فڕیون. ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ پیاو هاوبەش بووە. بە چاوی خۆم دیومە ژن دروێنەی کردووە، جووتیاری کردووە، مەڕداری کردووە، تۆ کە لە دایک دەبی بە لایەلایەی دایکت زاخاوی مێشک دەدرێ، کە کەسێک دەمرێ، ژنەکان شینی بۆ دەگێڕن و دەیلاوێننەوە، بەڵام ئەگەر بێین بەپێی ئەم تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنەی ئەمڕۆ سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین و هەروەها لەگەڵ ولاتانی دراوسێ بەراوردی بکەین، گۆرانیبێژی بەرچاوی ئافرەتمان نییە و ئەمە جێی داخە. کۆمەڵگا دژایەتی دەکا، ڕەنگە من ڕێگا بە خۆشکەکەم نەدەم گۆرانی بڵێ. هێندێک ڕوانگەی هەڵەی کۆمەڵگا وادەکا ئافرەتی دەنگخۆش دەرنەکەون، ئافرەتی زۆر دەنگخۆشمان هەیە، نەک ئەوانەی ئێستا گۆرانی دەڵێن. نەبوونی ئەو دەنگخۆشانە وای کردووە کە ئەمانە ببنە سوپەر ستار، زۆر کەس

دەنگیان خۆشە، بەڵام دەنگیان بۆ گۆرانی کوردی نابێ، با بچن گۆرانی ڕۆژئاوایی بڵێن سەرکەوتووتر دەبن، چونکە دەنگیان کوردی نییە. ئەم دەنگانە خەڵک ناحەسێننەوە. ئەوەندە بایەخ بە ڕواڵەتیان دەدەن، بە هونەرەکەیان نادەن، ئەوەندەی خەریکی سەروپرچیانن، بچن فێری مۆسیقا بن، باشترە. ئەمە تەواو دەبێ، بەڵام هونەر نا. لە کۆندا، ئایشێ شان و مریەم خانمان هەیە، ئێستاش فاتێ دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە. بیری چەوتی کۆمەڵگا ڕێگا بە دەرکەوتنی ژن نادا و وادەکا ڕۆڵی ئافرەت لاواز بێ. گرووپێکی موزیک نابینی کە چوار، یان پێنج ئافرەتی تێدا بێ. بە بەروارد لەگەڵ وڵاتانی درواسێ گۆرانیبێژی باشی ئافرەتمان نییە. ئەمانەی کە هەن هەموویان لە چوارچێوەی کوردستاندان و لە دەرەوەی کوردستان دەرباز نەبوون کە کەسێکی غەیرەکورد گوێ لە دەنگیان بگرێ وەک ئوم کەلسووم، یان لە تورکیا سبیل جان و ئیبرۆ گوندیش و...تاد ئایا کەسێکی تورک گوێ لە گۆرانی ئافرەتی ئێمە دەگرێ؟ تا ئێستا نەمبینیوە، ئەمەش بۆ لاوازی بەرهەمەکانیان دەگەڕێتەوە.

ڕامان: ئێستا خەڵکێکی زۆر لە بواری گۆرانیدا کار دەکەن، کە گوێیان لێ دەگری، دەنگی نییە، بەڵام چەندین ئەلبووم و کلیپی هەیە، ئەمانە بە میکسەر و کۆمپیوتەر دەسکاری دەنگی خۆیان دەکەن، ئەو دیاردەیە چۆن دەبینی و ئەم کەسانە چەندە سەرکەوتوو دەبن لە ئیشەکانیاندا؟ ئایا ئەمە خزمەتە بە هونەر؟

خەبات مەولوودی: ئەو مەسەلەیەی باسی دەکەی لە ناو تورک و فارس و عەرەب و ئەوروپاشدا هەیە. ئەم تەکنۆلۆژیایە، ڕەنگە لە هێندێک بواردا زۆر مەترسیدار بێ، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، شتێکی باشە. چۆن ئەم مەسەلەیە دەردەکەوێ. ئێستاکە لە ناو کوردستانی باشوور کە پارچەکانی تر وەک قیبلە چاوی لێ دەکەن، پرۆگرامێکی زیندووی تەلەڤزیۆنی نییە کە دەربکەوێ کێ دەنگی دەسکاری کراوە و کێ دەنگی خۆیەتی. ئەوانەی دەسکاری کراون، دیارن. کەنالەکان بەرنامەی موزیک شۆیان داناوە و بێژەرەکە دەڵێ بەرنامەکە بە سپۆنسەری فڵانە شۆین و فڵانە شۆین بەڕێوە دەچێ و سی دی گۆرانیبێژەکەش دادەنێن و چەند کەسێکیش وەک بەشدار بوو، دەعوەت دەکرێن و لە ستۆدیۆ دادەنیشن و گۆرانییەکانی سی دی کە بە شێوەی پلایباک بڵاو دەکرێنەوە. نەبوونی بەرنامەیەکی زیندووی تەلەڤزیۆنی ئەم کێشانەی دروست کردووە و دیار نییە کێ لایڤ خوێنە و کێ ستۆدیۆییە. نەبوونی بەرنامەی زیندوو و بایەخ نەدان بە گۆرانی و مۆسیقا، بۆتە هۆکارێک کە هەر کەس بە کەیفی خۆی گۆرانی بڵێ و لێپرسینەوە نییە. کە بەرنامەی زیندوو هەبێ ئەو گۆرانیبێژەی لە ستۆدیۆ دەنگی خۆی گۆڕیوە و سی دی-یەکی جوانی بڵاو کردۆتەوە، دەعوەت دەکرێ و لەوێدا دەردەکەوێ بایی چەندە، کە بەرنامەی زیندوو نەبێ، بە کەیفی خۆیان دەسکاری دەنگی خۆیان دەکەن و دەیکەن بە قورگی خەڵکدا.

ڕامان: لەو بیروڕایانەتاندا دوو پرسیارمان بۆ دێنە پێش، هونەری ڕەسەن بە چی دەڵێن؟ پێمان باشە لەسەر ئەوەش باسێکمان بۆ بکەیت.. پرسیاری دووەمیش ئەوەیە ئایا ئێمە ڕەخنەی هونەریمان هەیە؟ ئایا ڕەخنەگری هونەریمان هەیە کە بە شێوەیەکی جددی باسی ئەوە بکەن کە فلان کەس لە بواری دەنگ، یان لە بواری مۆسیقادا کێشەی هەیە؟ ئەمە شی بکاتەوە و لایەنە باش و خراپەکان هەڵسەنگێنێ؟

خەبات مەولوودی: با هەنگاو بە هەنگاو بڕۆینە پێش. ڕەسەنایەتی لە هونەردا، دەگەڕێتەوە بۆ نەمری. من بە بەرهەمێک دەڵێم بەرهەمێکی ڕەسەن کە چەند نەوەش دوای ئەو گۆرانیبێژە، گوێ بۆ گۆرانییەکانی بگرن. نەمری گۆرانییەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گۆرانییە هەڵقوڵاوی حەز و ویست و ناخی کۆمەڵگا بێ. لە سەدا نەوەدی ئەو گۆرانییانەی ئێستاکە دەگوترێن، زۆڵن، یانی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای ئێمە نین. بە ناوی داهێنانەوە زۆر شت هاتۆتە ناو مۆسیقای کوردییەوە کە فڕیان بەسەر کوردەوە نییە و تامی کوردییان نییە. هەر کە گوێی لێ دەگری هاوار دەکا و پێت دەڵێ ئەم میلۆدییە هیندییە و تیژایی بیبەری هیندیشی پێوە دیارە، یان ئەم میلۆدییە دیارە یۆنانییە، تورکییە، بەڵام بە زۆر خستوویانەتە ناو چوارچێوەی شیعر و گۆرانی کوردییەوە، بە بیانووی ئەوەی گەنجی ئەمڕۆ پێی خۆشە. گەنجی ئەمڕۆ بۆ پێی خۆشە؟ بەرهەمی چاکی گوێ لێ نابێ، ناچارە پەنا بۆ ئەمە ببا. ئەوانەی دیکەش ئەوەندە وشکن و لە پاشن کە بەرهەمەکانیان بیسەری نییە. حاڵەتێکی (افراط و تفریط) هەیە، یان هێندێکیان ئەوەندە دەگەڕێنە دواوە

دێن شەدەیەکی گەورە لەسەر دەکەن و تەسبیحێکی گەورە دەگرنە دەست و بە پشتێن و خەنجەرەوە گۆرانی دەڵێن. ئێستاش کۆمەڵی کوردەواری تەحەمولی جاز و ڕۆک ناکا. ڕاستە پێشوازی لێ دەکەن، بەڵام کاتییە و لە ئاستی ئەوەدا نییە کە بمێنێتەوە. ڕەسەنایەتی لە دیدی منەوە ئەوە نییە کە بە جلی کوردییەوە گۆرانی بڵێی، ڕەسەنایەتی بە ناوەرۆکە. تۆ دەروویەک بی بۆ هەڵبڕینی ویست و داخوازی و ئارەزووەکانی خەڵک. ئینسان کاتێک بە ویست و حەزەکانی ناگا، پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، خەیاڵی ناو گۆرانی کوردی، هی هەموو کوردە. گەنجێک لە ڕوانگەی خۆیەوە و کابرایەکی بەتەمەنیش لە ڕوانگەی خۆیەوە. گۆرانییەک ئەگەر تەداعی ڕابردوو نەکا، یان شتێکی تێدا نەبێ بۆ داهاتوو، ڕەسەنایەتی نییە و تەمەنی کورتە. ڕەسەنایەتی بە حەیران گوتن و مەقام گوتن نییە، یان ئەوە نییە کە تەنیا مەقام بڵێم، یان تەنیا گۆرانی هەڵپەڕکێ بڵێم و مەقام نەڵێم. ڕەسەنایەتی پێناسە نەکراوە کە بڵێی ئەم ستایلە ڕەسەنە. ڕەسەنایەتی بە مانەوەیە، بە نەمرییە، من بەوە دەڵێم ڕەسەن، بەوە دەڵێم زیندوو، بەوە دەڵێم هونەری نەتەوەیەک. سەبارەت بە ڕەخنەی هونەری، من ئێستا ئەلبوومێکم داوەتەدەرێ بە ناوی وەرزی دووری، لە ٢٠٠٦ـەوە ئەوە یەکەم بەرهەمی تۆمارکراوی منە، کە یازدە تراکە و هەر تراکەی بە ستایلێکی جیاواز وتراوە، مەقامی تێدایە، حەیرانی تێدایە، گۆرانی سۆلۆی تێدایە، ڕیتمی خێرای تێدایە، هەر گۆرانییەک بە ستایل و فۆرمێک دارێژراوە. هەوڵم داوە جۆراوجۆر بێ و حەز دەکەم هێندێک کەس جورئەتی ئەوەی هەبێ ڕەخنەی لێ بگرێ، نامەوێ ستایشم بکا، یان زەمم بکا. ڕەخنە پێویستە و تا ڕەخنە نەبێ نازانم لە کوێ کەم کاریم کردووە، یان لە کوێدا هەنگاوی باشم هەڵگرتووە کە لە بەرهەمی نوێدا ڕەچاویان بکەم و کەڵکی پێویستی لێ وەربگرم، ڕەنگە من بە بۆچوونی خۆم ویستبێتم خزمەتێک بکەم، بەڵام کارەکەم لە داهاتوودا زیان بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بگەیەنێ، ڕەنگە پەیامەکەی ئەو ئەلبوومەی من، بیست ساڵی تر لێی حاڵی بێن، ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر بیر و هزری ڕەخنەگری کورد. بە داخەوە لە ناو کورددا، تەنیا ستایشکارمان هەیە کە تەنیا ستایش دەکەن. پرۆگرامێکی زیندووی گۆرانی بکە هەموو دەڵێن دەستت خۆش بێ، تۆ بە ڕاستی مامۆستایەکی گەورەی. کوڕە وەڵاڵا نە دەستی خۆش بێ و نە مامۆستای گەورەشە، ئەم هەموو ستایش و پێداهەڵگوتنە بەسە، دەبێ هەڵەکان ئاشکرا بکرێن. من بە ڕاستی چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کۆمەڵێک کەس لەسەر سی دی یەکەم بنووسن، بەڵام شتی لەخۆوە نەنووسن. بڵێن ئەم گۆرانییە شیعرەکەی جوان بوو، بەڵام مۆسیقاکەی، یان ڕیکۆردەکەی لاوازە بوو، یان بریا ئەو سۆڵەیە بە فلاّن ئامێر لێ بدرایە نەک بەو ئامێرە. بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستان هێندێک بتیان دروست کردووە کە کەس ڕەخنە ناگرێ. من کەم چاوپێکەوتن دەکەم و حەز دەکەم قسەکانم وەک خۆی بڵاو بکرێنەوە و هیچی لێ لا نەدەن بە بیانووی ئەوەی تووشی کێشە نەبن، ئەگەر کێشە و موناقشەیەک نەبێ، چۆن پێشکەوتن دەبینی. چۆن ئاگاداری ئەوە دەبێتەوە کە کاری هەڵەی کردووە، زۆر گۆرانی گوێ دەگرم کە تێکستەکەیان هەڵەیە، کێش و قافیەی نییە. بۆ نموونە گۆرانی محەمەدی مەلێ بە هەڵە دەڵێنەوە و دەیکەنە قەتار و پەنجا دەقە یەک گۆرانی دەڵێن، ئەمە چ مودێلێکە. تەنیا تایتڵی گۆرانییەکە دە دەقە دەخایەنێ، سەیری تورک و فارسەکان بکە، بە بیست گۆرانیبێژ یەک گۆرانی دەڵێن و هەر کەسەی بەپێی توانایی خۆی دەوڵەمەندتری دەکا. چۆن ڕێگا بە خۆت دەدەی پەنجا گۆرانی بیکەیە گۆرانییەک؟ ئەگەر کلیپە، کلیپ سێ تا چوار دەقەیە، ئەگەر پێتوایە مافی خۆتە، ئەو مافەت نییە کە لە هەر گۆرانییەک کۆپلەیەک بڵێی و بیکەیتە یەک گۆرانی، ئەمە سووکایەتی کردنە بە کولتووری نەتەوەیەک، ئەمە ستایلێکی زۆر ناشیرینە و من زۆر پێی ناڕەحەتم. ئەو مافی ئەوەی نییە ئەو گۆرانییە بڵێتەوە، بەڵام چونکە شوێنێک نییە بۆ لێپرسینەوە، لەتێک لە گۆرانییەکی عەلی مەردان دەڵێ، لەتێکی تر لە گۆرانیبێژێکی تر.

ڕامان: ئایا بە درێژایی ئەو ماوەیەی کارت کردووە، کەس ڕەخنەی لێ گرتووی؟ ڕەخنەی زانستی نەک مەدح و زەم؟

خەبات مەولوودی: نا بەداخەوە، حەز دەکەم، کاتێک مونافەسەشت بکەن، تەنانەت ئەگەر دژایەتیشیت بکەن، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تۆ هەی، بەڵگەیە بۆ گرنگبوونی

هونەر، خۆزگە عەقڵ و مێشکی میللەتی کورد، هونەرمەندی کورد و جەماوەر بە پێچەوانەی ئەو شتەی ئێستا هەڵسوکەوتیان کردبایە. با بۆ ئەو شتانە هەوڵ بدەین کە دەیانەوێ نەک بۆ ئەو شتانەی نایانەوێ. نایانەوێ فلان کەس و فلان کەس لە گۆڕەپاندا بن، نایانەوێ مۆسیقای کوردی بە ئاقارێکی خراپدا بڕوا، دەبێ بۆ ئەو شتانە هەوڵ بدەین کە نیمانە. کە دەتەوێ مۆسیقای کوردی پێش بکەوێ، وەرەوە مافی هونەرمەند بپارێزە، وەک چۆن لیژنە خۆی دەکا بە ڕێستۆرانت و دووکان و بازاڕدا، با چوار جاریش بچێتە ناو سی دی فرۆشەکان و پێیان بڵێن بابە فلان هونەرمەندە پشتی شکاوە تا ئەو ئەلبوومەی بلاو کردۆتەوە، تۆ بە چ حەقێک کۆپی دەکەی؟ تۆ بە چ حەقێک MP3 لە ئەلبوومی من دروست دەکەی و سێ ئەلبوومی من دەخەیە فلاشێکەوە بە هەزار دینار؟. با باسی ئەو شتانە بکەین کە دەمانەوێ.

ڕامان: لە ناو گۆرانیبێژە کوردەکاندا، کامیان زۆر کاریگەری لەسەرت هەبووە. ئەوانەی ڕابردوو و ئەوانەی ئێستا؟

خەبات مەولوودی: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دژوارە، ئەوانەی ڕابردوو کە قوتابخانەی گۆرانی کوردین، هەموویان کاریگەرییان لەسەرم هەبووە، وەک مامۆستایان حەسەن زیرەک، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، سالح دیلان، محەمەدی ماملێ. مێشکم بەو گۆرانیبێژانە زاخاو دراوە، لە مەقاماتیش، مامە سێوە. یەکەم ئەلبومی خۆمم بە ناوی مەقامی گوڵێی مامەسێوە ناو نا گوڵێ و کاوێس ئاغا بەو چریکەی جوانەی. یەکەم گۆرانیبێژ کە زۆر کاریگەری لەسەر هەبووە و دەسپێکی گۆرانیبێژی من بوو، محەمەدی ناهید بوو. ئێستاش هەر حەزم لە گۆرانییەکانیەتی و بیرەوەری خۆشم لێیان هەیە. مامۆستا تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان دوو قوتابخانەی جیاوازی مەقاماتی کوردین، هەردووکیان کاریگەرییان لەسەرم هەبووە. مەقاماتی ناوچەی گەرمیان لە عەلی مەردان و حسێن عەلی، سەلاح داودە، شوکر خەیات فێر بووم. کە شوکر خەیات بە خۆشییەوە ئێستا لە ژیاندا ماوە و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و وەک مامۆستا سەلاح داودە کە تا نەمرد، کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە. هەموو تاکێکی کورد کاریگەریی ئەم هونەرمەندانەی لەسەرە کە گوێت لە گۆرانییەکانیان دەبێ، مێشکت دەحەسێتەوە. ناتوانم کەسێک دیاری بکەم کە بڵێم کاریگەریی سەدا سەدی هەبووە.

ڕامان: لاساییکردنەوە چۆن دەبینی؟

خەبات مەولوودی: لاساییکردنەوە قۆناغێکە کە پێویستە بۆ هەموو گۆرانیبێژێک. هەموو گۆرانیبێژێک بە لاساییکردنەوە دەست پێ دەکا، بەڵام بڕوام بەوە نییە کە تاسەر دەبێ لاسایی بکاتەوە، ئەگەر کەسێک بە لاساییکردنەوە دەست پێ نەکا، مەحاڵە دەسپێکێکی باشی هەبێ. لاساییکردنەوە قۆناغێکە بۆ دەسپێک، بەڵام دەبێ وەک سەرچاوەیەک کەڵکی لێ وەربگری و خۆتی تێدا بدۆزییەوە، کاتێک من گۆرانی هونەرمەندێکی تر دەڵێمەوە، بە هەست و تۆنی دەنگی خۆم دەیڵێمەوە. پێویست ناکا خۆت بێنییە حاڵی جاو و دەنگت کتومت بکەیتە دەنگی ئەو کەسە، دەنگی حەسەن زیرەک لەگەڵ ئەوەی کە دەنگێکی ڕەسەنە، بەڵام خەدشەداریشە، لەگەڵ ئەوەی جوانی خۆی هەیە. پێویست ناکا من لە خۆم بنووسم و دەنگی خۆم وەک ئەو لێ بکەم. حەسەن زیرەک بە باشترین گرووپ و ئۆرکێسترا گۆرانی وتووە. موجتەبا میرزادە و ڕادیۆی کرماشان و تارانی لە پشت بووە، تۆ کە گۆرانییەکی حەسەن زیرەک دەڵێیەوە، بە کێبۆردێک و لە خۆت دەنووسی، هەڵەیە. وەک ڕێزگرتن و بۆ یادکردنەوە، یان بۆ خۆشی بێ، قەیناکا بیڵێیەوە. کەس ناتوانێ ئەو گۆرانییانە وەک خۆی بڵێتەوە، ئەو موجتەبا میرزادەی لە پشت بووە کە کەڵەپیاوی مۆسیقای کوردییە، سەیری ئەو گۆرانییانەی حەسەن زیرەک بکە کە لە ڕادیۆی بەغدا گوتوونی و سەیری ئەو گۆرانییانە بکە کە لە ڕادیۆی تاران گوتوونی، هەر دووکیشیان هەر حەسەن زیرەکن، ئەمە کاریگەریی موزیسیەن دەردەخا. بەداخەوە خەڵکی ئێمە تەنیا گۆرانیبێژ دەناسن، لە حاڵێکدا لە پشت هەر گۆرانیبێژێکەوە کۆمەڵێک موزیسیەن هەن کە نادیارن و لە کولتووری ئێمەدا بوون بە سەربازی ون. موجتەبا میرزادە گەورەترین کاریگەریی لەسەر حەسەن زیرەک هەبووە، ڕەنگە ئەگەر حەسەن زیرەک موجتەبا میرزادەی لە پشت نەبایە، گۆرانییەکانی ئەوتاموچێژەی ئێستایان نەدەبوو. لە ناو کورددا جێگەی موزیسیەن و دابەشکار و ڕێبەری ئۆرکێستڕا دیار نییە، بۆیە زۆربەی

مـــوزیســـیـــەنەکـــان ڕوویان کـــردۆتە گـــۆرانی. هیچ موزیسیەنێک نییە کە شارەزایی لە گۆرانی گوتندا نەبێ. حسێن عـەلیـزادە لە ئێران کـە تار لێ دەدا، قـەت نایە گـۆرانی بڵێ. ئەو تەنیـا تار لێ دەدا. کـەیهـانی کەڵهـوڕ گـۆرانی نـاڵێ و ئەگـەر بڵێ، بۆ خـۆشی خـۆی دەیڵێ. ئەوانە ژیانی خۆیان بۆ مـوزیک تەرخان کردووە، بەڵام لە ناو کورددا، بەتایبەت لە باشوور زۆربەی ژەنیارە باشەکان ڕوویان کـردووەتە گـۆرانی کـە دەنگیـان هەر بە کـەڵکی گـۆرانی گـوتن نایە، خـۆزگـە من خـۆم لە ناو ژەنینـدا بدیبـایەوە، قـەت گۆرانیم نەدەگوت. بەڕاستی بێزارم لەو ڕەوشە.

ڕامان: ئەو موزیسیەنانە پێیانوایە حەقیان دەخورێ؟

خەبات مەولوودی: ڕاستە. مـافی مۆسیـقـاژەن لە ناو مـیللەتی کـورددا خوراوە، لە ئەلبـوومە نوێیـەکـەی منـدا، دلێر حسێن کە بەش بە حاڵی خۆم شانازی پێوە دەکەم و یەکـێکە لە هونەرمـەندە گـەورەکـانی کـورد، زۆربەی ئیشەکان ئەو کردوویەتی، بەڵام کەس نازانێ. بەداخەوە لە ناو کـورددا هەر کـەس دوو گـۆرانی وت، لووت لە حـەوایە دەکـا و دەڵێی لە لووتی فـیل بەر بۆتەوە. بەو جۆرەی گۆرانیبـێژ دیارە، مۆسیـقـاژەن دیار نییـە، بۆیە هەمـوو هەوڵی ئەوەیانە گۆرانی بڵێن، لە حاڵێکدا هەر کەس بە ئامێر و سازی خۆی جوانتر دەردەکەوێ.

ڕامـان: باسی هونەرمـەندە کـوردەکـانمان کـرد کـە چ کاریگەرییەکیان هەبووە لەسەرت، ئەی لە نەتەوەکانی تر وەک فـارس و تورک و عـەرەب کێ کـاریگەری لەسـەرت هەبووە؟

خەبات مـەولوودی: من لەهەر باخچـەیەکدا گـوڵێکم لێچنیـوە. مەحاڵە هەر شتێکی جوانم بینیبێ و شتێکم لێ وەرنەگرتبێ، تەنانەت ئەگەر تەمەنیشی کەم بووبێ. هەر پارچەیەکی کـوردسـتـان کـەوتۆتە ژێر کـاریگەریی نەتەوەیەکـەوە، ئێمەش لە ڕۆژهەڵات چونکە لە فارسەوە نزیکین، لە ژێرکاریگەری ئەواداین و پێمان خۆش بێ و پێمـان ناخۆش بێ، کولتـووریکی دەوڵەمـەندیان هەیە، ڕەنگە هێندێک کـەس بڵێن ئەمە ئێـرانچێـتی دەکـا. تا ئێوارە هەڵبـەزن و دابەزن، کولتـووری ئێران، کـولتـووریکی دەوڵەمـەندە، کـەسانێکی وەک ڕوحوڵڵا خاڵقی، فـراهانی و ئەبولحـەسـەنی سـەبا، کـولـۆنێڵ عـەلی نەقی وەزیری و دەرویش خـان، عـەبدولقـادری مـەراغـەیی. بە لێـشـاو هونەرمـەندیان هەیە. کـەسانێکی گـەورە هاتوون ڕەدیفی مۆسیقای فارسیان داناوە، کە کەسێکی وەک شەجەریانی لێ پەروەردە بووە. بەپێی ئەم نزیکایەتیـیـە، بمانەوێ و نەمـــانەوێ کـــاریگەریی ئەوانمان لەســـەر بووە، ئەم کـاریگەرییـە، کـاریگەرییـەکی خـراپ نیـیـە، ئێـمـەش کاریگەرییان لەسەر ئەوان هەبووە. زۆر گۆرانی عەلی ڕەزا ئیفـتـیـخاری میلۆدییـەکەیان کوردییە. (ای گل ناز من) لەسـەر ڕیتمی سەوزەلێ و سەوزەلێی کوردی دانراوە، کە ئامـاژەشی پێ کـردووە لە میلۆدی کوردی وەرگـرتووە و چ خـۆشە بۆ من کـە کـابرایەکی فـارس گۆرانییـەکی کـوردی دەڵێـتـەوە و ئـامـاژەی پێ کـردووە کـە ئەم گـۆرانیـیـە، بەڕەچەڵەک کوردییە.

ڕامـان: تۆ گـۆرانی ئاوات هەبووە؟ واتە لە فـارست وەرگرتبێ؟

خـــەبات مـــەولوودی: نەمـــبـــووە، بەڵام زۆربەی گۆرانیبێژەکان ئێستا کاریان دۆبلاجی گۆرانی فارسییە و ئەلبـوومیش بڵاو دەکەنەوە. گـۆرانی موعین و مەهەستی دەڵێنەوە. ئەوان تەرجوومەی وشە بە وشەیان نەکردووە و نـاڵێ (سـبـزە جـان سـبـزەجـان) ئاوازەکـە کـوردییـە، بەڵام شیـعـرەکـە فـارسـییـە. تێکسـتـەکـەی ڕوحی کوردی تێدا نیـیـە. کـوردەکـانی کـوردسـتـانی باکـوور، کـاریگەریی تورکـیـایان لەسـەرە، ئەوان لەڕێی گـۆرانیـیـەوە توانیـیـان شوناسی خۆیان بپارێزن. تورک کاریگەریی باشی هەبووە و ئاسـتـی زانسـتـی مـۆسـیـقـایان بەرز بۆتەوە. لەوبەر ژەنیـاری خـراپ نابینی و ئەکـادیمیـتـرن. مـیللەتی کـورد ئێسـتـاش مـیـتـودێکی زانسـتـی نیـیـە بۆ فـێـربوون و نوێکردنەوەی بابەتە فـۆلکلۆرییـەکـان وەک بەیت و حـەیران، لاوک، گـۆرانی. هەر کـەسـە و بە کـەیفی خـۆی ئەسـپی خـۆی تـاو دەدا، ئەمـەش هۆکـارەکـەی نەبوونی بنەمـایەکی سەرەکییە. کاتێک گەنجێکی کورد دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکـان، یان مـۆسـیـقـای کـلاسـیـک دەخوێنێ، یان مۆسیقای شەرقی، کە مۆسیقای کلاسیک و شـەرقی دەخوێنێ کـتـێـبـەکـان دیارن و تەواویان دەکـا، بەڵام مۆسیقای کوردی ناخوێنن، چونکە سەرچاوەی نییە و ئەگەر هەشبێ، زۆر کەمە. چوار گۆرانی بکرێتە نۆتە و بخوێنرێ، دەرمـانی ئەو کارەساتە نیـیـە، ئەمە کاری من نییە. من زۆر خۆم ماندوو بکەم دەگەمە ئاستێک کە بە شێـوەی پرۆفـیـشنـاڵ گـۆرانی بڵـێم و هیـچی تر. دانانی

کـتـێب لەم بوارەدا کـاری من نـیـیـە. کـۆکـردنەوەی فـۆلکلۆریش هەر کـاری من نەبوو، بەڵام خـەمـێک بوو لەسـەر شانم. ئەوەی لە توانایـیمـدا بێ کردوومـە، رەنگە ئێـسـتـا پـێ نەزانن، بەڵام لە داهاتوودا دەزانن. هەمـوو نەتەوەیەک کـاریگەرییـان لەسـەر یەکـتـر هەیە، بەڵام کاریگەریی خراپ و باشمان هەیە، باشەکەی ئەوەیە کە تۆ بێی کـولتـووری خـۆتی پـێ دەوڵەمـەند بکەی و خراپییەکەشی ئەوەیە کە کولتووری خۆت وەلابنێی و بە کـولتـووری ئەوەوە بنووسێی و کـولتـووری خـۆت لە بیـر بکەی و پێت وابێ ئەمەیان ڕاستە.

ڕامان: پێم خۆشە لەسەر گۆرانیبێژە ئافرەتەکان زیاتر بدوێی. ئایا ئێـمـە تووشی ئەو تەنگژە بووین کـە هیچ ئافـرەتێکمـان نەبێ لە گـۆڕەپانەکـەدا، یان تەنیـا لەیلا فەریقی و چەند ئافرەتێکی ترمان هەیە؟

خـەبات مـەولوودی: ئەگـەر گـۆرانیـبـێـژە ئافـرەتەکـان هەڵسـەنگێنم، ڕەنگە کـەم لوتفیـان لەگـەڵ بکەم، حـەز ناکەم بە بەزەییەوە سەیریان بکەم و بڵێم مافیـان هەیە. هێندێک کەس هەن کە تەنیا خۆیان دەردەخەن و خەریکی مکیاج و جلوبەرگی سەیروسەمەرەن، هێندێک کەسی تر هەن کـە ئیش دەکـەن و ئیـشـەکـانیـشـان جـوانن. ئەو گەنجانەی ئێستا گۆرانیبێژی زۆر چاکیان تێدایە، ڕەنگە بتـوانم ئامـاژە بە هێندێک کـەس بکەم، بەڵام چاوەڕوانی من لەوە زیاترە و دەبێ ئاسـتـی هونەری خـۆیان بەرزتر بکەنەوە. پێـویستە زۆر بوێرانەتر گۆرانی بڵێن، نابێ بیر لەوە بکەنەوە کە چونکە فـلان کـەس ڕیکلامی بۆ فـلانە کـۆمـپـانیـا کـردووە، کـارێکی خـراپی کـردووە. نەبوونی هێندێک کـەس لە گـۆڕەپانەکـەدا بۆتە هۆی ئەوەی کـە هێندێکیان زیاد لە پێویست بەرز بکرێنەوە، مونافەسەش لە نێوانیاندا هەیە. فلان کەس فلان گۆرانیبێژ ساپۆرت دەکـا و لە داخی ئەوان فـلان کـەسـێکی تر فـلانی گۆرانیبێژیان ساپۆرت دەکا. خۆیان نەکەنە ئامرازێک لە دەست کـۆمـپـانیـاکـان. بەتایبـەت ئەوان کـە زیاتر چاوی ڕەخنەی کـۆمـەڵگایان لەسەرە. من چاوەڕوانی ئەوەم هەیە لێیان کە ژیرانەتر هەڵسوکەوت بکەن. ڕاستە پێویستیان بە پشتگیری کۆمپانیاکان هەیە کە ببنە سپۆنسەر، بەڵام ئەو مـافـە بە کـۆمـپـانیـاکە نەدەن کە بیـانکاتە ئامرازی دەستی خۆیان. هەر چیـیان پێخۆش بێ پێیان بڵێن، یان هەر لەقـتـەیەکیـان پـێ خۆش بوو بۆ ڕیکلام بۆیان بکەن. ئەوە شەرمە بۆ گۆرانیبێژی کورد کە ڕیکلام بۆ برنج و ڕۆن و پیازی سوورکراوە بکا.

ڕامان: کۆنسـێرت بۆ گۆرانیـبـێـژ چۆنە؟ ئایا شـتـێکی باشە؟ ئەگەر باشە بۆ بایەخیان پێ نەداوە؟

خـەبات مـەولوودی: بە داخـەوە من تا ئێـسـتـا لە کوردستانی باشوور کۆنسێرتم نەبووە، لە ئێران کۆنسێرتی باشم کـردووە. لە تالاری وەحـدەتی تاران کـە باشـتـرین هۆڵە لە ئێران، چەند کۆنسێرتێکم هەبووە کە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی مۆسیقای ئێران لەوێ بوون، بەتایبەت لە چوارەمین فـیـسـتـیـڤـاڵی (نواحی ایران) کە کەسی یەکەم بووم و بوومە ئەستێرەی فیستیڤاڵەکە، لە فـیـسـتـیـڤـاڵی فـەجـر کـە بۆ سـاڵی داهاتوو بەڕێوە چوو، تاکـە گـرووپی کوردی کە بەرنامەی هەبوو، ئێمە بووین. لە ئەرسباران و تالاری ڕووەکی و (خـــانـە هنرمندان)یش بەرنامـــەم هەبووە، گوێ بۆ مـۆسیقا ڕادەگرن، لە کاتی پێـویستدا، چەپڵـــە لێ دەدەن. لە کـاتی پێـــویســـتـــدا بێ دەنگی دەپارێزن، تۆ هەم چێژ لە کـارەکـەی خـۆت و هەم چێژ لە بەشـداران وەردەگـری. پارەی بلیـــتـــیش دەدا و چەپکە گوڵێکیش لەگـەڵ خۆی دێنێ. کـۆنسـێرت لە کوردسـتـان چۆن بەڕێوە دەچێ؟ بە هاژە و هاتوهاوار و قـیـرەی مـایک و مـــیـکرۆفـــۆن و زیقـــەزیق دەست پێ دەکـــا، هـیچ ئامـادەکـاریـیـەکی باشی بۆ نەکـراوە. لێـژنـەی دەنگەکـان دیاری نەکراوە. ئێمە کە لە ئێران کۆنسێرتمان دەکرد، دوو ڕۆژ پێشـتـر دەچووینە هۆڵەکە و شوێنی مایکەکان دیاری کـرابوو، پێـیـان دەگـوتی کـە دەبێ چەندە مـەودا لەگـەڵ مایکەکە هەبێ، چۆن جوولّە بکەی، هەموو شتێک ئامادە کرابوو. دوو کامێرای لێ بوو و پێیان دەگوتی دەبێ لەگەڵ کام کامێرا بی، تەنانەت دەرهێنەریشی لێ بوو کە وێنەی دەگرت. کـۆنسـێرتێک دەکرێ و دەنـووسن لە ژێر چاودێری فـلان کـەس و فـلان کـەس کـە هەمـوویـان کـەسی زەبەلاح و گـەورەن، دیار نییـە ئەو کـەسەی کـۆنسـێرتەکە دەکا کێیـە. من بە ڕاستی ڕقم لەم کولتووره ناحەزەیە کە دەڵێن هاتن بۆ هەمـــوانـە، بۆ دەبێ هاتن بۆ هەمـــوان بێ؟ بۆ ئەو کـەسـانەی ڕێز بۆ هونەر دانانێن دەیکەنە فـیـقـەفـیق و چەپڵـەلێـدان. ئەمـســاڵ هەولێـر کـرا بە پایتـەخـتـی گەشتیاری، ناشیرینترین شت بۆ هەولێر و کوردستانی باشـوور ئەوە بوو ئێـرانیـیـەک کـە سـەرەڕای ئەو دۆخـە نالەبارەی ئابووری و گـوشـاری ڕوحی و دەروونی هاتۆتە

ئێرە بۆ کۆنسێرت، کۆنسێرتەکە شێوا. هەموو میدیا گرینگەکانی ئێرانی لەوێ بوون و باسیان کرد، عەیب بوو کە وتیان هاتن بۆ هەموانە، شەوەکەی دواتر تەنیا ڕێگایان بەو کەسانە دا کە پاسپۆرتی ئێرانیان هەبوو. بۆ لە کوردستان کۆنسێرت ناکەم؟ چونکە کۆنسێرتەکە هی خۆت نییە، ئازاد نیت. دەبێ حەتمەن شوێنێک پشتگیریت بکا. قەیناکا با بلیتەکەت بە پەنجا دۆلار بفرۆشرێ، ئەوکات دەردەکەوێ کێ جەماوەری هەیە، ئەو کەسەی بۆ کۆنسێرت دێ، یان هاتوهاوار دەکا، یان هەڵدەپەڕێ. هەڵپەرکێ بەشێکە لە گۆرانی، بەڵام گۆرانی ئێمە هەمووی هەڵپەڕکێ نییە، مۆسیقا تەنیا بۆ هەڵپەڕکێ نییە، مۆسیقای حەماسیشیمان هەیە، مۆسیقای ئایینیش هەیە، مۆسیقای مەجلیسیش هەیە. لەم پارچەیە تەنیا بایەخ بە هەڵبەزدابەز دەدەن، عەیبە تەواوی کولتووری ئێمە ببێتە هەڵپەڕکێ. من حەز دەکەم کۆنسێرت بکەم، خەڵکیش بێ، لە کۆنسێرتدا دەردەکەوێ کە تۆ بایی چەندی. ئایا ئەو تواناییەت هەیە وەک چۆن لە ستۆدیۆ گۆرانی دەڵێی لە بەرنامەی ڕاستەوخۆشدا گۆرانی بڵێی؟ لەوێدا دەنگی ڕاستەقینەی خۆت دەردەکەوێ. ئەگەر تا ئێستا کۆنسێرتم نەکردووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو بوارەم بۆ نەڕەخساوە تا هونەری خۆم پێشکەش بکەم، من دژ بە کۆنسێرت نیم.

ڕامان: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندن و گەشەی هونەرمەنددا چۆن دەبینی؟

خەبات مەولوودی: دەکرا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو و کاریگەریان بۆ پێشکەوتنی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەبێ، نەک هەر لایەنی مۆسیقا و گۆرانی، بەڵام نازانم ئایا ئەوان بەڕاستی دەوروبەر نابینن؟ ئایا ئەوان سەیری تەلەڤزیۆنی وڵاتانی دراوسێی خۆیان ناکەن؟ ئایا نایانەوێ، یان هەر ئاستی فکری بەڕێوەبەرانی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن هەر ئەوەندەیە؟ میدیا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەیە بۆ نیشاندانی واقیعی کۆمەڵگا و شتە جوان و ناشیرینەکان کە وەک خۆرەیەک بەربۆتە گیانی کۆمەڵگای ئێمە. ئایا میدیای کوردی ناتوانێ بەرنامەیەکی هونەریی بۆ منداڵان دابنێ؟ ئەم بەشەی کوردستان کە ئازاد بووە و خاوەن دەسەڵات و توانان، ئایا لە ڕووی ماددییەوە ناتوانن ساپۆرتی بەرنامەیەکی هونەری حەفتانە بکەن، کە سەیری بەرنامەیەکی موزیک شۆ بکەی، سەیری بەرنامەیەکی زیندووی گۆرانی بکەی، کەسێکی پسپۆڕ بێ و باسی گۆرانی بکا. نەک ئەوەی بڵێن تۆ حەزت لە چییە؟ ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە، یان نا؟، یان تەلەفۆنێکیان بۆ دێ و دەڵێ ئەرێ بۆ فلان کەس بانگ ناکەن، دەڵێن جارێ با ئەمەیان تەواو بێ، ئەویش بانگ دەکەین. بیست ساڵ زیاترە کە کوردستانی باشوور ئازادە، ئایا توانیویانە بەقەت ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا ئیش بکەن؟ ئایا توانیویانە بەقەد ئەو ئەرشیڤەی زەمانی بەعس خزمەت بکەن؟ ئێستاش باشترین گۆرانییەکان هی ئەو سەردەمەن. چ ئەرشیڤێکیان هەیە و ئەگەر هەشبێ بەکەڵکی دووبارە لێدانەوە نایە، یان تەنیا بایەخ بە کۆمەڵێک کەس دراوە و دەڵێی لەو تەلەڤزیۆنە مارە کراون. هەموو بۆنە و سەری ساڵێک هەر دەبێ ئەوان دەعوەت بکرێن. زەقکردنەوەی هێندێک کەس دەبێتە هۆی مافخوارانی هێندێک کەسی تر. وەک مام هێمن دەڵێ: گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم، تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم. من تا ئەمڕۆ خزمەتی خۆمم کردووە، پێشمواپە گۆرانی بۆ هێندێک کەس لە ڕووی حەزەوەیە، بەڵام بۆ من خەمە. بۆشایی و کەموکوڕی زۆر هەیە. بە من و کەسی وەک من پڕ نابێتەوە، دەبێ بیرێکی کراوەتر و گەورەترمان هەبێ. گرینگ ئەوە نییە من لە کوێوە هاتووم، گرینگ ئەوەیە من چم لە دەست دێ!. زۆر کەس هەر خەڵکی ئێرەن، بەڵام هیچیان لە دەست نایە. ئەوەی کردووشیانە بە کەڵکی خۆشیان نایە، چ بگا بەوەی بە کەڵکی خەڵک بێ. ئەو ڕۆڵەی کە دەبا هەیبێ، نەیبووە و ناشیەوێ بیبێ، دەنا ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ. خۆ ئەمە شتێکی سەیر نییە، دەتوانن پرۆگرامی باش دروست بکەن، بۆ دەبێ هەرچی گۆرانی هەیە پلەی یەک بێ. باشە کابرا چۆن دەتوانێ بەم شێوەیە هونەری ڕاستەقینەی خۆی دەربخا. کەسێک کە لە ستۆدیۆ بە فرتوفێڵ دەنگی خۆی دەشارێتەوە، دەنگی ڕاستەقینەی دەرناکەوێ.

ڕامان: بە حوکمی ئەوەی تۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، ئاگات لە فارسەکان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەیە، هەروەها سەردانی کوردستانی باشووریش دەکەی و ئاگات لێرەش هەیە، هەروەها ئاگات لە کوردستانی باکووریش هەیە. ئەوەندەی تۆ ئاگات لێیە لەم وڵاتانەدا، چەند هونەرمەند بەرهەمی زانکۆ و

پەیمانگای هونەرە جوانەکانن؟ بەڕاستی ئەو زانکۆیانە توانیویانە لەم ولاتانەدا هونەرمەند بەرهەم بێنن؟ ئەگەر نەیانتوانیوە هۆکارەکەی چییە؟

خەبات مەولوودی: وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی گشتی، قورسە، چون شێوازی بەڕێوەبردنیان جیاوازە. لێرە هەر کەس حەزی لێ بێ، دەچێتە پەیمانگا، یان کۆلیژی هونەر، بەڵام لە ئێران تاقیکردنەوە هەیە، دوو جیاوازی سەرەکی هەیە. لێرە هیچ تاقیکردنەوەیەک نییە و هەر کەس حەزی لێ بێ دەچێ. هونەرە جوانەکان لە کاتی ویلیەم یوحەننا خزمەتێکی گەورەی بە مۆسیقای کوردی کردووە(٢) کە بەداخەوە ماوەیەکی کەم دوای مەرزیە فەریقی کۆچی دوایی کرد، بەڵام کەس بایەخی پێ نەدا. لەگەڵ ڕێزم بۆ ناسری ڕەزازی و مەرزیە فەریقی، ئەو کارەی بۆ مەرزیە کرا، بۆ ویلیەم یوحەننا نەکرا. پێم وایە مۆسیقای ئەم وڵاتە لە هەر شوێنێک بێ، کاریگەری ئەوی لەسەرە. لە مامە سێوەوە بگرە تا تاهیر تۆفیق. کاری بۆ هەموویان کردووە. ئەوەی ژەنیاری ئێرەیە، لە ژێر کاریگەری ئەو و مامۆستا باکووری و چەند کەسێکی تر دان. ئەمانە توانیویانە پەرە بە مۆسیقای کوردی بدەن و زەحمەتیان پێوە کێشاوە، بەڵام هونەرە جوانەکان ئێستا لاوازە. دەچن چاوچاوێن دەکەن و گەنجن و شوێنەکەش خۆشە و دواتر شوو دەکەن و ژن دێنن و دەچن بەلای ژیانی خۆیانەوە. نابێ پێمان وابێ لە هەر وڵاتێکدا کە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لێ بێ، هونەرمەندی باشیشی لێیە، یان ئەگەر نەیبوو، هونەرمەندی تێدا هەڵناکەوێ. یان ئەگەر چوو، حەتمەن دەبێتە مۆسیقاژەن. ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ڕاهێنەرەکان و ئەو مامۆستایانەی لەوێن. فیستیڤالی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بوو کە پێم وابێ ساڵی ٢٠٠٥ بوو، مامۆستا دلێر حسێن لەوێ بوو کە چەند شیعرێکی نالی بە سیمفۆنی دانابوو و کارێکی جوان بوو و بەشێکی من و بەشێکیشی ناسری ڕەزاری وتی. دلێر حسێن بە تەنیا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە کۆمەڵێک کەسی پێگەیاند، چونکە بە دڵ و بە گیان لەگەڵیان خەریک بوو و ئێستاش بەشێک لە قوتابییەکانی بوون بە ژەنیارێکی باش. ئەو کەسەی کە مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان چۆن بیر دەکاتەوە، بۆچی لەوێیە؟ ئایا بە ڕاستی خەریکی ڕاهێنانە؟ تا چەند بڕوای بە ئیشەکەیەتی؟ ئایا لەو بڕوایەیە کە دەتوانێ کەسی باش بۆ کۆمەڵگا پێ بگەیەنێ. لە هەموو وڵاتێکدا تەنیا یەک شت هونەر بەڕێوە دەبا، ئەویش هەستی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارەتییە.

ڕامان: ئەی ئەو فیلتەرەی قوتابی پێیدا دەچێتە کۆلیژ، یان پەیمانگا؟ لە ئێران تاقیکردنەوە هەیە و لەوانەیە بەهۆی زیرەکی لە تاقیکردنەوەکەدا دەربچێ، یان لێرە بەپێی نمرەیە، بەڵام کەسەکە بۆ خۆی توانایی هونەری نییە؟

خەبات مەولوودی: زۆربەی کەسە بلیمەتەکانی جیهان لە هەموو بوارەکاندا، بە هونەریشەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمیان لە خێزانێکی دەوڵەمەنددا گەورە بوون و کۆرسی جیاوازیان بڕیوە، تەنیا شتێکی دەروونییە. موجتەبا میرزادە یەکێک لەو بلیمەتانەیە کە ڕەنگە هەر پێنج سەد ساڵ جارێک کەسێکی وا لە دایک بێ، دەڵێ کاتی خۆی براکەم سەنتورێکی کڕی و دواتر وازی لێ هێنا و دوای ئەو من دەستم دایە و بەم سەنتوورە فێر بووم بێ ئەوەی بچمە هیچ شوێنێک تا فێرم بکەن. هونەر ویستێکی دەروونییە، ڕاستە کۆرسی زانستی و ئەکادیمی گرنگن، بەڵام لە پشت هەموو ئەوانەوە شتێک هەیە پێی دەڵێن (اشتیاق سوزان)، واتە ویستنێک لە ناخی دڵەوە، کە حەزت لە هونەر بێ، لە هەموو شتێک دەگوزەرێی و کارت بەوە نییە دەرفەتت هەیە، یان نا. زۆر کەس هەیە کۆرسی بەرزیشی بڕیوە، مۆسیقاش لێ دەدا، بەڵام قەت ناتوانێ یەک ئاواز دابنێ.

ڕامان: مافی ماددی و مەعنەوی هونەرمەند لە کوردستان تا چ ڕادەیەک پارێزراوە؟

خەبات مەولوودی: ڕەنگە وەک مافی ماددی هەمووان مافمان پێشێل کرابێ، بەڵام وەک مافی مەعنەوی هونەرمەند، پێم وایە دەبێ بۆ خۆیان مافی خۆیان بپارێزن. کە من حورمەتی خۆم نەگرم، کەس حورمەتم ناگرێ. من کە ڕێز بۆ هونەری خۆم دانەنێم، چاوەڕوانی ئەوە نیم کەس ڕێز بۆ هونەرەکەم دابنێ، ئەگەر من بۆ پارە و بەرژەوەندی ئیش بکەم، ڕەنگە بارودۆخم زۆر لەوەی ئێستا باشتر بێ، بەڵام ئەگەر لە بەرژەوەندی مۆسیقا بجوولێمەوە، نابێ هێندێک شت بکەم. من بە کەس نالێم وا مەکەن، بەڵام من دەتوانم وەک ئەوان نەبم. لەباری مافەوە، هونەرمەندی کورد مافی پێشێل کراوە و

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسای کۆپی ڕایت. هەموو وڵاتانی دنیا قانوونی کۆپی ڕایتان هەیە لە پێشکەوتووترین تا دواکەوتووترینیان، بۆ دەبێ لە کوردستان نەبێ؟ ئایا جێبەجێکردنی ئەم یاسایە زۆر سەختە؟ بۆ ئەگەر لەوسەری دنیا شتێک ڕوو بدا، لێرە دەیکەنە ڕێپێوان، بەڵام لەم کارەدا کە شتەکە هی نەتەوەکەی خۆمانە، لێی بێ دەنگن؟ هونەرمەندەکانیش لە بیری بەرژەوەندی خۆیاندان. دەڵێن بڕۆین چەند دەفتەرێک وەربگرین و بیخەینە تەنکەی گیرفانمانەوە، ئەگەر ئەم یاسایە هەبێ، هونەرمەند بە کەیفی خۆی ئیش دەکاو بۆ دڵی خۆی دەیکا. یەکەم شت بۆ جێخستنی هونەر ئەوەیە کە کەسەکە هونەر بۆ دڵی خۆی بکا. دەڵێن ئەو شتەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ، لە دڵیش دەنیشێ. مۆسیقای کوردی ئەمڕۆ زۆر بێ سەروبەرەیە، ڕێگا دیار نییە کە بڵێین ئەمە دەسپێکە، ئەمە هەوڵ و تێکۆشانە و ئەمەش ئەنجامەکەیەتی. هی وایە بێ هیچ دەسپێک و هەوڵ و تێکۆشانێک، ئەنجامی باشی هەبووە و هی واشە بە دریژایی ژیانی خەریک بووە، بێ ئەنجامە و خۆشی نازانێ چ بکا. دەیکەی نابێ و نایکەی بەڕێ ناچی.

ڕامان: ئایا ستایلەکانی مۆسیقا لە کوردستان دیاری کراون؟ مەسەلەن بڵێین ئەمە جازە، ئەمە ڕۆکە و...تاد؟

خەبات مەولوودی: نا نەبووە، هەر کەسە بۆ خۆی گۆرانییەک دەڵێ و دەڵێ من ستایلێکی نوێم داهێناوە. شوێنێک نییە بۆت دیاری بکا کە بڵێ ئەم کابرایە بە ستایلی جاز گۆرانی دەڵێ، ئەمەیان بە ستایلی پۆپ و ئەوی دیکەشیان بە ڕۆک. هێندێکیان وەک کەڵەبابەکە وان کە چینەش دەکا و جارجارە دەندووکیش لە پیسایی دەدا، ڕێچکەی خۆیان دیاری ناکەن. لە ئێران ئەوانەی گۆرانی سوونەتی دەڵێن، بە هیچ شێوەیەک گۆرانی پۆپ نالێن، ئەو کەسانەش کە پۆپ دەڵێن، گۆرانی سوونەتی نالێن، چونکە یاسایەک هەیە لە ئێران کە دەڵێ ئەو کەسەی گۆرانی سوونەتی دەڵێ، دەبێ ڕەدیف بزانێ. دەبێ مۆڵەتی مامۆستایەکی هەبێ و دیاریشی بکا کە قوتابی کام قوتابخانەیە. شەجەریان، یان ئیفتیخاری یان سەبا و...تاد. کتێبەکان دیاری کراون، ئاوازەکان دیارن. تۆ ناتوانی لە خۆوە هەڵکوتییە سەر هەر ستایل و ئاوازێک.گۆرانیبێژێکی فارس لەو سەری دنیاوە دێتە کوردستان و گۆرانییەکی هیچ و پووچ دەڵێ و دوای ماوەیەک دەبێتە یەکەم. وای فلان کەس چەند مەزنە کە گۆرانی کوردی وتووە. کوڕە چاوی دەرێ گۆرانی کوردی وتووە و بەراوردی دەکەن لەگەڵ کابرایەک کە بە دریژایی ژیانی گۆرانی کوردی وتووە و ژیانی بۆ کورد تەرخان کردووە. کاکە خۆ شتێکی سەیری نەکردووە، گۆرانییەکی وتووە کە هەموشی هەڵەیە، ئەم بە چاوی کەم خۆ سەیرکردنە، دەردێکە کە لە سیاسەتیشماندا ڕەنگی داوەتەوە، لە ئابووریشماندا ڕەنگی داوەتەوە، لە کێشەکانی کۆمەڵایەتیشماندا ڕەنگی داوەتەوە. عەلی مەردان لە مەقامێکدا کە شیعری کەمالییە دەڵێ: شتی خۆمالّی هەر بێ قەدرە ئەگەر ڕاستت دەوێ هەزار قورونی ئەعلا قیمەتی دەنکێک سمڵ ناکا. وەڵڵا هەزار شتی ئاوا ناکاتە گۆرانییەکی سەلاح داودە کە خێزانەکەی دەیگوت مانگی سێ سەد هەزار دیناریان پێ دەداین کە تەواو ژیانمانی گۆڕی، بەڵام پێش مەرگی لێیان بڕی. ئەمە ڕێزلێنان لە هونەر و هونەرمەندی کورد نییە، ئەو قورگە کوردییە ئەو دەنگە ڕەسەنەی گەرمیان، ئەو سۆزەی لە مەقامەکانی گەرمیاندا هەیە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە. ئەوە سەلاح داودە مرد، خۆ شوکر خەیات ماوە، ئەوانەی دیکە ماون، بۆ هیچ بۆ ئەوان ناکەن، ئەمە نیشانەی بێ کەسی و بێ خاوەنییە و بێ ڕێزی کردنە بە هونەر.

ڕامان: ئێمە بەرەو کۆتایی دەچین، ئەگەر قسەیەکت ماوە و نەگوترابێ..

خەبات مەولوودی: حەز دەکەم بە کورتە چیرۆکێک بگەمە ئەنجامی قسەکانم، دەڵێن بەیانی زوو لە یەکێک لە وێستگەکانی شەمەندەفەری واشنتۆن، ڤیۆلۆن ژەنێک ڤیۆلۆنەکەی لەناو جانتاکەی دەردێنێ و لە جێی خۆی پیالّەیەک دادەنێ و دەست دەکاتە ژەنین، دەنگەکە بە ناو وێستگەکەدا بلاّو دەبێتەوە، وردەوردە خەڵکی لێ کۆ دەبێتەوە. کەسێک سەنتێکی بۆ خستە ناو پیالّەکەوە، خەڵک دەهات و دەڕۆیشت. کابرایەکیش هات و دەستی کردە جگەرەکێشان و ڕۆیی. یەکێکی تر کەمێک ڕاوەستا و دوای ئەوەی مۆبایلەکەی زەنگی بۆ هات، ئەویش ڕۆیی. هەروا خەڵک دەهات و دەڕۆیشت، لەو ماوەیەدا، منداڵکێش لەگەڵ دایکەکەی هات، دایکەکە بە زۆر دەستی منداڵەکەی دەگرت و دەیگوت با بڕۆین، منداڵەکە دەنگەکەی پێ خۆش بوو، لەگەڵی نەدەڕۆی، نیو

سەعاتێکی ژەند. دواتر ڕاوەستا و پارەکەی ژمارد نزیکەی ٢٠ دۆلار و چەند سەنتێک، کەس نەیزانی ئەم پیاوە کێ بوو، کە ناوی یاشوایل بوو کە یەکێکە لە باشترین سۆلیستەکانی (تاکژەنەکانی) ڤیۆلۆن لە دنیادا. پارتی تۆری نۆتەکانی بە چەند ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێن، هەر لەو شارەدا کۆنسێرتی بوو کە لە چوار مانگ پێشتر بلیتەکانی بە ١٠٠ دۆلار فرۆشرا بوون، ئەوەش فێڵی دەرهێنەرێکی تەلەڤزیۆنی بوو کە هەستی جواناسی خەڵک تاقی بکاتەوە، ئەو دەڵێ تۆ لەو ماوەیەدا یاشوایل نابینی، داخۆ چەندان هەلی ئاوا جوانی دیکە لە دەستت دەچن و ئاگاش ناکەی. بەرچاوترین میللەت بۆ ئەم حاڵەتە ئێمەین کە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەین گۆرانیبێژ بە پاپیۆن و قاتەوە دەرکەوێ. ئێمە بیر لەوە ناکەینەوە کە ڕەنگە لەو بنەماڵە هەژارەدا، یان لەو گوندە دوورەدا، کەسێکی دەستەبژێر هەڵبکەوێ. ئایا پەروەردەکردنی کەسی زیرەک و دەستەبژێر سەیرە؟ ئەگەر حەسەن زیرەک و موجتەبا میرزادە و عەلی مەردانمان نەبوایە، چمان بکردایە؟ هەستی جوانیناسی لە ناو کووردا لاوازە، هیوادارم ڕۆژێک بێ بگەیەنە ئەو قەناعەتەی کە جوانبین بین، بە ئاسانی بە تەنیشت ئەو شتانەدا تێپەڕ نەبین کە، ڕەنگە لە داهاتوودا ببنە دەسکەوتێک و پاڵپشتێکی گەورە بۆ پتەو ڕاگرتنی کولتووری کوردی و بە ئاسانی لەم شتانە دەرباز نەبین و بەجێی نەهێڵێن. سوپاسی ئێوە و گۆڤاری ڕامان دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم، هەروەها سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە هەژار گوتەنی هەڵەیەکیان بۆ هەڵگرتمەوە و هەڵەیەکیان بۆ ڕاست کردمەوە.

چاوەڕوانی ڕەخنە و پێشنیاری خەڵکم، هەم ئیمەیلم هەیە و هەم لەسەر تۆڕی facebook وەڵامی پرسیار و ڕەخنەکان دەدەمەوە. چاوەڕوانی ئەوەم شیعری جوانم پێ پێشنیار بکەن، چاوەڕوانی ڕەخنەم. لە ئەلبوومە نوێکەمدا مامۆستا دلێر حسێن وەک مۆسیقاژەن و وەک ئارینجۆر، زۆر زەحمەتی کێشاوە لەگەڵم. سوپاسی دەکەم، هەروەها سوپاسی بەرپرسی کۆمپانیای ئاورینگ ئەحمەد داوود عەزیز ئوغڵوو دەکەم کە سپۆنسەریی ئەلبوومی وەرزی دووری کرد کە دوا بەرهەمی منە و وەک چەپکەگوڵێکی بەهاریی دیارییە بۆ هۆگرانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و ئەو کەسانەی هۆگری دەنگی منن و هیوادارم لە داهاتوودا بەرهەمی بەپێزتر پێشکەش بە مۆسیقای کوردی بکەم. سوپاس بۆ مامۆستا یوونس ڕەزایی هاورێی ئازیزم کە هەمووکات بە شیعرە جوانەکانی کارەکانم دەوڵەمەندتر دەکات، سوپاسی تایبەت بۆ خوشکی ئازیزم هێرۆ مەولوودی کە هەمیشە پێمەوە ماندووە و هیوادارم مۆسیقای کوردی بگاتە ئەو ڕۆژەی کە هونەرمەند بۆ خۆی بڕیار بدا لەسەر کۆنسێرت و گۆرانی و بلاوکردنەوەی ئەلبووم و کۆمپانیای هونەریی ئەوەندە زۆر بن کە کێبڕکێ دروست ببێ. بەداخەوە ژمارەیان ئەوەندە کەمە کە بە کەیفی خۆیان لەگەڵ هونەرمەند دەجوڵێنەوە و مافت پێشێل دەکەن و کەسیش نییە لێپرسینەوە بکا و ئەگەر قسەیەکیش بڵێی، دەڵێن کاکە کێ سی دی ئۆرجینالّ دەکڕێ، خەڵک دەڕۆن کۆپی دەکەن. هیوادارم هونەرمەندی کوردیش وەک هونەرمەندی نەتەوە زیندووەکانی دنیا مافی خۆی دیاری بکا و وەری بگرێ، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە زۆر هەژارن، هونەرمەند ژیانی خۆشە و مافی خۆیانە، ئەمە شتێکە کە خودا پێی داون و خۆیان پەرەیان پێ داوە و توانیویانە لە خزمەت نەتەوەکەیاندا بن. محەمەد عەلی کلای دەڵێ وەرزش شەڕی قۆناغی ئاشتییە و هونەریش بە هەمان شێوە شەڕی قۆناغی ئاشتییە. ئێمە بە هونەرەکەمان دەتوانین خۆمان لە نەتەوەکانی دیکە جیاواز بکەین و جوانییەکانی خۆمان دەربخەین، خۆمان بناسێنین. هیوادارم ڕۆژێک کورد وای لێ بێ کە چەند گرووپی موزیکی بەناوبانگی هەبێ تا بتوانین لە فیستیڤاڵەکانی دنیادا کولتووری خۆمان بە دنیا بناسێنین.

(١) مەقامەکانی دەڤەری گەرمیان بریتین لە (قەتار) و (ئەڵاوەیسی) و (ئای ئای) و (خورشیدی)، هەرچی مەقامی سەفەر)ە، ئەو مەقامە تایبەتە بە شاری سلێمانی و لەلایەن (ئەحەی ناسر) و (شێخ نووری شێخ سالح) و (ئەخۆل) و (حەمە سالح دیلان) و (مەحموود تۆفیق شلک)ەوە وتراوە.

(٢) مامۆستا ولیەم یوحەننا مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، یان ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان نەبووە، بگرە لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی کاری کردووە.

(ڕامان)

شێخ محەمەدی خاڵ
پێشەنگی بواری چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری ئایینی

د. ئاراس محەمەد سالح
(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)

بنەماڵەی خاڵ یەکێکن لە بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانی لەگەڵ بنیادنانی ئەو شارەدا ئەو بنەماڵە زانستییە دێنە سلێمانی و لەلایەن میرەکانی بابانەوە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵیان بۆ دروست کراوە، ئەو مزگەوتە دوو کۆڵەکەی کۆنی تێدا بووە کە کۆڵەکەی مزگەوتی قەڵاچوالان بوون و بۆ ئەو مزگەوتە گواستراونەتەوە، مامۆستای خوێندنگەکەی شێخ ئیسماعیل بووە کە باپیری شێخ ئەمینی خاڵە، حاجی شێخ ئەمین پیاوێکی خواناس و گەورەی شاری سلێمانی بووە، بنەماڵەی خاڵ موریدو خەلیفەی شێخ محەمەد بەهادینەو لە تەریقەتی نەقشبەندی بوون، شێخ ئەمینی خاڵ بەهۆی خواناسی و زوهدەکەیەوە پێگەیەکی گەورەی لای عاریفان هەبووە، لە دوای کۆچی دوایی شێخ ئەمین لەساڵی ١٣٥١کۆچی، کورەزاکەی شێخ محەمەدی خاڵ دەبێتە جێنشینی لە مزگەوتەکەیداو نۆژەنی دەکاتەوە.

شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵە، ئەم زانا بەهرەمەندە لە ساڵی ١٩٠٤ز، لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان خاوەنی نزیکەی پێنج سەدە خزمەتی ئایین و زانست بوون و بنەچەیان دەچێتەوە سەر زانای گەورە (مەلا ئەبووبەکری موصەنیف)، ئەم خێزانە زانستپەروەرە یەکێکە لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی و لەگەڵ گواستنەوەی میرایەتی بابان لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی هاتوونەتە ئەو شارەوە(١)، هەرچەندە شێخی خاڵ لە بنەماڵەیەکی ئایینی تەصەوفی پارێزگار لەدایک بووە، بەڵام بەهۆی شاری بوونی بنەماڵەکەیانەوە شێخی خاڵ دەتوانێت لەگەڵ بیری نوێدا هەڵبکات و سنووری خێزانەکەی تێپەڕێنێت.

سەرەتای خوێندنی لای باپیری شێخ ئەمینی خاڵ دەست پێدەکات، پاشان بەپێی باوی ئەو سەردەمە بەدوای تەواوکردنی خوێندندا گەڕاوەو لای زانایانی گەورە شێخ جەلالی قەرەداغی و شێخ عومەری قەرەداغی و مەلا حسێنی پیسکەندی خوێندوویەتی، لە کۆتاییدا لای زانای پایەبەرز شێخ عومەری قەرەداغی ئیجازەی زانستی وەرگرتووە، لەدوای وەرگرتنی ئیجازەی زانستی، شێخی خاڵ بەهۆی کێشەیەکی تایبەتییەوە ڕووەکاتە شاری کۆیەو دەچێتە مزگەوت و حوجرەی مەلای گەورەی کۆیە، لەبەر ئەوە هەندێ دەڵێن کە گوایە لای مەلای گەورە ئیجازەی وەرگرتووە، پێدەچێت شێخی خاڵ دوای چوونی بۆ کۆیە بۆ جاری دووەم لای ئەو زانا گەورەیەش ئیجازەی وەرگرتبێ، بەڵام چوونی بۆ کۆیەو تێکەڵاوبوونی لەگەڵ بیروئەندێشەی مەلای گەورەدا گۆڕانی گەورە لە بیر و دنیابینی خاڵدا دروست دەبێت، هەر لای مەلای کۆیە دەکەوێتە ناو بیری قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددینی

شێخ محەمەدی خاڵ

ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەوە.

خاڵ لە ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە قازی و لە زۆر جێگای وەک سلێمانی و هەڵەبجە و چەمچەماڵ و مووسڵ و بەغدا قازی بووە، ماوەی بیست و هەشت ساڵ لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە، هەر بەهۆی سەرقاڵبوونی بە قازیەتییەوە تا ڕادەیەک لەبواری نووسین و هەوڵە چاکسازییەکانی کە زیاتر لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە هەوڵی بۆ دەدا، دوور دەکەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٦٧ خۆی خانەنشین دەکات و بە یەکجاری واز لە کاری ڕەسمی دەهێنێ و خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکات.

لەکاتی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا، دەلاقەیەکی گەورە بۆ خاڵ دەکرێتەوە، لەسەر ڕووپەڕەکانی ئەو گۆڤارە و لە ڕێگەی تەفسیرە قورئانەوە، زیاتر پرۆژە چاکسازییەکەی بلاودەکاتەوە، لە هەر ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەدا تەفسیری ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بەبیرێکی نوێ و زیاتر لەژێر کاریگەری قوتابخانەی چاکسازی و تەفسیری (المنار)دا بلاودەکاتەوە، خاڵ لەو نووسینانەیدا زیاتر جەخت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ تەفسیری ئایەتەکاندا جۆشی دەدات و پەنجە دەخاتە سەر دەرد و ئێشوئازارەکانی کۆمەڵگەو لەبەر ڕووناکی قورئاندا چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە(٢).

ئەم هەنگاوەی خاڵ لەبواری تەفسیری گوتاری ڕۆژنامەنووسیدا (التفسير المقالي) یەکێکی تر لە هەنگاوە تازەو نوێخوازەکانی خاڵ، لە دوای محەمەد ڕەشید ڕەزا لە گۆڤاری (المنار)دا، شێخی خاڵ لەسەر هەمان ڕێبازی قوتابخانەی چاکسازی ئیسلامی یەکەم کەسە کە تەفسیری گوتاری ڕۆژنامەنووسی بە کوردی نووسیوە، لە دوای ئەوان ئەو شێوازە لە جیهانی ئیسلامیدا وردە وردە گەشەی کرد، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئێزگەو تەلەڤزیۆنەکان زیاتر دەرکەوت، ئەوەی لە ڕادیۆوە پەخش دەکرا بە تەفسیری ئێزگەیی (التفسير الاذاعي)یش ناو دەبرێت(٣).

لەکاری ڕووناکبیری و ڕێکخراوەییدا لە ساڵی ١٩٥٤ دەبێتە ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراقی، لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد، هەر لە هەمان ساڵدا دەبێتە سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە جێگری دووەمی سەرۆکی کۆڕی زانیاری عیراقی، لە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە ئەندامی کۆڕی زمانی عەرەبی ئوردنی، خاڵ لەکاری ڕووناکبیری و دانانی کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی هەتا دواساتەکانی تەمەنی بەردەوام بووە تا لە ڕۆژی ١٥/٧/ ١٩٨٩ دوا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بەخاک سپێررا.

کۆسپەکانی بەردەم هەوڵە چاکسازی و نوێخوازەکانی خاڵ

شێخی خاڵ دەستپێکی هەوڵی چاکسازیخوازی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی نێو ژینگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانە، بێ گومان کەسایەتییەکی ئایینی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بیەوێت کۆمەڵێک چاکسازی و گۆڕان و نوێکردنەوە بکات لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگەی کوردی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپ و بەربەست دەبێتەوە، لە بەرچاوترینی ئەو بەربەست و کۆسپانە:

یەکەم: بنەماڵەی خاڵ: خاڵ لە بنەماڵەیەکی شێخی ئایینی پارێزگار لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان بنەماڵەیەکی ئایینی خاوەن مزگەوت و حوجرە بووە، لە ڕووی تەصەوفەوە سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بوون، هەموو ئەمانەیش جۆرێک لە ڕێگری بوون کەسایەتییەکی ئایینی وەک خاڵ هەتا بتوانێت بەئاشکرا ڕێبازێکی نوێی

ئایینی نوێ لەدەرەوەی ئەو مێژووە دوورودرێژەی بنەماڵەکەی ڕابگەیەنێت و بەگژ هەندێ دابونەریتی بنەماڵەکەیدا بچێتەوەو داوای گۆڕان بکات، هەروەها بوونی خاڵ لە شێخە شاریکی وەک سلێمانیداو باڵادەستیی شێخانی بەرزنجی قادری و بوونی کێشەی لە مێژینەی قادری و نەقشبەندی لەسەردەمی مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێیداو مانەوەی کاریگەری ئەو ناکۆکییانە هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ئەندێشەو بیرکردنەوەی خاڵ هەبووبێت، هەموو ئەمانە ئەو کۆسپانە بوون کە خاڵ حسێبی وردی بۆ کردوون، بۆیە بەئاشکرا پرۆژە چاکسازی و نوێخوازەکەی ڕاناگەیەنێت و زۆر بەهێمنی و لە ڕێگەی نووسین و کاری ڕووناکبیرییەوە کاری بۆ دەکات، بێجگە لەوەیش کە خاڵ بڕوای بە ڕێبازی چاکسازی پەلەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە نەبووە.

دووەم: وەزیفەو قازییەتی: خاڵ لە ساڵی **١٩٣٩** دەبێتە قازی و ماوەی بیست و هەشت ساڵ لەو کارەدا دەمێنێتەوە، بێ گومان دەوامی ڕەسمی و سەرقاڵ بوونی بە دادوەرییەوە کاتێکی زۆری لێدەگرێت، ئەمەیش وا دەکات کە لە کارە ڕووناکبیری و چاکسازییەکانی دوور بکەوێتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بزاڤی ڕووناکبیری و دەرکەوتنی توێژی ڕۆشنبیری کورد لە هەڵکشاندا بووە، هەر لەو ساڵانەدا بزاڤی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دەست پێدەکات، ئەگەر خاڵ لەو ماوەیەدا، واتە لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە بواری ڕووناکبیری دوور نەکەوتایەتەوەو لەو ماوەیەدا خۆی تەرخان بکردایە بۆ بواری نووسین و ڕووناکبیری کاری گەورەی ئەنجام دەدا، لە هەمان کاتدا کاریگەری گەورەی دەبوو لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و چینی خوێندەوار و دەستەبژێری کوردی بەتایبەتی.

سێیەم: داخراوی ناوەندە ئایینییەکە: ئەو ناوەندە ئایینییەی شێخ خاڵ دەیەوێت چاکسازی و نوێبوونەوەی تێدا بکات لەسەردەمەکەی خۆی زۆر پارێزگار و داخراو و دابڕاو بووە، بەڵکو درێژکراوەی هەمان مەنهەج و بۆچوون و خوێندنەوەی سەدەکانی پێشوو بوو بۆ ئایین و پێشهاتەکانی سەدەی نوێ، زۆر ترسی لە هەموو شتێکی تازە هەبووە و نەیدەویست لە قۆزاخەی خۆی بێتەدەرەوە، ئەو دەنگانەی وەک خاڵ درکی بە پێویستی گۆڕان و نوێبوونەوەیان کردبوو زۆر کەم بوون ئەگەر نەڵێین هەر نەبوون، لەم کاتەدا کەسایەتییەکی ئایینی بیەوێت لەو ناوەندەدا کار بکات زۆر زەحمەتەو زۆر کۆسپ و تەگەرەو گێچەڵی بۆ دروست دەکرێت، شێخی خاڵ دەربارەی ئەو ڕەوشە لە نووسینێکیدا دەڵێ: سەیر لەوەدایە ئەگەر دڵسۆزێک لەم ڕووەوە قسەیەک بکات، یان داخێکی دڵی خۆی دەربڕێت لە هەموو لایەکەوە دەبێت بە بۆڵەو خوتەو دەست بەدەستدا دان و دەڵێن (لاحول ولا قوة إلا بالله) وەک ویستبێتت بناغەی ئایین لە بنەوە دەربێنێ، ئەم جۆرە کەسانە لە منداڵ نەفامترن، جارێ بێجگە لەوەی کە خۆیان ناناسن، لە قسەش ناگەن و دەرمان بەدەرد دادەنێن. زۆر کەس لە موسڵمانانی ئەمڕۆ دەبینم هەر بەناو موسڵمانن، ئەوەی ئەوان لەسەرین زۆر دوورە لە ئایینی ئیسلام و فەرمودەی قورئان، بە جۆرێک کە گوفتار و کردارمان بووە بە لەکە بۆ داوێنی ئیسلامەتی. ئەگەر ڕاستت دەوێ پێویستە دواندەری سەر دوانگەکەکان و ئامۆژگار (واعظ)ی مزگەوتەکان هەموو خوێندنی زانستگایەکی بەرزی وەک ئەزهەریان ببێت و بڕوانامەیەکی بەرزیان بەدەستەوە بێت لە ئامۆژگاری و دواندا، ئەو کاتە هەموو کەسێک خۆراکی گیان وەردەگرێت و ڕۆژ بەڕۆژ بیروباوەڕی زیادی دەکرد و بەهێز دەبوو(٤).

چوارەم: نەبوونی چاپخانەو لاوازیی هۆیەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە: نەبوونی وەک پێویست، یان کەمی دامودەزگای زانستی و ڕۆشنبیری و چاپخانە یەکێک بووە لە کۆسپەکانی بەردەم پرۆژە چاکسازی و نوێخوازەکەی شێخی خاڵ، خاڵ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پەنای بۆ ڕێگای نووسین و ڕێگاچارەی ڕووناکبیری بردووە، ئەمەیش پێویستی بەدامودەزگای ڕۆشنبیری و چاپخانەو هۆیەکانی بڵاوکردنەوە هەیە، لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستان و سلێمانیدا چاپخانەی پێشکەوتوو نەبووەو هەر ئەوەیش بۆخۆی کۆسپی گەورە بووە لەگەیاندنی هەر هەوڵ و هەنگاوێکی ڕووناکبیری، خاڵ لە نووسینێکدا ئاماژە بەو کێشەیە دەکات و دەڵێ: لە ساڵی **١٩٣٥** تەفسیری جزمی (عم)ـەم لە چاپ دەدا لە چاپخانەی ژین و پێشەکی ٢٠ دینارم دابوو بە پیرەمێرد پێتی تازەی پێ بکرێ و بڕیارمان دابوو کە بە مانگ و نیوێک بۆم چاپ بکات، بەڵام ئەو مانگ و نیوە بوو بە پێنج- شەش مانگ، منیش هەر ڕۆژ نارۆژێک کاغەزێکم دەکردە سەر، ئەویش هەر جارە بە جۆرێک وەڵامی دەدامەوە و هەر ساتەی

بیانوویەکی بۆ دەهێنامەوە.(٥)

هەر لەبارەی نەبوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەبەردەم پرۆژە نوێخوازییەکەی خاڵدا، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ: بەڵام کێشەیی کارەکەی خاڵ لەوەدا بوو وڵات هیچ هۆیەکی ئەوتۆی ڕاگەیاندنی تێدا نەبوو، نە ڕۆژنامەو نە گۆڤارێ کە ئامادەبێ هاوکاری لەگەڵدا بکا، بەڵکو نە ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دژیش، نە چاپخانەیەکی ئەوتۆیش هەبوو بتوانێ بە دەست و بردەوە بەرهەمی بۆ لە چاپ بدا. هەبوو نەبوو ڕۆژنامە سێ چوار لاپەڕەییە بچووکە یەک لەدوا یەکەکانی پیرەمێرد بوون کە هەفتەی جارێ دەردەچوون و بەشی بەرهەمەکانی خودی ئەویان نەدەکرد! چاپخانەکەیشی لە ڕۆژنامەکانی بێ دەسەڵاتتر، بە هەزار یا ئەڵڵاو یا پێغەمبەر مانگی چەند سەعاتێ کاتی لە پێویستی ڕۆژنامەکە زیاتری دەبوو تا بەچەند مانگێ بتوانێ فۆرمەیەک لە چاپ بدا، بۆیە بە درێژایی چەند ساڵ لە تەفسیرێکی جزمی عەمەی قورئان و مەولوودنامەیەکی نەوئەسەری پێغەمبەری زیاتر بۆ لەچاپ نەدرا بۆ شێخی خاڵ(٦).

پێنجەم: سەرهەڵدانی بیری نوێ: هەرچەندە خاڵ هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی دایە پرۆژە چاکسازی و نوێخوازەکەی، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا بەهۆی کۆمەڵێک کۆسپەوە ئەو هەوڵانە دواکەوتن، بەتایبەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی تەفسیری خاڵ، کە گرنگترین پرۆژەی ئایینی نوێخوازی و چاکسازی خاڵ بوو، دەیویست لە ڕێگەی تەفسیری قورئانەوە نوێکردنەوە لە ڕەوشی کوردستاندا بکات و لەوێوە پرۆژە چاکسازییەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەویش بە ئامانجی هێنانە پێشەوەی ڕەوشی ئایینی کوردستان بۆ ئاستی سەردەم، لە هەمان کاتدا گوتارێکی ئیسلامی هاوچەرخ پێشکەش بە توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد بکات و بڵێت ئەم ئیسلامە لە ڕووی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەباریدایە سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی لە ئیسلام دوور نەکەونەوە و پەنا بۆ بیروباوەڕی تر نەبەن، چونکە بە بۆچوونی خاڵ دوورکەوتنەوەی ڕووناکبیری کورد لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهۆی پاشکەوتوویی گوتاری ئیسلامی و داخراوی و دواکەوتوویی واعیزەکانەوەیە، وەک لە نووسینێکیدا سکاڵا لەدەست ئەو گوتارە پاشکەوتووە دەکات و دەڵێ: ئەو گوتارانەی دەدرێ بە گوێچکەی موسڵمانانا بەشی زۆری پڕوپووچ و درۆ و دەڵەسەن، کە وەک ژەهری مار وایە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان، هەر لەبەر ئەوەیە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵەو جگەرگۆشەی موسڵمانان بیروباوەڕیان تێک ئەچێت و لە دین دوور ئەکەونەوە(٧).

شێخی خاڵ لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، توانی تەنیا شەش جزمی تەفسیرەکەی چاپ و بڵاو بکاتەوە، ئەو کاتە ڕووناکبیری کورد لەناو شەپۆلی بیروباوەڕی چەپ و عەلمانیدا نقوم بووبوو، واتە پێش پرۆژە چاکسازییەکەی خاڵ کەوتبوون(٨)، هەرچەندە خاڵ زیاتر هیوای بە ڕۆشنبیرانەو زیاتر ڕووی لەوانە، کەمتر ڕوو دەکاتە ناوەندە ئایینییەکەو پیاوانی ئایینی و زۆر هیوای پێیان نییە، لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرانیش نابنە هۆی هێنانەدی هیواکانی خاڵ و لەو هەڵبژاردنەدا خاڵ سەرکەوتوو نابێت.

شەشەم: نائارامی سیاسی و جەنگ لەناوچەکەدا: بەدرێژایی تەمەنی شێخی خاڵ، کوردستان و ناوچەی سلێمانی بەتایبەت نائارام بووە، هەر لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کە شێخی خاڵ دەستی دابووە پرۆژە ڕووناکبیری و چاکسازییەکەی کوردستانی باشوور لە بارێکی جەنگ و شەڕوشۆڕی بەردەوامدا بووە، بەهۆی هەڵایسانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و پەلامارەدانی لەلایەن حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقەوە، هەموو ئەو نائارامی و شەڕ و مالوێرانییەی ناوچەکەی گرتبووەوە وا دەکات هیچ پرۆژەیەکی ڕووناکبیری چاکسازی نەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی هەنگاو بنێت و بچێتە پێشەوە، خاڵ لە نووسینێکیدا ئاماژە بەو بارودۆخە دەکات، دەڵێ: لەم چەند ساڵەی دواییدا ناوچەکەمان تێک چوو، زۆر و ستەم و دەست درێژیی تێدا گەیشت بە ئەندازەیەک کە کەس بە تەمای سەرو ماڵی خۆی نەما، هەموو کەسێک وەک کەڵەشێری لۆقەنتە هەمیشە چاوەڕوانی دەستێکی چەپەڵە کە چەقۆیەک بەملیا بێنێ، لەبەر ئەوە هەرچی دەرگای هیوا بوو هەمووی داخرا، هەرچی ڕووناکی بوو کوژایەوە، تەنیا قاپی لای خوا نەبێ، هەموو کەسێک پەرێشانی و ترس و بیمی گەیشت بە ئەندازەیەک هەمیشە دڵی لێی ئەدا(٩).

هەروەها خاڵ لە نووسینێکی تریدا لەسەرناوی (چ ڕۆژێکی ڕەش بوو) کە مەبەستی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ـە، باسی ئەو ڕەشبگیر و ڕەشەکوژییە دەکات کە بەعسییەکان لە سلێمانیدا ئەنجامیان دا، باس لەو ڕەشەکوژی و ترس و تۆقاندنە دەکات کە ڕووی لە

سلێمانی کردبوو(١٠)، له هەمان کاتدا بەعسییەکان لە ڕۆژێکەوە لە عیراقدا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست زۆر دژی چینی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیران بوون، لەهەر مانێکدا کتێب و کتێبخانەیان بەبنیایە نیشانەی پرسیاریان لەسەر دادەناو زۆر کەسیش بەو هۆیەوە تووشی گرتن و زیندانی و لەسێدارەدان بوون، لەژینگەیەکی بەو شێوەیەدا کاری چاکسازی و گۆڕان زۆر زەحمەتەو کەم کەس دەتوانێت خۆی لەقەرەی ئەو حاڵەتە بدات.

لەبارو دۆخێکی ئاوەها نائارام و پڕ لەشەڕ و شۆڕ و دژواردا زۆر زەحمەتە پرۆژەی چاکسازی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەرکەوتوو بێت و بەشێوەیەکی سروشتی بڕواتە پێشەوە، چونکە هەموو هەنگاوێکی چاکسازی و ڕووناکبیری پێویستی بە بارودۆخێکی گونجاو و ئارامە هەتا بتوانێت سەرکەوتوو بێت و بەشێوەیەکی سروشتی هەنگاو بنێت.

ڕێبازی شێخ محەمەدی خاڵ
لە کاری چاکسازی و نوێخوازیدا

خاڵ بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەی بیری ئایینی ڕێبازی ڕووناکبیری و فێرکردن و هۆشیار کردنەوە دەگرێتەبەر، هەر لەبەر ئەمەیە بەهیچ جۆرێک لە کاری سیاسی نزیک نابێتەوە، ڕێبازی ڕووناکبیری وەک ڕێگایەک بۆ چاکسازی کۆمەڵگاو هۆشیارکردنەوەی بەرەو سەربەخۆیی لە ولاتانی ئەوروپاوە سەری هەڵدا، ئەم بزاڤە ڕووناکبیریە لە ولاتانی ئەوروپاوە دەست پێدەکات، لە کۆتایی سەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدەی زایینیدا لەسەر دەستی زانایانی وەک (جۆن لۆک، جان جاک ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، کانت، مۆنتسکیۆ و دیدرۆ و گۆڵباخ) کۆمەڵێک زاناو بیریاری دژ بە سیستمی دەرەبەگایەتی دەستی پێکرد، دوای ئەوروپا ئەو تەوژمە زۆرێک لە ولاتانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، ڕووناکبیران و ڕووناکیخواز و عیرفانییەکانی ئەوسای ئەوروپا پێیان وابوو لە مێشک و عەقڵ و هۆش بەولاوە شتێکی تر نییە توانایی لێکدانەوەی پێوەندی و دیاریدەکانی ناو کۆمەڵ و سروشتی لەباردا بێ، دەیانگوت جلەوی هەموو کار و ڕەفتارێک وا بەدەست عەقڵەوە، هەر لەبەر ئەوە زۆرجار بە سەدەی هەژدەی ئەوروپا دەگوترێ (چەرخی هۆش و عەقڵ- العقلانیة).

بۆ ئەوەی عەقڵ دەوری تەواوی خۆی لە ژیاندا ببینێ و ڕەوڕەوەی کۆمەڵ و مێژوو بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش ببات تا ڕۆژگارێکی ئەوتۆ بێتە ئاراوە کەس تێیدا دەستدرێژی نەکاتە سەر ئازادی و ماڵ و مووڵکی کەس، ئەوە پێویستە ئەوپەڕی بایەخ بدرێتە پەروەردەو گۆشکردنی خودی عەقڵ خۆی. لێرەدا خوێندن دەتوانێ دەورێکی سەرەکی بێ هاوتا ببینێ و خوێندەواری دەبێتە ئەو دەرمانە تەلیسماوییەی لەباریدایە گشت برینەکانی کۆمەڵ و نیشتمان ساڕێژ بکات، کۆمەڵی خوێندەوار بەلای ڕووناکیخوازانەوە کۆمەڵێکی عاقڵەو بە عەقڵ کێشەکانی خۆی چارەسەر دەکات، بۆیە هەمیشە بەرەو پێش دەڕوات(١١).

سەرەتای بیری ڕووناکبیری لە تورکیاو ئیستەنبوڵەوە دەگاتە کوردستان و بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە گەیاندنی تەوژمی ڕووناکبیری بۆ کوردستان بینیوە، لە سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست بیری ڕووناکبیری ڕۆژئاوا گەیشتە ڕۆژهەڵات و شاری ئیستەنبوڵ کە لەو کاتەدا گرنگترین شاری فەرهەنگی بوو سەدان خوێندەوار و ڕۆشنبیری تێدا کۆبووەوەو ژمارەیەکی بەرچاو کوردی تێدا بوو، ئەو کوردانەی لەبەشەکانی تری کوردستانەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئیستەنبوڵ ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان بینی لە گواستنەوەی ڕووناکبیری و دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و دروستکردنی ڕێکخراو دەستەی جیاواز، هەموو ئەمانە دەکرێت بەسەرەتای بزاڤی ڕووناکبیری و بووژانەوەی کورد دابنرێت.

کەسێکی وەک حاجی قادری کۆیی کە دەتوانین بڵێین هەر لە کۆیەوە پێش کۆچکردنی بۆ ئیستەنبوڵ بیری نیشتمانپەروەری و نوێخوازی هەبووە، دوای چوونی بۆ ئیستەنبوڵ و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی ئیستەنبوڵ و بنەماڵەی بەدرخانییەکان، گۆڕانی گەورە بەسەر بۆچوون و دنیابینیدا دێت، هەر لەوێوە بانگی ڕووناکبیری و نوێخوازی و نیشتمانپەروەری لێ دەدا، شیعرەکانی حاجی قادر سەرەتای بیری نوێبوونەوەی بیری کورد و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری فرە پێشکەوتووترە(١٢).

شێخ محەمەدی خاڵیش وەک درێژکراوەی قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدە هەمان ڕێبازی ڕووناکبیری دەگرێتەبەر، هەموو تواناییەکانی خۆی لەو بوارەدا دەخاتەگەڕو بەدوای ڕێگای تردا ناگەڕێت، زۆر بە هێمنانە دوور لە پەلەپەلە و کاری هەڵەشە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و ناواخنی

کتێبەکانیدا بیروبۆچوونە چاکسازی و نوێخوازەکانی خۆی بڵاوەکاتەوە، خاڵ زانیویەتی کە ئەو ڕێبازەی ئەو هەڵیبژاردووە کاتێکی زۆری دەوێت هەتا دێتە بەرهەم و کاریگەری دەبێت، بۆیە زۆر لەسەرخۆیانە هەنگاوی ناوە.

هەوڵە نوێخوازەکانی شێخ محەمەدی خاڵ

یەکەم: نوێکردنەوەی گوتاری ئیسلامی: نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا یەکێک بووە لە پرسە زەروورەکانی ناوەندی ئایینی کوردستان، لەبەر کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و سەرهەڵدانی تۆڕی ڕووناکبیری کوردی و هاتنەناوەوەی چاپخانە و ڕۆژنامە و گۆڤار و هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە هەتا ئاستێکی باش، هەروەها سەرهەڵدانی بزاڤی سیاسی ڕزگاریخوازی کورد.

لەم کاتەدا خوێندن و گوتاری ئایینی هەر لەسەر شێوازە کۆنەکەی بەردەوام بوو، چینی پارێزگار و دابڕاو لە گۆڕانکاریەکانی سەردەم نەیاندەویست هیچ تازەبوونەوەیەک بێتە ئاراوەو دژایەتی هەموو هەوڵێکی نوێخوازیان دەکرد، لەو دەمەدا شێخ محەمەدی خاڵ لە ژێر کاریگەری بۆچوون و بیری قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەدا دەکەوێتە هەوڵی چاکسازی ئایینی و بۆ ئەو مەبەستە قەڵەمە بە پێزەکەی دەخاتەکار.

شێخ محەمەدی خاڵ یەکەمین کەس بوو لە سااڵنی سیەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ناوچەی سلێمانی و هەموو کوردستانی خوارووەدا کەوتە تەقەللای بڵاوکردنەوەی بیری نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی، سەرچاوەو مەنهەجی لەم مەیدانەدا بەرهەمەکانی سەید جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەو شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزا بوو.

گوتاری ئایینی لەو سەردەمەدا لە ئاستێکی زۆر لاواز و پاشکەوتوودا بووە، زیاتر لە دەوری هەندێ شتی بێ مانای بێ سوود سووڕاوەتەوەو هەندێ چیرۆکی خورافی و ئیسرائیلیات شتێکی تری پێنەبووە هەتا بیدا بەگوێی موسڵمانانداا، شاعیرێکی وەک بێکەس کە خوێنەوارێکی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بووە، بێزاری خۆی لەو گوتارە دەردەبڕێت و وێنایەکی کورتی دەکات و دەڵێ:

خوتبەیەکی ئیجتیماعیم پێ بڵێ بۆ ڕێی حەیات
ئەی مەلا تویی و خوا لەو فکرە کۆنە لابدە
فەنی تازەم پێ نیشان دە بۆ تەرەقی و ڕێی نەجات
باسی قەبر و مار بگۆڕە وەرە سەر باسی وەتەن(١٣).

ئەو وێنایەی بێکەس بۆ گوتاری ئایینی ئەو سەردەمەی دەکات، ئاماژەیە بە پاشکەوتوویی و ناهۆشیاری واعیزەکان، بێکەس نایەوێت دژایەتی ئایین بکات وەک هەندێ بۆی دەچن، ئەو داوا دەکات دین و گوتاری ئایینی لە کۆمەڵە چیرۆکێکی خورافی مار و مردنەوە بێتە سەر باسی خەمەکانی نیشتمان و میللەت، چونکە ئیسلام ئایینی ئاوەدانکردنەوەی ژیان و دنیا و نیشتمانەو لەباریدایە ئەو لایەنانەیش ڕاست بکاتەوە.

قانعی شاعیریش کە شاعیرێکی میللی و پیاوێکی ئایینیش بووەو زۆر خەمی نیشتمان و گەلەکەی هەڵگرتووە، هەموو کات بەدوای تروسکەی ڕزگاری و پێشکەوتنی میللەتەکەیدا وێڵ بووە، زۆر هیوای بەکەسایەتییەکی وەک شێخ محەمەدی خاڵ بووە کە گۆڕانێک لەو دۆخەدا بکات، ئاگاداری ئەوەیش بووە کە خاڵ لەسەر ڕێبازی جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدە خەریکی نوێکردنەوەی گوتاری ئایینییە وەک دەڵێ:

نامەیەک بۆ شێخ محەمەدی خاڵ

فیدای خاکی بەری پێت بم، زیابەخشی دڵ و دینم
بناغەی مەنبەعی عەقڵ و ئەساسی عیز و تەمکینم
سەداقەت عەرز ئەکەم قوربان، ڕیا وەصفێکی مەجزومە
لەشەوقی ئارەزووی وەسڵت، خەریکی عەدی پەروینم

هەتا دەگاتە:

کە من مەقبول و مەنزولی حزووری حاجی شێخ زادەم
محەمەد عەبدەم و شاگرد جەمالی دین و ئایینم(١٤).

قانعیش وەک خوێنەوارێکی ئەو سەردەمە هیوای بە شێخی خاڵ هەبووە بتوانێت گۆمی مەنگ و وەستاوی ئایینداری کوردستان نوێ بکاتەوە و گیانێکی بەبەردا بکات، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە تێز و نووسینەکانی محەمەد عەبدەو جەمالەددینی ئەفغانی کە دوو ڕابەری بیری نوێکردنەوەی ئایینی و چاکسازیخوازی جیهانی ئیسلامی و میژووی هاوچەرخن.

پیرەمێردی شاعیریش وەک دۆستێکی خاڵ و خاوەنی چاپخانە و ڕۆژنامە، لەکاتی چوونی خاڵ بۆ چەمچەماڵ زۆری پێ ناخۆش بووە کاری میریی وەرگرتووە، لەو بارەیەوە سێ پارچە شیعری بۆ دەنووسێ و داوای لێ دەکات کە لە مزگەوتەکەی حاجی شێخ ئەمینی باپیری بمایەتەوەو لەسەر پرۆژە ڕۆشنبیریەکەی بەردەوام بوایە باشتربوو، نەدەبوو ببێتە قازی و لە شارەکەی دوور

بکەوێتەوە، وەک دەڵێ:

بۆ ئەو دانایەی وا لە چەمچەماڵ
هەر ئەو تێئەگا، لەقاڵ و حاڵ.

هەتا دەگاتە:

دوو قافیەمان لێ بوو بە دوو باڵ
خاڵ و چەمچەماڵ بە درێژایی ساڵ(١٥).

مامۆستای خاڵ بە پشتیوانی بەهرەی زیرەکیی خۆی و بەو پایە کۆمەڵایەتییەی لەم شارەدا هەیبوو، وەک مەلایەک و وەک کوڕەزایەکی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کە خۆی شێخی تەریقەت و خەلیفەی شێخ بەهائەددینی تەوێڵە بووە، بە چالاکی و خوێن گەرمییەکی گەنجانەو گیان لەسەر دەست لەسەردەمی نوێی ڕاپەڕینی ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی وەرگرتووەو کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە(١٦).

شێخی خاڵ هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بە چاکسازی گوتاری ئایینی و لە ساڵی لە ١٩٣٦دا کاتێک لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا دەیانەوێت ئاهەنگێکی مەولوودنامە ڕێک بخەن، کاتێک سەیر دەکەن کە هیچ مەولوودنامەیەک نییە، بێجگە لە مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی و ئەویش ١٥٠ساڵە نووسراوەو بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێ، هەرچەند خەڵکە تەقلیدییەکە دەیانخوێندەوە، لەو کاتەدا خاڵ بەو گوتارە ڕازی نابێت و خۆی مەولوودنامەیەک دەنووسێت کە لە ئاستی سەردەمەکەدا بێت، لە هەمان کاتدا دوور بێت لە شتی ناڕاست و ئەفسانەو لەو بارەیەوە دەڵێ: لە ساڵی ١٣٥٨ک-١٩٣٦ز، کە خوالێخۆشبوو پیرەمێرد سەرۆکی زانستی بوو، ویستی مەولوودێک بخوێنێتەوە لە زانستی، لەو کاتەشدا لە مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی زیاتر- کە سەد و پەنجاڵ بوو نووسرابوو- هیچی تر نەبوو، کە ئەویش زۆری قسەی پڕوپووچن، شیعرەکانیش عەرەبین، ناچار پیرەمێرد داوای لێ کردم کە مەولوودنامەیەک بنووسم، منیش هاتم لە مێژووی پێغەمبەر کورتەیەکم دەرهێنا، لەو باسانەی کە بێن بەسەرمەشق بۆ هەموو کەسێک و بۆ هەموو گەلێک(١٧).

خاڵ لێرەدا بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچووە بەناوی مەولوودنامەوە شتی پڕوپووچ بدرێ بەگوێی خەڵکیداو لێیان بکرێت بەدین، هەر تەنیا بە ڕەخنەگرتن لەو گوتارە واز ناهێنێ، بەڵکو خۆی دێت بەدیلێک بۆ ئەو مەبەستە دادەنێت، بەناوی مەولوودنامەوە گوڵبژێرێک لە ژیانی پێغەمبەر دەکات، لە ساڵی ١٩٣٧ز چاپ و بڵاودەکاتەوەو بەو هەنگاوەیشی خاڵ تا ئاستێکی باش تازەگەرییەک لە گوتاری ئایینیدا دەکات.

خاڵ لە نووسینێکی تریدا ڕەخنە لە گوتاری ئایینی دەگرێت و دەڵێ: ئەگەر ئێمە ورد بینەوە، دەبینین زۆر لە دوانی سەر دوانگە (منبر)ەکانی ڕۆژانی هەینی! و ئامۆژگاری مزگەوتەکان، خۆراکێکی پاک و تەمیز و بەکەڵک نین بۆ موسڵمانانی ئەمڕۆ، ئەوەی ژیری و بیروباوەڕی ئەمڕۆ دەیەوێت تێیاندا نییە، بەڵکو بەشی زۆریشیان وەک خواردەمەنییەکی پیس و بۆگەن وان، کە هەر کەسێک بیانخوات وەک ژەهری مار بخوا وایە، لەبەر ئەوە ڕەوا نییە بۆ هەموو کەسێک مەبەست لە ئایەتی قورئان و فەرمودەی پێک لێک بداتەوە، لە ڕۆژی هەینییاندا دوانی سەر دوانگە بخوێنێتەوە و بەقسەی پڕوپووچ مێشکی موسڵمانان پڕ بکات، هیچ دینێک نییە لە جیهاندا بەقەد دینی ئیسلام دەوڵەمەند بێت لە زانین و زانیاری و فەرمودەی بەرز و باڵاو ڕاستودروست لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام-بەداخەوە- کەسمان نییە ئاگای لێیان بێت و بە ڕێکوپێکی و ڕەوان و جوانی بتوانێت بیاندا بە گوێچکەی موسڵمانان، لەبەر ئەوە ئەم هەموو زانین و زانیارییە فەرمودەو فەرمایشانە، شاراونەتەوە لێیان، ئەوەی دەدرێ بە گوێچەکەیاندا بەشی زۆری پڕوپووچ و درۆ و دەڵەسەن، وەک ژەهری مار وایە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان، هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵەو جگەرگۆشەی موسڵمانان بیروباوەڕیان تێک دەچێت و لە دین دوور دەکەونەوە(١٨).

نووسینی تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی و لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی چاکسازی

هەتا سییەکانی سەدەی ڕابردوو نووسینی تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی جێگەی مشتومڕی ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە بووە، وتاری ڕۆژانی هەینی مزگەوتەکان تەنیا بە زمانی عەرەبی بووە، لەو کاتەدا خاڵ پرۆژەی تەفسیرەکە دەست پێدەکات و بە زمانێکی کوردی پەتی زۆر بەرز، بۆ نووسینی تەفسیرەکەیشی ڕێبازی تەفسیری چاکسازی شێخ محەمەد عەبدەو شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزای خاوەنی تەفسیری (المنار) هەڵدەبژێرێت، قوتابخانەی تەفسیری چاکسازی یەکێکە

لەو قوتابخانە تەفسیرییانەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەلّدا، ئەم قوتابخانەیە هەولّ دەدات نەخۆشییەکانی کۆمەلّگای سەردەم لە رێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام قورئانی پیرۆز و سونەتی ڕاستی پێغەمبەرەوە چارەسەر بکات، لەناو تەفسیرەکانیاندا جەخت لەسەر گەورەیی و بەرزیی ئیسلام دەکەنەوە کە لە تواناییدایە هەموو کێشەکانی کۆمەلّگا چارەسەر بکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە لایەنە خراپ و لاوازەکانی بیرە نوێیەکان دەدەن، داوا دەکەن موسلّمانان ئەرکی خۆیان لەبەرانبەر ئایینەکەیاندا ڕاپەڕێنن، هەر یەک لە تەفسیری (المنار)ی شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزاو و تەفسیری (فی ضلال القرآن)ی سەید قوتب سەر بەو قوتابخانەیەن(١٩)، شێخ محەمەدی خالّیش لە تەفسیری خالّدا هەمان ڕێبازی ئەوانی گرتووە، دەکرێت بلّێین تەفسیری خالّ تەفسیرێکی چاکسازییە.

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەفسیری خالّ

یەکەم: تەفسیرێکی ئەدەبی کۆمەلّایەتییە کە بە (تفسیر اللون الأدبي والاجتماعي) ناو دەبرێت، ئەم جۆرە تەفسیرانە درێژکراوەی مەنهەجی تەفسیری (المنار) و (في ضلال القرآن)ـە، کە گرنگی بەلایەنی ئەدەبی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلّایەتییەکان دەدەن لەبەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزدا(٢٠).

دووەم: پێکەوە گرێدانی تەفسیری قورئان و زانستی نوێ، بە سوود وەرگرتن لەو پێشکەوتنە زانستی و شارستانییەتییەی ڕۆژئاوا پێی گەیشتووە، هەروەها داوا کردن لە موسلّمانان کە بەشوێن بەدەست هێنانی زانستدا بڕۆن و هەوڵی بۆ بدەن، چونکە هیچ گەل و وڵاتێک بەبێ زانست و زانیاری پێش ناکەوێت.

سێیەم: گرنگیدان بە پرسەکانی لاوان و منداڵان و خێزان و ئافرەتان و پرسەکانی پەروەردە و پاراستنی مافەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەلّگە لەم ڕووەوە.

چوارەم: گرنگیدان بە ئاماژە کردن بۆ حیکمەتەکانی هەموو تەشریعاتە قورئانییەکان و هەموو تەشریع و قانوونێکی خوا فەلسەفەو حیکمەتی زۆر تێدایە، هەموویان بۆ خزمەتی مرۆڤ و بەرز بوونەوەیەتی لە دنیاو قیامەتدا(٢١).

پێنجەم: دوور کەوتنەوە لە ئیسرائیلیات و خورافەو شتی بێ سوودو ڕووپووچ و (مبهمات) لەناو تەفسیردا، کە لە تەفسیرە پێشووەکاندا شتی لەو جۆرە هەن(٢٢).

شەشەم: ڕاستکردنەوەی دیدوبۆچوونی هەلّەی موسلّمانان لە ڕووی ڕەوشت و عەقیدەو خواپەرستییەوە کە لەو بوارانەدا زۆر شتی نابەجێ تێکەلّاوی ئایینداری موسلّمانان بووبوو(٢٣).

حەوتەم: گرنگیدان بەبابەتەکانی ئیعجازی قورئان بە سوود وەرگرتن لە بیردۆزەو هەقیقەتە زانستییەکانی سەردەم و گرێدانی لەگەلّ تەفسیری قورئاندا(٢٤).

هەشتەم: کەمتر چوونە ناو جیاوازییە فیقهییەکان و گرنگی نەدان بەو بواره.

نۆیەم: بەراورد کردنی بیروباوەڕی ئیسلامی لەگەلّ بیرە نوێیەکانی وەک سۆشیالیستی و دیموکراتی و بیروبۆچوونی ڕۆژهەلّاتناسان و دەرخستنی ڕاستی و بەرزی ئیسلام لە بەرانبەریاندا(٢٥).

گرنگیدانی بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری نوێ

یەکێکی تر لە داهێنان و هەوڵە نوێخوازەکانی شێخی خالّ گرنگیدانی بووە بە بواری ئەدەب و زمان، خالّ یەکەم کەسە لە کورددا فەرهەنگی کوردی کوردی دەنووسێت و شرۆڤەی هەزاران وشەی کوردی دەکات، فەرهەنگی خالّ هەتا ئێستا شاکارەو خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی کردووە، وەک خالّ خۆی لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی پێدەکات لە ژێر کاریگەری تێز و نووسینەکانی جەمالەددینی ئەفغانیدا لای بەلای زمانی کوردی و فەهەنگ نووسیندا کردووەتەوە لەو بارەیەوە دەلّێ: بێ گومان هەموو ئادەمیزادێکی ڕێک و ڕاسالّ گەلی خۆی خۆش دەوێت، حەز بەسەربەرزی و مانەوەی دەکا، بەلاّم هۆی بنەڕەتی کاریگەر لە جیهانی ڕۆشنبیری مندا نووسینەکانی (جمال الدین)ی ئەفغانی بوو، کە یەکەم بلّێسەی ڕوونکردنەوەی بیرم بوو، چ لە گۆڤاری (العروة الوثقی)دا، یان وتە جەماڵییەکانی کە بەفارسی دەینووسین. لەو وتارانەدا بەرچاوم کەوت کە زمان گیانی میللەتە، کە زمان بوو، گەل هەیە کە نەبوو نییە، ئەو دوو ڕستە ڕایانچلّەکاندم و بێداریان کردمەوە، تا ئەو کاتەش ئێمە خاوەنی فەرهەنگ نەبووین، بەو شێوەیە گۆڤاری (العروة الوثقی) کە جەمالەددین بەڕێوەبەری بوو، شێخ محەمەد عەبدە سەرنووسەری بوو، بۆ دەرکردنی، شوقەیەکیان لەپاریس بۆ گرتبوو، هەوێنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریم بوو، وەک هەزارانی وەک منی بێدار کردبووەوە، گۆڕانێک بوو بەسەر هەست و بیرما کە چۆن

سوود وەربگرم و سوود ببەخشم(٢٦).

شێخی خاڵ لێرەدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی جەمالەددینی ئەفغانیدا لای بەلای زمان و فەرهەنگ نووسیدا کردووەتەوەو گرنگی و گەورەیی زمانی بۆ دەرکەوتووە، هەر لەبەر گرنگی زمانە لەمانەوەو پاراستنی نەتەوەدا خاڵ دەستی داوەتە نووسینی فەرهەنگی خاڵ و بەو هەنگاوەیشی خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی و داهێنانێکی گەورەی کردووە(٢٧).

مامۆستا خاڵ بێجگە لە فەرهەنگەکەی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا، نووسینی بەپێزی زۆرە، لەبارەی زۆرێک لە شیعر و شاعیرانی کوردەوە وتاری بە نرخی نووسیوە، وەک بابا تاهیری هەمەدانی و پیرەمێرد و مەلا محەمەدی خاکی و شێخ ڕەزانی تاڵەبانی و زۆر شاعیری تر، لێکۆڵینەوەی لەسەر دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کردووە، چەندین پەندی پێشینانی کوردی کۆکردووەتەوە و شرۆڤەی کردووە و لە چاپی داوە، هەموو ئەمانە بەڵگەی گەورەن لەسەر گرنگیدانی ئەو زانا بەهرەمەندە بە زمان و ئەدەبی میللەتەکەی.

گرنگیدانی خاڵ بە ڕۆژنامەو گۆڤار

سەرچاوەی ئیلهامی کارو پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ نووسین و ڕێبازی زانستی هەریەک لە جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەیە، جەمالەددینی ئەفغانی لە کاتێکدا گۆمی مەنگی جیهانی ئیسلامی دەشڵەقێنێت کە گەلانی موسڵمان و لەوپەڕی دواکەوتوویی و بێ ئاگاییدا بووە، دەوڵەتی عوسمانی لە کەنارەکانی لاوازی و داڕووخاندا بووە، ئیستعماری ڕۆژئاوایی لە سەرەتای هاتنیدا بوو بۆ جیهانی ئیسلامی و گەلانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لێواری دەرچوونیاندا بوون لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەتایبەتی لە وڵاتی میسردا، لەم کاتەدا جەمالەددینی ئەفغانی زۆر بە پێویستی دەزانێت کە کاری جددی بکرێت بۆ بێدار کردنەوەی گەلانی موسڵمان و ڕۆشنبیرکردنیان دەربارەی مافەکانیان و سنوورەکانی دەسەڵات، لەو کاتەدا جەمالەددینی ئەفغانی ڕێگای ڕووناکبیری و پەروەردەی بە تاکە ڕێگای ڕزگاری گەلانی موسڵمان دەزانی، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند هەنگاوێکی ناوە، سەرەتا لە ڕێگای وتارە ئاگرینەکانییەوە هەوڵی داوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بە تایبەتی دوای چوونی بۆ میسرو پشتگیری کردنی لەلایەن ڕیاز پاشاوە، کە لەو کاتەدا خۆی بە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی نەدەزانی(٢٨).

کاری زانستی جەمالەددینی ئەفغانی لە میسر لە دوو بواردا بووە، یەکەم ئەو دەرسە زانستییانەی کە لە ماڵەکەی خۆیدا لە (خان الخليلي) پێشکەشی دەکردن بۆ کۆمەڵێک لە زانایانی ئەزهەر، وەک (الشيخ محمد عبده والشيخ عبدالكريم سلمان والشيخ ابراهيم اللقاني والشيخ سعد زغلول والشيخ ابراهيم الهلباوي) دەرسەکانی لەسەر کۆمەڵێک کتێبی فەلسەفی و تەصەوفی بوو، کتێبەکان ئەوەندە گرنگ نەبوون، بەڵام شرۆڤەکردنەکەی ئەفغانی کە بە زمانێکی سەردەمی ئامانجدار بوو گرنگی کردبوون(٢٩).

قوتابخانەی ناڕەسمی دووەم کە دەرسەکانی تێدا دەوتەوە، ماڵەکەی خۆی بوو کە زۆرترین سوود و کاریگەری هەبوو، یان لە کاتی سەردانی کردنی بۆ لای پیاوە کاربەدەستەکانی لە ماڵەکانی خۆیاندا، هەروەها بۆ ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران کاتێک لێی کۆدەبوونەوە لە (قهوة البوستة) و خەڵکی بەگشتی لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا.

ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم دەرسانەی دەکرد، زیاتر تۆێژی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیران بوون وەک: (محمود سامي البارودي، عبدالسلام المويلحي و ابراهيم المويلحي)، لە تۆێژی لاوانیش وەک: (محمد عبدو ابراهيم اللقاني وسعد زغلول وعلى مظهر وسليم نقاش وأديب اسحاق و...تاد) کەسانی تر(٣٠).

جەمالەددین لە میسر ئامانجی ئەدەبی گۆڕی و لەو بوارەدا هەنگاوێکی گەورەی نا، لە پێش ئەودا ئەدەب ئەدەبێکی ئەرستۆکراتی و دەربار بوو، کاری تەنیا پێداهەڵدانی پیاوانی دەسەڵاتدار و کۆشکەکان بوو، هیچ باکی بە خەمەکانی میللەت و کێشەکانیان نەبوو، باسی ستەم و کارە خراپەکانی دەسەڵاتدارانی نەدەکرد، بە پێچەوانەوە زۆرجار کارە خراپ و ستەمکارییەکانی ئەوانی جوان دەکرد، جەمالەددین ئەدەبی لە ئەدەبێکی دەربارو بێ مەبەستەوە کردە ئەدەبێک لە خزمەت مافی گشتیدا بێت و میللەت و گەلان دەربارەی مافەکانیان هۆشیار بکاتەوە، هەروەها دەرخستنی لایەنە خراپ و دزێوەکانی دەسەلاتدارانی ڕۆژهەلات(٣١).

جەمالەددین زۆر باوەڕی بە کاریگەری نووسین و ڕۆژنامە هەبووە لە چاکسازی و هۆشیارکردنەوەی گەلاندا، بۆیە بەردەوام هانی نووسەرانی دەدا لە (الوقائع المصرية)

و هاوشێوەکانیدا گوتار بنووسن، بەتایبەتی بابەتی زیندوو کە باس لە گرفتەکانی میللەت بکات، لەو نێوەندەدا زۆرێک لە نووسەران بەشداریان کرد، ئەدیب ئیسحاق زنجیرە گوتارێکی نووسی لەژێر ناوی (ئەوروپا و رۆژهەلات) باسی لەوە دەکرد کە رۆژهەلات دوای ئەو پاشکەوتنەی دەتوانێت پێش کەوێت، دەکرێت دوای داگیرکردنی لەلایەن داگیرکەرانەوە جارێکی تر رزگاری ببێت.

هەر لەو بارەیەوە زۆر هانی ئەدیب ئیسحاقی دا رۆژنامەیەک دەربکات بەناوی (مصر)ەوە، خۆی نەخشەی بۆ داڕێژاو بەناوی خوازراوی (مظهر بن وضاح) گوتاری بۆ دەنووسی، داوای لە شێخ محەمەد عەبدەیش کرد گوتاری بۆ بنووسێ، پاشان داوای لە ئەدیب ئیسحاق کرد بچێتە ئەسکەندەریەو رۆژنامەی (التجارة) دەربکات، جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدەو ئیبراهیم اللقانی و کەسانی تر گوتاریان بۆ ئەو دوو رۆژنامەیە دەنووسی، لەماوەیەکی کەمدا برەو و ناوبانگیان پەیدا کردو خوێنەرێکی زۆریان هەبوو، سرنجی خوێنەرانیان بە رێبازی نوێیان ڕاکێشا، بۆیە ڕیاز پاشا هەردوو رۆژنامەکەی داخست(٣٢).

یەکێک لە گەورەترین قوتابییەکانی جەمالەددین، شێخ محەمەد عەبدەیە کە لەدوای خۆی ئالای زانست و رۆشنبیرکردنی گەلی هەڵگرت، تەنانەت سەرقاڵ بوونی بە سیاسەتەوە لە (العروة الوثقی)دا بە خواستی خۆی نەبووە، بەڵکو لەبەر دڵی جەمالەددین بووە وەک خۆی باسی دەکات، عەبدە لە کاتێکدا لە بەیروت بوو، خۆی تەنیا بۆ کاری زانستی و رۆشنبیری تەرخان کردبوو، لەکاتی گەڕانەوەیشی بۆ میسر داوای کرد بیکەنە مامۆستا لە (دار العلوم)، یان سەرپەشتیار، بەڵام کردیانە قازی، محەمەد عەبدە ڕای وایە دەبێت گەل رۆشنبیر و هۆشیار بکرێتەوە دوای ئەوە سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێ، بۆیە زۆر بە لە سەرخۆیی کاری زانستی و رۆشنبیری کردووە، خۆی لە قەرەی کاری سیاسی نەداوە تەنیا ئەو رێبازەی بە رێگای چاکسازی و گۆڕانکاری زانیوە(٣٣).

دوای نیشتەجێ بوونی جەمالەددین لە پاریس شێخ محەمەد عەبدە پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی سەرکردە دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستە کەسانی بەتوانایی و رۆشنبیری دڵسۆز بۆ ئایینەکەیان هەڵبژێرن و لەسەر ئەو رێبازە چاکسازییە پەروەردەیان بکەن، هەتا بتوانن لەماوەی دە ساڵدا کۆمەڵێک سەرکردەی چاکسازی ڕەوانەی ووڵاتانی ئیسلامی بکەن، بەڵام سەید جەمالەددین بەو پێشنیارە ڕازی نابێت، نەخشەی گۆڤاری (العروة الوثقی) دادەڕێژێت، سەید خاوەنی بیرو شێخ محەمەدە سەرنووسەر و میرزا محەمەد باقر گوتاری رۆژنامە بیانییەکان دەکات بەعەرەبی، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە رۆژهەلاتی ئیسلامییەوە هەیە، هەژدە ژمارەی لێ دەردەچێ، ئەو گۆڤارە لە زۆربەی ووڵاتە ئیسلامییەکان بڵاودەبێتەوە و کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی گەلانی موسڵمان دەکات تا ئەرکی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان ڕابپەڕێنن و چیتر لە بێ ئاگایی و دواکەتن و ژێر دەستەییدا نەژین(٣٤).

شێخی خاڵیش درێژکراوەی ئەو قوتابخانەیەو ئیلهامی کارەکانی لەوان وەرگرتووە، بۆیە ڕوو دەکاتە جیهانی رۆشنبیری و بەشێوەیەکی چالاک و کارا دەست بەکاری رۆژنامەنووسی دەکات، لەو رێگەیەوە هەوڵ بۆ هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی میللەتەکەی دەدات، هەر لە کاتی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا لە ساڵی ١٩٣٩ز، خاڵ زۆر چالاکانە دەست بە بڵاوکردنەوەی بیرە چاکسازی و نوێخوازەکانی دەکات، لە رێگەی گۆشە بەردەوامەکەی (تەفسیری قورئان)و هەموو ژمارەیەک تەفسیری ئایەتێک دەکات لەسەر رێبازی قوتابخانەی چاکسازی شێخ محەمەد عەبدەو دەیەوێت باری لاری میللەتەکەی لەو رێگەیەوە ڕاست بکاتەوە(٣٥).

بێجگە لە تەفسیری قورئان، خاڵ دەیان وتاری رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (بلێسە)و (رۆژی نوێ) و (ژین) و (ژیان) و (هیوا) و گۆڤار و رۆژنامەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاو دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا خاڵ حوجرەی مزگەوتەکەی دەکاتە جێگەی کۆبوونەوەی رۆشنبیران و کۆڕی ئەدەبی و جێگەی کۆبوونەوەی رۆشنبیران و ڕووناکبیر و نووسەران، بەو هیوایەی لە رێگەی ئەوانەوە گەلەکەی بێدار و هۆشیار بکاتەوە و لە دەردی نەزانی رزگاریان بکات، خاڵ بڕوای وابووە لە دوای هۆشیاربوونەوە و بێداربوونەوەی گەل ئەوکاتە دەتوانێت هەنگاوی سەربەخۆیی سیاسی بنێت و لەدەست داگیرکەران رزگاری ببێت.

هەوڵدانی بۆ گۆڕینی مەنهەجی خوێندنی ئایینی

شێخی خاڵ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەشێوازی

زانایانی ئایینی پێش خۆی دوای تەواوکردنی خوێندن، دەست دەکات بە نووسینی حاشییە لەسەر کتێبەکانی خوێندنی ئایینی و وتنەوەی دەرس بە فەقێیان، بەڵام دوای ئەوەی لەسەرەتای سییەکانەوە تێکەڵاوی بیری قوتابخانەی چاکسازی دەبێت، ئیتر واز لەو ڕێبازە دەهێنێ و خۆی بۆ کاری ڕۆشنبیرکردن و بێدار کردنەوەی میللەتەکەی تەرخان دەکات و واز لە شێوازەکەی پێشووی دەهێنێ و هیوای بەوە نەبووە ئەو شێوازەی پێشوو لە ئاستی سەردەمی نوێدا بێت و بتوانێت کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەبێت.

شێخی خاڵ خۆی ناتوانێت مزگەوت و حوجرەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، هەتا بتوانێت چەند مەلایەکی ڕۆشنفکری وەک خۆی پەروەردە بکات، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی گۆڕینی مەنهەجی خوێندنیشدا سەرکەوتوو نابێت، هەرچەندە لەو مەیدانەدا زۆر بەتوندی دژی ئەو ڕێبازە کۆنە بوو فەقێی کوردستان سەدان ساڵ بوو لەسەری بەڕێوە دەچوون، بەگەرمی داوای لەمەلاکان دەکرد ڕێگایەکی نوێی پێخوێندن بگرنەبەرو فەقێکانی لە خوێندنی پێ نزیک بخەنەوە، بەڵام لەو مەیدانەدا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە ناچار بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ دەدات لە کاتی تاقیکردنەوەی دەرچوونی حوجرەو خوێندنی ئایینی بۆ پێشنوێژی و وتارێژی کە خۆی سەرۆک و ئەندامی لیژنەی تاقیکردنەوەکە بووە پرسیاری وەهای دادەنا کە قوتابیان ناچار بکات کتێبی تازەو شتی نوێ بخوێننەوە، هەتا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە سرنجیان بۆ شتی نوێ ڕابکێشێ و بیریان ڕووناک بکاتەوەو بە خۆیاندا بچنەوەو ئاگاداری شتی نوێ بن(٣٦).

پەراوێزەکان

١- بڕوانە: عمر علی محمد، الشیخ محمد الخال مفسرا، الطبعة الأولی ٢٠٠٥م، السلیمانیة، وفي الاصل رسالة ماجستیر قدم الی جامعة صلاح الدین، اربیل، ص١٤.

٢ - بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥-٦ ساڵی دووەم، مایس و حوزەیران، ساڵی ١٩٤١دا ژمارەکانی دواتر.

٣ - بڕوانە: عبدالعزیز بن عبدالرحمن الضامر، بحث بعنوان: التفسیر الاذاعي للقرآن الکریم، مجلة الامام الشاطبي، العدد الأول، ربیع الآخر ١٤٢٧ه، ص ١٣٣ وما بعدها.

٤- شێخ محەمەدی خاڵ، نالەی دەروون، ل٢٣٤.

٥- شێخ محەمەدی خاڵ، نالەی دەروون، ل٢٥٨.

٦- محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسڵمانەتیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم، ١٩٩٠، ل٣٣٨.

٧- شێخ محەمەدی خاڵ، نالەی دەروون، ل٢٣٣-٢٣٤.

٨- دەربارەی گەشەکردنی بیری چەپ و عەلمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لەناو توێژی ڕۆشنبیرانی کورددا بڕوانە: برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، چاپی دووەم ٢٠١٢ز، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ل١٩ بەدواوە.

٩- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، چاپی دووەم ١٤٣١ک ٢٠١٠ز، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، جزمی یەکەم، ل٥.

١٠- شێخ محەمەدی خاڵ، نالەی دەروون، ل٣٣٥.

١١- بڕوانە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە میژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم، ٢٠٠١ز- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، بەرگی دووەم، ل ٢٥٧-٢٥٨.

١٢- بڕوانە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە میژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ل ٢٥٨، هەروەها د.عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولی ١٤١٠ه ١٩٨٩م، بغداد، ص ١١ وما بعدها.

١٣- بێکەس، دیوانی بێکەس، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ز، سلێمانی، ل١١٥-١١٦.

١٤- قانع، دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ، تاران، ل ١٧٧-١٧٨.

١٥- پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، چاپی دووەم ٢٠٠٩ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی یەکەم، ل ٣٣١-٣٣٥.

١٦- محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسڵمانەتیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم، ١٩٩٠، ل٣٣٧-٣٣٨.

١٧- شێخ محەمەدی خاڵ، مەولوودنامەی نەوئەسەر، یان تاریخی پێغەمبەر، چاپی دووهەم، ١٣٩٢ک ١٩٧٢ز، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، ل٤.

١٨- شێخ محەمەدی خاڵ، نالەی دەروون، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل ٢٣٣-٢٣٤.

١٩- بڕوانە: الدکتور فضل حسن عباس، المفسرون مدارسهم ومناهجهم، الطبعة الاولی ١٤٢٧ه ٢٠٠٧م، دار النفائس، الاردن، ص٣٠ وما بعدها، هەروەها: الدکتور عبدالغفور محمود

مصطفى جعفر، التفسير والمفسرون في ثوبه الجديد، الطبعة الاولى ١٤٢٨ - ٢٠٠٧م، دار السلام- القاهرة، ص٦٢٩ وما بعدها. پێگەی: ملتقى أهل التفسير، محمد الجابري، مقالة بعنوان: الاتجاهات المعاصرة في التفسير، http:// www.tafsir.net.

٢٠- بڕوانە: د، محمد حسين الذهبي، التفسير والمفسرون، الطبعة الأولى ١٤٢٦ه ٢٠٠٥م، دار الحديث القاهرة، م٢ ص٤٧٨ وما بعدها.

٢١- بڕوانە: الدكتور محمد السيسى، المدرسة السلفية في التفسير في العصر الحديث، الطبعة الاولى ١٤٣١ه ٢٠١٠م، دار السلام- القاهرة، ص ٩٠=٩١.

٢٢ - بۆ نموونە سەیری: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی یەکەم، ل١٩٨ بکە.

٢٣- بۆ نموونە سەیری: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری سورەتی فاتیحە، چاپی دووەم ١٩٩٨ز، چاپخانەی محەمەدی- سەقز، ل١٣ بکە.

٢٤- بۆ نموونە سەیری: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی بیست و نۆهەم، چاپی یەکەم ١٩٨٦، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، ل ٧بەدواوە بکە.

٢٥- بڕوانە: عمر علي محمد، الشيخ محمد الخال مفسرا، ص ١٧٢-١٧٣-١٧٤.

٢٦- شێخ محەمەدی خاڵ، لەسەر گوزشتەکانی ژیان، چاپی یەکەم ١٤٢٨ک-٢٠٠٧ز، لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک- سلێمانی، ل٨.

٢٧ - یەکێک لەو ڕەخنانەی لە خوێندنی ئایینی و حوجرەکانی کوردستان دەگیرێت، ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێک لای بەلای زمانی کوردیدا نەکردووەتەوە، تەنیا خزمەتی زمانی عەرەبی کردووە، تەنانەت مەلای کورد خەریکی خوێندنی زمانی فارسی بووەو گرنگی پێداوە ئەوەی کە پشتگوێ خراوە تەنیا زمانی کوردی بووە، ئەم ڕەخنەیە تا ئاستێک و لە سیاقێکی میژوویيدا ڕاستە، بەڵام زانایەکی ئایینی وەک شێخی خاڵ کە دەرچووی هەمان مەنهەج و ناوەندی خوێندنە بە فەرهەنگی خاڵ و نووسینەکانی تری ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە و ئەو میژووە ڕاست دەکاتەوە. لەم بارەیەوە بڕوانە: ئازاد عەبدولواحید، محەمەدی مەلا کەریم وچانێک لەبەردەم وێستگەکانی تەمەن و نووسیندا، چاپی یەکەم ٢٠١٢ هەولێر، ل ٢٨-٢٩.

٢٨- بڕوانە: احمد أمين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، دار الكتاب العربي، بيروت- لبنان، ص ٦٨.

٢٩- بڕوانە: الشيخ محمد فاضل ابن عاشور، التفسير ورجاله، الطبعة الاولى ١٤٢٩ه ٢٠٠٨م، دار السلام- القاهرة، ص ١٦٦-١٦٧.

٣٠- بڕوانە: احمد أمين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، ص ٦٤-٦٥.

٣١ - بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، نالەی دەروون، ل ٢٧٩-٢٨٠.

٣٢- احمد امين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، ص ٦٩.

٣٣- عباس محمود العقاد، عبقري الاصلاح والتعليم الاستاذ الامام محمد عبده، الطبعة الثانية، مكتبة مصر، القاهرة، ص ١٤٠-١٤١.

٣٤- احمد امين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، ص ٨١-٨٢.

٣٥- دەربارەی تەفسیری قورئانی پیرۆز لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا کە بە (منهج المقال التفسيري) ناودەبرێت، یەکێکە لە داهێنانەکانی قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدە، گوتارەکانی جەمالەددین لە (العروة الوثقى)دا سەرەتای ئەم جۆرە تەفسیرەن، لە دوای ئەویش هەر یەک لە شێخ محەمەد عەبدەو محمد ڕەشید ڕەزا لە گۆڤاری (المنار)دا ئەو هەنگاوەیان ناوە، لە کوردستانیش شێخ محەمەدی خاڵ یەکەم کەسە گوتاری ڕۆژنامەنووسی تەفسیری قورئانی نووسیوە. بڕوانە: الدكتور محمد ابراهيم شريف، اتجاهات التجديد في تفسير القران الكريم، الطبعة الأولى ١٤٢٩ه ٢٠٠٨م، دار السلام - القاهرة، ص ٣٣٧- ٣٣٨.

٣٦- بڕوانە: محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسڵمانەتیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم، ١٩٩٠، ل٣٤١.

ئەدەبیات و کولتوور
میژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری

هانز بێرتێز
لە ئینگیلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی جیهان - هەولێر)

پێناسەی کولتوور

ماتیو ئارنۆڵد لە کتێبی "کولتوور و بێ سەرەوبەرەیی"دا کە یەکەم جار ساڵی ١٨٩٦ بڵاو بووەوە و باسی کاریگەرێتی حاشاهەڵنەگری ئەم کتێبەمان لەسەر خوێندنە ئەدەبییەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی لە بەشی یەکەم هێنایە ئاراوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو "بێ سەرەوبەرەیی"یە کە لە سەردێڕی کتێبەکەشدا هاتووە و ئەو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگەی بریتانی دەزانێت، ئەو چینە کرێکارەیە کە "لەسەر ئەم تایبەتمەندییە خواپێداوە سوور و پێداگرە کە مرۆڤی بریتانی حەزی لە چی دەبێت، دەیکات" بە داخەوە ئەم ئازادییە تاکەکەسییە چینی کرێکار بەرەو "باشترینی ئەو شتەی بیری لێ کراوەتەوە و بە زماندا هاتووە" و بەرەو ڕوانگەی "لە بنەڕەتدا بێ لایەنانە" کە پێداویستیی ناسینی کولتوورە، ڕێنوێنی ناکات، بەڵکو زەمینە خۆشکەری ئەو چالاکی و کات ڕابواردنانەیە کە لە سۆنگەی هیچی و پووچی ئاست نزمییان لە پێگەیەکی دژ بە کولتووردا جێگیرن. سەرچاوەیەکی تری ئەم شپرزەیی و بێ سەرەوبەرەییە لەو سەرمایەدارە پووچ و بەتاڵانەدا ڕیشەی داکوتاوە کە خەریکی ڕۆنانی سیستمێکی ئابووریی سوودخوازانە و نامرۆڤانەن و ئەوانیش لە سۆنگەی زەینییەتی بەرژەوەندی خوازانەیانەوە، ڕێک وەک ئەو کرێکارانەی کە خەریکی چەوساندنەوەیانن، هێندە گوێ نادەنە ئەو شتەی کە ئارنۆڵد ناوی کولتووری لێ دەنێت. وەک چۆن بە ناوی کتێبەکەدا دیارە، کولتوور و بێ سەرەوبەرەیی، پێناسەکەری دژبەرایەتییەکی دوو لایەنەیە لە نێوان کولتوور - کە لە ڕوانگەی ئارنۆڵدەوە بە واتای ڕێکوپێکی و نەزم دێت - لە سەرێکەوە و شێواوی و نەبوونی یاسا لە سەرەکەی ترەوە. وشەی کولتوور بۆ دەلالەت کردن بۆ واتایەک تەرخان کراوە کە زۆربەی هەرە زۆری ویژەوانانی زانکۆیی ئیمرۆکە بە کولتووری "باڵا"، واتە کولتووری تاقمێکی تایبەتی هەڵبژاردەی کۆمەڵگە، دەیهێننە ئەژمار. ئارنۆڵد هیچ کات ئەم وشەیە بە واتا مرۆڤناسی و کۆمەڵناسییەکەی کە لەم سەردەمەدا پتر بە کار دێن، ئاماژە بە شێوازی ژیان و جیهانبینیی گرۆ جۆراوجۆر و جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات، وەک چینی کرێکار، بە کار ناهێنێت.

دژبەرایەتیی نێوان کولتوورێکی باڵادەستی پایەبەرزتر، کە لقە ئەدەبییەکەی لە باشترینی ئەو شتەی بیری لێکراوەتەوە و بە زماندا هاتووە پارێزگاری دەکات و ئەو "کولتوورە" پڵە نزمانەی کە لە مرۆڤناسیدا پێناسەیان بۆ کراوە و بەردەوام وەک هەڕەشە چاویان لێ دەکرێت، لە

ئیلیەت

ڕەخنەی ئینگلیزی و ئەمریکیدا بە هێڵێکی سوور دەستنیشان کراوە. ئەم سنووردانانە دژبەرکارانەیە بە ڕاشکاوی لە جیهانی هزری تی.ئیس. ئیلیەت و ئێف.ئار. لیویس-یشدا دەبینرێت. ئیلیەت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیهانی ئۆرگانیک و بە تەواوی ڕێکوپێک و هاوشێوەی ڕێنیسانسیی کۆتایی سەدەی حەڤدەم ڕووبەڕووی "لێکدابڕانی کارەساتاویی هەست و سۆز" بووەوە و لیویس وای بیر دەکردەوە کە ئەم دابڕانە ڕاستەوخۆ بە هۆی پیشەیی بوون و سەرهەڵدانی ئەو شتەی ئەو ناوی دەنێت "شارستانییەتی تەکنۆلۆژیکی-بێنتامی" هاتە ئاراوە. لە ڕاستیدا ئەوە ئەم دژبەرایەتییە لە نێوان کولتووری باڵا و کولتووری باڵادەست - ژیانە کە هەڕەشە لە کولتووری باڵادەست دەکات. ئەم بۆچوونە کە کولتووری باڵا لە ڕەگوڕیشەوە لە شێوەکانی تری کولتووری جیایە و بە شێوەیەکی زاتی لە هەمبەر شێوازەکانی دیکەی خۆدەربڕینی کولتووری، دەورێکی دژبەرکارانەی وەئەستۆیە، پاساودەری ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە ئەخلاقییەیە کە ڕەخنەی هیومانیستیی کلاسیک بە تاسە و تامەزرۆییەوە دەیخاتە سەر شانی خۆی. هەست بە دەورە دران و باوەڕ بە کەوتنە بەر شالاوی هێزە دژبەرەکانیش - کە لە دوایین شوێنەواری لیویسدا دەبینرێت - هەر لەم دژبەرایەتییەوە (واتە دژبەرایەتی لە نێوان کولتووری باڵا و کولتووری نزم) ئاو دەخواتەوە.

بە هەمەحاڵ، هەرچەندە ڕەخنەی سونەتی هەڵوێستێکی توندڕەوانە دژی کولتووری چینی خواروو، یان کولتووری گشتی ڕەچاو دەکات (کە خۆی نابێت ئەم دوو کولتوورە بە یەک شت بزانین، یان لە بری یەکیان بگرین)، هەوڵێکی ئەوتۆ بۆ تاووتوکردن، یان تێگەیشتنی نادات (هەڵبەت یەک دوو حاڵەتی ئاوارتە هەن، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی تاووتەئسیرێکی بەرچاویان نەبووە، لێرەدا خۆ لە باسکردنیان دەبوێرین). ئەم تێڕوانینە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٥٠ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی "باشییەکانی خوێندەواری: هەندێک لایەنی ژیانی چینی کرێکار بە سرنجدانی تایبەت بۆ بڵاقۆکەکان و ڕابواردنەکان" نووسراوەی ڕەخنەکاری بریتانی ڕیچارد هاگارت و کتێبی "کولتوور و کۆمەڵگە" نووسراوەی ڕیمۆند ویلیامز، گۆڕانی بەسەر داهات. هاگارت لەم کتێبەدا شیکردنەوەیەکی هاودڵانە لە دووتوێی کۆمەڵێک بەسەرهاتدا دەخاتە بەر دەست. لەم شیکردنەوەیەدا جەخت دەکرێتە سەر کولتووری چینی کرێکاری یۆرکشایر لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا هەروەها خوێندنەوەیەکی وردی گۆڤارە هەمەپەسندەکانی ئەو سەردەمیش پاژێک لەم کتێبە پێکدەهێنێت. ویلیامزیش لەم کتێبەدا شوێن پێی ڕەوتی گۆڕانکاریی کولتووریەکانی بریتانیا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە تا سەروبەندی نووسینی کتێبەکەی هەڵدەگرێت.

هاگارت و ویلیامز مامۆستایانی ئەدیب و وێژەوانی زانکۆ بوون. هاگارت لایەنگری ڕوانگەی هیومانیستی بوو و ویلیامزی ڕێبازی مارکسیستیی دەگرتە بەر و هەر دوویان پێداگرییان لەسەر تایبەتمەندیگەلی پڕ بەها و ژیان پێکهێنی کولتوور دەکرد، بە تایبەتی کولتووری چینی کرێکار کە لە گۆشەنیگای کولتووری باڵاوە سەرکۆنە دەکرا و لەبەر چاو نەدەگیرا. لێرەدا نموونەیەک لە تێڕوانینی بەبڕشت، بەڵام هاودڵانەی هاگارت دەخەینە بەردەست. هاگارت ئەم خاڵە دەسەلمێنێت کە ئەو گۆڤارانەی بۆ چینی کرێکار چاپ دەکرێن و ئەو چیرۆکانەی کە پتر بۆ خوێنەرانی کچ و ژنیان بڵاو دەبێتەوە، بە گشتی "پلە نزم و شەرمهێنن"، لە دواییدا بەردەوام دەبێت و بە پێداگرییەوە دەڵێت: "سەرباری ئەمە

هەست و سۆز و کەشوهەوای ژیانی ئەو تاقمەیان تێدایە کە بەردەنگی ئەم چەشنە نووسراوەیەن". (دەستەواژەی "هەست و سۆز و کەشوهەوای ژیان" نیشاندەری ئەوەیە کە هاگارت قوتابی لیویس بووە). هاگارت بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "زۆربەی بابەتەکان ئاسایین، واتە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی خوێنەرەکانیانن، بەڵام ئەم تێڕوانینانە بە هیچ کلۆجێک ئەوەندەی کە لەوانەیە کەسێک لە یەکەم ڕوانیندا پێی وا بێت، گاڵتەجارانە نییە". کولتووری چینی کرێکار سادە و ساکار و ئەرێنییە و دەورێکی گرینگ لە ژیانی ملیۆنان کەس دەگێڕێت.

بەو حاڵەشەوە، کتێبەکەی هاگارت، هەرچەندە لە بەزاندنی سنووری جیاکەرەوەی ئەدەبیات لە بابەتی بازاڕی سڵ ناکاتەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان سەر لە نوێ کۆنە باسی ڕەسەنایەتی و نەبوونی ڕەسەنایەتی دەبووژێنێتەوە. هاگارت گۆڤارە قەدیمیتر و نەریتیترەکانی چینی کرێکار بە ڕەسەنتر دەزانێت (جۆرێک "هەست و سۆز و کەشوهەوای ژیان") و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گۆڤارە نوێترەکان خۆیان داوەتە دەست چەشنێک بەرەڵاییی و نارەسەنییەک کە بێ گومان پیشاندەری بەکاڵا بوونی ئەم ژانرە دوا بە دوای شەڕە و هەروەتر سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە بۆ دەستەبەرکردنی باڵاترین ڕێژەی فرۆشتن - بەرزترین ڕێژەی قازانج - بە قیمەتی بە قوربانی کردنی هاودڵی و دڵپاکی. شێوەیەکی نوێ و خەڵک خەڵەتێنانەی کولتووری گشتی خەریکە جێ بە کولتوورێکی گشتیی کۆن چۆڵ دەکات، کولتووری کە تێیدا سیستمێک لە بەها هاوبەشەکانی نێوان باڵاوکەرەوە و نووسەر لە لایەک و بەردەنگ لە لایەکی تر، پێوەندییان پێکدەهێنا. لەم کولتووەرە نوێیەدا بەردەنگ تەنیا لەبەر ئەوە هەیە کە بچەوسێتەوە. ڕێک وەک چۆن لە ڕوانگەی لیویسەوە، ئەدەبیاتی "جددی" زۆر "ڕاستەقینەتر" لە بابەتگەلی گۆڤارە هەمەپەسندەکانە؛ لە ڕوانگەی هاگارتیشەوە ئەو شتەی لە گۆڤارە نەریتییەکاندا باڵاو دەبێتەوە، زۆر "ڕاستەقینەتر" لە بەرەڵاییی و شتە بێ ماناکانی گۆڤارە هەمەپەسندەکانی ئیمرۆکەیە. لە تێڕوانینەکانی ویلیامزدا، کە ئەویش قوتابی لیویس بووە، ڕەنگدانەوەی داگەڕان بۆ کولتوورێکی ئۆرگانیک و هاوشێوە دەبینین. ویلیامز لە دوایین بەشی کتێبی "کولتوور و کۆمەڵگە"دا دەڵێت:"ئێمە پێویستمان بە کولتوورێکی هاوبەشە، چونکە بە بێ کولتوورێکی لەم چەشنە، ناتوانین لەسەر ژیانی خۆمان بەردەوام بین" (ویلیامز، ٣٠٤:١٩٦١). سەیر لەوە دایە کە ئەو باش دەزانێت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پتر لە تاقە یەک کولتوور بوونی هەیە. بەڕای ویلیامز، کولتوور واتە "شێواز و شێوەی گشتیی ژیان" کە دوا تایبەتمەندییەکەی بریتییە لەو "بۆچوونانەی کە لە مەڕ سریشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" هەیەتی. (بۆ وێنە، لە بابەت کولتووری چینی کرێکار"پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" لە ڕێگەی یەکێتی و یەک ڕیزبیەوە دیاری دەکرێت، بەڵام پێکەوە ژیانی کولتووەرە جیاوازەکان وەک کولتووری چینی مام ناوەند و چینەکانی خوارەوو، بە واتای نەبوونی کولتووری هاوبەش نییە:"لە کولتووری ئێمەدا، وەک گشتێک، هەم کارلێکێکی بەردەوام لە نێوان شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە ئارا دایە، هەمیش پانتاییەکی هاوبەش و بنچینەیی". پاشان تەشەنەسەندنی ئەم کولتووەرە هاوبەشە بە گەشەسەندنێکی ئۆرگانیک دەهێنێتە ئەژمار کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە چاودێری دەکرێت:"بیرۆکەی کولتووری هاوبەش...بیرۆکەی گەشەکردنی سروشتی و چاودێری کردنەکەی لە یەک کاتدا دەخاتە پاڵ یەک". هاگارت و بە تایبەتی ویلیامز بواری توێژینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی زۆر فراوان دەکەن و ویلیامز ئەگەرچی "گرینگایەتی سەرەکی" دەداتە لایەنی ئەدەبیات، واتایەکی لە بنەماوە مرۆڤناسانە لە کولتوور دەخاتە بەر دەست:

تەنیا لە ڕێگەی سەرچاوەی پاراوی ئەدەبیاتەوە نییە کە ئەزموونی خەڵکانی تر دەناسین، بەڵکو مێژوو، بیناسازی، شێوەکاری، مۆسیقا، فەلسەفە، خواناسی و تیوریی کۆمەڵایەتی، زانستە فیزیکی و سروشتییەکان، مرۆڤناسی و هەڵبەت گشتێتیی زانستیش لەو سەرچاوانەن کە ئەزموون تێیاندا بە شێوەیەکی فۆرمی تۆمار کراوە، ئەگەر مرۆڤێکی ئاوەزمەند بین، سۆراغی ئەو ئەزموونانەش دەگرین کە بە شێوەگەلی تر لە شێواز و دابونەریت و بیرەوەرییە بنەماڵییەکاندا تۆمار کراوە.

هەرچەندە زۆربەی ڕەخنەکارانی ئەم سەردەمە هاگارت و ویلیامز، لە سۆنگەی ئەو پێگە هەرە باشەی کە بۆ ڕەسەنایەتی و ڕێکوپێکی ئۆرگانیک قایلن، سەر بە ڕێبازێکی فیکری کۆنتر دەهێننە ئەژمار، لە ڕاستیدا ئەو شتەی ئێستا بە "توێژینەوەگەلی کولتووری" ناودێری دەکەین لەسەر دەستی شوێنەوار و بەرهەمەکانی ئەوان بووەتە یەکێک لە بواره ڕێگا پێدراوەکانی هۆگریی

فووکۆ

مامۆستایانی زانکۆ و ئەم گۆڕانکارییە فیکرییە لەسەر دێڕی ئەو نامیلکەیەشدا کە هاگارت ساڵی ١٩٦٩ بڵاوی کردەوە وەبەر چاو دەکەوێت: "تۆێژینەوە کولتوورییەکانی هاوچەرخ: تێڕوانینێک بۆ تۆێژینەوە لە ئەدەبیات و کۆمەڵگە". لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠-ەوە، ڕەخنەکارانی ئەدەبی بواری کاروباری خۆیان بەربڵاوتر کرد و لە پێوەندی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵگە کە هاگارت باسی دەکات زۆر ئەولاتر تێپەڕین. ویلیامز کاریگەرێتییەکی فراوانی لەم ڕەوتەدا هەبووە، بەڵام هاگارت کە بەڕێوەبەری ناوەندی تۆێژینەوەگەلی کولتووریی هاوچەرخ لە زانکۆی بیرمینگام بوو، لە پەرەپێدانی بەرچاوی بواری تۆێژینەوەگەلی ئەدەبی و پەرەپێدانی بۆ بوارەکانی تر دەورێکی کاریگەر و دیاریکەری گێڕا. ئەو ڕەوتەی کە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٧٠-ەوە بینیومانە و لەو کاتەشەوە بەدوا لەگەڵ ئەو گومان تەوەرییەی پاش پێکهاتەخوازان لە بابەت جیاوازیی گرنگانەیی دەقگەلی ئەدەبی لە نائەدەیی ڕەهەندی زۆر بەربڵاوتری بە خۆوەگرت. هەڵبەت لە سەردەمی هاگارت و ویلیامزەوە، گۆڕانکاریی زۆر بنەمایی لە تۆێژینەوەگەلی کولتووریدا هاتووەتە ئاراوە. لە دەیەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ زۆربەی هەرە زۆری کاربەدەستانی تۆێژینەوە کولتوورییەکان بە چاوێکەری لە پاش پێکهاتەخوازان حاشایان لە بوونی سەرچاوە و ئامادەبوون و ڕێکوپێکی کرد و لەو تێڕوانینانەی کە کولتووریان بە پێی ڕەسەنایەتی و ڕێکوپێکییەکی ئۆرگانیک پێناسە دەکرد دوور کەوتنەوە و ڕوویان لەو ڕوانگانە کرد کە بە فراوانی کاریگەریی هزری دریدا و فووکۆیان پێوە دیارە. کولتوور، چ کولتووری دەوڵەمەندانەی ڕێنیسانسی ئینگلیزی و چ کولتووری لایەنگرانی هەنووکەیی تۆپێن، لەم سەردەمەدا وەک دیاردەیەکی دەستکرد دێتە ئەژمار؛ بەو واتایە کە کولتوور هەموو کات چێ دەکرێت و هەمووکات دوا بەرهەم دڵخوازانەیە و بە کۆمەڵێکی لە بن نەهاتووی کارلێک و دانوستان بەستراوەتەوە. هیچ کولتووریێک بۆی نییە لافی ڕەسەن بوون لێ بدات - هەرچەندە زۆربەی کولتووریەکان زۆربەی جار لافی وا لێدەدەن - و هیچ کولتووریێک ناتوانێت ئێمە بەو هەقیقەتانە بگەیەنێت کە لەوپەڕی خۆی و فووکۆ گوتەنی، لەوپەڕی گوتاری خۆی دایە.

مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری

دەستکرد بوونی کولتوور و پەیوەست بوونی بە تۆێژینەوە ئەدەبییەکان لە دوو شێوازی سەرەکیی ڕەخنەی هاوچەرخدا خاوەنی گرینگایەتییە: مێژووخوازی نوێ، کە لە بنەڕەتدا تێڕوانینێکی ئەمریکییە و لە ئاستێکی بەرچاودا ئەمریکی ماوەتەوە و ماتریالیزمی کولتووری، کە تێڕوانینێکی پتر ئینگلیزییە و بە ئینگلیزیش ماوەتەوە.

سەرەتا خاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو تێڕوانینە دەخەینە بەرباس، پاشان هەر کامیان بە جیا شی دەکەینەوە: یەکەم خاڵ ئەوەیە کە هەر دووکی ئەم تێڕوانینانە ئاوێتەیەک لە داگەڕانە مارکسیستی و پاش پێکهاتەخوازانە و بە تایبەتی بۆچوونگەلی پاش پێکهاتەخوازانە لە بابەت خود، گوتار و دەسەڵاتیان هێنایە نێو تۆێژینەوە نەریتییەکانی ئەدەبیاتی ڕێنیسانسی، بە تایبەتی شۆێنەواری شێکسپیر. بە سرنج گرتن لەوەی کە مێژووخوازی نوێ پتر بۆ لای شێوەی فووکۆیی پاش پێکهاتەخوازی و چەمکی دەسەڵات (بە مانا فووکۆییەکەی) و ئەو گوتارانەی کە وەک هەڵگرانی دەسەڵات وەگەڕ دەکەون، لەسەر بیچم پێدان بە ناسنامە و...تاد، دادەگەڕا، لە کاتێکدا ماتریالیزمی کولتووری پتر مەیلی بوو بۆ لای ڕوانگەی مارکسیستیی ڕیمۆند ویلیامز (کە ساڵی ١٩٧٩ لە کتێبی "مارکسیزم و ئەدەبیات"دا خۆی دەستەواژەی "ماتریالیزمی کولتووری"

داهێنا) و سەرنجی دایە ئایدیۆلۆژی و دەوری ڕێکخراوەکان و ئەگەرەکانی تێکڕووخان (یان دژایەتی، کە هەندێک لە ماتریالیستە کولتووریەکان وایان پێ باشترە لە بری تێکڕووخان بە کاری بهێنن).

ئاشکرایە کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پاش زەمینە فیکرییە، مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری نکوولّی لە سەربەخۆیی و هەروەتر مرخی تاکەکەسیی نووسەر و خوێنەری بەرهەمی ئەدەبی دەکەن و پێیان وایە دەقی ئەدەبی لە زەمینە و تانوپۆی مێژوویی خۆی قابیلی جیابوونەوە نییە. دەوری نووسەر بە تەواوەتی وەپشتگوێ ناخرێت، بەڵام ئەمە دەورێکە کە لە باشترین دۆخدا تەنیا تا ڕادەیەک لە ژێر ڕکێفی خوێدایە و زۆرتر ئەوە بارودۆخ و هەلومەرجی مێژوویی کە دەوری نووسەر دەستنیشان دەکات. ستیون گرینبلاّت، ئەو ڕەخنەکارە هەڵکەوتەیەی کە لە بواری مێژووخوازی نوێدا دەستی هەیە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:"بەرهەمی هونەری حاسڵی کارلێکی نێوان داهێنەرێک، یان چینێک، یان تاقمێک داهێنەرە کە لە نێوانیاندا کۆمەڵێکی پڕ پێچوپەنای گرێبەست و بنکە و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان هاوبەشە". کەواتە دەقی ئەدەبی هەموکات پاژێکە لە سیستمێکی زۆر بەربڵاوتری کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. دەقی ئەدەبی کە بێ گومان شوێن وەرگرتوو لە چرکەساتی مێژوویی داهێنانی خۆیەتی، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مێژوو دەبێتەوە. ڕەخنەی ئەدەبی، بە پێچەوانەی ڕوانگەی زاڵی ڕەخنەی ئینگلیزی-ئەمریکی، سنوورەکانی کات و شوێنی خۆی نابەزێنێت و ڕەگەزێکی کەلامیی پابەندی کات و شوێنە، کە هەموو کات بە جۆرێک لە جۆرەکان سیاسییە، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ناچارەکی پێوەندیی بە گوتار، یان ئایدیۆلۆژیاوە هەیە، بە شێوەیەکی ناچارەکی دەبێتە لە خۆگر و هەڵگری دەسەلاّت، هەربۆیە ئەدەبیاتیش وەک هەر دەقێکی تر نەک هەر ڕەنگدەرەوەی پێوەندییەکانی دەسەلاّتە، بەڵکو چالاکانە و هەڵسووڕاوانە لە سەقامگیر کردن و بیچم پێدانی گوتار و ئایدیۆلۆژییەکاندا پشکداره، ڕێک وەک چۆن کە نەک هەر لە ئاستی تاکەکەسی - واتە لە ئاستی سووژەدا - بەڵکو لە ئاستی گرووپی و تەنانەت لە ئاستی نەتەوەییدا وەک ئامراز و ئامێری ناسنامە پێکهێن دەستی هەیە. ئەدەبیات بە تەنیا بەرهەمی مێژو نییە، بەڵکو هەڵسووڕاوانە لە پێکهێنانی مێژوودا کار دەکات. مێژووخوازانی نوێ و ماتریالیستە کولتوورییەکان، ئەدەبیات بە بابەتێکی تایبەتی دەقی باڵا و هەر لە بنەڕەتەوە ئەوپەڕی مێژوویی لە قەڵەم نادەن، هەر چەند لەوانەیە لە باری فۆرمییەوە جیاواز بێت. ئەوان هەر بەو شێوەیە ڕووبەڕووی دەقی ئەدەبی دەبنەوە کە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەر دەقێکی تر ببنەوە. لەو ئامانجە تایبەتەی کە ئەمانە بە دوایدا دەگەڕێن - شوێن پێ هەڵگرتن و ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەلاّت و پرۆسەکانی پێکهێنانی ئایدیۆلۆژی و کولتوور - جیاوازییەک لە نێوان ئەدەبیات و دەقگەلی تر لە ئارادا نییە، جا ئەو دەقانە ئایینی بن، یان سیاسی، یان مێژوویی، یان بەرهەمی ئەو وردە کولتوورە پەراوێزییانە بن کە تا ئێستا وەپشتگوێ خراون.

دواجار بەم بۆچوونەوە کە کولتوور و سەرلەبەری باوەڕ و بەهاکان، بابەتێکی دەسکرد و چێ کراون، مێژووخوازانی نوێ و ماتریالیستە کولتووریەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە بنەما هزرییەکانی خودی ئەمانیش دەسکردن، هەربۆیە ئەگەر و ئیمکانی ئەوەیان تێدایە کە پێکهاتەیان بشکێندرێت، بەڵام ئەم باوەڕە نابێتە بەربەست لەوەی کە لە ژێر کاریگەرێتیی تێڕوانینێکی سیاسی کە لە هەمبەر موحافیزەکاریی دەیەی ۱۹۸۰ (سالاّنی حوکمڕانی ڕیگن لە ئەمریکا و تاچەر لە بریتانیا) خۆڕاگری دەکات، هەڵوێستی تایبەتی سیاسی بگرنە بەر. کاترین گلاگر، ئەو ڕەخنەکارە هەڵکەوتەیەی کە شوێنکەوتووی مێژووخوازی نوێیە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێت لە مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری وەک درێژەدەری ڕێگای هەندێک گەڕیانی چەپی نوێ لە کۆتایی دەیەی ۱۹۶۰ بڕوانین. وەک چۆن دواتر باسی لێ دەکەین، لە بواری پراکتیکدا - لە بەرانبەر بواری تیوریک - لە مێژووخوازی نوێدا، زۆر کەس هەن ئەم قسەیە ناسەلێنن.

مێژووخوازی نوێ

باشە ئەگەر مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری تا ئەم ڕادەیە لایەنی هاوبەشیان هەیە، کەواتە چ شتێک ئەوان لە یەکتری جیا دەکاتەوە؟ یەکێک لە لایەنەکانی جیاوازی ئەم دوو ڕوانگەیە، ئەو دەورەیە کە دەدرێتە پرسی تێکڕووخاندن، یان دژایەتی. بۆ وێنە، ئالن سینفیلد کە یەکێکە لە ماتریالیستە کولتووریەکان، ئەوە دەڵێت کە مێژووخوازانی نوێ بە وەها مۆدێلێکی

"داخراو"ی کولتوور کار دەکەن کە هیچ شوێن و پێگەیەک بۆ کردەی کاریگەری و گۆڕانکاری ناهێڵنەوە، بەڵام با پێشتر چاوێک بە میژووی خودی میژووخوازی نوێ بخشێنین.

ئەگەرچی میژووخوازی نوێ پێشتر بە کار برابوو، بەڵام ئەوە ساڵی ١٩٨٢ بوو کە ئەم دەستەواژەیە باری مانایی هەنووکەیی خۆی دەستەبەر کرد. لەم ساڵەدا بوو کە ستیون گرینبلاّت، ڕەخنەکاری ناسراو، لەم دەستەواژەیەدا بە مەبەستی پێناسەکردنی نووسراوەکانی دواتری خۆی و ئەوانی تر لە بابەت سەردەمی ڕێنیسانس، کەڵکی وەرگرت. زۆربەی خاوەن ڕایان ساڵی ١٩٨٠ بە خاڵی دەستپێکی ئەم تێڕوانینە لە قەڵەم دەدەن، چونکە لەم ساڵەدا بوو کە گرینبلاّت کتێبی "بیچم گرتنی خود لە سەردەمی ڕێنیسانس: لە مورەوە تا شێکسپیر"ی بڵاو کردەوە و لوئیس مانترۆز باسی ئاماده بوونی دەسەلاّتی لە ژانری شوانکارەدا کرد؛ ئەو ژانرەی کە زۆربەی جار پێوەندییەکی لەگەڵ وەگەڕ خستنی دەسەلاّت نییە. مانترۆز بە وەشوێن کەوتنی فووکۆ کە پێی وابوو "پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان لە زاتی خۆیاندا پێوەندی دەسەلاّتن"، لە وتارێکدا بە ناوی "ئێلیزا، شاژنی شوانان و شوانکارەیی دەسەلاّت"، دەوری ئەدەبیاتی شوانکارەیی سەردەمی ئێلیزابێتی لە مەڕ "نێوبژیوان کردنی هێماخوازانەی پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان" تاووتو کرد. گرینبلاّت لە کتێبی "بیچم گرتنی خود لە سەردەمی ڕێنیسانسدا" (کە تێیدا میتودی ڕەخنەکارانەی خۆی بە "بوتیقای کولتوور" ناودێر دەکات) دەڵێت:"لە سەدەی حەڤدەمدا ڕووبەڕووی جۆرە خودئاگاییەکی پەرەستێن دەربارەی بیچم گرتنی ناسنامەی ئینسانی وەک پرۆسەیەکی دەستکرد و قابیلی دەست تێوەردان دەبینەوە". هەر چۆنێک بێت، ناشێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە لێک بدەینەوە کە مرۆڤەکانی سەردەمی ڕێنیسانس دەیانتوانی ناسنامەیەکی بە ڕاستی سەربەخۆ بۆ خۆیان چێ بکەن. تۆماس موور لەم بارەیەوە دەڵێت، "بارودۆخی" ئەو، یان "پرۆژەی" ئەو بریتییە لە ئەوەی "ژیان وەک کەسایەتییەک کە فرێدرابێتە سەر سەکۆی ژیان، بژیت، بەردەوام لە هەر چرکە ساتێکدا نەفەسێکی نوێ بە ڕوحی خۆیدا بکات و هەموو کات ئاگاداری ناواقیعی بوونی خۆی بێت"، لە کاتێکدا وایات (شاعیر و سیاسەتوانی بریتانی) "ناتوانێت خودێک بۆ خۆی چێ بکات، لە بەرانبەر ئەو دەسەلاّت و ڕێککەوتنانەی کە دەسەلاّت کەڵکیان لێ وەردەگرێت. بە پێچەوانە، "خود"ی وایات ڕێک لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنانە بیچمی گرتووە". ئاگاداربوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لەو شێوازانەی کە "خود" لە ڕێگای ئەوانەوە چێ دەکرێت بووە هۆی ئاگادار بوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ئەوەی کە چۆن چۆنی "خود" دەکەوێتە بەردەم پێوەندییەکانی دەسەلاّت و چۆن چۆنی هەموو کات لە نێو کۆمەڵێک پێکهاتەی گەورەتردا وەگەڕ دەکەوێت کە هەموو ڕەوتەکانی بە ڕوالەت شیاوی بیچم گرتنی "خود"، لە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەلاّتی ئەواندایە. کتێبی "بیچم گرتنی خود لە سەردەمی ڕێنیسانس" دواجار ئەم تێڕوانینەی پاش پێکهاتەخوازان دەسەلمێنێت کە "خود" هەموو کات شتێکی دەستکردە و ناسنامەی ئێمە هەرگیز بابەتێکی بڕیار لە سەردراو و دیاریکراو نەبووە و نییە، بەڵکو هەموکات حاسڵی تەعامول و کارلێکە لە نێوان ئەو وێنەیەی کە بە ئاواتی دەخوازین لە مەڕ خۆمان بینوێنین – لە ڕێگای ئەو بەسەرهاتانەی دەیانگێڕینەوە (یان ئەو بابەتانەی دەست بە ڕوویانەوە دەنێین) و وێنە ڕاستەقینەکانی ئێمە – و پێوەندییەکانی دەسەلاّت کە ئێمە خۆمان پاژێکین لەو پێوەندییانە. گرینبلاّت کە ئیلهامی لە هۆگر بوونی فووکۆ لە مەڕ دابڕانە گەورەکانی میژوو وەرگرتبوو، ناوەرۆکی سەرەکی سالاّنی دەستپێکی میژووخوازی نوێی بەم چەشنە ناساند: چۆنیەتی گۆڕانی ئەرکەکانی دەسەلاّت و شێوازەکانی چاودێری لەگەڵ سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ کە لەم حاڵەتە تایبەتەدا تێپەڕین بووە لە قۆناغی پێش مۆدێرن بەرەو قۆناغی سەرەتایی مۆدێرن و ئەو باوەڕەی کە لە مەڕ سەربەخۆیی و ئازادی سووژەدا هاتبووە ئاراوە.

کەواتە بۆمان هەیە پێناسەی جان برانیگان لە بابەت میژووخوازی نوێ پەسند بکەین. ئەو میژووخوازی نوێ بەم چەشنە پێناسە دەکات:"شێوازێکی ڕاڤەی ڕەخنەکارانەیە کە پێگەیەکی تایبەت بە پێوەندییەکانی دەسەلاّت دەدات وەک گرینگترین تانوپۆی هەرچی دەقە". دواتر لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"میژووخوازی نوێ شێوازێکی ڕەخنەکارانەیە کە دەقی ئەدەبی وەک پانتاییەک چاو لێ دەکات کە تێیدا پێوەندییەکانی دەسەلاّت ئاشکرا دەبن". دیارە لێرەدا مەبەست لە دەسەلاّت، دەسەلاّتی فیزیکی و تەنانەت پێداویستیی سەرچاوەگرتوو لە دروست کردنی زەخت و گوشار نییە، هەرچەندە زۆربەی جار دەسەلاّت خاوەنی

دۆخێکە کە بۆی هەیە لە هەڕەشەکردن بە مەبەستی وەگەڕ خستنی تووندوتیژی فیزیکی لە پێناوی سەقامگیر کردنی خۆیدا کەڵک وەربگرێت. لەم بوارە هزرییەی فووکۆییدا، دەسەڵات لە ڕێگای گوتارەکانەوە وەگەڕ دەکەوێت و وەک ئایدیۆلۆژی، ئەم باوەڕە لە هەناوی سووژەدا دەچێنێت کە بە جێ دەستوور و فەرمانەکانی دەسەڵات سروشتیترین شتێکە کە دەکرێت بکرێت، هەر بۆیە بڕیارێکە سەربەخۆیانە و لەسەر بنەمای سەربەستی. دەسەڵات ناشێت ناچارەکی سەرکوتکەر بێتە بەر چاو، چونکە لە ڕاستیدا سووژە دەکاتە چاو و چاودێری خۆی. "براگەورە"کەی جۆرج ئۆرووێل لە ناخی زەینەکانەوە ئاگای لە ئێمەیە. مێژووخوازانی نوێ لەسەر ئەو باوەڕەن ئەدەبیات هەڵسووڕاوانە لە ڕێگای بەشداری کردن لە شێوازەکانی گوتارئامێز بۆ بیچم پێدان بە مێژوو دەور دەگێڕێت. وەک نموونەیەکی تر دەکرێت ئاماژە بە وتاری لوئیس مانترۆز بە ناوی "بیچم گرتنی فانتێزی: جنسییەت و دەسەڵات لە کولتووری ئێلیزابێتی-دا" (۱۹۸۳) بکرێت. لەم وتارەدا شەبەنگێکی بەربڵاوی دەقی جۆراوجۆر - وەک ژیاننامەی تاکەکەسی، سەفەرنامە و شانۆنامەیەکی شێکسپیر - تاووتو کراوە بۆ ئەوەی نیشان بدرێت کە چۆن چۆنی کۆمەڵێک وێنا کردنی شاژنی ئێلیزابێتی یەکەم - واتە هەر ئەو فانتێزییەی کە لە سەردێڕی وتارەکەدا هاتووە - یارمەتیدەری خولقاندنی بتێک بووە بە ناوی "شاژنی بوخچە نەکراوە".

ئەمە نە مێژووی ئەدەبیاتە و نە مێژووی کولتوور، لانی کەم مێژووی کولتوور نییە بەو واتایەی کە وەک لقێک لە بواریکی زۆر بەربڵاوتری مێژوو لە دەیەی ۱۹۷۰-دا بیچمی گرت. مێژووخوازی نوێ (هەروەتر ماتریالیزمی کولتووری) درێژەدەری ئەو نەریتە فووکۆییەیە کە سرنج دەگرێتە ئەو سەرچاوە و ژێدەرانەی دەسەڵات کە تا ئێستاکە بە شاراوەیی مابوونەوە و گومانیان لای کەس دروست نەکردووە و خۆی بەم پرسەوە خەریک کردووە کە چۆن چۆنی دەسەڵات بە مەبەستی سەرکوت کردن و بەرەو پەراوێز بردنی گێڕانەوە و گوتارەکانی لایەنی نەیارە. میتودەکانی مێژووخوازی نوێ، هەڵبەت ئەوەندەی بکرێت و بشێت باس لە میتودێک بوونیان بکرێت، پتر پشت ئەستوور بە میتودەکانی مرۆڤناسین تا میتودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی - ئەگەرچی میتودی خوێندنەوەی وردیش بە بەربڵاوی کەڵکی لێ وەردەگیرێت - یان میتودەکانی مێژووی. بارودۆخی مێژووی، وەک بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری، داهێنانی دەقێکی ئەدەبی تایبەت، یان زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ژیانی داهێنەرەکەی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەدەبیات ناخوێنرێتەوە، هەروەتر ئەدەبیاتیش بە مەبەستی ئەوەی تێشکێکی ڕاستەوخۆ بپرژێتە سەر مێژوو، ناخوێندرێتەوە، بەڵکو سەردەمی مێژووییی بەرباس وەک کولتوورێکی تەریک کەوتە لە قەڵەم دەدرێت کە دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی گوتارئامێزی ئەو سەردەمە - واتە ئەو دەقە جۆراوجۆرانەی کە کەوتوونەتە دەست ئێمە و بوونەتە بابەتی کاری ئێمە - دەشێت سرنجی وردیان تێبگرێت و لە پاڵ یەکتر تاووتو بکرێن بۆ ئەوەی ئەگەری ئەوە بێتە ئاراوە پێوەندییەکانی دەسەڵات و ئەو هێزانەی لەو کولتوورەدا کار دەکەن، وێنا بکرێن. ئەو خاڵە گرینگ نییە کە لە گۆشەنیگایەکەوە هەوڵ دەدەین ئەو پێوەندییانە وێنا بکەین؛ نێوبانگی مێژووخوازی نوێی سەرەتا لە دەیەی ۱۹۸۰ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەو دەقانە دەست پێکرد کە وێدەچوون حیکایەت بن. پاشان ئەوە نیشان درا کە هەر ئەم بە ڕواڵەت حیکایەتانە تا چ ڕادەیەک پێوەندییان بە بابەتی بەرباسی ئەوانەوە هەیە، لەو سۆنگەیەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی هەژموونییەکی تایبەت (ئەو وشەیەی گرامشی بە کاری هێناوە) یان ئایدیۆلۆژیی زاڵ و بالادەست، هەموو شتێک پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هیچ دەقێک نییە لە پێگەیەکی بەرزتردا بێت، هەموو کات لە سەنگوسووک کردنی کولتوورەکانی ڕابردوو ئەگەری دەست پێ ڕاگەیشتن بەو شتەی بەرباسە، بوونی هەیە. مێژووخوازی نوێ لە تاووتوکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا شوێن پێی شێوەکانی ئەو گوتارانە هەڵدەگرێت کە دەسەڵات ڕەچاوی دەکات، ، واتە جوانکاری و فرتوفێڵەکانی ڕەوانبێژی. ئەو جیاکارییانەی کە لە تێڕوانینەکانی تر بۆ خوێندنە ئەدەبی و نائەدەبییەکان، یان جیاکاری نێوان ژێرخانی ئابووری و سەرخانی کولتووری لە ئاراداان، لەم تێڕوانینەدا جێگە و پێگەیەکیان نییە. هەموو شتێک بریتییە لە کولتوور و کولتووریش بۆی هەیە وەک دەقێکی ئەدەبی بخوێندرێتەوە و لێک بدرێتەوە. مێژووخوازی نوێ، لە میتودناسییەکەیدا، کە ئەوەندەش بناغەکەی پتەو نییە، منەتباری مرۆڤناسیی ئەمریکی، کلیفۆرد گریتزە، نەک تەنیا لەبەر پێداگرتنی ئەو لەسەر ئەوەی کە گشتێتیی

کولتوور "دەسکردە" و بە بێ هیچ ئاخێزگەیەک وەدوای کۆمەڵێک ئامانجی پراکتیک دەکەوێت - ئەو تێڕوانینەی کە کەموزۆر لەگەڵ تێڕوانینی پاش پێکهاتەخوازی لە مەڕ کولتوور هاوئاراستەیە - بەڵکو هەروەتر لە سۆنگەی میتودی "وەسفکردنی وردەکارانە" کە ئەو ڕەچاوی دەکرد و بریتییە لە لێکدانەوەی پشت ئەستوور بە بینینی ورد و هەمەلایەنەی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان. ڕەخنەی مەیلەو مێژووخوازی نوێ پرسی توێژینەوەی بەربڵاو لە "میتودە گوتارییەکان" و تاووتەئسیری سەرکوتکەرانەی ئەو میتودانەی لە گریتز و فووکۆ وەرگرتووە.

ئەم شێوە ڕەخنەیە وەک باسی لێکرا بە خەستوخۆڵی کاریگەریی هزری فووکۆی لەسەرە. لە دژایەتی کردنی تێڕوانینی فووکۆ لە مەڕ دەسەڵات و تاووتەئسیرەکانی باسوخواسی فراوان هاتووەتە ئاراوە، بەڵام هەڵسەنگاندنی ئێمە بە هەر بارێکدا بشکێتەوە، ناکرێت ئەم خاڵە وەپشتگوێ بخرێت کە فووکۆ لە بابەت ئەگەر و ئیمکانی خۆڕاگری بە هیچ کلۆجێک گەشبین نییە. لە وتارێکی زۆر گرینگدا بە ناوی "گوللە نادیارەکان" کە ساڵی ۱۹۸۱ بڵاو کرایەوە، ستیون گرینبلاّت هەر هەمان تێڕوانینی ڕەشبینانەی فووکۆ دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت، تێکڕووخاندنی ڕێنیسانس گەمەی ناچارەکیی دەسەڵات بوو. لە ڕاستیدا، دەسەڵات پێویستی بە تێکڕووخاندنە و چالاکانە و هەڵسووڕاوانە کردەی ڕووخێنەرانە بە ئەنجام دەگەیەنێت: "تێکڕووخاندن حاسڵی دەسەڵاتە و لەوەدا ڕێی دەرباز بوونێک لە گۆڕێدا نییە". هەڵبەت وا نییە بڵێین سەرلەبەری ڕەخنەکارانی مێژووخوازی نوێ، ئەم تێڕوانینە ڕەشبینانەیە دەسەلمێنن؛ ئەو تێڕوانینەی کە لە گۆشەنیگای هەندێک لە خاوەن ڕایان هەوێنی گومان کردن لە دەرەوەست بوونی مێژووخوازی نوێیە لە هەمبەر سیاسەتێکی ڕزگاریبەخشانە و پێشکەوتنخوازانە، تەنانەت گرینبلاّت خۆی لە هەمبەر ئەم چەشنە ڕەخنانە، یەک لەوان ئەم قسەیەی ئالێن سینفیلد کە مێژووخوازی نوێ پشت بە مۆدێلێکی "داخراو"، یان "بە سەر تەڵەدا کەوتوو" دەبەستێت و کاری پێدەکات، پارێزگاری لە خۆی دەکات. سەرباری ئەوە، هەرچەندە دەڵێت: "بەکەر بوون هەر لە بنەڕەتەوە بابەتێکی ناچارەکییە و دەرباز بوون لێی ئیمکانی نییە"، دەستبەجێ لە بەردەوامی بابەتەکەیدا، بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسک بکەربوون وەسف و وێنا دەکات:

مێژووخوازی نوێ، بەو شێوەیەی من تێی گەیشتووم، پرۆسە مێژووییەکان بە بابەتی نەگۆڕ و دابڕاو لە قەڵەم نادات، بەڵام عەبدالّی دۆزینەوەی ئەو بەربەست و لەمپەرانەیە کە لەسەر ڕێی کردەی تاکەکەسی دادەندرێن: ئەو کردەوانەی کە وێ دەچێت تاک بن وەک فەرەکراو دەنوێندرێن؛ دەسەڵاتی بە ڕواڵەت تاکی مرخی تاکەکەسی لە کۆتوبەندی هێزی هەرەوەزیی کۆمەڵگادایە؛ جوولّەیەکی دژبەر لەوانەیە ڕەگەزێک بێت لە پرۆسەیەکی شەرعییەت پێدەر، بەڵام هەوڵدان لە پێناوی سەقامگیر کردنی نەزم و ڕێکوپێکی شتەکان، ئەو جوولّەیە ڕادەگرێت و سەرکوتی دەکات.

بە هەموو چەشنێ، بەرگرییەکەی گرینبلاّت هەموو ڕەخنەکارانی پێمل نەکردووە. جان برانیگان لە مشتومڕێکدا کە لەم دواییانە لەسەر مێژووخوازی نوێ بڵاوی کردووەتەوە ئەم قسەیەی دووپات دەکاتەوە کە لە سۆنگەی ئەوەی خۆڕاگری هەموکات لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتە بەرهەم دێت کە هەر ئەو خۆڕاگرییە هەوڵی تێکڕووخانێتی، "مێژووخوازی نوێ بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی هیچ پانتاییەکی کاریگەر بۆ خۆڕاگری بوونی نییە، ڕوو دەکاتە خوێندنەوەیەکی ناهومێدکەرانە".

مێژووخوازانی نوێ لەم خاڵە ئاگادارن کە ئازادی دواجار بەرتەسک و سنووردارە سووژە لە پێوەندی دەگەڵ گوتاری هەژمونیکی (دەسەڵاتداری) کولتوور و پێوەندی ناچارەکی ئەو سووژەیە لەگەڵ ئەو گوتارە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا کۆتایی پێ نەهاتووە. لوئیس مانتروز لەم بارەیەوە دەڵێت: "داگەڕانێکی خۆڕاگر و پڕپێچوپەنام هەیە بۆ پاراستن و بەرهەم هێنانەوەی هەر ئەو بنکە و پێکهاتانەی کە خوازیارم لە کار و کردەوەیاندا گومان بکەم". بە گشتی، مێژووخوازانی نوێش وەک ماتریالیستە کولتووریەکان، باش دەزانن کە تێگەیشتنیان بۆ دەقە مێژووییەکان لە ئاستێکی بەرچاودا لە ڕێگای هەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی- مێژووییانەوە بێچمی گرتووە کە خۆیان پاژێکن لەوان ئەگەر ئەو دەقانەی کە ئەوان لێی دەکۆڵنەوە، لە ئاستێکی بەرچاودا شوێن وەرگرتوو لە ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی داهێنەرەکەیانە، کەواتە بێ گومان هەر ئەم خاڵە دەشێت لە بابەت ئەو دەقانەی کە ئەمانە خۆشیان نووسیویانە، وەڕاست بگەڕێت.

کەواتە ئەو باسوخواستەی کە مێژووخوازانی نوێ هێناویانەتە ئاراوە، هەموو کات تا ڕادەیەک بەرهەمی

دۆخی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی داهێنەرن، هەر بۆیە ڕێژەیی و مەرجدارن. لێرەدا بۆمان هەیە ئەم پرسیارە بهێنینە ئاراوە، ئەگەر پێشەکی دەزانین کە سەرومڕی ئەو باسانەی مێژووخوازانی نوێ بەرهەمی دەهێنن کەموکوڕییان تێدایە و هەر بۆیە ناکامڵ و نیوەچڵن، کە وایە حاسڵ و دەسکەوتی توێژینەوەکانی مێژووخوازی نوێ چییە و لە چیدایە؟ وەڵامێکی گرینگ کە بۆ ئەم پرسیارە مەزەندە دەکرێت، ئەمەیە کە باسوخواسەکانی مێژووخوازانی نوێ دەربارەی ڕابردوو، سەرباری ئەوەی هەڵگری گەلێ کەمایەسین، پێوەندی بە دۆخی هاوچەرخی ئێمەوە هەیە. بە شێوەیەکی ناچارەکی، ئێمەش لە هەناوی ئەو گوتارانەدا دەژین کە لانی کەم تا ڕادەیەک لە شکڵ پێبەخشین و بیچم پێدانی ئێمەدا دەستیان هەبووە و کاریگەر بوونە. بە هەمە حاڵ، وەک چۆن مانتروز دەڵێت، ئەگەرچی "ئەگەرو ئیمکانی بکەر بوونی سیاسی و پێکهاتەیی ناشێت لەسەر بنەمای وەهمی ڕاکردن و دەرباز بوون لە ئایدیۆلۆژی دامەزرێت، خودی ئاگادار بوون لە بوونی هەمەلایەنە و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی ڕەنگبێت دەرەتانێک بۆ هەناسەدان بڕەخسێنێت:

پرۆسەی ژیانی تاکەکەسی (سووژەئاسا) لە ململانێ و دژبەرییەکانی دەروونداً، یان لە نێوان ئایدیۆلۆژییەکاندا هەڵی ئەزموون کردنی هەندێک لایەنی ئەم سەرچڵییە لە نێو هەندێک بڕگەی دەروونیی کورت خایەن دێنێتە ئاراوە –، واتە ئەگەری خوێندنەوەی بەشێک لە کتێبی ئایدیۆلۆژیکی لەسەر دەستی بەشێکی تر. ئەو زانستە خۆ وروژێنەی (reflexive) کە وەها کورت خایەن و ڕێژەییە، بە هەمەحاڵ لەوانەیە هێزی بکەر بوون بخاتە نێو دەستی سووژەوە.

ئاگادار بوون لەو دەورەی کە گوتارەکان لە بیچم پێدانی ئێمەدا دەیگێڕن و ئەگەری وەدی هێنانی زەمینەی ڕووبەڕووبوونەوەی گوتارە دژبەر و نەیارەکان و لە ئاکامدا تێک تەپانی ئەو گوتارانە لە ناوەوە، لەوانەیە جێگەیەک بۆ هزر و کردەی کەموزۆر سەربەخۆ بکاتەوە؛ ئەو هزر و کردەیەی کە بۆی هەیە تاووتەئسیری ڕزگاریدەرانەی هەبێت. گرینگانەی ئێمە ئەوەیە کە ئەو خۆڕاگرییەی بەم چەشنە هاتووەتە گۆڕێ، بەرهەمی دەسەڵات نییە، بەڵکو بەڕاستی تێکڕووخێنەرە.

ئەم بەشەی کتێبەکەمان بە هێنانە بەرباسی چەند خاڵ بە کۆتایی دەگەیەنین. تا ئێستا ئەم بۆچوونەم هێناوەتە ئاراوە کە مێژووخوازی نوێ تەنیا پێوەندی بە ڕێنیسانسەوە هەیە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە مێژووخوازی نوێ لە ڕێگای توێژینەوە لە ڕێنیسانس هاتە نێو مەیدانەوە و لەم بوارەدا شۆڕشێکی ڕاستەقینەی بەرپا کرد تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ۱۹۸۰ تێڕوانینگەلی پشت ئەستوور بە مێژووخوازی نوێ سنووری توێژینەوەکانی خۆیان بەرەو خوێندنەوەی سەردەمەکانی تریش پەرە پێ دا، بۆ نموونە، لە سەردەمی ڤیکتۆریاشیان کۆڵییەوە. لە دەیەی ۱۹۹۰دا دەبینین ڕەخنەکارانی مێژووخوازی نوێ ئیتر خۆیان بە هیچ سەردەمانێکی تایبەت نابەستنەوە. خاڵی دووەم کە لە بۆ ماتریالیستە کولتوورییەکانیش وەڕاست دەگەڕێت، ئەوەیە کە لە ئاخروئۆخری دەیەی ۱۹۸۰ و سەرەتاکانی دەیەی ۱۹۹۰، هێڵە سنووربیەکانی نێوان مێژووخوازی نوێ (ماتریالیزمی کولتووری) لە لایەک و فێمینیزم و توێژینەوەکانی تازە سەرهەڵداوی پاش کۆڵۆنیالیزم لە لایەکی تر، بەرەبەرە کاڵ بوونەوە و سڕدرانەوە.

بۆ وێنە، کتێبی گرینبلاّت بە ناوی "کۆڵۆنیالە سەیروسەمەرەکان: سەیروسەمەرەییەکانی سەردەمی ئێمە" کە ساڵی ۱۹۹۱ بڵاو کرایەوە، لەو بوارەی توێژینەوەدا جێی دەبێتەوە کە ئیمڕۆ پێی دەگوترێت: توێژینەوەی پاش کۆڵۆنیالیزمی. ئەم کتێبە لەو دەورە دەکۆڵێتەوە کە "سەیروسەمەرەیی" لە پەرچە کرداری لێکۆڵەران و گەڕیدەکانی ئەورووپی لە مەڕ جیهانی نوێ (وشکایی ئەمریکا) دەیگێڕێت. ئەو ڕاشکاوانە سەیروسەمەرەیی بە "هۆکاری داگیرکاری" لە قەڵەم دەدات، بەو واتایە کە ڕەنگدانەوەکانی سەیروسەمەرەیی کە لە پەرچە کردارەکانیاندا (بە شێوەی نووسراو) بەرچاوە وەک ئامێری دەسەڵات بە کار دێن. هەرچەندە لەم کتێبەدا ناوەندی سرنج و باسوخواسەکان ئەورووپییەکانن، نەک ئەو جیهان و خەڵکە نوێیانەی کە بوونەتە هۆی سەرسوڕمانی ئەورووپییەکان، (ئەو بابەتەی کە لە توێژینەوەکانی پاش کۆڵۆنیالیزم زیاترین سرنجی پێدەدرێت)، بەو ئەندازەیەی کە پشت ئەستوور بە مێژووخوازی نوێیە، بەشێکیشە لە توێژینەوەکانی پاش کۆڵۆنیالیزم. داگەڕانە نوێیەکانی مێژووخوازی نوێ لە دەیەی ۱۹۹۰ دەکرێت بە نیشانەی ئەو سەردەمە و شاهید حاڵی کاریگەریی لە کتوپڕ و هەمەلایەنەی توێژینەوەکانی پاش کۆڵۆنیالیزم لە قەڵەم بدرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەم گۆڕانکارییانە وەک

دژکـردەوەیەک لە هەمـبـەر ئەو ڕەخنانە بزانین کـە لە مێژووخـوازی نوێ گیـراون. ڕەخنەکـارانی فێمـینیست و ڕەخنەکـارانی تر لەگـەڵ تاووتەئسـیـری وێرانکارانەی تێـڕوانینی مـێـژووخـوازانی نوێ بۆ دەسـەڵات و لەگـەڵ ئەوەی کـە چۆن لە ڕەخنەی مـێـژووخـوازی نوێ پێکهاتەکانی دەسەڵات وێنەیەکی یەکدەست و هاوشێوە لە سـەرلەبەری ئەو سـووژانەی کـە لە هەناوی ئەم پێکهـاتانەدا دەژین، دەخـاتە بەردەست و لە ئەنجـامـدا هەموو جیاوازییە چینایەتی و جنسی و ڕەگەزییەکان بە تەواوەتی وەپشـتگوێ دەخـرێن، دژایەتیـیـان کـرد. لە پەرچەکرداریاندا بۆ ئەم ڕەخنانە، مـێـژووخـوازی نوێ لە لێکدانەوەکانیدا لە مەڕ چۆنێتی بیچم گرتنی سووژە، ئەم جیاوازییانەشیان خستە بەرباس. لە مێژووخوازی نوێی دەیەی ۱۹۹۰ سـووژە تەنیـا بەرهەمی ئایدیۆلۆژیی بالادەست نیـیـە، بەڵکو لە ئاسـتی جـۆراوجـۆر و لە سەردەمـانی جۆراوجۆردا لەوانەیە لەسـەر دەستی یەک، یان چەند وردە کـولتـوور لە پەنا ئایدیۆلۆژیی بالادەست، بیـچم بگرێت. لە چوارچێـوەی تێـڕوانینی لەم چەشنەدا دەستبەجێ هۆکارگەلێکی وەک جنسییەت و ڕەگەز زەق دەبنەوە، بـەڵام تیـــور داڕێـژیی هـاوچەرخ دەربـارەی جنسییەت و ڕەگەز کە لەژێر کاریگەریی پێداگرتنی پاش پێکهاتەخوازی لەسەر جیاکاری و جیاوازی شکڵی گرت، هێشتا قۆناغە سەرەتاییەکانی تەی دەکرد.

ماتریالیزمی کولتووری

ڕەخنەی مـاتریالیـزمی کـولتـووری لە نێـوەڕاسـتەکانی دەیەی ۱۹۸۰ و لەگـەڵ چاپی کـتـێـبگەلی "تراژیدیی ڕادیکاڵ: ئایین، ئایدیۆلۆژی و دەســەڵات لە شـانۆی شـێکسـپـیـر و هاوچەرخـانیـدا" (۱۹۸٤) نووسـراوی جاناتان دۆلیمۆر، "بابەتی تراژیدی: ناسنامە و جیاکاری لە شـانۆی ڕێنیـسـانسی" (۱۹۸۵) نووسـراوی کـاترین بلێسی و دوو کۆمەڵە وتار، واتە "شێکسپیرەکانی تر" (۱۹۸۵) کـە جـان دراکـاکـیـز پێـیـداچووەتەوە و "شـێکسـپـیـری سـیـاسی: کـۆمـەڵێک وتار لەسـەر ماتریالیزمی کولتووری" (۱۹۸۵) کە جاناتان دۆلیمۆر و ئالێن سـینفـیلد پێـیـداچوونەتەوە، پێگەی خـۆی لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا مسۆگەر کرد.

با لێـرەدا جـارێکی تر بە کـورتی ئاوڕێک لە لایەنە هاوبەشەکانی مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری بدەینەوە. یەکـەم، سـووژەکـان ناتوانن لە زەمـەن و سـەردەمی خـۆیان تێـپـەڕێنن و لەو چوارچێـوە و سنوورە کـولتـوورییـەدا دەژین کە ئایدیۆلۆژی و گـوتارەکـان بۆیان دروست کـردوون. ئەو پێکهـاتە ئایدیۆلۆژیکەی کـە داهێنەران تێـیـــدا دەژین و لـە هەناوی خـــۆیاندا تواندوویانەتەوە، بە شێـوەیەکی ناچارەکی بوونەتە پاژێک لە کـاری ئەوان، هەربۆیە شـۆێنەواری ئەوان هەمـووکـات سیاسییە و هەموو دەم مەکۆیەکە بۆ دەسەڵات. دۆلیمۆر و سینفـیلد لە پێشـەکی "شـێکسـپـیری سیـاسی"دا دەڵێن، "شـانۆنامـەی شـێکسـپـیـر بۆیان نیـیـە لەو تانوپۆ و زەمینەیەی تێـیدا نووسراون - واتە سیسـتمی ئابووری و سیاسی سەردەمی ئێلیزابێت و بریتانیای چاخی جیمزی یەکەم و پێکهاتە تایبەتەکانی بەرهەمهێنانی کولتووری (کـلـێـسـا، پشـتـیـوانیی دەرەبەگ، شـانۆ، پەروەردە و بارهێنان) - جیا بکرێتەوە". ئەدەبیـات، بە هۆی ئەوەی کـە دەورێکی گـرینگ لە داهێنان و سـەقـامگیـرکـردنی پێـوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەگێڕێت، تەنیا بریتی نییە لە ڕەنگدانەوەی ئەو کـولتـوورەی کە تێـیـدا بەرهەم هاتووە، بەڵکو چالاکـانـە و هەڵسـووڕاوانە لە بیـچم پێـدان بە کـولتـوور و لە ئاکـامـدا مـێـژوو شـۆێندانەر و کـاریگەرە. ماتریالیزمی مێژوورییش وەک مێژووخوازی نوێ ئەوەمان نیشـان دەدات کە چۆن چۆنی ئایدیۆلۆژی - و لە ئاکامدا سیستمی کۆمەڵایەتی بەردەست - هەوڵ دەدات بە بێ لە کـیـسـدانی دەسـەڵات و بالادەسـتی، خـۆی لە بارودۆخی نوێدا بپـاڕێـزێت، یان خـــۆی لەگـــەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنێت. دواجار لە سۆنگەی ئەوەی پێگەی ئەدەبیات جیا نیـیـە لە دەقگەلی تر (ئایینی، سـیـاسی، ئابووری، یاسایی، و تاد)، بەم واتایە کە ئەدەبیـاتیش وا نیـیـە بە شـێـوەیەکی تایبـەت دەسـتی بە هەقـیـقـەتی ڕووت و بالادەست ڕابگات، هۆیەک نامێنێتەوە کە بە شێـوەیەکی تایبـەت لەگـەڵ دەقی ئەدەبی هەڵسـوکـەوت بکرێت و شـانبـەشـانی شـەبەنگێکی بەربلاوی دەقگەلی غـەیری ئەدەبی دەخوێندرێتەوە.

کەواتە چ شـتێک مـاتریالیـزمی کـولتـووری لەم دەسـتە خوشکە کەمێک گەورەترە جیـا دەکاتەوە؟ پێشـتـر باسی ئەوەم کـرد کـە مـێـژووخـوازانی نوێ، تێکڕووخـاندن و دژایەتی، یان لانی کـەم شوێندانانی دژایەتی وەپشـتگوێ دەخـەن، مـاتریالیسـتـە کـولتـووریـیـەکـان ئەم لایەنەی ڕوانگەی ئەوان پەسند ناکـــەن. مـــاتریالیـســـتـــە کـولتـووریـیـەکـان ئەوە دەسـەلێنن کـە وێ دەچێت دەقی ئەدەبی لە یەکـــەم ڕوانیندا پشـتـیـــوانی ئایدیۆلۆژیی

هاوچەرخن، بەڵام بە ئەندازەی هاوتا مێژووخوازەکانیان ئایدیۆلۆژی بە دەست ڕۆیشتوو و شوێندانەر نازانن. هەرچەندە ئاشکرایە کە ماتریالیستە کولتووریەکان شوێنیان لە فووکۆ وەرگرتووە - بە تایبەتی لە لایەنی سرنجیان بۆ شێت و تاوانبار و چەوسێندراو و هەموو ئەوانەی وا لە بەستێنی مێژوودا وەپەراوێز خراو لە قەڵەم دراون - بەڵام ماتریالیزمی کولتووری شوێنپێی بپچوونی ویلیامز لە مەڕ ڕوانگەی گرامشی دەربارەی هەژمونی هەڵدەگرن. لە گۆشەنیگای ویلیامزەوە، وەک چۆن پێشتر باسی هاتە ئاراوە، کولتووری بالآدەست بە هەمە حاڵ تەنیا یەکێک لە یاریکەرانی مەیدانی کولتوورە، تەنانەت ئەگەر بەهێزترین یاریکەریش بێت. هەموو کات لە هەناوی کولتوورێکدا، کۆمەڵێک توێژی نیشتوو و هەروەتر هەندێ توێژی لە حاڵی سەرهەڵدان هەن کە لقوپۆپی تری ئەو شتەن کە گرامشی پێی دەڵێ هەژمونی. ویلیامز خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە ڕاستیدا چ کولتوورێکی بالآدەست بوونی نییە کە سەرلەبەری کردەی مرۆڤ توان و بڕستی مرۆڤ و خواست و نییەتەکانی مرۆڤ یەکجێ بگرێتە خۆی".

باسی ئالێن سینفیلد دەربارەی ئۆتێلۆی شێکسپیر لە کتێبی "خەوشەکان: ماتریالیزمی کولتووری و سیاسەتی خوێندنەوەی دژبەر" (۱۹۹۲) دەشێت وەک نموونە باسی لێبکرێت. لە کولتووری باوکسالاردا کە دەقە شانۆییەکەی شێکسپیر پێناسەکەرێتی، دزدەمۆنا پێویستە بە قسەی باوکی بکات و دەوری کچی ملکەچ لە ڕەوتی سروشتی ڕووداوەکاندا دەشێت وای لێ بکات تا لە بابەت پرسی شووکردن بۆ خواستی باوکی مل بدات، ئەگەرچی لە سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرن ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لەسەر ئەم بۆچوونە پێدادەگیرێت کە هاوژین خوازی بابەتێکی شەخسییە و دەشێ کەسەکە خۆی لەم بارەیەوە بڕیار بدات. ئەم "پارادۆکسە لە ئایدیۆلۆژیی هاوژین خوازی"دا - یەل لەو خەوشانەی سینفیلد دۆزیوەتەوە - ڕێگا بە دزدەمۆنا دەدات بۆ ئەوەی بۆچوونی باوکی بە هەند وەرنەگرێت و شوو بە پیاوێک بکات کە لە ڕوانگەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە دزدەمۆنای لێ هەڵکەوتووە، کەسێکە بە تەواوەتی نەشیاو و نەگونجاو، هەربۆیە نەزمی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر گوشاری ڕاستەخۆ. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە سینفیلد لە ڕوانگەی لیبڕال هیومانیستییەوە چاو لە دزدەمۆنا ناکات: دزدەمۆنا لەو هەڵبژاردنەیدا کە بە پێچەوانەی ڕەوتی باو ڕەچاوی دەکات، بکەرێکی سەربەخۆ و خۆبژێو نییە. ئەمە خەوشی بەرباسە کە سینفیلد گوتەنی "ئەگەری هێزەکیی دژبەرایەتی" دەهێنێتە ئاراوە. دژبەرایەتی ئەوەندە زۆر پێوەندی بە بکەربوونی تاکەکەسییەوە نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەنجامی پارادۆکسە دەروونییەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی بالآدەستە.

لەو سۆنگەیەوە کە خەوشی لەم چەشنە لە هەموو کولتوورێکدا بوونی هەیە، سروشتییە کە لە دەقی ئەدەبیشدا دەردەکەون - بە تایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا، بە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیات پانتاییەکە کە سەرباری ئەوەی ئایدیۆلۆژی تێیدا زاڵ و بالآدەستە، دەکرێت پارادۆکس و تەنگەژەکان بە باشی وەسف و وێنا بکات. ماتریالیزمی کولتووری بە پاڵپشتیی درز و کەلێنەکانی ئەو ڕواڵەتە ئایدیۆلۆژیکییەی کە دەق پێناسەکەرێتی، تەنانەت کۆنەپارێزترین دەقەکانیش بە شێوەی پێچەوانەی حاڵەتی زاڵ بە سەریاندا دەخوێنێتەوە و ئەگەر و ئیمکانی بیستنی دەنگی گرووپە وەپەراوێز خراوەکان دەخولقێنێت و دەمامک لە ڕوخساری ئەو دامودەزگا ئایدیۆلۆژیکەی کە هۆکاری وەپەراوێز و تەریک خستنی ئەو گرووپانە دادەمالێت. ئەوەی کە چۆن چۆنی وەرگرتن و تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی لە ڕەخنەی نەریتیی ئینگلیزی، ئەمریکی پێشی بە بینینی خەوشە ئایدیۆلۆژیکەکانی ئەو دەقانە گرتووە، هەروەتر لەو باسوخواسانەیە کە ماتریالیزمی کولتووری هۆگریەتی. دلیمۆر لە "تراژیدیی ڕادیکاڵ"دا ئاماژە بەوە دەکات کە لە شەرح و ڕاڤە نەریتییەکاندا لەسەر تراژیدییەکانی سەردەمی جیمزی یەکەم وەکی "دکتۆر فاستوس" مارلۆ و "تراژیدی تۆڵە"ی تێرنێر، سرنج بەوە نەدراوە کە ئەم تراژیدییانە چۆن چۆنی گومان لە بنەما هیومانیستییەکان دەکەن، چونکی ڕەخنە نەریتییەکان پێداگری لەسەر ئەو شتە دەکەن کە لەگەڵ ئەسڵە هیومانیستییەکاندا دەگونجێن. ئاشکرایە ئەم جۆرەی لە هەرادانی هاوەستیی نێوان ڕەخنە و دەق، ڕێگا بۆ خوێندنەوە تێکدەرەکانی تر خۆش دەکات.

ماتریالیزمی کولتووری خوێندنەوەی تێکدەرانەی دەقگەلی سەر بە سەردەمی ڕابردوو بە جۆرە چالاکییەکی سیاسی لە ساتەوەختی ئێستادا دەهێنێتە هەژمار، جۆرە خەباتێکی سیاسی و هەڵگری هەڵوێستی پارێزکارانەی خاوەنی ئاراستەیەکی هیومانیستی و ئەو میتودە سیاسییانەی کە هێشتا لە نێو وێژەوانانی زانکۆیی و

ئەوانەی کە بەڕێوەبەرایەتیی بنکەگەلی پەروەردەییان وەئەستۆیە، بڕەوی هەیە. کەواتە میتودی ڕەخنەی ماتریالیزمی کولتووری نەک هەر هەوڵ دەدات تێگەیشتنێکی تر بۆ ڕابردوو بهێنێتە ئاراوە، بەڵکو هەر بەو ڕێژەیە تێدەکۆشێت لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و فێمینیستییەوە ببێتە سەرچاوە و ژێدەری گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە هەنووکەدا. (باسوخواسەکانی کاترین بێلسی لە "بابەتی تراژیدی" سەبارەت بە نواندنە جۆراوجۆرە ئەدەبی و نا ئەدەبییەکانی پیاوکوژەکەی سەدەی شازدە، واتە ئالیس ئاردن، پیشاندەری ئەو سرنجەیە کە ماتریالیزمی کولتووری دەیگرێتە فێمینیزم، ئەگەرچی هۆگریی بێلسی بۆ ناسەقامگیری زاتی دەق، بەو چەشنەی لە پاش پێکهاتەخوازی دریداییدا هاتووەتە گۆڕێ، ئەو لە بوار و بەستێنی سەرەکی ماتریالیزمی کولتووری دوور دەخاتەوە.) دلیمۆر و سینفیلد لە پێشەکی کتێبی "شێکسپیری سیاسی"دا نووسیویانە:

ماتریالیزمی کولتووری، بە پێچەوانەی میتودە سەقامگرتووەکانی تری ڕەخنە، هەوڵ نادات ڕوانگەی خۆی وەک ڕوانگەیەکی سروشتی و ئاشکرا و وەک ڕاقەیەکی دروستی دەق نیشان بدات. بە پێچەوانە، دەروەستی گۆڕانکاریی سیستمێکی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای جیاوازییە جنسی و ڕەگەزی و چینایەتییەکان زوڵم و زۆر دەکات و دەیانچەوسێنێتەوە.

لە کاتێکدا میژووخوازانی نوێ بە لە قاودانی پێوەندییە شاراوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵێک دەقی ڕێنیساندا خۆشحاڵ و خەنی دەبن، ماتریالیستە کولتوورییەکان بە دوای حاڵەتەکانی دژایەتی و تێکدان و تێڕووخان و سەرپێچی کردندا دەگەڕێن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییان بە ململانێ سیاسییەکانی هاوچەرخەوەیە. هەر بەم هۆیەوە ماتریالیزمی کولتووری زۆر حەزی لە چۆنێتیی کارکردی دەقگەلی لە مێژینەیە، وەک شوێنەواری شێکسپیر، لە سەردەمانی دواتر و لە کولتووری هاوچەرخدا. دلیمۆر و سینفیلد لەم بابەتەوە دەڵێن: "کولتوور پرۆسەیەکی بەردەوامە و دەقی شێکسپیر هەموو کات و لە ڕێگای پێکهاتەگەلی جۆراوجۆر و لە تانوپۆگەلی تایبەتدا، سەر لە نوێ چێ دەبێتەوە، هەڵدەسەنگێندرێتەوە و ئەرک و کارکردگەلی نوێ وەدەست دەهێنێت. ئەوەی کە شانۆیەکان دەڵالەت بۆچی دەکەن و چۆن دەڵالەت دەکەن، بەو پانتاییە کولتوورییەوە بەستراوەتەوە کە تێیدا جێگیر بوونە. بۆ نموونە، ماتریالیزمی کولتووری ئەو پرسیارە دەهێنێتە گۆڕێ کە چ شانۆیەک، یان کام پاژ لە شانۆیەک، لە پێرسیتی بابەتەکانی قۆناغی دواناوەندیدا گونجێندراوە و بە کام هۆکار، هەروەها کام دەقی شانۆیی لە پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندنی زانکۆکاندا بە کار هاتووە، یان کام یەک لە غەزەڵەکانی شێکسپیر زۆربەی جار بۆ کتێبە گولێبژێرەکانی شیعر هەڵدەبژێردرێن. کام دەقی شانۆیی لە کوێ و لە کام زەمینەدا نمایش دەکرێت؟ نوسخەی نوێی ڕیچاردی سێیەم - کە "یان مەک کۆلن" تێیدا دەور دەگێڕێت و کەسایەتییە سەرەکییەکەی ئەو کەسەیە کە لە دەیەی ۱۹۳۰ و لە بریتانیا بەردی بناغەی ڕژێمێکی فاشیستی دانا - چۆن چۆنی دەخوێندرێتەوە؟ بە وتەیەکی تر، شێکسپیر چۆن دروست دەکرێت و لە کام ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکییەوە؟

سینفیلد، لە یەکێک لەو وتارانەی کە لە کۆمەڵەی شێکسپیری سیاسیدا چاپ کراوە، بەو ئەنجامە دەگات کە لە "سیستمی پەروەردەییدا، شێکسپیر بە جۆرێک دەخوێندرێتەوە وەک بڵێی هەموو کات ئەو هەقدار و لەسەر هەقە"، پاشان لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "ئەمە شتێکە کە ئێمە دەمانەوێت بیگۆڕین" لە بابەت ڕێوند ویلیامزیش هەر بەم شێوەیەیە، چونکی لە ڕوانگەی ماتریالیستە کولتوورییەکانەوە، ئایدیۆلۆژی لە بنکەگەلێکی لە چەشنی زانکۆ، موزە، هێزی سەربازی، قوتابخانە، یەکێتیی کرێکاران، کڵێسە و...تادا شکڵ و شێوەیەکی بەرهەست و ماددی وەخۆ دەگرێت، هەروەها لە ڕێگای بە کار هێنانی وێنە و وێنا کردنەکانی پێوەندیدار بە ڕابردووەوە لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیی هاوچەرخە - بۆ وێنە، لە خستنە نێو بازاڕی ئەو بەرهەمەی کە "شێکسپیر"ی پێ دەڵێن (یان کۆمەڵێک حاڵەتی تر کە لە پیشەسازیی میراتی کولتووریدا، بازاڕی بە بەرەوە) و کەڵک وەرگرتن لە وشەی "شێکسپیر" لە ڕیکلامی بازرگانیدا - بەرجەستە دەبێتەوە. سینفیلد لە کتێبی "خەوشەکان"دا ئەوە نیشان دەدات کە چۆن بەرهەمێکی کەلوپەلی سەربازی بۆ ڕیکلامی ئامێرەکانی ئاماژە بە شانۆی شێکسپیر دەکات کە وەبیرهێنەرەوەی بەردەوام بوونی نەریتی ئینگلیزییە. لە گۆشەنیگای ماتریالیزمی کولتوورییەوە، کولتووری هاوچەرخ، هەم لە شێوە سەقامگرتووەکەیدا، هەمیش لە شێوەی جەماوەرپەسند و بەرهەم هێنانی فراوانیدا،

مەیدانی ململانێ و شەڕە کە تێیدا ئایدیۆلۆژییەکی پارێزکاری هەمە لایەنە بە بەردەوامی بۆ بەربەرەکانی بانگ دەکرێت.

ئەو باسوخواسە تۆندوتیژانەی کە دوا بە دوای سەرهەڵدانی ماتریالیزمی کولتووری لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠ هاتنە ئاراوە، خۆی دەربڕ و شاهیدی تاو و تەئسیریانە، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا پیشاندەری دەسەڵات و زۆر بوونی ژمارەی ئەو تاقمە لە وێژەوانانی زانکۆییە کە تێڕوانینێکی نەریتی تر و هیومانیستیتریان، بە تایبەتی لە حاند شێکسپیر بە باش زانیوە کە شوێنەواری ئەو لە ناوەندی سەرنجی ئەم باسوخواسانەدا بووە. ماتریالیزمی کولتووریش ڕێک وەک مێژووخوازی نوێ، هەرچەندە لە توێژینەوەگەلی ڕێنیسانسەوە دەستی پێکرد، بەڵام بووەتە شێوازێکی گرینگی ڕەخنەی دەقی سەردەمانە جۆراوجۆرەکان و وەک مێژووخوازی نوێ، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ پەرەی بە هۆگریبە سەرەکییەکانی خۆی داوە و خۆی بە کێشەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتداری و جنسییەتیشەوە (فێمینیزم هەر لە سەرەتاوە لە بەرنامەی باسوخواسیاندا بووە) خەریک کردووە و هەڵبەت هەموو کات شوێنپێی ئامانجی هێنانە ئارای گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی هەنووکەدا هەڵگرتووە. کێبی دلیمۆر بە ناوی "دژبەرایەتیی جنسی: لە ئاگوستینەوە بۆ وایلد، لە فرۆیدەوە بۆ فووکۆ" (١٩٩١) و کتێبی سینفیلد بە ناوی "سەدەی وایلد: هەڵسوکەوتی ژنانە، ئۆسکار وایلد و چرکەساتی لادەرانە" (١٩٩٤) و کتێبەکەی تری بە ناوی "سیاسەتی کولتووری:خوێندنەوەی لادەرانە" کە هەمان ساڵ چاپ بووە، پیشاندەری پەرەسەندنی پانتایی هۆگرییەکانی ماتریالیستە کولتووریەکانە. لە بەشی دواتری ئەم کتێبەدا باسی تیوری پاش کۆلۆنیالیزم - پرسی دەسەڵاتداری - دەهێنینە ئاراوە کە لە دەیەی ١٩٩٠ بوو بە یەکێک لە زەمینە و بوارەکانی توێژینەوەگەلی ماتریالیزمی کولتووری.

پوختە

پاش هێنانە ئارای باسوخواسەکانی تیوری پاش پێکهاتەخوازی، ڕەخنەی ئەدەبی وەک پاژێکی لێکدانەبڕاو لە تانوپۆ و زەمینەیەکی کولتووری زۆر بەربڵاوتر لە ئەدەبیاتی دەڕوانی. ڕەخنەکاران، سەرەتا لە بواری توێژینەوە ڕێنیسانسییەکان، پاشان لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا بە واتا گشتییەکەی، کار و هەوڵی خۆیان لەسەر بناغەی ئەم گریمانەیە دامەزراند کە دەقگەلی ئەدەبی بە شێوەیەکی ناچارەکی لە هەناوی ئەو جۆرە گوتارانەدا هەڵکەوتوونە کە فووکۆ گوتەنی هەڵگر و پارێزەری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتین. مێژووخوازانی نوێ (کە زۆربەیان ئەمریکین) و ماتریالیستە کولتووریەکان (کە زۆربەیان بریتانین) دەقی ئەدەبی لە گۆشەنیگای دەور و کاریگەرێتییان لە گەڕیانی دەسەڵاتدا تاووتو دەکەن و لەم بوارەدا ڕەخنەکارانی بریتانی، بە تایبەت هۆگرییەکی فراوانتریان نیشان داوە بە نیسبەت نیشانەگەلی دژبەرایەتی ڕاستەقینە و ئەو دەورە زۆرتر پارێزکارانەیەی کە تێیدا هێما کولتووریەکان، یەک لەوان شێکسپیر، وایان لێکراوە لەم سەردەمەی دواییدا بیگێڕن. مێژووخوازانی نوێ و ماتریالیستە کولتووریەکان، بۆ ئەوەی دەمامک لە ڕوخساری لایەنە سیاسییەکانی دەقی ئەدەبی دامالن، زۆرتر ئەو دەقانە لە پێوەندی دەگەڵ دەقی نائەدەبی و بە گەڕانەوە بۆ سەر گوتاری بالادەست، یان گوتارەکانی سەروبەندێکی تایبەت، دەخوێننەوە.

سەرچاوە:

Bertens Hanz. Literary Theory (The Basics). Chapter 7: Literature and Culture.

وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

د. بەختیار سەجادی
(زانکۆی کوردستان لە سنە - بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمانناسی)

٢١- هۆ، هۆکار، هۆکرد، هۆدار، هۆدارێتی

یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی من لە نووسینی ئەم کۆمەڵە یاداشتەی بەردەست، دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان دوو جۆر زمانە کە ئەوانیش زمانی ئاسایی و زمانی زانستین. دیارە دەکرێ لە ڕوانگەیەکی تردوە باس لە خاڵە جیاوازەکانی دوو جۆر زمانی تر بکەین کە بریتین لە زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی، هەروەهاش دەتوانرێ قامک بخرێتە سەر جیاوازییەکانی نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی زانستی، کەواتە دەکرێ لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە باس لە سێ جووت زمانی جیاواز بکرێ کە بریتین لە:

١- زمانی ئاسایی/زمانی زانستی
٢- زمانی ئاسایی/زمانی ئەدەبی
٣- زمانی ئەدەبی/زمانی زانستی.

لێرەدا مەبەست زیاتر نیشاندانی جیاوازییەکانی زمانی ئاسایی و زمانی زانستییە و باسکردن لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو جووتەکەی تر دەچێتە خانەیەکی ترەوە کە ئەویش ئاقاری تیوری ئەدەبییە، هەر بۆیەش لێرەدا باسیان ناکەم. لە لێکۆڵینەوە لە جیاوازییەکانی جووتی یەکەم، واتە زمانی ئاسایی و زمانی زانستی، پێویستە سەرەتا ئەوە بڵێم کە مەبەست لە زمانی زانستی، زمانی دەقە زانستی و تیوریک و فەلسەفییەکانە. یەکێک لە مۆرکە بنچینەییەکانی زمانی فەلسەفە و زانست ئەوەیە کە لەوێ هەر چەمکەو خاوەن دەلالەت و پێناسەی تایبەتی خۆیەتی و گەلێک لقوپۆپی ورد و جیاجیای لێ بۆتەوە کە سەرجەمیان بە شێوەکی زانستی پۆلێن کراون. لە فەلسەفە و زانستدا، بە پێچەوانەی زمانی ئاسایی، ناکرێ و ناشبێ لە خۆڕا پەل

بۆ چەمکەکان بەهاوێژین و بەکاریان بەرین، کەچی لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکدا لەوانەیە چەمکەکان جێگورکێیان پێ بکرێ و کەسیش سرنجیان نەداتێ.

یەکێک لە ئالۆزییەکانی زمانی ئاسایی لە کوردیدا بەکارهێنانی هاوکاتی دوو زاراوەی "هۆ" و "هۆکار"ـە بۆ یەک مەبەست، یان بە پێچەوانەوە، بە کارهێنانی چەندین مانا و مەبەستی جیاواز بۆ یەکێک لەم دوو زاراوەیە، هەربۆیە ئەگەر لە زمانی ئاساییدا پرسیارتان لێ بکرێ "هۆی چییە ئەمە ڕووی دا؟" ئێوە بە تەواوەتی لەم پرسیارە تێدەگەن و وەڵامیشی دەدەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەم پرسیارە لە فەلسەفە، یان لە زانستدا ئاراستە بکرێ، سەرەتا دەپرسین مەبەست لە "هۆ" لەم ڕستەیەدا چییە؟ واتە لە نێوان "علت" و "دلیل"دا کامیان مەبەستی ڕستەکەیە؟ وەک دەزانرێ، "علت" لە "دلیل" جیایە و لە زمانەکانی تریشدا هەریەکەیان هاوواتای خۆیان هەیە، کەچی نەک هەر لە زمانی ئاسایی کوردیدا، بەڵکو لە دەقە زانستی و فیکرییەکانیشدا، برایان و خوشکانی ئازیزی ڕۆشنبیرمان وشەی "هۆ" بە لێشاو بەکار دەهێنن و کەسیش نازانێ لە نێوان "دلیل" و "علت"دا کامیان بەلاوە مەبەستە. لێرەدا بۆ ڕوونتر کردنەوەی باسەکە، هاوواتا ئینگلیسی و فارسی و کوردییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەمە بەر چاو:

هۆ، دلیل reason
هۆکار، علت cause
هۆکرد، معلول effect
هۆدار، علی causal
هۆداریتی، علیت causality

کەواتە، لە وەرگێڕانی دەستەواژە بەناوبانگەکەی کانتدا لە دەستپێکی وتاری "ڕۆشنگەری چییە؟" دەتوانین کەڵک لە زاراوەی خود-هۆکار (self-caused) وەربگرین، یان دەستەواژەی ناسراوی "رابطەی علت و معلول" بە شێوەی "پێوەندیی هۆکار و هۆکرد" تەرجەمە بکەین. هەر بە هەمان شێوەش، بۆ "علی" دەکرێ "هۆدار" بە کار بهێنین، کەواتە تەرجەمەی زاراوەی "ساختار علی" لە کوردیدا دەبێتە "بنەمای هۆدار". هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیە، "علیت"، یان هۆداریتی بریتییە لە پێوەندی نێوان هۆکار و هۆکرد. لێرەدا هۆکار وەک ڕووداوی یەکەم و هۆکرد وەک دیاردە، یان ڕووداوی دووەم دادەنرێ بەو مەرجەی دیاردەی دووەم وەک دەرئەنجامی ڕووداوی یەکەم لە قەڵەم بدرێ.

لەوانەیە ئەم بابەتە تا ڕادەیەک ئاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام کاتێ زیاتر گرنگایەتی ئەم باسەمان بۆ دەردەکەوێ کە بزانین فەلسەفەی هاوچەرخ پاش تێپەڕبوونی دوو هەزار و چوار سەد ساڵ بەسەر دابەشکارییە بەناوبانگەکەی ئەرستۆ کە باسی لە چوار هۆکاری جیاواز لە جەوهەری هەر شتێکدا دەکرد هێشتا وەک پرسێکی سەرەکی و مەتەڵێکی چارەسەر نەکراو ئاوڕ لەم پێوەندییە دەداتەوە. ئەو چوار هۆکارەی ئەرستۆ ئاماژەی بۆ دەکرد لە عەرەبی و فارسیدا بە "علل اربعە" ناسراون؛ ئەوانیش بریتین لەو چوار هۆکارە سەرەکییەی لە جەوهەری شتێکدا ئامادەن:

هۆکاری مادی material cause
هۆکاری شێوەیی formal cause
هۆکاری کارایی efficient cause
هۆکاری دوایەمین final cause

لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، ئەم بنەواشە ئەرستۆییە لە بەرهەمەکانی فارابی و ئەبوو عەلی سینادا ڕەنگی داوەتەوە؛ هەرچەندە فارابی لە جیاتی زاراوەی "اسباب" کەڵکی لە "مبادیء" وەرگرتووە. لە لایەکی ترەوە، پرسی "هۆداریتی" پاش چەرخەکانی ناوەڕاست و لە فەلسەفە و زانستی مۆدێرندا پەرەی زیاتری پێدرا و نموونە ئاشکراکان بریتین لە باسی جیاوازییەکانی نێوان گوزارە مەرجدارەکان (conditional state-ments) و گوزارەکانی هۆداریتی (statements of causality) لە زانستی مەنتیقدا، یان ڕاڤەی جیاوازی پێوەندی هۆکار و هۆکرد لە زانستی میکانیکی کلاسیک لە سەردەمی مۆدێرندا، بە تایبەت لە قانوونی دووەمی نیوتندا و جیاوازی قوولّی نێوان "هۆ" و "هۆکار" و "هۆکرد".

۲۲- دێرینەناسی، یان ڕەچەڵەکناسی؟

ئەگەرچی جۆرێک لە هاوواتایی و نزیکی مانایی لە نێوان دوو زاراوەی دێرینەناسی و ڕەچەڵەکناسیدا

دەبنیرێ، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە بە تەواوی لە یەکتر جیاوازن و لە دوو بەستێنی جیاوازدا بە کار دەهێنرێن. دێرینەناسی، یان کۆنینەناسی (archaeology) بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە شێوە و تایبەتمەندی و چۆنیەتی ژیان و چالاکی لە کۆمەڵگا مرۆییەکان لە سەردەمگەلی ڕابردوودا. دێرینەناسی زیاتر لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو فەرهەنگ و زانیارییە ژینگەییانەی مرۆڤەکانی سەردەمگەلی ڕابردوو بۆیان بەجێ هێشتووین دەست دەکاتە ناسین و هەڵسەنگاندنی شێوەژیانی مرۆڤ لە ڕابردوودا. سەرچاوەی ئەم زانیارییانەش لە هونەرە دەستییەکان و بیناسازی، تەنانەت تایبەتمەندییە جوگرافیاییەکاندایە، هەربۆیەش، لە لایەکەوە وەک لقێک لە زانستە سروشتییەکان و لە لایەکی تریشەوە وەک لقێک لە زانستە مرۆییەکان دەژمێردرێ. دێرینەناسی لە هەندێ وڵاتدا وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەشێک لە مرۆڤناسی دادەنرێ، بەڵام لە ئەورووپادا وەک لقێکی زانستیی سەربەخۆ دادەنرێ. ئەم چەمکە لە فارسیدا وەک "باستانشناسی" بەکارهێنراوە و ئەمرۆکە کەڵک لە هاوواتای "دێرینەناسی" -یش وەردەگیرێ. کەواتە، نموونەیەکی زۆر ساکار لەم هاوواتاسازییە بریتییە لە وەرگێڕانی کتێبە بەناوبانگەکەی میشێل فووکۆ بە شێوەی دێرینەناسیی زانیاری (Archaeology of Knowledge)

ڕەچەڵەکناسی (genealogy)، بەڵام، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بنجوبناوان و ڕەچەڵەکی خێزانەکان و جێ پەنجە و ڕابردوویان لە مێژوودا. بۆیەش، ڕەچەڵەکناسەکان گرنگی دەدەنە دابونەریتە زارەکییەکان و بەڵگە مێژوویییەکان بە مەبەستی دەرخستنی پێوەندی چەند لایەنەی نێوان خێزانە جیاجیاکان و ئەندامانی ئەو خێزانانە، کەواتە لە کاتێکدا دێرینەناسی، یان کۆنینەناسی بریتییە لە ناسینی ڕابردوو، ڕەچەڵەکناسی بریتییە لە گەڕان بە دوای سەرچاوەکان و بنجوبناوانی بابەتی بەرباس. بۆ نموونە، لە زمانناسیدا ڕەچەڵەکناسیی وشە کە لە فارسیدا وەک "تبارشناسی واژگان" بەکار دەبرێ، بریتییە لە گەڕان بە دوای ڕەچەڵەکی وشەیەک و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە ڕابردوودا و پێوەندی نێوان شێوەی بەکارهێنانی لە ئێستا و ڕابردوودا، یان پێوەندی نێوان شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە چەندین زمان و دیالێکتێکی هاوبنەماڵەدا. ئەم کارە دەچێتە خانەیەک کە بە "ڕەچەڵەکناسیی زمانناسانە" ناوزەد دەکرێ (linguistic genealogy).

۲۳- سوژە، یان سوبژە؟

لە هەندێ نووسینی فارسی و کوردیدا، بە تایبەت ئەو دەقانەی دەچنە نێو خانەی دەقی بە ناو فەلسەفی و تیوریکەوە، چاوم بە زاراوەی سەیروسەمەرەی "سوبژە" کەوتووە. دیارە ئەو بەڕێزانە مەبەستیان "سوژە"یە و ڕەنگە ئەم زاراوەیەیان بە پێی زاراوەی "ئۆبژە" دروست کردبێ، کە بە ئاسانی وەک سوبژە و ئۆبژە دابندرێن، کەچی ئەمە یەکسەر هەڵەیە و هەر تەنیا نووسەرانی نەخوێندەواری لای ئێمە لەو جۆرە زاراوە نامۆیانە کەڵک وەردەگرن. بۆ ئاگاداریی خوێنەری ئەم کۆمەڵە یاداشتە، دەبێ بڵێم کە لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانیدا زاراوەیەک بە ناوی سوبژە لە گۆڕێدا نییە. ئەم زاراوەیە لە فەرەنسیدا بە شێوەی سوژە و لە ئەڵمانیدا بە شێوەی سوبژێکت و لە ئینگلیزیدا بە شێوەی سابجێکت بەکار دەهێنرێ، کەچی لە هەندێ دەقی فارسی و کوردیدا وەک "سوبژە" ناوی لێ دەبرێ. ئەمە ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە ئەو نووسەرانە چەندە لە پارادایمی جیهانیی خوێندنەوە و بیرکردنەوە دوورن.

ئەم یاداشتانە شوێنی لێدوان نین لە سەر مانا و پێناسە و جۆرە جیاجیاکانی سوژە لە قوتابخانە فەلسەفییە جیاوازەکاندا، بەڵام زۆر بە کورتی و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر، دەکرێ بڵێین سوژە ئەگەرچی لە ڕێزماندا وەک کارا، یان بکەر دادەنرێ، بەڵام چ لە فەلسەفەی مۆدێرندا و چ لە تیوری و ڕەخنەی هاوچەرخدا بە مانای تاکەکەس و مرۆڤ دێتە بەکارهێنان. کە دەوترێ سوژەی فرۆیدی مەبەست شێوە ڕوانینی فرۆیدە بۆ مرۆڤ، یان کە دەوترێ سوژەی پاش بنەماخواز مەبەست مرۆڤە لە ڕوانگەی فەلسەفەی پاش بنەماخوازییە. پاش دیکارت ئەمە لە نەریتی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیدا بوو کە پەرە بەم زاراوەیە درا، پاشان لە سەدەی بیستەمدا، بە تایبەت پاش فرۆید مۆرکی سەربەخۆیی و یەکگرتوویی لە سوژە

سەندرایەوە و بە پێچەوانەوە سوژە بوو بە خاوەنی شوناسێکی پارچەرپارچە، کەواتە لە دەقە فەلسەفی و تیوریکەکانی زۆربەی قوتابخانە هاوچەرخەکاندا لە زاراوەی سوژە لە جیاتی تاکەکەس، یان مرۆڤ کەڵک وەردەگیرێ.

لە لایەکی ترەوە، بۆ زاراوەی ئۆبژە لە کوردیدا، بێجگە لە "بەرکار" کە لە رێزماندا بە کار دەهێنرێ، دەکرێ سوود لە سێ هاوواتای بابەت و بەرناس و چشت، یان شت وەربگیرێ. لێرەدا مەبەست لە بابەت هەمان "عین"ە کە لە هەندێ قوتابخانەی فەلسەفیدا وەک ئایدیالیزمی ئەڵمانی باسی ئەم ئەوێتی، یان نائەم ئەوێتی زەین و عەین دەکرێ. بەرناسیش ئەو چەمکە دەرهەست، یان چشتە دەرهەستەیە کە لە لایەن زەینی ناسێنەری مرۆڤەوە و زیاتر لە فەلسەفەی مۆدێرندا دەکەوێتە بەر ناسین. شت، یان چشت (لە کەلهوڕی و تەنانەت لە کرمانجی باکووریشدا) سێیەمین هاوواتای کوردیی ئۆبژەیە و بە هیچ شێوەیەک بە مانای "چیز"ی فارسی نییە و لێرەدا مەبەست ئەو زاراوەیە کە چ لە فارسی و چ لە عەرەبیدا وەک "شيء" بەکار دەهێنرێ.

٢٤- بەربێژ، دوابێژ، چەپبێژ، ڕاستبێژ، ناوبێژ

ئەم تاقمە زاراوەیە تایبەتن بە چەشنی ئەدەبیی تراژیدی کلاسیکی یۆنانی و لە هونەری سەماشدا بە کار دەهێنرێن. ئەمانە کۆمەڵێ بەند، یان پارچە هەڵبەستی قەسیدەی یۆنانیش پێکدەهێنن کە بە قەسیدەی پیندارِی ناسراون و لە بەرهەمەکانی پیندار شاعیری گەورەی یۆنانی کۆندا بەکار هێنراون. قەسیدەی پیندارِی لە ستڕانی ئەندامانی گرووپی کۆڕ لە تراژیدی یۆنانیدا بەکار دەهێنرا و خاوەنی شێوە و شێوازێکی سەخت بوو. ئەگەر ئەندامانی گرووپی کۆڕ بە پێی کێشی سەماکەیان بەرەو پێشەوە هەنگاویان هەڵبگرتایە، ئەو بەندەیان بە بەربێژ ناو دەبرد و ئەگەر بەرەو دواوە بچوونایە ئەو بەندەیان بە دوابێژ پێناسە دەکرد؛ هەر بە هەمان شێوەش ڕاستبێژ و چەپبێژمان هەیە و ئەگەر لە نێوان ئەم جووڵانەدا ئەندامانی گرووپی کۆڕ بیانوستایە و بەندەکەیان بە ئاواز بوتبایە، بەو بەندەیان دەگوت ناوبێژ. جێگەی سرنجە کە ڕۆنانی ئەم زاراوانەم بۆ یەکەم جار لە زمانی کوردیدا لە کتێبی فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبیدا ئاراستە کرد و خێراش پاش ماوەیەکی کورت لە لایەن زۆربەی نووسەران و خوێنەرانەوە پەسەند کران.

دەلاقەی ئەدەبی منداڵان

سەلاح نیساری
(بۆکان)

منداڵەکان، جگەرگۆشەکانم، حەزم دەکرد ئەوەندەی لە دەستم دێ، شتی خۆشتان بۆ بنووسم. چیرۆک و نەقڵ و نەزیرەی شیرین و بەنرختان بۆ بگێڕمەوە. باسی پەلکەزێڕینە و گوڵ ئەستێرە و تریفەی مانگەشەو و شنەی باتان بۆ بکەم. لە جوانی و دڵۆڤانی سروشتەوە پێدا بێم و هەروەک سیمرخ بتانخەمە سەر باڵی خۆم، بە دنیادا بتانگێڕم. لە هەر چیا و مێرگێک، لە بەستێنی هەر چەم و ڕووبارێک، لە هەر باخ و بێستان و لێرەوارێک حەزتان لێ بوو وچان بگرین و پشوویەک بدەین. بەرامەی سوورەگوڵان و بۆنی بەرۆکی هەڵاڵان هەڵمژین. لە شاخ و باخان ڕامێنین، سەیری کەرۆشکەی گەنم و جۆ بکەین. تاوێک لە لای یاری زارۆکان هەڵوێستە بگرین و سەیری چلاوچڵی پەڕپەڕۆک و پەپوولان بکەین. لە هەر لایەک تووشی بنیادەمی خراپ هاتین، پەلی بگرین، یارمەتی بدەین بیهێنینەوە سەر ڕێگای ڕاست. دزێوبیەکان بسڕینەوە. ڕچە و ڕێبازان خۆش بکەین و بەرد و کڵۆی لێ هەڵوەژێرین. گوڵ و سەوزەمان خۆش بوێ و زمانی پەپوولە فێر بین. ڕێزی گیاندارانمان لەبەر چاو بێ و گەپ بەم و بەو نەدەین. لە درۆ و دەهۆ و تەڵەکەبازی خۆ دوور بگرین.

منداڵەکان

منیش هەروەک ئێوە حەز بە ڕووناکی و ئاوەدانی و سەوزەڵانی دەکەم، لە ناخەوە لە شەڕ بێزارم، دژی کوشتوبڕ و مااڵوێرانیم. قەت نامەوێ دەستەوئەژنۆی هەناسەساردان بە چاو ببینم. حەز بە ئەسرینی زارۆکان ناکەم. دژی زاڵم و درێندە و مرۆخۆرانم. بەاڵم هەزاران حەیف و مەخابن، نە ئەوەندە ئازام ئینسان کوژان لە ناو

بەرم و جـووقـەواریان لێ ببـڕم، نە ئەوەندەش بەهێـزم سیمرخ ئاسا بتانخەمە سەر باڵی خۆم و ژیار و ژینگەی تازەتان بۆ وەدۆزم. کورد گوتەنی:

چ بکەم، بەنبڕم تەنیا ددانە
چۆن هەڵکۆمە سەر ئەم دڕندانە

منداڵەکـان گـوێرادێرن، دایک و باوکـان تۆزێک دڵ بە وتەکانم بسپێرن. لە دنیای عـیلم و زانستدا بە چرایەک ڕازی مـەبن و لە بیـری چل چرادا بن. هەروەک دەڵێن هەزار دۆست کـەمـە و دوژمنێک زۆرە. بە هەزاران دەسـتکورتی و کـوێرەوەریش بێ منداڵەکـانمان دەبەر خـوێندن ڕابنێین، ئەو ئـیـزنەیان پێ بدەین لە دنیـای داهاتووی خـۆیان بەجێ نەمـێنن، باوکـانە و دڵسـۆزانە خـەمـخـۆریان بین کـە دیارە ئەمـەش بە بیـری خـاوێن و بارهێنانی وەسـتـایانە مسـۆگـەر دەبێ. چەند خـۆشـە بە هۆشـیـاری بیـرێک لە بەرینان بکەینەوە و ڕێز لە کەرامەتیان بگرین. باب و باپیرانمان، دایەگەورەکانمان، سەرەڕای نەخوێندەواری و ژێرچەپۆکەیی هەر بە درێژایی مێژوو، فەرهەنگ و تۆرە و کەلەپووریان بە شاندا داوە و سینە بە سینە هێناویانە و پاراستوویانە. هەر لە زمان و جلوبەرگەوە بگرە هەتا دەگات بە جوامێری و پیاوەتی و دلۆڤانی و لەخۆبردوویی و پارێزگاری کردن لە ناموس و بە ویژدانەوە ژیان.

باب و کاڵان بـا دوور نەچین، هەر لێرەوە، لەسـەر گـۆی ئەم ئەسـتـێرەوە چاوڕێ ڕاخـەین، سـەرێ داخـەین، ورد بینەوە لەم ژیانە، خۆ نـەبوێرین لەو کـاتەدا کە بزەی سـەر لێـوی زارۆکـان دەسکەنە دەکـرێ، ئەو کـاتەی منداڵان لە نێـو خـۆڵ و خـاک و مـێرمنداڵان لە ژێر گـەرمـای تاقـەت پڕووکێنی هاوین و کـارخـانەی خشـتـپـێژیدا بۆ ئەوەی لە برسـان نـەمـرن، ئارەق دەڕێژن. ئاخـۆم بۆچی ئێـمـە هـیچ نابێژین؟

هۆی چـیـیـە دەسـتـەیەک لە نێـو خـۆشی و کـامـەرانیـدا پێـدەگـات، دەسـتـەیەکـیش بۆ نـانێکی وشک گـیـانی دەردەچێ. ئاخـۆم هۆی ئەم ئـاکـارانە بۆ چی دەگـەڕێنـەوە؟ ئـاخـۆم کێ هەیە لە خـۆی بپـرسێ: ئەم ژیانە بۆ ئـاوا خێـوەتی بۆ هەڵدراوە؟ ئەمە لە دەستکردی سروشـتـڕایە، یـان ئەوەی حـەزیـای هەژارکـوژی، ژینـی ڕەشـی هەناسەساردان هەڵدەلووشێ؟

منداڵەکـان، دایک و باب و مامـۆستـایان و فـرەزانان، کـەیخـودایان، تۆزەمـەی بابادەم، ئەی ئـینسـان، بیـرتان ڕاخەن و ورد ببنەوە، ئێـوەش لە ڕوحی ئەمنەوە دە بڕوانن، دەست بە کـار بن، وەرن لەم جـەغـزەدا یەکگرتوو بـن، دژەباوی چەوتی و مـردوو بن، ئەمـەش کـە بە ژیان و خـەونی منداڵانەوە گـرێدراوە، منداڵانێک کـە لە ڕۆژی ئەوەڵەوە وەکـو یەک گـوروان و بە چەشنێک لە دایک دەبن، هەروەک حەزرەتی سەعدی فەرموویەتی:

بنی آدم اعضای یکدیگرند
که در آفرینش ز یک گوهرند

بەڵام هەرکـە بە زیقـە و زیڕەوە هاتنە سـەر ئەم دنیـا خاکیـیـە، زوو لە یەکدی هاوێرن و ڕەوڕەوەی ژیان بەرەو دوو لایەن دەیانبـات! زارۆی خـاوەن هات و بەختـەوەری هەر لە سەرەتاوە، حەساوە و ئارامگرتوو لە نێو هەورێشم و کـەتان و مـەملەلدا، لە کـۆش و ئـامـێـزی شنەی خۆشەویستی و گەشە و نەشەدا مەمکی فریشتانی دەمژێ و سەر بە سنگی گەرمی دایکەوە دەنێن.

بەڵام زارۆی بەش مەینەت و باوک نەحەساوەی هەژاری چەوسـاوە، قـەت تیـرێژی بەخـتـەوەری هەنیـەی نە ئەنگاوتووە و هەر لە سـەرەتای ژیانی منداڵیـیـەوە لە هەڵەمـووتی ئـازار و پەلە قـاژەی کـولە مـەرگی و تاریکە ژینیـدا گـۆڕەوشـار دەدرێ و لە درکـە جـارِی ڕەنج و نەهامەتی و کوێرەڕێی سەر لێ شێواویدا تا ئەو ڕۆژەی بە ڕوح زیندووە ژاری ژیان دەنۆشێ و بۆ تێشووی بەڕێچوون دەکۆشێ.

ئـیـتـر کە لایەنی منداڵی و مێرمنداڵی بدەیە پاڵ یەک، ئەوە کـۆ پەڕێکە لە مـەینەتبـەشی و هەناسـەسـاردی زەق دەبێـتـەوە و لەنێـو منداڵانی گـەڕەکدا بەسـەر جلوبەرگی ئەواندا چاو دادەچەقێنێ و بە ئاوات و تاسەی لەیستۆک و بووکـە شـووشـەیەکـەوە هەناسـەی پڕ لە حـەسـرەت هەڵدەکـێـشـێ. لە وەرزی سـەرمـا و کـڕێوەی ڕێبـەندانداا دڵیان بە بارینی پەپوولە بەفرینە خۆشە و ڕۆژێک بۆ یاری مرۆبەفرینە و شەڕەتۆپەڵە جەژن دەگێڕن. ئەویش بە سەر و شانوملی ڕووت و بەبێ شاڵ مل و کۆتوکـاڵاو، بەڵێ هەر ئەو منداڵانەی لە سپێدەی بەیانەوە چاو لە درگای قـوڕین و هەژارانەی پڕ لە کەلێن و درز و کەلەبـەر دەبڕن و خەون بە دەستی پڕی بابەوە پاکەتی سێوی سوور و مۆز و تڕێی ئالانەوە دەبینن، بەڵام کـە ئێـواری داهات تەنیـا دەسـتی وشکەڵ و بە سـەرمـا تەزیوی باوانە بە بەتاڵی لە نێـو

گیرفان و بەرپشتێنی پڕ لە هیچدا شۆڕ دەبێتەوە. ئەوەیە کە منداڵی بەستەزمان، چاوەڕوان، چاوی ڕەشی کاڵ دەبێتەوە و باب و منداڵ سەر دەبەر خۆدا مل بە لارەوە دەنێن.

هەیاران! ئەمە سەرەتای ژینی شلکی زارۆیە و هەڵچوونی تەمەنە بۆ دەورانی مێرمنداڵی و هەرزەکاری و خەمی نان لە کۆڵنانە، کە ئەمەش میراتێکە پشتاوپشت هاتووە و هیچ دوور نییە لە داهاتووشدا بە بەژن و باڵای نەمامی ساوای داهاتووان دەبڕدرێ و بە زگێ تێر و بە زگێ برسی شانبەشانی باب و خوشک و برای لە خۆی گەورەتر کوورەخانەیە و قوڕشێلان و خۆڵ دابێژتن و خشتپێژییە.

خۆشەویستان! ئەمە باسێکە و پەردە لادانە لەسەر ئازارێک کە بە درێژایی زەمان بە بەژن و باڵای چینی نەدار و هەژاران بڕاوە، دەی وەرن لە خەمی ئەدەبیاتی منداڵانی برسیدا بین!

ئەم تەلار و قەڵا و نهۆم و قات لەسەر قاتەی لە گوند و باژێڕان کە سەر لە بەرۆکی ئاسمان دەسوون، خشت بە خشتی بە ئارەقەی نێوچاوانی ئەم کوڕێژگە و کچۆڵانە پێژراوە و ئەمڕۆ بووەتە جێی سانەوەی ساماندار و بێ خەبەر لە برسی و نەداران. ئەم خشت و کاشی و کەرەستانە دەنک دەنک و یەک بە یەک جێگە پەنجەی ناسک و قەڵەشیوی ئەم پەپوولە باڵ وەڕیوانەی پێوە دیارە. ئیتر ئەمە جێی قوتابخانە و پێنووس و تێنووسی بۆ گرتوونەتەوە، بێ بەش لە خوێندن و فێر بوون و تەرەی خۆشی و ساغی و سڵامەتین.

گەلۆ! لەم ڕۆژگارەی تەکنۆلۆژیا و وێژمان و عەولەمە و پێشبڕکێیەدا، کە دنیای داگرتووە، تەنیا دەستە و تاقمێک نەبێ ئیتر زۆربەی زۆری تورەمەی بابادەم تەنیا خەون بە کولێرەی گەرم و نانێکی چەورەوە دەبینن. کەوا بوو خەمی خوێندن و قوتابخانە و ئەدەبیاتی منداڵانیش خەمێکە سەرباری هەموو دەردان. با لە پاڵ ئەم گشتە دابڕانەدا سەیری دەست ڕەنگینی و کر و دەستکردی ئەم خۆشی نەدیوانە بکەین. کە هەموو خەونەکانیان لەنێو تانوپۆ و ڕایەڵی مافووڕە و گوڵ و ئیلمە و سەرتاپای گەنجییان تواوەتەوە، سۆمای چاو و عومری خۆشی نەدیوبان کەوتووەتە بەر پێڵەقەی کەرکیت و شیش و دەفەوە. ئەمە کر و دەستکردی ئەوانە شار بە شار و ولاّت بە ولاّتدا دەڕوا و کۆشک و هۆدەی گەرفانپڕان دەڕازێنێتەوە، تەواوی هیوا و چرۆی نەتروکاوی ئەوانە پێخوست دەکرێ.

بەڵێ منداڵەکان، ئەی برسییە ژین تاڵەکان، ئێوە چاوەڕێن منی نووسەر چتان بۆ بنووسم، ئەگەر ئێوە ڕاستیتان دەوێ، ئەمەیە ژیانی منداڵێکی پیرۆزینی ئێوە. ئەمەی کە ئەمڕۆ من و ئێوەی منداڵ لێی بێ بەشین گەورەکانمان وەک حەساریک بۆیان پێکهێناوین. هەزار خۆزگە گەورە نەبام، گەورە نەبان، گەورە نەبن، هەر منداڵ بن.

هەوڵ دەدەین منداڵ فێر بکەین ڕوو ڕاست بن، بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە ئەم ڕۆژگارەی ئێمە تێیدا دەژین چاوی ڕاست گزی لە چاوی چەپ دەکا. با ئەم خاڵە لە بیر نەکەین ئەدەبیاتی منداڵان ببێ بە پردێک لە مابەینی دنیای پڕ زەرق و بەرقی بە تۆپکڵ و بێ کاکڵ، خەون و خەیاڵپڵاو. لە دنیای ڕاستەقینەی تفتوتاڵ و تاریکی و پڕ لە کۆسپ و ئازار و نێو کۆمەڵگەی گەورەکاندا دەبێ منداڵ بەسەر ئەو پردەدا بپەڕێتەوە و ژیر و وریا و چرا بە دەست بگا بە دنیای ئەنگوستەچاوی مەزنەمرۆیان، دەشێ دنیایەکی کراوە و ڕاستییەکان بۆ زارۆکان بخرێتە ڕوو، درگا و پەنجەرەی بۆ والاّ بکرێ، هەتا باشتر بتوانێ لایەنە شاراوەکان و دەوروبەری خۆی بناسێ و خووڕەوشتی کۆمەڵ و ژیاری لە گشت کات و ساتەکاندا بەبێ بڤە شەنوکەو بکات و وریای خۆی بێت.

شیاو نییە ئەدەبیاتی منداڵان تەنیا کاری پێداهەڵدان بێت بۆ (ئەمر بە خاسە و نەهی لە خراو) خۆشەویستی بەرانبەر بە مرۆڤایەتی و خاکەڕایی و قنیات کردن، تاوانە ئەگەر ئەدەبی منداڵان تەژی نەبێ لەو بابەتانە. تەنیا هەر مرۆ بە گیان لەبەر بزانێ:

میازار موری که دانه کش است
که جان دارد و جان شیرین خوش است

خۆشە دنیای منالّی
نامۆیە دەرد و تالّی
بێ مانایە ڕق و قین
چ خۆشە ئامێزی ژین.

چوارینەکانی خەییام لە زمانی کوردیدا

جەلال زەنگابادی

یەکێک لە پارادۆکسە خەیامییەکان ئەوەیە، کە کورد لە بنەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆ یەکەم جار، چوارینەکانی خەییامیان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، واتە زۆر درەنگ، چ لەچاو زمانە دراوسێکانی فارسیدا (تورکی، عەرەبی، ئۆردوو و ئەرمەنی...تاد) و چ لەچاو زمانە ئەوروپاییەکاندا، کەچی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هەرە نزیکەکان لە فارسییەوە! هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترس و ترسنۆکیی هۆزانڤانە پێشینەکانی کورد (ئەگەرچی فارسییان باش زانیوە و بەرهەمیان پێ داناوە) لە ئاکامی بلاوبوونەوەی ناڤەرۆکە دژە شەریعەتییەکەی (هەڵبەتە بە هۆی چوارینە ناڕەسەنەکان و بەپێی تێگەیشتنی باو!) نەمازە زۆربەی ئەو هۆزانڤانەیلە مەلای سوننی ئایینزا و پیری تەریقەتە سۆفییانە بوونە، بەڵام وەل ئەوەشدا پتر لە پازدە پاچڤەی هەڵبەستڤانیی چوارینەکانی خەییام لە زمانی کوردیدا (بە کرمانجی ناڤین و باکوور) هەیە، کە هەمووی لە دەقی فارسییەوە و ژمارەی چوارینەکانیان (لە نێوان ۱۰ و ۳۷۲ چوارینە) دایە و بەشێوەیەکی گشتی باشن و هی ئەم هۆزانڤان و وێژەڤانانەن:

* کامەران بەدرخان (۱۸۹۵- ۱۹۷۸): (۱۰٤ چوارینە) لە (۱۹۳۹) دا بلاوبۆتەوە.
* شێخ سەلام عازەبانی (۱۸۹۲- ۱۹۵۹): (۲۱٦ چوارینە) وەل دەقی فارسیدا بلاوبۆتەوە، بەداخەوە مێژووی چاپی یەکەمی بۆم تەئکید نەبۆوە.
* شێخ نووری شێخ سالح (۱۸۹٦- ۱۹۵۸): (۲۸ چوارینە).
* عەبدولڵا گۆران (۱۹۰٤- ۱۹٦۲): (٦۱ چوارینە).
* هەژار موکریانی (۱۹۲۰-۱۹۹۱): (۲۵۰ چوارینە).

* مەلا خەلیل مشەختی (١٨٩٨-٢٠٠٧): (٣٤٠ چوارینە) لە (١٩٩٦) دا بڵاوبۆتەوە.
* عەونی (عوسمان حەبیب عەبدوڵڵا) (١٩١٤-١٩٩٢): (١٤٠ چوارینە) لە (١٩٩٧) دا بڵاوبۆتەوە.
* ئەحمەد شاڵی (١٩٢٤- ١٩٧٧): (١٣٠ چوارینە) لە (١٩٩٩) دا وەل دەقی فارسیدا بڵاوبۆتەوە.
* خوسرەو جاف (ل: ١٩٤٥): (١٩٩ چوارینەیە، بەڵام پاچفەی ٢١ یان دووبارەبۆتەوە!).
واتە (١٧٨ چوارینە)یە و وەل دەقی فارسی و عەرەبی و هەندێک ئینگلیزیدا بڵاوبۆتەوە.
* کەریم محەمەد سالح (کوردستانی ڕۆژهەڵات): (٣٧٢ چوارینە) لە (٢٠٠٨) دا بڵاوبۆتەوە.
* عەبدوڵڵا بارزانی (٢٠١ چوارینە) لە (٢٠١٠) دا بڵاوبۆتەوە.
* سەباح قەرە (کوردستانی باکوور) (٢٤٦ چوارینە) لە (٢٠١٢)دا بڵاوبۆتەوە.
* جەلال زەنگابادی (ل: ١٩٥١): (دەوروبەری ١٨٠ چوارینەی ڕەسەن و زۆرەڕەسەن و پارچە فارسییەکان و عەرەبییەکانی خەییام، کە نزیکەی ١٠٠ یان لە گۆڤاراندا بڵاوبۆتەوە).
هەڵبەتە، بێجگە لەو پاچفەوانانەی سەرەوە، چەند شاعیر و باسکارێکی دیکەی کورد پاچفەی هەندێک لە چوارینەکانی خەییامیان کردووە، لەوانە: جەلادەت بەدرخان، دکتۆر محەمەد سدیق مفتی زادە، بێخود، شێخ مستەفا، فازڵ و دکتۆر محەمەد نووری عارف.
لێرەشدا ئێژم پێم سەیرە کە گەلێک لە پاچفەی چوارینەکانی خەییام بە کوردی، نەمازە پاچفەی مام هەژار، وردیی و ئەمانەتی چاوەڕوانکراویان تێدا نییە! ئەگەرچی زمانی فارسی و کوردی لە ڕووی قاموسی و ڕێزمانییەوە زۆر لە یەکدی نزیکن لەگەڵ پێوەندی ڕۆشنبیریشدا. واتە ئەوانەی لەفارسییەوە بۆ زمانانی: کوردی، پەشتۆ، بەلووچی، گیلکی، تالیشی و ئۆسیتی وەردەگێڕن دەبێ سەرکەوتووتر بن لە هەموو پاچفەکانی زمانانی دیکە.
پاش بەراوردکردنێکی ورد و قووڵ و فراوان، دەتوانم بڵێم کە باشترین پاچفەی چوارینەکانی خەییام بۆ زمانی کوردی بە گشتی پاچفەکەی مەلا خەلیلی مشەختییە بۆ کرمانجی باکوور و باشترین پاچفە بۆ کرمانجی ناڤین پاچفەکەی (عەونی)یە(١) و پاچفەکانی شێخ سەلام و گۆران و شاڵی لەوەی هەژار موکریانی زۆر باشترن، چونکە پتر لە (٢٠٠ چوارینە)ی پاچفەکەی مام هەژار، ئەگەرچی چوارینانێکی جوان و نایابن، ناچنە نێو بازنەی پاچفەوە، بگرە لە دانانی خودی مام هەژارن بە باندۆری خەییام، واتە فڕیان بە خەییامەوە نییە و ئەگەر بە پاچفە لە قەڵەمیان بدەین، دەبێ هەموویان بە پاچفەی سۆپەر هەڵە بژمێرین!! لاوازترین پاچفەش ئەوەی کەریم محەمەد صالحە!
لێرەشدا دەبێ ئاماژەبکەم کە فراوانترین لێکۆڵینەوە بۆ پێناسەکردنی خەییام ئەوەی مامۆستا (خوسرەو جاف)ـە و هەرئەچنەو دەبێ ئاماژە بۆ هەوڵە بەهادارەکەی مامۆستا سەلاحەددین ئاشتی بکەم، کە دەقە فارسییەکانی چوارینەکانی خەییامی وەل پاچفەکەی مام هەژاردا لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە و بە پێی پێویست ئاماژەی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکانی کردووە و ئاماژەشی بۆ ئەو چوارینانە کردووە کە دەدرێنە پاڵ کەسانی دیکەوە، هەروەها پەراوێزە بەهادارەکانی مامۆستا عەلائەددینی سەجادی بۆ پاچفەکەی شێخ سەلام.
مایەی ئەفسووس و داخە کە ژمارەی وتار و توێژینەوە سەبارەت بە خەییام و چوارینە و بەرهەمەکانی دیکەی تا ئێستاکە لەوەیە لە (١٥) تێنەپەڕن و ئاسانە دەستنیشان بکرێن و کۆبکرێنەوە، کە هەندێکیان لە کۆششی ئەم بەڕێزانەن: دکتۆر محەمەد نووری عارف، سەلاحەددین ئاشتی، دکتۆر محەمەد بەکر، ڕێبوار سیوەیلی، تەها بابان، سۆران مەحوی و دلێر عوسمان قادر...تاد، بۆیەش سەرناڤی کتێبەکەی مامۆستا خوسرەو جاف (کوردو خەییام نەناسین) زۆر گونجاو و پڕ بە پێستە، هەر بۆیەش سەرناڤی کتێبێکم بە (با خەییام باش بناسین) نا(٢)
ئاواتەخوازم توێژەران و پاچفەوانانی دیکەی کورد کارێن ئەوتۆ بکەن، کە خەییام باشتر و باشتر بناسین.
(١) چوارینەکانی خەییام، پاچفەی: عەونی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: جەلال زەنگابادی ٢٠١٢ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
(٢) با خەییام باش بناسین، لیکۆڵینەوەی: جەلال زەنگابادی، پاچفەی: حەمە کەریم عارف ٢٠١٣ دەزگای موکریانی - هەولێر.

ڕوونکردنەوە و ڕاست کردنەوەی پەراوێزێک لە پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم)دا

کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(کەلار)

لەوەتەی گوێ لە مەقام و گۆرانی سوونەتی کۆنی کوردی دەگرم و شیعری شاعیرانی کلاسیکی کۆنی کوردی دەخوێنمەوە، وەک خولیایەک بۆ هەر یەکێک لەو بابەتانە، ئارەزوومە بزانم ئەو هۆنراوەیە لە سالّی چەندا نووسراوە و بۆچی نووسراوە و بۆ کێ وتراوە؟ ئەگەریش کرابێتە گۆرانی، حەز دەکەم ئاوازەکەی ڕەسەنی کوردی بێت، هەر بۆیە وەک خولیایەک بۆ زانین و ڕێکخستنی سالّی هەر بەرهەم و ڕووداوێک لە شیعری شاعیرانی کۆنی کوردیدا، حەز دەکەم سالّی نووسینی بەرهەمەکە بزانم، بشزانم بابەت و ڕووداوەکەشی چۆن بووە و چی ڕووی داوە؟!

کاتێک بۆ سیمیناری سالم پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردم کە ئەو دەستنووسانەی لەلای من هەن، ئەگەرچی بلاّویش کراونەتەوە، دووبارە ڕێنووس بکرێنەوە و بخرێنە بەردەستی خوێنەران و لێکۆلّەرانی شیعری کلاسیکی کوردی و ئاوڕیان لێ بدەنەوە و ساغیان بکەنەوە، کاری ئەو بەشەی دیوانی سالم زۆر بە پەلە و هەلّەداوان بوو، شیعرەکانیش زۆربوون و کاتیش کەم بوو، هەم من ڕێگای سەفەرم لەبەردا بوو، هەمیش کاری سیمینارەکە لەبەر ئەو دەستنووسانە دواخرا بوو کە من کاریان لە سەر بکەم، بەهەرحالّ وەکو ئەوەی پێم گەیشتووە و پێم وتراوە، دەلّێن: هەلّەی تێدایە، بەلاّم تا ئێستا یەک بابەت لە سەر ئەو کتێبە نەخراوەتە ڕوو، هەموو ئەوانە لەم لا و لەولا تەنیا قسە بوون و بە تەلەفۆن و دانیشتنی دۆستانەی برادەران بوون...

بەش بەحالّی خۆم زۆرم پێ خۆش بوو کەسێک چاوی بەو دیوانەدا بخشاندایە و هەلّەکانی چاک بکردایەتەوە و لە بابەتێکدا بیخستایەتە ڕوو، چەند نوسخەیەکیشم بە

سالم

دکتۆر و نووسەرانی دیکەیش داوە بۆ ئەوەی چاوی پێدا بگێڕن و هەڵەکانم پێ بڵێن، بەڵام تا ئێستا یەک کەس ئەو هەڵانەی ڕاست نەکردووەتەوە و هیچشم پێ نەگەیشتووە.

هەر لە پەراوێزی ئەو کارەدا بۆ دیوانی سالم، نوسخەکەی خۆیشم بە کاکە حەمەی مەلا کەریم و بنکەی ژین دابوو، ئەمە پێش ئەوەی من کاری دیوانەکە ئەنجام بدەم و بخرێتە بەر دیدەی خوێنەران، هەر لەو پەراوێزەدا چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکم لە بەردەستدا بوون کە هۆنراوە و لێکۆڵینەوەی لە سەر سالم تێدا بوو، بەڵام ئەوەی من ئەنجامم دابوو، تەنیا کۆکردنەوەی ئەو شیعرانە بوون لە دەستنووسەکەدا و یەک دوو گۆڤاری دیکەش کە شیعری سالم-یان تێدابوو، پێوەندیشیان لەگەڵ کارەکەی منداً هەبوو، بۆیە سوودم لەو سەرچاوانەش وەرگرت.

یەکێک لەو گۆڤارانەی کە لە بەردەستمدا بوو، گۆڤاری (ئەکادیمی) ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠١١)ی ئەکادیمیای کوردی بوو، لەم گۆڤارەدا دکتۆر عوسمان دەشتی بابەتێکی بەناوی (لە پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم)دا "تێکست و لێکۆڵینەوە") بڵاوکردووەتەوە.

لەم بابەتەدا دکتۆر عوسمان لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی لە سەر دوو قەسیدەکەی سالم نووسیوە، ئەگەرچی زۆر ڕەخنەی لە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی گرتووە، بەڵام کاری باشی کردووە، مەبەستیشم لە هەردوو لایەکەیە، چونکە هەردوولا لە پێناوی ئەدەبی کوردیدا کار دەکەن و خزمەتی گەورەیان بە ئەنجام گەیاندووە، ئەگەر هەڵە و کەموکورتیش هەبێت، ئەوە مرۆڤ دەبێ بە هێمنی و بە بەڵگەوە کاری ڕاست کردنەوەی بۆ ئەنجام بدات و دەستی ماندووبوونی بگوشێت، من لێرەدا دەستخۆشی لە هەردوو مامۆستای ناوبراو دەکەم و هیوای لەش ساغییان بۆ دەخوازم، لێرەشدا من نامەوێ لایەنگری هیچ کەسێک بکەم و هیچ کەسێکیش تاوانبار بکەم، بەڵام دەمەوێ هەڵەیەک هەیە ڕاست بکرێتەوە، هەڵەکەش مێژووی ساڵێکە و دەبێ چاوی لێ دانەخەین، چونکە ئەم ساڵە و ئەم قەسیدەیەی سالم قسە و باسی زۆری لە سەرە.

هەر لەم ماوەیەدا مامۆستا جەعفەر زۆر لێبوردانەوە بابەتێکی پێشکەشم کرد بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە و ڕا و سەرنجی تایبەتی خۆمی لە بارەوە بڵێم، کاتێک دوو جار تەواوی بابەتەکەم خوێندەوە، دیتم مامۆستا هیچی بۆ من نەهێشتووەتەوە قسەی لە بارەوە بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا بەیتێکی لە قەسیدەکەی سالم خستبووە ڕوو، ئەو بەیتەش بریتی بوو لە بەیتی:

ئەهلی دانش حاتەمی بەخشش بە ئەبجە د کەن حساب
با نەڵێن: کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە

مامۆستا جەعفەر لە بارەی ئەم بەیتەوە دەڵێت: (زۆربەی نووسەرانی کورد، ئەم دوا بەیتی ئەو قەصیدەیەی بۆ عەبدوڵلا پاشا نووسراوە، تێنەگەیشتوون. هەرچەند ئەو بە ڕوونی تاریخەکەی بە حیسابی ئەبجەد درکاندووە).

لێرەدا دەڕۆمە سەر ئەسڵی بابەتەکە و دەڵێم: قسە و باسی منیش لە سەر ئەم ساڵەیە کە دکتۆر عوسمان دەشتی لە بابەتەکەیدا تەواوی قەسیدەکەی سالمی هێناوە و لە کۆتاییشدا پەراوێزێکی بۆ نووسیوە و دەڵێت:

ئەهلی دانش، حاتەمی بەخشش، بە ئەبجەد کەن حیساب
بانەڵێن کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە

دکتۆر بۆ ئەم بەیتە پەراوێزی ژمارە (٤٢)ی داناوە و دەڵێت:

ئەهلی دانش: زانایان، حاتەمی بەخشش: حاتەمی

بەخشین.

– ئەگـەر بە حیـسـابی ئەبجـەد ئەو ڕسـتـەیە، لێک بدرێتـەوە (کـانی کـەرەم کـەی بوو بە بابان هاتەوە) ئەوە بەرانبـەر (١٢٨١)ی کـۆچی دەوەسـتێ، کـە ئەمـەش ڕێکەوتی (١٨٥٤) زاینییە.

قـسـە و باسی من لە سـەر ئەم پەراوێزە و ئەو بەیتـەی سەرەوەیە کە دکتـۆر لە بابەتەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە و لە سـەرەتای بابەتەکـەشـدا دەڵێت: (د. کـەمـال فـوئاد دەڵێ: لە دوای بەرەڵڵابوونی عـەبدوڵڵا پاشـای بابان و گـەیشـتنە بەغـدای سـالم ئەم قـەسـیـدەیەی گـوتووە، ئەم قەسـیـدەیە لە (٤٢) دێڕ پێکدێت و سـاڵی (١٢٧٠ک–١٨٥٤ز) گوتراوە.

سـەرەتا دەمـەوێ ئەو پرسـیـارە ڕووبەڕووی دکـتـۆر خۆی بکەمـەوە، ئایا لە پەراوێزی (*)ی سەرەتای قەسـیدەکەدا دەڵێت: د. کـەمـال فـوئاد دەڵێت سـاڵی (١٢٧٠ک–١٨٥٤ز) نووسـراوە و دکـتـۆر عـوسـمـان خۆشی دەڵێت: سـاڵی (١٢٨١ک–١٨٥٤ز) نووسـراوە و دەکات، باشـە خوێنەر باوەڕ بە کامیان بکات؟!

دەبێ بپـرسـین: ئاخـۆ دکـتـۆر عـوسـمـان دەشـتی بۆچی ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە کەمال فوئاد هەڵەی کردووە و ئەم ڕاسـتی کـردووەتەوە و بەم پێیـە قـسـەکـەی کەمـال فـوئاد هەڵـەیە؟! چی لێکۆڵـینـەوەیەکی ئەنجـام داوە، کامەیە و چۆنە؟ بۆ نەخراوەتە ڕوو؟

من تەنیا هەڵەی نێوان کەمال فوئاد و عوسمان دەشتی بە سـاڵی کۆچی (١١) سـاڵ ببینم و سـاڵی زاینییەکەش لەلای هەردووکیـان هەر سـاڵی (١٨٥٤) بێت، تۆ بڵێی سـاڵی زایینی (١١) سـاڵ وەسـتـابێت و جـوولەیەکی نەکردبێت؟!

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشـەوە دکـتـۆر عـوسـمـان دەشـتی لە پەراوێزی ژمـارە (٤٢) دا نیـوە بەیتـەکـەی دیاری کردووە و دەڵێت: (کانی کـەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە)، ئەمە لێک بدرێتەوە، سـاڵی (١٢٨١)ی کۆچی بەرانبەر بە سـاڵی (١٨٥٤)ی زایینی دەکات.

ئێمـە لێرەدا هەر ئەو بەیتـەی سـالم لێک دەدەینەوە کە دکـتـۆر خـۆی لە پەراوێزی ژمـارە (٤٢) دا ئامـاژەی پێ کردووە و خستوویەتییە نێو کەوانەوە.

ک ٢٠ + ا ا + ن ٥٠ + ی ١٠ = ٨١

ک ٢٠ + ھ ٥ + ڕ ٢٠٠ + ھ ٥ + م ٤٠ = ٢٧٠

ک ٢٠ + ھ ٥ + ی ١٠ = ٣٥

ب ٢ + و ٦ + و ٦ = ١٤

ب ٢ + ھ ٥ = ٧

ب ٢ + ا ١ + ب ٢ + ا ١ + ن ٥٠ = ٥٦

ھ ٥ + ا ١ + ت ٤٠٠ + ھ ٥ + و ٦ + ھ ٥ = ٤٢٢

٨٨٥ =٤٢٢+٥٦+٧+١٤+٣٥+٢٧٠+٨١

لێـرەدا دەپرسین ئاخـۆ دکـتـۆر ئەم لێکدانەوەیە بە هەڵە دەزانێت، یان بە ڕاست؟! لێـرەدا ئەوەش دەڵێم لەوانەیە دکتـۆر ئەو هەڵەیە بداتە پاڵ تایپێست و بڵێت تایپێست وشەی (با نەڵێن)ی نەنووسـیـوە، بۆیە ئەو هەڵەیە ڕووی داوە، ئێـمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەڵەیە کـە دەخرێتـە ملی تایپێست، ئەو دوو وشەیەش لێک دەدەینەوە و کۆی دەکەینەوە لەگەڵ ئەو نیـوە بەیتـەی کە دکـتـۆر ئاماژەی پێ کردووە لە نێوان دوو کەوانەکەدا:

ب ٢ + ا ١ = ٣

ن ٥٠ + ھ ٥ + ل ٣٠ + ی ١٠ + ن ٥٠ = ١٤٥

٨٨٥+١٤٥+٣= ١٠٣٣ی کـــۆچی بەرانبـــەر بە زایینیش دەکاتە (١٦٢٤).

هەڵبـەتە مامۆستا جەعفەریش ئەو ساڵەی وەرگرتووە، بەڵام من لێرەدا تەنیا قسە لە سەر ئەم پەراوێزەی دکـتـۆر عـوسـمـان دەشـتی دەکـەم، چونکە تەواوی ئەو لێکدانەوەم پێشکەش بە مامۆستا جەعفەر کردووە وەک تێبینییەک بۆ بابەتەکەی بەڕێزیان.

لەم باسـەدا درێژە بە قسـەکـانم دەدەم و دەڵێم با نیـوە بەیتی یەکـەمـیش لێک بدەینەوە و بزانین چی لەو نیـوە بەیتەشدا دەردەکەوێت. دکتـۆر نیوە بەیتەکەی بە ڕێنووسی نوێی کوردی نووسیـوە، ئێمەش هەر ئەو ڕێنووسە نوێیەی دکتـۆر نووسیویەتی، لێکی دەدەینەوە:

ئەهلی دانش، حـاتەمی بەخـشش، بە ئەبجـەد کـەن حیساب

ا ١ + ھ ٥ + ھ ٥ + ل ٣٠ + ی ١٠ = ٥١

د ٤ + ا ١ + ن ٥٠ + ش ٣٠٠ = ٣٥٥

ح ٨ + ا ١ + ت ٤٠٠ + ھ ٥ + م ٤٠ + ی ١٠ = ٤٦٤

ب ٢ + ھ ٥ + خ ٦٠٠ + ش ٣٠٠ + ش ٣٠٠ = ١٢٠٧

ب ٢ + ھ ٥ = ٧

ا ١ + هـ ٥ + ب ٢ + ج ٣ + هـ ٥ + د ٤ = ٢٠
ک ٢٠ + هـ ٥ + ن ٥٠ = ٧٥
ح ٨ + ی ١٠ + س ٦٠ + ا ١ + ب ٢ = ٨١
=٨١+٧٥+٢٠+٧+١٢٠٧+٤٦٤+٣٥٥+٥١
٢٢٦٠

کەواتە ئەمەش هەڵەیە و هیچ حسابێکمان بۆ دەرناکات، بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکە زۆر دوورودرێژ نەکەمەوە و سەر لە خوێنەرێش تێک نەدەم، من تەنیا دوو وشە دەهێنم و ڕوونی دەکەمەوە کە هەڵەکە لە کوێدایە و سالمیش مەبەستی لەم وشەیە بووە نەک ئەو نیوە بەیتەی کە دکتۆر عوسمان دەشتی هێناویەتی و دەڵێت بە پێی حیسابی ئەبجەدی ئەمە دەکاتە ئەو سالّە. وشەی (بەخشش) و (حیساب) بەپێی ڕێنووسی نوێی کوردی کە دکتۆر عوسمان نووسیویەتی.

(بەخشش):

ب ٢ + هـ ٥ + خ ٦٠٠ + ش ٣٠٠ + ش ٣٠٠ = ١٢٠٧

(حیساب):

ح ٨ + ی ١٠ + س ٦٠ + ا ١ + ب ٢ = ٨١
٨١+١٢٠٧= ١٢٨٨ی کۆچی، بەرانبەر بە سالّی زایینی دەکاتە (١٨٧١).

بە ڕێنووسی کۆنیش بەم شێوەیە:

(بخشش):

ب ٢ + خ ٦٠٠ + ش ٣٠٠ + ش ٣٠٠ = ١٢٠٢

(حساب):

ح ٨ + س ٦٠ + ا ١ + ب ٢ = ٧١
٧١+١٢٠٢= ١٢٧٣ی کۆچی بەرانبەر بە سالّی (١٨٥٦)ی زایینی دەکات.

کەواتە: لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت: سالّی ١٢٧٠-١٨٥٤ دەکات هەڵەیە، هەر ئەم سالّە کۆچییەی دکتۆر کەمال باسی دەکات بەرانبەر بە زایینی دەکاتە سالّی (١٨٥٣)، چونکە ڕۆژەکانی سالّی کۆچی بەرانبەر بە سالّی زایینی وەک یەک نییە، بۆیە سالّێک، یان دوو سالّ جیاوازی دەبێت، ئەمەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زۆرە، چونکە سالّێک دوورمان دەخاتەوە لە مێژووی ڕووداوێک و لە ڕووی مێژوویەوە هەڵەمان پێ دەکات، من ئەو سالانەی بەراوردم کردوون، لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ئەلکترۆنی کۆمپیوتەرییەوە بووە کە لە برای بەڕێزم سدیق سالّح-م وەرگرتووە، سوپاسی دەکەم.

هەروەها دکتۆر عوسمانیش دەڵێت: سالّی ١٢٨١-١٨٥٤ی زایینییە، ئەمەش هەڵەیە، سالّی ١٢٨١ بەرانبەر بە سالّی (١٨٦٤)ی زایینییە، بێجگە لەوەش دکتۆر دەڵێت: سالّی نووسینەوەی ئەم دەقە (١٢٨١) دەکات، یان لێکدانەوەکەی بەو شێوەیە بووە، کەچی لێکدانەوەکەی ئێمەش بەپێی ئەو ڕێنووسەی بەڕێزیان نووسیویانە و دایانناوە- لێکمان داوەتەوە، ئەو سالّەی دکتۆر داینناوە، هەڵەیە و سالّەکەی ئێمەش- سالّی (١٢٨٨-١٨٧١) دەکات، هەروەها بە ڕێنووسی کۆنیش دەکاتە (١٢٧٣-١٨٥٦).

لەم لێکدانەوەیەماندا بۆمان دەردەکەوێت کە مامۆستا عوسمان دەشتی کەوتووەتە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەوە، بەپێی ڕێنووسە نوێیەکەی خۆی (٧) سالّ دوای ئەو سالّە دەکات، بە ڕێنووسی کۆنیش (٨) سالّ جیاوازی کەمیی هەیە.

ئەوەی ماوە بیلێیم سالّی مردنی سالمی شاعیرە، چونکە ئەم لێکدانەوەیە خالێکی گرنگی تێدایە بۆ ساغکردنەوەی سالّی کۆچی دوایی سالم، دکتۆر عوسمان لە بابەتەکەیدا دەڵێت: (سالم هەر لە سلێمانیدا و لە سالّی (١٨٦٩) دا کۆچی دوایی کردووە، مەزاری گۆڕەکەی لە گردی سەیوانە...).

بۆ ئەم سالّی مردنەی سالم دەبێ بڵێین: ئەگەر سالم سالّی ١٨٦٩ی زایینی کۆچی دوایی کردبێت؟! دەبێ بە دوو شێوە ئەم لێکدانەوەیە بکەین:

١- بەپێی ڕێنووسی کۆن کە لێکدانەوەکەمان کردووە، ئەوە سالم (١٣) سالّ پێش مردنی ئەم قەسیدەیەی نووسیوە.

٢- ئەگەر بەپێی ڕێنووسی نوێی کوردی حساب بۆ لێکدانەوەکەمان بکەین، ئەوە سالم سالّی (١٨٦٩)ی زایینی کۆچی دوایی نەکردووە، چونکە بەپێی ڕێنووسی نوێی کوردی سالّی نووسینی ئەم قەسیدەیە، سالّی (١٨٧١)ی زایینییە، واتە: (٢) سالّ دوای ئەو سالّەی بۆ مردنی سالم دانراوە، قەسیدەکە نووسراوە.

هەروەها ئەمین زەکی بەگیش لە کتێبی (تاریخی سلێمانی و ولاتی) و لە لاپەڕە (١١٧) دا دەڵێت: (لە سالّی ١٢٦٧ی هیجریدا والی نامیق پاشا، عەبدوڵڵا

پاشـای بانگ کـرده بەغـدا و مـەحـفـوزەن ناردی بۆ ئەستـەنبـوڵ و مـیـر لیـوایەکی تورکی، کـە ئیـسـمـاعـیـل پاشـایان پێ ئەگـوت، نـارده سلێـمـانی و بەم تەرحـە ئیمارەتی بەبەی، لە دوای دوو سەد سالێک حکوومەت، بە تەواوی لەناوچوو (١٢٦٧ هـ-١٨٥١ م)).

ئەگەر ئەم قسـەی ئەمین زەکی ڕاست بێت، ئەوە بەپێی ڕێنووسی کـۆن کـە سـاڵی ١٨٥٦ی زایینیـیـە و سـالم قەسیدەکەی بۆ عەبدوڵڵا پاشا نووسیوە، دەبێ عەبدوڵڵا پاشا (٥) سالّ لە دەرەوە بێت، سالمیش دوای (٥) سالّ لە دەربەدەری عـەبدوڵڵا پاشـا و هاتنەوەی بۆ بەغـدا ئەم قەسیدەیەی نووسیبێت.

ئەگـەر بە ڕێنووسی نوێی کـوردی لێکی بدەینەوە، ئەوە دەبێ سـالم نەمـردبێت و عـەبدوڵڵا پاشـا (٢٠) سالّ لە دەرەوەی سلێـمـانی بووبێت، سـالمیش دوای (٢٠) سالّ ئەم قەسیدەیەی نووسیبێت.

ئەوەی ڕای من بێت لە بارەی ئەم قـەسـیـدەیە و سـاڵی لێکۆڵینـەوەکەمـان، ڕێنووسی کۆنە، نەک ڕێنووسی نوێ، چونکە ناکرێت دوای بیست سالّ لە دەربەدەری عـەبدوڵڵا پاشا ئەو قەسیدەیە نووسرابێت، دەبێ ڕێنووسی کۆن بۆ لێکدانەوەکەمان بەکـار بهێنین، بەیتەکەش بەم شێوەیە بنووسین تەواوتر دەردەچێت:

ئەهلی دانش، حـاتەمی (بخـشش)، بە ئەبجـەد کـەن (حساب)

با نەڵێن: کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە

ئەمـەش بۆ خـوێنەری ئاگـادار دەبێت، بەڵام بۆ هەمـوو خوێنەر دەبێ بەیتـەکە بە شێوەی ڕێنووسی نوێی کوردی بنووسین و لە سـەر هەردوو وشـەکـە پەراوێز دابنێین و ئاماژەی پێ بکەین و ڕوونکردنەوەی تەواو بنووسین.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە دکتـۆر عـوسمان دەشتی و مامۆستا جەعفەری خۆشەویست دەکەم بۆ ئەو لێکۆڵینەوە ورد و درشـتـەیان و خـسـتنە سـەر ڕێی منیش بۆ لێکدانەوەی ئەو بەیتـەی سـالم و ڕاست کـردنەوەی ئەو ساڵەی نێـو قـەسـیـدەکـەی سالم، تەمـەن درێژی و لەش ساغی بۆ دکـتـۆر کـەمـال فـوئـاد و تەواوی ئەوانەی لە پێناوی ئەدەبی کـوردی کـۆندا ڕاسـتگۆیانە و بێ هیچ مەبەست و هۆیەک ماندوو دەبن و بێ جیاوازی خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەن.

سەرچاوەکان:

١- لە پەراوێزی دوو قـەسـیـدەی (سـالم)دا (تێکست و لێکۆڵینەوە): د. عـوسمـان دەشتی، گۆڤـاری ئەکادیمی (گۆڤـاری ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە ١٧ی سـاڵی ٢٠١١، لاپەڕە (١٠٩-١٢٦).

٢- تاریخی سلێـمـانی و وڵاتی: مـحـەمەد ئەمین زەکی بەگ، ڕەفـیق سـاڵح لە کـۆی بەرهەمـەکـانیـدا ئامـادەی چاپی کـردووە، بەرگی سـێـیـەم، بنکەی ژین، چاپی دووەم، چاپخـانەی شـڤـان-سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە (١١٧).

٣- بەرنامـەی ئەلیکتـرۆنی سـاڵنامـەی کـۆچی و زایینی کۆمپیوتەری.

گرووپەکانی زانستی کەلام: موعتەزیلە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

لە کولتوور و شارستانی ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینەکەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب (شانشینی ئێستای بنەماڵەی سعوودی) بەگشتی و بڵاوبوونەوەی لە دەرەوەی ئەو دەڤەرە و لەنێو ولاتانی گەلانی دیکەدا، چەند ڕاستییەکی مێژوویی سرنج ڕادەکێشن، ئەگەرچی تاڕادەیەکیش ئەو ڕاستییانە بە ناکامی سەریان نابێتەوە، دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێک نادەن، ئەو ڕاستییانە سروشتی شەریعەتی (ئایین) و سیاسی و هزری (فەلسەفەییان) هەبووە، ئەمەش دەکرێ بە قەوالّە و بەڵگەیەکی پشت ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵکەوتە دابنرێن:

لە هەلومەرجی ڕەخساوی تایبەتیدا، لە هەر سەردەم و جێگایەکدا، ئەنجامی دیار و دەستنیشانکراو سەرئاوەدەکەون. ئەمە ڕاستییەکە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی نەسرەوتی مێژووی گەل و کۆمەڵگاکان ساغی کردۆتەوە. ئەو تێزە سەلمێنراوە، لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە تایبەتمەندی (هەلومەرجی خۆیی و بابەتی) هەر نەتەوە و ولاتە لە قۆناغی دیاریکراودا بە جۆرێک لە جۆرەکان کار لە پرۆسەکە دەکەن و دوور نییە دیاردەیەکی پێش ئەوی دیکەیان سەرئاو بکەوێ. ڕەوشی ئەوسای دوورگەی عەرەبی هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینە نوێیەکە تاوەکو کۆتایی هاتنی هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ولاتانی دیکەدا و جێگیربوونی ئارامی و ئاسایشێکی ڕێژەیی، ڕاستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکەنەوە!

- هەلومەرجی ئەوسای تیرە و خێڵەکی دوورگەی عەرەب وای کردووە کە بابەتی کێشەی سیاسی پێش بابەتی شەرعییە کە سەرئاو بکەوێ! هاشمی و بەنی

ئومەییە (قورەیشی) ئەوس و خەزرەج، ئەنسار و موهاجیرەکان هەریەکە خۆی لەوی تر لەپێشتر و شایستەتر داناوە، تەنانەت خێڵی بەنی ئومەییە تیرەی خەلیفەی سێیەم و معاویە بەهاتنی ئیسلام وای هەست کردووە پەراوێز خراوە، تەنانەت هەندێک سەرچاوە لەو باوەڕەدا بوون کە «خێڵی بەنی ئومەییە هیچ کاتێک بەڕاستی دڵسۆزی ئایینی ئیسلام نەبوون(١)، ئەگەرچی ئەو هەڵوێستەی ئەو خێڵە تاڕادەیەک بە پێچەوانەی بنەماکانی ئایینەوەیە. بڕواو ئیمان و عەقیدە پابەندبوون و ملکەچی و دڵسۆزییە بۆ ئەو ئایینەی مرۆڤ هەڵیدەبژێرێ!

پاش کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام، بە تەواوەتی ئەو لایەنە سەرئاو کەوتووە. خەلافەت لەجیاتی پتر یەکخستنی خەڵک، بە پێچەوانەوە کوشت و کوشتار و خوێن ڕشتن و دووبەرەکی ناوەتەوە. لە چوار خەلیفەی ئیسلام، سێیان بەشمشێر ورگیان دڕاوە! برایانی ئایینی دوێنێ، ئەمڕۆ لە یەکتری چوونەتە سەنگەرەوە و شیروتیریان لە یەکتری سووە. شەڕ و جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاویە هەتا هەتایە موسڵمانانی کرد بە دوو پارچە (سوونە و شیعە). ئەو شەڕە بەهەر لایەکدا لێک بدرێتەوە، زیانێکی ئەوتۆی بە ئایین و لایەنگیرانی گەیاندووە و دەستێکی وای لێوەشاندووە هیچ ڕکەبەر و ناحەز و دوژمنێک ئەمەی بۆ نەکراوە. بەپێی سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان، ژمارەی ئەو سەحابانەی لەشەڕی ناوخۆی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاویەدا کوژراون پتر بووە لە ژمارەی ئەو سەحابانەی بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە ئەندەلووسەوە (ئیسپانیاوە) تاوەکو خواریزم و سەمەرقەند کوژراون!

ئەو ناکۆکییە سیاسییەی نێوان خێڵ و تیرەکانی عەرەبی موسڵمان ڕەهەندی چینایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە، ئەگەرچی بەپێی پێویست لەسەردەمی خۆیدا تیوریزە نەکراوە، بەڵام لە چوارچێوەی شەرع و زانستی کەلامدا سێ گرووپ ئەو ڕەوشە سیاسییەیان تۆمار و بەرجەستە کردووە و کێشەکەیان لە دوو خاڵدا کۆکردۆتەوە:

– چ کەس شایستەی ئەوەیە ببێ بە ئیمام و سەرکردە؟ مەرجە ئەو کەسە عەرەبی قورەیشی بێ، یان دەکرێ موسڵمانێکی ئاسایی زمان و نەتەوەکەی هەرچی بێ، ئەو پلەوپایەی پێ ببڕێ؟!

– گوناهی گەورە، تاوانی گەورەیە چییە؟ کەسێک دەکرێ بە گوناهباری گەورە دابنرێ کە بە عەرەبی (مرتکب الکبیرة)ی پێدەگوترێ؟ جۆری سزاکەی چییە و چۆن دەبێ؟!

– لەلایەکی تڕەوەو دوور لەو هەراوهۆریاو جەنجاڵییەی نێوان هەردوو لایەنگیرانی خەلیفەی چوارەم و معاویە، چەندین پیاوی ئایینی و زانای کاروباری شەریعەت لە دوو سەنگەری جیاوازدا لەبەر یەکتری وەستا بوون، بەبێ ئەوەی سرنج بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، خەریکی دانانی بنەمای جیهاندیدێکی تیوریبیانە بوون دەربارەی ئایین کە دواتر بە ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام ناوبراوە. لە چوارچێوەی ئەو کۆششەدا دوو ڕێباز بە دەرکەوتوون، هەردووکیان نواندنی دوو جۆرە هەڵوێست بوون لە دوو ڕوانگەوە بەرانبەر بە ئایینی ئیسلام و بە دوو تیوری تاڕادەیەک سەربەخۆ پشت ئەستوور بوون، ئەگەرچی ئەو دوو ڕێبازە لە ڕوخساردا وابێنە بەرچاو کە لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە و دەچنەوە سەر بنجوبناوانی ئایینەکە خۆی کە دەری دەبڕن، ئەوە لە هەمان کاتدا دوو هەڵوێستن ئاوێنەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەردەمی خۆیان بوون و کۆششاون لە وردەکاریدا لایەک لە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەوسا بکەنەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و کێشە لە چارەسەر کردن هاتووەکان یەکلایی بکەنەوە و بەلایەکیاندا بخەن. ئەو دوو ڕێبازە لە دواییدا چەندین ئاراستەی هزری و شەرعی و فەلسەفەییان لێکەوتۆتەوە، دەکرێ زانستی کەلام بە جۆرە پەرەپێدانێکی ئەو دوو ڕێبازە دابنرێ.

– ڕێبازی یەکەم: بە عەرەبی پێی دەگوترێ «ئەهلی ڕەئی و ئیجتیهاد)(٢). ڕابەر و لایەنگیرانی ئەو ئاراستەیە، بێجگە لە دەق و ئایەتەکانی قورئان و حەدیس پشتیان بە بیروڕاو بۆچوون و توێژینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) بەستووە. ئەو هەڵوێستەی خۆیان بەوە پاساو داوەتەوە کە هەندێ شت لەو سەردەمە و لە ژیاندا دەقەومێن لە قورئان و حەدیسدا باس نەکراون و چارەسەریان تێدا نییە، بۆیە دەبێ لەخەڵک بپرسرێ و بیروبۆچوونەکان بەهەند دابنرێن، ئینجا پنا بۆ گریمانەی جۆربەجۆر ببردرێ بۆ هەڵسەنگاندنی کێشە پرسیار لەسەرەکە لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو بارێکدا.

ڕابەری ئەو ڕێبازە ئەبو حەنیفە بووە کە مەزهەبی حەنەفی دامەزراندووە و بە پێشکەوتووترین مەزهەب دادەنرێ لە ئیسلامدا، ئەگەر لەگەڵ مەزهەبەکانی تر بەراورد بکرێت. خۆی فارسە و ساڵی (١٧٦٧ز) مردووە.

- ڕێبازی دووەم بە عەرەبی (ئەهلی حەدیسی) پێ دەگوترێ. لەلایەن مالکی بەنی ئەنەس و ئەحمەدی حەنبەل و شافعییەوە ڕابەری کراوە. تا ڕادەیەک کۆنەپارێز و سەلەفییە. ڕابەرانی ئەو ڕێبازە ئەوەندە پابەندی حەدیس بوون، بەپێچەوانەی حەنەفییەوە، ئەگەر بابەتێک، کێشەیەک، پرسیارێک ڕێگا چارەو وەڵامەکەی لە حەدیسدا نەهاتبێ، پشتگوێیان خستووە.

ئەو دوو ڕێبازە هەر لە سەرەتاوە کێشەیان لەنێواندا هەبووە و ڕکابەری یەکتری بوون، بەڵام کەسانێکی ناودار لەنێویاندا کاراو دەستبەکار بوون و گرینگترین ڕێبازی زانستی کەلامیان دامەزراندووە. لە قوتابخانەی یەکەمدا حەسەنی بەسری هەڵکەوتووە و بەهۆیەوە ڕێبازی گرووپی موعتەزیلە دامەزراوە.

لەنێو ڕێبازی حەدیسدا شافعی سرنج ڕادەکێشێ کە ڕێگای دامەزراندنی بۆ کۆنەپارێزترین و سەلەفیترین مەزهەب و گرووپی محافەزەکاری زانستی کەلام خۆش کردووە کە دواتر بە گرووپی ئەشعەری ناسراوە. شافعی بەدرێژایی ژیانی کۆشاوە قورئان هەر بە عەرەبی بێ و ڕێگای نەداوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئەو موسڵمانانەی عەرەب نین، پێی لەسەر سەرتاپاگیریی دەقەکانی حەدیس داگرتووە و چاویشی هەمیشە هەر لە ڕابردوو بووە. گرووپی ئەشعەرییە لەلایەن سێ ڕابەرەوە پەرەی پێدراوە تاوەکو دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێ بڕاوە. هەرسێکیان لە سێ سەردەمی جیاوازدا ژیاون: شافعی، ئەشعەری، غەزالی

- شافیعی خەریکی لایەنی فیق و شەریعەت بووە.
- ئەشعەری سەرگەرمی عەقیدە بووە.
- غەزالی لە بەرهەمەکانیدا لایەنی هزری و فەلسەفەکەی جێگیر کردووە و هێرشی بردۆتە سەر لایەنەکانی تر، هەروەها پەرەی بە فیقهی مەزهەبی شافعی و عەقیدەی مەزهەبی ئەشعەری داوە(٤).

ئەگەر مرۆڤ ڕەخنەگرانە لەو سەرچاوە میژووییانە ورد ببێتەوە کە قۆناغی دەرکەوتن و جێگیربوونی ئایینی ئیسلامیان لەدوورگەی عەرەب تۆمار کردووە، ئینجا هاتوونەتە سەر قۆناغی بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە لە وڵاتانی تر و لە نێو میللەتانی دیکە، دەتوانێ گریمانەیەک پشت ڕاست بکاتەوە کە هەندێک نووسەری ئەوروپایی کردوویانە:

لە سەرەتای جێگیربوونی ئایینی ئیسلام و دەستپێکی بڵاوبوونەوەی لەنێو گەلانی تر، هزرمەند و زاناو پیاوە ئایینی و مەزهەبییەکان لەنێوان دوو ئاراستەی جیهاندیدی کەلامیدا گیریان خواردووە: ئاراستەی پێوەندی نێوان خواست و توانایی (ئیرادە و قودرەتی) خوا و دەسەڵاتی مرۆڤ. چۆن ئەم دوو لایەنە پێکەوە بگونجێنرین و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی بێ سنووری خوا لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ بە ئازادی بچێتە ژێرباری ئەنجامی ئەو کارانەی دەیکات بە پاساو ساغ بکرێنەوە؟ چۆن بوونی کێشەی نەخۆشی و هەژاری و قاتوقڕی و بەدکاری لەگەڵ دادپەروەریی خوادا دەگونجێن و دێنەوە؟ ئەو بابەتە گرنگە کە بە کوردی چارەنووس و بەعەرەبی (قەزا و قەدەر- جەبر و ئیختیار)ی پێ دەگوترێ، کێشەی گەرموگوڕی ئەو سەردەمە بووە و بۆتە مایەی پەراندنی سەری کەسانی وەک (غەیلانی دیمەشقی و جەهەم بن سەفوان) بەشمشێر! لێرەدا ڕەنگی جیهاندیدێک ڕێژراوە لەجیاتی چارەنووس و ناچاریی مێژوویی پەرەسەندن و گۆڕان و گەشەکردن دەسەڵات و توانایی و خواستی خوا دانراوە (کن فیکون) هەر خۆی هۆکاری هەموو شتێکە بە بوون و نابوونەوە، داهێنەری ئەو بزووتنەوە مێژووییەیە(٥) کە دادی ڕەبانی (عەدالەتی ئیلاهی) لەسەر زەوی جێگیر دەکات! بەڵام دوای داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و شارەزابوون بە کولتووری میللەتانی تر کە پێشکەوتووتر بوون و بەرانبەر بە ئایینی تر و هزری جودا کراوەتر بوون، بنەمای چارەنووس تاڕادەیەک کاڵ بۆتەوە. لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەو سامان و دراو و زێڕ و زیو و گەوهەر و مالّی دنیایەی لەو وڵاتانە و لەو میللەتانە دەستگیریان بووە، فێری جۆرە ژیانێکی تر بوون جیا لە هی پێشوویان لەدوورگەی بیابانی بێ خێر و بیر و کشتوکاڵی عەرەب. ئەو جۆرە پێوەندییە بە گەلان و ئایینی تر و ئەو ژیانە نوێیەی پڕ لە خێروخۆشی، تاڕادەیەک شانازی کردن بە ڕابردوو، ڕەچەڵەکی کاڵ کردۆتەوە و بەرچاوی ڕوونتر کردوون و ناچاربوون بە گیانێکی تر لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیان و دەوروبەر

بجوولێنەوە. ئەو ڕەوشە تارادەیەک سروشتی دنیایی بە جیهاندیدی ئایینییەکە بەخشیوە و لایەک لە ئازادی و ئۆبالّ کێشانی مرۆڤ کراوەتەوە، ڕوو لە ژیر (ئەقڵ) کراوە و بۆ لێکدانەوەی بابەتەکان پشتی پێ بەستراوە، کراوە بە ئامرازی لێکدانەوەی تێکستە ئالۆزەکانی ئایین.

لەو کەشوهەوایەدا کە جۆرە دەلاقەیەکی کرانەوەی بە ڕووی ژیاندا تێدا بەدی کراوە، کەسانێک لەژێر ناوی گرووپی موعتەزیلە دەرکەوتوون جوامێرانە هەوڵیان داوە بە پشت بەستن بەژیر لایەنی ئاسمانی- ترانسندێنتالی ئایین کاڵ بکەنەوە و هەر نەبێ بەهۆی ڕەخنەگرتن لە هەندێ لایەنی ئایینی و شرۆڤەکردنی تایبەتی دەقە پیرۆزەکان، دەرگای شنەبای هیوابەخشی گۆڕان ئەگەر هەندەکیش بێت، لەبەردەم کۆمەڵگادا بخەنە سەر پشت. کەوابوو:

- ناوی موعتەزیلە لەچییەوە هاتووە؟
- بنەماو ڕێوشوێنە سەرەکییەکانیان چین و کامانەن؟
- پێوەندییان بە گرووپەکانی ترەوە چۆن بووە؟
- تا چەند کاروباری ئایینی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیانیان بەرجەستە کردووە؟
- ڕاستە ئەوان هزرمەند و ژیر پەروەر بوون؟ ئەو ژیر پەروەرییەیان لەچیدا دەرکەوتووە؟
- بۆچی بەو شێوە درندانەیە سەرکوت و قڕ کران؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، ئەرکی سەرشانی ئەو نووسینە دەبێ.

ناوی موعتەزیلە

موعتەزیلە وشەیەکی عەرەبییە لە ئیعتیزال و ئیعتەزەلەوە هاتووە کە بەگشتی، بەبێ چوونە نێو وردەکارییەکانی زمانەوە، واتای جیا بوونەوە، گۆشە گیربوون، دوورەپەرێز وەستان، دەگەیەنێ، ئەگەرچی ئەو گرووپە پێش ئەوەی بە تەواوی لەو ڕێکخراوە کەلامییەدا خۆیان ڕێک بخەن و ئەو ناوەیان بەسەردابڕێ، بەشداری جەنگی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاویەیان نەکردووە، بێ لایەن بوون، دوورەپەرێز وەستاون، بەڵام دواتر لە مزگەوتی شاری بەسرە لەبەردەم حەسەنی بەسریدا لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پرسیارێک: گوناە و گوناهباری گەورە چییە؟ چ کەسەو سزاکەی چۆنە؟ ئەو گرووپە دروست بووە و ناوی موعتەزیلەی بەسەر دابڕاوە:

حەسەنی بەسری واسڵی کوڕی عەتا لە مزگەوتی بەسرە بوون، مرۆڤێک لەناکاو خۆی بە حوجرەی مزگەوتەکەدا کردووە و لەبەردەم حەسەنی بەسریدا قیت بۆتەوە و گوتوویەتی:

هۆ ئیمامی ئایین! لەو سەردەمەماندا تاقمێک پەیدابوون ئەو کەسانە بە کافر و گومڕا دادەنێن کە گوناهی گەورە دەکەن، گوناهی گەورە بە لایانەوە گومڕایی و دەرچوونە لە ڕێزی موسڵمانان، ئەو تاقمە خاریجییەکانن، تاقمێکی تر بابەتەکە دوادەخەن، بەلایانەوە ئەگەر مرۆڤ ئیماندار بوو، گوناهی گەورە زیان بە بڕواو عەقیدەکەی ناگەیەنێ، چونکە ئەوان بەپێی مەزهەبەکەیان کار و کردار، بنەمایەکی ئیمان نییە، بۆیە یاخی بوون زیان بە ئیمان ناگەیەنێ، هەروەها ئەگەر کافر بشپەرستێ هیچ سوودێکی نییە! ئەوانە مورجیئەی ئومەتن. باشە ئێوە چۆن بەپێی عەقیدە بڕیار دەدەن؟ حەسەن بیری لێ کردۆتەوە، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە واسڵی کوڕی عەتا هاتۆتە قسە و گوتوویەتی:

من نالێم ئەوەی گوناهی گەورە دەکات بە تەواوەتی ئیماندارە، یان بە بە تەواوەتی گومڕایە، بەڵکو ئەو لە خانەیەکدایە لەنێو دوو خانەدا نە ئیماندارە و نە گومڕایە! ئینجا لە جێگای خۆی هەستاوە و چووە بۆ زاویەیەکی ئەولای مزگەوتەکە. حەسەنی بەسری گوتوویەتی:

واسڵ لێمان جیا بۆوە(٦).. ئەمە بە واتای (ئیعتەزەلەنا) دێت و لێرەوە گرووپی واسڵ ئەو ناوەیان لێ نراوە!

ئەگەر کەسێک گوناهێکی گەورەی کرد، نە ئیماندار بێ و نە کافر ئیتر چ ناوێکی لێ دەنرێ؟ سەرچاوە کۆنەکان وای بۆچوون کە حەسەنی بەسری ئەو کەسە گوناهبارەی بە دوو ڕوو (منافق) و واسڵ بە (فاسق)ی ناوبردووە.(٧) کەوابوو جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە چی دەگەیەنێ و چۆن لێکدەدرێتەوە؟ دوو ڕوو ئەو کەسەیە (لێرەدا وەک ئەو گرووپە لێکی داوەتەوە) کە قسەی زار و کرداری، ئەوەی دەیڵێ و ئەوەی لە ناخی دەروون و دڵیدایە دوو شتی لە یەکتری جیاوازن، بەڵام فاسق وەک واسڵ بۆی چووە و لێکی داوەتەوە، ئەو کەسەیە ئیمانی هەیە، بەڵام بە کردەوە بێ ڕێزی

بەشەریعەت کردووە و بنەماکانی پێشێل کردووە(٨).

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: چۆن ئەو هەڵوێستە میانڕەوەی موعتەزیلەی پشت ئەستوور بە ژیر لێکدەدرێتەوە لە کاتێکدا گرووپی تر هەبوون بە ئاسانی تۆمەتی کوفر و گومڕاییان داوەتە پاڵ ڕکەبەر و ناحەزانیان و شمشێری کاربەدەستانی دەوڵەتیش دەستی لە پەڕاندنی ملی ڕەخنەگران نە پاراستووە؟! ئایا ئەو هەڵوێستەی موعتەزیلە لەجۆری بیرکردنەوە و پێکهاتەی خۆیان کەوتۆتەوە؟ یان ڕەوش و هەلومەرجی دەوروبەر ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە، یان هەردوو هۆکارەکە پێکەوە دەستەبەری ئەو جۆری کردار و بیرکردنەوەی ئەو گرووپە بوون؟

بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، ڕێبازی موعتەزیلە لە هەردوو شاری بەسرە و بەغدا دامەزراون. ئەو دوو باژێرە مەڵبەندی کولتووری و شارستانی و بازرگانی بوون، ڕۆڵەی نەتەوە و ئاینزای جیاواز تێیاندا ژیاون، بۆیە دەکرێ هەردوو هۆکاری دەوروبەر (کۆمەڵگا) و کەسایەتی ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بنەما سەرەکییەکانی گرووپەکەیان دیار و دەستنیشان کردبێ.

- ئەوی لێرەدا سرنج ڕادەکێشی، ڕابەرانی موعتەزیلە هیچیان بە زمان و ڕەگەز عەرەب نەبوون، ئەوەش قسەکەی ئبن خەلدوون دێنێتەوە یاد کە «هەموو زاناکانی ئیسلام عەجەم بوون(٩)»، واتە عەرەب نەبوون. ئەو جۆرە زانستانە بابەتی شار و باژێرن، عەرەب کۆچەر و بەدوون و لە بیابان دەژین، بۆیە لێوەیان دوور بوون. ئەو شێوازەی بڕیاردان دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە:

- عەرەب کۆچەر و بەدوو بوون کولتووریان نەبووە. لە وڵاتێکی هەژار و نەدار و بیابانەوە هاتوون. وڵاتانی پڕ پیت و بەرەکەت و خێر و بێر و کولتوور و شارستانی پێشکەوتوویان داگیر کردووە، فێری ژیانێکی تر بوون، بۆیە ئبن خەلدوون گوتەنی: ژیانی خۆش، پووڵ و پارەو سامان و مااڵی دنیا و پلەوپایە و ئیشوکاری بەڕێوەبردنی دەوڵەت وای لێ کردوون نە پرژێنە سەر کاروباری کولتوور و چالاکی هزری و زانست.

- زانایانی ئیسلام کە هیچیان عەرەب نەبوون (بەدەگمەن نەبێ) لە ڕەوشێکدا ژیاون، کولتوور و ئایین و شارستانییەکی گەشەکردوو و پەرەسەندوویان هەبووە، کەسانێک بوون بە سەرۆک و ئاغایان تا دوێنێ پێخاوس و نەزان و ڕووت ڕەجاڵ (گورسنە، توشنە دربیابان مەلەخ میخورەن)، جۆرە ڕەوشێک کە لەلایان بوو بە هاندەرێکی دەروونی سیکۆڵۆژی، پاڵی پێوە ناون ببن بە ڕابەر و مامۆستای کاروباری ئەو ئایینە کە عەرەب بۆی هێناون. بەو هەنگاوە ئەو زانا موسڵمانانە کە عەرەب نەبوون، دوو نیشانیان پێکاوە:

- ئەوان ڕاستە بە زمان و نەتەوە عەرەب نین، قورئان و حەدیسیش بە عەرەبین، بە کردەوە دەیانخستووە کە ئەگەر لە کاروباری ئایینەکەشدا لە عەرەب چالاکتر و کاراو زیرەکتر نەبن، ئەوە بە هیچ جۆرێک کەمتر نین.

- لەلایەکی ترەوە بالۆرەی ڕەزاگرانی (مەوالی)یان پووچەڵ کردۆتەوە بەوەی کە دەبێ یەکسان وەک عەرەب بەیەک چاو تەماشا بکرێن.

بنەما بنەڕەتییەکانی موعتەزیلە

بەهۆی ئەو هەلومەرجەی گرووپی موعتەزیلە تێیدا ژیاوە، بەدەگمەن سەرچاوەیەکی کۆن دەست دەکەوێ کە بەڕێکوپێکی و سیستمیانە جیهاندیدی ئەو ڕێبازەی تۆمار کردبێ. سەرچاوەکان بەگشتی چەند ڕستە، یان چەند پەرەگرافێکیان لە بارەیەوە نووسیوە، تەنانەت لەبەرهەمەکانی خۆشیاندا ئەو کەموکوڕییە بەرچاو دەکەوێ. پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەو ئەوانەی نوێ کە لەسەر موعتەزیلە نووسراون، هەوڵ دەدەین بەپێی توانایی سوود لە هەردوو جۆرە سەرچاوەکان وەربگرین و وێنەیەکی ڕێکوپێک دەربارەی جیهاندیدەکەیان بکێشین. خەیات کە خۆی ڕابەرێکی موعتەزیلەیە لە کاتی ڕەخنەکردنی ئیبن ڕێوەندیدا گوتوویەتی:

«کەسێک شایستەی ئەوەیە ناوی موعتەزیلی لێ بنرێت ئەگەر باوەڕی بەو پێنج بنەمایە هەبێ:

یەکەم: یەکڕەنگی (التوحید).

دووەم: داد (العدل).

سێیەم: بەڵێن و سزا (الوعد والوعید).

چوارەم: خانەیەک لەنێوان دوو خانەدا (منزلة بین منزلتین).

پێنجەم: چاکەکاری و دووربی لە بەدکاری(١٠) (الأمر بالمعروف والنهي عن المنکر).

ئەگەر هەر کەسێک باوەڕی بەو پێنج بنەمایە هەبێ و داکۆکییان لێ بکات و لەسەریان بەجواب بێت، دەچێتە

ڕێزی ڕێباز و گرووپی موعتەزیلە. چۆن موعتەزیلە ئەو بنەما بنەڕەتییانەی ڕوون کردۆتەوە؟!

یەکەم: یەکڕەنگی:

موعتەزیلە چەمکی عەرەبی (ئەل تەوحید) یان بەکارهێناوە کە واتای ئەوە دەگەیەنێ شتێک بە ژمارە یەک بێت! بەڵام دەلالەتەکەی لێرەدا بۆ یەکڕەنگی ڕەب بەکارهاتووە کە تاکوتەرایە، شەریک و هاوبەشی نییە، کەس و هیچ شتێک لە وێنەی ئەو نییە. نە لە دایک دەبێ، کەسیشی لێ نابێ (منداڵی نابێ)، هیچ جۆرە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەوانەی نییە کە دایهێناون (خەڵقی کردوون). نە لەشەو نە وێنە و نە گۆشت و نە خوێنی هەیە، نە گەوهەرە و نە ڕووکەش نە ڕەنگی هەیە، نە گەرمە و نە سارەدە، درێژی و پانی و قووڵایی نییە، نابزوێ و ناجووڵێتەوە، ئەندام و پارچەی نییە ساکاری تەواوەتییە نە لای ڕاستی هەیە نە چەپ، نە باکووری هەیە نە باشوور، نە لەسەری هەیە و نە لەژێریدا، کات و شوێن نایگرنەوە، هەر هەبووە و هەرە کۆنە و هەردەبێ و هەر دەمێنێ و لەناو ناچێ، بێ سنوور و لە ڕادە بەدەرە هیچ هەست و دید و چاوێک توانای بینینی ئەوی نییە، بەڵام ئەو هەموو شتێک بەدی دەکات، ئەو لە هەموو ئەوە جیاوازترە کە بەبیروهۆش و ئەندێشەی مرۆڤدا بێت، بەتوانا و بەهێز و دەسەڵاتە زانا و زیندووە، سەرگەرمی سوود و قازانج نییە، زیان و ئێش و ئازاری پێ ناگات. گۆڕانی جۆری دڵخۆش بوون و غەمباری بەسەریدا نایەت. هەر خۆی کۆنە(١١)، هەموو شتێک، هەرچی هەیە و نییە، نوێنە و ئەو دای هێناون.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو تێکستە بدات کە سەرچاوە کۆنەکان تۆماریان کردووە، بۆی دەردەکەوێ کە ڕاستە زمانەکەی تاڕادەیەک ئاییننییە، بەڵام بەلای لۆژیک و زانستی کەلامیشدا هاتووە و هەنگاوی ناوە. ئەو بۆچوونە بەوە پشت ڕاست دەبێتەوە کە نووسەرەکەی ئەوەی لە توانایدا بووە هەرچی خەسڵەت و سیفەت هەیە کە بەبیری مرۆڤدا بێت و گومانی لێکچواندنی لێ بکرێت، نا کراون و لەخودی خوا بە دوور گیراون. کەواتە کامانەن ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی خوا هەیەتی و بکرێ، بە ئارێ ناوببرێن و قسەیان لێوە بکرێت؟ ئایا ئەو خەسڵەتانە بەشێک پێکدەهێنن لە خودی خوا خۆی، یان جیاوازن لێوەی؟ ئەگەر مرۆڤ باسی یەکڕەنگی ڕەب، خوا بکات خەسڵەت هەبوونی شەریک نا دەکات و بە دووری دەگرێ، ئەگەر خەسڵەتی کۆن و هەرە کۆنی و هەتا هەتایی (ئەزەلی و ئەبەدی) بدرێتەپاڵ، ئەوە سروشتی نوێی و ڕووداو و پەیدابوونی لێ دەستێندرێتەوە، بەڵام ئەگەر بگوترێ خوا توانا و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، ژیان و زانایە چی دەگەیەنێ، دەکرێ هەرسێک خەسڵەتەکە لە مرۆڤیشدا وێنا بکرێن و بەرانبەر بەبێ دەسەڵاتی و لاوازی و مردن و نەزانین دابنرێن؟ چۆن موعتەزیلە ئەو لایەنە لێکدەدەنەوە؟.

کێشەکە وا بە ئاسانی یەکلایی ناکرێتەوە، چونکە جارێکی دیکە چەند پرسیارێکی تر دەوروژێنێ:

ئایا ئەو خەسڵەتانە خودی (زاتی) خوا پێکدەهێنن، یان بەشێکن لە بوونەکەی؟ لەو کاتەدا دەبێ خەسڵەتەکانیش وەک خوا خۆی کۆن بن لێرەدا کۆنەکان لە یەکێک پتر دەبن، ئەمەش جارێکی تر لەگەڵ یەکڕەنگی خوادا ناگونجێت. کەوابوو موعتەزیلە گوتەنی خوا بۆ خۆی بەتوانست و (قادیرە)، خۆی بۆ خۆی ژیانە و زیندووییە و هەتا هەتاییە و نەمرە و بەخودی (زاتی) خۆی زانایە ئەو سێ خەسڵەتە لە خودی خوا جیانین، بەڵکو بەشێکی جیانەبووەوەن لە خودی خوا خۆی(١٢)، چونکە ئەگەر مرۆڤ ساغی بکاتەوە کە ئەو خەسڵەتانە کۆنن، جۆرە هاوبەشێک بۆ خوا گرێمانە دەکات ئەو گرێمانەیە لەگەڵ باوەڕی یەکڕەنگیدا ناگونجێ و نایەتەوە. کە مرۆڤ بڵێ ئەو شتە، یان ئەو خەسڵەتە کۆنە، مەبەست لەوەیە کە سەرەتای پەیدابوونی نییە، هەر هەبووە. ئەگەر خەسڵەت لەگەڵ خودا یەک بێ، یەکڕەنگی دووپات دەکرێتەوە. ئەگەر موعتەزیلە هەرسێک خەسڵەتی توانایی، زانین، زیندووبی ژیان دەکەن بە پێکهاتەی خودی خوا، مەبەست لەوەیە کە ساکاری خودا بپارێزن، بڵێن خوا بەتوانایە خۆی نەک بەهۆی هێزەوە خوا خۆی بۆ خۆی زانایە نەک بەهۆی زانینەوە ئەو خەسڵەتەی پێ بڕابێ. خۆی بۆ خۆی زیندووە و ژیان ئەو خەسڵەتەی پێ نەبەخشیوە.

ئەو بۆچوونەی موعتەزیلە ئەگەر نیاز و ئەجیندای ئایینی هەبووبێ و ویستبیان یەکڕەنگی خوا ساغ بکەنەوە لە هەمان کاتدا ئەو کارەیان بە چالاکییەکی فەلسەفە و لۆژیک دادەنرێ، چونکە بابەتەکەیان پتر بەرەو پەتی کردن (ئەبستراکت) بردووە و پەنایان بردۆتە بەر چەندین

چەمک «خود، ڕووکەش، گەوهەر، کات، جێگا، ڕەوش» کە تێکڕا بابەتی فەلسەفە و زانستی کەلامیان لێ پێکدێت، ئینجا واتاو مەدلوولی کەرەسەیی و ماددەیی وشەکانیان لە واتای ڕاستەوخۆی زمانەوە بەرەو واتاو دەلالەتی سیمبۆلی بردووە(١٣) کاتێک ئەو وشانەی لە قورئاندا هاتوون بە جۆرێکی تایبەتی لێکیان داونەتەوە و شرۆڤەیان کردوون، بۆ نموونە کە لە قورئاندا باسی دەستی خوا، کورسی عەرش، ڕووی خوا کراوە، ئەوان بە هێز و توانایی و عەرش مەبەست لە شکۆمەندی و بەرزییە و (ڕوو لە چاو) خواستی بێ سنوور و بەهرە دەگەیەنێ، بەو پێیە موعتەزیلە بە لایەنگرانی یەکڕەنگی دادەنرێن، چونکە خەسڵەتەکانیان لە خودی خوا جیا نەکردۆتەوە.

دووەم: داد

مەبەستی ئەو ڕێبازە ئەوەیە کە خوا دادپەروەرە هیچ کاتێک بەدکاری لێ ناکەوێتەوە و لە خودی پاکی ئەو بەدوورە. بەوپەڕی دادپەروەریی بەپێی چاکەکاری و بەدکاری مرۆڤ پاداشت دەکات، یان سزا دەدات ئەو چەمکە کە بنەمای دووەمی ئەو ڕێبازەیە لەگەڵ چەمکی یەکەمدا کراوە بە ناوونیشان و ناوی موعتەزیلە، لە زۆر سەرچاوەشدا و خۆشیان بەلایەنگرانی یەکڕەنگی و داد ناودەبەن کە بە عەرەبی (ئەهلی عەدل و تەوحید)یان پێدەگوترێ. بەلایانەوە خوا دادپەروەرە و سەرچاوەی داده. داد ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو شتێک لەجێگای شیاوی خۆی دابنرێت. خوا لە کرداریدا دادپەروەرە، چونکە بەپێی خواستی خۆی فرمان دەدات و ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێ و دەیخوازێ و بەو جۆرە بڕیار دەدات کە ڕاستودروست و بەرژەوەندی و سوود و قازانج پێویست بکات. هیچ کاتێک و بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێی بێ دادی لە بڕیار و فرماندا زوڵم لە کرداریدا چاوەڕێ ناکرێت، بەو پێیە بەلای موعتەزیلەوە داد ئەو داناییەیە کە ژیر پێویستی دەکات.

ئەو پرسیارەی لێرە دەکرێت، ئەو پێناسەیەی دادی ڕەبانی چۆن پێوەندی نێوان کاری خواو کاری مرۆڤ دیار و دەستنیشان دەکات؟ چۆن بوونی بەدکاری (شەڕ- نەهامەتی) لەگەڵ دادی ڕەبانی دێتەوە و پاساو دەدرێ؟ ئایا مرۆڤ لە کرداری ژیانی ڕۆژانەیدا ئازادە، یان هەموو شتێک لە چارەی نووسراوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەگەڵ دادپەروەریدا چۆن دێتەوە و پاساو دەدرێ؟ ئەو پرسیارانە بە هەر لایەکدا وەڵام بدرێنەوە، گرێیەکە پتر ئاڵۆز دەکات و ئەنجامێک دەستگیر نابێ ئەگەر دوودڵی لەدڵدا نەمێنێ. هیچ موعتەزیلەیەک گومانی لەوە نەکردووە کە بەدکاری لە خودی خواوە دوورە و بەدەرە، کەوابوو چۆن پاداشت و سزای مرۆڤ لێکدەدرێنەوە؟ چۆن مرۆڤ لەسەر کارێک خەڵات دەکرێ، یان سزا دەدرێ، کە بەخواستی خۆی نەیکردبێ و لە چارەی نووسرابێ؟ ئەگەر مرۆڤ لە ڕوانگەی فەلسەفەوە سەرنجی ئەو دوو چەمکە بدات: یەکڕەنگی و دادی ڕەبانی کە کراون بەدوو بنەمای بنەڕەتی ڕێبازی موعتەزیلە و لەلایەن هەموو موسڵمانێکی ئیماندار پەسندن، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ڕێبازە دوو لقی ئونتۆلۆژی و بابەتی ئاکاری لە تەنیشت یەکتری داناوە و ویستوویەتی لەلایەکەوە لەژێر ناوی یەکڕەنگیدا خود (زاتی) خوا لە هەموو گومانێک کە هاوبەشی بۆ پەیدا بکات بە دوور بگرێ، ئینجا کاری خوای بە جۆرێک داناوە کە هەموو مەرجەکانی ئاکاری تێدایە(١٥). بەو بڕیارە وادانراوە کە خودی خوا خودێکی ڕەهایە، بێ سنوور و لەکات و جێگا بەدەرە هیچ جۆرە خەسڵەتێکی مرۆڤی داهێنراوی نییە. لەلایەکەی تردوە بە چەمکی داد هەموو ئەگەرێکی بەدکاری و زۆر و جەور و زوڵم و ناحەزی و ناشیرینی لە خودی خوا دوور خراوەتەوە. ئەوی خوا بیکات و بڕیاری بدات، ئەوپەڕی باش و چاکەکارییە، چونکە خوا ئەوپەڕی دادپەروەرە. دادپەروەریی خۆی بنەماو بنەڕەتی چاکەکارییە، چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کەسانی ترەوە هەیە کە ئەنجامی کاری دادەکە دەیانگرێتەوە و پێوەندی نێوان خواو بەندەکانی کە دای هێناون بە جوانترین شێوە و شێواز بەرجەستە دەکات. لەلایەکی ترەوە، داد پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دیاری دەکات و ئەرکی سەرشانی کەسەکان لە چوارچێوەی قەدەر و چارەنووس و خواستی ئازادا ڕەنگ دەڕێژێ. هەر لەو پێوەندییەوە کە موعتەزیلە قسەیان لێ کردووە، تیوورییە سیاسییەکەیان بەدەردەکەوێ. ئایا چ کەس مافی هەیە ببێ بە ئیمام (سەرۆک)، مەرجە ئەو کەسە تەنیا هەر عەرەب و قورەیشی بێ، یان دەگونجێ مرۆڤی ئاسایی ئەگەر لە نەتەوەیەکی تر بێت بۆ سەرۆکایەتی ئومەت کاندید بکرێت؟ ئەگەر سەرۆک

هەڵبژێردرا دوای ماوەیەک دەرکەوت کە شایستەی ئەو کورسییە نییە، زۆرداڕە دەست لە بێ دادی ناپارێزێ و خزمەتی گەل و وڵات ناکات هەڵوێست لە بەرانبەریدا بە باوەڕی موعتەزیلە دەبێ چۆن بێ؟ بۆ دەربڕینی ئەو هەڵوێستە جا ناڕەزایی دەربڕین، یان پەسندکردن و بێ دەنگی بێ، پێویستە خەڵک چ ڕێگایەک بگرنەبەر و چ شێوازێکی کارکردن لەو ڕەوشەدا پەسند و شیاوە؟

ئایا موعتەزیلە بۆ جێبەجێ کردنی جیهاندید و بیروبۆچوونەکانی هەوڵی داوە بێتە سەر کار و دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بەدەست بهێنێ؟

بەڵای ئەو ڕێبازەوە ئەگەر ژمارەی ناڕازیبان بەپێی پێویست بوو، دەبێ ڕاپەڕن سەرۆکە زاڵمەکە لابەرن و ئیمامێکی دادپەروەر لە جێگایدا دابنێن، بەڵام چ کەس ئیمامی دادپەروەرە؟ ئەو خەسڵەتانە چین کە دەبێ تێیدا بن بۆ ئەوەی دادپەروەر و شایستەی ئەو کورسی و پلەیە بێت؟

ئەو کەسەی دەبێ بەسەرۆک (ئیمام) دەبێ هەردوو دەسەڵاتی سیاسی (دنیایی) و دەسەڵاتی ئایینی لەودا ئاوێتەی یەکتر بن و کاتێکیش دادپەروەر (عادیل) دەبێ کە لە هەردوو بابەتی یەکڕەنگی و داد دا پرس بە کۆمەڵانی خەڵک (ئومەت) بکات و بە قسە و کردەوە پابەندی هەردووک بنەماکە بێ(١٦). ئەو هەڵوێستەی موعتەزیلە بە ڕوون و ئاشکرایی پێوەندی نێوان دادی خوایی ئاسمانی و مرۆڤی (ئیمام)ی سەرزەوی دنیایی دیار و دەستنیشان بکات و لەلای دووەمیان بە تایبەتی، لەلای مرۆڤی ئاسایی بەگشتی ئازادی خواست و سیاسی ژیانی ڕۆژانە گرینگانە دەکات. لەسەردەمی خۆیدا هەنگاوێکی بەرەو پێشچوون بووە ئەو گرووپە ناویەتی. بەرەو پێشچوونێک لە ژیانی ڕۆژانەدا کە دادی ڕەبانی ئاسمانی ئەبستراکت، پەتی و میتافیزیکی کردووە بە چەمکێکی ڕاستەقینە (ڕیالیستی) هەست پێ کراو و بینراو بیستراو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، بۆیە دەکرێ موعتەزیلە بە هەڵگری مەشخەڵی ئازادی ژیر دابنرێت. ئەم هەنگاوە میتافیزیک (لاهووت) و تیوری زانین و سیاسەتی پراکتیکی دەخاتە نێو سێ خانەی بەرانبەر بەیەکتری. ئەگەر ژیر پشتی پێ ببەسترێ و ئازادیێ دەرگای شت زانین و گەیشتنە ڕاستی بەبێ پەک کەوتن لەسەر سەرچاوەیەکی ئاسمانی (سرووش) شیاوەکی و گونجاو دەبێ، هەر مرۆڤیش خۆی بەبێ دەست تێوەردانی هێزێکی ئاسمانی، بە خواستی ئازادی خۆی جۆری ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگاکە و جۆری بەڕێوەبردنی دەوڵەت دیار و دەستنیشان دەکات و کەسی شیاو بۆ ئەرکی پاراستنی سەر و سامان و ماڵیان هەڵدەبژێرن. موعتەزیلە لەسەردەمی خۆیاندا مرۆڤی هەڵکەوتە و مۆدێرن بوون، بەپێی هەلومەرجی سەردەم هەستیان بە ئەرکی سەرشانیان کردووە، زانیویانە پێداویستییەکانی پرۆسەی ئازادی و ڕەوتی نەسرەوتی مێژوو چییە!

سێیەم: بەڵێن و سزا:

مەبەست لە هەردوو وشە و چەمکی «وەعد و وەعیدە» کە سێیەمین بنەمای ڕێبازی موعتەزیلەیە. بەپێی ئەو بنەمایە خوا دادپەروەرە ڕاستە بە بەزەییە، بەڵام بەڵێن و سزاشی هەیە. ئەوانەی چاکەکار و لە ڕێگای ئایین لانادەن و پەیڕەوی بنەماکانی دەکەن و لەخوا دەترسن، خوا بەڵێنی بەخشین و پاداشتیان لەو دنیای تردا پێدەدا. بەپێچەوانەوە ئەوانەی سەرکێش و گومڕاو خراپە دەکەن و بەدکارن، سزا دەدرێن ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیرو میشکدا دێت: ئەو بنەمایە بنەڕەتێکی ڕوون و ئاشکرای ئایینی ئیسلامە، موعتەزیلە کە ئەو بنەمایەی هەڵبژاردووە، ویستوویەتی چی بەخەڵک بڵێت و چۆن ئەو بابەتەی لێکداوەتەوە و شرۆڤە کردووە و پاساوی بۆ هێناوەتەوە؟ تا چەند لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە لەگەڵ بنەماکانی جیهاندیدە ژیرەکییەکەی و خواستی ئازادی مرۆڤدا بیگونجێنێ و بێتەوە؟!

لە ئایینی ئیسلامدا، کە موعتەزیلە ویستوویەتی بەژیر بنەماکانی لێک بداتەوە و شرۆڤەیان بکات و ئەوەندەی بشکرێ پاساویان بۆ بهێنێتەوە، بەڵێن ئەوەیە کە خوا فرمانی کردنی داوە و سزاش بۆ ئەوەیە کە فرمانی نەکردنی داوە. ئەوی پەیڕەوی فرمایشتەکان بکات ڕزگاری دەبێ و پاداشتی پێدەدرێ و ئەوی سەرپێچی بکات و ئەوە بکات کە خوا پێی ناخۆشە و فرمانی ناکردنی داوە و لە ڕێگا لابدات و گوێڕایەڵی بنەماکانی ئایین نەبێ کە بە پیرۆز دانراون، لەناودەچێ و دنیا و قیامەتی لەدەست دەردەچێ، وەک کورد گوتەنی لە

هەردوو جەژنەکە دەبێ و شایستەی سزادان دەبێ.

ئەو بابەتە، گوێڕایەڵی کردنی فرمانەکانی خوا و دوورکەوتنەوە لەوەی نابێ بکرێت، دەچێتە خانەی بابەتی ئاکارەوە. موعتەزیلە لەوە ئاگادار بوون، بۆیە گرنگیانەی ئازادی و خواستی ئازاد و ئۆبالّ کێشانی مرۆڤی تاکیان کردووە. کاتێک کارێک، کردارێک دەبێتە بابەتی ئاکار و پاساوی چوونە ژێرباری ئۆبالّ کێشانەکەی، دەکرێ لە بکەرەکە بە خواستی خۆی و بە ئازادی کردێتی، بۆیە ئاساییە ئەو ڕێبازە ژیرەکییە پێی لەسەر پێداویستی ئەو بنەمایەی پاداشت و سزا داگرتبێ. ئەو جیهاندیدەی موعتەزیلە ڕاستە بەپێی سەردەمی خۆی پێشکەوتنخواز بووە، بەڵام لەلایەن تاقمی (ئەهلی سوننە و جەماعە) ڕکەبەری کراوە، چونکە هیچی بۆ خواستی خوا نەهێشتۆتەوە(١٨)

چوارەم: خانەیەک لەنێوان دووخانەدا:

بنەمایەکە لەو بنەمایانەی موعتەزیلە لە گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە هەڵداوێرێ و جیای دەکاتەوە.

جەنگی سیاسی، تیرەگەری و خێڵەکی و هەندێک جار لەسەر کورسی و مالّی دنیا لەنێوان سەرکردەکانی موسڵمانەکان، کوژرانی خەلیفەی سێیەم (عوسمان) و جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم (عەلی) و معاویە، ئەو پرسیارەی و وروژاندووە چ کەس هەڵەو خەتابار و گوناهکارە، ئایا ئەو گوناهبارەی هۆکاری شەڕی نێوان سەحابەکان و براکوژی بووە گومڕایە، یان ئیماندارە؟ هەندێک لایەن بە گومڕا (کافر)یان داناوە و گرووپی تر بە ئیماندار و حەسەنی بەسری بە مونافیق (دوو ڕوو)، واسڵی کوڕی عەتا بە فاسیقی داناوە. کاتێک پرسراوە، ئەو گوناهبارە چی بەسەر دێ و سزاکەی چی دەبێ؟ خارجییەکان وتوویانە هەتا هەتایە لە دۆزەخدا دەسوتێ، بەڵام موعتەزیلە وتوویانە ئەو گوناهبارە ڕاستە گوناهی گەورەی کردووە، بەڵام ئیمانی لەدەست نەداوە، بۆیە نە دەچێتە دۆزەخ و نە دەچێتە بەهەشت، بەڵکو لەنێوان ئەو دوو مالّەدا دەبێ لێرەوە چەمکی (مەنزیلە بەینە ئەل مەنزیلەتین) کەوتۆتەوە و بووە بە بنەمای چوارەمی موعتەزیلە و هەر بەو چەمکە لە گرووپەکانی تر جیا کراونەتەوە.

ئەوی لێرەدا سرنج ڕادەکێشێ، لە قورئاندا هاتووە و بووە بە بنەمایەکی بنەڕەتی ئیسلام کە دوو ڕەنگییەک لەنێو موسڵمانان و چارەنووسیاندا هەیە، ئیماندار و بێ ئیمان ئینجا چوونە بەهەشت، یان چوونە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەی چۆن موعتەزیلە ئەو سنوورەیان بەزاندووە و قسەیان لە خانەی سێیەمی نێوان ئەو دوو خانەیە کردووە؟ موعتەزیلە، بە تایبەتی واسڵ، هەوڵی داوە بەو جۆرە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە کە پێناسەی ئیمان و بڕواو گومڕا و ئیماندار بکات: باوەڕ (ئیمان) تایبەتمەندی و چەند خەسڵەتێکی چاکەخوازە (خێر) ئەگەر لە مرۆڤێکدا هەبوون ئەو کەسە بە ئیماندار ناودەبرێ. ئەو ناوونیشان و ناو و شایستەی ستایش کردنە. فاسق ئەو کەسەیە ئەو خەسڵەتە چاکانەی تێدا نییە و خۆشی ناوی ستایش کردن نییە و بە ئیماندار دانانرێ، بەڵام ئەو کەسە فاسیقە بە تەواوەتی و ڕەها گومڕا (کافر) نییە، چونکە توانایی شایەتمان (شەهادە) و کاری چاکەکاری تێدایە، ناکرێ نکوڵی لێ بکرێ، بەڵام ئەگەر مردو تۆبەی نەکرد جێگای دۆزەخە. ئەو کەسە لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا دەبێ(١٩).

ئەگەر مەبەستی موعتەزیلە لە تۆبە کردن، پەشیمان بوونەوە و داناننان و پێ لێنان بێ بە هەڵەو ئامادەبوون بێ بۆ لێ خۆش بوون، خۆی لەخۆیدا بۆچوونێکی پەسندە، بەڵام خەڵک ترساندن بە شتێک کە تاوەکو ئێستا بوونی نییە و پێویستیش ناکات هەبێ، چونکە دنیا کۆتایی نەهاتووە (خراپ) نەبووە، بۆیە ئەو جێگایە نییە و بوونی پاساو نادرێتەوە!

گرنگانەکردنی خانەی سێیەم لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ و دانانی کەسێک کە گوناهی گەورە (کوشتن- قەتڵ)ی کردبێ بە ئیماندار و لەخانەی گومڕا و کافردا ببڕێتە دەرەوە، پێشکەوتنێکی شایستەی بە هەند زانینە.

ئەو بۆچوونەی موعتەزیلە ئومێدبەخشە بەو کەسانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان و بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بووبێ دووچاری دەستی بەدکاری بوون کە دەرفەت لەبەردەمیان ماوە و دنیا خراپ نەبووە! هەروەها پتر پشت ڕاست کردنەوەی ڕۆڵی ژیرە لە ژیانی مرۆڤدا بەوەی کە ژیری مرۆڤ، شان بەشان سروش، لە تواناییدا هەیە بەتوانایی خودی خۆی و بەبێ یارمەتی دەرەکی چاکەکاری لەبەدکاری جیا بکاتەوە. لەو توانایی بڕیارەیدا پابەندی دەسەلاّت و کاریگەری هیچ هێزێک نییە. سەرەڕای ئەمە

موعـتەزیلە ڕۆڵی مرۆڤی لە داڕشتنی ڕەنگی چارەنووسی مـرۆڤ دووپات کـردۆتەوە، ئەو دووپاتکردنەوەیەی ڕۆڵی مـرۆڤ لەلایەکـەوە کـاڵ کردنەوەی سـروشـتی ئاسـمـانی- ترانسندێنتالی ئاییـنە و پـتـر بە دنیای مـرۆڤ کردنیـەتی بەجۆرێک، بەپێی هەلومـەرج و ڕەوشی ئەو سـەردەمە، کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ ئەوەندی بکرێ، بێتەوە و نامۆ نەبێ، لـەلایەکی دیکەوە بە پیـــرۆز ڕاگـــرتنی ڕوون و ڕەوانی ئازادی و ژیرەکی مرۆڤە! ئەوە لە خۆیدا دەکرێ بە شۆڕشی مـوعـتـەزیلە لەسـەردەمی خـۆیدا دابنرێ و تۆمـار بکرێت. لەو خـالّـەدا ملـمـلانێی نێـوان مـوعـتـەزیلە و سـوننە سـەلەفـیـیـەکان بە ئاشکرا سرنج ڕادەکێشێ. بە قسـەی شەهرستانی بێت: ئەهلی سوننە بیستنیان خستۆتە سەر ژیرەوە، چونکە پەرستن و بەجێ هێنانی فـەرز و ئەرکی ئایینی تەنیـا هەر بە بیـسـتن دەبێ، مـرۆڤ چۆن گـوێ بیست بووە وادەکات، بەڵام ژیر نە شت پێویست دەکات، نە بڕیاری پەسند کـردن و نە بڕیاری بەناڕەوا و بەدکـردن دەدات(٢٠) ئەو هەڵوێستەی ئەهلی سوننە کە خۆیان بە «ئەهلی سـوننە و جـەمـاعـەت» ناودەبەن و دامـەزرێنەری ڕەوتی سـەلەفـیـەتن لە ئایینی ئیـسـلامـدا، هەنگاوێکی گەڕانەوەیە بەرەو دواوە نراوە.

پێنجەم: چاکەکاری و دووریی لەبەدکاریی:

ئەو بنەمایە کە بە عـەرەبی بە (ئەمر بیل مەعرووف و نەهی عـــەن مـــونکەر) زانراوە، بە تەواوەتی لەگـــەڵ ئایینەکـــەدا تەباو گـــونجـــاوە و دێتـــەوە! هەروەها بە بنەماکانی ئاکاریش پشت ئەستوورە! هاندانی کەسانی تر چاکە بکەن و خۆیان لە بەدکاری بەدوور بگرن، ڕێزلێنانی بەها شکۆمـەندەکـانی مـرۆڤـە! بەڵام چۆن و بۆچی ئەو ڕێبازەی زانستی کەلام پێی لەسەر ئەو خالّەدا گرتووە و کـردوویەتی بە بنەمـایەک لە بنەمـاکـانی؟ هەر چوار بنەمـایەکـەی تر بەلای باوەڕ و (عـەقـیـدە) و تیـوریدا دەچن، بەڵام ئەمـــەیان ئەگـــەرچی جـــۆرە فـــرمـــان و ئامـۆژگـاریـیـەکی تێـدایە، بەڵام بەلای کـار و کـردە و پراکـتـیـکدا هەنگاو دەنێ. مـرۆڤی ئیـمـاندار دەبێ بە کردەوە هانی خەڵک بدات چاکەکاربن، داکۆکی لە ئایین و باوەڕ و عـــەقـــیـــدەیان بکەن و بەربەست و ڕێگری بەدکـاری بێت! ئایا تا چەند مـوعـتـەزیلە بەو بنەمـایە ویستوویە حەدیسەکە بەرجەستە بکات کە دەڵێ «هەر یەکـــێک لە ئێـــوە ئەگـــەر بەدکـــاریـیـــەکی دی، با بیـگـۆڕێ...» ؟ من ئەو وەڵامـــــە بەدوور نـازانم، بەڵام ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە: تێکەڵ کردنی ئایین و ئاکار و سیاسەتە!

مـوعـتـەزیلە مـرۆڤی سـەردەمی خـۆی لە کـۆمـەڵگادا، ئەگـــەرچی دووچاری دەســـتی ڕیژیمی زەبر بەدەســـتی سـەرتاپاگـیری تۆتالیـتـاری بووە، دەخـاتە بەردەم مـاف و ئەرکی سـەرشـانی و ئۆبالّی ئەسـتـۆی. چی پێـویسـتـە بکات، ئەمـەش بێجگە لەوەی هانی پێگەیاندنی مـرۆڤ بە ویژدان و هۆشیار دەدات، بە جۆرە ئاراستەیەکی هەست پێکراو بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێ!

دوور نییە لێرەدا پرسیارێک لە شێوەی ڕەخنە و گازندە سـەر ئاو بکەوێک، مـوعـتـەزیلە بەگـشـتـی باسی بابەتەکەیان کـردووە، بگرە لە هەندێ لایەن و ڕەهەندیدا ئاڵۆز و تەمومژاوییە. هیچ جۆرە پێوەرێک بەدی ناکرێ بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ چ کەس ئەو مەرجانەی تێدایە ببێ بە دەم ڕاست و فرمانی چاکەکاری و دوورکەوتنەوە لە بەدکاری بدات؟

بە چ پێـــودانگێک چاکـــەکـــاری لەبەدکـــاری جـــیـــا دەکرێتەوە؟ پێـودانگی شـەرع و عـەقـیـدە، یان سـوود و قازانج؟

هەندێک جار مرۆڤ بەنیاز و مەبەستی باش (نیەت) کارێک دەکات، یان فـرمـانی کـردنی چاکـەکـاری دەدات، کـەچی ئەنجـامـێکی بەد و نـالەبـاری لێـدەکـەوێتـەوە، لەو هەلومەرجەدا فـرمـانەکـە، کـارەکـە، چاکەکـاری دەبێ، یان بەدکاری؟ ئەو ڕێبازە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرای نییە.

ئەنجام

مـوعـتـەزیلە ڕێبـازێکە لە ڕێبـازە گـرنگەکـانی بابەتی زانســتی کــەلام. لە دوو قــوتابخــانەی بەســرەو بەغــدا پێکهـاتووە. ئەگـەر ئەو دوو قـوتابخـانەیە لە هەندێک خـالّی بچـووک و لاوەکـیـدا جـیـاوازی لەنێـوانیـاندا هەبووبێ، ئەوە لە چوارچێوە گشتییەکەدا کۆکن و پابەند بوون بە پەیڕەوکردنی هەر پێنج بنەمـایەکە کـە پوختـەی ڕێبازەکەیان لێ پێکهاتووە!

دامـەزرێنەر و ڕابەری ئەو گـرووپە تاکـە عـەرەبێکیـان تێدا نییە، زۆربەی هەرە زۆریان فارس بوون لە حوجرە و مزگـەوت فێری زمـانی عـەرەبی بوون و خزمەتێکیان بە

کولتووری عەرەبی کردووە، هیچ عەرەبێک نەیتوانیوە ئەمە بکات و لە دەستی نەهاتووە بەو جۆرە زمان، کولتووری عەرەب گەشە پێ بکات و پەرەی پێ بدات!

لە سەردەمێکدا ژیاون، ئایینی ئیسلام بە قۆناغێکی ناسکدا تێپەڕیوە، لە عەقیدە و باوەڕ و ئایینەوە دەبوو ببێ بە دیاردەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و ئامرازێک بێت کێشە کردەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک یەکلایی بکاتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە ناخ و میشکی خەڵکدا وروژاون و دەروونیان نیگەران و هەراسان کردووە.

موعتەزیلە بزووتنەوەیەکی ئایینی هزری و سیاسی بووە بە تەواوەتی لەوە گەیشتووە کە گۆڕینی کۆمەڵگا و یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لە ئایینەوە دەست پێ دەکات. ئەو دەست پێ کردنە دەکرێ دوو شێوازی هەبێ:

یەکەم: بە جۆرە تێڕوانینەوەیەکی ئازاد (ئیجتیهاد) ویستوویانە وەڵامی هەندێک پرسیار بدەنەوە کە لە ئایینەکەدا تەمومژاوی وەڵام دراونەتەوە و هەندێک جار بە جۆرێک لێکدراونەوە و شرۆڤەکراون پتر ئایینەکە گۆشەگیر بکات و لە مرۆڤ و دنیا دووری بخاتەوە. موعتەزیلە لەم بوار و کایەیەدا بەپێی سەردەمی خۆی لەو هەنگاونانە جوامێرانەدا بەرەو پێش پشکی شێری بەرکەوتووە.

دووەم: ڕەخنەکردنی کاروباری بنەماکانی ئایینەکە کە بە عەرەبی بە (أمور الدین) ناسراوە. لەو دوو خاڵە گرنگەوە دەکرێ سێ خاڵی سرنج ڕاکێش بۆ موعتەزیلە تۆمار بکرێت:

١- بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ دەرخستنی ڕۆڵی ژیر لە هەموو کاروباری ژیان و جیهان و بگرە لە ئایینیشدا، پێداگرتن لەسەر خواستی ئازاد و ئازادی مرۆڤ. ئەو جیهاندیدە لە وردەکارییەکانیدا لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینەکەدا نایەتەوە. ئازادی مرۆڤ و خواستی ئازاد، پێوەندی دەسەڵات و خواستی ڕەب (خوا) و مرۆڤ بەلای مرۆڤدا لاسەنگ دەکات و لە بڕیاردانی چارەنووسدا دەسەڵاتی خوا بە دوور دەگیرێ.

بە هەند دانانی ژیری مرۆڤ، لەوەوە هاتووە کە ئایینی (سرووش و کتێبی پیرۆز) بەسەرچاوەی هەموو زانین و باوەڕ و ئیمان دادەنێ. لێرەوە کێشەی ناسراو بە پێوەندی (عەقڵ- نەقڵ) کەوتۆتەوە! ئەگەر خوا مرۆڤی بەژیر بەرز ڕاگرتبێ، هەر بەهۆی ئەو ژیرەوە دەتوانێ چاکە لە بەدکاری جیا بکاتەوە و ڕێگای ڕاست بگرێتە بەر و بەڕاستی بگات، کەوابوو ڕۆڵی سرووش لەبەرانبەر ژیردا چی دەبێ؟ ئەو خاڵانەی موعتەزیلە قسەی لێ کردوون، هەنگاوێکی بوێرانە بووە بۆ بە دنیایی و مرۆڤی کردنی ئایین و گونجانی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە کۆمەڵگادا. هەر مرۆڤیش خۆی چارەنووسی خۆی دیار و دەستنیشان دەکات!

٢- کێشەی کۆن و نوێ و داهێنان (خەڵق). بەپێی بنەماکانی ئایین ئەگەر هێزێک، بوونەوەرێک کۆن بێ هۆکاری داهێنانی نییە و نابێ، هەر هەبووە و هەتا هەتایە هەر دەمێنێ. ئەو خەسڵەتە لە هەرسێکی ئایینەکەدا بێت (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) بە خوا سپێردراوە. لەخوا بەولاوە هەرچی هەیە و نییە و بوونەوەرە، هەر لە بچووکترین شت تا گەورەترین و لە سروشتەوە تاوەکو مرۆڤ نوێن و داهێنراون، هۆکاری سەرەکی داهێنانیان خوایە.

موعتەزیلە لەو کایەیەدا تێڕوانینەوەیەکی ئازادیان (ئیجتیهاد) کردووە بەوەی کەلامی خوا (قورئان) نوێیە و داهێنراوە. ئەو بڕیارە چی دەگەیەنێ؟

ئەگەرچی موعتەزیلە لەو بڕیارەیاندا پشتیان بە چەند ئایەتێک بەستووە کە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن هەموو شتێک نوێیە و داهێنراوە، بۆ نموونە لە سوورەتی (ئەنبیائدا) هاتووە:

«مایأتیهم من ذکر من ربهم محدث» (ئایەتی:٢) ئەگەر لێرەدا وشەی (ذکر) کەلامی خوا بێ، دەبێ قورئان کۆن نەبێ و داهێنراوبێ وەک هەموو داهێنراوەکانی تر! بێجگە لەوەش گوتە، قسە (کەلام) بەشێکی پێکهێنەر و تەواوکاری بوون نییە، بەڵکو خەسڵەتێکی کار و کردەوەیە. ئەو بڕیارە کێشەیەکی وروژاندووە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ: ئەگەر قورئان نوێ و داهێنراوبێ، گریمانەی گۆڕان لە خواستی خوا دەکات، بۆ پێشتر، یان دواتر داینەهێناوە؟ ئەگەر کەلامی خوا، لەلایەکی دیکەوە، داهێنراوبێ، بۆ دەبێ بەچاوی شتە داهێنراوەکان تەماشا نەکرێ و هەمان شت نەیگرێتەوە؟!

٣- بابەتی سیاسی لە هزری موعتەزیلەدا بریتی بووە لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە کێشەی سەرۆک (ئیمام) کە بە تیوری ئیمامەت ناسراوە.

ئەگـەرچی هەندێک سـەرچاوە ئەو تۆمـەتە دەخـەنە پارسەنگی هەندێک لە ڕابەرانی موعتەزیلە، بە تایبەتی حـەسـەنی بەسـری کـە لە بەرانبـەر زۆر و جـەوری دەسەڵاتدارانی بەنی ئومەییە بەگشتی و هی حەجاجی کـوڕی ئەقـەفی بە تایبـەتی بێـدەنگ بووە، بەڵام لە چوارچێوە گشـتییەکەی جیهاندیدەکەیان دەکرێ بگوترێ هەڵوێست و دیدی تایبـەتی خـۆیانیـان دەربارەی هەلومـەرجی سیـاسی سـەردەمـەکەیان هەبووە و پێـیان لەسەر داگرتووە و داکۆکییان لێ کردووە.

بەڵای مـوعـتـەزیلەوە سـەرۆک (ئیـمـام) دەبێ لەلایەن خـەڵکەوە (ئومەتەوە) بەدەنگ پێـدان (بەیعـەت) هەڵبـژێردرێ، چونکە خـوا لە قـورئـاندا و پەیامـبـەری ئیسـلام پێش مردنی هیچ کەسێکیان بۆ ئەو پلەوپایەیە دیار و دەسـتنیـشـان نەکردووە، بەڵکو باسی (شـوورا) و هەڵبژاردن کراوە. ئەو کەسەی بۆ ئەو پلەیە کاندید دەکرێ و دەنگی پێـدەدرێ، دەبێ، لە مـیللەتی ئیسـلام بێ، ئیـمـاندار و دادپەروەر بێ هیچ مـەرج نـیـیـە عـەرەب و قورەیشی بێ، یان سەربەخێڵ و تیرەیەکی ناوداربێ.

مـوعـتـەزیلە بزووتنەوەیەکی لاهووتی- هزری گـرینگی سەردەمی خۆی بووە، لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەتی سەردەمی عـەبـاسی دەرکـەوتوون و لەگـەڵ لێـژبوونەوەی گلۆڵەی ئەو شارستانیەتە، ئەوانیش دووچاری نەهامەتی و شکسـتی بوون و لەبەرچاو نەمـاون، بۆیە دەکـرێ بگوترێ ئەو گرووپە دیاردەیەکی گرینگی سەردەمی خۆیان بوون و بەوپەڕی سـەرکـەوتووانەوە ئەو ئومـێـدەیان بەرجەستە کردووە کە لەهەلومەرجی نوێی ئایینەکە دەکرا. شکست هێنانیان و لێدان و کوشتن و دەربەدەرکردنیان لەو ڕەوشـەدا بەرجـەسـتـە بووە، کـە تاوەکـو ئێـسـتـا ڕۆژهەلاتی عـەرەبی و ئیسلامی تێی کەوتوون و بەدەست ئەنجـامەکـانییـەوە سەرگـەردان و گرفـتـارن. مـوعـتـەزیلە سیمبۆلی گەشەکردن و پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی کۆمـەڵگای سـەردەمی خۆیان بوون. چەکی کـارکـردنیـان دیالـۆگ و لۆژیـک و پەنـابردنە بـەر ژیر بـووە، دەقـــە پیـرۆزەکـان بەلایانەوە، بەتایبـەتی لە کـاروباری ژیانی ڕۆژانـەدا بە پـلـەی دووەم هـاتوون و هـەنـدێـک جـــار خستوویانن لاوە.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- إغناتس غولد تسيهر: العقيدة والشريعة في الاسلام. ت: محمد يوسف موسى. دارالجمل بيروت ٢٠٠٩، ص٢٤٨ فما بعد.

٢- احمد أمين: فجر الإسلام. القاهرة- ٢٠٠٨، ص٢٧٨ وفي اماكن أخرى.

- حـسين مـروة: النزعـات المادية في الفلسـفـة العـربيـة- الاسلامية. دارالفارابي. بيروت ٢٠٠٨، ج٢، ص٧٤ فيما بعد.

٣- دي بور: تاريخ الفلسفة في الاسلام. ت: دكتور محمد عبدالهادي أبو ريده. بيروت بدون تأريخ. ص٦٠ فما بعد.

٤- نصـر حـامـد أبو زيد: الامـام الشـافـعي. بيـروت- لبنان ٢٠٠٧، ص٨٥ وفي اماكن اخرى.

٥- مونتجمري وات: القضـاء والقدر. ت: د. عبدالرحمن عبدالله الشيخ الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة- ١٩٩٨. ص١٢٦. وفي اماكن اخرى أيضـا. ومـقـدمـة المترجم أيضـا في ص٢٢-٢٣.

٦- الشـهـرسـتـاني: الملل والنحل. دارالكتب العلمـيـة، بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص٤٢ فما بعد.

٧- البغدادي: الفرق بين الفرق، دارالمعرفة- بيروت ٢٠٠٨، ص١١٣ وفي اماكن متعددة.

٨- حسين مروة: سەرچاوەی پێشوو. ج٢، ل١٧٨.

٩- إبن خلدون: المقدمـة. دارالشـرق العـربي. بيروت ٢٠٠٤، ص٥٣٤.

١٠- الخـيـاط: الانتـصـار والرد على إبن الراوندي الملحـد، القاهرة بدون تأريخ. فقرة (٨٣) ص١٨٨، فما بعد.

١١- المسـعـودي: مـروج الذهب ومـعـادن الجـوهـر. دارالمعـرفـة بيروت ٢٠٠٥، الجزء الثاني، الكتاب الثالث، ص٢١٢-٢١٣.

- الاشعري: مقالات الاسلاميين ج١، ص٢١٦ فما بعد.

١٢- الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤، ٤٥، ٤٦.

١٣- الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

١٤- الدكتـور احمد مـحـمـود صبحي: في علم الكلام. ج١، المعـتـزلة. دار النهـضـة العـربيـة بيـروت ١٩٨٥، ص١٤١ وفي اماكن مختلفة.

١٥- حسين مروة: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢.

١٦- الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

١٧- دكتـور علي سـامي النشـار: نشـأة الفكر الفلسـفي في الاسـلام. الجـزء الاول- دارالسـلام. القـاهرة- ٢٠٠٨، ص٥٠١ وفي اماكن أخرى.

١٨- الشهرستاني: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

١٩- الشهرستاني: سەرچاوەكە خۆی، ل٣٧.

٢٠- د. علي سامي النشار: سەرچاوەی پێشوو. ل٥٠٢.

بیروبۆچوونی دربارەی لەمەڕ بیرۆکەکانی دیکارت

د. محەمەد زەیەران
لە فارسییەوە: کامیل شەریف پوور
(سەقز)

دیکارت دەپرسێت:

بنیادی بیرۆکەی کەمالّ چییە؟ وەلاّم دەداتەوە: ئەم بیرۆکەیە نە لە ڕێگەی هەستەوە وەردەگیرێت و نە چێکراوی منە. چون من بەر تەسکم و کەمالّ، لە بەرتەسکییەوە نایەتە دی. هۆی ئەم بیرۆکەیە تەنیا زاتی پەروەردگارە.

ئەورۆکە ڕینێ دیکارت (١٦٤٦-١٧١٦) بە باوکی فەلسەفەی نوێ دەژمێرن. لە بریتانیا ئەو بە پێشەنگی بۆچوونی مەعریفەتناسی دەناسن. فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم ئەو بە بنیادنەری دیاردەناسی و ئیگزیستانسیالیزم دەزانن.

فەلسەفەی دیکارت بەگشتی تەقەللایەک بوو کە گرێانەی ئەو سەردەمەی کە بە سەر بیرکردنەوەی هزریدا زالّ بوو، بخاتە بەردەمی خوێندنەوە و ئالّوگۆڕی بنەڕەتی. دیکارت هەوڵی دا تا لەمەڕ مەسەلە لەمێژینەکان ڕێگە چارە و وەلاّمگەلی نوێ بدۆزێتەوە، ئەو بە دوای ئەوەوە بوو تا زانستی نوێ بکاتە جێنشینی بۆچوونەکانی سەردەمی خۆی. دیکارت دەسەلاّتی تەواوی بەسەر ماتماتیکیدا هەبوو. بەم پێیە بە شێوەی بەلگەکانی ماتماتیکی لەگەلّ مەسەلە فەلسەفییەکان هەلّسوکەوتی دەکرد. لە ڕاستیدا بۆ سەلماندنی شیاویی هەر بیرۆکەیەک دوو بەلگەی ماتماتیکی، یانی ڕوونی و جیاوازی بەکار دەهێنا.

ئەو باسی خۆی لەمەڕ بوون بە دروشمی «من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم» (eryosumcoyito) یانی بەجێ ناوی هەوەلّ کەسی تاک دەستی پێ کرد. دەسپێکی تێڕامانی فەلسەفی ئەو بە بوونی خۆی دەستی پێ کرد. لە ڕاستیدا بە شێوەی تاکەکەسی دەستی دایە

دریدا

هەوڵ و تێکۆشان، چونکە کەسێک بیەوێت تەمی گومان بڕەوێنێت دەبێت لە خۆیەوە دەست پێ بکات و ناتوانێت سەرەتا لە کەسێکی دی بدوێت، چونکە لە ئاوا شێوەیەکدا ڕووبەڕووی ئەم ڕەخنەیە دەبووەوە کە چۆن کەسێک هێشتا خۆی نەناسیوە و باری باوەڕی ڕاست نەکردووەتەوە باس لە کەسی دی دەکات.

کە وابوو ئەو ئامادەیی بیرۆکەی لە ئاستبوونی خۆیدا کردە بنەما و لە سەرەتاوە گومانی بۆ جیهانی دەرەوە گواستەوە. دیکارت بە پێچەوانەی باوی ناسراوی سەدەکانی ناوەڕاست (کە بیچمی مەنتیقی قیاسیان چێ دەکرد) بە جێی ئەوەی لە بوونەوە بچێت بۆ بیرۆکە، لە بیرۆکەوە دەچوو بۆ بوون. ئەو لە گومان ڕەوشتی خۆی لە کتێبی فەلسەفەی ئوولادا بەم شێوەیە دەدوێت:

«بەڵام من پێش لەوەی خۆم ڕازی بکەم کە شتێک لەو عالەمەدا نییە نە ئاسمانێک، نە زەوینێک، نە دەروونێک و نە لەشێک، بەڵام ئایا متمانەم بوو کە خۆم نیم؟ قەت. ئەگەر من بە شتێک متمانەم کردبێت، یان تەنیا لە شتێک بیرم کردبێتەوە، بێ گومان دەبێت بووبێتم، بەڵام نازانم کام فریودەری لێ هاتوو و بزێوە بەردەوام دەیەوێت فریوم بدات. بەم پێیە کاتێک ئەم فریودەرە فریوم دەدات، بێ گومان هەم و هەرڕادە بۆ فریو هەوڵ بدات، قەت ناتوانێت کە لەو کاتەدا خەریکم بیر دەکەمەوە شتێک نەبم».

لە واقیعدا دیکارت دەیویست هەر جۆرە گومانێک سەرەتا بەباوەڕ بە بوونی خۆی دەست پێ بکات، واتە بیرکردنەوە بە بوونەوە گرێ دراوە. ئەم بیرۆکەیە لە ڕاستیدا بیرۆکەی مرۆڤە کە ئامادەیی ئەو، سەلماندنی بوونی جیهانی دەرەوەی لە خۆ گرتووە، کە وابوو دەبێت بنەڕەتی ڕامانی فەلسەفی پشت ئەستوور بە بیرکردنەوەی مرۆڤ بزانین. لە ڕاستیدا هەر ئەم ئامادەیی زەین و بیرۆکەیە کە بنەمای باسی دریدا لە مەڕ بیرۆکەکانی دیکارتەوە پێکدێنێت. جێی باسە کە لە سەدەی هەڤدەمدا فەلسەفە ناوی دەڤەرێکی زانستی تایبەت نەبوو، بەڵکو زیاتر بە مانای لێکدانەوەی زانستی لە مانای گشتیدا بوو.

بەم مانایە کاتێک دەوترێت دیکارت بە باوکی فەلسەفەی نوێ دەژمێردرێت، مەبەست ئەوەیە کە ئەو پێشەنگی بزاڤی مودێرنی سەدەی هەڤدەم بووە، ئاشکرایە کە بزاڤی ناوبراو بۆچوونە زانستییەکانی پێشووی خستە گۆڕەپانی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی بێ وێنە و ڕەوش و پێش گریمانەکانی ڕابردووی بە نەزۆک خستە ڕوو. ئەم بزاڤە بە فەلسەفەی نوێ فەلسەفەی میکانیکی، یان فەلسەفەی ئەزموونی ناسرا.

دیکارت بۆچوونەکانی خۆی لە سێ لایەنەوە پەرە پێ دا، یەکەم چییەتی جیهانی ڕوون کردەوە، ئەوی دی ناساندنی پێوەندی ئەم جیهانە لەگەڵ خاوەنی هەستیدا و لە ئاکامدا چۆنیەتی پێوەندی مرۆڤی لەگەڵ جیهان و خوای خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەو لەمەڕ چییەتی جیهان وەک گالیلۆ و کلیپر یاساکانی ماتماتیکی بۆ ڕوون کردنەوەی دیاردە سروشتییەکان بەکاربرد و داوای کرد کە بەبێ تێگەیین لەم یاسایانە ناسینی سروشت کارێکی ئەستەمە. بە بۆچوونی ئەو جیهان شوێنێکی میکانیکییە کە بە پێی یاسا نازەمەنییەکانی گەڕان و بزووتنەوە دەتوانرێت بناسرێت. لە پێشدا گالیلۆ گوتبووی کە کتێبی سروشت بە زمانی ماتماتیکی نووسراوە دیکارت ئەم مانایەی بە وردی لە لێکولینەوە فەلسەفییەکانی خۆیدا بەکارهێنا.

لە ڕوانگەی دیکارتەوە ئەوەی کە ئێمە لە وێککەوتنی دوو تۆپی بیلیارد دەیبینین تەنیا ڕوالەتێک زیاتر نییە،

ڕاستی ئەم ڕووداوە بە چاوی سەر نابینرێت، بەڵکو دەبێت بەچاوی زەین لێی بڕوانیت. بە واتایەکی دیکە ڕیوایەتی ڕاستەقینەی ڕووداوی ناوبراو تەنیا لە ژێر تیشکی ڕوونکردنەوەی ماتماتیکیدا دەست دەدات. بەم مانا کە ئەندازە، بیچم، کێش، خێرایی، ڕێچکەی گەڕان دەبێت بە پێوەری ژمارە باس بکرێن. ئەوڕۆ بۆچوونی دیکارت بەلای ئێمەوە جێی سەرسوڕمان نییە، بەڵام لەچاوی خەڵکانی سەدەی هەژدەمدا ئەم شێوە هەڵسوکەوتە گەلێک جێی سەرسوڕمان بوو. دیکارت دەیوت جیهانی ئەزموون، واتە جیهانی ناسراوی مرۆڤ جیهانی حەقیقی نییە، بەڵکو تەنیا جیهانێکە لێی دیاری دەدا. جیهانی ڕاستی پێڕەوی یاسا نەگۆڕەکانە کە لێمان نادیارە، هەر بۆیەش دەتوانرێت بوترێت ڕوانگەی کارناسێکی فیزیا لەمەڕ جیهان لەگەڵ بۆچوونی مرۆڤێکی ئاسایی جیاوازیان زۆرە، چونکە مرۆڤی ئاسایی لە ژێر سێبەری زمانی ناسراودا جیهان لێک دەداتەوە، بەڵام بیرمەندێکی زانستی فیزیا جیهان بەپێی گوتارەکانی ماتماتیکی شی دەکاتەوە. جیهانی ڕاستەقینە بە هیچ جۆرێک لە ڕێگەی هەستەوە شیاوی تێگەیشتن نییە، بەڵکو دەتوانین لەژێر سێبەری تێڕامانی ماتماتیکی – فەلسەفیدا لە قوواڵاییەکەی تێ بگەین.

دیکارت لە دارشتنی فەلسەفەی خۆیدا ئەندازەگرتنی گالیلۆی لەپێش چاو بوو. بەم پێیە پێوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان و خاڵقی لە سێ گۆشەیەکی ماتماتیکیدا خستە ڕوو. ئەو پێوەندی خوای لەگەڵ پانتایی ماددەدا لە دوو لایەنەوە لێکدایەوە، لە لایەکەوە دانی پێدانا بوونی لە نەبوونەوە هێنایە بوون و پاژەکانی خستە گەڕ و هەر ئەم یەکەم گەڕە لە ڕێگەی کارلێکەکانی میکانیکییەوە لەو کاتەوە تا ئێستا درێژەی هەبووە، کە وابوو بێجگە لە بڕێک لە موعجیزەکان دەتوانرێت جیهانی بەرهەست بە پێی یاساکانی ماتماتیکی بە شێوەی گشتی پێوانەکانی زانستی میکانیک پاساو بدرێتەوە. خوا سەرەڕای دروستکردن و وەگەڕخستنی جیهان چاودێری تەواوی بەسەر گەڕان و بەرئەنجامیدا هەیە و لە ئاکامدا هەموو بوونەوەران هەم لە باری بوونەوە و هەم لەباری بەردەوامی و گەڕەوە پاڵیان بە بەزەیی خواوە داوە.

بەم پێیە کڕ و تەونی سەعات ئاسای هەستی بەبێ لەبەر چاوگرتنی بوونی خوا دەکەوێتە گێژاوی شپرزەیی و نەبوونەوە، لەمەڕ مرۆڤیشەوە دیکارت ئاماژە بەوە دەکات کە بوونی مرۆڤیش بەشێک لە پانتایی جیهانە، کە زەینی بیرکەرەوەی ئەو لە هەموو بوونەوەرانی سروشتی جیا دەکاتەوە، مرۆڤیش وەک هەموو بوونەوەران هەم لە باری بوونەوە، هەم لە باری مانەوەوە بە خواوە بەستراوەتەوە، دیکارت بۆ سەلماندنی ڕاستەقینەبوونی زەینی مرۆڤ پەنای بردە بەر ڕەوشی گومان و گوتی دەتوانرێت گومان لە هەر شت بکرێت، بێجگە لەم ڕاستییە کە خۆیەتی گومان دەکات. بەم پێیە گومانکردن جۆرێک بیرکردنەوەیە، کە وابوو ڕاستییەکەی ئەمەیە کە خۆیەتی بیر دەکاتەوە. کە وابوو بنەڕەتێکی گومان هەڵنەگر هەیە و ئەویش ئەوەیە کە «من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم». دیکارت لەسەر بناغەی ئەم بنەڕەتە فەلسەفەی خۆی ڕۆنا. بە بیروڕای ئەو، مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە هەموو ئەرکێکی ناسەرەکی لابدات، بێجگە لە بیرکردنەوە بەم هۆیەوە دەتوانرێت بوترێت ئەو بوونەوەرێکە کە خووخدە و چییەتییەکەی بیرۆکەیە. لە ڕاستیدا دیکارت گەوهەری بیرکەرەوە بە ڕوح ناو دەبات و دەڵێت لە جیهاندا دوو گەوهەر هەیە، یەکیان گەوهەری بیرکەرەوە، یان ڕەوان و ئەوی دی گەوهەری درێژایی، یان ڕەهەند (reseatensa)، یان مادەیە. واقیعییەت پتر لەمە وردتر نابێتەوە، چونکە یاسا میکانیکییەکان بەسەر پرۆسە سروشتییەکاندا زاڵن و ناتوانن بەسەر هەرێمی بیرۆکەشدا دەسەلات پەیدا بکەن. لە واقیعدا دیکارت بە جۆرێک بڕوای بە دووانەیی نێوان زەین و عەین بوو. بەو مانایە کە چییەتی مادە بە ڕەهەند و درێژایی ناسرا، بەڵام چییەتی ڕوح بیرۆکە هاتە ئەژمار. دیکارتیش وەک ئەفلاتوون گومانی کردە بوونی خۆی. ئەو بەدوای ئەوەوە بوو تا لە ڕێگەی ناسینەوە لە هەرێمی هەستەوە تێپەڕێت و دەستی بگاتە دەڤەری عەقڵییەت. لە ڕاستیدا دیکارت دەیویست جیهانێک وێنا بکات کە لەودا شتێک بێجگە لە تەوەهوم و گومان نییە، بەڵام لەوەیدا کە ئەو لە مەڕ چییەتی گومان ئاسای بوون گومان دەکات، جێی دڕدۆنگی نییە لە واقیعدا ئەو بە بوونی بیرۆکەی خۆی بڕوای هەیە، دیکارت لێرەدا بیر لە بوونی خوا دەکاتەوە. بۆچوونی ئەو لە مەڕ خوا ڕوون و بێ پەردەیە. ئەو گریمانەیە کە کاتێک مرۆڤ لە گومانەوە دەگاتە یەقین ڕادەگەیەنێت، کە ناسین کەمالێکە بە

دیکارت

بایەختر لە گومان، واتە گومان نیشانەی کەمایەتییە ئەو کە گومان دەکات ناچاربوونی بەر تەسکی هەیە، بەڵام ئەو ئایدیایەکی لە کەماڵ هەیە، چونکە ئەگەر خاوەنی ئاوا بیرێک نەبوایە کەمایەتی خۆی نەدەدی. بە واتایەکی دیکە تێگەیشتن لە کەمایەتی کاتێک دەستەبەر دەبێت کە بیرێک لە کەماڵ لە زەیندا هەبێت، چونکە کەماڵ چەمکێکی پۆزەتیڤە و کەمایەتی نیشانەی بەرپەرچدانەوەی ئەوە. ئەوسا دەپرسێت: «بنیادی ئەم بیرۆکەی کەمالّە چییە؟» وەڵام دەداتەوە ئەم ئایدیایانە لە ڕێگەی هەستەوە وەردەگیرێن و نە چێ کراوی منە، چونکە من بەرتەسکم و کەماڵ لە بەرتەسکەوە نایەتەدی. هۆی ئەم ئایدیا هەر زاتی کاملّی پەروەردگارە. دیکارت وەبیردێنێتەوە کە زانستی ئەو لە هەستی نا تەواوە، بەڵام دەبێت زانستێک هەبێت بەسەر بێ کۆتاییدا زاڵ بێت کەوابوو دەبێت بوونێک هەبێت داپۆشەری زانستی بێ پەڕی ناوبراو بێت.

ئەم بوونە کەسێک نییە، بێجگە لە زاتی پەروەردگار. لێرەدا دیکارت بە پشت بەستن بە دووانە دژوارەکان گریمانە دەکات کە خوای ئەو نیشانەی سەرکەوتنی زانراو بە سەر هەست پێکراودایە لە میتافیزیکی دیکارتیدا هەر شتێک دەبێت لە گرووپی دوو لایەندا خاوەنی بوونی بەرانبەر بێت، کە وابوو ئەگەر گەوهەری قەراغداری وەک خۆی هەیە بە خێرایی دەبێت بڕیار بدرێت کە لە ئاست ئەو دەبێت گەوهەرێکی نادیاری بێ کۆتایی بە ناوی خوا هەبێت. دریدا بەم بایەخەوە لەژێر سێبەری بنەما هەڵوەشاندنەوە و پێکهاتە شکێنی خۆی فەلسەفەی دیکارت بەدیلی میتافیزیکی ئامادە دەزانێت، چونکە ئەو هەستی لە دژایەتی نێوان زەین و (coyito) عەین (resemtensa) و یان ڕەوان و ماددە، یان بوون و بیرۆکەدا ڕاڤە دەکرد و دەیخوێندەوە، ئەو لە کتێبی نووسراوە و ئەوی دی بوونداً بە گێڕانەوە لە بەرهەمی ناسراوی میشیل فووکۆ (میژووی شێتی)مان وەبیر دێنێتەوە کە لە ڕوانگەی دیکارتەوە هەر شتێک لەگەڵ شێتی، نائاگایی، بێ هەوالّی سەروکاری هەبێت لە چوارچێوەی بیرۆکەی ڕووتدا ناگونجێت. جێی سەرسوڕمان نییە کە دیکارت سەرکاروانی هزربڕوایی نوێیە، بەم پێیە هەر شتێک پڕ بە پێوانەی هزربڕوایی نەبێت، لە ڕوانگەی ئەوەوە بێ نرخ و پووچە لە واقیعدا بە بۆچوونی دریدا شێتی و خەودێن قۆناغێک لە گەڵاڵەی گومان تەوەری ئەو پێکدێنن. لە تێڕامانی یەکەمی کتێبی ڕامانەکان لە فەلسەفەی یەکەمدا دەست دەداتە گومان لەمەڕ هەستەوەرەکان. ئەو لەم تێڕامانەدا وەبیردێنرێتەوە کە بەشێوەی گشتی لە هەموو شتێک، بە تایبەت لە دیاردەکانی ماددی دەبێت بە گومانەوە سەرنج بدەین. بەروبۆی ئاوا بیچمێ هەرچەند لە سەرەتاوە ڕوون نییە، بەڵام دەبێت بە گرنگی بزانین، چونکە ئێمە لە هەرجۆرە پێش قەزاوەتێک ڕزگار دەکات و ڕێگەیەکی زۆر ساکار دەخاتە بەر پێمان تا زەین خووبگرێت خۆی لە پێوەنی هەستەکان ڕزگار بکات و لە ئاکامدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە قەت ناتوانین لە هەرشتێک جارێک دروستییەکەیمان بۆ ڕوون بێتەوە گومان بکەین. دیکارت لێرەدا دەڵێت: هەموو ئەوانەی تا ئێستا بە ناوی دروستترین و بێ گومانترین شت وەرمگرتوون بەهۆی هەستەکانەوە فێریان بووم، بەڵام بڕێک جار بە ئەزموون تێگەیشتووم ئەم هەستانە فریودەرن و جێی متمانە و پاریزە کە ئەگەر جارێک لە شتێک فریومان خوارد چیدی زۆر متمانەی پێ نەکەین. حەقیقەت ئەوەیە کە هەستەکان بڕێک جار مرۆڤ تووشی سەر لێشیواوی دەکەن و هەر ئەم بابەتە بووە هۆی ئەمە تا دیکارت ئەوانە وەلاوە بنێت

و به پووچیان بزانێت. هەر بەم هۆیەوە بە بۆچوونی ئەو ناتوانرێ هەستەکان بکرێنە بەڵگە لەسەر بوونی شتێک.

ڕوونە کە دیکارت فریو و خلیسکانی بەهۆی هەستەکان لەگەڵ فریوی زادەی خەوبینینەکانی مرۆڤی لە خەودا، یان شێتێک هەڵسەنگاند. لە واقیعدا ئەو خەو دێتن و خەوی لە گرووپی ناوەکی زەین دەزانی، بەڵام هەستەوەرەکانی بەدەر لە جیهانی زەین دەزانی. دیکارت لێرەدا درێژە دەدات کە «بەڵام گەرچی هەستەکان بڕێک جار لە مەڕ شتە وردیلەکان و زۆر دوورەکان فریومان دەدات، دەکرێت لەگەڵ گەلێک دیاردەی دیکەدا ڕووبەڕوو ببینەوە کە هەرچەند لە ڕێگەی هەستەوە دەیانناسین، بەڵام ناتوانین بە شێوەیەکی ئاوەزپەسن گومانیان لێ بکەین، وەک من لێرە لەلای ئاگر دانیشتووم جلی ماڵەوەم لە بەرە و ئەم لاپەڕەم لە دەستایە و کاروباری لەم چەشنە، بەڵام چۆن دەتوانم حاشا لەوە بکەم کە ئەم دەستانە و ئەم لەشە هی منە! مەگەر خۆم لە ژمارەی ئەو شێتانە بزانم کە مێشکیان کەمێک ئاڵۆز و وەها بە هەڵمی تاریکی سەفراتار بووە کە لە ناخی هەژاریدا خۆ بە شا دەزانن و لەوپەڕی ڕووتیدا خۆیان لەنێو جلی زێڕ چنی ڕەنگاوڕەنگدا دەبینن، یان وا دەزانن گۆزەن، یان خەیاڵ دەکەن جەستەیان شووشەیە، یان کوولەکەن، بەڵام ئەمانە شێتن و منیش ئەگەر چاوم لەوان بکردایە لە شاتو شووتدا لەوان نەدەمامەوە). فووکۆ ئەم تیکەیەی شرۆڤە کردووە و وا بیر دەکاتەوە. دەتوانین بەسەر خەودێتن و گرمانەکاندا لە چوارچێوەی حەقیقەتدا زاڵ بین، بەڵام بۆ زەینی گومانخواز قبوواڵی شێتی کارێکە شیاو نییە فووکۆ دەڵێت: «جۆرێک ناهاوسەنگی لە نێوان خەودێتن و شێتی و خلیسکاندا هەیە) ئەو شێتی لەم بەشە هەڵداوێرێت.

دریدا وا بیر دەکاتەوە کە فووکۆ یەکەم بیرمەندێکە کە شێتی لە دەڤەری گومانی دیکارتی دەسرێتەوە، چونکە ئەو بەدوای ئەوەوەیە تا شێتی لە چوارچێوەی کارکردی مێتۆدێکی سەر بە خودا شی بکاتەوە لە ڕوانگەی فووکۆوە سڕینەوە و جیاکردنەوەی شێتی لە ڕاستیدا مزگێنیدەری نوێی ئاوەزخوازی (ratio)یە. لە واقیعدا لەگەڵ ئاشکرابوونی سەردەمی ئاوەزخوازیی دیکارتی شێتی لەگۆڕ خراو بێ دەنگ کرا. دریدا دەڵێ سەرەوە بە جۆرێکی دی شی دەکاتەوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە دیکارت نایەوێت مانای شێتی لێک بداتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات لە مەڕ حەقیقەتی چەمکەکان و ئایدیاکان پرسیار بکات. دریدا دەڵێت: «لە دەڤەری خەو و خەو دیتنایە کە ئەو کۆمەڵە چەمکانەی لە هەستەکانەوە بەدی دێن، دەخرێنە بەر ڕەهێڵەی گومان». دریدا، شێتیی جێگەی باسی دیکارت بە پێوەرێک دەزانێت کە لە چوارچێوەی ئەودا دەتوانرێت جێ متمانە نەبوونی زانیاریی هەستی بخرێتە ڕوو. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ئەوی لە پاڵ خەو و هەڵەدا دادەنا. لە ڕاستیدا دیکارت بە ئامانجی دارشتنی پرسیاری بنەڕەتیتر لە مەڕ گرمانەکانی زادەی خەودێتن بە شێتی ئاماژەی کردووە، بە شێوەی گشتی دیکارت شێتی و هەڵە و خەودێتن بە مەبەستی دارشتنی بۆچوونی خۆی لە مەڕ گومان تەوەری دەیانهێنێتە ئارا. لە ڕاستیدا دیکارت لە سەدەی هەڤدەمدا بنەمای گەڵاڵەیەکی نوێی دارشت کە لەودا یەقینی عەقڵی بووە جێنشینی درۆنگییە هەستییەکان. ئەو ئەم ئەرکەی بە یارمەتی دیاردەگەلێک وەک خەو و شێتی و هەڵە هەستییەکان سەلماند. دەتوانرێت بوترێت ئامانجی بنەڕەتیی دیکارت گەیشتن بە یەقینی ماتماتیکی لە ڕێگەی هزرخوازییەوە بوو. بەم پێیە ئەو لە سەرەتاوە زانیارییە هەستییەکانی خستە بەر پلاری گومان. بە شێوەی گشتی بنەڕەتی دیکارتی «من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم» بە گوتەی دریدا لەسەر ئەم پێش گرمانە ڕۆنراوە کە من هەمیشە ئامادەیی هەیە، چونکە ئەم بوونە هاوواتای بوونە. کە وابوو بوون لکاوە بە ئامادەبییەوە. دریدا لێرەدا بەم دەرئەنجامە دەگات کە لە چوارچێوەی کوگیتۆی دیکارتی بەو هۆیەوە من لەولای گومانەوەیە کە لەژێر سێبەری بیرکردنەوە لەلای خۆی ئامادە دەبێت.

دیکارت دەڵێت: هەر جارێک ڕادەگەیەنم «من هەم، یان بوونم هەیە» ڕستەیەکی ڕاستم گوتووە، چونکە ساتی حازر لە لامان بوونی شتێک دەسەلمێنێت، چونکە داهاتوو ئامادە دەبێت و ڕابردوو حازر بووە، بەڵام هەنووکەیە ئامادەیی هەیە، مانایش بریتییە لە شتێک کە لە زەینی وتەبێژ، یان بیرۆکە دانەردا حازرە، بەم پێیە دیکارتیش بە بەستنەوەی بوون بە بیرۆکەوە لێکدانەوەیەکی نوێی لە میتافیزیکی ئامادەیی پێشکەش کرد. لە واقیعدا ئەویش بە کولتووری کەلام تەوەری چییەتیی هزربڕوایانەی بەخشیوە، ئەو بە ئامانجی

گەیشتن بەم مەبەستە میتودی گومانی هێنایە ئاراوە و گوتی دەبێت پێش داوەرییە لە مێژینەکان (praegadicia) بخرێنە بەردەم لێکدانەوەی سەر لەنوێی هزر. ئەو لەم ڕێگەدا کەڵکی لە کۆمەڵێک گزەی گومان هێنەرانە وەرگرت و وەبیری هێنایەوە کە هەستەکان (بینایی، ژنەوایی و ساوایی) بە هیچ شێوەیەک بۆ گەیشتن بە حەقیقەت یاریدەمان نادەن (ڕامانی یەکەم)، ئەو بۆ سەلماندنی ئەم مانایە وێنەی چێوێکی هێنایەوە کە دەیخەینە نێو دەفری ئاو و چێوەی ناوبراو بە شکاوی دەبینێ، یان تەلارێکی چوارگۆشە کە لە مەودایەکی دوورەوە خڕ دێتە بەرچاو.

ئەو ئەم وێنانەی بۆ سەلماندنی بێ بایەخی هەستەکان و جێگە متمانەبوونی ئاوەزی مرۆڤی هێناوە و لە ڕامانی دووەمدا بەم ئاکامە گەیشت کە بە گومانکردن لە بایەخی هەستەکان دەتوانرێت زەینی هزر بڕاو بە باشترین ئامرازی گەیشتن بە مەعریفەت بە ئەژمار بێت. لە واقیعدا دیکارت جارێکی دیکە بە پێڕەوی لە ئەفلاتوون بنیادنەری فەلسەفە ئایدیای ئامادەیی مانایی لە هزربڕواییدا بەدی کرد. دیکارت بە پرسیار لە بایەخی بڕوا پێشووەکان بە ئامانجی وەدەست هێنانی یەقین سەبارەت بە تەوەریەتیی لوگۆس، یان گوتاری عەقڵییەت، گومانکردنی لە بوونی دیاردەکان تا بێ کۆتایی دریژە پێداو لە ئاکامدا جەختی کردە سەر ئامادەیی زەینی بیرکەرەوە و لە سەر ئەم بنەمایە بنیادی زانایی پتەو کرد. لە واقیعدا لە سستمی فەلسەفەی دیکارتدا دەبێت کارایەکی حازر هەبێت کە خەریکی بیرکردنەوەیە. دیکارت لە ڕامانی سێیەمدا بە پشت بەستن بە ئیمکانی زەینی، بوونی خوا دەسەلمێنێت و بڕیار دەدات کە دەبێت خاوەنی هەستی بە دەستەبەری مەعریفەت بناسین، چونکە بڕوا و حەقیقەت و مەعریفەت لە بیچمە جۆراوجۆرەکانیدا تەنیا پشت بە ئاگایی ئێمە لە بوونی خوا دەبەستێت، تەنانەت لە ڕامانی پێنجەمدا پێ دادەگرێت کە «من وزەم بۆ وەدەستهێنانی مەعریفەت لە مەڕ هیچ شتێک نەبوو تا ئاگاییم بە بوونی خوا پەیدا کرد». لە ڕاستیدا دیکارت لە ژێر سێبەری هەر ئەم یەقینە میتافیزیکییەدا بوو کە چییەتی مودێرنی بە کەلام تەوەری بەخشی.

ئەگەر هەنووکە پرسیار بکرێت بەکام هۆ دیکارت بنیادەکانی کەلام تەوەری ڕۆژئاوای پتەوکرد؟

وەڵامەکەی ئەمەیە کە ئەو لە ڕادەبەدەر جەختی لەسەر بەڵگە نەویست بوونی عەقڵی، بایەخی ئەنجام خوازی و شیاویی هزری بۆ لێک جوێ کردنەوەی درۆ و ڕاستی و گەیشتن بە یەقین لە ڕێگەی گومان لە بوونی جیهانی عەینی، هەروەها سەلماندنی پێناسە و یەکێتی نێوان بیرۆکەو بوون کرد و پێی داگرت.

سەرچاوە:
ماهنامەی آزما، ژمارەی ۳۷ سال ۱۳۸۳ تهران.

بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

ڕاپەڕینە مێژوویییەکەی جەماوەری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا

دوای ڕووخانی سوپای بەعس لە شەڕی کوێت لە دوا ڕۆژەکانی مانگی شوباتی ١٩٩١دا بەرانبەر بە سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، جەماوەری خواروو عیراق ڕاپەڕین و دامودەزگای بەعسی فاشییان تەفروتونا کرد. زۆری پێ نەچوو لە کوردستانی خۆشماندا لە ڕۆژی (٥)ی ئاداری ١٩٩١دا، جەماوەری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین بە ڕووی حوکمی بەعسی فاشی ڕاپەڕین و لە ماوەیەکی کەمدا شارەکەی خۆیان لە دامودەزگای بەعسی داپلۆسێنەر پاک کردەوە و ئەم هەواڵە دڵخۆشکەرە بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووەوە و بۆ ڕۆژی ٦ی ئادار جەماوەری حاجیاوەی سەر بە ڕانیە و سەروچاوە و تەینااڵ ڕاپەڕین و ناوچەکانی خۆیان لە هێزەکانی ڕژێمی بەعس پاک کردەوە و بۆ ڕۆژی ٧ی ئادار جەماوەری شۆڕشگێڕی شاری سلێمانی ڕاپەڕی و پێشمەرگەی ڕژێمی بەعسی فاشییان لە ئەمنە سوورەکە لەناوبرد و سوپای داپلۆسێنەری ڕژێم لە ئۆردوگاکەی ڕای کرد و شارەکە و دەوروبەرەکەی بە تەواوی ئازاد بوون و زۆربەی پێشمەرگەی ڕژێم بەسزای عادیلانەی خۆیان گەیشتن.

بۆ ڕۆژی ٨ی ئادار جەماوەری هەڵەبجەی شەهید و چەمچەماڵ و زەڕاین و نەسر و باریکە و سمود ڕاپەڕین لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ناوچەکانی خۆیان لە پێشمەرگەی ڕژێمی فاشی پاک کردەوە. بۆ ڕۆژی ٩ی ئادار جەماوەری شارەکانی کۆیە و شەقڵاوە و دەربەندیخان و کەلار ڕاپەڕین و بۆ ١٠ی ئاداریش جەماوەری کفری و قەرەهەنجیر و حاجی ئۆمەران و مێرگەسۆر و ڕەواندز و دیانە و خەلیفان و هەریر و باسرمە ڕاپەڕین، هێزەکانی

ڕژێمی داپلۆسێنەری بەعسیان لەناوچەکانی خۆیاندا وەدەرنا.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١١ی ئاداریش جەماوەری شاری هەولێری هۆڵاکۆ بەزێن ڕاپەڕی و دەستەیەکیان لە پیاوە تاوانکارەکانی ڕژێم لەناوبرد و دەستیان بەسەر ئۆردوگای فەیلەقی (٥) داگرت، پاشان دەستیان بەسەر هەموو چەکە قورسەکانی فەیلەق داگرت.

بۆ ڕۆژی ١٢ی ئاداریش جەماوەری شاری ئاکرێ و دەوروبەری لە دژی ڕژێم ڕاپەڕین و ناوچەکەی خۆیان ئازاد کرد و بۆ شەوی ١٢ لەسەر ١٣ش شاری خانەقین و باوەنوور و پردێ لە پیاوانی ڕژێمی فاشی پاک کرانەوە.

لە ڕۆژی ١٣ی ئاداریش مەخمووڕ و بەردەڕەش و لەوسەریش زاخۆ ئازاد کران و لە ١٤ی ئاداریش شارەکانی دهۆک و ئامێدی و هاوینەهەواری سەرسەنگ ئازاد کران.

لە ڕۆژی ١٦ی ئادار، ناوچەکانی قەرەچووخ و سەربەشاخ ئازاد کران و بۆ ڕۆژی ١٩ی ئادار هێزێکی زۆری پێشمەرگەی کوردستان لە قۆڵەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە بەرەو شاری کەرکووک چوون بەنیەتی ئازاد کردنی و وابوو لە سەرلەبەیانی ٢٠ی ئاداری ١٩٩١دا شاری کەرکووکی جەرگی کوردستانیش بە زەبری هێزی پێشمەرگە و جەماوەری شۆڕشگێڕی شارەکە ئازاد کراو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاردرا ڕۆژی ٥ی ئاداری هەموو ساڵێک دەستپێکی ڕاپەڕین بێ، ڕاپەڕینە مێژوویییەکەی کوردستان و ڕۆژی ٢٠ ئاداریش ڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە بێت.

من و ڕۆژنامەنووسیی پاش ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١

هەرچەندە لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٩١دا ڕژێمی بەعس دەستی بە داگیرکردنەوەی زۆربەی خاکی ئازادکراوی کوردستان کردەوە، تاکو لە (کۆڕێ)ی نێوانی مەسیف سەلاحەددین و شەقلاوە دەبابەکانی تێک شکێنران و سوپای دوژمن نەیتوانی زیاتر بچێتە پێش و لە شەقلاوە لەولاوە بەرەو ڕۆژهەلات بە ئازادی مایەوە، تاکو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناوچەی دژە فڕینی فڕۆکەی عیراقی دامەزراند تا هێزەکانی ئەمەریکا گوشار بخەنە سەر ڕژێمی بەعس تاکو ئیدارەی خۆی لە کوردستانی باشوور بە تایبەتی لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و گەرمیان بکێشێتەوە، وابوو لە ٢٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەی ١٩٩١دا دەستەڵاتی بەعس لەو ناوچانە نەماو میللەتی کورد هەناسەیەکی ئازادی هەڵکێشا.

من لەگەڵ دەرچوونی (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/١٢دا لە شاری هەولێر وەک نووسەری ئەدەبی بە مووچەیەکی ڕەمزی دامەزرام، ئەوکات ڕێزدار ئەرسەلان بایز سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، هەر جارە بابەتێکی ئەدەبی، یان ڕۆشنبیریم بڵاودەکردەوە و گەلێک ڕۆژنامەنووسی بەهرەداری وەک برایان: مومتاز حەیدەری و نەژادی عەزیز سورمێ و سەعەدوڵڵا پەرۆش و عەبدولغەنی عەلی یەحیاو جەوهەر کرمانج و عەبدوڵڵا سەڕاج و حەمەکەریم هەورامی و ئازاد جندیانی کاریان لە نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە دەکرد و سەردەمێکیش لە کاری سەرنووسەری جەنابی فەرەیدوون عەبدولقادر جێی کاک ئەرسەلانی گرتەوە. من تاکو پاییزی ساڵی ١٩٩٣ کارم لەو ڕۆژنامەیەدا کرد و دوای ئەو مێژووە و دەرچوونی (ڕۆژنامەی برایەتی) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب کارم لەو ڕۆژنامەیەدا کرد. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە فەرهاد عەونی بوو، جێگرەکەیشی دەمێک ئەسعەد عەدۆ و دەمێکیش ئاسۆ کەریم بوو، دوای فەرهاد عەونی، نەژاد عەزیز سورمێ بووە سەرنووسەر و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی بووە جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەکە و هەولێکی زۆری دا لاپەڕەی ئەدەب بکات بە پاشکۆیەکی هەفتانە تاکو سەربەخۆ دەربچێت و دەستەی نووسەرانی بەم جۆرە بوو:

١- کەریم شارەزا
٢- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
٣- جەلیل کاکەوەیس
٤- عەباس عەبدوڵڵا یووسف
٥- ئازاد سوبحی، چونکە پاشکۆکە بەناوی (ئەدەب و هونەر) بوو، هەروەها تاریق کارێزی و وشیار ئەحمەد ئەسوەد بوونە نووسەری بەشی هونەریی لە هەفتەنامەکەدا و بۆ کاروبار بەڕێوەبردنیش خوالێخۆش بوو زاهیر ڕۆژبەیانی بووە سەرنووسەر و منیش بە دەمڕاستی دەستەی نووسەران هەڵبژێردرام و ئەم پاشکۆیە

خزمەتێکی زۆری ئەدەب و هونەری کوردی کرد.

میوانێکی ئازیزی ئەدەب و هونەر

ڕۆژێکیان میوانێکی ئازیزمان هاتە سەردانی دەستەی نووسەرانی پاشکۆکە و ئەویش پرۆفیسۆر دکتۆر جەلیلی جەلیل بوو، کە کوردێکی ئەرمینیانشین بوو، دەستەی نووسەران لە ژووری خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی لەگەڵیدا کۆبوونەوە و گەلێک وێنەمان لەگەڵدا گرت. یەک یەک ناوی خۆمان پێدا و ئەویش گوتی لەناو هەموتان [ئەز تەنیا کەریم شارەزا ناس دکەم]، واتە [من تەنیا کەریم شارەزا دەناسم] هۆی ئەو ناسینەیشم بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە کە کتێبی [کۆیە و شاعیران]م چاپ کرد و دانەیەکم بۆ خوالێخۆشبوو مارف خەزنەدار نارد بۆ لینینگراد کە جارێ خوێندکاری دکتۆرا بوو لەو شارەدا و لەبەردەستی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆییف بوو، کە کتێبەکەم گەیشتە دەستی، بەنامە ئاگاداری کردمەوە کە سەرو دانەیەک بۆ پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆییف و خوێندکاری دکتۆرا جەلیلی جەلیل بەدیاری و بە پۆستە بنێرم بۆ لینینگراد، کە دیارییەکەم گەیشتە دەستیان، سوپاسنامەیان بۆ ناردم و کوردۆییف کتێبێکی خۆیشی بە دیاری بۆ ناردم. لەوەوە پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل منی دەناسی.

هەتا کە فەرهاد عەونی و نەژاد عەزیز سوورمێ سەرنووسەری برایەتی بوون، ڕێزم لێدەگیرا، بەڵام کاتێک عەبدولسەلام بەرواری بووە سەرنووسەر، هەستم دەکرد ئەو ڕێزەم نەما و پاشکۆ هەفتانەکەی (ئەدەب و هونەر)ی نەهێشت، بۆیە منیش لە پایزی ٢٠٠٢دا وازم لە کارکردن لە برایەتی هێنا.

من و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

کاتێک سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٧ی تەموزی ١٩٩٨دا دامەزرا، من بووم بە ئەندام لەو سەندیکا پیشەییە، شەڕی براکوژی، بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی دواخست تاکو لە ڕۆژانی ٢٩-٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨دا لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر بەسترا. من بەو ناوەی بە تەمەنترین ئەندام بووم لە سەندیکاکە، بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری کاروباری کۆنگرەکە هەڵبژێردرام. منیش داوام لە دەستەی بەڕێوەبردنی سەندیکا کرد هەڵوەشێتەوە تاکو لە دوادانیشتنی کۆنگرەکە نەقیب و دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی سەندیکا هەڵدەبژێردرێ. دوای ئەم کارەم، کۆنگرەکە کەوتە سەر وتووێژ کردن لەسەر بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا و کاروباری تری و لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/٣١دا، دەستەیەکی تازەی بەڕێوەبردنی سەندیکاکە هەڵبژێردرا و فەرهاد عەونی بووە نەقیب و ئەو زاتە بووە یەکەمین نەقیبی هەڵبژێردراوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە کۆنگرەی دووەمیش دووبارە بە نەقیب هەڵبژێردرایەوە دوای ئەوە لە کۆنگرەی سێیەمدا خۆی نەپاڵاوتەوە، بەڕێز ئازاد حەمەدەمین لە جێی ئەو بووە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و هەروا بەردەوامە لەسەر کارو ئەرکەکەی خۆی.

کارکردنم لە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان وەک وەرگێڕ

لە پاییزی ساڵی ١٩٩٢دا جەنابی شێرکۆ بێکەس کە ئەوسا وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە سەردەمی کابینەکەی دکتۆر فوئاد مەعسوومدا، من و مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی پاڵاوت بۆ ئەوەی ببینە وەرگێڕ لە (عەرەبییەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەوەش) لە ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆک وەزیران بڕیاری دابوو هەر فەرمانێکی وەزارەتی ئەگەر بە کوردییەکی ڕوون و ڕەوان نەنووسرێ، واژۆی ناکات، ئێمەش سەردانی دکتۆر فوئادمان کرد و فەرمانی دامەزراندنمان بۆ ئەو کارە دەرچوو و زۆر بە دڵسۆزی و وردبینی ئەو کارەمان گرتە ئەستۆ و دکتۆریش لێمان ڕازی بوو و کە لە ١٩٩٣/٤/٢٥یشدا ڕێزدار کۆسرەت ڕەسوول عەلی لە سەرۆکایەتی وەزیران جێی گرتەوە و ئێمەش لەسەر کارەکەمان بەردەوام بووین.

ڕۆژێکیان کاک فەرهاد عەونی هاتە ئەنجوومەنی وەزیران و پێی گوتم: (کاک جەوهەر نامیق سالم)ی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یەکێکی پێویستە بچێتە پەرلەمان و کوردیزان و عەرەبیزان بێ تاکو پرۆتۆکۆلەکانی دانیشتنەکانی پەرلەمانتاران پوختە بکات و هەڵەبڕیان بکات تا بە زنجیرە چاپ بکرێن. منیش بۆ ئەو کارە تۆم دەستنیشان کردووە و تێت ڕادەبینم کە ئەو کارەت بە چاکی پێ بکرێ. با بچین بۆ لای کاک جەوهەر

تاکو به چاکی له کارەکەت بگەیت. منیش لەگەڵی چووم و ئەو زاتە قەدر زانە بە گەرمی پێشوازی لێ کردم و پێی گوتم: «دەمانەوێ پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان بەبێ هەڵە چاپ بکەین.» منیش گوتم: جەناب پرۆتۆکۆلێکم پێ بدەن تاکو لەماڵەوە رێکی بخەم و بۆ سبەی پێشکەش بە جەنابتان بکەم تاکو بزانم ڕاتان لێیە، یان نا. منیش پرۆتۆکۆلی یەکەمم وەرگرت و بردم لە ماڵەوە هەڵەبڕیم کرد و لە هەندێ شوێنیش بە جوانی دامڕشتەوە. بۆ سبەی بردمەوە لای کە خوێندییەوە بینی جوان داڕێژرابوو، پێی گوتم: خۆزیا ئێمە هەموومان ئاوا بە پوختی وتووێژ بکەین و لەدوای جێگری سەرۆکی پەرلەمانی نارد کە ئەوسا خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا بوو، کاک جەوهەر پێی گوت: ئایا پرۆتۆکۆلەکان بەشێوەی ئەدەبی پوخت تۆمار بکرێن، یان هەر ئەندامە چۆنی گوتووە ئاوا تۆمار بکرێت؟ لە وەڵامدا خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا فەرمووی (وا ڕاستە هەرکەسە چۆن دواوە، ئاوا تۆمار بکرێت).

ئینجا بڕیاردرا شێوەی قسەو وتوێژەکان دەق وەکو خۆیان تۆمار بکرێن و کاک جەوهەریش پێی گوتم: بزانە مەجید ئاسنگەریش ئەگەر پێی دەکرێ با بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە پەرلەمان و منیش چووم بۆ لای و بۆ ڕۆژی دوایی ئەویش هات و دوای چەند ڕۆژێکیش کاک مەجید ئاسنگەر، مامۆستا کەمال عەبدولقادری هاورێی هێناو بە هەر سێکمان ئەو کارەمان کرد.

کارکردنم لە پەرلەمانی کوردستاندا

من لە ڕۆژی ١٩٩٣/١١/٢دا بە گرێبەست لە پەرلەمانی کوردستان دامەزرام و دوو کەسی دیکەش بە هەمان فەرمانی سەرۆک پەرلەمان جەوهەر نامیق کە برایان سەرۆ قادر و خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر بوون دامەزران و دوای هەفتەیەک فەرمانی دامەزراندنی مامۆستا کەمال عەبدولقادریش دەرچوو، من لە ١٩٩٣/١١/٣ دەستم لە کارەکەم لە ئەنجوومەنی وەزیران هەڵگرت و بە تەواوی کەوتمە سەر پوختەکردن و هەڵەبڕی پرۆتۆکۆلەکانی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەوسا پێی دەگوترا (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان).

من لەو مێژووەی دامەزراندنمەوە تاکو ئەمڕۆ وابووەتە بیست ساڵ بە گرێبەست لە پەرلەمانی کوردستان کارەکەم، سەردەمێک پرۆتۆکۆلەکانم ڕێک دەخست و لە دواییدا وەرگێڕانی یاساکانم لە عەرەبی بۆ کوردی و بە پێچەوانەوەش پێ سپێردرا.

زۆر پرۆتۆکۆلمان هەڵەبڕ کرد، چونکە هەڵەی گەورەیان تێدا کرابوو، جارێ کارمەندانی کۆمپیوتەر بە چاکی لە چاپ کردنیان ڕانەهاتبوون، ئێمەش توانیمان لە پاڵ ئەم کارەشمانەوە چەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی پەرلەمان دەربچوێنین و بڕیار و یاساکانی پەرلەمانیان تێدا پەخش بکەین.

سەردەمێک خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر بەرپرسی کاروباری پەرلەمان بوو، بەڵام کە کرا بە ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمان، ئازاد دڵزار جێی گرتەوە و دوای ئەویش محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی بووە بەڕێوەبەری کاروباری پەرلەمان و منیش بە وەرگێڕ لەوێ مامەوە.

شەڕی براکوژی و هەڵوێستی دەستەی نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردستان

لەڕۆژی (١)ی ئایاری ١٩٩٤دا شەڕی براکوژی لە شاری قەڵادزێ لەسەر شتێکی بچووک هەڵگیرسا کە کێشەیەکی مولکایەتی نێوانی کوڕی حەسۆ میرخان و چەند کەسێکی دی بوو، چونکە هەردوو زلهێزەکەی کوردستان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بیر و بڕوای حزبایەتییان لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوون تا ڕادەی شەڕی دەستەو یەخە، بۆیە ئەو شەڕە بچکۆلەیەی شاری قەڵادزێ لە ماوەیەکی کەمدا بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئازاد دا بڵاوبووەوە و ئێمەی دڵسۆزی کورد و کوردستان کۆمەڵێک بووین تەگبیرمان کرد (بانگەوازێک) دەربکەین و داوا لە هەردوو لایەنی شەڕکەر بکەین بۆ وەستاندنی خوێن ڕشتنی کورد بە دەستی کورد. لە ئەنجامدا ئەم چەند کەسەمان لە مالّی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی کۆبووینەوە و من ئەو بانگەوازەم دوای وەرگرتنی ڕای هەموویان داڕشت و واژۆمان کرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بانگەوازێک

بۆ/ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیی کوردستانی یەکگرتوو

بەناوی شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد و بەناوی هەموو خاوەن ویژدانێکی پاک و دڵسۆزی کوردایەتی. بەناوی گیانی ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو و قوربانییانییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید و بەناوی گیانی ئەو هەشت هەزار بارزانییەی بێ سەرو شوێن کران و لەناوبران.

ئێمە کۆمەڵێک لە نووسەر و ڕووناکبیرانی دڵسۆزی کوردستان لە شارە دێرینە خۆڕاگرەکەی هەولێر، داواکارین بە زووترین کات هەموو جۆرە دیاردەیەکی چەکداری و کوشتار لەناو کوردستانی باشووری ئازاد کراودا نەهێڵن، چونکە ئێستاکە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێ و با ڕژێمی فاشی بەغداو هەموو دوژمنانی کورد زیاتر پێمان خۆش نەبن و لە کەلێنی ڕیزەکانی هێزە نیشتمانییەکانمانەوە نەیەنە ژوورەوە و کوردستانی ئازاد کراو داگیر نەکەن.

ئێستاش دەمانەوێ بە کردەوە ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

١- ئەوەی ئاگری براکوژی لەناو میللەتدا هەڵگیرسێنێ دوژمنی هەرە گەورەی کورد و دەبێ ڕیسوا بکرێ.

٢- ماوە نەدەن کەس بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکات، چونکە کارەساتی گەورەتری بەدوادا دێت.

٣- ئەوانەی بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەم فیتنە و کوشتارە، بە ڕێگایەکی یاسایی بدرێنە دادگاو بەسزای خۆیان بگەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین: هەموومان ئێستاکە لەبەردەم لێپرسینەوەیەکی مێژوویی داین و مێژووش ڕەحم بە کەس ناکات و ئۆبالّی میللەتی کوردیش لە ئەستۆی ئێوەدایە.

١- کەریم شارەزا
٢- مومتاز حەیدەری
٣- مەجید ئاسنگەر
٤- لەتیف شاکر
٥- عەبدولخالق عەلائەدین
٦- مەدحەت بێخەو
٧- مەولوود قادر بێخاڵی
٨- حەمەکەریم هەورامی
٩- تاریق محەمەد سەعید جامباز
١٠- کەمال عەبدولقادر

هەولێر ١٩٩٤/٥/٦

وێنەیەکی بۆ/

- حزبە تێکۆشەرەکانی بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی.
- ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئازاد کراو.
- ئیستگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی حزبە کوردستانییەکان و ڕادیۆی هەرێم.

تێبینی: دەقی ئەم بانگەوازە لە ژمارە (١٩٣٩)ی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٤/٥/٧، بەرانبەر بە ١٧ی گوڵانی ٢٦٩٤، لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.

ئێمەی نووسەر و ڕووناکبیرانی هەولێر هەر بەوەندە نەوەستاین، بەڵکو کۆمەڵێکی زیاتری ڕۆشنبیران بۆ وەستاندنی شەڕە خۆکوژییەکە بیرمان لە کارێکی تر کردەوە. من گوتم بروسکە بۆ مام جەلال و کاک مەسعوود بارزانی بنێرین بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە خۆکوژییە، کەچی کەسی وامان لەگەڵدا بوو، یەک لەوانە دکتۆر فەرهاد پیرباڵ بوو، گوتی: واچاکە گەفی ئەوە لە شەڕکەران بکەین، ئەگەر شەڕەکە ڕانەگرن خۆمان بسووتێنین!! هەرچەندە من و خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر و مەولوود بێخاڵی و کەمال عەبدولقادر گوتمان ئەمە کارێکی نادروستە و ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایەدانین و دەمانەوێ بە بروسکە ناردن بۆ هەردوو سەرۆک چارەسەری بکەین، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەس پشتگیرییان لە ڕایەکەی دکتۆر فەرهاد پیرباڵ کرد و ڕۆژی ١٩٩٥/١/٢٤ دانرا بۆ خۆ سووتاندنەکە، لەدوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دیاری کراوەدا لەبەر دەرگا و گۆڕەپانی پارێزگای هەولێر خەڵکێکی یەگجار زۆر کۆبوونەوە، ئێمەش ئامادەبووین و ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە ئامادە کرا و دکتۆر فەرهاد لەسەر شانان نراو هاواری دەکرد ئەگەر شەڕەکە نەوەستێ خۆمان دەسووتێنین، لەو دەمەدا وەڵامی هەردوو بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال گەیشت کە هەریەکە دەیگوت ئەگەر لایەنەکەی دیکە شەڕ ڕاگرێ ئێمەش ڕای دەگرین و بەم چەشنە ئەو سیناریۆی خۆسووتاندنە بە سەلامەتی کۆتایی هات و من و چەند برادەرێکی وەک خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر گوتمان

جارێکی تر ڕیشی خۆمان نادەینە دەست کەسی سەرەڕۆی سەرگەرم.

ماوەیەک شەڕی ناوخۆ سستی تێکەوت و تاڕادەیەک وەستا، بەڵام لە پڕێکدا لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤ دەستی پێکردەوە و تەشەنەی کرد و لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٨، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگاو هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیان لە شەقڵاوە و ناوچەکە وەدەرنا و شەڕی ناوخۆ بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە و پەرلەمانی کوردستانیش هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەو شەڕە خۆکوژییە نەگریسە دەربڕی و هەوڵێکی زۆری دا بۆ وەستاندنی، بەڵام لایەنە شەڕکەرەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر کردارەکەیان و بۆ ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٣ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەستیان بەسەر پەرلەماندا گرت و پەرلەمانتارانیش هەر بەردەوام بوون لەسەر هەوڵەکەیان بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە و وابوو ٥٩ پەرلەمانتار لە پێناوی نەهێشتنی گرفتەکە لە (١٩٩٤/١٢/٢٣)ـەوە کەوتنە پەناگیری و لە بارەگای پەرلەمان مانەوە و پەناگیرییەکە ١٠٣ ڕۆژی خایاند و تاکو ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٩٥ بەردەوام بوو، کەچی شەڕەکە نەوەستا، وابوو لەو ڕۆژەدا سەرۆکی پەرلەمان خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالیم تەلاری پەرلەمانی جێ هێشت و ڕووی کردە مەسیف سەلاحەددین.

لە ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٢٥دا هەردوو دۆستی میللەتی کورد (خاتوو دانیال میتران)ی هاوسەری فەرەنسوا میتەرانی سەرۆک کۆماری ئەوسای فەرەنسا لەگەڵ بیرنارد کۆشنەر لە بانگەوازێکدا داوایان لە مام جەلال و کاک مەسعوود کرد شەڕی ناوخۆی کوردستان بوەستێنن و لە هەمان کاتیشدا وێنەی بانگەوازەکەیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی کوردستان کرد، کەچی بێ سوود بوو و شەڕەکە هەر بەردەوام بوو، بۆ ماوەیەک، کەمێک دامرکایەوە، بەڵام هەردوو لا لەبیانوو دەگەڕان شەڕەکە سەرهەڵداتەوە، وابوو لە ١٩٩٤/١٢/١٤ شەڕ دەستی پێکردەوە و وەک باسمان کرد لە ١٩٩٤/١٢/١٨دا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان شەقڵاوەیان لە بارەگا و هێزەکانی یەکێتی پاک کردەوە و کوردستانی ئازاد کراو بووە دوو بەش و دوو حکوومەتی ناوخۆی ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی و منیش لەسەر ئەو کارەساتە نەتەوەییە زنجیرەیەک هۆنراوەی سیاسیم دانا، لەوانە هۆنراوەیەک بوو بەناوی (پانۆرامای براکوژی) کە لە بەشێکیدا دەڵێم:

لەسەر پارەی باج و خەراج
چارەنووسی کوردستانیان
لەدەڵاڵخانەی میژوودا
کردە هەڕاج
لە هەر لایە
بوو بە پێشبڕکێی چەکداری و
لەشکرکێشی و بەیەکدادان
بوو بە شەڕی براکوژیی
مان و نەمان
وایان زانی ئەم کارەیان
زۆر ڕەوایە
شەڕی حەقە و
شۆڕشی بیرو بڕوایە
وەک دوژمنی بابەکوشتە
یەکیان قڕ کرد
خوێنی گەشتی یەکیان فڕ کرد!!

سنووری نێوان حکوومەتی هەولێر و حکوومەتی سلێمانی (دیگەڵە) بوو. کاتێک کە پارتی دەستی بەسەر (کەسنەزان)دا داگرت، یەکێتی کە هەولێری کەوتبووە دەست بە ڕێگەی بیستانە- بەستی شەڵغە- دێگەڵە- کۆیە هاتوچۆی بۆ سلێمانی دەکرد. پارتیش لەمەسیف سەلاحەددینەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و بادینانی لەبەر دەستدابوو، لێرەدا یەکێتی بێجگە لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی ئابووریش زیانی پێ گەیشت، چونکە داهاتی کوردستان لە ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەراندا لەدەست پارتی بوو، کەچی یەکێتی ئەو داهاتەی نەبوو، ئێمە کارمەندانی پەرلەمانی کوردستان دوو مانگ مووچەی مانگانەیان پێنەدایین، تەنانەت زانکۆی سەلاحەددینیش هەرچەند لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتیدا بوو، کەچی مووچەی دکتۆر و کارمەندانی پێ نەدەدرا، بۆیە لە مەسیفەوە پارتی مووچەکەی دابین دەکرد و بۆی دەناردن.

ئەو پانۆرامایەی شەڕی براکوژی تا دەهات قوڵتر دەبوو تاکو مامۆستا (عەزیز محەمەد)ی سکرتێری

پێشووی حزبی شیووعی کەوتە نێوانیان و پێی سەلماندن دەبێ بە ڕێگایەکی ئاشتیانە ناکۆکییەکانی نێوانی یەکێتی و پارتی چارەسەر بکەن. وابوو هەردوولا شاندیان لە ئاستێکی بەرز دامەزراند بۆ گفتوگۆکردن لەپێناوی گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەکی بنبڕ بۆ ناکۆکییەکان. چەندان جار هەردوو شاندەکە دەمێک لە شەقڵاوە و دەمێکیش لە کۆیە کۆ دەبوونەوە، کەچی چ ئەنجامێکی ئەرێنی نەبوو.

دەوڵەتە دۆستەکانی کورد بە پەرۆشەوە سەیری ئەو شەڕەی ناوخۆی کوردستانیان دەکرد و لەسەر داوای ئەو دەوڵەتانە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی دەمێک لە تورکیا و دەمێکیش لە ڕۆژی ١٩٩٥/٩/١٢ تاکو ١٩٥٥/٩/١٥ شاندەکانیان لە شاری (دبلن)ی پایتەختی ئیرلەندە کۆبوونەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک بۆ بنبڕ کردنی شەڕی ناوخۆ، کەچی لە ئەنجامدا کێشەکە هەر چارەسەر نەکرا.

لە ڕۆژی ١٩٩٥/١٠/١٢یشدا شاندێکی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی (ڕۆبەرت دویچ) گەیشتە کوردستان بۆ وەستاندنی شەڕەکە و چارەسەکردنی کێشەکە بە ڕێگایەکی ئاشتیانە، کەچی دیسان لە ئەنجامدا بێ سوود بوو.

لە شەوی ١٦ لەسەر ١٧ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بۆ جاری سێیەم شەڕ لەنێوان هێزکانی پارتی و یەکێتی هەڵگیرسایەوە و ئێران دەستی لەو هەڵگیرسانەوەیەدا هەبوو، کاک مەسعوود بارزانی لە وتارێکیدا گوتی: من حەز دەکەم بە گوللەتۆپێکی عیراقی بکوژرێم نەک بە چەکی دەوڵەتی بیانی، بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ناکۆکییەکە قوڵتر دەبوو، تا وای لێهات سوپای عیراق لە ٣١/ئابی/١٩٩٦دا هاتە کوردستان و هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیش وردە وردە شاریان چۆل کرد، هەرچەندە دیمەنێکی نافرەجابوو، بەڵام لە سەرێکی ترەوە بەخێر گەڕا، چونکە ئەگەر پارتی بەشەڕی شەقام و کۆڵانان ویستبای هەوڵێر بگرێتەوە، ئەوە بەسەدان، بەڵکو بە هەزاران کەس دەبوونە قوربانی و بە سەدان ماڵ و تەلاریش وێران دەبوون، کەچی کرداری سەربازییەکە بەبێ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ کۆتایی هات و سوپای عیراق کشایەوە بۆ شوێنی جارانی خۆی.

ئینجا ئەندامانی پەرلەمان کە پارتی و هاوپەیمانانی لە تورکمان و مەسیحی و چەند ئەندامێکی یەکێتی کە لە هەوڵێر مابوونەوە لەگەڵ سێ ئەندامی پەرلەمان لە لیستی حزبی شیووعی دەستیان بە کۆبوونەوەکانیان کردەوە، چونکە زۆرینەیان پێ دەهێنا و ئێمەی کارمەندی وەرگێڕانی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان کەوتینەوە سەر وەرگێڕانی پرۆژەی یاسای نوێ لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەم شەڕە ناوخۆییە وێرانکەرەی کوردستانی ئازاد کراو زۆر سەغڵەت بوو، داوای لە هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کرد، شاندیان بنێرن بۆ ئەمەریکا، وابوو لەوێ بە چاودێری و ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا خاتوو مادلین ئۆلبرایت کۆبوونەوە و گەیشتنە چارەسەرێکی بنبڕ بۆ نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی، وابوو لە هەولێر وەزارەتی سێیەم بە سەرۆکایەتی دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦دا دامەزرا و سوێندی یاساییان لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان خوارد. ئەمەریکا هەر بەردەوام بوو لە نزیک کردنەوەی هەڵوێستی هەردوو لای شەڕکەر تاکو وای لێهات لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٨ ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بە ئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود بارزانی لە مەسیف سەڵاحەددین بە هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی و لیستی مۆر لە هۆڵی پەرلەمان کۆببێتەوە. وابوو لە ڕۆژی ١٠/٤ بەپێی ڕێککەوتننامەکەی سەڵاحەددین، پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و مادام میتران بە هەردوو فراکسیۆنی زەرد و سەوز و لیستی مۆر کۆبووەوە و تەمی براکوژی لەسەر دڵی میللەتی کورد سڕایەوە.

جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکانی

سوداد ڕەسوڵ

(١ - ٢)

پرۆسەی بە ستاندارکردن لەهەر زمانێکدا، لە قۆناغێکی مێژوویی دەست پێدەکات، پاش ئەوەی یەکێک لە لەهجەکانی ئەو زمانە دەبێت بە زمانی نووسین و ئەدەب. ئەو لەهجەیە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بایەخ پەیدا دەکات، سنووری ناوچەکەی خۆی دەبڕێت و دەسەڵاتی زمانیی بۆ ناوچەکانی دەوروپشتی بڵاو دەکاتەوە. سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و بڵاوبوونەوەی، نەخشێکی گرنگ و بەرچاو بۆ بە ستانداردکردنی زمانی نەتەوە دەگێڕێ، بۆ ئەوەی گشت ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە لە ژێر چەتری زمانێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا کۆبکاتەوە. دەوڵەتی نەتەوەییش زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوو و سەرانسەری بۆ خوێندن و کارگێڕی پێویستە. گەلێک لە زمانەکانی ئەوروپا هەر لەسەدەی شازدەم و حەڤدەمەوە دوای بڵاوبوونەوەی بیری ناسیونالیزم پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانەکانیان دەست پێکردووە، بۆ زیاتر چەسپاندن و ڕێکوپێک کردنی لە ڕووی ڕێزمان، زاراوەسازی، ڕێنووس، دەنگناسی....تاد تا ئەمڕۆش بەردەوام لەناو ئەو پرۆسەیەدان، واتە بە ستانداردکردن، پرۆسەیەکە و تەواو نابێ و زمان بەردەوام پێویستی بە پەرەپێدان و پێشخستن هەیە.

زمانی کوردی بە لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست، یان هەندێک بە کرمانجی خواروو(١) ناوی دەبەن لە کوردستانی باشوور ئەوە سەد ساڵێکە پرۆسەی بە ستانداردکردنی دەست پێکردووە و لەم ڕووەوە لە گشت لەهجە سەرەکییەکانی دیکەی زمانی کوردی لە پێشترە و قۆناغێکی گرنگی ئەم پرۆسەیەی بڕیوە، ئەگەر کۆسپ نەخرێتە بەردەم پێشکەوتنی، ئەوە ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم پاشەڕۆژی زمانی کوردیدا دەبێت. کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم سەر زەوییە دەبێ بە



ئەمیری حەسەنپوور

خاوەن زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو.

یەکێک لەو کێشە زۆر ناسکانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ زمانی کوردی هاتۆتە پێش، کێشەی بە دوو ستانداردکردنی ئەو زمانەیە، لەنێوان دوو لەهجەی سەرەکی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی باکووردا، بە تایبەت ئەو بن لەهجەیەی کە لە بادینان قسەی پێدەکرێ. لە مێژووی بە ستانداردکردنی زمانەکاندا، وەک باوە، تەنیا لەهجەیەک هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی ببێتە بنەڕەتێک بۆ زمانی ستاندارد، هەڵبژاردنی دوو لەهجە و دوو زمانی ستاندارد، دیاردەیەکی نامۆیە لە پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانی نەتەوەیەکدا.

یەکێک لە سەرسەختترین بانگەشەکار و لایەنگرانی ئەم جووت ستانداردییە دکتۆر ئەمیری حەسەنپوورە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو لەبواری لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و پرسی بە ستانداردکردنی هەوڵێکی جددی داوە. تێزی دکتۆراکەی بەناوی (ناسیونالیزم و زمان لە کوردستان ١٩١٨- ١٩٨٥) لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە ڕەوتی پەرەسەندن و بە ستانداردبوونی زمانی کوردی. چ لە نامەی دکتۆراکەی و چ لەو باسانەی کە بەم دواییە لەمەڕ ئەو بابەتە بڵاوی کردووەتەوە، هەمیشە پێداگری لەسەر ئەو خاڵە دەکات و دەڵێ: زمانی کوردی وەک زمانی نەرویجی و ئەرمەنی و ئەلبانی جووت ستانداردە.(٢) بۆچوونەکانی لەمەڕ جووت ستانداردی ئەو زمانانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ زمانی کوردی، کۆمەڵێک ئیشکالییەت و کەموکوڕی لەخۆ گرتووە، کە شیاوی ئەوەن ڕەخنە و توێژینەوەیان لەسەر بکرێ. ئەمە بێجگە لەوەی لە نووسینی دیکەی هەر لەسەر ئەو بابەتە بە ناوی (شۆڤێنیزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی)(٣) زۆر بە تووندی ڕەخنە لە پرۆسەی تاک ستانداردی زمانی کوردی دەگرێ و بە (شۆڤێنیزمی سۆرانی) لە قەڵەمی دەدات.

جووت ستانداردی زمانیی بۆ نەتەوەیەک، ڕاستییە، یان ئەفسانە؟ تا چ ڕادەیەک ئەو زمانانە کە نووسەر ناویان دەبات، لە ولاتەکانیاندا جووت ستانداردن؟ جووت ستانداردی، ئەگەر هەشبێ، تا چەند دیاردەیەکی ڕاستە لە زمانی نەتەوەیەکدا؟ لەم باسەدا، هەوڵ دەدرێ بە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی جووت ستانداردی زمانەکانی ئەو ولاتانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی. لە دواییشدا دێینەوە سەر تاووتوکردنی شۆڤێنیزمی زمانیی لە کوردستانی باشوور کە ئەو ناوی ناوە (شۆڤێنیزمی سۆرانی)!.

زمانی نەرویجی، جووت ستانداردی یەک زمان، یان دوو زمان؟

نەرویج یەکێکە لە ولاتە ئەسکەندیناڤییەکان، زمانەکەیان سەر بە زمانە جەرمەنییەکانی باکووڕە کە لەگەڵ زمانە دراوسێکانی دەوروبەری وەک سوێدی و دانیمارکی بە شێوەیەک لەیەک نزیکن، دەتوانن هەتا ڕادەیەک لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەن. نەرویج دانیشتوانی ٤,٣ ملیۆنە لە ٩٧٪ ی خەڵکەکەی لە ڕووی نەژادی و نەتەوەییەوە نەرویجین.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی نەرویجی جووت ستانداردبوونیەتی بە ڕەسمی بۆ دوو زمان: بۆکمۆل Bokmal (زمانی کتێب) کە نزیکەی لە ٨٣٪ قوتابخانەکانی نەرویج بە زمانی ستانداردی بۆکمۆل دەخوێنن، تەنانەت بۆ خوێندنی بالا بۆکمۆل ڕێژەکەی لەوە زیاترە.

ستانداردی دووەم زمانی نینۆرشک Nynorsk (نەرویجی نوێ)یە کە تەنیا لە ١٧٪ قوتابیان بەو زمانە دەرس دەخوێنن، زۆربەی ئەو قوتابیانەش کە بە خوێندنی بالا دەگەن زمانەکەیان بۆ بۆکمۆل دەگۆڕن، بۆیە دەکرێ بگوترێ بۆکمۆل زمانێکی ستانداردی بالادەستی ژیانی

گشتی ئەو ولاتەیە، هەرچی نینۆرشکە، ئەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەدەب و شانۆ و زانکۆ بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی لە بواری ئیشوکار و پیشەسازی، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بۆکمۆل لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی نەرویج بەکاردێت، هەرچی نینۆرشکە لە ڕۆژئاوای ولات لەدەرەوەی شارە گەورەکان بەکاردێت.(٤) ئەم دوو ستاندارد لەم ولاتە چۆن سەریان هەڵدا؟

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەرویج زمانێکی پێشکەوتووی نووسینی هەبووە، کە بە نەرویجی کۆن Old Norse ناسراوە، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی مەملەکەتی نەرویجی لە سەدەی چواردەم بۆ پازدەم، زمانەکەش بایەخی خۆی لەدەست داوە، وەک زمانی نووسین چیدی بەکار نەهاتووە. لەکاتی حوکمڕانی دانیمارکی - نەرویجی(١٣٨٠-١٨١٤) زمانی نووسین لە نەرویج تەنیا زمانی دانیمارکی بوو، کە لەگەڵ نەرویجی تەواوێک لەیەک نزیکن. لە ساڵی ١٨١٤ نەرویج لە دانیمارک جیا دەبێتەوە و دەبێت بە ولاتێکی سەربەخۆ، بەڵام دواتر لەگەڵ شای سوێد یەکێتییەک پێکدێنن و تا ساڵی ١٩٠٥ بەردەوام دەبێت.(٥)

دوای جیا بوونەوەی نەرویجییەکان لە دانیمارکییەکان، نەرویج دەبێت بە ولاتێکی خاوەن دەستوور و پەرلەمانی خۆی. دوای سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و پەیدا بوونی حکوومەتی دیموکراتی لە ولات، نەرویجییەکان لەتەک سوێدی و دانیمارکی، خۆیان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دادەنا، کەچی لە ولاتەکەیان زمانێکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی نەرویجیان نییە، ئەو زمانەی کە بۆ نووسین بەکار دێت و لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ، زمانێکە بە ئەسڵ دانیمارکییە، گوزارشت لە هەستی نەتەوایەتی نەرویجییەکان ناکات. زۆر لە خەڵکی نەرویج پێیان وابوو: بۆ نەتەوەیەکی سەربەخۆی وەک نەرویج زۆر نابەجێیە زمانی ستانداردی نووسینیان بە ئەسڵ دانیمارکی بێ و نەرویجی نەبێ.(٦) لەو سەروبەندەدا سێ ڕێگەیان لەبەردەم بوو، یەکەم: ئەو زمانەی نووسینەی کە بە ئەسڵ دانیمارکییە وەک خۆی بهێڵنەوە، دووەم: هەر ئەو زمانە دانیمارکییە بە نەرویجی بکرێ، ئەمەش لە ڕێی دەستکاری کردنی ڕێنووسەکەی، وشەکانیشی وەک نەرویجی گۆ بکرێن، سێیەم: یان زمانێکی نووسینی نەتەوەیی نەرویجی نوێ لەسەر بنەڕەتی لەهجەکانی نەرویجی دابهێنرێت. ڕێگەی یەکەمیان ڕەت کردەوە، دوو ڕێگەکەی دییان پەسند کرد(٧).

دوو زمانناسی نەرویجی کنود کنودسێن Knud Knudsen (1812-1895) و ئیڤار ئاسێن Ivar Aasen (1813-1896) دوو سیستمی زمانی نووسینی نەرویجیان پەرەپێدا کە ئەم دوو زمانە ستانداردەی ئەمڕۆی نەرویجی لێ هاتووەتە بەرهەم.

کنود کنودسێن هەوڵی دا ئەو زمانە دانیمارکییە کە ماوەیەکی درێژە زمانی نووسینە لە ولات، هەنگاو بە هەنگاو زیاتر بە نەرویجی بکات، ئەمەش لە ڕێی دەستکاری کردنی ڕێنووسەکەی و گۆڕینی شێوەی نووسینەکەی (spelling) و بە دەنگی نەرویجیش بێژە بکرێت، بۆ ئەوەی نۆرمێکی جیاواز وەرگرێت و لە نووسینی دانیمارکییەکە دوور کەوێتەوە. بۆ نموونە لە جێگەی پیتی b، d, g ی دانیمارکی، پیتی p, t, k دابنرێت، بە گوێرەی بێژەکردنی نەرویجیش بێژە بکرێت، وەک وشەی tagی دانیمارکی لە بۆکمۆل دەبێ بە tak، واتە سەربان.(٨) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ئەم زمانە زیاتر پەرەدەستێنێ زیاتر ڕەنگی نەرویجی وەردەگرێ تا دانیمارکی، لە ساڵی ١٩٠٧ ناوی ڕیکسمۆڵی Riksmal (زمانی ولات)ی لێ دەنرێ. دوای ئەوە زمانەکە زیاتر ڕیفۆرمی تێدا دەکرێ و لە ساڵی ١٩٢٩ بە ڕەسمی ناوی دەبێتە بۆکمۆل Bok-mal واتە (زمانی کتێب).

لەلایەکی دیکەوە ئیڤار ئاسێن لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دەستی بەکار کرد، بۆ بە دەستهێنانی زمانێکی نووسینی نەتەوەیی نەرویجی، بەرنامەیەکی ڕادیکاڵی گرتە بەر. ئەو پێی وابوو زمانی پەتی و ڕەسەنی نەرویجی لە نێو لەهجەی گوندنشینەکانی ڕۆژئاوای نەرویجە، ئەو شوێنە کە لە دووری دانیمارکە و زمانەکەیان تێکەڵ بە زمانی دانیمارکی و زمانە بێگانەکان نەبووە. ئەو زمانەی کە ئەو پەرەی پێ دا، زمانێک بوو ئەدگار و پێکهاتی کۆمەڵێک لەهجەی گوندەکانی نەرویجی لەخۆ گرتبوو، ناوی نا لاندسمۆڵ Landsmal، واتە زمانی نەتەوەیی. ئەو زمانە زیاتر تەعبیری لە هەستی نەتەوایەتی و شانازییەکانی نیشتیمانی دەکرد.(٩) وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو هەستە ناسیونالیستییە کە لە نێو نەرویجییەکان لە جۆشوخرۆشدا بوو. بەرهەمی کارەکەی لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨ تا ١٨٧٣ لە چەندین

کتێب بڵاو کرایەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ناوەکەی بە ڕەسمی دەبێ بە نینۆرشک Nynorsk، واتە نەرویجی نوێ. ئەو زمانە هەرچەندە بە ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی هاتە کایەوە کە لە پێشدا بڕەوێکی باشی دەبێت بۆ خوێندن، بە تایبەت لە نێو خەڵکی گوندنشین و دانیشتوانی ڕۆژئاوای نەرویجدا، بەڵام نەیتوانی جێگە بە زمانی بۆکمۆل لەق بکات. بۆکمۆل تا دەهات بایەخی زێدە تر دەبوو.

ئەم دوو زمانە ستاندارد لە ولاّت بێ کێشە و گیروگرفت نەبوون، سەرباری خەرجییە زۆرەکەی، کۆمەڵێک کێشە و گرفتی بۆ قوتابخانەکان و سیستمی خوێندنی ولاّتەکە خولقاندووە. بۆ نموونە لە هەندێک قوتابخانەدا کە بە زمانی نینۆرشک دەخوێنن، هەندێک کتێبی قوتابخانە، یان هەندێک سەرچاوەی گرنگی خوێندن بەو زمانە لە کتێبخانەکاندا دەست ناکەون، ئیدی ناچار دەبن لە پاڵ زمانەکەی خۆیان زمانی بۆکمۆل فێر بن، چونکە زیاتر لە ٨٠٪ی کتێب بەو زمانەیە، بۆیە زۆربەی قوتابیان بۆ خوێندنی زانکۆ واز لە نینۆرشک دێنن و بۆکمۆل فێر دەبن، هەر بۆیەشە ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە بە نینۆرشک دەخوێنن ڕوو لە کەمی دەکات.(١٠) بوونی ئەو گیروگرفتانە و چەندین گرفتی دی، بە تایبەت کاتێک لایەنگرانی ئەو دوو زمانە لە ڕووی چینایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ڕووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە. لایەنگرانی نینۆرشک لە ولاّتەکەدا خۆیان بە کەمینەیەک دەزانن، دەیانەوێ زمانەکەیان زیاتر بایەخی پێ بدرێ و لە هەموو بوارێکدا بەکار بێت(١١)، هەروەها پێیان وایە کە زمانی ئەوان زمانی خەڵکی گوند و جووتیارانە، نەرویجی ڕاستەقینە جووتیارەکانن، زمانەکەشیان نەرویجی ڕەسەنە. حزبی سیاسی پەیدا بوون پشتگیرییان لەو سیاسەتە دەکرد. بەرەکەی دی زمانەکەی خۆی پێ زمانی خەڵکی شار و زمانی ڕۆشنبیر و چینی سەرەوەی کۆمەڵگەیە، ئەمە هەرچەندە لە پەرلەمانی ولاّت هەردوو زمانی ستاندارد بە ڕەسمی ناسێنراون. لە ساڵی ١٩٠٧ پەرلەمانی نەرویجی بڕیاری دا بۆ هەموو ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانەی بااڵ خوێندن تەواو دەکەن دەیانەوێ بچن بۆ زانکۆ دەبێ لە تاقیکردنەوە بە هەردوو زمان دەربچن ئەوجا دەتوانن درێژە بە خوێندنی زانکۆ بدەن، بەهۆی ئەم بڕیارەوە کێشە و ناڕەزاییەکی زۆر کەوتە نێوان هەردوو بەرەی زمان، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی قوتابیانی قوتابخانەی بااڵ زمانی نینۆرشک نازانن، ئیدی لایەنگرانی بۆکمۆل لەو بڕیارە تووڕە بوون و پێیان وابوو کە ئەو بڕیارە وروژاندنێکی ئاشکرایە لە دژیان و لە بەرژەوەندی لایەنگرانی نینۆرشکە. ئەم کێشە و ململانێیە لە نێوان هەردوو ستاندارد لە سەرەتای سەدەی بیستدا گەیشتە ڕادەیەک خەریک بوو هەڕەشە لە یەکێتیی نەتەوەیی نەرویجی بکات، ئەو نەتەوەیە کە ئەو هەموو ساڵە لە ژێر حکومڕانی بێگانەدا بووە، تازە سەربەخۆیی نیشتیمانی بەدەست هێناوە، ئەمڕۆ ئەم نەتەوەیە لەسەر بنەمای زمان بۆ دوو بەرەی جیاواز دابەش بوون و بەرانبەر بەیەک وەستاون، هەر بەرەیەک دەیەوێ زمانەکەی خۆی سەرکەوێ. ئەوانەی لە خەمی ئەم کێشەیەدا بوون، پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتووە ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەوە بوو فۆلکلۆرناس مۆلتکە مۆ (Moltke Moe (1859- 1914 لە ساڵی ١٩٠٧دەستی بە ڕیفۆرمی زمان کرد بۆ ئەوەی یەکێتی بۆ زمانی نەرویجی بگێڕێتەوە، پێشنیاری کرد هەردوو زمان دەبێ ڕەچاو بکرێن، هەردوو ستانداردەکە پێویستە وردە وردە لەیەک نزیک بکرێنەوە زمانێکی هاوبەشی نووسین بە ناوی سامنۆرشک Samnorsk دروست بکرێت، واتە نەوریجی هاوبەش.(١٢) ئەم پرۆژەی زمانی هاوبەشی نەرویجی بۆ ماوەی سەدەیەک لەلایەن شارەزایانی زمان و چینی ڕۆشنبیران و حکوومەتی نەرویجی زۆر بە گەرمی مشتومڕی لەسەر دەکرا، بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێ ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم جووت ستانداردییە بدۆزنەوە و نەتەوەی نەرویجی لەم کێشەیە ڕزگار بکەن، نەرویجییش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەوروپا ببێ بە خاوەن یەک زمانی ستانداردی نووسین. لە پێشدا ئەم پلانە لە نێو خەڵکی نەرویج لایەنگیری زۆر بوو، بەڵام دواتر ناڕەزایی زۆر دەبێت، تا لە ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی نەرویجی بە ڕەسمی ڕای دەگەیەنێت کە پرۆژەی سامنۆرشک سەرکەوتوو نەبوو، بە شێوەیەکی سیاسی واز لەو پرۆژەیە دەهێنرێت و چیدی نابێتە جێگەی باس، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ پێشنیاری ڕیفۆرم کردنی بۆکمۆل دەکرێت، ئەو زمانە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نەرویج بایەخی لە زیاد بوونداید.(١٣)

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەی سەرەوە سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەر دوو ستانداردی نەرویجی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەی لەوێ بە جووت ستاندارد ناسراوە، ئەمە

لە بنچـینەدا دوو زمـان بووە نەک دوو لەهجـەی یەک زمان. زمانی بۆکمۆل وەک پاشماوەی زمانی دانیمارکی، لە سەردەمێکی مێژوویی سەری هەڵداوە و وەک زمانی نەتەوەی فـەرمـانڕەوا لە ولاتەکـەدا مـاوەتەوە، بووە بە زمـانی ئەمـری واقـیع بۆ خـوێندن و نووسین. خـەڵکی نەرویج نەیانتوانیوە پشتگوێی بخەن و دەستبەرداری بن، لە پاڵ ئەمـەشـدا نەرویجـیـیـەکـان بە تایبـەت باڵە ناسیونالیستەکەی حەزی کردووە زمانێکی نەتەوەییان هەبێ وەک زمـانە نەتەوەییەکانی ئەوروپا. سەرهەڵدانی ناسـیـونالیـزم و دروست بوونی ولاتێکی سـەربەخـۆی نەتەوەیی وەک نەرویج پێـویسـتی بەوە بوو زمـانێکی نەتەوەیی وەک نینۆرشک بهـێنێتـە کایەوە، ئیدی ئەمـە بووە هۆی ئەوەی کـە هەردوو زمـان بەن بە سـتـاندارد، ئەمڕۆ نەرویج بە ڕەسمی دوو زمـانی ستاندارد هەیە، ئەم حـاڵەتەش زۆر دەگـمـەنە و پابەندە بە بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی - زمانیی نەرویجی خۆی.

ئەمـیـری حـەسـەنپـوور، بەبێ ئەوەی لە بارودۆخی سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی ئەو دوو سـتـاندارە بکۆڵێتەوە، بەبێ ئەوەی لایەنە سلبییەکانی ڕەچاو بکات و لە گـیـروگـرفـتـەکـانی ورد بێـتـەوە، کـە ئەو جـووت ستاندارە لە نەرویج چ کێشەیەکی زمانیی بۆ میللەتەکە و ولاتەکـە خـولـقـانـدووە، بە هەڵـەداوان ئەو جـووت سـتـانـدارییـەی زمـانـی نەرویجی وەک نموونەیەکی سەرکەتوو بەسەر کوردستانی باشوور ساغ دەکاتەوە. دەیەوێ زمـانی کـوردی لەوێ بەرەو جـووت سـتـانداردی ببـات، ئەمـە لە کـاتێکدا حاڵەتی جـووت سـتـانداردی زمـانیی نەرویج لەگـەڵ حـاڵەتی دوو لەهجـەی زمـانی کوردی وەک کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی باکوور تەواو لەگـەڵ یەکـدی جـیـاوازە، ئەوەی نەرویج لە بنەڕەتدا لە نێـوان دوو زمـانە، ئەمـەی خـۆمـان دوو لەهجـەی یەک زمانە. خەڵکی نەرویج بۆیە زمانی ستانداردی دووەمیان پەسند کرد، چونکە ئەوان زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی تایبـەت بە خـۆیان نەبوو، هەر بۆیە ئەو دوو زمـانـە ستانداردە لە ولاتەکە بە ناچاری بوون بە دیفاکتۆ، ئەمە لە کاتێکدا کێشەیەکی زمانیی لەم جۆرە لای ئێمە نییە، هەرچەندە هەلومـەرجی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی زمـانی نەرویجی کردووە بە دوو ستاندارد، بەڵام خەڵکی نەرویج هەمیشە خوازیاری یەک زمانی ستانداردبوون بۆ ئەوەی نەتەوەکـەیان لە کـێـشـە و ڕکـابـەری دوو زمـانیی ڕزگـار بکەن، هەر بۆیە زمانی هاوبەشی نەرویجییان پێشنیار کردووە، کەواتە ئەزموونی نەرویج بۆ جووت ستانداردی حاڵەتێکی نائاسـایی و دەگـمـەنە، ڕیشـەی لە مـێـژوو و ژیانی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی ولاتەکـە و هەلومـەرجی تایبەتی زمانەکەدایە، نموونەیەک نییە بۆ هەموو شوێنێک بگونجێ. لە تەجـرەبەی نەرویج دەردەکـەوێت کـە جـووت سـتـانداردی بۆ نەتەوەیەک حاڵەتێکی زمـانیی دروست نییە.

زمانی ئەرمەنی وەک جووت ستاندارد

زمـانی ئەرمـەنی لقـێکی سـەربەخـۆی خـێـزانی زمـانە هیندۆ- ئەوروپییـەکـانە، لەگـەڵ زمانی گریکی و زمـانە ئێـرانییـەکـان نزیکی هەیە. قەشـە مـیـسـرۆپ مـاشـتـۆت لەسەدەی پێنجەمی زایینی ئەلفوبێیەکی تایبەت بۆ زمانی ئەرمەنی دادەهێنێت، ئیدی دوای ئەوە زمانی ئەرمەنی بۆ یەکـەم جـار بۆ نووسین بە کـاردێت. زمـانی کـلاسـیـکی ئەرمـەنی، گـرابار Grabar، بۆ مـاوەی زیاتر لە هەزار سـاڵ زمـانی نووسین و سـتـانداردی کـلاسـیـکی ئەرمـەنی بووە و ئەدەبیـاتێکی دەوڵـەمـەندی پێ نووسـراوەتەوە، کـتـێـبـێکی زۆریش لە زمـانەکـانی گـریکی و سریانی بۆ زمـانی کـلاسـیـکی ئەرمـەنی وەرگـێـڕراون. ئەو زمـانە کلاسیکە تا سەدەی نۆزدەم وەک زمانی نووسین مایەوە، ئەم زمـانە بە هۆی کـۆنبـوونی، لە زمـانی زارەکی -ver nacular خـەڵکەکـە دوور کـەوتبـووەوە، خـەڵک بە ئاسـانی لەو زمـانە کـۆنە تێنەدەگـەیشتن، وەک زمـانی کـلاسـیـکی لاتینی لە سـەدەکـانی ناوەڕاست لە ئەوروپا.(١٤)

دوای سـەرهەڵدانی بیـری ناسـیـونالیـزم و ڕزگـاری نیشـتـیـمـانی لای ئەرمـەنیـیـەکـان، نەتەوەی ئەرمـەن بۆ نووسین پێویستی بە زمانێکی ستاندارد نیشتیمانی هەبوو، زمانێک کۆمەڵانی خەڵکی ئەرمەنی بە ئاسانی لێی تێبگەن. بۆ ئەم مـەبەسـتـەش لە دوو شـوێنی جـیـا هەوڵی بە ستانداردکردنی دوو لەهجەی ئەرمەنی درا، کە هەردوو لەهجـەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای زمـانی ئەرمـەنی بوون، ئەوەی یەکـەمـیـان پێی دەگـوترێت زمـانی ئەرمـەنی ڕۆژهەلات: ئەو زمـانە لە ناوەڕاسـتـی سـەدەی نۆزدەم دەسـتـی بە سـتـانداردبوون کـرد. لە سـاڵی ١٨١٤ قوتابخانەی نێرسیسیان لە تفلیس دامەزرا و لە ساڵی ١٨١٥ ئینستیـتـوتی لازاریان لە مۆسکۆ دامـەزرا، ئەو دوو سەنتەرە دەبن بە دوو مەڵبەندی کولتوور و زمان لە لایەن ڕۆشنبیـران و نووسـەرانی ئاوارەی ئەرمـەنی بۆ بە

ستانداردکردنی زمانی ئەرمەنیی ڕۆژهەلات. لەهجەی سەرەکی دۆڵی ئارارت وەک بنچینەیەک بۆ بە ستانداردکردن هەڵدەبژێردرێت و بۆ نووسین بەکاردێت.(١٥) ئەو لەهجە ئەرمەنییە بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات و دەبێ بە زمانی ستانداردی ڕەسمی کۆماری ئەرمەنستان کە دانیشتوانەکەی ٣,٥ ملیۆنە (سەرژمێری ٢٠٠٨) ئەم لەهجە ڕۆژهەلاتییە، زمانی ئەرمەنەکانی ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغ و ئەرمەنەکانی ناوچەی سنووری نێوان ئەرمەنستان و گورجستان و ئەرمەنەکانی ئێران.(١٦) لەسەردەمی حکومڕانی یەکێتیی سۆڤیەتدا، ئەو زمانە بە شێوەیەکی بەرچاو بە ستانداردبوونی خۆی پەرەپێ دا و لە ژیانی سیاسی و ئیداری و زانستی و ئابووری وڵات بەکاردەهات. ئەو زمانە ستاندارد ئەمڕۆ تاکە زمانی ستاندارد بۆ خوێندن و نووسین و سیستمی کارگێڕی ئەرمەنستان.

زمانی ستانداردی دووەم پێی دەگوترێت زمانی ئەرمەنی ڕۆژئاوا کە لەلایەن ئەرمەنەکانی ئیستەنبوڵ، هاوزەمان لەگەڵ زمانی ئەرمەنی ڕۆژهەلات دەستی بە ستانداردبوون کرد لەسەر بنەڕەتی لەهجەی ئەرمەنەکانی ئەنادۆل کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پێش کۆشتاری ئەرمەنەکان و ئاوارە بوونیان بە جیهاندا، لەو ناوچەیەدا قسەی پێ دەکرا. ئەمڕۆ ئەو زمانە ستانداردە زمانی ئەرمەنەکانی دەرەوەی ئەرمەنستانە کە پەرتەوازەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و ئەمەریکا و ئوستراڵیا بوون.(١٧) ئەم زمانە لای ئەرمەنەکانی تاراوگە بە شێوەیەکی سنووردار لە بواری خوێندن لە قوتابخانەکان و کاروباری ئایینی بەکاردێت، زمانی ڕەسمی وڵات و سیستمی ئیداری نییە.

شیاوی گوتنە زمانی ئەرمەنی ڕۆژئاوا، هەرهەمان ئەلفوبێی ئەرمەنیی ڕۆژهەلات بەکاردێنن کە ئەلفوبێیەکی تایبەت بە زمانی خۆیانە، واتە زمانی ئەرمەنی سەرەڕای جووت ستاندارد زمانەکەیان، بەڵام لە ڕووی ڕێنووسەوە، ڕێنووسێکی هاوبەشیان هەیە.

دابەشبوونی زمانی ئەرمەنی بۆ دوو ستاندارد، هەر تەنیا بە هۆی پەرەسەندنی میژوویی زمانەوە نییە وەک گۆڕانی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی، بەڵکو بە فاکتەری دیکەی میژوویی و سیاسییەوە بەستراوەتەوە لە میژووی گەلی ئەرمەن کە لە ئەنجامی دابەشبوونی وڵاتەکەیان و کۆمەڵکوژی و پەرتەوازە بوونیان بە جیهاندا، جیاوازی ئەو دوو زمانە ئەرمەنییەی قوڵتر کردووەتەوە.

بە ستانداردکردنی لەهجەی ئەرمەنی ڕۆژهەلات ئامانجێکی سەرەکی ناسیونالیستی ئەرمەنی بوو کە بەدوای سەربەخۆیی سیاسی و پارێزگاری زمان و گەل و وڵاتەکەیدا وێڵ بوو.(١٨)

ئەرمەنستان دوای سەربەخۆ بوونی لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەم جار بایەخ بە لەهجە ستانداردەکەی ڕۆژئاوا دەدات، چەند کتێبێکی دەرس خوێندن و فەرهەنگی زمانی ئەرمەنیی ڕۆژئاوا لە ئەرمەنستان چاپ دەکرێن، هەرچەندە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کۆماری ئەرمینیا سەر بە زمانە ئەرمەنییەکەی ڕۆژئاوان، بەڵام (ئۆفیسی زمانی ڕەسمی دەوڵەت) لە ئەرمەنستان تا ئێستا بە ڕەسمی ئیعتیرافی بەو لەهجە ستانداردەی ڕۆژئاوا نەکردووە. لەم دە ساڵەی ڕابردوودا هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەو دوو ستاندارد وردە وردە بکەن بەیەک زمانی ستاندارد بۆ گشت ئەرمەنەکانی سەرانسەری دنیا. بۆ ئەم مەبەستەش ڕیفۆرمی ڕێنووسی هەر دوو ستانداردەکە کراوە. ئەو پرسە تا ئێستا لە ژێر باس و لێکۆڵینەوەدایە.(١٩)

لەم ڕوونکردنەوەیە لەبارەی هەر دوو ستانداردی زمانی ئەرمەنیدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرمەنستان لە وڵاتەکەی خۆیان تەنیا یەک زمانی ستانداردیان هەیە، ئەوەی دی لە وڵات بەکار نایەت، واتە لە سیستمی خوێندن و ئیداری وڵات ئەرمەنستان کێشەی جووت ستانداردی نییە، بۆیە وەک زمانی ڕەسمی وڵات تەنیا ئەو ستاندارە بەکار دەهێنرێت، ئەوەی دی هەرچەندە لای ئەرمەنەکانی هەندەران بە ستاندارد ناسراوە، بەڵام کێشەی بۆ وڵاتەکەی دروست نەکردووە تەنیا زمانێکە بۆ ئەو ئەرمەنانەی کە لە دەرەوە دەژین.

ئەوەی ئەمیری حەسەنپوور لەبارەی ئەرمەنەوە دەیڵێ و دەیکاتە بەهانەیەک بۆ جووت ستانداردی زمانی کوردی لە کوردستانی باشوور، دەبینین ئەوەش لە ئەفسانەوە نزیکترە تا ڕاستی، بەهانەیەکی پتەو نییە تا بڵێین نموونەی جووت ستاندارد لە زمانی نەتەوە - دەوڵەت هەیە و دەکرێ زمانی کوردیش سوود لە تەجرەبەکەی ئەوان وەربگرێ.

پەرتەوازە بوونی ئەرمەنەکانی سەر بە لەهجەی ڕۆژئاوا، جیاوازییەکانی ئەو دوو لەهجەیەی زێدەتر کردووە، چونکە هەردوو لەهجە لە دووری یەکتر و بە جیا

لەگـەڵ یەک پەرەی سـەندووە تا لەپاشـان بوون بە دوو ستـاندارد، بەڵام هەرچی کـرمـانجی ناوەڕاست و بن لەهجەی بادینی کرمانجی باکووری بارودۆخەکەی لەگەڵ ئەو دوو لەهجـەی زمـانی ئەرمـەنی تەواو لەگـەڵ یەک جیاوازن، ئەم دوو لەهجە کوردییە لە پاڵ یەکن و لەگەڵ یەک تێکەڵن لە ڕووی ئیـداریشـەوە لە چوارچێـوەی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستاندان.

یەک سـتـانداردی زمـانی ئەرمـەنی لە وڵاتەکـەیان، دووبارە پشـتگیـری لەو ڕایە دەکات کە زمانێک ئەگەر هەرچەندە دوو لەهجەی جیـاواز و جـووت سـتـانداردیش بێت، بەڵام وەک زمـانی ڕەسـمی وڵات بۆ پەروەردە و کـارگـێڕی دەبێ تەنیـا یەک زمـانی سـتـانداردی هەبێ. گـەلی ئەرمـەن هەرچەندە زمـانەکـەیان بووە بە دوو سـتـاندارد، بەڵام بۆ یەکگرتنەوەی زمـانەکەیان کـۆڵیـان نەداوە، ئەمـڕۆ گـشـت ئەرمـەنەکـان بەرەو یەک زمـانی ستانداردی یەکگرتوو هەنگاو دەنێن.

زمانی ئەلبانی، جووت ستاندارد، یان تاک ستاندارد؟

زمـانی ئەلبـانی وەک زمـانی ئەرمـەنی و یۆنانی بە لقێکی سەربەخۆی خێزانی زمانە هیندۆ - ئەوروپییەکان دادەنرێت. شوێنە جوگرافییەکەی لە باشووری ڕۆژئاوای بالکان هەڵکەوتووە. زیاتر لە شەش ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن، لەوانە زیاترلە ٣ ملیـۆن کـەس (سـەرژمـێـری ٢٠٠١) لە کۆماری ئەلبانیا نیشتەجێن، ئەوانی دی لە وڵاتە هاوسێکان نیشتەجێن کە پێشتر بەشێک بوون لە یۆگوسلاڤیا (وەک کۆسۆڤۆ، مەکەدۆنیا، مۆنتی نیگرۆ، سێربیا) نزیکەی ٢ ملیۆن دانیشتوانی کۆسۆڤۆ گشتیان بە ئەلبـانی قـسـە دەکـەن. لە یۆنان و ئیـتـاڵیـاش کـەمـینەیەکی ئەلبـانی هەیە.(٢٠) ئەلبـانییـەکـان بە وڵاتەکـەی خـۆیان دەڵێن شکیـپـێـریا Shqipëria بە زمانەکشیان دەڵێن شکیپ Shqip.

زمانی ئەلبانی بۆ دوو لەهجەی سەرەکی گێگ Gheg و تۆسک Tosk دابەش دەبێت. ڕووباری شکومـبـینی Shkumbini لە ناوەڕاستی ئەلبانیا ئەو دوو لەهجەیە لەیەک دادەبڕێت. گـێـگ لە باکـووری وڵات قـسـەی پێدەکەن، لەگـەڵ کۆسـۆڤۆ و مـۆنتی نیگرۆ و سێربیـا و بەشی ڕۆژئاوای کۆماری مەکەدۆنیا. تۆسک لە باشووری وڵات قسـەی پێدەکرێ، لەگەڵ ئەلبانییەکانی ئیتاڵیـا و یۆنان و بولگاریا و ئۆکـرانیـا.(٢١) هەر یەک لەم دوو لەهجەیە کۆمەڵێک بن لەهجەی هەیە. لە خوار ڕووباری شکومـبـینی ناوچەیەکی ترانزێتی هەیە، لەوێ هەردوو لەهجـە بە یەک دەگـەن و لەیەک نزیک دەبنەوە، وەک ناوچەیەکی پەڕینەوەیە بۆ لەهجـەکـەی دی. هەردوو لەهجەکە لە ڕووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس و لێکسـیکەوە لەیەک جیـاوازن، بەڵام لەهەمـان کـاتدا ئاخـێـوەری هەردوو لەهجـە لەیەک حـاڵیـبـوونیـان هەیە.(٢٢) ئەگەر ژمارەی ئەلبانییەکانی یۆگوسلاڤیای پێشـوو کـە بە لەهجەی گـێـگ دەدوێن لەگـەڵ باکـووری ئەلبـانیـاش حـیـسـاب بکرێ، کـە ئەوانیش بە گـێـگ دەدوێن، بە بەراورد لەگـەڵ ژمارەی تۆسک ئاخێـوەکـان، ئەوە لە تێکڕای پێکهـاتی ئەتنیکی ئەلبـانەکـان لە سێ بەش دوو بەشی سـەر بە لەهجـەی گـێـگن، واتە زۆرینە گێگ ئاخێون.(٢٣)

زمانی ئەلبانی بە هەر دوو لەهجەکەیەوە هەر لەسەدەی پازدەمـەوە پێی نووسـراوە. یەکـەم نووسـراو بە زمـانی ئەلبانی لە سـاڵی ١٤٦٢ بە ناوی شێوازی تەعمیدکردن baptismal formula بە لەهجـەی گـێـگ و بە ئەلفـوبێی لاتینی بووە، بۆیەش بە ئەلبـانی بووە تا ئەو قەشانەی کە ڕێڕەوسمی تەعمید لە کەنیسەکان ئەنجام دەدەن، بتـوانن بە زمانی ئەلبانی ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی بە زمانی خۆیان لێی تێ بگەن، کە پێشتر هەر بە زمانی لاتینی بووە. دواتر لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی پازدەم نووسین بە لەهجـەی تۆسک دەست پێـدەکـات، یەکـەم نووسـراو بەم لەهجـەیە کـتـێـبـێکە بە ناوی (بەشـێکی ئینجیل) بە ئەلفوبێ یۆنانی.(٢٤) لە سەدەی شازدەم و حەڤدەم نووسراوی ئەلبانی زیاتر بە لەهجەی گێگ بووە، لەگەڵ لەهجەی تۆسکی ئەلبانیی ئیتاڵیا کە بە ئەربێریش Arbëresh ناسراوە. یەکەم چاپکراو لە سەدەی شازدەم بە لەهجەی گێگ بووە، کە کـتـێـبێکە بە ناوی مێشاری (Meshari)، واتە کـتـێـبی دوعـا، لە دانانی قـەشـە بوزوکـو Buzuku، چەند بەشێک لە ئینجیل و چەند دوعـایەک لە خۆ دەگـرێت. کـارێکی دیکەی زۆر گـرنگی ئەو سـەردەمـە فـەرهەنگێکە بە دوو زمـانی لاتینی و ئەلبانی بە لەهجەی گێگ لە سـاڵی ١٦٣٥، دانانی ئەم فـەرهەنگەش بە مـەبەسـتی ئاسـانکاری بووە بۆ ئەو قەشانەی کە زمانی لاتینییان باش نەبووە. دواتر هەر لەو سـەروبەندەدا چاپکراو بە لەهجـەی تـۆسکیش دەردەکـەوێت، لە سـاڵی ١٥٩٢ کـتـێـبـێک لەبارەی باوەڕەکانی کاتۆلیکەوە بە لەهجەی تۆسکی ئیتاڵی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەو منداڵە ئەلبانیانە بووە

لە ئیتالیا، زمانی لاتینییان نەزانیوە. لە سەدەی هەژدەم واتە دوو سەد ساڵ دوای لەهجەی گیگ، لە باشووری ئەلبانیا بە لەهجەی تۆسک یەکەم چاپەمەنی لە چاپ دەدرێت کە ئەویش هەر نووسراوی ئایینی بووە.(٢٥) لە ساڵی ١٨٩٧ ڕۆژنامەی (ئەلبانیا) کە لەلایەن ڕۆشنبیری ئەلبانی فایق کۆنیتزا لە برۆکسل دەردەچوو، لە یەکەم ژمارەدا، نووسین بە هەردوو لەهجە بلاو دەکاتەوە. بەم شێوەیە هەردوو لەهجە بە جیا و لەگەڵ یەک پەرە دەستێنن، بە ئەلفوبێی جیاوازیش دەنووسرێن وەک ئەلفوبێی لاتینی، عەرەبی، یۆنانی، تا لە ساڵی ١٩٠٨ دوای سەربەخۆیی ئەلبانیا لە کۆنگرەی مۆناستیر بڕیار دەدرێت ئەلفوبێی لاتینی بۆ هەردوو لەهجەی زمانی ئەلبانی بەکاربێت.(٢٦) نووسین بە ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو بۆ هەردوو لەهجە هەنگاوێکی یەکجار گرنگ و زەمینە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی باس لە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو بۆ هەموو ئەلبانییەکان بکرێت.

هەرچەندە جیاوازی کولتووری لە نێوان هەردوو لەهجەی گیگ و تۆسک هەیە، ناوچەی گیگ نشینەکان لە باکوور پێکهاتی کۆمەڵایەتییان زیاتر خێڵەکییە، بەڵام ناوچەی تۆسک نشینەکان لە باشوور پێکهاتەکەیان خێڵەکی نییە، لەڕووی دابونەریت و جلوبەرگ و مۆسیقاوەش لەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە،(٢٧) ئەمە سەرباری ئەوەی، هەردوولا بە جودا نووسراوی ئەدەبی تایبەت بە لەهجەی خۆیان هەبووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو مێژووی ئەلبانیا هیچ بەڵگەیەک بەرچاو ناکەوێت کە هیچ یەک لەم دوو لەهجەیە خۆیان بە دوو نەتەوەی جودا بناسێنن، یانیش بانگەشەی زمانی سەربەخۆ بکەن، سەرەڕای ئەوەی کە بە ئەلفوبێی جیاوازیش نووسراونەتەوە.(٢٨) ئەمە نیشانەی یەکێتیی کولتووری و هاونەتەوەیی ئەلبانەکان دەردەخات کە خاڵیکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی دواتر، دوای سەرهەڵدانی ناسیونالیزم لە یەک نەتەوە و یەک زمان کۆبینەوە.

بزاڤی ناسیونالیستی ئەلبانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا سەرهەڵدەدا، ئامانجی یەکێتیی نەتەوەی ئەلبانی بوو. لە ساڵی ١٨٧٨ کۆمەڵەی پریزرێن Priz-ren دادەمەزرێنن، ئەم کۆمەڵەیە بایەخ بە زمانی ئەلبانی دەدا و بانگەشەی خوێندن بە زمانی ئەلبانی دەکا، هەروەها دژ بە کۆنگرەی بەرلین دەوەستێ کە دەیەوێ خاکی ئەلبانیا دابەش بکا. ئەم ڕەوتە نەتەوەییە زمانی وەک هێزێکی یەکخستنی نەتەوەیی سەیر کردووە، هەر بۆیە زۆر بایەخی بە زمانی ئەلبانی داوە.(٢٩)

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و سەربەخۆبوونی ئەلبانیا لە ساڵی ١٩١٢، پرسی زمان زۆر بە جددی مشتومڕی لەسەر دەکرێ و هەوڵی یەکخستنی دەدرێ بۆ ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە، لەم ماوەیەدا، بۆ زمانێکی ستانداردی نیشتیمانیی ئەلبانی، لە نێو چینی ڕۆشنبیر و زمانەوانی ئەلبانی چەند ڕێگەیەک دەخرێنە ڕوو:

١- گیگ و تۆسک پێکەوە وشە بدەن بەیەک تا لە یەک نزیک دەبنەوە و یەک دەگرن.

٢- شێوەزاری ئەلباسان، یان هەر شێوەزارێکی دیکەی ناوەڕاستی هەردوو لەهجە بکرێ بە زمانی ئەدەبی نووسین کە ئەمەش شێوەزارەکانی باشووری لەهجەی گیگ دەگرێتەوە.

٣- تۆسک پێویستە بکرێ بە زمانی نووسینی نیشتیمانی.(٣٠)

بۆ ڕێگەی یەکەم لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدەم لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی ئەلبانی وەک سامی فراشەری Frashëri Sami و فایەق کۆنیتزا Faik Ko-nitza هەوڵی بۆ دراوە کە هەردوو لەهجە بە وشەی یەکدی تێکەڵ بکرێن و موتوربە بکرێن تا لە کۆتاییدا جیاوازییەکانیان کەم بکرێنەوە و یەک بگرن. لە ماوەیەکی درێژدا بە دەرکەوت ئەم هەوڵانە هیچیان سەرکەوتوو نەبوون. بۆ ڕیگەی دووەم، کۆنگرەیەکی زمانی نووسین لە ساڵانی ١٩١٦ - ١٩١٧ لە شکۆدەر Shkodër دەگیرێت چەند بڕیارێکی گرنگ لەبارەی ڕێنووسەوە دەردەکات لە هەمووی گرنگتر دوو شێوە ڕێنووس بۆ هەردوو لەهجەکە قەدەغە دەکات و داوا دەکات هەردوو لەهجە بە یەک ڕێنووسی یەکگرتوو بنووسرێنەوە بۆ ئەوەی هەنگاوێک بێت بۆ نزیک بوونەوەیان لەیەک، هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەکرێت شێوەزاری ئەلباسان Elbasan کە لە ناوەڕاستی ولاّت هەڵکەوتووە، لە هەردوو لەهجە نزیکە وەک پردێکە هەردووکیان بەیەک دەبەستێتەوە، داوا دەکات بن لەهجەی ئەم ناوچەیە بە چەند دەستکارییەکەوە بکرێ بە بنچینە بۆ زمانێکی یەکگرتووی ئەلبانی بۆ پاشەڕۆژ.(٣١) بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٢٣ بەو لاوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەم شێوەزارە بەشێوەیەکی کاتی دەبێ بە زمانی ڕەسمی، بەڵام دواتر چیدی بەردەوام نابێت، چونکە ئەم شێوەزارە هیچ پێشینەیەکی نووسینی

نەبووە، بۆیە کردنی بە زمانی نووسین شتێکی ناواقیعی بوو، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو لەهجە سەرەکییەکە پێشتر وەک دوو زمانی ئەدەبی پێشکەوتوو بوون.

لەم ماوەیەدا ئەو مشتومڕ و گفتگۆیانەی لەبارەی زمانی یەکگرتووی نیشتیمانی دەکرا، تەنیا دوو ڕێگە کاری پێ دەکرا: نزیک کردنەوە و تێکەڵکردنی گێگ و تۆسک لەلایەک، یان لەهجەی تۆسک بە تەنیا بکرێ بە زمانی ستانداردی نیشتیمانی.

دوای ساڵی ١٩٤٤ کاتێک حکوومەتی کۆمۆنیستی لە ئەلبانیا دێتە سەرکار، گۆڕانێکی گەورە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک و نەتەوە دەست پێ دەکات، بێ گومان پرسی زمانیش لەم گۆڕانە بە دوور نەبووە. بۆ ئەم مەبەستە، سیاسەتی زمانیی حکوومەتی نوێ، هەڵبژاردنی ڕێگەی سێیەم بوو، ئەویش لەهجەی تۆسک بکرێ بە بنچینە بۆ زمانی ستانداردی یەکگرتووی هەموو ئەلبانەکان. ڕۆشنبیران و نووسەران و سیاسەتمەداران لەو سەردەمەدا کە پشتگیری یەک زمانیان دەکرد لەسەر بنچینەی تۆسک، کۆمەڵێک پاساویان بۆ دەهێنایەوە: زۆربەیان پێیان وا بوو ئەم لەهجەیە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە لە گێگ زیاتر بەکار هاتووە، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەمەوە، کە سەردەمی بووژانەوەی نەتەوەییە، تۆسک بایەخێکی یەکجار زۆرتری هەبووە لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی و کتێبی قوتابخانە و ڕۆژنامەگەری، تەنانەت لە سی ساڵی دوای سەربەخۆبوونی ئەلبانیا، زۆرترین کاری نووسین بە لەهجەی تۆسک بەرهەم هاتووە، زۆرینەی خەڵکی ئەلبانیا هەر بە لەهجەی تۆسک خوێندوویانە، هەر بۆیە تۆسک لە بزاڤی فەرهەنگیی نەتەوەی ئەلبانیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەدەبیاتی ئەو شەڕە بە زۆری بە تۆسک بڵاو بووەتەوە، دوای شەڕەکەش تۆسک بەردەوام دەبێ بۆ خوێندن و زانست و ئەدەب و ڕۆژنامە و فێرکردنی ئایدیۆلۆژی. هۆیەکی دیکە کە زەمینەی بۆ تۆسک خۆش کرد ببێ بە زمانی ستانداردی ئەلبانی، سیاسی بوو. بزاڤی کۆمۆنیستی لە باشووری ئەلبانیا سەری هەڵدا، زۆربەی سەرکردەکانی کۆمۆنیست کە هاتنە سەر کار لە خەڵکی باشوور بوون و سەر بە لەهجەی تۆسک بوون، ئاخێوەرانی گێگ لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی وایان نەبوو کە شایانی باس بێت، ناوچەکەشیان زیاتر دینداری کاتۆلیکی بوون و پێکهاتەکەشیان زیاتر عەشایەری بوو، بە پێچەوانەی ئەمەوە زۆرینەی تۆزێ ڕۆشنبیران و نووسەران سەر بە لەهجەی تۆسک بوون. (٣٢)

لەم ماوەیەی کە لەهجەی تۆسک دەکرێ بە بنچینە، وشە و دەستەواژەی زۆری لەهجەی گێگ دەگرێتە خۆی بە فۆنەتیکی تۆسکی، ئیدی دەبێتە زمانێک تەنیا بە ڕێزمان و فۆنەتیک لەهجەی تۆسکە بە فەرهەنگۆکی وشە vocabulary بە وشەکانی لەهجەی گێگ یەکجار دەوڵەمەند دەکرێت. (٣٣)

لە ساڵی ١٩٥٢ یەکێتیی نووسەرانی ئەلبانیا بڕیار دەدات لەمەودوا بۆ چاپەمەنی تەنیا لەهجەی تۆسک بە کاربێت بۆ ئەوەی چیدی دڕێژە بە دوو ستانداردی نەدرێ. ئەم بڕیارە بۆ ناوخۆی ئەلبانیا تەئسیری دەبێ، بەڵام لای هەموو ئەلبانەکانی دەرەوەی ئەلبانیا وەک یەک بە هەند وەرناگیرێ. (٣٤)

دواتر لە ساڵی ١٩٥٦ مانیفێستۆی ڕێنووسی ئەلبانی دەردەچێت کە تێیدا بە وردی گرفتەکانی بە ستانداردکردنی زمانی ئەلبانی باس کرا بوو. (٣٥) دوای ئەوە نووسەرانی گێگ واز لە نووسین بە لەهجەکەی خۆیان دێنن و بە زمانە ستانداردەکە دەنووسن. ئەمانە هەموو چەند هانگاوێک بوون بەرە بەرە لەهجەی تۆسکی ستاندارد جێگەی گێگ دەگرێتەوە (٣٦)، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا، لەهجەی گێگ لە بواری ئەدەبی و شانۆ و فیلم و گۆرانی بەکارهاتووە. (٣٧)

دوای ئەوە، گرنگترین هەنگاوێک کە بۆ ستانداردکردنی زمانی ئەلبانی هەڵنرابێت لە ساڵی ١٩٦٧ بوو، کاتێک کتێبێک لەبارەی (بنەماکانی ڕێنووسی ئەلبانی) دەردەچێت، ئەم پرۆژەیە بناغەیەکی یەکجاری دادەنێت کە زمانی ستانداردی نیشتیمانی یەکگرتووی پێ بنووسرێت، ساڵێک دواتر لە پریشتینای پایتەختی کۆسۆڤۆ (کە ئەوسا سەر بە یۆگوسلاڤیا بوو) کۆنگرەیەکی زمانەوانی دەگیرێت، ئەو زمانە ستانداردەی بە لەهجەی تۆسک کە لە ئەلبانیا بە کاردەهات، وەک زمانی ڕەسمی قبووڵ دەکەن، دەستبەرداری لەهجە ستانداردەکەی خۆیان دەبن کە لەمەوپێش ستانداردی گێگیان بۆ نووسین بە کار دەهێنا. (٣٨) قبووڵ کردنی ئەو ستانداردە لەلایەن ئەلبانییە کۆسۆڤییەکان سەرکەوتنێک بوو بۆ ئەو سیاسەتە زمانییە کە لە ئەلبانیاوە دەستی پێ کرد. لە ساڵی ١٩٧٢ جارێکی دی کۆنگرەی ڕێنووس دەگیرێ و نوێنەرانی کۆسۆڤۆ و

مەکەدۆنیا بەشدار دەبن، بە دروشمی " یەک نەتەوە، یەک زمانی نووسین" زمانی یەکگرتووی ئەلبانی قبوولّ دەکەن و بە ڕەسمی ڕای دەگەیەنن.(٣٩)

دوای ئەوە، زمانی یەکگرتووی ئەلبانی بوو بە زمانێکی ئیجباری بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان و چیدی کتێبی خوێندن بە لەهجەی گێگ چاپ نەدەکرا. ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بە هۆشیارییەوە ئەو زمانەیان لە بواری چالاکییە ڕەسمییەکان و میدیا و پەروەردە بەکار دەهێنا. هۆیەکی دیکەی گرنگ کە هانی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆی دا بۆ قبوولّکردنی ئەو زمانە: ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ ئەوسا هەستیان بە هەڕەشەی سربەکان کردبوو کە بە نیاز بوون زمانێکی جودای ئەلبانی دابهێنن، بۆ ئەوەی لە هاونەتەوەکانی خۆیان لە ئەلبانیا دابڕێن، بۆ لەباربردنی ئەم هەوڵە و بە مەبەستی پاراستنی ناسنامەی یەکێتیی نەتەوەییان، ئەو زمانە ستانداردەیان قبوولّ کرد.(٤٠)

زمانی ستانداردی ئەلبانیی ئەمڕۆ، توانایی ئەوەی هەیە وەڵامی هەموو پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری و هونەری بداتەوە. لەهجە ناوچەییەکانیش وەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و بۆ بواری ئەدەبی و هونەری بەکار دێن، کە ئەم زمانەش بەم پێوەندییەی نێوان زمانی ستاندارد و لەهجەی ئاخاوتن، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زمانە ستانداردەکانی دیکەی ئەورووپا نییە(٤١).

بەم شێوەیە بە گوێرەی پلانی زمانیی حکوومەتی نوێ و دوای پرۆسەیەکی مێژوویی سەخت و درێژخایەن کاتی ئەوە هات کە زمانی ستانداردی نیشتیمانی لە ئەلبانیا یەکلا بکرێتەوە، دوای ئەوەی لەهجەی تۆسک لە باشوور لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی وەک زمانی دیفاکتۆ بۆ ئەلبانییەکان بااڵدەستی خۆی نواند.

ئەوەی زیاتر لەم پرۆسەیە جێگەی سرنجە، دوای سەربەخۆیی، هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبێ لە یەکلا کردنەوەی یەکزمانی بۆ ئەلبانەکان، واقیعییەتی ڕەهەندە کولتووری و سیاسییەکان جێگەی ڕۆمانسیەتی گرتەوە، هەروەها بۆیان ئاشکرا بوو کە هەڵبژاردنی لەهجە بۆ زمانی ستانداردی یەکگرتوو تەنیا لەسەر پێوەری زمانەوانی و ئیستێتیکی نییە، بەڵکو پشت بە هۆکار و پێوەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریش دەبەستێ.

دوای گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٨٩ و ڕووخانی ڕژێمە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە، ڕژێمی کۆمۆنیستی تۆتالیتاری ئەلبانیاشی هێنایە هەژان، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩١ شۆڕش و خۆپیشاندانە یەک لەدوای یەکەکان، کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی هێنا و بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنێکی دیموکراسی لە وڵات کرا. زۆر کەس لە سەرەتادا باوەڕیان وا بوو ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی کاریگەری خۆی لەسەر ئەو زمانە ستانداردەی ئەلبانیاش بەجێ دەهێڵی کە لەسەردەمی ئەوان تاک ستانداردی زمانی ئەلبانی یەکلا کراوەتەوە، پێیان وا بوو کە ئەمەش هەر بەرهەمی ئەو ڕژێمەیە، هەر بۆیە دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە، زمانەکەش هێرشی کرایە سەر، هەندێک لە لایەنگرانی گێگ بانگەشەی ئەوەیان کرد کە دەبێ لەهجەی گێگ ببووژێنرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکیان بە گێگ دەرکرد. بۆ تاووتوکردنی ئەم مەسەلەیە، لە مانگی ساڵی ١٩٩٢ لە دوازدەمین ساڵیادی کۆنگرەی ڕێنووس لە تیرانا کۆنفرانسێک دەگرن، لەم کۆنفرانسەدا زۆرینەی بەشداربووان بە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ و تاراوگە پشتگیری زمانی ستانداردی یەکگرتوویی نەتەوەییان کرد. لەساڵانی دواتریش، هەر لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆ کراوە، تا لە ساڵی ١٩٩٥ لە زانکۆی پریشتینا لە تیرانا بە هاوکاری ئەکادیمیای ئەلبانی بۆ زانستەکان بڕیاری یەکجارییان دا کە ئەو زمانە ئەلبانییە دەستکردی ئەو ڕژێمەی پێشوو نییە، بەڵکو بەرهەمی پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی درێژخایەنی کولتووریی ئەلبانییە، ئەو زمانە ستاندارد بەهێزترین خاڵی یەکێتیی نەتەوەییە، چارەسەری ڕاست و واقیعی ئەوەیە کە لێ بگەڕێین زیاتر پەرەبسێنێ و کاملّتر بێت. لەپاڵ ئەوەشدا ڕێگە لە لەهجەکان ناگیرێ لە بواری هونەری و ڕۆژنامەگەری بەکار بێن.(٤٢)

لەم کورتە باسەی بە ستانداردبوونی زمانی ئەلبانی، بۆمان ڕۆشن دەبێتەوە کە ئەو زمانە هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ بە دوو لەهجەی ستاندارد بۆ نووسین بەکار هاتووە، بەاڵم دواتر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بڕیارێک دەدرێت لەهجەیەک بکرێ بە زمانی ستانداردی ئەلبانی، کە ئەمڕۆ ئەم زمانە ستانداردە لەاڵیەن هەموو ئەلبانییەکان لە ئەلبانیا و کۆسۆڤۆ و مۆنتی نیگرۆ و مەکەدۆنیا و تێکڕای ئەلبانییەکانی دنیا قبوولّ کراوە، کەواتە ئەوەی ئەمیری حەسەنپوور لە بارەی

جووتستانداردی ئەلبانی دەدوێ و دەیکات بە نموونەیەک بۆ جووت ستانداردی زمانی کوردی، ئەمەش ئەفسانەیەکە و لە ڕاستییەوە دوورە، وا دیارە ئەو ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەی دوایی زمانی ئەلبانی نییە کە لەپاشان دەبێ بە زمانێکی تاک ستاندارد.

تەجرەبەی ئەلبانیا پێمان دەڵێ جووت ستانداردی زمانیی بۆ نەتەوەیەک لە نێو دەوڵەتێکی نەتەوەیی، جێبەجێ کردنی زۆر سەختە، ئەمە هەرچەندە ئەگەر ئەو وڵاتە دوو لەهجەی سەرەکی بۆ نووسین هەبێ، لە کۆتاییدا دەبێ هەر یەکێکیان ببێ بە ستاندارد بۆ خوێندن و ئیدارە، هەڵبەت ئەوەی کە زیاتر بۆ نووسین بەکارهاتووە لە ڕووی بایەخی زمانەوە زیاتر پێشکەوتووە. ئەمڕۆ گشت ئەلبانەکان چ لە ناو وڵات چ لە دەرەوەی وڵات ئەم زمانە یەکگرتووەیان قبووڵ کردووە، گشت ئەلبانییە گێگ ئاخێوەکان کە بە ژمارە زۆرترینشن، لە پێناو زمانی ستاندارد یەکگرتووی نەتەوەکەیان دەستبەرداری لەهجەکەیان بوون و زمانی تاک ستاندارد یەکگرتووی ئەلبانییان بە لەهجەی تۆسک قبووڵ کردووە. ئەزموونی ئەلبانیا ئەمەش ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆڵی دەسەڵات لە یەکلاکردنەوە و پلاندانان بۆ ئەو زمانە یەکگرتووە، چەندە گرنگ و یەکلاکەرەوەیە.

شۆڤێنیزمی سۆرانی!

ئەم سەردێڕەی سەرەوە گوتاری ئەمیری حەسەنپوورە بۆ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی لە کوردستانی باشوور. ئەو پێی وایە ئەگەر تەنیا لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست کە ئەو بە سۆرانی ناوی دەبات، بکرێ بە بنچینە بۆ زمانێکی ستاندارد کوردی، ئەوە کورد هەمان سیاسەتی شۆڤێنیزمی زمانیی دەگرێتە بەر کە لە پێشدا ئەتاتورک لە تورکیا و ڕەزا شا لە ئێران لەسەر نەتەوە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەدا جێبەجێیان کردووە.

لە پێشدا دەبێ بڵێین، ناوهێنانی پرۆسەی بە ستانداردکردنی کرمانجی ناوەڕاست بە شۆڤێنیزم، ناوهێنانێکی ناقۆڵا و ناپەسندە، بە تایبەت بۆ کەسێک کە سەروکاری لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی هەیە، دەیەوێ ئەو جۆرە باسانە بە شێنەیی و بەڵگەی زانستی زمان تاووتو بکرێن. ئەو ستانداردکردنە هەوڵ و تەقەللای نەتەوەیەکە لە پێناو یەکێتیی زمان و یەکپارچەیی نەتەوەیی نەک چەوساندنەوە و بێ ڕێزکردنی لەهجەیەکی دیکەی کوردی. دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری بکرێت، نەک سەرەڕۆیانە بە بیانووی زۆر لاواز و کاڵوکرچ ئەو پرۆسەیە بە شۆڤێنیزم لەقەڵەم بدرێ.

نووسەر لەبارەی شۆڤێنیزمی زمانیی دەڵێ: "شۆڤێنیسمی زمانی بۆچوونێکی سیاسییە کە زمان، یان لەهجەی خۆی پێ لە زمان، یان لەهجەکانی دی باشتر، جوانتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، ڕەسەنتر، یان ڕێکوپێکترە."، هەروەها لەبارەی شۆڤێنیزمی سۆرانییش دەڵێ:" "شۆڤێنیسمی سۆرانیی" لەهجە کوردییەکان هەڵدەسەنگێنێ، نرخیان بۆ دادەنێ، پلەبەندییان دەکا و نەزمێکی بەرزی و نزمێتی (هیرارشی)یان پێ سازدەکا و وای دادەنێ کە ئەو پلەبەندییە سروشتی و پێویست و نەگۆڕە و دەبێ بپارێزرێ. لە لووتکەی ئەو نیزامی بەرزی و نزمییەدا، سۆرانی لەسەر تەختی حکوومەت دادەندرێ هەتا لەهجەکانی دی خزمەتی بکەن. دەڵێن بەرزەنشینیی سۆرانی لە بەرئەوەیە کە لە لەهجەکانی دی باشتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، ڕەسەنتر و ڕێکوپێکترە".(٤٣) هیچ گومان لەوەدا نییە لە ڕووی زمانناسییەوە زمانەکان و لەهجەکان یەکسانن، بەڵام لە ڕووی بایەخی زمانییەوە، بۆی هەیە زمانێک لە زمانێکی دی، یان لەهجەیەک لە لەهجەیەکی دی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر بێ، ئەمە مەسەلەی بایەخی زمانە، شۆڤێنیزم نییە. بۆ نموونە دەگوترێ زمانی ئینگلیزی لە زمانی هۆڵەندی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووترە، چونکە ئینگلیزی لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشە یەکجار دەوڵەمەندە، لە کاتێکدا هۆڵەندی ئەوەندە دەوڵەمەند نییە، ئینگلیزی لەسەر ئاستی جیهان بەکاردێت، بەڵام هۆڵەندی تەنیا لە وڵاتەکەی خۆیان و باکووری بەلجیکا و سورێنام بەکار دێت، کێشێب و سەرچاوە بە ئینگلیزی لە هەموو بوارێک دەست دەکەون، بەڵام بە هۆڵەندی سنووورداوە، تەنانەت زۆر نووسەری هۆڵەندی بۆ ئەوەی نووسینەکەیان لەسەر ئاستی جیهان بخوێنرێتەوە بە ئینگلیزی دەنووسن، بە هۆڵەندی نانووسن، بۆیە دەکرێ بگوترێ زمانی ئینگلیزی لە هۆڵەندی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر و بڵاوترە، ئەمە واقیعییەتێکی زمانییە لە مێژووی زمانەکاندا هەمیشە هەبووە و هەیە، کەسیش نکوڵی لێ ناکات، ئەمە شۆڤێنیزمی زمانیی نییە، هۆڵەندییەکان خۆیان ئەمەیان قبووڵە، هەر بۆیە لە منداڵییەوە بایەخێکی زۆر بە ئینگلیزی دەدەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە هۆڵەندی زمانێکە گرامەری نییە، یان زمانێکی جوان و ڕەسەن

نییە، یان ڕێکوپێک نییە. پەسندکردنی لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست بۆ زمانی ستانداردی کوردی لەبەر ئەوە نییە لەهجەکانی دیکەی کوردی جوان نین، یان ڕێکوپێک نین، یان ڕەسەن نین، بەڵکو بە هۆی ئەو بایەخە زمانییەیە کە بۆ ستانداردبوون هەیەتی و لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو بەدەستی هێناوە، بە تایبەت لە بواری کۆددانان Codification(٤٤) و دەستوور دانان بۆ زمانێکی ستاندارد و پێشکەوتنی بۆ خوێندن و نووسین و چاپەمەنی لە لەهجەکانی دیکەی کوردی لە پێشترە. ئەوەی نووسەر دەیەوێ بەو پێناسەیەی بۆ شۆڤێنیزمی زمانیی، تۆمەتی شۆڤێنیزم بداتە پاڵ بانگەشەکەرانی زمانی تاک ستانداردی کوردی، ئەمە تەنیا داتاشینی ئەفسانەیەکە بە ئامانجی شێواندن و ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان.

لەلایەکی دی نووسەر خۆی وەک زمانناسێک ئەو ڕاستییە زۆر چاک دەزانێ کە پرۆسەی بە ستانداردکردن لە هەموو زمانێک بە هەڵبژاردنی لەهجەیەک دەست پێدەکا، بە تایبەت ئەو لەهجەیەی کە بایەخی زمانیی و فەرهەنگیی لە لەهجەکانی دی زیاترە، ئەوجا ئەم لەهجەیە بە هەموو وشە و موفرەداتی لەهجەکانی دی موتوربە دەکرێ و دەوڵەمەند دەبێ، کە ئەمە پرۆسەیەکی زمانەوانییە و زۆربەی زمانەکان کە بوون بە زمانی ستانداردی نەتەوەیی، پێیدا تێپەڕیون، هەروەک نووسەر خۆی لە چاوپێکەوتنێکی لە گۆڤاری (کوردناسی) پێناسەی زمانی ستاندارد دەکا و دەڵێ: " زمانی ستاندارد، وەک باوە، یەکێک لە لەهجەکانی زمانە کە بە هۆی هەلومەرجی مێژوویی لەلایەن ئاخێوەری لەهجەکانی دی وەک زمانێکی هاوبەش قبووڵ کراوە (یان سەپێندراوە) و بەکاردەهێنرێت، ئەو لەهجەیش لە ڕووی فۆرمەوە گۆڕانی بەسەردادێت و ئاسانکاری دەکات بۆ ئەم پرۆسەی بەستانداردبوونە"(٤٥) نووسەر خۆی ئیقرار دەکا کە پرۆسەی زمانی ستاندارد لە لەهجەیەک دەست پێدەکا، کەچی سەیرە ئەم پرۆسە زمانەوانییە سروشتییە، بۆ کورد بۆ زمانی کوردی و لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست بە شۆڤێنیزمی سۆرانی ناو دەبات و هەموو ڕاستییە زمانەوانییەکانیش هەڵدەگێڕێتەوە هەر بۆ ئەوەی ئەو مافە بۆ زمانی کوردی و نەتەوەی کورد نکوڵی لێ بکات.

بۆ ئەو شۆڤێنیزمە، نموونەیەک لە نامەی دکتۆراکەی دێنمەوە وەک وەڵامێک و ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەو باڵادەستییە زمانییەی کە کرمانجی ناوەڕاست ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور هەیەتی. لە لاپەڕە ٧١ ی کتێبەکەی (ناسیونالیزم و زمان لە کوردستان)، کاتێک دێتە سەر بایەخ و پەرەسەندنی لەهجەی هەورامی، دەڵێ: "لەهجەی هەورامی لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەم وەک زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی پەرەدەستێنێ، تەنانەت لەلایەن غەیرە هەورامییەکانیش لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بەکارهاتووە، ئەو لەهجەیە وەک زمانێکی ئەدەبی، شان بە شانی زمانی فارسی، بووە بە زمانی دادگا لە میرنشینی ئەردەڵان، لە میرنشینی بابانیش زمانی دادگا بووە، بەڵام دواتر لای بابانییەکان دەگۆڕێ بۆ سۆرانی". (٤٦) لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئایا دەکرێ لەو سەردەمەدا کە لەهجەی هەورامی لەهجەیەکی باڵا دەست و هاوبەشی دوو میرنشینی گەورەی کوردی بووە، کە ئاخێوەرانی سەر بە لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست بوون، ئەم دەسەڵاتە زمانییە بە شۆڤێنیزم ناوی ببرێ؟ ئەگەر ئەردەڵان و بابان لەهجەی هەورامییان وەک زمانی ئەدەبی و زمانی دادگا بە کارهێناوە، دەکرێ بڵێین ئاخێوەرانی کرمانجی ناوەڕاست شۆڤێنیزمی هەورامییان قبووڵ کردووە؟ یانیش ئەمە شۆڤێنیزم نییە، پرۆسەیەکی سروشتی پەرەسەندنی زمانە، ناکرێ پێشگیری لێ بکرێ. ئەمڕۆ وەک دەبینین هەورامی ئەو بایەخەی جارانی نەماوە، لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست بێ بڕانەوە ئەو دەورەی گێڕاوە.

ڕەنگە ئەگەر سیاسەتی لەنێوبردنی زمانی و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لەلایەن ئەتاتورک لە کوردستانی تورکیا نەبوایە، بۆی هەبوو کرمانجی باکوور ئەوەندە پەرەی بسەندایە، دەبوو بە تاکە زمانی ستانداردی کوردی بۆ سەرانسەری کوردستان، ئێمە لە کوردستانی باشوور لە پێناو زمانی یەکگرتووی کوردی دەستبەرداری لەهجەکەمان دەبووین، ڕەنگە ئەو دێڕانەی ئێستا بە کرمانجی باکوور دەبوون نەک کرمانجی ناوەڕاست، بەڵام وەک دەبینین لەم سەد ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی زمانی کوردی ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە. ناکرێ ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کرمانجی ناوەڕاست بە جددی وەرنەگیرێ وەک زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بۆ هەموو گەلی کورد پەرەی پێ نەدرێ، یان هەر هیچ نەبێ لە حاڵی ئێستادا بۆ کوردستانی باشوور.

لە کوردستانی باشوور زمانی سریانی بە ڕەسمی ناسراوە، چونکە زمانەکەیان زمانی نەتەوەیەکی کۆنی ئەو

ناوچەیە کە پاشماوەی زمانی ئارامییەکانە، هیچ کەسێک ناتوانێ ئەو مافە لەو نەتەوە کۆنە بسێنێتەوە، یان مافی زمانی تورکمانەکانی کوردستان، ئەمەش وەک زمانێکی جیا لە زمانی کوردی، مافێکی نەتەوەیی خۆیانە کە زمانەکەیان بۆ خوێندن و پەروەردە بە ڕەسمی بناسرێ. کورد، ئەگەر مافی زمانی ئەو نەتەوانە پێشێل بکات، ئەوە دەکرێ تۆمەتی شۆڤێنیزمی بدرێتە پاڵ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ باسی لێدەکرێ لە نێوان دوو لەهجەی زمانێکە، یان جوانتر بڵێین، ڕێکخستنی ناو مافی میللەتێکە بۆ ئەوەی لەسەر فۆرمێکی زمانی نووسین و خوێندن ڕێک بکەون.

ئەو کێشەیە لە نێو زۆربەی میللەتان هەبووە کە بەم پرۆسەیەدا تێپەڕیون، هەروەک لەسەرەوە باسی ئەزموونی میللەتی ئەلبانی کرا کە پرۆسەیەکی چەندە سەختی بڕیوە تا گەیشتووەتە زمانێکی یەکگرتوو.

هەر زمانی کوردی نییە فرە لەهجەیە، ئەم حاڵەتە لە نێو تێکڕای زمانەکاندا هەبووە و هەیە، تەنانەت زمانە ئەوروپییەکانیش لەسەردەمی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و بە ستانداردکردنی زمانەکەیان هەمان گرفت و کێشەی لەهجە و زمانی ستانداردیان هەبووە. هیچ کام لەم زمانانە نەهاتن هەموو لەهجەکان بۆ نووسین بە کاربێنن، تەنیا لەهجەیەک بووە بە زمانی ستاندارد. لە ساڵی ١٧٨٩ تەنیا نیوەی خەڵکی فەرەنسا بە فەرەنسی (لەهجەی پاریسی بە ستاندارد کراو) قسەیان کردووە، کە لەوانە تەنیا لە ١٢- ١٣٪ بە باشی ئەو زمانەی زانیوە، ئەوانی دی بە لەهجەکانی دی قسەیان کردووە کە لەگەڵ زمانی ستانداردی فەرەنسی جیاواز بووە. سەبارەت بە زمانی ئیتاڵی ستاندارد کراو کە لەسەر بنەڕەتی لەهجەی توسکانی Tuscan ناوچەی فلۆرەنسا بوو، چونکە ئەو لەهجەیە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری زۆری پێ نووسرا بوو، دەبێ بە زمانی کولتووری و ستانداردی هەموو ئیتاڵیا. دوای یەکگرتنی ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٦٠ تەنیا ٢,٥٪ی دانیشتوانەکەی ئەو زمانە ئیتاڵییەیان بۆ پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بە کارهێناوە، (٤٧) ئەوانی دی بە لەهجەی هەمەچەشنی ئیتاڵی قسەیان کردووە. ئەو دوو لەهجەیە کە بوون بە بنەڕەتێک بۆ زمانی ستانداردی فەرەنسی و ئیتاڵی لە سەرانسەری وڵاتەکەدا بوون بە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی وڵاتەکە، ئەمە شۆڤێنیزم نییە و هیچ کەسێک ئەم پرۆسەی بە ستانداردکردنەی بە شۆڤێنیزم ناو نەبردووە، بایەخ و پێشکەوتنی ئەو لەهجەیە بووەتە زەمینە خۆشکەر بۆ زمانی ستانداردی نەتەوە و وڵات.

تێکەڵکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستی ئەتاتورک و ڕەزا شا لەگەڵ هەوڵی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، تێکەڵ کردنێکی چەواشەکارانە و نابەجێیە و دووری لە ڕاستی. سیاسەتی زمانیی ئەتاتورک دژ بە هەموو زمانە غەیرە تورکەکانی ناو تورکیا بوو، سیاسەتی ڕەزا شاش لە دژی هەموو زمانە غەیرە فارسەکانی ناو ئێران بوو، بۆیە لە هەردوو وڵات زمانی کوردی زۆر بە سەختی نکوڵی لێکراوە و چەوساوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی لە دژی هیچ گەل و نەتەوەیەک نییە و مافی زمانیی هیچ نەتەوەیەکیش پێشێل ناکات. ئەمە مافێکی سروشتی نەتەوەیە کە گەیشتووەتە قۆناغێک لە نێو لەهجەکانی سەر بەو زمانە، پێویستی بە زمانێکی هاوبەش و یەکگرتوو هەیە بۆ نووسین و خوێندن.

نووسەر لە بارەی وشەی(مۆڵگە) کە بە قەولی خۆی نووسەرێکی (سۆرانیخواز) بۆ هەمەچەشنی لەهجەکان بەکاری هێناوە، خۆی زۆر قەڵس کردووە، دەڵێ:" دەکارهێنانی "مۆڵگە" بۆ دەربڕینی مەبەستی سیاسی هەوەڵ جار لە کوردستانی خواروو لە ساڵانی ١٩٦١- ١٩٩١ دا لە تەرکیبی "مۆڵگەی جاشان"دا وە سەرزاران کەوت و ئێستەش لایەنگرێکی ڕێبازی "تەنیا سۆرانی" بۆ لەهجە ناسۆرانییەکان دەکاریدێنێ"، لە پاشان دەڵێ: "بەڵام کاتێکی سۆرانیخوازێک نەتوانێ بە زمانێکی تا ڕادەییەک بێ لایەنانە بڵێ، بۆ وێنە، "موزاییکی شێوەزارەکان" و لە باتییان وە جنێودان دەکەوێ و دەڵێ "مۆڵگەی شێوەزارەکان"، ئەو بۆچوونە تەنیا ڕق لەدڵی و تووڕەیی نییە و هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییانەیە"(٤٨) لەبارەی وشەی (مۆڵگە) کە نووسەر بە سووکایەتی تێدەگا بۆ لەهجەکان بەکارهاتووە، بەتایبەت بۆ لەهجەی بادینی، ئەم وشەیە هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ (شوێنی حەسانەوە و مۆڵدانی ئاژەڵ) بەکارهاتوو، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی بەتایبەت لە حەفتاکان و هەشتاکان لە کوردستانی عیراق بۆ شوێنی کۆبوونەوەی ئادەمیزادیش بەکارهاتووە، ئەمڕۆ بە تایبەت لە بواری سەربازی و چەکداری لە نووسین بە شێوەیەکی فراوان بەکار دێت، بۆ نموونە دەگوترێ (پێشمەرگەکان گەڕانەوە مۆڵگەکانی خۆیان). گۆڕانی مانای وشە و فراوانبوونی ماناکانی لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی

لە هەموو زمانێکدا هەیە، ئەمە پرۆسەی گۆڕانی زمانە، بۆ نموونە وشەی (مسرح) لە زمانی عەرەبیدا لە بنەڕەتدا بە مانای شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ شانۆ بەکاردێت. نووسەر خۆی لە مانا لێکدانەوەی وشەکە کورتی هێناوە، کەچی بە ناڕەوا ئەمە بە دیاردەیەکی شۆڤێنیزمی سۆرانی لە قاڵب دەدات و دەیکاتە ڕق لە دڵی سۆرانییەکان دژ بە بادینی و هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیانە!!

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- چەندین دابەشکردنی جیاواز سەبارەت بە لەهجە سەرەکییەکانی زمانی کوردی هەیە. ئێمە لەم باسەدا پشت بە دابەشکردنەکەی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید دەبەستین کە زمانی کوردی بۆ چوار لەهجەی سەرەکی دابەش کردووە: لەهجەی کرمانجی باکوور، لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست، لەهجەی کرمانجی باشوور، لەهجەی گۆران. لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست، چونکە شوێنە جوگرافییەکەی لە ناوەڕاستی کوردستان هەڵکەوتووە، ئەو ناوە گونجاوترە تا کرمانجی خواروو. کرمانجی ناوەڕاست ئەو بن لەهجانە دەگرێتەوە: موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی. ئەمڕۆ بە هەڵە لە نێو خەڵک و هەتا ڕادەیەک لە نووسینیش بە تایبەت لە نووسینەکانی ئەمیری حەسەنپوور ئەو لەهجە سەرەکییە بە سۆرانی ناو دەبرێ، ئەمە لە کاتێکدا سۆرانی تەنیا بن لەهجەیەکی ئەو لەهجە سەرەکییەیە.

بڕوانە: الدکتور فؤاد حمه خورشید، اللغة و اللهجات الکوردیة، دار الثقافة و النشر الکردیة، بغداد، ٢٠٠٥.

٢- ئەمیری حەسەنپوور، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد. بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://www.kurdishacademy.org/?q=node/22

٣- ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.

4- Johan Myking, Standardization and language planning of Terminology: the Norwegian experience, International Congress on Terminology, Donostia? San Sebastian, 1997.

5- Ernst H?kon Jahr, Norwegian, Germanic Standardizations, past to present, edited by Ana Deumert and Wim Vandenbussche, John Benjamins Publishing Company

Amsterdam /Philadelphia, 2003. P.331.

6- Ibid., p.331.

7- Brief History of the Norwegian language? A summery of 1500 years.

بۆ دریژەی ئەم باسە بڕوانە ئەم مالپەڕە:

http://www.norwaves.com/brief-history-norwegian-language-summary-1500-years.html

8- Gjert Kristoffersen, The phonology of Norwegian, Oxford University Press, 2000, p.5.

9- Larson Karen A, Learning without lessons: socialization and language change in Norway, University Press of America,1985, p.40.

10- Ibid., p. 43.

11- Johan Myking, Standardization and language planning of Terminology: the Norwegian experience, p.3.

12- Ernst H?kon Jahr, The standard of modern Norwegian: origin, development and prospects, p.5-6.

13- Ibid., p.16.

14- Kevork B. Bardakjian and Robert W. Thomson, A textbook of western Armenian, Delmar, New York: Caravan Books, 1977, p.1.

15- Jasmine Dum-Tragut, Armenian, Modern Eastern Armenian, John Benjamins Pub. Company, Philadelphia, 2009, P. 3.

16-Ibid., p.2.

17- Herausgegeben von , Ulrich Ammon, Sociolinguistics: an International Handbook of the Science of Language and Society, Volume 3, Thomas Muntzer, Berlin, 2006, p.1900.

18- Jasmine Dum-Tragut, Armenian, Modern Eastern Armenian, p.4

19- Herausgegeben von, Sociolinguistic,

p. 1901.
20- Robert Elsie, Historical Dictionary of Albania, second edition, The Scarecrow Press, Inc. 210. P.263.
٢١- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی لەهجەکانی ئەلبانی و دابەشبوونی جوگرافی و خەریتەی لەهجەکانی، بڕوانە ئەم مالپەڕە: www.albanianlanguage.net
22- Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, Stanford University Press, 1982, p.6.
23- Janet L. Byron, Selection among alternates in Language Standardization: The Case of Albanian, Mouton & Co, Netherlands, 1976, P. 32.
24- Ibid., P. 36.
25- Ibid., p.37-38.
26- Arshi Pipa,The politics of language in socialist Albania, Distributed by Columbia University Press, 1989, p. 1-2.
27- Janet L. Byron, p. 34.
28- Janet L. Byron, p.41.
29- Ibid., p.39.
30- Ibid., p. 54.
31- Xhevat Lloshi, Albanian, Handbuch der Sudosteuropa ?Llinguistik, Harrassowitz Verlag .Wiesbaden,1999, p. 289.
32- Janet L. Byron, Selection among alternates in Language Standardization: The Case of Albanian, pp. 60-61.
33- Arshi Pipa, p.xii.
34- Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, p.8.
35- Ibid., p.8
36- Arshi Pipa,The politics of language in socialist Albania, p.4
37- Xhevat Lloshi, p. 290.
38- Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, p.8.
39- Arshi Pipa, The politics of language in socialist Albania, p.5.
40- Xhevat Lloshi, p. 291.
41- Xhevat Lloshi, p. 291.
42- Ibid., p. 292.
٤٣- ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠. هەروەها بڕوانە ئەم مالپەڕە: http:// ruwange.blogspot.com/2010/03/blog-post.htm
٤٤- کۆدداناn codification لە پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمان قۆناغێکە کە زمانەکە فۆرمی دەرەوەی بەرەو یەک شێوە و یەک فۆرمی دەچێت، واتە زمانەکە یەک شێوە ڕێزمانی چەسپاوی دەبێت و لە ڕووی وشە و زاراوەسازی و ڕستەسازی و ڕێنووسەوە یاسا و ڕێسای بۆ دادەنرێت و بەرەو چەسپاوی و یەکگرتوویی دەچێت و فەرهەنگی بۆ دادەنرێت. وەک ئاشکرایە لە نێو هەموو لەهجە سەرەکییەکانی زمانی کوردی، کرمانجی ناوەڕاست لە هەموو لەهجەکانی دی زیاتر لەم ڕووەوە پێشکەوتنی بەدەست هێناوە.
٤٥- بۆ دەقی ئەم چاوپێکەوتنە بڕوانە:
مصاحبه با پروفسور امیر حسن پور، زبان، زبانشناسی و زبان کوردی، کوردناسی، گاهنامه فرهنگی/سیاسی/ اجتماعی، سال اول / شماره ١ /٢٠٠٨، ص ٨٦.
46- Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918 -1985, Mellen Research University Press, San Francisco, 1992, p.71.
47- E. J. Hobsbawm, Nations and Nationalism since 1780: programme, myth, reality, Cambridge University Press, 1990, p.60-61.
٤٨- بڕوانە مالپەڕی ڕوانگە: http:// ruwange.blogspot.com/2010/03/2.htm.

کۆچی تیرەکانی کورد بەرەو ڕۆژئاوای ئێران

د. حیشمەتوڵڵا تەبیبی
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(تاران)

ئەم بابەتە کە لە ڕابردووی زۆر دوور لەو ناوچەیەی کە مێژوونووسانی کۆنی «کاردۆ» و «کوردووئێن» ، یان «بێس کاردوو» و «کوژارتا» ، یان «کوردووخ و کورچخ» و مێژوونووسانی ئیسلامی «بەکەرداء» و «کوردای/کورتاویە» یان نێودێر کردووە چ خەڵکانێک نیشتەجێ بوون، دەبێ بڵێین ئەم تیرانەی کە ئەمڕۆ بە ناوی «کورد» دەناسرێن، دانیشتووانی سەرەتایی ئەم ناوچەیە نەبوون، بەڵکو تایەفە گەلێکن کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە ماوەی زەمەنێکی کەم خایەن نەک زۆر دوورودرێژ، لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوای ئێران کۆچیان کردووە و لە ناوچەیەکی بەربڵاو کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن کوردستان، جێگیربوون. ئاشوورییەکان بەم قەومەیان گوتووە «ئامادا» کە لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین، دەسەڵاتێکی سەربەخۆ پێکدێنن و قەومی پارس کە هاوڕەگەزی خۆیانە و لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران جێگرتوو بوو، دێننە بەرفەرمان و شاری "ئێکباتان"دەکەن بە پایتەختی خۆیان.

یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشوورییەکان لەگەڵ قەومی «ئامادا» لە سەردەمی حوکمڕانی شەلمەنەسسەردا بووە. لە کتێبی نووسەرانی کۆنی یۆنان، بە قەومی ئێرانی بە ناوی «سیرتی، یان کوورتی» ئاماژە کراوە، بەتایبەت ئێسترابۆنی جوگرافیاناسی یۆنانی، کاتێ تیرەکانی نیشتەجێی مادای (ماد) دەبژێرێ، ئاماژە بە دوو تیرەی ئێرانی لە ژێر ناوی «کوورتی» و «مەرد» دەکا کە بە بڕوای ئەو بنەچەکی هەردووکیان پارسییە و شوێنی نیشتەجێبوونیان پارس، تاقمێک لەوانە بەرەو ڕۆژئاوا هاتوون و لە ناوچەکانی خۆرئاوای وڵاتی مادای، یانی

ئازەربایجان و کوردستانی ئێستا جێگیربوون(١). سەبارەت بەوەی هێندێک تایەفەی کورد لە ڕەچەڵەکی پارسن، دەتوانین پشت بەو نیشانە و بەڵگە زۆرانەی مێژوویی ببەستین کە باس لە هەبوونی تایەفەگەلی کورد لە زەمەنی زۆر کەوناراڵە فارس دەکەن. هێرۆدۆت دەنووسێ ماد و پارس لە زمانی یەکتر تێدەگەیشتن، هەروەها شێوەی جلوبەرگی خەڵکانی پارس و ماد لەگەڵ یەک وێکچوونی تەواوی هەبوو(٢). لە داستانی ئەردەشیری بابەکان بەم جۆرە هاتووە کە دایکی، کچی یەکێک لە سەرۆکەکانی تایەفەی «کورد» ناسراو بە «بازرەنگی» بووە. سەلمێنەری ئەم وتەیە نامەی ئەردەوانی پێنجەمە بۆ ئەردەشیر کە تێیدا بێ حورمەتی زۆری پێکردووە، بۆ وێنە نووسیویەتی: «ئەی "کوردڕەگەز" کە لە ڕەشمالّی "کوردان" پەروەردە بووی، تۆ پێت لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕاکێشاوە و بوویتە باعیسی مەرگی خۆت»(٣).

تاقمێک لە زانیارانی ئەڵمانی بۆ وێنە «نۆڵدکە» پاش هەڵسەنگاندنی وشەی تۆمارکراو لە کتێبی ئێسترابۆن لەگەڵ وشەی تایەفەکانی بەختیاری و کورد، لەیەکچوونی ئەم وشانەی بەهۆی نیشانەگەلی زمانناسی دۆزیوەتەوە و بەو ئاکامە گەیشتووە کە تایەفەگەلی کۆچەری «کوورتی» ئەژدادی کوردەکانی ئەمرۆن و مەسەلەی ئەم تایەفانەی کە لە پارسەوە بۆ وڵاتی مادای کۆچیان کردووە، ئاوا پاساو دەکا کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین بەسۆنگەی لەشکرکێشی سوڵتانەکانی هەخامەنشی بۆ ئاسیای ڕۆژئاوا، زۆربەی تایەفەکانی سارانشین و شەڕانی لە پارس و ڕۆژهەڵاتی ئێران بەرەو ناوچەکانی خۆرئاوا ڕاگوێزراون کە وەها جێگۆڕکێ و ڕاگوێستنی مێژوویی تایەفەکان لە هەموو دەورەکانی پێشووی ئێراندا دەبیندرێ(٤).

پرۆفیسۆر "مینۆرسکی"ش ئاماژەی بەو بابەتە کردووە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە هێندێ تایەفەی ئێرانی، چ کاتێک و چۆن بەرەو وڵاتی ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کۆچیان کردووە و لە ناوچەیەکی بەربڵاوی کوێستانی خۆرئاوا جێگیربوون؟ دەڵێ، لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم بابەتە پێویستی بە موتاڵا و تاووتوی وردبینانە هەیە، بەڵام بەکورتی دیارە کە سەرکەوتنەکانی قەومی ماد و پارس بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕیی بەرفراوان. تایەفەکانی ئێرانی کۆچی دووروودرێژی زۆریان کردووە، بۆ نموونە بەشێک لە تایەفەی ئێرانی بە ناوی «ساگارتیا» کە نیشتەجێی سیستان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بوون، لەو سەردەمانەدا کۆچ دەکەن و ڕوو دەکەنە ڕۆژئاوا، بە جۆرێک کە لە دەورەی ئاشوورییەکان ئەم تیرەیە، لە وڵاتی ماد(کوردستانی ئێستا) دەبینین. تایەفەی "سیرتی"ش وەک ئەوان تووشی ئەم جێگۆڕکێ و ڕاگوێزانە بوون، بەتایبەت لە لەشکرکێشی سوڵتانەکانی گەورەی هەخامەنشی بۆ ئاسیای ڕۆژئاوا و یۆنان لە نێوان ساڵەکانی ٤٩٠-٤٨٠ پێش زایین. ئەم تایەفانە، هاوڕێی دەستەگەلی سوپا بەرەو ڕۆژئاوا ناردران، پاش گەڕانەوە لە یۆنان، هەر گەیشتنە ناوچەکانی کێوەڵانی خۆرئاوای ئێران، وەختێ دیتییان ئەم مەڵبەندانە بۆ ژیانی خێڵی و عەشیرەتییان شیاوە، لەوێ گیرسانەوە، پاشان بەهۆی بوێربیان، ڕەگەزەکانی دیکەیان لە ناوچە بەرزاییەکان وەدەر نا و دانیشتووانی سەرەکی دەشت و قەراخ ڕووباری دیجلەیان لە ناوخۆدا تواندەوە. لەم تێکەڵ و ئامێتەبوونەدا هیچ کام لە دابونەریت و ڕێوڕەسمی تیرەیی خۆیان لە دەست نەدا و بەهۆی ئەوەی کە شوێنی تازەیان لە داوێن کوێستانەکانی حەستەم هەڵکەوتبوو لەگەڵ تیرەکانی دراوسێ، بێجگە لەو بابەتانەی کە قازانجیان دەکەوتە مەترسییەوە، پێوەندیان نەبوو(٥).

لە قەومی کوورتی، هەوەڵین تایەفەیەک کە بەرەو ڕۆژئاوا هاتن، تیرەیەک بوو لە ژێر ناوی «ئازاکاریتا» کە سەرەتا لە ڕۆژهەڵات جێگیربوون، پاشان لە سەردەمی حوکمڕانیی ئاشوورییەکان هاتن بۆ وڵاتی ماد و لە دەورانی پەرەپێدانی کیشوەر لە لایەن کوورۆشی هەوەڵی هەخامەنیشی و داریوشی گەورە، یانی لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی بەر لە زایین، بەرەو ناوچە بەرزەکانی دەوروبەری دیجلە، واتە وڵاتی هەولێر کۆچیان کرد. لەوێ چون لەگەڵ داریوش دەستیان بە شەڕ و شەڕخوازی کرد، داریوش سەرۆکەکەیانی بە ناوی «چیتران تەخمە»، تەنبێ کرد. لە لەوحەی بێستوون وێنەی ئەم پیاوە کە لە دەستەی ئەسیرانە، بە لیباس و سیمای کوردانی ئەمرۆییەوە دەبیندرێ(٦). خولاسە مینۆرسکی دەنووسێ حەرەکەتی تیرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا بە تەنگەتاوی زۆرەوە بە ئەنجام گەییوە و جێی

سەرسوڕمان نییە کە کوردەکان خۆیان زوو بە جێگای خۆمالّییەکانی پێشوو دانابێت، تەنانەت کوردەکان لەم ڕاگوێستنەی بەرەو ڕۆژئاوا سەرەڕای سەقامگیربوون لە ولاتی ئاشوور، دوای ڕووخانی نەینەوا خۆیان گەیاندە تورکیاش(اسیای صغیر) و لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زایینی بەشێکیان لە ئەرمەنستانی باشوور و ڕۆژئاوا کە لە سەرچاوەکانی ئەرمەنی بە «کورچخ» نێو براوە، گرتەوە. وشەی «کورچخ» کە لە ئەرمەنیدا بە مانای «کورد»ـە، ناوی ناوچەیەک بوو نزیک "سەلّماس"ی ئێستا «کە لەو سەردەمە حوکمی پارێزگای بووە. لە سەرچاوەکانی ئەرمەنی لە سێ زێدی گرینگ ناو براوە (کۆردووخ و کۆردریخ و کاراتونیخ) و مێژوونووسانی ئەرمەنی و ڕۆمی لە سەدەی چوارەمی زایینی، ناوچەی «کوردوو»یان لە هەموو جێیەک «تموریخ» ناو بردووە. مێژوونووسانی ئەرمەنی، بۆ ناولێنانی زێدەکانی کوردنشین ناوی هاوبەشی تایەفەکانی کۆچەر، یانی وشەی «کوردو»و یان بەشێک لەم وشەیەیان، هەلّبژاردووە، چونکە دوو بێژەی «کوردوو» و «کورد» لە سەرەتای نێوەکانی ولاتی ئەرمەنستان لە هەموو جێیەک دووپات بۆتەوە، هەروەها لە یادداشتەکانی مێژوونووسانی ئەرمەنی وادەردەکەوێ کۆچەران زۆر زوو دانیشتووانی پێشووی زێدی «کورچخ»یان لە خۆدا تواندبێتەوە، بەتایبەت کە لە نێوان ئەوان و خۆمالّییەکانی «کورچخ» یەکێتی ڕیشە و ڕەگەز هەبووە و هەر دووکیان تیرەی ئێرانی بوون.

بێجگە لە قەومی «ئاساکاریتا»، ناوی تایەفەگەلێکی تر کە پاشان ناوی «کورد»یان لە سەر دانرا، «کارتوار»ـە کە لە سەرچاوەکانی ئارامیدا هاتووە. مێژوونووسانی عەرەب بەم تایەفانە «کورتاویە» دەلّێن و بە کوردی سەرەکییان دادەنێن. کەوابوو دەبێ قبوولّی بکەین کۆچی گرووپێک قەومی ئێرانی لە ڕۆژهەلّاتەوە بەرەو ڕۆژئاوای ئێران بەرەبەرە بووە کە ئەم قەومانە دوای ماوەیەک لێک دابڕان، لە کوێستانی زاگرۆس و لێواری دیجلە پێک دەگەنەوە، چونکە لە بواری ڕەگەز و ئاکار و دابونەریت یەکێتییان بووە، بە ئاسانی لەگەلّ یەک تێکەلّاو بوون و کەم کەم وشەی «کوردوو» کە ناوی هەوەلّین تایەفەگەلی کۆچەری ئێرانی، یان ناوی کۆمەلّێ زێدی کوێستانیی ڕۆژئاوا بووە، بە هەموو تیرەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە دابڕاوە.

خالّێک کە لێرەدا دەبێ وەبیری بێنینەوە ئەوەیە کە تاقمێک لە مێژوونووسانی ئیسلامی نووسیویانە کورد لە تیرەی سامی و هاوڕەگەزی عەرەبە کە سەرەتا لە ناوچەی مووسلّ دەژیان، پاشان بەهۆی زۆروزەبرێک کە لە لایەن پاشاکانی غەسسانییەوە تووشی بوون، شوێنگەی خۆیان جێ هێشت و هەلّاتن بەرەو کوێستانەکان و ئاوارەبوون، ئینجا لەوێ ئامێتەی ڕەگەزی دیکە بوون و تایبەتمەندی قەومایەتی خۆیان لە دەست دا و زمانی زگماکیان کە یەکێک لە زاراوەکانی عەرەبی بوو، لە بیر بردەوە. ئەم نووسەرانە بۆ سەلماندنی ئیدعاکەیان بە ڕەگەزنامەی هەلّبەستراو بۆ کورد پشت دەبەستن، وەک «کرد بن مرد بن صعصعة بن هوزان»، یان «ربیع بن نوذر بن معد». بە وردبوونەوە لەو چەشنە ڕەگەزنامە هەلّبەستراوانە و ڕێک نەکەوتنی ئەم ناوانەی سەرەوە لەم ڕەگەزنامانە کە بەعزێک عەرەبی و بەعزێک فارسین، هەروەها بە سرنجدان لە شێوەی کۆچکردن و چۆنێتی لە دەست چوونی دابونەریت و زمانی قەومی کە مێژوونووسان بێ بەلّگە باسیان کردووە، بە تەواوی هەلّبەستراویان دەسەلمێنێ. لە لایەکی ترەوە دەزانین زەمەنێکی زۆر دوورودرێژی پێویستە تا قەومێک لە ناو قەومێکی دیکەدا بتوێتەوە (بڕن بە یەک)، بەتایبەت تایەفەیەک وەک کورد کە لە پاراستنی قەومییەتی خۆی بەناوبانگە، هیچ کات نەیانویستووە ڕێوڕەسم و کولتوور و زمانی خۆیان وەلا نێن، لەم ڕووەوە بیروڕای مێژوونووسانێک کە کوردیان بە عەرەب داناوە بەتەواوی بێ بنەمایە و ئەگەریش ئەم فەرزەی سەرەوە لە بارەی کۆچی ڕەگەزی کورد بە دروست دانێین، دیسان بە شایەدی ئەم مێژوونووسانە کە دەلّێن: «کۆچەرەکان زۆر زوو تێکەلّاوی قەبیلەکانی کوێستان نشین بوون»، دەبێ قبوولّی بکەین ڕەگەزی ئەم کۆچەرانە لە بواری قەومییەت و نەتەوەدا زۆر لاواز بووە، چونکە خێرا لەگەلّ قەبیلەکانی ئێرانیی کوێستان نشین ئامێتە بوون و قەومییەتیان لە دەست داوە. کەوابوو ڕەگەزی قەومێک کە زوو تێکەلّاوی قەومێکی تر دەبێ، ناتوانین بکەین بە سەرچاوەی ڕەگەزی تایەفەگەلی بەهێز و توانایی ئێرانی، بەلّکو بە پێچەوانەی ئەم بڕوایە، هەرکات قەومێک بە تەواوی تێکەلّ قەومێکی تر بێ و دابونەریت و ئاکاری تیرەی بەهێزتر لە خۆی قبوولّ

بکات، له بواری قەومییەت دەبێتە پەیڕەوی قەومی سەرکەوتوو.

پەراوێزەکان:

١- استرابون به نقل از کردستان شمیم، ص ٢٩.

٢- تاریخ هرودوت، ج١، ص ٢١٩.

٣- ابن اثیر، الکامل، ج١، ص ٣٨٢.

4- Histoire sur la perse ancienne, par Nôldké, p.20-30. Traduction par M. Oswald wirth, paris, 1896.

5- Encyclopedie de I Islam, kurd.

٦- نووسراوەی کەتیبەی بێستوون بەم جۆرەیە: «داریووش شا دەڵێ، پیاوێکی ساگارتی بە ناوی «چیتر تەخم» لێم یاغی بوو... دەستبەجێ لەشکرێکم لە پارس و ماد بە شوێندا ڕەوانە کرد، پیاوێکی فەرمانبەرم بە ناوی تەخمەسپادە کرد بە سەرۆکی سوپا و گوتم بڕۆن ئەم لەشکرە وا لە من پەیڕەوی ناکات و خۆیان بە سەربازی سوپای من نازانن تێک بشکێنن، ئینجا تەخمەسپادە بە لەشکرێکەوە ڕۆیشت و لەگەڵ چیرتەتەخم بەشەڕ هات، ئاهوورامەزدا یارمەتی خۆی پێ بەخشیم. بە ویستی ئاهوورەمەزدا سپای من بەسەر ئەو سپایەی وا لێم وەرگەڕابوو سەرکەوت. چیترتەخمیان گرت و هێنایانە بەر دەستم. من گوێ و لووتم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا، بە ئەمری من لە کۆت و زنجیریان خست و هەموو خەڵک دیتیان، پاشان بە دەستووری من لە هەولێر لە داریان دا» (آثار باستانی کرمانشاه، تألیف عزیزالله بیات، ١٣٣، ص ١٨).

(*) ڤاسیلی نیکیتین لەم بارەیەوە دەڵێ: «شاری سەڵماس هەڵکەوتوو لە باکووری ئێران، لە سەرەتای سەدەی هەوەڵی زایینیەوە هەتا ئێستا بەردەوام بەشێک لە ناوچەی سەرسنوور بەئەژمار هاتووە و تارادەیەک حاڵەتی سەربەخۆی بووە کە ئەرمەنییەکان پێیان گوتووە "کۆرچەئا" Kortchéa (یانی کوردستان). لە بەرانبەردا، کوردەکان لە زەمەنێکی درەنگتردا بوو کە دیسان بەرەو باشووری زرێچەی ورمێ پێشڕەویان کرد. هەتا ئێستاش لە دەوروبەری سابلاغ (مەهاباد) بەعزە شوێنێ هەیە کە نیشانی ناوی تورکی بە سەرەوە ماوە. لە لایەکی ترەوە، کتێبی میژووی کورد، واتە شەرەفنامە بە ڕاشکاوی دەڵێ، ئێلی موکری (ڕەپاڵدراوی ئێلی بابانی سلێمانی) لە سەردەمی حکوومەتی سوڵتانەکانی قەرەقۆیونلوو و ئاق قۆیونلوو، یانی نزیک سەدەی پازدەی زایینی، لە باشووری ورمێ نیشتەجێ بوون. جێگۆڕکێی شوێن لە نموونەی تردا و لە دێرزەماندا لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات زۆرجار پێش هاتووە و بە ئاشکرایی لە شوێن بە شوێندا دەبیندرێ کە چۆن هۆزێکی کورد جێگەی هۆزێکی تری گرتۆتەوە» سەرچاوە: نیکیتین، واسیلی (١٣٦٦)، کرد و کردستان، ترجمەی محمد قاضی، چ اول، تهران، انتشارات نیلوفر، صص ١١٠-١٠٨. "وەرگێڕ"

7- Encyclopedie de I?Islam, p. 1197.

٨- کردستان شمیم، ص٣٢.

٩- همان کتاب، ص٣٢.

١٠- پاشاکانی غەسسانی لە عەرەبەکانی یەمەن بوون کە لە کۆتایی سەدەی پێنج، یان سەرەتای سەدەی شەشی زایینی لە ڕۆژهەڵاتی سووریا و فەلەستین حکوومەتییان دەکرد و فەرمانبەری دەوڵەتی ڕۆمی شەرقی بوون. بەناوبانگترین پاشایانی غەسسانی "حارث بن جبلەبن حارث بن ثعلبە"یە کە تا ساڵی ٥٧٠ زایینی حوکمڕان بووە. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی فەرهەنگی فارسی موعین بکەن.

١١- بە شێوەی "ربیعه بن نزار بن معد"یش نووسیویانە. مروج الذهب، ج٢، ص٤٨٣.

سەرچاوە:

سنندجی، میرزا شکرالله (١٣٧٥)، تحفەی ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، به انضمام پنج مقاله دربارەی قبایل کرد از حشمت الله طبیبی، چ دوم، تهران، انتشارات امیرکبیر.

چەمکی نیگاری منداڵان

تەها ئەحمەد ڕەسوڵ
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

کاریگەری گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لەسەر نیگاری منداڵان

ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین سەردەمی شۆڕشە زانستی و مەعریفی و تەکنۆلۆژییەکانە، هەروەها سەردەمی گلۆبالێزە و گەردوونی، پاشان سەردەمی گۆڕانی بایەخدان بە بەرهەمەکان و ڕاگەیاندنی کراوە و ڕۆشنبیری کە وەبەرهێنانی مرۆیی گەشەی سەندووە، لەپاڵ ئەمانەشدا گرفت و ئاستەنگەکان ڕووبەڕووی ژینگە و تەندروستی بوونەتەوە، هەندێک کێشەی ئارامی و ئاسوودەیی و تیرۆر و توندوتیژی، لەبەرئەوە منداڵیش لەژێر پەستانی ئەم هەموو کاریگەرییانە بەدەر نییە و بەشێوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لەسەر دەروونی منداڵ ڕەنگدانەوەیان دەبێت و گوشاریان بۆ دەهێنن، چیتر منداڵانی جاران نامێننەوە و ئەوانیش لەو ژینگە و دەوروبەرەدا جیهانی ناوەوەیان گیرۆدەی جیهانە دەرەکییەکان دەبنەوە، بەڕاستیش کاریگەری ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانە لە گوزارشتی منداڵانەدا سەریان هەڵداوە، بەتایبەتیش لە بابەتی کێبەرکێی (جیهانی بێ چەک)دا، هەر بۆیە ئەم خەسڵەتانە دەڕژێنە دنیای وێنەکانی منداڵ و تیرۆر و تۆقاندن و توندوتیژییەکان لە نیگارەکانیاندا بەم شێوەیە بەرجەستە دەبنەوە:

یەکەم: زۆربنەی وێنە و نیگارەکان لە دەربڕینە هونەرییەکانیاندا لە ڕیالیزمی نزیک بوونەتەوە.

دووەم: زۆربنەی نیگارەکان پڕبوون لە هێمای شەڕانگێزیی و ئاماژە تونەدکان.

سێیەم: زۆربنەی وێنەکان، ڕەنگە گەرم و تۆخەکان بەسەریاندا زاڵ بووە.

چوارەم: لە زۆربەی نیگارەکاندا لەنێوان نیگاری کچ و

کورِاندا جیاوازی نابینرێتەوە.

پێنجەم: تێکڕای وێنەکان هەڵگری پەیامی هەمەجۆرن بە زمانی منداڵ، ئەوەش بەپێی پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانینیان.

شەشەم: لە سەرجەم نیگارەکاندا کاریگەری ژینگەی تایبەت لەسەر منداڵان هەیە.

حەوتەم: لە نیگارەکاندا منداڵان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری و مەسەلە هەنووکەییەکانیان.

هەشتەم: زۆرینەی وێنەکان ئاشتی دەخوازن و دژ بە توندوتیژی و شەڕ و ئاشووبەکانن، لێرەشەوە پێویستە بپرسین: چۆن بتوانرێت ئەو کێشە و ڕووداوانە لە بەرژەوەندی منداڵاندا بکەونەوە؟! منداڵ چۆن بتوانێت بەسەر لەمپەر و هەڕەشەکانی سەدەی بیست و یەکدا زاڵ ببێ؟ ڕەسەنایەتی و گەوهەری شتە ناسک و جوانەکان چۆن بمێننەوە لەکاتێکدا منداڵ لەو جیهانەدا دەژی و دووڕەڕێز و گۆشەگیر نییە؟ ئامرازەکانی دەربڕین چۆن دەستگیر بکەین و بەکاریان بهێنین کە لە قازانجی منداڵاندا بن بۆ گەیشتنە چارەی گرفت و کێشەکانیان، هەروەها ڕۆڵی پەروەردە و پسپۆڕان بۆ شیکارکردنی لایەنە هەمەجۆرەکانیان.

هەموو ئەمانە پێویستە سەرلەنوێ چاویان پێدا بخشێنرێنەوە، دواتریش توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت تاوەکو بە هەموو تواناییانەوە لە جیهانی ئەمڕۆ بژین و مرۆیی خۆیان بپارێزن، هەر بۆیە لە سەرەتادا پێویستە ئەم ڕێوشوێنانە بگرینە بەر:

یەکەم: بەرەودان بە ڕێباز و شێوازی پۆزەتیڤانە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و تێگەیشتن لەمیانی هونەری منداڵاندا.

دووەم: گرنگیدان بە پەروەردە و ڕۆشنبیری منداڵ بەشێوەیەکی گشتی، بایەخدانیش بە زۆرکردنی سەرچاوەکانیان.

سێیەم: پێویستە چەندین یانە و سەنتەر دابمەزرێت بۆ ئەوەی منداڵان کاری هونەری جێبەجێ بکەن بە هەموو شێوەکانییەوە، ئەوەش بە ڕێنمایی و سەرپەرشتی شارەزایانی ئەو بوارانە لە دەرەوەی سنووری قوتابخانە و خوێندنگەکان.

چوارەم: گرنگیدان بە ئاخاوتن و دیالۆگی منداڵ تا ڕای گشتی و نەریتی کۆن هەماهەنگ بنەوە بە سەردەمی گلۆبالیزە و ئەو داخوازییە نوێیانەی وەچەی تازە و داهاتوو دەیانبێ.

پێنجەم: لەسەر ئاستی تیوری و پراکتیزەیی ددان بنرێت بەوەدا کە منداڵ هاوڵاتییەکی جیهانییە و خاوەنی مافی خۆیەتی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا.

شەشەم: یاریدەدانی منداڵ بۆ ئەوەی لەبارەی خۆیەوە بدوێت.

حەوتەم: دیاری کردنی ئاستی زانیارییەکانی منداڵان لەنێوەندی ڕۆشنبیری پێدراو و ئاستی بیرکردنەوەیاندا.

هەشتەم: پێشکەش کردنی وێنە و پێدانی چێژ و سوودی ڕۆشنبیری بە منداڵ.

نۆیەم: هاندانی بەرهەم و بەخششی منداڵان لە هەموو بوار و کایەکاندا، ئەوەش بە ڕێگەی شیاو و شێوازی هەمەجۆر.

دەیەم: ئاسان کردنی چەمک و زاراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ منداڵان تا بەشێوەیەکی سروشتی دەربارەی بزانن و نامۆ نەبن پێیان، دواتریش تێگەیشتن لە خۆی و ئەوانی دیکە تا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەتینتر بن.

یازدەیەم: گرنگیدان بە دەربڕین و گوزارشتی منداڵان لەڕێی بابەتیانە و زانستییەوە، هەروەها بنیادنانی پێوەر و پێودانگی نوێ بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئاماژە و هێما دەروونییەکانیان.

بنەماکانی کاری هونەری لە نیگاری منداڵاندا

ئێستا ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ئاکامی توێژینەوەکان لەهەمبەر قۆناغی پێگەیشتنی منداڵ شتێکی بە شتێک کردووە، بەڵکو سەرەتاکانی شیکردنەوە و لێکدانەوەکان بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێنەوە. لەو قۆناغانەشدا پۆلێنکاری بۆ نیگار و وێنەی منداڵان کراوە کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لە قۆناغەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، ئەوەش پەیوەست دەبێتەوە بە تەمەنیانەوە کە لە دوو سااڵییەوە دەست پێ دەکات، تا قۆناغی هێڵکاری و سکێچەکان کە دەگاتە تەمەنی هەژدە ساڵی و قۆناغی هەرزەکاری. منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە هێڵکاری دەکات و لە تەمەنی چوار ساڵیدا ئینجا فۆرم و شێوەکان دەنەخشێنێ، لە شەش ساڵیدا هەوڵ دەدات بۆ هەموو شتەکانی چواردەوری خۆی ئاماژە و هێماکان بەکاربهێنێ، لە دە

ساڵیدا ئیتر زیاتر واقیعی دەبێت سەرباری بوونی هێماکانیش، وەلێ لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە نیگاری شتەکان دەکات و هەوڵ دەدات وردەکارییەکان بەسەربکاتەوە، کاتێک پێ دەنێتە تەمەنی چواردە ساڵی، یان بە کۆتایی هاتنی ئەو تەمەنە منداڵ تەواو قۆناغەکانی نیگاری منداڵانی تێپەڕاندووە، هەرچەندە نیگارەکانیان هاوشێوەی نیگاری منداڵانیش دەبێتەوە، واتە لە تەمەنی ١٢- ١٤ ساڵی. ئیدی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بایەخی ڕاستەقینە بە هونەری بەرچاو دەدەن و توانایی و دەستڕەنگینی خۆیان پێش دەخەن، ئەمەش بێ گومان بەشێوەیەکی گشتی نەک ڕێژەیی، چونکە تێیاندایە بۆ کۆپی کردنەوەی کارە هونەرییە جیهانییەکان توانستی ئێجگار گەورەیان هەیە، تەنانەت کاری خودیش کە لە ئاستێکی شیاودان. لە نیگاری ئەو تەمەنانەدا ئەوەی سرنج دەدرێت بەشێوەیەکی گشتی بەم جۆرن:

یەکەم: هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان هێندە کاریگەرییان بەسەر وێنەکانی تەمەنی کاڵەوە نییە و نیگاری کوڕان و کچان لەم قۆناغەدا لێکچوون.

دووەم: منداڵ لە قۆناغی یەکەمدا پێنوسی ڕەساس و ڕەنگی پاستیل و سلەبۆیە بەکاردەهێنن، باشتر لە ڕەنگی ڕۆنی و ئاوی، چونکە ئاسان بەدەستیانەوە دێن.

سێیەم: پێکداچوونی قۆناغەکان بوونی هەیە و خەسڵەتی دوو قۆناغ بە کارەکانەوە دەردەکەون، منداڵ بەرلەوەی بچێتە قۆناغی تازەوە هێشتاکە بەرەو قۆناغی ڕابردوو، یان هەنووکەیی دەگەڕێتەوە.

چوارەم: هێشتاکە ناتوانێت بەرەو قۆناغی داهاتوو بڕوات، چونکە زانیاری و ڕۆشنبیری تەواوی نییە و پەرەسەندنێکی ئەوتۆ ناکەوێتە پێکهاتەی نیگارەکانیانەوە.

تێبینی دەکرێت منداڵ لە قۆناغی گوزارشت کردنی واقیعیدا پەڕیوەتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری و بڕێک لە کاری هونەری دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرتر ڕەخنە ئاراستەی نیگارەکانی خۆی دەکات و زۆر هەستەوەر دەبێت تا ئەو ڕادەیەی وێنەکانی لە نیگاری گەورەکان نزیک دەبێتەوە، واتە لەو بڕوایەدایە ئەو شتەی دەینەخشێنێ پێویستە بە هونەر لەقەڵەم بدرێ و هاوتای نیگاری گەورەکان ببێتەوە، هەموو ئەمەش وا دەکات قۆناغی پێشتر تێپەڕێنێ و نیگاری گەورەکان کۆپی بکاتەوە، هەروەها دەربڕینی خودی پێشکەش بکات، هەر بۆیە پێویستە گەورەکان ئاگاداری ئەم هەنگاوانە بن:

یەکەم: پیشاندانی کاری هونەریی هونەرمەندان ئیتر سەر بە هەر ڕێبازێکی هونەری بن و منداڵ هان بدەن تا گوزارشت لە خۆیان بکەن و بۆ جیهانی چواردەوری خۆیان بینینی تایبەتییان هەبێت، وربایان بکەنەوە کە وێنەکێشان تەنیا کۆپی کردنەوە و گواستنەوەی واقیع ناگەیەنێت.

دووەم: مامۆستایانی پەروەردەی هونەری دەرفەتی شیاو بدەنە قوتابییەکانیان بۆ ئەوەی گوزارشت لە بینین و خەیاڵی خۆیان بکەن، هەروەها ڕێز لە نیگارەکانیان بگرن.

سێیەم: هاندان و یارمەتیدانی قوتابیان بۆ پرۆسەی کاری هونەری و پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم بکەن.

چوارەم: هاندانیان بۆ کاری دەستی و پراکتیزەیی وەک کاری گڵینە و کارکردن لە تەختە و دار و کانزاکاندا، چ تایبەت و چ بەشێوەی کۆمەڵ کە پێکەوە کار بکەن.

بێ گومان نیگاری منداڵان تژییە لە مانای قووڵ و لە کارەکانیاندا پاڵنەر و هۆکارەکان دەخەنە ڕوو، لەوێشەوە نمایش کردنی دروستی کەسایەتییان و ئەو گرفت و ئاریشانەی هەیانە. بۆ ئەوەی بتوانین کارە هونەرییەکانی ئەوان بخوێنینەوە پێویستە بڕوانینە بنەما و خەسڵەتی نیگارەکانیان، لەڕووی هێڵ و ڕەنگ و شێوە و ساوی ڕووبەر و فەزا و بەهای هونەری، هەروەها هاوسەنگی و جووڵە و دووپاتکردنەوە و جیاوازی لە پێکهاتەکاندا، ڕێکخستنی ڕەگەز و بنەماکان لە ڕووپەڕێکدا پێی دەوترێت دیزاین و نەخشەسازی و جۆرێک لە سایکۆلۆژیای کەسایەتییەکەمان بۆ دەردەخات.

ئەو منداڵەی لە گۆشەیەکی بچووکی لاپەڕەکەدا نیگار دەنەخشێنێ ڕەنگە لە ماڵەوە، یان لە قوتابخانەدا بچەوسێنرێتەوە و بێ بەش کرابێت، شێوەکان کاتێک ڕەنگین نین، یان ڕەنگ نەکراون، یان هەڵگری سیمبولێکن لەناو ڕووبەری ڕەنگیندا بەڵگەیەکە بۆ دەرخستنی ترس کە ئەو منداڵە هەیەتی لە شتێک. بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی و سپی ئاماژەیە بۆ گرفتێک کە منداڵ لە ژیانیدا هەیەتی و پێویستی بە چارەسەرە، هەندێک جاریش هەوڵ دەدات شێوەکان

بسرێتەوە و کەس نەیانبینێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، یان کاغەزەکە دەدڕێنێ، یان نووکی قەڵەمەکە دەشکێت و کاتێک مامۆستا لەگەڵیدا قسە دەکات بەلایەوە ئازاربەخش دەبێت. پێویستە پەروەردەکاران سرنج لە دووپاتکردنەوەی سیمبول و هێماکان بدەن.

تۆێژەران پێیان وایە لەمیانی گوزارشتی هونەریی منداڵەوە دەکرێت درک بە پێوەندییەکانی منداڵ و ژینگەکەیان و کارلێکی جیهانەکان و کەسایەتییان بکرێت چ لە ڕابردوو و ئێستایاندا، لەمیانی خوێندنەوەماندا بۆ ڕەگەز و بنەماکانی کاری هونەرییان دەتوانین داهاتوویان دەستنیشان بکەین. جەخت کردنەوەکانی منداڵ لەسەر فاکتەرە دەروونییەکان گەلێک زۆرن و هەموو دەڕژێنە ناو نیگارەکان و بایەخەکانیانەوە. جەخت کردنەوە لەسەر هەندێک ڕەگەز و بنەمای هونەریی ئاستی سەرقاڵی و خۆشەویستییان دەخاتەڕوو، وێنە و نیگارەکان تەنیا بەدەرخەری پێک گەیشتنی تێگەیشتنەکانی منداڵ نادەن بەدەستەوە، بەڵکو کاردانەوە و مەیل و خولیا و میزاجیشیان بەیان دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە چالاکییەکان و گوزارشت و دەربڕینە هونەرییەکانی منداڵ پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تا تەمەنی هەژدە ساڵی کە تێیدا قۆناغەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

دەروونشیکاری و شیکردنەوەی نیگاری منداڵان

کاتێک دەڵێین وێنە و نیگارکێشان زمانە، مەبەست لە وشەی زمان ئەو توانستەیە بۆ بەکارهێنانی ئاماژەکانی ئاخاوتن و نووسراو و وێنەکێشراو کە ئەوەش ڕاستییەک و مانایەکی دیاریکراو لەلایەن خودەوە دەبەخشێت. زمان لە بنەڕەتدا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و وێنەش سەبارەت بە کەسایەتییەکی دەروون نەخۆشەوە زمانێکە بۆ گواستنەوەی هەندێک واتا و بیروبۆچوون بۆ کەسانی دیکە، نەخۆش کاتێک نیگارێک دەکێشێت لە زۆرینەی کاتەکاندا گرنگی بە مانا ئستێتیکییەکان نادات هێندەی بایەخ بەو پەیامە دەدات کە دەیگەیەنێتە کەسێکی دیکە، ئاستی وێنەکێشانی نەخۆشێک پەیوەست دەبێتەوە بە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنیەوە. لەمیانی خوێندنەوە و شیکردنەوەی وێنەی نەخۆشەکاندا دەتوانرێت ئەم خەسڵەتانە دەستنیشان بکرێن:

یەکەم: نیگارە هەڕەمەکییەکان ڕەنگدانەوەی دەروون و خەسڵەتی ئەو منداڵانەن کە گرفتی سۆزداریان هەیە.

دووەم: ناهاوسەنگی و نەگونجانی قەبارە و دووربییەکان لە وێنەکەدا ئاماژەیەکن بۆ ئەو سۆزە زۆرەی لای منداڵەکە هەیە سەبارەت بەو کەسەی وێنەکەی دەکێشێت.

سێیەم: نەبوونی ڕەنگ لە هەندێک لە ڕەگەزەکانی تابلۆکەدا ئاماژەیە بۆ بۆشاییە سۆزدارییەکان و هەندێک جاریش مەیلێکی دژ بە دەوروبەر و کۆمەڵگە.

ڕەگەزەکانی کاری هونەری لە نیگاری منداڵاندا

هێڵ: هێڵ توانایی دەربڕین دەبەخشێتە منداڵ و بنیادی ئەو فۆرمانە، کە منداڵ دەست دەداتە قەڵەم لە قۆناغی یەکەمدا (واتە قۆناغی شەڕە پشیلە و شەقڵی و پقڵی) هەر لەو وەختەوە بایەخ بە گرتنی قەڵەم دەدات تاوەکو پەستانی بخاتە سەر، هێڵی هەڕەمەکی و چەند خاڵێکی بەهێز دەنەخشێنێ کە جاری وا هەیە کاغەزەکەی ژێر دەستی دەدڕێنێ، هەموو ئەم چالاکییەش تەنیا بەدەست ئەنجام نادرێت، بەڵکو سەرتاپا جەستە دەگرێتەوە. هەمەچەشنی هێڵەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئامرازی بزوێنەری منداڵەوە هەیە، کاتێک منداڵ پێ دەخاتە تەمەنی سێ ساڵییەوە، هەوڵ نادات وێنەی ئەو شێوە و فۆرمانە بکێشێ کە بە واقیعەوە پەیوەست دەبنەوە، بەڵکو ئەو فۆرمانە دەنەخشێنێ کە زیاتر ئەبستراکتن و ئەو ناوانەیان لێدەنێ کە بە چواردەور و دەربڕینە سۆزدارییەکانییەوە پەیوەست دەبنەوە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئیتر هەوڵ دەدات ئەو فۆرمانە بنەخشێنێ کە زیاتر واقیعی دەنوێنن، وەک وێنەی خانوو و خۆر و مانگ و شتێک لە ڕێککخستنیان تێدایە. دواجاریش سەرجەم هێڵەکان، هەر لە شەقڵی و پقڵییەوە تا هێڵە ئاشکرا و نزیکەکان لە واقیعەوە لە پێکهاتەی شێوەکانیاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

ڕەنگ: ڕەنگ کاردانەوەیەکی ئیستێتیکی لە هەستماندا هەیە و هەستەکان دەوروژێنن، دەتوانین چێژیان لێ ببینین بێ ئەوەی لێیان تێ بگەین، یان زانیارییان لەبارەوە بزانین، واتە هەست کردن بە خۆشی و خەمۆکی و گەرمی و ساردی و ڕووناکی و تاریکی

بوونیان هەیە و شتێکن بە خەسڵەتی خودی ڕەنگەکانەوە پەیوەست دەبنەوە، منداڵیش هەستێکی ئەزەلی هەیە تا هەست بە ڕەنگەکان دەکات و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئارەزووی ڕەنگەکانی لا دروست دەبێت و لە نیگارەکانیدا بەکاریان دەهێنێ، هەرچی بە هەڵبژاردنی ڕەنگەکانەوە پەیوەست دەبێتەوە، بە باری کەسایەتیی و بۆشاییە سۆزداریەکانییەوە پەیوەست دەبنەوە، بەڵام بە یەک دوو وێنەی لەو چەشنە ناکرێت بڕیار لەسەر سۆز و هەستی منداڵ بدرێت، بەڵکو وەها پێویست دەکات بۆ ماوەیەک چاودێری وێنەکانیان بکەین. چەندە منداڵ گەورەتریش بێت، هەست بە پێوەندی نێوان ڕەنگەکان و شێوەکان دەکات، وەک دەربای شین و کێڵگەی سەوز و لەو شتانە.

فۆرم و هێماکان: شێوەکان لە قۆناغی پێگەیشتنی ڕەگەزە شێوەکارییەکانیاندا بەپێی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری منداڵەکە پێدەگەن، هێڵکاری و کارە شەقڵی و پقڵییەکان بێ گومان چ شتێکی جیاکارییان تێدا نییە تەنیا ئەو دەمە نەبێت کە منداڵ ناویان لێدەنێ و بەپێی تێپەڕبوونی کات سیمای شێوەکان دەردەکەون. لە تەمەنی چوار پێنج ساڵیدا منداڵ وێنەی کەسایەتیی بەم شێوەیە دەکێشێت، بازنەی ئەندازەیی بۆ کەللەسەر، دوو هێڵ بۆ دەستەکان و دوو هێڵ بۆ قاچەکان، هەرچی جەستەیە لە زۆربەی کاتدا ونە و بوونی نییە، ئەوەش بۆ ئاگادارنەبوونی منداڵ دەگەڕێتەوە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیدی ئەو خەسڵەتانەش بەرچاو دەکەون کە پێویستە بوونیان هەبێت، سەبارەت بە کچان و کوڕان بایەخدان بە قژ و پرچ گۆڕانی بەسەردا دێت.

سەبارەت بە هێماکانیش هەموو لە دەوروبەرەوە دەستگیر دەکرێن ئیدی هێما بن بۆ مرۆڤ، یان ئاژەڵ، یان شتەکانی دیکە، دەتوانین بڵێین نیگاری منداڵان پڕن لە هێما و ئاماژەی هەمەجۆر و هەڵگری سیمبول و ئاماژە تایبەتی و ڕاستەوخۆکان، ئیدی لەڕووی بڕوامەندییەوە بن، یان کۆمەڵایەتی بە هۆشیاری و نائاگایی منداڵەوە پەیوەست دەبنەوە.

سایکۆلۆژیای چێژی هونەری لای منداڵان

داهێنان شێوەیەکە لە چالاکی مرۆیی و یەکێکە لە گرنگترین کایەی توێژینەوەی زانستی لای بیرمەند و توێژەران لە زۆربنەی ولاتاندا، تەنانەت ولاتێکی وەک ڤەنزوێلا وەزارەتێکی پێکهێناوە کە بایەخ بە داهێنان و داهێنەران دەدات و ناوی لێناوە (وەزارەتی ژیری)، هەموو ئەمەش لەپاش ئەوەوە سەری هەڵداوە و ڕوون بووەتەوە کە پێشکەوتنی زانستی بەبێ پێشخستنی توانستی داهێنەرانەی مرۆیی نایەتە ئەنجام، هەر بۆیە پرۆسەی داهێنان لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی زیاتر بەخۆوە دەبینێ و لەو پێناوەدا کۆڕ و سیمیناری هەمەچەشن لەبارەیەوە ساز دەکرێت، دەروونناسەکان بایەخی ئەوتۆ بە ئەفراندن و داهێنەران دەدەن لەکاتێکدا کار و ئەرکی دەروونشیکاری نییە بەتەنیا تا لە داهێنان بکۆڵێتەوە، بەڵکو پەروەردە و سۆسیۆلۆژیا و مێژووی هونەر، سەرباری ڕەخنەی هونەری و فەلسەفەی ئیستێتیکا، بایۆلۆژیاش لەو پێناوەدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

سایکۆلۆژیای داهێنان

چەندین شیمانە سەبارەت بە سروشتی داهێنان و داهێنەران هەن کە دەروونناس و پەروەردەکاران پێی گەیشتوون، دەشێت بەم شێوەیە پوخت بکرێنەوە:

یەکەم: هەست کردن بە گرفتەکان، چونکە بەشێکی ئەوتۆی سەرکەوتنی داهێنەرانە لەسەر پرسیارکردن دەوەستێتەوە، بێ گومان چۆنیەتی پرس کردنی دروست و شیاو لەگەڵ وەڵامدانەوەیاندا.

دووەم: دەشێت فاکتەری دەرکەوتن و هاتنەئارا بوونی هەبێت، یان چەندین هۆکار لە بەهرەی داهێنەرانەدا، ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەموو داهێنەرەکان بکەونە ژێر کاریگەریی زەمەنەوە، تا بە خێرایی بەخشیان هەبێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە کەسێک بتوانێت زۆرترین بیرۆکە لە کاتێکی شیاودا بەرهەم بهێنێ.

سێیەم: مرۆڤی داهێنەر خاوەنی بیرۆکەی هەمیشە زیندوو و تازە بێت، ئاستی نوێبوونەوە لە داهێناندا گرنگە.

چوارەم: ئامادەکاری دەروونی و ئاسانی لە گۆڕینیدا فاکتەرێکی گرنگی داهێنانە، مرۆڤێکی وەستاو و چەقبەستوو بە بیرۆکە و شێوازێکەوە کەمتر دەربەستی داهێنان دێت وەک لەو کەسەی بیرکردنەوەیەکی هەمەلایەن و گۆڕانخوازی هەیە بۆ هەر بیرۆکەیەک، ئەگەر پێویست بکات.

پێنجەم: زۆرینەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە پێویستیان بە ڕێکخستنی بیرۆکەکان هەیە لە ئاسۆی بەرفراوان و گشتگیردا.

دیاری کردنی کاری داهێنەرانە ئەم دوو خەسڵەتە لەخۆ دەگرن:

یەکەم: دەشێت خەسڵەتی داهێنەرانە بلکێت بە هەر کردەیەکی مرۆییەوە، نەک هەر بە نمایش کردن و شیعر نووسینەوە، بەڵکو هەر کردەیەک کە مرۆ ئەنجامی دەدات و داهێنانی تێدا دەکات، ئیدی پیشەیی بێت وەک دارتاشی و یاری شەق و خۆشەویستی و لەم شتانە.

دووەم: تەنیا بلیمەتەکان نین کردەی داهێنەرانە ئەنجام دەدەن، بەڵکو ئەم خاسیەتە، ڕەنگە لە کارە کەم بایەخەکان و ئاستی جۆراوجۆریشدا بوونی هەبێت، ئەوەش بەپێی توانست و ژیری، هەرچی داهێنانی خودیشە پێودانگی هەمەجۆر حوکمی لەسەر دەدەن کاتێک کەسێک بەشێوازی تایبەتمەند شتەکان لێکدەدات و ئاوێتەی یەکدییان دەکات، ئەوەش بەو شێوەیە کە لاسایی ناکاتەوە و کاریگەرییە دیاری کراوەکان پۆلێن دەکات و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە تا کاریگەریی داهێنانی خۆی لەسەر ئەوانی دیکە ببینێتەوە.

ئەگەر وەهای دابنێین سەرسوڕمانی کاریگەر نیشانەی بەرچاوی کاری داهێنەرانە بێت، ئەوە پێوەری سایکۆلۆژیان کردووەتە پێودانگی داهێنان، لە ڕاستیشدا کاری داهێنراو هەمیشە ئاسوودەیی و دڵخۆشی و خۆشنوودی لای کەسی داهێنەر دروست دەکەن و لە زۆربەی کاتەکاندا بەرەنجامی دەروونیی لێ دەکەوێتەوە هەم بۆ داهێنەرەکە و هەم بۆ وەرگریش.

کاری داهێنەرانە کارێکی خودی و نوێگەرییە و تێگەیشتنە لە ڕابردوو تا سەرلەنوێ بخەملێنرێتەوە و لەگەڵ ئێستا و داهاتوودا بگونجێت، وەک چۆن ئەو سەردەمەی هونەرمەند تێیدا دەژی کاریگەری هەیە لە کارکردن و داهێنانەکانیدا، بەو شێوەیەش چۆنیەتی سەردەمانی مندااڵی ڕۆڵی لە کەسایەتیی و خەملاندنی ئەو ئەفراندنانەدا هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئەفراندن بنەما و پێوەری جێگیری نییە و بەندە بە شێوازە تایبەتییەکانی ڕوانین و دیدگاوە و تێکەڵ دەبێتەوە بە جیهانبینی و ڕوانینی ئەوانی دیکەوە، لە ئاوەزێکی بیرکەرەوە و هەستیارەوە دێتە مەیدان.

مامۆستایانی هونەرمەند کە کاری داهێنەرانە پرۆسێسە دەکەن، دەتوانن هەم بەخششی خۆیان بدەنە قوتابییەکانیان هەم بەخششی ئەوانیش هەڵسەنگێنن و تۆوەکانی داهێنانیان دەستنیشان بکەن، تا زیاتر پەرەیان پێ بدەن و بەپێی ڕێنماییەکانیان ئاراستەیان بکەن، سەرەتا چێژ لە هونەرەکەیان وەربگرن و ئەو چێژ و چەشەیەیان لەگەڵدا بگۆڕنەوە، واتە دیاری کردنی تۆوەکانی هونەر و پرۆسەی چێژوەرگرتنی هەردوولا، بەڵام سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە وانەی هونەر دەڵێنەوە و خۆیان هونەرمەند نین، ناتوانن ڕێنماییەکی سەرکەوتووانەی خوێندکارەکانیان بکەن و کۆسپ و لەمپەریش لەبەردەم بەهرەی هونەریی‌اندا، یان پێگەیشتنی هونەرییان دروست دەکەن، لەوێشەوە تێکدانی چێژ و چەشە و دواخستنیان لە بەخشش و داهێنانیان.

زۆربەی تۆێژەران لە داهێناندا گرنگی بە پاشخانی خێزانی دەدەن، دەستنیشانی خوێندکارە هونەرمەندەکانیش دەکەن کە لەلایەن باوکان و دایکان و نزیکەکانیانەوە بایەخیان پێ دراوە و دەرفەتیان بۆ ڕەخساندوون، بەڵکو زۆرینەی باوکانیش ڕێزیان لە بەخششەکانیان گرتوون و لە ڕێیەکی دروستدا ئاراستەیان کردوون، سەرباری متمانەبەخشینیش بە تواناییەکانیان، لەوەش گرنگتر بەخشینی ئازادی و سەربەستییە بە منداڵەکانیان بۆ ئەوەی خۆیان بکەونە بە دۆزینەوەی جیهانی دەوروبەریان، هاندانی منداڵ لەو کردەیەدا وا دەخوازێت، بێجگە لە ڕێنمایی و ئاراستەکردن، سەربەخۆییش بدرێت پێیان تاوەکو لەژێر چاودێریدا نەمێننەوە و ئەقڵ و هەستیان بەشێوەیەکی سروشتی گەشەبسێنن، نەک کۆنترۆڵ بکرێن و یاساوڕێسای هەمەجۆریان بۆ دابنرێت، چونکە متمانە و ڕێز و بەخشینی سەربەستی کاریگەرییەکی ئەکتیڤی هەیە بۆ نەشونماکردنی هەست و ئەقڵ و کەسایەتیی منداڵ کە دواجار بەپێی ژیانی تاکەکەس ڕەنگ دەداتەوە لە گەورەبوونیدا. کاتێک لەو سەربەستییە دەدوێین مانای ئەوە نییە لە سنووری هەموو دیسپلین و ڕێکخستنەکاندا بچنە دەرەوە و هیچ شتێک نەمێنێتەوە تاوەکو پابەندی بن، داهێنانیش بەمانای ڕزگاربوونی تەواو ناگەیەنێت لە

هەموو کۆت و پێوەندەکان، بەڵکو گۆڕینەوەی بیروڕا و پێدانی بۆچوونی دروست چێژی هونەری زیاتر دەکات لەلای منداڵ نەک گۆشەگیربوون و تەریکبوونی و کارکردنی سەربەخۆ کە گەورەکان لە دەرەوەی هەموو پرۆسەکاندا بن، منداڵیش ئەوە بوونەوەرەیە کە هەمیشە خوازیارە سرنجی گەورەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ببێتە جێی بایەخ، واتە دروست کردنی وەرگران و جەماوەرێکی نزیک کە هەست بە تواناییەکانی بکەن و لەگەڵیدا بەشدار ببنەوە، کاری هونەری لە بنەڕەتیشدا چ لای هونەرمەندان و چ لای منداڵانی خاوەن بەهرە و دەستڕەنگین و لێهاتوو دروست کردنی نمایشێکە کە بەرهەمهێنەران و وەرگران تێیدا بەشدار ببنەوە، نەک کارکردنێک کە یەک لایەنە بێ و زۆر خودی بێت، واتە سەربەستی لە کارکردندا، بەڵام بەپێی کاریگەرییەکان و داخوازییەکان کە لای هەردووکیان بوونی هەیە.

سایکۆلۆژیای منداڵی داهێنەر

بەگشتی منداڵانی بەهرەمەند خاوەنی چالاکی و هێز و تەندروستییەکی باشن، پێوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتییان تێدا هەیە و بەخێرایی لە شتەکانی چواردەور تێدەگەن و خاوەنی پرسیارگەلێکن تا وەڵامەکان دەستگیر بکەن، دەتوانین خەسڵەتەکانیان بەم شێوەیە دیاری بکەین:

ئارەزوویان هەیە بە قوولی بچنە ناو پانتاییەکانەوە، ئەوەش بەپێی پرسیارە قوولّ و بەردەوامەکانیان، بایەخی ئەوتۆ بە وشە و بیرکردنەوەکان دەدەن، هەوڵ دەدەن لەڕێی فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکانەوە زانیاری پڕ بایەخ دەستگیر بکەن، گرنگی بە زمانێک دەدەن کە گوزارشت بێ لە بۆچوون و دەربڕینەکانیان، چێژ لە خوێندنەوە دەبینن و بەشێوەیەکی باش و لە ئاستێکی بەرزدا بەشداری نووسینەکان دەکەنەوە، لەوەشدا بەخێرایی و زۆر تینوو دەخوێننەوە و زانیارییەکان لای خۆیان دەهێڵنەوە، واتە خێرا شتەکانیش وەردەگرن، حەزدەکەن لەگەڵ گەورەکاندا دابنیشن و چێژ لە قسە و دانیشتنەکانیان وەردەگرن، خاوەنی ڕوحێکی خۆشنوود و دەم بە پێکەنین و کراوەن، ئارەزوویەکی بەتینیان هەیە کە لەوانی دیکە سەرکەوتووتر بن، بەخێرایی تێدەگەن و کارەکانیان بەئاسانی جێبەجێ دەکەن، بایەخێکی ئەوتۆ بە سروشت و گەردوون دەدەن، هەروەها بە سروشتی مرۆڤ و جیهانەکەی، حەز دەکەن پشکنین و پۆلێنکاریی شتەکان بکەن تاوەکو ئەو زانیارییانە لای خۆیان بپارێزن و تۆماریان بکەن، خاوەنی خەیاڵێکی بەرفراوان و بیرکردنەوەن، هەروەها یادەوەرییەکی زۆر بەتینیش و بەبیرهاتنەوەی وردی شتەکان، سرنج و تێبینی ورد و توانستی بیرکردنەوەیەکی ڕێکخراویان هەیە، لە هەموو وانەکاندا زیرەکن و بیری زانستی و ئەدەب و هونەر و بیرکارییان تێدایە، متمانەیان بەخۆیان هەیە و خاوەن بەزەیی و گەشبینین و ئارەزووی گاڵتە و گەپ دەکەن.

هەندێک لە توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە منداڵانی بەهرەمەند پشت بە خۆیان دەبەستن و لەڕووی دەروونییەوە جێگیرن و دەمارگیرییان نییە، بەرانبەر بە هەڵوێستەکان ڕەفتاری دروست دەنوێنن و دان بەخۆیاندا دەگرن، هەروەها بەرپرسیاری لە ئەستۆ دەگرن و گیانی هاریکارییان تێدایە و لە پێوەندییەکاندا بەسەر خۆیاندا دانەخراون. هەردەم لە گەڕان و پشکنین و فێربووندان و پرسیاری نەبڕاوە ئاراستە دەکەن، ئاستی ویستەکانیان بەرزە و خێرا دەگەنە ئەنجامی ئەو کار و فرمانانەی پێیان دەسپێردرێ، یان لای خۆیانەوە دەیکەن. لە بەشداری کردنی کۆبوونەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرکەوتوون و کاتێک دەدۆزنەوە و بەخشش پێشکەش دەکەن، خواستیانە کۆمەڵ و دەوروبەری خۆیان سەربخەن و بایەخ بە ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی دەدەن و لە ڕێی توانستیانەوە کە سرنجەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن کاریگەری دروست دەکەن.

لەو میانەشدا بەرهەڵستی پەستانە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و تامەزرۆی سەربەستین، شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و هەوڵی ئەنجامدانی کاری گەورە دەدەن. ئەم منداڵانە توانایی ئەوەیان هەیە ڕەخنە لەخۆیان بگرن و خەوشەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن، پێشنیارەکان قبووڵ دەکەن سەرباری ڕەخنەش کاتێک ئاراستەیان دەکرێت بێ ئەوەی لە وردیان کەم ببێتەوە، ئارەزووی گەمە و یاری ئاڵۆز و سەخت دەکەن لەگەڵ ئەو یاری و چالاکییانەی پێویستیان بە بیرکردنەوە هەیە، شتێک لە قۆشمەیی ئارەزوو دەکەن و گوێ نادەنە ئەو کۆت و پێوەندانەی کۆمەڵ دەیخەنە سەریان، لە کاتی گرفت و ئاستەنگەکاندا بیروڕا دەردەبڕن و هەوڵی چارەسەریان

دەدەن. هەندێک جـــاریش وەها دێنە پێش چاو کـــە سەرکێش و یاخێ و ملکەچی فـرمانەکان نەبن، بەڵام ئەوان هەوڵی خـۆ نواندن نادەن و شـانازی بەخـۆیانەوە ناکەن. زوو قـایل دەبن و دەمارگرژ نابن سەرباری ئەوەی خـێـرا تووڕەش دەبن لە نارێکیـیـەکـان و بەئاسـانی دەسـتـبـەردارى بۆچوونەکـانی خـۆیان نابن، گـیـانی لێـبـووردەیـیـان تێـدایە و هاوسـەنگی دەپارێزن، ئارەزوو دەکـەن خـێـرا ڕابکەن و هەمـیـشـە وزەیان هەیە، گـورج ئەرکەکان ڕادەپەڕێنن و دەرفەت لەکیس نادەن، سەبارەت بە مەسـەلەکان بەباشی دەدوێن و وردەکاری شیـاویان بۆ دەکەن.

گرفتەکانی منداڵانی داهێنەر و بەهرەمەند

هەندێک جار ئەم منداڵانە ڕووبەڕووی گرفتی تایبەتی خۆیان دەبنەوە کاتێک گەورەکـان خراپ مـامـەڵە لەگەڵ سـەرکەوتنەکـانیـاندا دەکەن، ئەوەش بەو پێـیـەی ئاسـتی پێشـکەوتووی مێشکیان ئەو جیـاوازییانە دەخوڵقێنن، بۆیە دەبێت گەورەکان بەشداریـیان بکەن و هانیان بدەن تا وەک کەسـانی ئاسایی ڕەفـتـاریان لەگەڵدا بکرێت، نەک وەک دژ و جـــیـــــاواز، چونکـە منداڵانی داهێـنـەر و بەهرەمـەند، ئەگـەرچی وەک گـەورەکـان ڕەفـتـار دەنوێنن، بەڵام خۆیان منداڵن و پێـویستە وەک قۆناغی منداڵـیـیان تەمـاشـایان بکەن و لە گـەمـە و چالاکـیـیـەکـانیـاندا بەشداریـیەکی دروستیان بۆ فەراهەم بکرێت، ئەو گرفت و ئاستەنگانەش کە بۆیان دێتە پێشەوە دەکرێت بەم شێوەیە بن:

خـــراپ مـــامـــەڵەی منداڵانی بەهرەمـــەند لەلایەن قـوتابـیـیـەکـانی هاوپۆلیـانەوە کـە دەزانن ئەوان لە ئەرکی قـوتابخانەدا سەرکەوتوون، یان ستایش کردنی گەورەکان تـا لە پێگـەی ئەوان کـــەم بکرێتـــەوە، بایەخـــدانی مـــامـۆسـتـایان بە وانەی ئەکـادیمی بۆ ئەوەی منداڵان پابەندیان بن بێ ئەوەی گوێ بدەنە بەهای توانستیان لە هەموو چالاکـیـیـەکاندا، لاوازی هەستی مامۆستاکان بۆ وەڵامـــدانەوەی بەخـــشـــشی منداڵانی بەهرەمـــەند و پێنەزانینی توانایی جـیـاوازیان، هەروەها زۆرلێکردنی باوکـــان بۆ ئەوەی منداڵەکـانیـــان زووتر پێ بگەن و گەورەبن، لەو ژینگەیەدا هۆکاری دیکەش هەن کە کێشە دروست دەکەن و منداڵ هەست بە دابڕان دەکات، لەوانە:

گوێنەدان و نکوڵی کردنی باوکان و خزمان لە توانایی منداڵەکان و کەمکردنەوەی بایەخیان، جیاوازی ئەقڵی منداڵ و خێزانەکەی تا شتێک نابیننەوە لە مناڵەکانیاندا شـایانی وروژاندن بێت، ئەوەش پێـوەندی بە هەست و خولیاکانەوە هەیە و وایان لێدەکات هەست بکەن لەگەڵ ئەوانی تردا ناگونجێن، سەختیی ئەو پێوەرانەی قوتابخانە و مـاڵ لەسـەریان دەیسـەپێنن بەر لە دەسـتنیـشـان کـردنی تواناییـەکانیان، قۆسـتنەوەی بەهرەی منداڵەکان لەلایەن قوتابخانە و کۆمەڵگەوە، بۆ ئەوەی لە کێبڕکێدا بەکاریان بهێنن لەپێناوی وەرگرتنی پاداشتدا. منداڵ لەو دۆخەدا ئـیـدی لە ئەرکـــەکـــان وەڕس دەبێ و یاخـــیـــبـــوونی پێدەبەخشێت، هەندێک جاریش هەست کردن بە تەنیایی لەوەی توانایی و بەهرەکانیان جیاوازە لە قوتابییـەکانی دیکە و یەک جـۆرە مـامـەڵەیان لەگـەڵدا دەکـرێت، بێ گومان منداڵانی بەهرەمەند زۆرینەیان لەڕووی جەستەوە دەشـێت بچـووکـتـر بنوێنن بە هاوەڵەکـانیـان، ئەوەش وا دەکات لە گـەمە و یارییـەکاندا بەشـداری نەکەن و تەنیا بمێننەوە، هەروەها خولیاکانیشیان لەوان ناچن.

بۆ پاراسـتنی دروسـتی دەروونی منداڵی بەهرەمـەند چەند ئامانجێک هەن پێویستە دەستەبەر بکرێن، چونکە منداڵی بەهرەمـەند پێـویسـتـە بزانێت کـەسـێکی سەرکەوتووە ئیدی لە قوتابخانەدا بێت، یان لە مـاڵەوە و دەرەوەدا، هیچ پاساوێک نییە بۆ شاردنەوەی بەهرەکەی و دەبێت جێبەجێی بکات، لەبەر ئەوە پێویستە هاوکاری بکەین، تا ئەرکـەکـانی پێ بزانێ و بەهرەکـەی پێش بخات، چەند ئامانجێکی بۆ دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و ڕەخنە ئاراسـتـەی خـۆی بکات. تێـبـینی دەکـرێت خـێـزان و خـوێندنگە و کـۆمـەڵگە هەمـوویان بەرپرسـیـارن لە دوورخستنەوەی بەهرەمەندان لە گرفتەکانیان، ئەوەش بە ئاراستەکردنی منداڵان بەو چەشنەی لەگەڵ تەمـەنیـاندا دەگـونجـێـت، هەر بۆیە پێـویسـتـە منداڵ هان بدرێت بە ئامـرازی هەمـەجـۆر خـولیـا و ئارەزووەکـانی دەربخات و بەپێی توانست و گەشەی ئەقڵی و جەسـتەیی داواکاری پێشـکەش بکرێت، بێ گـومـان ئەو داخـوازییـانەش بەبێ زۆر لێ کردن و پەسـتـان لەسـەریان دەبێـتـە ئەوەی منداڵ هۆشـیـاریـیـەکی کـۆمـەڵایەتی لا دروست بێت کـە بەهرە و توانـاییـەکـانی بۆ خـزمـەتی کـۆمـەڵ و ژیـانی هەمـووانە،

ئەمەش وای لێ دەکات پێزانینی گەشە بکات و درک بەو کارانە بکات کە سوود بە کەسانی دیکە دەگەیەنن.

سایکۆلۆژیای داهێنان لای منداڵ

بێ گومان جیاوازی لەنێوان منداڵاندا هەیە و بەپێی سەردەمەکانیش لۆژیکی مامەڵەکردن گۆڕانی بەسەردا دێت، منداڵانی سەدەی بیست و یەک هەڵبەتە وەک منداڵانی سەدەی دەیەم نین، دوێنێ و ئەمڕۆ جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە، پێوەر و پێودانگەکانمان لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی پێشوو، ڕەنگە بۆ ئەمڕۆ نەشێن، گێڕانەوەی چیرۆکی جادووکەر و دارەکەی دەشێت لە سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا جێی پێکەنین بێت، وەک لەوەی سەرنجڕاکێشانیان، یان چیرۆکی ئەو جووتیارەی لە ماوەی تەنیا شەو و ڕۆژێکدا دەبێتە دەوڵەمەندترین پیاوی سەر ڕووی زەوی و لەم جۆرە شتانە، بۆیە بوارەکانی نووسین و ڕێنماییش گۆڕانیان تێکەوتووە و پێویستە بە زمانی سەردەمیانە لەگەڵیاندا قسە بکەین، داهێنانی منداڵانیش ببنە خاوەنی گوتاری نوێ و بیرکردنەوەی زانستی لەبەر ئەوەی ئێستا بە کۆمپیوتەر و ئەو ئامرازانەوە پەیوەستە کە بیرکردنەوەیان تژی بووە لە زمانی تەکنۆلۆژیا.

ئێمە کە لە سەردەمی زانست و پێشکەوتنەکاندا دەژین، پێویستە بە وریاییەوە لە نووسینەکانماندا ڕەچاوی شێواز و میتود و چەمکەکانمان بکەین، واتە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ داهێنانی منداڵاندا بکەین، قۆناغی یەکەمی منداڵ قۆناغێکی ئاڵۆزە لەڕووی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە، ناکرێت پەیڕەو و شێوازی پەروەردەیی و فێرکاریی باویان بەسەردا بسەپێنین، بەڵکو ڕێگەی دروست ئەوەیە لەگەڵ ئەو زمانەدا بیرورا بگۆڕینەوە کە ئەوان هەیانە و گوزارشتی پێ دەکەن، ئەو زمانەش کە هێشتا بارگاوی نەبووە بە پێودانگ و یاساورێسا کۆمەڵایەتییەکان و لە هەموو کێشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دووەر، وەلێ هەستی کۆمەڵایەتی و هەست کردن بە پێوەندییەکان لە داهێنان و بەخششی منداڵاندا ڕەنگ دەدەنەوە کە لە خێزان و کۆمەڵگەوە پێیان گەیشتووە، لەو قۆناغەدا منداڵ هەستێکی لا دروست دەبێت کە خاوەنی خودێکە لەنێو ئەوانی دیکەدا، هەر بۆیە نەک لەڕووی جەستەییەوە، بەڵکو سیما و خەسڵەتی دەروونی ئەوانی دیکە درک دەکات سەرباری جوولە و ڕەفتارەکانیان.

هونەر سەبارەت بە منداڵ هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانی و بەدەرخەری ئەندێشە و ڕوانینەکانی، بواری دەروونشیکاری وەها دەڕوانێتە پێوەندی نێوان هونەر و منداڵ کە چالاکییەکی خۆڕسکە و منداڵ ئاسوودەیی تێدا دەبینێتەوە، لە هونەردا دەتوانێ بدوێ و گوزارشت لە ئارەزووەکان و ترس و گومان و شڵەژانەکانی بکات، ئەوەش دەبێتەوە پەرەپێدانی چالاکی گەشەکردنی ئەقڵ و نەشونما کردنی، لەگەڵ ئەمەشدا هونەر بنیادنەری گەشەکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵە و بیرکردنەوەکانی بە کۆمەڵەوە گرێ دەداتەوە. خێزان و پەروەردەکاران چەندە بتوانن ئەو جیهانەی بۆ بەرفراوان بکەن، ئەوەندە منداڵەکە بەرەو دروستییەکی باش دەبەن، بەپێچەوانەشەوە چەندین لایەنی دەروونی لا دروست دەبێ و پێوەندییەکانی بەرەو پووکانەوە دەچن، باوکان و دایکان هەمیشە لە کاتی نەخۆشکەوتنی منداڵەکانیاندا چارەسەر وەردەگرن و بە پەرۆشەوەن، کەچی ئەو دەمەی دووچاری لایەنە دەروونییەکان دەبێتەوە کە کەسایەتیی لەسەر دادەمەزرێت، دەبینین ئاسایی وەری دەگرن و وەک نەخۆشییە جەستەییەکان لەسەریان دژوار ناکەوێتەوە.

سایکۆلۆژیای چێژوەرگرتنی منداڵ

چێژوەرگرتنی منداڵ لەڕێی وشە و وێنەوە دەبێت کاتێک لە خەیاڵی خۆیدا شتەکان پێکەوە گرێ دەداتەوە، بیرکردنەوەی منداڵ پشت بە هەڵهێنجان و درک کردن دەبەستێت، نەک بە لۆژیک و واقیع، لای ئەو جوولە دەبێتەوە بوونی شتەکان، نەک وەستان و جێگیربوون، هەروەک چۆن لەگەڵ لێبووک و کەرەستەکانیدا یاری دەکات، زیندوێتی دەبەخشێتە هەموو ڕوالەتەکان و دیالۆگیان لەگەڵدا سازدەکات، پەروەردەی ڕۆشنبیری و ئیستێتیکی و هونەری لەو پێناوەدا ڕۆڵی کارا لە چێژوەرگرتنەکانی دەبینن، دەکرێت ڕەگەزەکانی بەم شێوەیە دیاری بکەین:

یەکەم: جەخت کردنەوەی بەردەوام لە پەروەردەی ئیستێتیکی و هونەری بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و تەنیا بە قۆناغێکەوە ناوەستێتەوە، بۆیە

پێویسته پەروەردەی گشتی وەربگرێت.

دووەم: تەنیا پەروەردەکردنی ئیستێتیکی و هونەری بەس نییە، ئەگەر منداڵ بە پراکتیزە بەشداری تێدا نەکات، لەوێوە بینین و بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو سەبارەت بە سروشت و گونجاندنی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا، لەمیانی پراکتیزەوە پەروەردەی بەها مرۆییەکانیش وەردەگرێت.

سێیەم: پەروەردەی بەهرەی هونەری بە پەروەردەی گشتی دەبێتە خولقاندنی داهێنان، پەروەردەکردنی هەستەکانیش پەروەردەی بینین و ڕوانین بەئەنجام دەگەیەنن، وەک خوێندنەوەی دەقەکان و بینینی نمایشەکان.

پەروەردەکردنی چێژی هونەری پشت بە خشتەیەکی ڕۆشنبیری دەبەستێت لەم خالانەدا:

یەکەم: گرنگیدان بە سەرچاوەی میللی ڕۆشنبیری وەک خوێندنەوەی چیرۆک و پێدانی زانیاری لەڕێی ئاخاوتنەوە.

دووەم: گرنگیدان بە نەریتە پڕ بەهاکان، چونکە لە بەخشینی چێژ بۆ منداڵان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن.

سێیەم: فەراهەم کردنی ڕۆشنبیری لەنێوان منداڵاندا، ئەوەش لەمیانی کردنەوەی کەناڵی تی ڤی تایبەت بە منداڵان، واتە ئاراستەکردن و پێدانی گوتاری ڕۆشنبیری.

گرنگترین بەودانی ڕۆشنبیریش لە بینین و ئەزموونی ڕاستەخۆوە دەکرێت، ئەوەش بە سازدانی گەشت و سەردانەکانە بۆ شوێنەکان و فراوان کردنی ئاسۆی زانیاریان، ڕەخساندنی کەش و دۆخی گونجاو کە تێیدا منداڵان بە سەربەستی پرسیار بکەن و وەڵامیان بدرێتەوە، سەرباری جوولە و یارییەکان کە قۆناغەکانی منداڵ پێویستییان بەو چالاکییە سروشتیانەیە، لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا ڕۆڵی گەورەکانە کە بە ئارامییەوە بەشداریان بکەنەوە لە هەموو ئەو شتانەی دەیبینن و کاریگەریی هەمەچەشن دەخەنە سەریان.

سەرچاوەکان:

١- كيف نفهم رسوم الاطفال؟ فيليب والون، ت: زهير جبور، پاشکۆی ڕۆژنامەی (الثورة) سوريا ٢٠٠٩.

٢- معنى رسوم الاطفال، هربرت ريد، ت: سميرة عبدالغني، قاهرة ١٩٩٧.

٣- تعبيرات الاطفال الفنية في الرسم، يحيى عبدالجبار، سايتی گوگل.

٤- المعاني الرمزية و دلالات النفسية في رسوم الاطفال، کۆمەڵێک شارەزا لە شیکردنەوەی نیگاری منداڵاندا، سایتی گوگل.

٥-سايكولوجية الابداع، د. احمد فخري، ثقافة و فنون ٢٠١٠.

٦-الابداع عند الاطفال و عوامل تنميته، حياتنا النفسية، محمود عبدالجبار ٢٠١١.

٧-سايكولوجية التذوق الفني عند الاطفال، منتدى الاحساء الثقافي، کۆمەڵێک مامۆستا ٢٠١١.

٨-مشاكل الاطفال المبدعين، منتديات شبكة الفنون التوثيقية، کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتی ٢٠١٠.

پێوەر و پێودانگی ڕاڤەی نیگاری منداڵانە

لە فارسییەوە: شیلان گەیلانی
(سنە)

مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە فێری نیگارکێشان دەبێت، بەڵام ئەو نیگارەی لە منداڵیدا دەیکێشێت لە گەورەسالیدا دەگۆڕێت؛ منداڵان هەر بە خۆڕسکی نیگارکێشن و گوێ نادەنە شێوە و شێوازی باو لە نیگارکێشاندا و چۆنیان بوێت وای دەکێشن و هەر هەموو هەست و نەستەکانیان دەخەنە دووتوێی نیگارەوە. نیگاری دەستکردی منداڵ گەلێک ساکار و جوانە و ژینی لێ دەچۆڕێت. ئەوان لەڕێی نیگارەوە قسەی دڵی خۆیان دەکەن.

بە هۆی لێکدانەوەی نیگارەوە دەکرێ لە کێشە و گرفتەکانی منداڵ تێبگەین؛ بزانین ئاخۆ فلانە منداڵ بۆ شەڕانییە و ئۆقرە ناگرێت و ئەوی دیکەیان بۆ هێمن و داسەکناوە؛ بە گشتی لەڕێی نیگارەوە دەتوانین لە کەسایەتیی منداڵ حاڵی ببین. هەڵبەت هەموو جارێکیش ناتوانین لە ڕاز و ڕمۆزکی دنیای نیگاری منداڵانە تێبگەین.

ئەسکەندەر لیبەرمەن دەڵێت: "ئەگەر بمانتوانیبایە گشت نیازێکی دڵمان بخەینە دووتوێی وشەوە ئیتر پێویستیمان بە نیگار نەدەبوو." کەواتە بە هۆی ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەو نیگارەوە کە منداڵ دەیکێشێت، دەتوانین لە خواستە شاراوەکانی تێبگەین.

منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵانەوە بە شێوەی خۆی دەست دەکاتە نیگارکێشان؛ بۆ خۆی کاغەز خەتخەتی دەکات؛ بەو قۆناغە دەڵێن قۆناغی هێڵهێڵی؛ وردەوردە فێری بازنە کێشان دەبن و بەو کارە خۆیان بە دنیای دەوروبەرەوە دەبەستنەوە؛ بازنەکێشانیش بناغەی هونەری شێوەکارییە.

دووەم قۆناغ تەمەنی سێ هەتا پێنج ساڵانە؛ منداڵ لەو

تەمەنەدا پێی خۆشە ئەوەی دەیبینێت یەکەوەل بیکێشێت. جار جاریش بیری لێ دەکاتەوە داخوا وێنەی چی بکێشێت. لەو قۆناغەدا ئەو کەس و شتانە دەکێشێت کە دڵی پێیان خۆشە؛ دایک، باخچەی حەوشە، هیوا و ئاواتەکانی، وێنەی ئەو خوشک و برایەی وا هێشتاکانێ نییەتی، کایەکلێکانی، جار جاریش نیگاری دەموچاوێک دەکێشێت؛ بازنەیەک و دوو خاڵ و خەتێک، لەشێک و دوو لاق و دوو دەست، ئەوە بوو بە وێنەی مرۆڤێک.

لەو قۆناغەدا کارتۆن و تەلەڤزیۆنیشی پێ خۆشە؛ ڕەنگە کەسایەتییە کارتۆنییەکانیش بکاتە نیگار.

لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە بە دەم گەشە و گەورەبوونییەوە نیگارەکانی ڕەنگ و شێوازی ڕاستەقینەتر دەگرن. جاری وایە بەشێک لە نیگارەکەی لێک نادرێتەوە، بەڵام هەتا دێت زیاتر ڕەنگی دنیای گەورەساڵان دەگرێت.

تایبەتمەندییەکانی نیگاری منداڵانە

– منداڵ بە هۆی نیگارەوە حەز و بێزەکانی خۆی دەدرکێنێت.

– ڕەنگ لە نیگاری منداڵانەدا دەورێکی هەرە گرنگی دەبێت، لەو قۆناغەدا نیگارەکانیان بە ڕەنگی سادە و ساکار دەڕەنگێنن؛ نیگاری ئەو تەمەنە هەر یەک ڕەهەندی هەیە، لەبەر ئەوەی منداڵ لەو تەمەنەدا ئەقڵی بە هەر سێ ڕەهەندەکە ناشکێت.

– ڕوونبینی لە نیگاردا لە پێنج ساڵانەوە تا هەشت ساڵان بەردەوامە، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا حەزی لە پەردەپۆشی و لەمپەر و ئاستەنگ نییە، کە شتێک دەکێشێت بەر و پشت و هەناوەکەی هەرهەمووی دیارە؛ دیوار بێ ڕەنگە و پشتەوەی دیارە، بۆیە بە نیگاری ئەو تەمەنە دەڵێن ڕوونبینانە؛ کە نیگاری خانوویەک دەکەن، کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکەیشمان لێوە دیارە. کە نیگاری دایکێکی دووگیان دەکێشێت، وەها دەیکێشێت کە منداڵەکەی ناوسکیشی دیارە.

منداڵ وێنەکان ڕاست بە شوێن یەکدا دەکێشن، بەبێ ئەوەی وێنە پێشووەکە بشارێتەوە. منداڵ لە ئاسمانەوە بۆ دنیا دەڕوانن، لە شێوازی نیگارەکەیاندا دیارە.

نیگاری منداڵانە و چەمکە هاوبەشەکانی

بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونشیکارییەوە نیگاری منداڵ شی بکەینەوە، ناکرێ لەسەر یەک نیگار بڕیار بدەین. پێویستە چەند نیگارێکی بدرێتە بەر زەین و لێکدانەوە، هەتا بۆمان دەرکەوێ منداڵان چەند خاڵی هاوبەشیان هەیە.

وێنە هاوبەشەکان: ماڵ و خانووچکە لەو نیگارانەیە کە هەموو منداڵان دەیزانن. ئەو منداڵانەی هێشتا پێنج ساڵانیان نەبڕیوە بە شێوەی چوار سووچ و لاکێش دەیکێشن، بەڵام ئەوانەی پێنج ساڵانیان بڕیوە چوارگۆشەیەک ڕەسم دەکەن و سێ گۆشەیەکیش دەکەنە سەربان بۆی. کە گەورەتریش دەبن بۆ خانووەکەیان پەنجەرە و پەردە و باخچەش دادەنێن و دەیڕەنگێنن.

خانوو ناوەندی خۆشەویستییە و منداڵ، یان دڵی پێ خۆشە، یان ڕقی لێ دەبێتەوە، ئەگەر منداڵ خانوویەکی جوان و ڕێکوپێک لەتەک دەرگا و پەنجەرەی گەورە و پەردەی ڕەنگامە و دار و باخچە ڕەسم بکات، دیارە ژیانێکی خۆش و دامەزراوی هەیە. بە پێچەوانەوە ئەگەر منداڵێک خانوویەکی بێ دەرگا و پەنجەرە و بێ حەوشە و بێ دار و گوڵ و دوورەپەڕ وێنا بکات، بە پێی تەمەنی واتای جیاوازی هەیە؛ ئەگەر ئەو نیگارە منداڵی تەمەن پێنج تا هەشت ساڵان ڕەسمی کردبێت، ئەو منداڵە شەرمن و فەقیرحاڵە و زۆر دایکانییە و هەر بە شوێن دایکییەوەیە، ئەگەر ئەو وێنەیە منداڵی سەرەوەی هەشت ساڵان ڕەسمی کردبێت، منداڵێکی شەرمن و خۆبەکەمزان و نەپەرموەوە، لە هەرزەکاریشدا هەڵسوکەوتی خۆمانە و ئاسایی نییە و لە خەڵک دوورەپەرێزی دەکات.

چەمکی هەتاو

خۆر بە هۆی درەوشانەوە و ڕووناکییەکەیەوە لە ئاسمان، سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێ، هەر بۆیە لە نیگاری هەموو منداڵێکیشدا دەیبینین. ئەم وێنەیە مایەی گەرمیی ژیان و خۆشی و هێز و توانایی و ئارامییە، لێکۆڵەران گوتەنی باوکێکی بەسۆزە.

کاتێک وێنەی هەتاو بازنەیەکی تەواو بێت و ببریسکێتەوە، ئەوە نێوانی ئەو منداڵە لەتەک باوکەکەیدا خۆشە، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر وێنەی هەتاوەکە لە پشت چیاکەوە بێت و ڕووناکییەکەی دیار نەبێت، ئەوە

بەینی باوک و منداڵەکە باش نییە، ئەگەر منداڵێک باوکەکەی بەردەوام سەرکۆنە و چاوترسێنی کردبێت، ڕەنگی هەتاوەکەی سوورێکی تێر، یان ڕەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێیە.

چەمکی دار و درەخت

ڕەسمی دارودرەخت باشترین بابەتە بۆ ناسینی کەسایەتی و هەڵسوکەوتی منداڵان. شێواز و چۆنیەتی نیگاری دار لە شیکردنەوەدا باری چاکی و نالەباربیان دەخاتە ڕوو.

دەروونناس چەمکی درەخت دەکاتە سێ بەشەوە:

١- ڕەگوڕیشەی دار، ٢- قەدی دار، ٣- لق و گەڵاکانی، کە هەر یەکە و بە جیاواز کەسایەتیی منداڵ دەردەخەن.

ڕەگ و بنی دارەکە ئەرکی خواردنی لە ئەستۆیە، ئەگەر منداڵ بە زەقی بیکێشێت، نیشانەی گوشاری ڕوحی و کزییە لە هەست و نەستیدا. قەدی داریش نیشانەی خۆڕاگری و بەرگەگرتنە.

لق و گەڵاش، نیشانەی هاودەنگی و پێوەندییانە لەگەڵ دنیای دەرەوە. قەدی دار لە نیگاردا، یان کورتە، یان درێژ. منداڵی پێش قوتابخانە داری درێژ ڕەسم دەکەن، ئەگەر دوای قوتابخانەش هەر درێژ ڕەسمی بکەن، نیشانەی ئەوەیە کە کاڵفامە و حەزی لە تەمەنی پێش قوتابخانەیە، ئەگەریش قەدی دارەکە کورت بێت نیشانەی ئەوەیە، ئەو منداڵە لووتبەرز و فیزنە. کە لار و خوارووخێچیشی کێشا، نیشانەی دوودڵی و دەمدەمی مەزاجییە و دیارە ناتوانێت لەسەر بواڕێک بەردەوام بێت.

چۆناوچۆن ڕەسم کردنی لق و گەڵایش، شێکردنەوە و ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرێت؛ ئەگەر لە نیگارەکەیدا لقەکان یەک چەشن و ڕێکوپێک بن، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو منداڵە زۆر هەمییە و گرنگی بە حەز و خواستەکانی نادات و لەسەریان سوور نییە.

بە پێچەوانەوە ئەگەر لقەکان زۆر لاروگێڕ و شپرزە بن، ئەوە ئەو منداڵە بەدفەڕ و نەسازە.

گەڵا لە نیگاردا

ئەگەر لە نیگارەکەیدا گەڵاکانی ڕێکوپێک و جوان کێشابێ، دیارە ئەو منداڵە زوو لە قسە حاڵی دەبێت و ئاسانیش تێکەڵ بە خەڵک دەبێ، ئەگەر گەڵاکان شەوقێکی کەسکیان پێوە دیار بێت، ئەوە ئەو منداڵە بەسەر ژینگەکەی و منداڵەکانی دەوروبەریدا زاڵە.

وێنەی خەزەڵوەر و گەڵای هەڵوەریو

ئەو دیمەنە زیاتر هەرزەکاران دەیکێشن، نیشانەی شەرمی و تەنیایی و دڵساردی و سەرلێشێواوە، بێجگە لەوانەی باسم کردن، ئەو ڕەنگانەش کە منداڵ لە نیگارەکەیدا دەکاریان دەخات، هەر کامێکیان ڕاڤەی تایبەت هەڵدەگرن.

منداڵ بە گوێرەی تەمەن و بەهرە و ئەو پەروەردەیەی پێی دەدرێت، بۆ هەر بابەت و سەرەباسێک، جۆرە نیگارێک دەکەن؛ ناشێت دایک و باوک وا بزانن نیگارکێشان کارێکی خەسار و بێ سوودە؛ دەبێت وریا بن نەکا بەهرە و توانایی منداڵەکەیان کوێر بکەنەوە.

دایک و باوک چ بکەن بۆ ئەوەی کانیاوی بەهرەی منداڵەکەیان لە بواری نیگارکردندا بتەقێتەوە؟

* کەشێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی لە ماڵەکەیاندا بخوڵقێنن.
* منداڵەکەیان فێری تەکووز و ڕێکوپێکی بکەن.
* وەخت و بێ وەخت سەرکۆنەی نەکەن.
* هانی بدەن و دەستخۆشانەی لێ بکەن.
* با دایک و باوک حەزی دڵی خۆیان بەسەر منداڵەکەیاندا نەسەپێنن و لێ بگەڕێن با منداڵەکەیان بۆ خۆی جۆری بابەت و ڕەنگەکان هەڵبژێرێت.
* کە نیگارەکەی تەواو کرد، لێی بپرسن بزانن مەبەستی لە کێشانی ئەو نیگارە چی بووە و مەبەستەکەی لە سووچێکی نیگارەکەیدا بنووسنەوە.
* نیگارە هەرە باشەکانیان بۆ هەڵبگرن و بپارێزن.

سەرچاوە:

(عبدالرضا صرافان، روانشناسی کودکان، ٢٠٠٥، ل١٧٠).

کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە

سەباح عەلی جاف
(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردەی کەلار)

ئێستا کوردناسی وەک بابەتێکی گرنگ لە ناوەندە ئەکادیمی و بەشە جیاجیاکانی زانکۆکاندا گرنگی پێ دەدرێت و بابەتێکی زیندووە وەک لقێک لە ڕۆژهەڵاتناسی، نووسەر و وەرگێڕە کوردەکانیش لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو زۆرتر و چڕتر بایەخیان بەم زانستە داوە و چەندین هەوڵ لەم ڕووەوە دەبینرێت بە ئامانجی ئاشناکردنی خوێنەر و نەوەی نوێ لەم ڕووەوە یەک لەو هەوڵە سەرەتاییانەیش بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی ئەدیب و وەرگێڕ خوالێخۆشبوو شوکور مستەفایە و ئەم بەرهەمە (کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە) دەکرێت لە بواری کوردناسیدا خوێنەری کورد سوودی لێ ببینێت.

ئەم بەرهەمەی وەرگێڕ کە لە نامیلکەیەکی (٦٣) لاپەڕەییدایە، لە بەرگێکی ڕازاوەدا چاپ کراوە کە لە تورکییەوە کراوەتە کوردی و بەر لە بەرایی لەم بەرهەمەدا باس لەوە کراوە کە بڕێک گەڕیدەی ڕۆژئاوایی کۆن کە بە ڕۆژهەڵاتدا تێپەڕیون بە کوردستاندا ئاودیو بوون و زۆر شتی گرنگی پێوەند بە وڵاتەکەیان بە کوردستانەوە یاداشت کردووە کە سەرەڕای هەندێک هەڵە هەرچییەکیان نووسیوە لە کوردستان نامۆ نییە، هەر لەو چەند دێڕەدا هاتووە " جارێ لە پێشدا دەمەوێت هاووڵاتیان لە شتێک وریا بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە باری هەندێک سەرنجی ئەم گەڕیدانە لەمەڕ باووباپیرانمان ڕوون نین و تێیان ناگەین و جێی سۆ و گومان و دڵشکێنن " و هەر لەم ڕووەوە ئەم کارەی گەڕیدەکان بەو شێوەیە دەبینێت کە نابێت هەر بۆ ئارەزوو و مێژوو و زانست کاری ئەوان تەماشا بکەین، بەڵکو دەبێت بۆ بیرکردنەوە بێت لە ڕابردوو و دۆزینەوەی ڕابردوومان بێت بە شێوەیەکی دروست، هەندێک لەو گەڕیدانە وەک (دێلاڤال) لەمەڕ کورد و (ڤۆڵنێی) لەمەڕ عەرەب و (نیبور) لەمەڕ هەر دوو نەتەوە بڕێک سەرنج و بڕیاریان بێ لایانانە یاداشت کردووە و هەر لەو چەند دێڕەیشدا ئەوەیش دەخاتە ڕوو کە سەرەڕای ئەوەی دەقەکانی وەک خۆی کردووە بە کوردی، بەڵام هەندێک جار وای پێویست کردووە کە ڕوونکردنەوە و زانیاری پێویست بخاتە ڕوو.

لە بەرایی ئەم بەرهەمەدا (کورد و

کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە) باس لە پێوەندی مێژوویی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلآت دەکات کە بۆ سەردەمی لە دایک بوونی عیسا و پێش ئەویش دەگەڕێتەوە و لەم کورتە توێژینەوەدا تەنیا باس لەو یاداشتانە کراوە کە لەسەردەمی کۆن و ناوەندا نووسراون، چونکە دەقی فرە کۆن زۆر کەمە، بێجگە لە ئاناباسیسەکەی گزنەفۆنی یۆنانی کە ٤٠٠ سالآ پێش لە دایک بوونی عیسا بە دە هەزار سوارەوە بە خاکی بۆتاندا گەیشتوونەتە ولآتی کاردۆکان. هەر لەم بەراییەدا باس لەوە دەکات کە ڕەنگە کاردۆخییەکان کورد نەبن و گورجی بن و ڕەنگە باپیرە گەورەی کوردەکان کێرتین kyrrten، سەرەتای پێوەندی نێوان ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا لەگەلآ شەڕی خاچپەرستەکاندا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستی پێ کردووە کە مەسیحیەت و ئیسلام پێکدا هەلآپژان و ئەورووپای مەسیحی خاکی فەلەستین و سوریایان لە عەرەبی موسلآمان دەویست و عەرەبیش ئەو هێزەی حەوت سەدەی پێشوو نەبوون کە فتوحاتیان پێ دەکرد و ئەو دەمە تورکە سەلجووقییەکان و زەنگییەکان ئەو سەر زەمینەیان بەش کردبوو، بەلآم لە سەرەتای نیوەی سەدەی ١٢ـەوە کوردە ئەیووبییەکان بە سەرکردایەتی سەلاحەددینی ئەیووبی و ئەوانی دوای خۆی خاکی موسلآمانی لە دەستی خاچپەرستەکان پاراست و بەم شێوەیە کورد و تورکەکان وەک پرۆفیسۆر ڤ. مینۆرسکی دەلآێت خاکی موسلآمانان و قودسیان پاراست لە خاچپەرستەکان و بەم شێوەیە ئەم سەردەمە دەرگەی خستە سەر پشت لەم ڕووەوە.

کورد هەر وەنەبێت تەنیا بە سەرکردە و سەرباز خزمەتیان بە ئیسلام کردبێت، بەلآکو بە زانست و زانیاریش خزمەتیان کردووە بە جیهانی ئیسلامی وەک ئیبنولئەسیر و ئیبنوخەلەکان، بێجگە لەمەیش ئەمان چەندین مزگەوت و قوتابخانەیان لە میسر و سووریایش دروست کردووە.

بەشێکی دیکەی ئەم بەرهەمە تەرخان کراوە بۆ باری مێژوویی و کۆمەلآیەتی لە سەردەمی نوێدا و ئەم تابلۆیانەی کە نیگاری دەکێشین بۆ سەدەی ١٥ دەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئەو کاتەی ئەورووپا بە سەردەمی ڕێنیسانسدا تێپەڕ دەبوو، ئەمەیش وای کرد کە پێوەندی ڕۆژئاوا لەگەلآ ڕۆژهەلآت دەست پێ بکاتەوە، ئەوە بە هۆی یەکەم گەڕیدەی ئەورووپای سەدەی نوێ (مارکۆپۆلۆ)وە، هەر ئەمەیش دەبێت بە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، ڕۆژهەلآت ئەو کات لە تاریکی و نەزانیندا دەینالآند و سولآتانە عوسمانییەکان وەک شا سەفەوییەکان، بێجگە لە هەندێک ئاسەواری میعماری گوێیان بە زانست و ئازادی و سەربەخۆیی نەداوە، هەر لەو سۆنگەیەوە هەندێک لە گەڕیدەکان بە چاوێکی سووکەوە ڕوانیوبانەتە سەرانسەری ڕۆژهەلآت.

نابێت لەمە زوبر بین و دەبێت هۆیەکەی بزانین کە هەندێک گەڕیدە هۆیەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە "عەرەب بیابانگەڕ و تەمەلآن و کورد جەردە و ڕێگرن و تورک تەنگەتێلکە و تووڕەن" و وەرگێڕ دەنووسێت بە ڕاستی ئەوانەی ناوی کوردیان بە خراپ ناوزەد کردووە کارگێڕ و هەمکاری تورک و عەجەمن و ئەو ناوزڕاندنە کە هەندێک گەڕیدە بێ پاک و پیس بەکاریان هێناوە کارێکی دووڕە لە زانست و ئەقلآ، چونکە دزی و ڕێگری لە ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوایش هەبووە، یان کە عەرەب بۆ بازرگانی بە کوردستاندا تێپەڕ بوون کە شاخ و تەنگەبەریان دیوە و کە بە زستان هاتوون هەر بە زگماک ترساون و بێ ئەوەی کەس ڕێگرییان لێ بکات دلآیان کرمێ دەبوو و دەترسان. شوکور مستەفا دەنووسێت لە هیچ گەڕیدەیەکم نەبیستووە و نەمخوێندووەتەوە بنووسێت لە کوردستان ڕووت کراومەتەوە و وەک (ئارشاک سافرستیان) نووسیویە لە بوختان و ناوزڕاندن زیاتر هیچی دیکە نییە، بەلآم نابێت ئەوە لەبیر بچێت کە پاش ڕووخانی دەولآتی ئەیووبی کوردستان لەتوپەت کرا و بوو بە چەندین میرنشین کە ئەو میرانە بۆ خۆپاراستنی خۆیان لە دوژمنان، بە تایبەت مەغۆل و عوسمانی و سەفەوی کەوتنە خۆ و بۆ خۆپاراستن زۆرێکیان دایانە پالآ عوسمانییەکان و هەندێکی دیکە دایانە پالآ سەفەوی.

میرە کوردەکان کە سەربەخۆ دەبوون دەستیان دەکرد بە دامەزراندنی شارستانیەتی خۆمالآی و (ئەولیاچەلەبی) لە سەدەی ١٧دا ئەو ڕاستییەی بە جوانی بۆ یاداشت کردووین و ئەگەر کورد لەو دوو زلهێزە یاخی بوایە، ئەوە ئەوان بە یاخی و ڕێگر کوردیان ناوزەد دەکرد و ئەولیا چەلەبی زۆر بە ڕوونی باسی ئەو پێشکەوتن و شەڕ و شۆڕەی ئەو کات دەکات.

زۆربەی کورد لە ڕووی

کۆمەڵایەتییەوە لە سەروبەندی ڕێنیسانسدا نیشتەجێ بوون کە زۆربەیان ڕەوەند بوون کە ڕەوندی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی زۆرتر بوون و شارەکان ڕەوند و نیوە ڕەوندیان بە چاوێکی سووک سەیر دەکرد و لە هەمووی سەیرتر لە ڕۆژهەڵات کوردی ڕەوەند و شارنشینیان بە ڕەوەند زانیوە و لەوەیش زیاتر کوردیان بە درۆ و یاخی و ڕێگر کە ئەم تێڕوانینانە زۆر مێژینەن، وەرگێڕ لەم ڕووەوە نموونەیەک دەهێنێتەوە کە تەبەری مێژوونووسی گەورەی موسڵمانانی سەدەی ١٦ ی کوردی بە (ڕەوەندی عەجەم) نووسیوە کە ئەمە لە دوو ڕووەوە هەڵەیە لە لایەک تەبەری بڕێک تیرەی دیکەی وەک (بلوج و دەیلەم و قورجی) بە کورد داناون و لە لایەکی دیکەوە کوردە نیشتەجێکانی گوند و شارەکانی لە یەک جیا نەکردووەتەوە، لە کاتێکدا لە فتووحاتی ئیسلامیدا چەندین شاری کوردنیشین هەبوون وەک (کرماشان، شابور، کوارت و هەمەدان) و وەرگێڕ دەنووسێت ئەم پێشەکییە بۆ ئەوەیە کە هەڵە و نێتی گەڕیدەکان بزانین و نرخیان بۆ دابنێین و لێرەدا گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان باس دەکەین کە بە کوردستاندا تێپەڕبون.

ئەو گەڕیدانەی کە لەم بەرهەمەدا هاتووە بریتین لە (بازرگانێکی بێ ناوی ڤەنەدیکی، میستەر ئافۆتس، پیترۆ دێلاڤال، تاڤێرنەر، تێڤێنۆت، چاردین، کریستین نیبۆر) کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ و ١٨ دا ژیاون کە بە ڕەگەز ئیتاڵی و پورتوگالی و ئەڵمانی... بوونە کە هەندێکیان بە کۆرتی و هەندێکیان بە درێژی لەسەریان دواون بەم شێوەیە:

یەکەم: گەڕیدەکانی سەدەی ١٦:

(١) بازرگانێکی بێ ناوی ڤەنەدیکی: ئەم گەڕیدە بێ ناوە ئیتاڵییە لەسەردەمی شا سمایلی سەفەوی لە سەدەی ١٦دا بە کوردستاندا تێپەڕ بووە، بێ ناو لە یاداشتەکانیدا بە کورتی وەسفێکی کۆشک و تەلارەکانی میری بەدلیس دەکات، هەروەها دەنووسێت شا سمایل هێرشێکی بردووەتە سەر ئەو میرە، بەڵام دواجار بۆ شارێکی دیکەی عوسمانی کشاندوویەتییەوە.

(٢) میستەر ئافۆنس: ئەم گەڕیدە پورتوگالییە کە لە ساڵی ١٥٦٥ ز لە گەشتێکی هندستاندا بە کوردستاندا بە بەدلیسدا تێپەڕ دەبێت و وەسفێکی کورتی ئەو ناوچەیە دەکات، لەوەی کە لەسەر شاخێکی بەرزە.

دووەم: گەڕیدەکانی سەدەی ١٧:

١- پیترۆ دێلاڤال: ئەم گەڕیدە ئیتاڵییە لەسەرەتای سەدەی ١٧دا سەرانسەری ڕۆژهەڵات گەڕاوە بۆ ئارەزوو و یاداشتەکانی بە نامە بۆ دۆستێکی لە ئیتاڵیا نووسیوە، وەرگێڕ دەنووسێت ئەوەی کە دیومە لاوەکین، بەڵام تا بڵێیت بە ڕاستگۆیی و ئەم گەڕیدەیە لەمەڕ لایەنی تەندروستی و هەژاری خەڵکی نووسیوە.

ئەو کاتەی کە لە ئەستەنبوڵ دەبێت خانی بەدلیس دەبینێت و ئەو دیمەنانەمان بۆ تۆمار دەکات کە خان هاتووە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەوییانەی کە لێی وەرگیراوەتەوە، سەردەمی سوڵتان ئەحمەد تورک و عەجەم لە شەڕێکی قورسدا بوونە و خانی بەدلیسیش کە بە هێز بووە و سوڵتان داوەکانی بۆ جێبەجێ کردووە لەبەرانبەریشدا سوڵتان سوپایەکی بۆ شەڕی سوڵتان ئامادە کردووە و دێلاڤال ئەو ڕووداوە بە جوانی دەگێڕێتەوە.

دێلاڤال لەساڵی ١٦١٦ ز دەچێتە بەغدا و بە خراپی هەندێک شت لەسەر عەرەب باس دەکات و لەوێ کێژێک بە ناوی (مەعانی) دەناسێت و دەیهێنێت کە دەنووسێت باوکی ئەم کچە لە ئاسووریەکانی سوریا دەبێت و لەشەڕ و هەرایەکدا لە ماردین کوردەکان دەیکوژن، دێلاڤال و مەعانی و ژنە شیرینەکەی و چەند نۆکەرێک لە بەغداوە بەڕێ دەکەون بۆ کوردستان بەسەر (قەسری شیرین و جەنگی قۆناخ "زەنگ ئاباد " و هارووڕن ئاباد و پردی زەهاو سەعد ئاباد...) دەگەنە هەمەدان و دێلاڤال لەبارەی قزڕەبات دەنووسێت " دوا قۆناغی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە " و بەم شێوەیە باس لەو گەشتەی دەکات بە کوردستاندا کە میرە کوردەکە ناوی ئەحمەد، یان محەمەدە و کوردێکی زۆری لێیە و لە وەسفێکی قەسری شیریندا باس دەکات لەوەی کە ژن و پیاو لێرە تێکەڵن و کوردان بە بار خواردەمەنییان دەهێنا و لە زەنگ ئابادا بەفر تێدەکات، دێلاڤال باس لە کوردەکانی ئەوێ دەکات کە سەرۆکەکەیان ناوی سوڵتان کازم بووە و لەوێ بەفرێکی زۆر دەبارێت.

لەگەشتەکەیاندا دێلاڤال و ژنەکەی دیدەنی ژنێک دەکەن لە قەسری شیرین بە ناوی (خورەم سوڵتان) کە پیاوەکەی لەماڵ نابێت و خوانێکی کوردەواریانەیان بۆ ئامادە دەکات و لێرەدا ئەم گەڕیدەیە وەسفی دانیشتوانەکەی دەکات کە دەڵێت شارەکە لە شوێنێکی تەنگەبەردا بوو

که ناوی شیرین بووه و لەوێ شەوێ خواردنی خۆشیان پێ داین و ژن و پیاو بە جیا دادەنیشتن و خواردنەکە زۆر سادە و کوردەواریانە بوو، بەڵام زۆر گەرموگوڕ و شارستانیانە بوو، هەر لەم گەشتەدا دێلاڤال باسی شەوێکی دیکەمان بۆ دەکات لە شاری پردی شا بەفر لێیان تێ دەکات و بەهەمان شێوە لێرەیش خزمەتی زۆر دەکرێن و لەوەسفی کورداندا باسی دەکات " خەڵکەکەی تا بڵێیت پیاوی چاک و بە دەست و دڵ و نانبدە و جوامێر و شارستانین " و بەم شێوەیە ئەم گەڕیدەیە وەسفی زۆر شوێن و جێگە و خەڵکی کوردستان دەکات و بەجۆرێک باس لە جێگەی کورد دەکات کە کوردستان، یان زێد و نیشتمانی کورد ئێران لە تورکیا جیادەکاتەوە و هەر ئەم گەڕیدەیە باس لە زمانی کوردان دەکات کە جیاوازە لە عەرەب و عەجەم، بەڵام لە زمانی دەشتەکی فارسی نزیکە و لە وەسفی ژیانی ئابووریدا باس لەوە دەکات کوردەکان زۆربەیان شوانکارەن و بە ڕانە مەڕەکانیانەوە گەرمیان و کوێستان دەکەن و هەندێکی دیکەیان شارنشینن و دەسەڵاتدارەکانیان سەر بەهەردوو قەڵەمڕەوی ئێران و تورکیان و میرە بەهێزەکانیان هەندێک جار وەک چۆن میرەکانی ئێمە لە ئیتاڵیا دەیکەن سەربەخۆ دەبن، سەبارەت بە خانووەکانیان دەنووسێت کە خانووی ئەمان لە تورک و عەجەمان دەچن، بەڵام گەورە و فراوانترە و لە باسی پێگەی ژنیشدا دەڵێت " ژنەکانیان لە شارەکاندا سەربەخۆن، بەبێ پەچە و چارشێو دەگەڕێن و دەتوانن لەگەڵ پیاوی بیانی و نامەحرەمدا بێ پەروا یەکدی ببینن و قسە بکەن " و سەبارەت بە ئایین کورد سەر بە ئایینی حەزرەتی محەمەدن و بۆ دەسەڵاتداریش باس لەوە دەکات کە شاری دوو ئاوانی دیازینا "جزیر" بە دەست میرێکی کوردەوەیە و بەم شێوەیە، لە وەسفی مەسیحییەکانیشدا دەنووسێت " مەسیحییە کلدانییەکانی سەر بە مەزهەبی نەستووری و یاقووبی لەژێر دەستی کورداندان... ".

(٢) جین باپتیست تاڤێرنەر (١٦٠٥ - ١٦٨٩) ز: ئەم بازرگانە نەخشەی جوگرافیایی و قوماش و بەردی بەنرخی دەفرۆشت، لە سەدەی ١٧دا چەندین گەشتی بۆ ئێران و تورکیا و هندستان کردووە، ئەو نووسینانەی کە لەساڵی ١٧١٨ز بڵاوکراوەتەوە بە ناوی (شەشەم سەفەری ج ب تاڤێرنەر)، ئەم بازرگانە بە سێ ڕێگەی جودادا بە کوردستاندا تێپەڕ بووە:

أ- ڕێگەی مووسڵ کە بە هەولێر و دەشتی شارەزوور و قەسری شیرین و هەمەدان و لەوێشەوە بۆ کەنداوی عەرەب و هندستان.

ب- ڕێگەی بیرەجگ کە دەگاتە تەورێز و ئازربایجان و بەزۆری شارە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران دەگرێتەوە.

ج- ڕێگەی ئورفە کە بەسەر هەکاری و کوردستانی ناوەندا دەگاتە تەورێز.

تاڤێرنەر لە باسی کوردا قسەکانی ڕەقن بەو پێیەی کە پێی وایە کوردان لە قسان تێناگەن و ملهوڕ و دز و ڕێگرن و هەر بە سروشت ئاشقی ئازادی و سەربەخۆیین و ئازا و ئیشکەرن و لە وڵاتێکدا دەژین پڕە لە خێر و بێر، دواتر بە شێوەیەکی درێژتر باس لەو سێ ڕێگەیەی سەرەوە دەکات و وەسفێکیان دەکات بەم شێوەیە:

أ- مووسڵ عەرەب و مەسیحی لێ دەژین و شتێکی ئەوتۆ لە مووسڵدا نییە کە شیاوی دیتن بێت، ئەوەنەبێت کە ئەم شارە لە ڕووی بازرگانییەوە بە دەست کورد و عەرەبەوەیە و بازرگانە کوردەکان لە ئاسووری کۆن کە ئێستا کوردستانی پێ دەڵێن دەژین و لێرە (مازوو) زۆرە کە لە پیشەسازی بۆیەدا بەکار دێت و بۆ ئەوروپا دەنێردرا، تاڤێرنەر لە مووسڵ بازرگانێکی کورد بە کرێ دەکرێت و دەیکاتە سەرکاروانەکەی، ئەمەیش بە هۆی ئەوەی وەک خۆی دەڵێت " سەرەڕای ئەوەی ئەم خەڵکە بە تێکڕا دزن و پێویستە لە چاو غافڵ نەکرێن، ئەم بازرگانە کوردەم بە کرێ گرت، چونکە ئەمە پێداویستییەکی سیاسیانە بوو بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕ دەبووم " و لە وەسفی ئەم ناوچەیەدا باس لە شاخەکان و جوانی ئاو و سروشتەکەی دەکات و لە باسی شاری شارەزوردا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم شارە لە شارەکانی دیکە ناچێت و لە ناو بەردی سەختدا هەڵشاخاون و بە بیست پلەکانە بۆ ماڵەکان سەردەکەوێت و لە وەسفی خانووەکاندا ئەوە باس دەکات کە خانووەکان زۆر مەحکەمن، ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئەوە بێت تا لە دەستی عەرەب دوور بن و لە وەسفی سروشتەکەیدا دەنووسێت " تەنیا بە چیای دار مازووی جواندا ئاودیو دەبووین، ئەم وڵاتە پڕ بوو لە مامز و بەراز و کەڵەکێوی...تاد".

ب- ڕێگەی سیوەرەک - دیاربەکر - بەدلیس - وان - مەرەند -

تەورێز کە بەشێوەیەکی کورت باسێکی ئەو شارانە دەکات وەک ئەوەی کە سیوەرەک شارێکە کەوتووەتە ڕۆخی ڕووبارێک کە دەڕژێتە نێو فوراتەوە، دیاربەکر شارێکی گەورەیە وەک نیوە مانگێک لە ڕاستانی لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە هەڵکەوتووە و شووڕەکانی تا ناو ڕووبارەکە وەک شاخ داکشاون و لە دەرەوە ٧٢ بورجی بەدەورەوەیە و بەشێوەیەکی جوان وەسفی ئەم شارە دەکات. لە باسی شاری بەدلیسدا دێتە سەر باسی ئەوەی کە میری ئەم شارە بە لای کام لە سوڵتان و شادا بدات ئەوە دەتوانێت ڕێگەی حەلەب و تەورێز بگرێت و بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک ورد باس لە بەدلیس و ناوچەکە دەکات و تاڤێرنەر لە باسی مانەوەی لە واندا باس لەوە دەکات کە میر زانیویەتی فەرەنگێک لە شاردایە بە شوێنیدا دەنێریت و خۆی وتەنی حەزی بە دیداری گەورەکان نەبووە، چونکە دەبوو دیاری گرانیان پێ بدات، بەڵام بە ناچاری چووە کە دیاری باشی بە میر داوە و میریش لە بەرانبەردا دیاری پێ داوە، لە وەسفی شارەکانی دیکەدا چەندین بەسەرهات و دیمەنان بۆ تۆمار دەکات کە بەشێوەیەک ئەو شوێنانە بە جوان و کەیف خۆش وەسف دەکات.

ج- ڕێگەی جەزیرە - ئامێدی جولەمارک، سەڵماس - تەورێز بە هەمان شێوەیەی بەشەکانی دیکەیش لێرەیشدا وەسفی ئەو شارانەی دیکەیش دەکات کە کەوتوونەتە سەر ئەم ڕێگەیش کە جەزیرە بە شارێکی بچووک وەسف دەکات و مەڵبەندی کڕین و فرۆشتنی مازوو و تووتنی کوردستانە و ئەم شارە میرە کوردێک بەسەریدا حوکم دەکات و ئەو لە وەسفی مازووی کوردستاندا باس لە چاکی جۆرەکەی لە چاو شوێنانی دیکەدا دەکات "نیو کیلۆ مازووی کوردستان سێ هێندەی مازووی وڵاتانی دیکەیە "، بە هەمان شێوە وەسفی شوێنەکانی دیکەی کوردنشین دەکات لەم ڕێگەیەدا، تاڤێرنەر لە باسەکەیدا بە خراپیش باسی عەرەب دەکات کە لەو ڕێگایانە بینیونی.

٣- جین دی تێڤێنۆت (١٦٣٣ - ١٦٦٧) ز: ئەم گەڕیدەیە بۆ یەکەم جار لە ١٦٥٥ ز گەشتێکی ڕۆژهەڵاتی کردووە و یاداشتەکانی ئەم گەشتەی لە پێنج بەشدا بەسەر دێڕی (گەشتەکانی تێڤێنۆت) لە پاریس چاپ کردووە، دووەم گەشتی لە ١٦٦٣ ز دەست پێ کردووە و لەم گەشتەدا بۆ ئەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا ببینێت لە حەلەبەوە ڕاست بەرەو ئورفە بەرێ دەکەوێت و لەوێشەوە دەچێتە ماردین و مووسڵ و لەوێشەوە بە کەڵەک لە ڕێگەی دیجلەوە دەگاتە بەغدا و هەر لەوێشەوە بە ڕێگەی مەندەلی دەچێتە ئیسفەهان و لەوێشەوە بۆ هندستان.

ئەم گەڕیدەیە گەشتەکەی زۆر بە وشک برین باس دەکات و زۆرتر باسی ڕێگە و بانەکان دەکات و لە هەوڵێ بەهاردا لە ئورفەوە بۆ مووسڵ دەچێت و لەوێ هەندێک شوێنەواری کۆنەشار و کڵێسا و هەندێک هۆزی کورد و عەرەب دەبینێت و لێرەدا لەسەر هەندێک سەرەتاکانی ئیسلام سوودی زۆر وەردەگرێت، ئەو زانیارییانە زۆرتر بۆ بوونی مەسیحی بووە لەو ناوچەیەدا کە دەنووسێت پێش فتووحاتی ئیسلام لە ناوچەکانی ئورفە و مووسڵ و ماردین و نەسیبین مەسیحی بوون و بە زمانی سریانی قسەیان دەکرد، پاش هاتنی ئیسلام ئەم خەڵکە بە هۆی عەرەبەوە وردە وردە تواونەتەوە، ئەم ڕەگەز تواندنەوە لە لایەن کوردەکانەوە کە تووشی مەسیحییەکان هات لەسەردەمی میرنشینی مەروانییەوە بووە، تێڤێنۆت باس لەوە دەکات کە کاروانچییەکان بە شەوان هەندێکیان لەسەر کەڵەک و هەندێکی دیکە لەسەر وشکانی دەخەون و عەرەبەکان زۆر شارەزان بە دزی کردن لە بارەکان.

ئەم گەڕیدەیە سەبارەت بە کورد دەڵێت " کورد زۆر عاشقە چەک و سیلاحن، ژیانیان کەم و زۆر وە ژیانی عەرەب دەچێت... " و لە باسی سروشتی کوردستاندا باس لە چیاکانی کوردستان و جەنگەڵیان دەکات کە دارەبەن و داربەڕووی زۆرە.

٤- جین چاردین (١٦٤٣ - ١٧١٣) ز: ئەمیش قەڵەمچییەکی گەورە بوو، بەردی بە قیمەتی دەفرۆشت و لە ساڵی ١٦٦٤ ز ڕوخسەتنامەیەکی لە شای ئێرانەوە پێ دەگات و نێوانی لەگەڵ شادا زۆر باش بووە و گەشتی بۆ هندستان کردووە و زۆر لە ئێران بە تایبەت لە ئیسفەهان ماوەتەوە، ئەم گەڕیدەیە کە زۆر شارەزای ئێران بووە و نازناوی (شۆڤالیێی) هەبووە و دواتر یاداشتەکانی لە ساڵی ١٧١١ ز بە ناوی (گەشتەکانی شۆڤالیێی چاردین لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات) بە فەرەنسی چاپ کردووە، سەبارەت بە کورد هەندێک

تێبینی سەرپێیی باس دەکات و زانیارییەکانی زیاتر بیروباوەڕی جوولەکە و مەسیحییان پێ لێک داوەتەوە و تەورێزی بە ئەکبەتانی پایتەختی کۆنی میدیا و عیراقی عەرەبی بە بابل لە قەڵەم داوە و زۆر بە کورتی باسی کورد دەکات کە هەندێک جار کوردستان کلدییە.

سێیەم/ گەڕیدەکانی سەدەی ١٨:

١- کریستین نیبۆر (نیوەی دووەمی سەدەی ١٨): وەرگێڕاوەکەی بۆ ئەم بەرهەمە وەرگێڕاوەکەی بۆ ئەم گەڕیدەیە تایبەت کردووە و بە درێژتر لەوانی دیکە باسی کردووە، نیبۆر بە ڕەگەز ئەڵمانییە و زۆرتر زانیارییەکانی گشتگیرترە و یاداشتەکانی بە سەردێڕی (گەشتی عەرەبستان و ولاتە دراوسێیەکانی) بە ئەڵمانی چاپ کردووە و دواتر لە ساڵی ١٧٨٠ ز وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی.

نیبۆر لە هندستانەوە بە ڕێی کەنداوی بەسرەدا دەگەڕێتەوە. لە باشوور دیدەنی شیراز دەکات و دواتر بە کەرکووک و ئاڵتوون کۆپری و هەولێردا دەگاتە موسڵ و دواتر دەچێتە دیاربەکر و ئورفە و دواتر حەلەب، وەک خۆی باسی دەکات زۆر نەچووەتە شاری نێو شاخەکان و ئەوەی کە دیویەتی خەڵکی تێکەڵی موسڵمان و عیسایی بوون، ئەم گەڕیدەیە زۆر بە وردی شتەکان باس دەکات و زۆرتر لەسەر عیساییەکان دەدوێت و بۆخۆی کوردستانی ئێرانی نەدیوە و قسەکانی زیاتر پشتی بە دەماودەمی بەستووە و زۆرتر باسی کوردستانی عیراق دەکات و کە باسی کوردستانی باکوور دەکات ئەوە نەیدیوە، بەڵکو بۆیان باس کردووە و ئەم زۆر باش لە کێشەی نێوان میرە کورد و عوسمانییەکان تێدەگات و لەم ڕووەوە چەند نموونەیەکی بەرەنگاری میرە کوردەکان دەهێنێتەوە.

لێرەدا دەکرێت گەشتەکەی نیبۆر بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

(١) بەرهەمی هێنان: لە وەسفی بەرهەمی ئەو کاتی کوردستاندا باس لە بەرهەمی مازوو دەکات کە بە زۆری چووە بۆ حەلەب و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا و حەلوا لە جیاتی شەکر بەکار دێت، بێجگە لەمانە لۆکە و برنج و تووتن و تریێ و هەنجیر بەرهەم دەهێنرێت.

(٢) زمان: سەبارەت بە زمانی کوردی ئەوە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی میرەکان زمانی زگماکی خۆیان بەکار دێنن و دەڵێت ئەم زمانە سێ شێوەی هەیە (لە قەلاچۆلان کە قسەی پێ دەکرێت بەرەو فارسی، ئەوەی لە کۆیی پێی دەخاوتن مەیلەو کلدانییە، ئەوەی لە تورکیا پێی دەخاوتن مەیلەو تورکییە "، بەڵام وەرگێڕ ئەمە بەهەڵە دەزانێت، چونکە پێی وایە کە ئەم گەڕیدەیە ئەمانەی لە قەشە گارزۆنییەکانەوە وەرگرتووە کە قەشە گارزۆنی لە ساڵی ١٧٨٧ ز بە فەرمانی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی کتێبێکی بە ناوی (ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی) نووسیوە کە یەکەم کتێبە لە ڕووەوە، بەداخەوە هەڵەی زۆری تێدایە.

(٣) کارگێڕی و سیاسی: کوردستانی قەلاچۆلان ناوچەیەکی گەورەی سەر بە سوڵتانی عوسمانییە و پاشا کوردەکان وەک پاشا تورکەکان سەیر ناکرێن، پاشا کوردەکان لە کێبەرکێدان بۆ بەدەست هێنانی پلە و دەسەڵات، بەمەیش بەردەوام لە ملمڵانێدان، لە درێژەی فەرمانڕەوا و میرە کوردەکانی دیکەدا باس لەوە دەکات کە میرە بچووکەکانی دیکە سەر بە پاشای بەغدا نین و سەربەخۆ و ئازادن، ئامێدی قەڵایەکی بچووکە کە پاشایەکی هەیە بە ناوی بەهرامە و لە بنەماڵەی بادینانە و لەم باسەدا باسی دەسەڵاتداریەتی زۆر میری دیکەی کورد دەکات وەک (بایەزیدیش پاشایەکی هەیە، هەولێر و ئاڵتوون کۆپریش بەدەست پاشا کوردەکانەوە بوونە،فەرمانڕەوای نسیبین میرە کوردێکی سەر بە تورکە، نیبۆر جەزیرەی نەدیوە کە سەر بە میری بۆتانە، لە بارەی میدیاتەوە باس لەوە دەکات کە چیای میدیات، یان چیای تۆر بە زۆری کورد و ئێزدی لێ دەژین و هەموویان بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

(٤) نیشتەجێ بوون: لێرە ئەوی پێی بوترێت شار و نیشتەنی نییە، تەنانەت قەلاچۆلانیش شارۆکەیەکی خراپە، لە بەشی باشووری کوردستان شوێنێک هەیە شاهرەزوور (شارەزوور)ی پێ دەڵێن و گوڵعەمبەر مەڵبەندێک بووە لە نێوان کۆیە و کەرکووکدا، بێجگە لەمەیش ناوی هەریەکە لە (بازیان، مەرگە، دوین، بلباس، ڕەواندز...تاد) دێنێت، ناوی دیاربەکر کە ناوی کۆنی ئامادە ژمارەی دانیشتوانی ملیۆنانە، یان سەد هەزارە کە بەلای نیبۆرەوە هەر سەد هەزارە و ئەم شارەی لە ڕووی گەورەییەوە بە شارە گەورەکانی ئەوروپا چواندووە و بە شێوەیەکی جوان وەسفی ئەم شارە دەکات کە شارەکە پڕە لە خەڵک و قەرەباڵغە.

٥- ئایین و مەزهەب: موسڵمانەکانی شاری مووسڵ هەموو سونی مەزهەبن، ئێزدییەکان کوردن و بێ ئەوەی کەس توخنیان بکەوێت لەسەر ئایینی کۆنی خۆیانن، هەرچی مەسیحییە نەستووری و یاقوبییەکانن ١٢٠٠ خێزانن، موسڵمان و مەسیحییەکان بەیەکەوە بە بێ کێشە دەژین، ماردین سێ هەزار ماڵێک دەبێت، ئەمانە ٣/٢ موسڵمانی سونی مەزهەبن و ٣/١ یان مەسیحی یەعقووبین، خەڵکی دیاربەکر لە ٢٥٪ی مەسیحییە و ئەوی دیکەی موسڵمانە.

٦- هۆزەکانی کورد: هۆز و عەشرەت و بنەماڵە بەناوبانگەکانی چیای شەنگال (گاباری، شێخانی، دژانەوی، خارکێ، دەننەدییەکان) یەکەم و دووەمی ئەو هۆزانە موسڵمانن و ئەوانی دیکە ئێزدین و زۆربەی ئێزدییەکان لە ئێزدییەکانن، نیبۆر سەبارەت بە عەشرەت و خێڵە ڕەوەندە کوردییەکانی جەزیرە باس لەوە دەکات کە هۆزە گرنگەکانی کورد لەم هەرێمەدا بە خێوەتەکانیانەوە بەردەوام لە کۆچڕەودان و هۆزە بەهێزەکانیان (کیکی، میللی، سادیالی، مووسەیان)، بێجگە لەمان عەشرەتی (تەی) عەرەب دەژین، یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەم گەڕیدەیە ئەوەیە کە نەخشەیەکی کێشاوە و ناوی هۆزەکانی تێدا خستووەتە ڕوو.

بەم شێوەیە ئەم گەڕیدەیە باسی زۆر شاری دیکەی کوردستانی وەک ئورفە و حەلەبی کردووە و لە زۆر شتان دواوە و لەو ڕێگەیەدا کە لە نێوان ئورفە و حەلەبدا تووشی سوارەیەک و سێ پیادە دەبێت و ئەو ڕووداوەمان بۆ تۆمار دەکات کە بە قسەی ئەو، ئەو کەسانە ویستوویانە ڕووتیان بکەنەوە، بەڵام وەرگێڕ لەمە بە گومانە و پێی وایە کە نیبۆر هەر بۆ خۆی ئەوەی دروست کردووە، وەک خۆیشی دەنووسێت " ئەم جۆرە ڕووداوانە لە ئەوروپایشدا زۆر ڕوو دەدەن و خۆ وەنەبێت شتێکی سەیر بێت "، هەر لەم ڕووەوە باس لە چەند لیستێک کراوە نیبۆر لای بووە ناوی چەندین هۆزی ئەو ناوچانەی تێدا بووە کە ئەم لیستانە سەرەڕای کورتی دەکرێت بە سوود بێت لە بوونی ناوی چەند هۆزێک.

وەرگێڕ وەک خۆی دەڵێت بە هۆی باسی دیاربەکر و کوردستانەوە ئەوەی کە (فۆن هامەر) لە مێژووی عوسمانیدا لەسەر کورد نووسویەتی بیکات بە کوردی کە باسی مەلا ئیدریسی بەدلیسی و کارەکەی دەکات بۆ کۆکردنەوەی کوردەکان لە دژی شای سەفەوی و کوردەکان ئەو ئاواتەی سوڵتان سەلیم بەدی دێنن و پاش شەڕی چاڵدێران کوردەکان دژی سەفەوییەکان ڕادەپەڕن لە زۆر جێگەدا، بەم شێوەیە بە درێژی وەرگێڕ ئەو باسەی فۆن هامەری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و باسی لە دیاربەکر و پێکهاتە و ژیانی خەڵکەکەی کردووە، لەگەڵ خستنە ڕووی هەندێک پەراوێزدا.

بە گشتی ئەم بەرهەمەی وەرگێڕ شوکور مستەفا (کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە) دەکرێت وەک بەرهەمێکی بە سوود سەیر بکرێت و خوێنەر لە بابەتی کوردناسیدا سوودی لێ وەربگرێت.

سەرباری ئەم کارە جوانەی وەرگێڕ، بەڵام خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەدا هەندێک سەرنجی لا دروست دەبێت کە دەکرێت هەندێکی بخەینە ڕوو لەوانە بەداخەوە ئاماژە بە سەرچاوە ئەسڵییەکە نەدراوە کە بەرهەمەکەی لێوە وەرگێڕراوە، واتا ناو و ناوونیشان، هەروەها وەرگێڕ زۆر جار تێبینی و بۆچوونەکانی خۆی تێکەڵی بابەتە وەرگێڕاوەکە کردووە کە خوێنەر سەری لێ دەشێوێت لەو ڕووەوە کە دەکرا لە پەراوێزدا ئەو تێبینییانە بخرایەتە ڕوو، ئەمە و نەبوونی هیچ لە وێنە و نەخشە، کە من بۆ خۆم نازانم تا چەند لە سەرچاوە ڕەسەنەکەیدا هەیە کە بەداخەوە لە وەرگێڕدراوە کوردییەکەدا نابینرێت، کە دەکرێت ئەم سەرنجانە بە هەند بۆ خوێنەران وەربگیرێن و دروود بۆ گیانی پاکی شوکور مستەفای وەرگێڕ کە سەرەڕای ئەم بەرهەمە چەندین بەرهەمی بەپێزتری بۆ کردووین بە کوردی.

.....

ناوی بەرهەم: کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە.
شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی.
دەزگای چاپ و بڵاوکراوەنەوەی ئاراس لە دووتوێی ٦٣ پەڕەی قەبارە بچووکدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.
لە ساڵی ٢٠١٠ ز لە هەولێر بە تیراژی ١٠٠٠ دانە چاپی یەکەمی کراوە.

ژنێک بۆ خۆشەویستن و زەینێکی جەنجاڵ

هاشم سەڕاج

«ژنێک بۆ خۆشەویستن» ڕۆمانێکی نووسەری یۆنانی «تیۆدۆر کالیفاتیدێس»ـە، دلاوەر قەرەداغی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی، سەرەتا هەوڵ دەدەم لە نووسینەکەی وەرگێڕی کوردی هەندێک زانیاری لە بارەی ژیانی نووسەرەوە تۆمار بکەم، تیۆدۆر کالیفاتیدێس ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی «مۆلای»ی نیوە دوورگەی «پێلوپۆنیسۆس»ی یۆنانداا لە دایک بووە، تەمەنی سێ ساڵان دەبێت کاتێک نازیستەکانی ئەڵمانیا باوکی دەستگیر دەکەن و دەیخەنە بەندیخانەوە، هەروەها تیۆدۆر لە تەمەنی پێنج ساڵی دایە کاتێک بە دوو چاوی خۆی دەبینێت کە نازیستەکان لە دێکەیاندا شێتێک دەگرن و وەبەر گوللەی دەدەن.

تیۆدۆر لە هەژدە ساڵیدا زۆرتر بایەخ بە خوێندن دەدات و خەریکی کاری شانۆیی دەبێت، دوای تەواوکردنی ڕاژەی سەربازی بەهۆی کار و چالاکییە سیاسییەکانییەوە چەندین جار دەخرێتە بەندیخانەوە، ساڵی ١٩٦٤ لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا، ڕوو لە ولاتی سوێد دەکات، سەرەتا لە چێشتخانەیەکدا کار دەکات، دواتر کاری ڕۆژنامە پەخشکردنەوەی دەست دەکەوێت و زۆر زوو خۆی فێری زمانی سوێدی دەکات، پێی وایە نووسەر هەر دەبێت بنووسێت، بەو زمانەی کە دەیزانێت، یان نایزانێت، هەروەها پێی وایە ئەوە زمان نییە کە ئەدەبیات دروست دەکات، بەڵکو مرۆڤ خۆیەتی، دەڵێت نووسین پێوەندی بە دڵمەوە هەیە، ئەگەر من دەسەڵاتم تەنیا بەسەر دوو وشەیشدا بشکێت، بەسە.

ئەمڕۆ تیۆدۆر بە یەکێک لە ڕۆماننووس و وەرگێڕە ناسراوەکانی سوێد دادەنرێت، تیۆدۆر دوای سێ ساڵ ژیان لە سوێد دەبێتە مامۆستای فەلسەفە، پاشان کۆمەڵە شیعری «یادەوەری لە تاراوگە» دەنووسێت، تیۆدۆر بەدەیان ڕۆمانی نووسیوە و ڕۆمانەکانیشی بۆ زۆرترین زمان وەرگێڕدراوە، لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا گێڕەرەوە، کەسی یەکەمی تاکە، یان بە شێوازێکی تر تیۆدۆر خۆی دەبێتە چیرۆکبێژ و ژیان و بەسەرهاتی دەگێڕێتەوە، تێمەی ڕۆمانەکانیشی زۆرتر لە عیشق و

تاراوگەنشینییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها «کەریم تاقانە» بابەتێکی دەربارەی ڕۆمانەکە نووسیوە و دەڵێت: دەکرێت ڕۆمانی «ژنێک بۆ خۆشویستن» ناوی «کتێبی یادەوەری»یشی لێ بنرێت، کە بریتییە لە چیرۆکی سی ساڵ دۆستایەتی نێوان تیۆدۆر کالیفاتیدێس و ژنێکی یۆنانی بەنێوی ئۆلگا، تاقانە لە شێوازی نووسینی تیۆدۆر دەدوێت کە «بەزمانێکی سادە و ساکار و دوور لە پێچەڵاوپێچی، بەزمانێکی زۆرجار خەماوی و گەلێک جاریش تەنزئامێز باسی ژیان و ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی خۆی دەکات».

تاقانە لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە دەدوێ و پێوەندی نێوان عیشق و دۆستایەتی وەک پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لێکدەداتەوە، هەروەها چەند چەمک و بابەتێکی تر دەوروبەری لەوانە، مەرگ، خۆشەویستی، دۆستایەتی، پێی وایە ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا باسی «ژیان» دەکات، خۆشەویستی بۆ هاوسەر، بۆ دۆست، بۆ منداڵ و باوک، بۆ یاری تۆپی پێ، دواتر بەم ڕستەیە گوزارە لە عیشق و مەرگ دەکات.. (عەشق ناتوانێ مەرگمان لەبیر بباتەوە، بەڵام دەتوانێ هێز و وزەمان بداتێ کە ڕووبەڕووی بوەستینەوە) جا من لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند تەوەرێک لە ڕۆمانەکە بوروبوژێنم و کاریان لەسەر بکەم، سەرەتا خوێنەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە هەست دەکات دەخزێتە نێو جیهانی گێڕانەوەیەکی دووروودرێژ، بەڵام تا دێ گێڕانەوەکان لە یادەوەرییە دوورەکانی قۆناغ و دەورانی جیا جیای ژیانی تیۆدۆرەوە سەرچاوە دەگرن، یان بەشێوەیەکی تر تیۆدۆر لەم ڕۆمانەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی نۆستالژیاوە یەک بەیەکی وێستگەکانی ژیانی بگێڕێتەوە، بۆیە گێڕانەوەکان تاڕادەیەک لە «بیوگرافیا- Biography»یەک نزیک دەبنەوە، بەڵام هەندێک جار هەر لەنێو ڕەگەزی نۆستالژیاوە، جۆرێک لە دیالۆگ بەکاردەبرێت و درێژە بە بابەتەکان دەدات، ئاخر تیۆدۆر وەک چیرۆکبێژێک بە زەینێکی جەنجاڵەوە بەسەرهات و یادەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، تیۆدۆر- لە تەمەنی گەنجی یۆنان، یان گریکلاند جێ دێڵێت و کە دەگاتە سوێد تەمەنی نزیکەی بیست و شەش ساڵە، زوو فێری زمانی سوێدی دەبێت، تیۆدۆر پێی وایە «ئەوە زمان نییە کە ئەدەبیات دروست دەکات، بەڵکو مرۆڤ خۆیەتی»، بەڵام دواتر بێ ئەوەی هەست بە کرۆکی خەتەرناکی ئەو دەستەواژەیە بکات یەکسەر دەکەوێتە نێو تاراوگەیەکی ترسناکی زمانییەوە، تاراوگەیەک لێوانلێوە لە نامۆیی زمانی. تیۆدۆر کاتێک گوێ بۆ گۆزانییە گریکییەکان هەڵدەخات، یان ئەو کاتەی پیرێژنە گریکییەکە لەدوایین چرکەی ڕێورەسمی مااڵوایی و بەخاکسپاردنی ئۆلگادا بە خەڵکەکە دەڵێت: «خودا لەگەڵ هەموو ئێوە بێ» لەوێ بە قوواڵی هەست بەو غوربەتە زمانییە دەکات و دەگاتە ئەو ڕاستییە کە «خودا حەقیقەتە و زمانیش خودایە».

لێرەدا دەکرێ بڵێم ئەو جەنجاڵییەی کە زەینی تیۆدۆری داگیرکردووە و گێڕانەوەکانی چرکە بە چرکە دەگۆڕدرێن و بابەتەکان بەشێوەی پچڕپچڕ دەخرێنە ڕوو، یان بە پەلە چەمکی گێڕانەوە لە بابەتێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بابەتێکی تر، سەرجەم حاڵەتەکان لە جەنجاڵی و نیگەرانی زمانەوە سەرچاوە دەگرن، لەگەڵ ئەوەی کە تیۆدۆر بڕوای وایە کە [مرۆڤ بەڕێکەوت لە دایک دەبێ و بەڕێکەوتێکی تریش دەمرێ]، بەڵام پرسی زمان هەرگیز دەسبەرداری نابێت، چونکە زمان کە «هایدگەر» جەختی لەسەر دەکات «ماڵی بوونە»، یان کە «مالارمێ» دەڵێت ئەوە خودی زمانە لەنێو دەقدا قسە دەکات، مەبەستم ئەوەیە تیۆدۆر هەمیشە لە تاراوگەیەکی زمانیدا، لە ڕێگەی زەینێکی جەنجاڵەوە دڵەڕاوکێکانی بوونی خۆی دەنووسێتەوە و خەیاڵ و خولیای لەنێوان سوێد و گریکلاندا دەخولێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، تیۆدۆر شەیدای سەلاری و کەسایەتی ئۆڵگایە، لەگەڵ ئەو سەرە ژنە شکۆمەندە تەنیا یەکجار بەیەکەوە سێکس دەکەن، دواتر ئۆلگا دەبێتە ژنێک تەنیا بۆ عیشق و خۆشویستن، ڕەنگە تیۆدۆر لە ڕوانگەیەکی ئەپیکۆرییەوە چێژ لە دۆستایەتی ئۆلگا ببینێت، واتە چێژ و ئەقینێکی گیانی کە هێدی هێدی بەشێوەیەکی شاراوە دەگاتە ئاستی پەرستن، ئۆلگا لە بنەڕەتدا ژنێکی جوانی دوو ڕەگ- هەجین-ە، [ئۆلگا سێ یەکی گریکی، سێ یەکی ڕووسیایی و سێ یەکەکەی

تریشی سوێدی بوو، دایکی ڕووسیایی، باوکی گریکی و خۆیشی لە سوێد لە دایک ببوو، بە کەفوکوڵەوە گریکلاندی خۆش دەویست و خەونی بەوەوە دەبینی کە دوایین ڕۆژەکانی خۆی لەوێ بەسەر بەرێت] تیۆدۆر ئەگەرچی گێڕانەوە جەنجاڵ و دوورودرێژەکانی خۆی لە ڕێگەی نۆستالژیاوە دەخاتەڕوو، بەڵام کرۆکی گێڕانەوەکان زۆرتر گەڕانە بەدوای واتای مەرگ و ژیان و چێژی عیشق و لەززەتی ئەو دۆستایەتییە ڕوحییەی کە لەپێوەندیدا لەگەڵ ئۆلگا دەیدۆزێتەوە، بەڵام [نەدەکرا ئۆلگا وازوو شوو بە مردن بکا]، ئاخر ئۆلگا تەمەنی لە پەنجاویەک ساڵ زیاتر نەبوو، لە پڕێکدا دووچاری شێرپەنجەی سییەکان هات، تیۆدۆر لە گێڕانەوەکانیدا یەک یەک وێستگەکانی ژیانی دەخاتە ڕوو، دەورانی منداڵی لە گریکلاند و ژووورە شەش مەترییەکەی لە سوێد و ئەو کیژەی کە ناسی و تیۆدۆری نارد کۆندۆم بکڕێت، کەچی بە هەڵە پاکەتێک ڤیتامین ئی هێنا، هەروەها ئامازە بە کۆمەڵێک کەس و کەسایەتی دەدات، لەوانە میلینای ڕەشپۆش کە دەستەخوشکی ئۆلگا بوو، بریتا کە شووی بە تۆماس کردبوو، فریدا کێژێکی گەنجی سوێدی و هاوڕێی نزیکی ئۆلگا بوو، سەرەڕای ئامازەدانی بە هێماگەلێک لە میتۆلۆژیای گریکی و ڕۆمانی و چەندین بیرمەند و فەیلەسووف و ڕۆماننووس لەوانە، نیتشە و ئەپیکۆر و دەستۆیڤسکی و چیخەف...تاد، بۆ نموونە یانووس- janus- خوداوەندی ڕووناکی، یان هەتاو لە میتۆلۆژیای ڕۆمانیدا، یان کێشەی تیۆدیسی کە پێوەندی بە چەمکی شەڕ و گوناە و مەینەتەوە هەیە، هەروەها خستنەڕووی هەندێک بیروبۆچوون سەبارەت بە باوەڕی مەسیحییەت، تیۆدۆر لەم ڕۆمانەدا وێڕای بەکاربردنی شێوازێکی تەنزئامێز چەندین وشەی ناجۆری وەک گەواد، کێر، دووەدرکی، قەحپەخانە، بیگێ، سمتی بادەدا، بەکارهێناوە، یان وشەی تەیر زۆرجار وەک میتافۆر دەلالەت لە کێر «چووک» دەکات، هاوکات بەشێوازێکی مەینەتئامێز کاری لەسەر کەسایەتی «ئیفیگینا»ی خانمە کارەکتەری تراژیدیای گریکی کردووە، یان لە گەڕانەوەی بۆ دەورانی منداڵی لە گریکلاند باس لە یاری تۆپێن و دووگۆڵی دەکات و یەک یەک ناوی یاریزانەکان دێنێ، تیۆدۆر ئەو بەسەرهات و یادەوەرییانەی بۆ ئۆلگا گێڕاوەتەوە، بەڵام ئێستا ئۆلگا مردووە و لەوێ لە کلێساکەدا تابووتەکەی بەگوڵ ڕازاوەتەوە و دۆست و ناسیاو و کۆچبەرانی گریکی دوایین مالاوایی لێدەکەن و مالاوایی بە خاکسپاردنی هەتا هەتایی، بەڵام تیۆدۆر هەمیشە لەگەڵ ڕستە خەمگینەکانی ئۆلگادا دەڕۆی، ئۆلگا دەیگوت: بیر لەوە دەکەمەوە پیاو چی لەبارەی منەوە دەگێڕنەوە، ئەو وەختەی من خۆم نەماوم.. یان بە تیۆدۆری دەگوت: «گەر نەمرم قژم دێتەوە»، ئۆلگا لە ژیانیدا چەند جارێک شووی کردبوو، بەڵام بەم دواییە خۆی بۆ پەروەردەکردنی منداڵی پەنابەران تەرخان کردبوو، تیۆدۆریش منداڵەکانی گەورە بوون، ساڵی ١٩٦٥، یان ١٩٦٦ بۆ یەکەم جار ئۆلگای ناسی، ئەوکاتە ئۆلگا سەرقاڵی تێزی دکتۆراکەی بوو، ئەی ئەو کاتەی ئۆلگا چارەسەری کیمیایی وەردەگرت، بۆیە تیۆدۆر هەمیشە لەگەڵ غایلەکانی ئۆلگا و دڵەڕاوکێ زمانییەکەیدا دەژی، تا دێی بەرەو ڕابردووی ژیانی شۆڕ دەبێتەوە، ئەگەر لێرەدا لە ڕوانگەی «ڤنگنشتاین»ەوە لە گێڕانەوەکانی تیۆدۆر بڕوانین، هەست دەکەین «گێڕانەوە سەرچاوەیەکی فیکرییە بۆ واتا».

کەواتە تیۆدۆر بە زەینێکی جەنجاڵ و بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆز لە تاراوگەیەکی زمانیدا بەدوای واتادا دەگەڕێت، واتای عیشق و ژیان و مەرگ و مەینەت.. کە سەرجەم واتاکان پابەندن بە چەمکی بوونەوە، یان بەدیدێکی هایدگەری بوونی مرۆڤ لە جیهاندا واتە بوون لێرە «دازاین».. بەڵام دەشێت مەرگ کتوپڕ بێت و سەرجەم پرۆژە و پلانەکانمان تێکبشکێنێت.. [ئێستا ئەو مردووە بە پرچە زەرد و چاوە زەردە سەوزەکانییەوە لەنێو ئەو تابووتە سپییەدا ڕاکشاوە، لە کورسیلەکەی دواوەمدا سۆنیا لەگەڵ میردە تازەکەیدا دانیشتووە].

تیۆدۆر لە چرکە نۆستالژیاکانیدا لە کچگەلێک دەدوێت، ماریانای باڵابەرز، ئیڤا، بێربێل.. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ چەمکی خۆناسین دەدات لای «سوکرات».. دواتر لە مەینەتەکانی

چرکەی خوێندن و دکتۆراکەی خۆی دەدوێت کە چۆن بەربەرەکانی کراوە. ئەم ڕۆمانە وێڕای بابەتە خودییەکان چەندین پرس و بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، لەوانە تراژیدیای دووەمین جەنگی جیهانی و ستەمی نازییەکان و مەرگ و گۆڕستان و مەینەت و دەردەسەری، بەڵام درێژترین بەش و چرکەکانی نۆستالژیا وەک چەمکی گێڕانەوە لە «جەژنی کریسمس» بەرجەستە کراوە. لەوێ تیۆدۆر لە یەکەیەکەی خێزان و خانەوادەکەی دەدوێت، هاوسەرە سوێدییەکەی، دایکی، براو زڕ براکەی، منداڵەکانی، کوڕەزاکەی،.. دەیەوێت جۆرێک لە جیاکاری لەنێوان کولتووری سوێدی و گریکیدا بخاتەڕوو، بەتایبەتی لەڕووی ئەتەکێتی نانخواردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی کەوچک و چەقۆ و چنگاڵ.. یان بەکارهێنانی کەرە لەگەڵ چێشت.. تیۆدۆر چەقۆیەکی نانبڕین و پەنیربڕ و ڕندەیەکی پەتاتە لە سوێدەوە بە دیاری بۆ دایکی دەبات، دایکی لە گریکلاند دەژی و ئەو شتگەلە ناوازە و جوانانە بە شێوەیەک دەپارێزێت، گریکییەکان لەکاتی نانخواردندا بەدەست نان لەت دەکەن، کەچی سوێدییەکان بە چەقۆ تیکە تیکەی دەکەن، تێکست لە خستنەڕووی جەژنی کریسمسدا، زۆرجار دیمەنەکان بەشێوەی فلاشباک و گرتەی سینەمایی نیشان دەدات، یان دەربارەی نیتشە و نەخۆشی ئاتەشەک.. دەڵێت: نیتشە بۆ ئەبەدییەت دەینووسی، کەچی خودای نەبوو، بەڵام دەستۆیفسکی بۆ ئەبەدییەت دەینووسی، کەچی وەرگری ئەو خودا بوو، یان دەربارەی «دۆنادۆن» دەڵێت: ئاخ چ خۆشییەکی تێدایە وەک پشیلەیەک بۆ ژیان بگەڕێیتەوە.. بەم جۆرە ڕۆمانی «ژنێک بۆ خۆشویستن» لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی نۆستالژیاوە کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر دەوروژێنێ و لە هەمان کاتدا بەهۆی گێڕانەوە دوورودرێژەکانییەوە بەدوای مانای بوون و عیشق و ژیاندا دەگەڕێت و جەنجاڵی و ئاڵۆزییەکانی زەینی دەنووسێتەوە.. بەڵام نووسینەوەیەک لە بنەڕەتدا زۆرتر هەڵگری مەینەت و مەرگەساتە شاراوەکانی بوونە، لە هەمان کاتدا عیشقی ئۆلگا تا دوایین ڕستە و دەربڕین ئاوێزانی سیستمی زمانی نووسین دەبێت و تەکنیکی نۆستالژیا بەردەوامی بە یادەوەری و بەسەرهات و گێڕانەوەکان دەدات.

سەرچاوە:
ژنێک بۆ خۆشویستن
نووسینی: تیۆدۆر کالیفایدیس
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی
بابەت: ڕۆمان
زنجیرەی کتێبی گۆڤاری هەنار ژمارە «٥٤» بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی - بینایی، ساڵی چاپ - ٢٠١٢

بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی دووسەد ساڵەی ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

گۆڤاری ڕامان... سازگەیەکە بۆ داهێنانی ڕۆشنبیری

عەباس عەبدوللا یووسف

* هەر نووسەرێک تەمەنێکی دەوێ بۆ خوێندنەوەی کتێب و لەوە کەمتر بۆ خوێندنەوەی گۆڤار، یان ڕۆژنامە، جیادۆخیش هەیە، ئەگەر گۆڤارەکە بتوانێ خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بیکا بە متووی خۆی، ئەوە نیشانەی ئاگاداربوونی گۆڤارەکەیە لە خۆی و خوێنەر و ژینگەی ڕۆشنبیری. سەرەڕای پسپۆڕی و تایبەتمەندێتی، دەکرێ لە ئەمڕۆدا زاراوەیەکی بازارگەری بەکار بێنین و بڵێین (گۆڤار سۆپەرمارکێتێکی ڕۆشنبیرییە)، پێشتر زیاتر دەگوترا (باغێکەو میوەی هەمەجۆری تێدایە)، خوێنەر ئەم پێناسانە ڕەتناکاتەوە هەندێکیان دەڵێن (بابەتێکی هەر تێدایە بیخوێنینەوە). هەندە گۆڤار بریتین لە کۆمەڵە چاپکراوێک، گۆڤاری ڕامان لەم جۆرانەیە، هەم گۆڤارەو هەمیش کتێب. شاگۆڤارەو خوێنەری وریا هەست بە گۆڤارەکانی ناو ئەم گۆڤارە دەکات، هەروەها بۆ کتێبەکانی ناوەوەی هەمان هەست.

* پێوەری بابەت بڵاوکردنەوە لەم گۆڤارەدا بەپێی زاری نووسەران خۆیان و بەپێی کردەی سەرنووسەر خۆی: بابەتەکە دەبێ خۆی هێزی خۆی بسەلمێنێ، ڕازیکردن و خاترانەش لێرە هەستی پێناکرێ.

* هەڵەی چاپ گرفتێکی بەردەوامی چاپەمەنی کوردییە و هەر لە زووەمی موتالاەوە هەستم پێی کردووە، دواتر وای لێکردم هۆنراوەی (هەڵەی چاپ) بنووسم و لە ژمارە ٧٦ گۆڤاری ڕاماندا بڵاوی بکەمەوە. ئەو ڕۆژەی تێیدا بگەینە چاپکراوێکی بێ هەڵە، ئەوە ئەو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژێکی پرشنگداری چاپەمەنی. سێ جۆرە هەڵە هەیە : ١- هەڵەی چاپ ٢-هەڵەی ڕێنووس ٣- هەڵەی ڕۆشنبیری، لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بە تەنیا (هەڵەچن)، (هەڵەگر)، (هەڵەبڕ) ناو و کاری ئاشکرایەو هەندەجار ئەو کەسە دوو ئەرکەکەی تر بەجێ دەگەیەنێت. وەک ئەوەی خۆم لەوێ بم، ڕامان بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی هەڵەی چاپ داوەو هەر بابەتێک چەندین جار سەیر دەکرێ، ئەگەر وشەیەک گومانی هەڵەی لێبکەن، ئەوە سەرنووسەر یان کارمەندانی گۆڤارەکە بەتەلەفۆن (مۆبایل)، یان بە زار، یان بە نووسین، پێوەندی بە خاوەن دەقەوە دەکەن و کێشەکە چارەسەر دەکەن.

لەگەڵ باوبوونی کارکردن بە کۆمپیووتەر هەڵەی قالبدار پەیدابوو، ئەویش (هەڵەی فۆنتگۆڕکێ)، من زۆر جار خۆم بە زار، یان بەنووسین لایەنی (بۆنێردراوەم) لەوە ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام کە بڵاوکرایەوە وا دەرنەچوو، ڤایرۆسی فۆنتگۆڕکێ گەڤانا و گەندبێژەی بەرچاوکردووە، لێرە لە ڕامان ئەم خەمەم نییە.

* سەرچاوەیەکی بە پێتەو دەبێتە فرەفەرهەنگ بۆ زاراوەی نوێ و کۆنی ئەدەبیاتی کوردی و بیانی، هەروەها بۆ هونەر، لەپاڵ ئەمەش بە سەدان و زیاتریش وشە و ئیدیۆمی تێدایە کە تا ئیستا لەهیچ فەرهەنگێک (قاموس) نابیندرێن، فەرهەنگسازان دەکرێ بیاندۆزنەوەو پرۆژەکانیان پێ پڕ بکەنەوە.

* هێڵکێشییەکانی بابەت و کەسایەتییەکانی خۆمان دەبنە (وێنەنامە)یەکی ڕوون و ڕازاوە، تێدا سیماکێشیی بە خەیاڵ و تەکنیکی قەرەنی جەمیل داڕێژراوە، وێنەکانی کامیراش دەبنە (فۆتۆنامە)یەکی نایابی ئاماژەدەر.

* لە زمانانی دراوسێی نزیک و نەختێ دوور، چەندین گۆڤاری بەناوبانگی ئەدەبی و هونەری هەیە، هەندێکیان تەمەندارن و هەندێکی تریشیان جوانەمەرگ بوون، گۆڤارێکی وەک (الآداب)ی بەیروتی کە لەو سالانەی دوایی کەوتۆتە تەنگانەی دارایییەوە، درەنگ درەنگ بڵاودەکرێتەوە، وای لە منێکی خوێنەری کورد کردووە، هیوای بەردەوامبوونی بۆ بخوازم، ئەوە بۆ وان، بۆ ئی خۆشمان بێ سنوور هیوای تەمەندرێژی بۆ گۆڤاری ڕامان دەخوازین.

سووکە لەنگەر

پێگەی وەرگر لە زەینی شانۆکاری کورددا..

ئەرسەلان دەرویش
(سلێمانی)

لە دێر زەمانەوە، لە یەکەمین نیشتمانی شانۆوە، ئەو دەمەی گریکەکان بانگیان بەگوێی ئەم کایە پڕ شەوق و ڕەونەقەی هونەرە دا، یەکەمین ئەکتەر بووە چرای شانۆگەرییەکان، دوای ماوەیەک ئەکتەری دووەم سنگی شانۆی پڕ لە جۆشوخرۆش کرد، ئا لەو بڵێسەیەوە، ڕۆشنایی داهێنان گەیشتە تروسکەی چاوانی (وەرگر).. ئیتر لەو دەمەوە هونەرمەندی سەراسیمە بە شوێن ئەفراندندا وێڵ بووە، شانۆکاری بەهرەمەند لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکان و ئاڵ و والابوونی ئەم هونەرە ڕەنگاڵەییە، قەڵەمی نوێ و بیری نوێ و بەهرەی نوێ دەرکەوتووە. لەو کاروانەدا، لەچارەکی یەکەمی سەدە پڕ لە بزاوتەکەی ڕابردوودا، کورد وەک میللەتێکی زیندوو، بەشانۆ شاد بووەو جەماوەر لەم هونەرە کۆبووەتەوە، پاشانیش بووەتە ژێدەری دەوڵەمەند بۆ والاکردنی هزر و جوانی و داهێنان، بریسک و هوڕی بەهرەش لێرەو لەوێ سۆمای چاوانی بینەری شەیدایان بردووە.

کەواتە مێژووی دەرکەوتەکانی هونەری شانۆ لە کوردستان مێژوویەکی هێندە دوور نییە و ڕەنگە تەمەنی کەمتر لە سەدەیەک، ماوەیەکی دیار نەبێت لە ئاست مێژووی دوورودرێژی شارستانی مرۆییدا، تەنانەت بە بەراورد لەتەک تەمەنی خودی ئەم هونەرەدا، کە بەراییەکانی سەرهەڵدانی بۆ بیست و پێنج سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لە دیدی ئەو وەرچەرخان و پەرەسەندنە مەزنانەوە لێی بڕوانین کە قۆناغی شۆڕشەکانی پیشەسازی و زانست و گەیاندن و گلۆبالیزێشنی تێدا هاتووەتە دی، ئەوە ماوەکە وا کورت و بێ بایەخ نییە، بەتایبەتی کە لە نێوان دوو هەزارەدا و بە ڕۆژگاری شۆڕش و ئەزموونەکانی فەرمانڕەوایی حکوومەت و خودموختارییەکانی کوردا ڕەت بووە. هەر لە سەردەمی حکومڕانی شێخی نەمرەوە تا بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەزموونە ڕوو لە سەربەخۆییەکەی ئێستای دەگات، بۆیە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، لەم ماوەیەدا شانۆی کوردی بەکوێ گەیشتووە و چ ڕۆڵێکی لە ژیانماندا گێڕاوە و دەگێڕێت؟

لەم بەینەدا هونەری شانۆ ئاشنایەتی و پێوەندی لەگەڵ تەواوی شارەکانی کوردستاندا بەستووە، تەنانەت لە شارۆچکە و هەندێک لە گوندەکانیشدا بایەخی خۆی وەرگرتووە. چەندین نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر و ڕەخنەگر و...تاد تێدا هەڵکەوتووە، وێڕای دامەزراندنی کۆمەڵە و تیپ و بەڕێوبەرایەتی شانۆ و کۆلێژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کە ئەم هونەرەیان لەئامێز گرتووە. لەنێو بلاوکراوە کوردییەکانیشدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە میانەی دەیان تێکست و کتێبی شانۆیی وەرگێڕراو و کوردیدا بڕەوی پێ دراوە.

شانۆ لە ژیانماندا دڕەوشاوە و کارا بووە، ئەگەرچی سالانێکیش ڕەوتەکەی ئەوتۆ نەبووە و پەراوێز خراوە، وەلێ زۆرکات هەستمان کردووە ئەم هونەرە خوازراوە، ڕاگوزار نییە و ڕەگوڕیشەی لەنێو فەرهەنگ و کولتوورماندا ڕۆچووە و وەک شیعر و میوزیکی کوردی ڕەسەنایەتی بۆ خۆی پەیدا کردووە.

ئاشکرایە هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی بنیادی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی ئامرازەکانی دەربڕینی هونەریی سەبارەت بە پرس و قەیرانەکانی دێنێتە ئاراوە، شانۆ لە ڕۆژئاوا بەدرێژایی مێژووی خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو ستراکتۆرانە بووە، هەر لە سەردەمانی گریکەوە تا بە سەردەمی سەرمایەداری پیشەسازی و دەرهاویشتە دەروونی و ئەنتۆلۆژییەکانی دەگات کە پرسی تەریکی و نامۆبوونی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەرجەستە کردووە، بۆیە لەم ڕەوشە ئاڵۆزەی ئێستا (شانۆی کوردی) تێکەوتووە، پرسیارێکی گەوهەری دێتە ئاراوە:

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە شانۆکاری کورد پێگەکانی جەماوەری کوردستان دیاری بکات؟ خەسڵەت و سیما و جۆرەکانی ئەم جەماوەرە لە میانەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیی و ئایینی و ئابوورییەوە لێک بداتەوە، بۆ دیاریکردنی سیما و گوتاری فیکری و ئیستێتیکی شانۆکەی؟.

جەختکردنەوە لەسەر (وەرگر) جەختکردنەوەیە لە ڕەگەزی سەرەکی شانۆ و جەمسەری یەکەمی هاوکێشەی سەرخستنی هەر پرۆسەیەکی شانۆیی ڕاستەقینەیە، بەڵام کێ وەرگرێکی شانۆیی هۆشیارمان پێ دەبەخشێت؟ کۆمەڵگە، پێشکەوتنی ئەو وەرگرە دێنێتە کایەوە؟ یان هزر و پرس و قەیرانەکان؟ یان جیهانگەرایی؟ یان ئەوە خودی شانۆیە هۆشیاری و چەشەی بینەرانی دەوروژێنێت و بە ئاراستەی ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی ئەکتیڤی دەکات و ئەو پرسە گرنگانەی ڕێڕەوی ئێستا و ئایندەی پێوە بەندە.